–هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 73

سالَی/ 2011 – بەرگی حەفتاو سێ

چاپی یەکەم/ سالَی 2012

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 73
چاپی یەكەم: 2012
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروە هادی، شرمین خدر، سازان سلیم، تارا رشاد، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پـــرۆتۆكۆلی دانیشـــتنی ژماره (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –  سێ شەممە 2011/10/11 ل 5

پـــرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –  سێ شەممە 2011/10/25 ل 71

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2011/10/26 ل 85

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/11/1 ل 179

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/11/16 ل 225

پـرۆتۆكـۆلی دانیشتـنی ژمـاره (13) خولی سێیەمی هەڵـبژاردن – دوو شەممە 2011/11/28 ل 247

پـرۆتۆكـۆلی دانیشتـنی ژمـاره (14) خولی سێیەمی هەڵـبژاردن – چوار شەممە 2011/11/30 ل 277

پـرۆتۆكـۆلی دانیشتـنی ژمـاره (15) خولی سێیەمی هەڵـبژاردن – دوو شەممە 2011/12/5 ل 325



# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**سێ شەممە رێكەوتی 11\10\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## سێ شەممە رێكەوتی 2011/10/11

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2011/10/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (8)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2011/10/11 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژماره (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (8)، رۆژی دانیشتن 2011/10/11، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2011/10/11 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژماره (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

دیارە لە دانیشتنی دوێنێ چەند ماددەو برگەیەكمان مناقەشە كرد، ئەمڕۆش بەردەوام دەبین لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمی كوردستان، داوا دەكەین لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن بفەرموون بۆ ئێرە، بەخێرهاتنی

جەنابی وەزیری گواستنەوەو گەیاندن وریکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین، بەخێر بێن سەرچاوان، دیارە ئێمە دوێنێ دوای خوێندنەوەی ماددەکە، ژمارەیەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ناوەکانیان نووسرا، بەلاّم گفتوگۆیەکانمان تەئجیل کرد بۆ ئەمڕۆ، یەکەمین لەو ناوانە ئاشتی خان با بفەرموویت قسەکانی خۆی بکات.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم کارو ئەرکەکانی ئەنجومەن، من لێرەدا بۆچوونێکم هەیە بە حوکمی ئەوەی ئەم ئەنجومەنە خۆی ئەنجومەنێکی راوێژکارییە، لێرەدا دەسەلاّت و سیاسەت و نیزامی داخیلی ئەم ئەنجومەنە راوێژکارییە لەم ماددەیە تێکەڵ کراوە، کە پێویستە سیاسەت و ستیراتیجیەتی ئەنجومەنەکە لە شوێنێکدا، لەوانەیە لە دەرەوەی قانونەکە شوێنی ببێتەوەو، هەندێك لە نیزامی داخیلی ئەنجومەنەکەش هێنراوەتە ناو ئێرەوە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم لە ماددەی دووەمدا بڕگەی یەکەم ئامادە کردن و داڕشتنی ئامانجەکانی گشتی پلانەکانی وەزارەت بەگوێرەی ئەو پەیڕەوانەی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچوون، دەکرێت ئەمە بە سیاسەت ئەژماری بۆ بکەین و، بچێتە بەشێك لە ستیراتیجیەتی ئەنجومەنی راوێژکاری، ئەمە بمێنێتەوەو شوێنێکی بۆ بکەینەوە لەناو قانونەکەدا، چونکە ئێمە موعامەلە لەگەڵ قانونەکەدا دەکەین، کە ناکرێت نیزامی داخیلی بچێتە ناو قانونەکەوە، ناکرێت وەسفی وەزیفی وەزیر، یان ئەو کەسەی کە ئەنجومەنەکە دەبات بەڕێوە، ئێمە تێکەڵی بکەین و بیخەینە ناو یاساکەوە، ئەمانە هەموو شتی گرنگن، جۆرێکە لە ئەرك داڕشتن، بەلاّم بە تەسەوری من شوێنی نابێتەوە لەناو ئەو یاسایەدا، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم بڕگەی یەکەم بمێنێتەوە، چونکە لەچوارچێوەی داڕشتنی سیاسەتی ئەنجومەنەکە دایە، با ئەوەیان بمێنێتەوە.

بڕگەی دووەم/ گفتوگۆ کردن لەبارەی پلانە بەرایییەکانەوە، ئەمە نیزامی داخیلیە.

خاڵی سێیەم/ پێشنیار کردنی پلانی گشتی بۆ گواستنەوەو گەیاندن، بە بڕوای من ئەمەش دەچێتە بەشێك لە سیاسەتەوە، داڕشتنی سیاسەتی ئەنجومەنەکە، دەکرێت ئەمە بمێنێتەوە لە قانونەکە شوێنی بۆ بکەینەوە.

خاڵی چوارەم/ گفتوگۆ کردن لەبارەی ئەو راپۆرتانەوە، ئەمەش هەر جۆرێکە لە نیزامی داخیلی ئەنجومەنەکە خۆی.

خاڵی پێنجەم/ بەجێ گەیاندنی لێکۆڵینەوە، ئەمەش بەشێکە لە سروشتی کار کردن، کە پێویست ناکات لە یاسا ئێمە دەقێکی بۆ دابڕێژین.

پێشنیازی ئەوە دەکەم خاڵی شەشەمیش/ گفتوگۆ کردن لەبارەی ئەو بابەتانەوە، کە وەزیر دەیانخاتە روو، ئەمە بەشێکە لە ئەرك و وەسفی وەزیفی، بەڕێز وەزیر خۆی کە دەکرێت بە تەعلیماتێك لەناوخۆیدا، یان

جۆرێك له وهسفی وهزیفیان ههیه، بۆیه من پێشنیاز دهكهم ئهم بڕگهیه به تهنها بڕگهی یهكهم و بڕگهی سێیهم لهچوارچێوهی سیاسهتدا ئهگهری ههیه ئێمه لهناو قانونهكهش شوێنی بۆ بكهینهوه، سوپاس.

**بهڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سهرۆكی پهرلهمان:**

زۆر سوپاس، بهڕێز دكتۆره ڕۆژان فهرموو.

**بهڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزهیی:**

**بهڕێز سهرۆكی پهرلهمان.**

سهبارهت به ماددهی چوارهم، منیش پێشنیار دهكهم ئهنجومهنی ڕاوێژكاری ناوی بگۆڕدرێت بۆ ئهنجومهنی وزاری، لهبهر ئهوهی دهسهڵاتهكانی پێی دراوه زۆر زیاتره له ڕاوێژكاری، مافی بڕیار دانی ههیه ههروهكو له بڕگهی چوارهمدا هاتووه، ڕاسته له زۆر وهزارهتهكان ئێمه ئهنجومهنی ڕاوێژكاریمان داناوه، له ههندێك وهزارهت ئهنجومهنی ڕاوێژكاری و ئهنجومهنی وزاری ههیه، بهڵام مهرج نییه ئهو شته پهیڕهو بكرێت له ههموو وهزارهتهكان، ئهو دهسهڵاتانهی پێی دراوه زۆر زیاتره له ڕاوێژكاری.

تێبینی دووهمم لهسهر ماددهكه ئهوهیه، بڕگهیهك زیاد بكرێت، چۆنیهتی ئهنجامدانی كۆبوونهوهی ئهو ئهنجومهنه، ئایا بهشێوهیهكی دهوری دهبێت، مانگانه دهبێت؟ لهكاتی پێویست ههر حاڵهتێك ڕوو بدات بابهتێكی نوێ بێته بهردهم وهزارهت، وهزیر بۆی ههبێت داوا بكات ئهو ئهنجومهنه كۆ ببێتهوه.

موستهشارون، كه ئهندامن له ئهنجومهنهكه، پێویست ناكات ئهندام بن، چونكه ئهگهر بهو شێوهیهی هاتووه له دهقهكه ئهندام بن، ئهوه مافی دهنگدانیان ههیه، ئێمهش دهزانین ڕاوێژكار ڕاوێژی پێ دهكرێت، لهوانهیه ڕهئیهكهی باش بێت وهزارهت پێی وهربگرێت، لهوانهشه پێی وهرنهگرێت، جگه لهوهی وهزیر له بڕگهی چوارهمدا هاتووه، وهزیر دهسهڵاتی ئهوهی ههیه داوا بكاتن ڕاوێژكار لهناو وهزارهت، یان له دهرهوهی وهزارهت ئاماده بن له كۆبوونهوهكه، بۆیه پێویست ناكات موستهشار ئهندام بێت لهو ئهنجومهنه.

سهبارهت به دهسهڵاتهكان، كه له بڕگهی دووهمدا هاتووه، خاڵی یهكهم (اعداد وصیاغة الاهداف العامة)، باس له (الانظمة الصادرة من مجلس الوزراء) دهكات، ئێمه ئههدافهكانمان له مادده دووی قانونهكه دیاری كردووه ئههدافی وهزارهت، بۆیه پێویست ناكات ئاماژه به ئهنزیمه بكهین.

له خاڵی چوارهمیشدا هاتووه (اصدار القرارات)، له سهرهوه دهڵێت ڕاوێژكارییه، لهو بڕگهیهش دهڵێت مافی دهركردنی بڕیاری ههیه، ئهوه تهعاروز دهكات لهگهڵ ناوی ئهنجومهنهكه، ئهگهر وهكو خۆی مایهوه.

خاڵی پێنجهم/ وابزانم مهبهست له (اجراء التحقیقات في المشاریع والقوانین) دیراسهت كردن و ئاماده كردنی پرۆژه یاسایه، نهك لێكۆڵینهوهو تهحقیقات، ئهوه تێبینیهكهم بوو لهسهر ماددهكه، زۆر سوپاس.

**بهڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سهرۆكی پهرلهمان:**

زۆر سوپاس، بهڕێز لانا خان فهرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی چوارەم، پشتگیری لە رەئی لیژنەی یاسایی دەکەم، بەس لە خاڵی دووەم لە واجیبات و مەهامی مەجلیس بەنیسبەت خاڵی یەکەم (اعداد وصیاغة الاهداف العامة لخطط الوزارة)، لێرە نووسراوە (للوزارة)، ئەوە ببێتە (الوزارة).

بەنیسبەت خاڵی دووەم/ صیاغەی ئەو خاڵە بەو شێوەیە بێت، بکرێتە (اجراء الدراسات والمناقشات حول الخطط الاولية المعدة من قبل المديرية العامة للتخطيط والمتابعة على ضوء الخطط المعدة من قبل مكونات الوزارة المختصة وتقييمها واصدار القرارات المناسبة بشأنها)، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو خوتە ئەوەلیانە لە مودیریەی عامەی تەختیت و موتابەعە دادەنرێت، یەعنی ئەوە مەجموعە بەدائیلێکە، مەفروزە ئەو بەدائیلانە هەموو موقارەنەیان لە بەینی بکرێت، تەقییم بکرێت، هەتا بزانین کام بەدیل ئەفزەلە؟ یەعنی سلبیات و ئیجابیاتەکانی بزانین، بۆیە لێرە پێشنیار دەکەم تەقییم ئیزافە بکرێت بەنیسبەت خاڵی دووەم، هەر ئەو مولاحەزاتانەم هەبوو لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هاوەڵانم دەکەم، بەتایبەتی دکتۆرە رۆژان، ئەنجومەنی ئیستیشاری وەکو لە ئیداریاتی یاساو ئەوەی کە موتەبەعە، بەڕاستی ئەنجومەنێکە راوێژکاری دەکات لە دەرەوەی پێکهاتەی ئەو موئەسەسەیەیەو، شتی عەمەلی و شتی ئیداری و تەنفیزی ناکات، ئەگەر سەیری پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە بکەین وەزیرو مودەڕای عام و ئەوانی تر هەموویان پێکهاتەی موئەسەسەکەن کە وەزارەتە، کەواتە ناکرێت ئەمە ئەنجومەنی ئیستیشاری بێت، دەبێت ئەنجومەنی وەزارەت بێت، ئەوە خاڵێك.

ئەگەر سەیری مەهام و ئەهدافەکانی بکەین، بەڕاستی هەموو شتی تەنفیزی و شتی ئیداری و شتی ئەجزائین، لەبەر ئەوە ئەنجومەنی ئیستیشاری ئەو دەسەڵات و ئەو ئەهدافانەی نییە، بۆیە من پێم باشە بکرێت بە ئەنجومەنی وەزارەت، نەك ئەنجومەنی ئیستیشاری و، موستەشارەکانیش بەشداری بکەن، بۆ را دەربڕین و حەقی دەنگدان و ئەوەیان نەبێت.

خاڵێکی تریش، بەنیسبەت (اعداد وصیاغة الاهداف العامة)، لە خاڵی پێشووتر، لە ماددەی پێشتووتردا باسمان کردووە، دیسان ئەو ئیجرای تەحقیقە، خۆ ئێمە تەحقیقات ناکەین، بەس دەکرێت موناقەشەو گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکان و یاساو رێنماییەکان بکەین، بۆیە من پێم باشە، هەم ئەنجومەنەکە بگۆڕێت بە

ئەنجومەنی وەزارەت، هەم خاڵی یەکەم لا بچێت لە بڕگەی دوو، دیسان تەعدیلی ئەو تەحقیقاتەش بکرێت بە دیراسە کردن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم، منیش لەگەڵ ڕەئی هاوەڵانم دام، کە ئەنجومەنەکە ئەنجومەنی وەزارەت بێت، نەك ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بێت، چونکە ئەو ئەرك و کارانەی لە بڕگەی دووەم دانراون بۆ ئەو ئەنجومەنە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری زیاترن.

سەبارەت بە ئەرك و کارەکانی، کە شەش خاڵی بۆ دانراوە، من پێشنیار دەکەم کە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەرك و کارەکانی ئەو ئەنجومەنە، ئەویش بەم شێوەیە:

(گفتوگۆ کردن لەبارەی ئەو بابەت وکێشەو پێشنیاریانەی لەلایەن دەزگاو بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتەوە ئاراستەی وەزارەت کراون، یان ئەو سکالاو داواکارییانەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەگەنە وەزارەت و دەربڕینی ڕا لەسەریان)، چونکە ڕەنگە کۆمەڵێك گیروگرفت هەبێت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بەو وەزارەتە، ئەوانە بگەنەوە بە وەزارەت، لەکاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت، پێویستە گفتوگۆیان لەسەر بکرێت وچارەسەر بکرێن، هەروەها دوێنێ لەلایەن هەندێك لە هاوکارانمان پێشنیار کرا کە بەڕێوەبەرایەتیەك هەبێت بۆ شەکاوی و سکالا، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیشمان دانەنا، بێگومان سکالاو شەکاوا دەگاتە وەزارەت، بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستە ئەنجومەنی وەزارەت لەکاتی کۆبوونەوەیدا گفتوگۆ لەسەر ئەو سکالاو ئەو داواکاری و پێشنیارو تێبینی و سەرنجانە بکات کە لەلایەن خەڵکەوە پێی دەگات، یان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی خۆیەوە پێی دەگات و پاشان ڕای پێویستیان لەسەر بدات و چارەسەریان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان خستیەڕوو دووبارەی ناکەمەوە سەبارەت بە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز صبیحە خان فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیازی لیژنەی یاسایی بەڕێز دەكەم، داوا دەكەم كە بڕگەیەك لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە زیاد بكرێت، چونكە زەرووره بەم شێوەیە بێت، یەعنی سەرۆكی دەزگای فڕۆكەخانەكانی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان بۆ ئەنجومەن راستەوخۆ لە دوای بڕگەی یەكەم كە وەزیرە، سەرۆكی ئەنجومەن لە ماددەی چوارەم.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، كەواتە ئەم پێشنیازەی من ببێتە بڕگەی دووەم لەماددەی چوارەمی ئەم پرۆژە یاسایە.

بەنیسبەت ماددەی یەكەم كە پەسند كراوە، بكرێتە ئەنجومەنی راوێژكاری، بەلاَم من لێرەدا پشتگیری لە پێشنیازی بەڕێز دكتۆرە رۆژان دەكەم باشتر وایە بكرێتە ئەنجومەنی وەزارەت، چونكە ئەو كارو ئەركانەی لێرەدا باسی لێوە كراوە گرنگترین و بنەڕەتیترین كارەكانن، بەلاَم لێرەدا ئەگەر ئەنجومەنی راوێژكاری بێت، ناتوانێت ئەو هەموو كارو ئەركانە بەڕاستی جێ بەجێ بكات، چونكە ئەنجومەنی راوێژكاری ناتوانێت بڕیار دەربكات، كەواتە لێرە باشترە ئەنجومەنی راوێژكاری بكرێتە ئەنجومەنی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

من حەز دەكەم یەك تەوزیح بدەم، ئەم مەجلیسی ئیستیشارییە پێكهاتووە لە هەموو هەیئەتی وەزارەتەكە، وەزیری تێدایە، مودیر عامەكانی تێدایە، موستەشارەكانیشی تێدایە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، ئەو مەجلیسی ئیستیشارییە پێشتر دەنگمان بۆ داوە، ناكرێت ئێستا دووبارە بگەڕێینەوە سەری، پێشتر ئێمە لە ماددەی یەكەم دەنگمان بۆ داوە، ئێوە بەكۆی دەنگ پەسندتان كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

هەروەكو برای بەڕێزم كاك بلال ئیشارەتی پێدا، ئێمە سیفەتی ئەو ئەنجومەنە لە ماددەی یەك تەحدیدمان كردووە سیفەتێكی ئیستیشاری هەیە، واتا سیفەتی ئیتیخازی قەراراتی نییە، ئیش و كارەكانی

لەچوارچێوەی موقتەراحات و پێشنیارو ئیبدائی رەئی دەسووڕێتەوە، بۆیە مەسەلەی مەجلیسی وەزارەت بە ئیستیشاری تەصویتی لەسەر کراوە، پێویستە لێرەش بە سیفەتی ئیستیشاری بمێنێتەوە، بەلاَم رەنگە هەندێك مولاحەزات هەبێت لەسەر برگەو ماددەکانی تر، مادام مەسەلەکەش ئیستیشارییە، ئێمە نەصێکمان ئامادە کردووە، هەم شمولی هەموو فەقەرەکان دەکات، وات شمولی هەر شەش فەقەرەکە دەکات، هەمیش لەم پەرلەمانە لە هەندێك لە یاساکان ئێمە پەسندمان کردووە، ئەگەر پێتان باش بێت، ئەو خیلافاتانە، یاخود ئەو ئاڕائانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا ئیشارەتیان پێدا، رەنگە ئەگەر ئەو صیاغەیە بخوێنینەوە هەموو مەسەلەکان عیلاج دەکات، جا ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەی صیاغەکە بخوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك پەرلەمانتاری بەڕێز ماوە، با قسەی خۆی بکات، دوایی بیخوێننەوە، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە قسەکانم بەڕێز دکتۆرە رۆژان کردی، بەحەقیقەت نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە رەئیس موئەسەسەی مەتاری مەدەنی ئیزافە بکرێت، لە ماددەی چوار (ثانیاً) فەقەرەی دوو، کە دەڵێت (مکونات الوزارة)، من پێشنیار دەکەم بکرێت بە (تشکیلات الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بزانن ئەو پێشنیارەی کە دوا صیاغەتان کرد بوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ماددەی چوارەم بەو شێوەیە دەبێت:

المادة الرابعة:

1- المجلس الاستشاري للوزارة، يشكل المجلس الاستشاري للوزارة من:

1- الوزير/ رئيساً للمجلس.

2- رئيس المؤسسة العامة للمطارات المدنية في الاقليم.

3- المستشارون/ اعضاء.

4- المدراء العامون/ اعضاء.

2- للوزير استضافة اي شخص من ذوي الخبرة يراه مناسباً من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون له حق التصويت.

3- يختص المجلس بمناقشة وتقييم نشاطات الوزارة ودراسة سبل ارتقاء ادائها وتقديم المقترحات المناسبة لحل المشاكل والمعوقات التي قد تواجها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە راپۆرتی موشتەرەکە، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری لیژنەی یاساییمان پێ پەسندە، بەس بۆ شەکاوی، ئێمە هۆبەیەك، بەشێکی شەکاوی پێك دەینین راستەوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو صیاغەیەی خوێندرایەوە لە لیژنەی هاوبەش کە جەنابی وەزیریش رەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

ئەرك و پسپۆرایەتیی پێکهاتکانی وەزارەت بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە هاوبەشە، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ رەئی لیژنەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە، ئاخیر صیاغەی بخوێنەوە کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە هەندێك ماددە هەیە نزیکی یەکن کۆی بکەمەوە، پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بدرێتە دەنگدانەوە، ماددەیەکی ترمان هەیە، سەبارەت بە تەعاقودی وەزیر، لێرە کەوتۆتە دواوە، ئێستا ئەگەر مەجالم بدەنێ

ئەوی بخوێنمەوە، ئەوەی بخەینە پێش ئەو ماددەیە، دوایی ئەو سێ ماددەیەی کە ئێستا دەخوێنمەوە یەکی دەکەینەوە بە ماددەیەك، واتا سەلاحیاتەکان بەنیسبەت ئیصدار کردنی تەعلیمات، یان بە نیزام، کە ئیختیصاصاتی تەشکیلاتی وەزارەت تەحدید دەکرێت، یان وەزیر بۆی هەیە دەمج و ئیلغای هەندێك مودیریات، یان تەشکیلاتی نوێ بکاتەوە بە مودیریات، ئەمە هەر سێ ئەو بابەتە لە ماددەیەك کۆی دەکەینەوە، ئەگەر مەجالم بدەنێ بۆتان بخوێنمەوە، پێش ئەوەی ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی موستەقیلە لە پرۆژەکە هەیە، بەڵام ئێستا ڕەقمی دوایی تەحدید دەکەین:

(للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل وخارج الاقليم للقيام بالمهام والواجبات التي توكل اليهم للمدة التي يراها مناسبة وذلك لغرض تحقيق اهداف الوزارة وتحدد حقوقهم والتزاماتهم من قبل الوزير بموافقة مجلس الوزراء).

ئەو ماددەیە لە پرۆژەکە هاتووە بە صیاغەیەکی تر، بەباشی دەزانین لە لیژنەی هاوبەش صیاغەکەی بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم گۆڕانکارییەکە یەکجار ئەو واتایە ناداتن، کە لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە، کە بەم شێوەیە بوو (للوزير ابرام الاتفاقيات وتوقيع العقود مع الشركات والجهات الاجنبية في مجال اختصاصات الوزارة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء)، پێم باشە هەروەکو خۆی بێت، یاخود گۆڕانکاری بکرێت، نەك بە تەواوی گۆڕانکاری تیا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێوە لەبارەی ڕەئیەکەی جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج و ماددەی شەش و فەقەرەی یەکەمی ماددەی هەشت دەکەینە ماددەیەکی موەحەد بەو شێوەیەی خوارەوە:

المادة الخامسة:

اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثالثاً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقا لمتطلبات عملها.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان پەسندە، بەس پەیوەندی بەو فەقەرەیەوە نەبوو، بەڵێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بزانین پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەڵێن چی؟ تکایە دیقەت بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەکە بەم شێوەیە:

المادة الخامسة:

اولاً: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقا لمتطلبات عملها.

ثالثاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم صیاغەیەی کە خوێندرایەوە، لیژنەی هاوبەش خوێندیانەوە، جەنابی وەزیریش رازییە، کێ تێبینی هەیە تکایە تا ناوی بنووسم؟ بەس کاك دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم کە باسی پەیڕەو دەکات، رێکخستنی پسپۆڕایەتی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەو، بە نیزام، من پێم باشە ئەو ماددەیە تەنها وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەو ماددانەی تر تێکەڵ نەکرێت، کە دەکرێت ئەوان بە فەقەرات بێت، چونکە ئەوە باسی ئەوە دەکات کە وەزیر دەسەڵاتی هەیە ئەوە بکات و ئەوە بکات ئەو کارانە، بەڵام لێرە باسی پەیڕەو دەکات، تەنزیمی کاروبارو پێکهاتەکانی ناو وەزارەت بەپەیڕەو، من بە باشی دەزانم ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەس ئەوانی تر دەکرێت دەمج بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەکەی بخوێننەوە جارێکی دیکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ریزبەندی فەقەرەکان بەم شێوەیە دەبێت:

المادة الخامسة:

1- للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقا لمتطلبات عملها.

2- يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

3- للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم لە پرۆژەکە ژمارەی ماددەی حەوتەمە.

المادة السادسة:

للوزير ابرام الاتفاقيات وتوقيع العقود مع الشركات والجهات الاجنبية في مجال اختصاصات الوزارة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی جەنابی وەزیر تەئکیدی لەسەر ئەم ماددەیە کرد، ئێمەش مانیعمان نییە وەکو خۆی بمێنێتەوەو هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ دوو پەرلەمانتار، فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە من خۆم لە لیژنەکەم حەق نەبوو موداخەلەم هەبێت، بەس بەڕاستی ئەو شەریکات و جیهاتی ئەجنەبیە ئەوەندە گرنگن عەقد لەگەڵیاندا، کە بەڕاستی ئێمە خەڵکمان نییە شارەزا بێت، چەند جاری تریش من باسم کردووە، بەڕێز کاك عومەر کە هاتە سەر تەشکیلاتی وەزارەت زۆر تەئکیدی کرد لە بەشی

قانونی، بەڵام وابزانم هەر لەگەڵ مودیریەتی عامی شوئونی مالی و ئیداریەکە دانرا، مانای وایە هەر قانونییە، کە من موتەئەکیدم ئەو شارەزاییەی نابێت، لەبەر ئەوە ئەو شەریکاتە ئەجنەبیە، کە ئەو عەقدە گەورانە دەکەن هەر لە ئەنجومەنی وەزیران بێت، من پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا وەزیر دەتوانێت بچێتە ژێر باری ئەو مەوزوعە؟ دوای ئەوە یەك شتیش هەیە تەوقیع ئەو واوە لابرێت (توقیع العقود)، ئەگەر هەر وا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەی ئەوە دەکەم بۆ تەنها کۆمپانیاو لایەنی بێگانە بێت؟ ئەدی ناوخۆ بۆ مەحروم بکرێت لێرە؟ ئەگەر ئاماژەیەك بکرێت لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا صیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

للوزير ابرام الاتفاقيات والعقود مع الشركات والجهات الاجنبية في مجال اختصاصات الوزارة بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسندە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەیی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم کە ریزبەندی دەبێتە ماددەی حەوتەم:

المادة الثامنة:

1- لايعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

2- تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وميلاكات وزارة النقل و وزارة الاتصالات السابقتين الى الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

1- کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

2- هەموو ماف و پەیوەستی و هەبوو و میلاکی وەزارەتی گواستنەوەو وەزارەتی گەیاندنی پێشوو دەخرێنە سەر ئەستۆی وەزارەت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم و دووەم ببێتە ماددەی جیاواز، چونکە فەقەرەی دووەم پەیوەندی بە مولکیەتی حقوق و ئیلتیزامات و میلاکاتی وەزارەت هەیە، ئەمە با بە ماددەیەکی موستەقیل بێتە خوارێ، پاشان بڕگەی یەکیش دەکەینە ماددەیەکی موستەقیل، ئەگەر پێتان باش بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسندە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

صیاغەکەی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانین پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕەئیان چیە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وميلاكات وزارتي النقل والاتصالات السابقتين الى الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ناوەکان دەنووسین، تەنیا سێ کەس، ڕێزداران (پێشەوا تۆفیق، سەرهەنگ فرج، د.ڕۆژان دزەیی)، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەکەم بکرێت بە دوو ماددە، ماددەی یەکەمیان بەو شێوەیە بێت (أ-هەردوو یاسای وەزارەتی گواستنەوە ژمارە (12)ی ساڵی 2006و، هەروەها یاسای ژمارە (14)ی وەزارەتی گەیاندن هەڵبوەشێتەوە).

(ب- هەموو ئەو ماف و پابەندو کەلوپەل ومیلاکاتی هەردوو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن).

ماددەکەی دووەمیش/ ئەوە بێت کە (کار بەهیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەکرێت)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم لەم ماددەیە لە بڕگەی دووەمدا بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئەویش هەردوو مەتارەکان بگرێتەوە، بەو شێوەیە (تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وميلاكات وزارة النقل و وزارة الاتصالات او وزارتي النقل والاتصالات والمطارات الى الوزارة)، چونکە ئێمە دەزانین ئەم یاسایە بۆ یەکگرتنەوەیە، یەعنی هەردوو وەزارەتەکەی پێشوو ئەوەی گواستنەوەو گەیاندن لێرە تێکەڵ دەکرێتەوە، حەقیقەتێکیش هەیە بەڕاستی مەتارەکانیش پێشتر وەکو دوو وەزارەت تەعامولیان کردووە، یەعنی وەکو یەکگرتنەوەی چوار وەزارەت وایە ئەگەر بێینە باری حەقیقەت، بۆ ئەوەی لێرە ناوی ئەوانیش بێت، تا ئێستا بەڕاستی سیستەمی ئیش کردن لە رووی ئیداریشەوە جیاوازی هەیە لەنێوان مەتارەکان، مەسەلەن سیستەمی مووچە جیاوازە لەنێوان مەتارەکان، بۆیە زەرووره ناوی مەتارەکانیش لێرە هەبێت، بۆ ئەوەی هیچ شك و گومانێك هەڵنەگرێت و بە فیعلی مەتارەکان سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی منیش هەر ئەوە بوو ئاماژە کردن بەهەردوو یاسای ژمارە (12) و (14)ی ساڵی 2006، کە ئیلغا بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت مەتارات، ئێمە لە یاساکەدا کردوومانە بە بەشێك لە وەزارەت، کەواتە مەوجودات و میلاکات لە زیمنی هەیکەلیەتی ئەو وەزارەتە، لەبەر ئەوەی بۆتە بەشێك لە هەیکەلیەتی ئەم وەزارەتە، بۆیە کە ئێمە باسی حقوق و ئیلتیزامات و میلاکات دەکەین، هەموو ئەوانەو مەتاراتیش دەگرێتەوە، ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت تەوحیدی وەزارەتەکان تەعدیلێکمان لە قانونی ئەنجومەنی وەزیران کرد، ئەو دوو وەزارەتە وجودی نەماوەو، تەوحید بووە لە یەك وەزارەت، کە ئێستا ئێمە موناقەشەی یاسای ئەو وەزارەتە دەکەین، بەگوێرەی ئەو قانونەی کە لە پەرلەمان دەرمانکردووە، ژمارەی قانونەکە (11)یە، کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە پێویست بەوە ناکات، چونکە وەزارەتەکە خۆی هەڵوەشاوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، فەرموون دوا صیاغەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً: يلغى قانون وزارة النقل رقم (18) لسنة 2006 وقانون وزارة الاتصالات رقم (14) لسنة 2006 الصادرين من برلمان كوردستان.

ثانياً: تؤول جميع حقوق والتزامات وموجودات وميلاكات وزارتي النقل والاتصالات الملغاة الى الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسندە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بوارمان بدەیێ لەگەڵ لیژنەی هاوبەش لەگەڵ سكرتاریەت ریزبەندی ماددەكان چاك بكەینەوە، چونكە دیتم ئێستا خەلەل كەوتە ناو قانونەكە بە گۆڕینی هەندێك فەقەرەو ماددەكان.

المادة الثامنة:

لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

كار بە هیچ دەقێكی ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەسندە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء و وزارة النقل والاتصالات والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دوایێ لیژنەی یاسایی تەسەلسولی ماددەكان رێك بخەنەوە، فەرموون بەكوردیەكەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و وەزراەتی گواستنەوە و گەیاندن و لایەنانی پەیوەندیدار ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسندە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تەنیا دوو کەس، کاك شوان و سیوەیل خان، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە، ئەوەی کە موتەبەعە لە زۆربەی یاساکانی تردا هەر وتراوە (علی الجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون)، لێرە پرسیارەکەم ئەوەیە، بۆچی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی داناوە؟ تکام وایە وەڵامەکەم بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پرسیارم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆژەی حکومەت بەو شێوەیە هاتووەو، هیچ جیاوازی ناکات چ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، یان وەزارەتەکان، بەڵام ئەگەر بەباشی دەزانن، دەتوانین لای بدەین، صیاغەکە وای لێ بکەین:

المادة التاسعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسندە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون ئەسبابی موجیبە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ـ الأسباب الموجبة ـ**

نظراً لدمج وزارتي النقل والاتصالات بوزارة واحدة في الاقليم بموجب القانون المرقم (11) لسنة 2009 وبغية تنظيم تشكيلات الوزارة المستحدثة وهيكليتها وفقاً للمادة (7) منه. فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەشی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ـ هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە ـ**

لەبەر ئەوەی وەزارەتەکانی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێمدا لە دوو وەزارەتدا کراون بە یەك وەزارەت، بەپێی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2006و، لە پێناوی ڕێکخستنی پێکهاتەکانی ئەم وەزارەتە تازەیەو، پەیکەرەکەی بەپێی ماددەی (7) لەم یاسایە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی ئێوە ڕەئی ترتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆیەكانی پێویست**

لەبەر نەبوونی دیاری نەكردنی هۆیەكانی پێویست لەم یاسا، پێشنیار دەكەین هۆكاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت، هەڵبەت لە دەقی پرۆژەكەی بۆ ئێمە هاتووە هۆكاری دەرچوواندنی تیا نەبوو، بۆیە ئێمە ئەوەمان نووسیوە وەكو لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن:

لەبەر تێكەڵ كردنی هەردوو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێم بۆ یەك وەزارەت بەپێی یاسای ژمارە (11) بۆ ساڵی 2009و، بەمەستی دووبارە پێكهێنانی وەزارەتێكی نوێ، كە لە ماددەی (7)ی یاساكەدا هاتووە، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێكی بەرز بۆ خزمەتگوزاری گواستنەوەو گەیاندن و، بگاتە ئاستی پێویستی قۆناغی پەرەپێدان، كە هەرێم پێیدا تێپەر دەبێت، ئەم یاسایە دەرچووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها خیلاف لەسەر صیاغەیە، ئێمە تەئیدی صیاغەی لیژنەی شارەوانی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئێمە فەرق ناكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا كاك سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەكەم لە ئەسباب موجیبە باسی یەكخستنەوەی سیستەمی بەڕێوەبردنی فڕۆكەخانەكانی هەرێم و گرێدانی بەوەزارەتی گواستنەوە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە پێویست ناکات، چونکە فرۆکەخانەکان بەشێکن لە وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

صیاغەی هاوبەش بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر تێکەڵ کردنی هەردوو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە هەرێم بۆ یەك وەزارەت بەپێی یاسای ژمارە (11) بۆ ساڵی 2009و، بەمەستی دووبارە پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ، کە لە ماددەی (7)ی یاساکەدا هاتووە، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز بۆ خزمەتگوزاری گواستنەوەو گەیاندن و، بگاتە ئاستی پێویستی قۆناغی پەرەپێدان، کە هەرێم پێیدا تێپەر دەبێت، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

نظراً لدمج وزارتي النقل والاتصالات في الاقليم بوزارة واحدة بموجب القانون ذي الرقم (11) لسنة 2009 وبغية اعادة هيكلة الوزارة المستحدثة وفقاً للمادة (7) منه ولاجل الارتقاء بواقع خدمات النقل والاتصالات وجعلها تتلاءم ومتطلبات المرحلة التنموية التى يمر بها الاقليم، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئینجا کۆی پرۆژە یاساکە، کە بوو بە یاسا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزباییتان لێ دەکەین، دەستخۆشیتان لێ دەکەین، کە دوو رۆژە بە خەستی موناقەشەی ئەو پرۆژە یاسایەتان کردو ئیقرارتان کرد، سوپاسی جەنابی وەزیر و ستافی وەزارەت دەکەین، کە ئەو دوو رۆژە لێرە ئامادە بوون و هاوبەش بوون بە حزوری خۆیان، ئێستا بزانین جەنابی وەزیر ئاخیر قسەی چیە، فەرموو.

**بەڕێز انور جەبەلی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، بۆ هاوکاریتان، بۆ پەسند کردنی ئەم یاسایە، کە دەمێکە چاوەڕوان بووین، سوپاس بۆ پێشنیارو بۆچوونتان بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم یاسایە، کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەبێت، ئێمە وەکو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەڵێنتان پێ دەدەین، کە بەجددی پەیڕەوی ئەم یاسایە بکەین و، هەر پێشنیارێك لە داهاتوو هەتان بێت، ئێمە بە دڵێکی فراوانەوە وەریدەگرین، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار، کە زۆر ماندوو بوون، دووبارە سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بۆ ماوەی نیو سەعات دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین، سەعات (12,30) دادەنیشینەوە، بۆ بەشی دووەم لەبەرنامەی کار، ئێستا فەرموون بۆ ئیسراحەت کردن، زۆر سوپاس.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، بۆ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 یاسای باجی دەرامەت.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەکیل وەزیرو ڕێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و ستافەکەیان دەکەین، بەخێربێن سەرچاوان، داوا دەکەین لیژنەی قانونی و لیژنەی دارایی بفەرموون بۆ سەر مەنصە، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای باجی دەرامەت، کە ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوەو، ئاراستەی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و کاروباری دارایی کراوە، دوای ئەوەی دوو ڕاپۆرتی جیاواز هەبوو، وا ڕێککەوتین دانیشتنەکە دواخرا، هەوڵی ئەوە درا کە ڕاو بۆچوونە جیاوازەکان نزیك بکرێتەوە، لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەوەی کە ڕاپۆرتێکی هاوبەش لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری ئامادە کرا لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی هەردوو لیژنەو نوێنەرانی حکومەت لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوون، لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە گەیشتینە ئەوەی کە بەو شێوەیە ئەو پرۆژە یاسایەی پێشکەش کرا بوو دابرێژرێتەوە، کە ئێستا بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی پێشکەش بە بەڕێزتانی دەکەین، بەنیسبەت ڕاپۆرتی هاوبەش:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقريرمشترك حول مشروع قانون ضريبة الدخل**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة المالية والشؤون الاقتصادية يوم 3/رەزبەر/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/9/25 ميلادي لدراسة مشروعي قانون (التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم 26 لسنة 2007). الاول مقدم من قبل مجلس الوزراء بالكتاب المرقم (765) في 2011/4/3 والمشروع الثاني مقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى اللجنتين بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (12) في 2011/5/3. وبعد المناقشة والمداولة بحضور ممثلي وزارة المالية والاقتصاد تقترح اللجنتان الصياغة التالية للقانون:

**قانون التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم (26) لسنة 2007 في اقليم كوردستان - العراق**

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (ثانيا) من المادة الثانية من القانون رقم (26) لسنة 2007 وتعدل الفقرة الثانية من القرار المرقم (520) لسنة 1987 بالشكل الآتي:

ثانياً:

1- تعفى من ضريبة الدخل معاملات هبة دار سكني واحدة او شقة سكنية واحدة او قطعة ارض واحدة معدة للسكن لاتزيد مساحتها عن (800م2) التي تتم بين الابوين واولادهما او بين الزوجين.

2- اذا تصرف الموهوب له تصرفا ناقلاً للملكية في الدار او الشقة السكنية او قطعة الارض المعدة للسكن الموهوبة له خلال مدة خمس سنوات من تاريخ تسجيلها بأسمه في دائرة التسجيل العقاري، فان هذا التصرف يخضع لضريبة الدخل ولايتمتع بالاعفاء المنصوص عليه في الفقرة (20) من المادة السابعة من قانون ضريبة الدخل رقم (113) لسنة 1982 المعدل والنافذ في الاقليم.

المادة الثانية:

تلغى الفقرة (ثالثا) من المادة (الثانية) من القانون رقم (26) لسنة 2007، ويعاد العمل بالفقرة (20) من المادة (السابعة) من القانون رقم (113) لسنة 1982 بعد تعديلها كالآتي:

الفقرة (20):

أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.

ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الارض المعدة للسكن المذكورة على (800) مترا مربعاً، فان زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.

ج- لا يستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ، ب) من هذه الفقرة الا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تاريخ التمتع بالاعفاء.

د- يوقف العمل بـ(د، هـ، و، ز،ح، ط، ى) من الفقرة (20) من المادة السابعة اعلاه.

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (ثامنا) من المادة (الثانية) من القانون رقم (26) لسنة 2007 وتقرأ كالآتي:

(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه رقم (85) لسنة 1978 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق

التصرف فيه عند نقله الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة ويحتسب و فقا لما يأتي:

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1- تنزل نسبة (50٪) من قيمة العقار المقدر او البدل ايهما اكثر قبل احتساب الضريبة.

2- يخضع للضريبة المبلغ المتبقي وتحتسب كمايلي:

- 1٪ لغاية (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي.
- 2٪ ما زاد عن (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي ولغاية (200,000,000) مائتي مليون دينار عراقي.
- 3٪ ما زاد عن (200,000,000) مائتي مليون دينار عراقي و لغاية (300,000,000) ثلاثمائة مليون دينار عراقي.
- 5٪ مازاد عن300,000,000 ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

3- تطبق الفقرة (1) اعلاه على الحصص او السهام المباعة من العقارات المفرزة بصورة غير رسمية ايضا بنسبة السهام او الحصص.

4- لاتسرى احكام الفقرة (1) اعلاه اذا كان البائع قد نقل ملكية حصة او سهم مما يملكه من عقار مالم يكن قد مضى اكثر من سنة على تاريخ نقل الحصة او السهم.

المادة الرابعة:

تبقى القوانين والقرارات الضريبية المعمول بها في اقليم كوردستان نافذة المفعول وبما لا يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السابعة:

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

لتخفيف العبء الضريبي على كاهل المواطنين واعادة النظر في الاعفاءات الضريبية، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض التقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت، مع التقدير.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون كوردیەكەش بخوێنەوە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان_عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتێكی هاوبەش دەربارەی پرۆژە یاسای باجی دەرامەت**

رۆژی (3)ی رەزبەری (2711)ی كوردی رێكەوتی 2011/9/25ی زایینی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری، بۆ لێكۆڵینەوەی هەردوو پرۆژە یاسای (یەكەم هەمواركردنی یاسای هەمواركردنی جێبەجێكردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (26)ی ساڵی 2007) كۆبوونەوە. یەكەمیان/ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە نووسراوی ژمارە (765) لە 2011/4/3دا پێشكەش كراوە ،دووەمیان/ لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12)ی رۆژی 2011/5/3دا رەوانەی هەردوو لیژنەكە كراوە، دوای گفتوگۆو راگۆڕینەوەش بە ئامادە بوونی نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری، هەردوولیژنەكە ئەم دارِشتنەی خوارەوە بۆ یاسایەكە پێشنیاز دەكات.

**یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2011**

**یاسای یەكەم هەموار كردنی یاسای هەموار كردنی جێ بەجێ كردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (26)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی كوردستان - عێراق**

ماددەی یەكەم:

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 رەت دەكرێتەوە، بڕگەی دووەم لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

دووەم:

1- رێكاری بەخشینی یەك خانووی نیشتەجێ بوون، یان یەك شوقەی نیشتەنی، یان یەك پارچە زەوی بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە كرا بێت و رووبەڕەكەی لە (800)م2 زیاتر نەبێت، كە لەنێوان باوك و دایك، یان لەنێوان منداڵەكانیان، یان لەنێوان ژن ومێرددا دەبەخشرێت لە باجی دەرامەت دەبووردرێت.

2- ئەگەر پێبەخشراوەكە بەشێوەی نەقل كردنی موڵكەكە رەفتار بكات، چ خانوو، یان شوقەی نیشتەیی، یان پارچە زەوی بۆ نیشتەجێ ئامادە كرا بێت لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری تۆماركردنی بەناوی خۆی لە دایەرەی تۆماركردنی عەقاریدا، ئەم دەستكاری كردنە (ئەم رەفتارە) دەكەوێتە ژێر ركێفی باجی دەرامەتەوەو، ئەو لێبووردنە نایگرێتەوە، كە دەقەكەی لە بڕگە (20)ی ماددەی حەوتەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراوی كارپێكراوی هەرێمدا هاتووە.

ماددەی دووەم:

بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی (2007) لادەبرێت و، دووبارە كار دەكرێتەوە بە بڕگەی (20)ی ماددەی (حەوتەم)ی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 دوای ئەوەی كە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

ا- خانوو، یان ئەو شوقەیەی كە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە كراو لەكاتی گواستنەوەی موڵكداریێتەكەی، چ بە فرۆشتن، یان بە هەر رێگەیەكی رێگاكانی گواستنەوەی موڵكداریێتیەكەی سایەیی فرۆشتنەكەی هەر چەندێك دەبێت، بێیت.

ب- یەك پارچە زەوی كە بۆ نشینەیی ئامادە كرا بێت، بە مەرجێك رووبەرەكەی لە (800) مەتری چوار گۆشە زیاتر نەبێت، ئەگەر رووبەرەكەی لەو سنوورە زیاتر بوو، ئەوە ئەو زیادەیە دەكەوێتە ژێر ركێفی باجی دەرامەتەوە.

ج- تەكلیف كراو لەو لێبووردنەی لە بەندی (ا، ب)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە، تەنیا یەك جار سوودمەند دەبێت لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری سوودمەند بوونی لە لێبووردنەكە.

د- كار بە (د، ه، و، ز، ح، ط، ی)لە بڕگەی (20)ی ماددەی حەوتەمی سەرەوە دەوەستێندرێت.

ماددەی سێیەم:

بڕگەی (هەشتەم) لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی (2007) بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

باجێكی دیاری كراو بەرێژەیەكی بەرەو سەروو لە بەهای عەقار، یان لە مافی دەستكاری كردنی ئەو عەقارە، كە بەپێی حوكمەكانی خەملاندنی بەهای ئەو عەقارەو سوودەكانی ژمارە (85)ی ساڵی 1978 دەخەملێنرێت، یان بەهاكەی كامیان زۆرتر بێت بەسەر خاوەن عەقارەكە، یان بەسەر خاوەن مافی دەستكاری كردنەكەیدا لە هەر رێگەیەكی گواستنەوەی موڵكداریەوە بێت، یان لە رێگەی بەدەستهێنانی مافی دەستكاری، یان گواستنەوەی وەك فرۆشتن و ئاڵوگۆڕكردن و پێكهاتنەوەو ئاشت بوونەوە، نەهێشتنی هاوبەش (ازالة الشیوع)و، یەكلا كردنەوەی وەقف و موساتەحە، كرێ گرتەكەش لەكاتی بە كریدانی ئەو عەقارەی كە لە رێگەی موساتەحەوە كەوتووەتە ژێردەستی هەمان موعامەلەی خاوەن عقاری لەگەڵدا دەكرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوەش حساب دەكرێت:

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

1- بەرلە حساب كردنی باجەكە، رێژەی (50٪) لە بەهای خەملێندراوی عەقارەكە، یان پارەكەی، كامیان زیاتر بێت دادەشكێندرێت.

2- قیمەتی پارەكە دەكەوێتە ژێر ركێفی باجەوەو، بەم شێوەیەی خوارەوە حساب دەكرێت:

- تا (100,000,000) سەد ملیۆن دیناری عێراقی، لە (1٪)ی لێ وەردەگیرێت.

- ئەوەی لە (100,000,000) سەد ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت تا دەگاتە (200,000,000) دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی، لە (2٪)ی لێ وەردگیرێت.

- ئەوەی لە (200،000،000) دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت تا دەگاتە (300,000,000) سێ ملیۆن دیناری عێراقی، لە (3٪)ی لێ وەردەگیردرێت.

- ئەوەی لە (300,000,000) سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕێ لە (5٪)ی لێ وەردەگیردرێت.

3- بڕگەی (1) لە (ماددەی یەکەم/ دووەم) بەسەر بەش، یان ئەو پشکانەدا جێ بەجێ دەکرێت، کە لە عەقارەکە فرۆشراون و بەشێوەیەکی نافەرمی دابەش کراون، بەگوێرەی پشك، یان بەگوێرەی بەشەکان.

4- حوکمەکانی بڕگەی (1)لە (ماددەی یەکەم /دووەم) ئەو فرۆشیارە ناگرێتەوە، کە مولکداریێتی بەش، یان پشکێك لە عەقارەکەی مولکی خۆی بگوازێتەوەو زیاتر لە یەك ساڵ بەسەر بەرواری گواستنەوەی بەشەکەی، یان پشکەکەیدا تێنەپەڕێنێت.

ماددەی چوارەم:

ئەو یاساو بڕیارانەی باج دەمێنتەوە، کە لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێ دەکرێت، بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبێ.

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی وئابووری ڕێنمایی پێویست بۆئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی شەشەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایی جێ بەجێ بکەن.

ماددەی حەوتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە بێت.

ماددەی هەشتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێ بەجێ دەکرێت.

**(هۆی دانانی ئەم یاسایە)**

بۆ سووك کردنی باج لەسەر شانی هاووڵاتیان و چاو پێ خشاندنەوەی لێبووردنەکانی باج، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەو نوێنەرانی حکومەت بووە، داوا دەکەین ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەت هەبوو؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە هی هەردوو لیژنەکەو حکومەت دەکەینە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەی یەکەم.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم (   ) لسنة 2011**

**قانون التعديل الاول لقانون تعديل تطبيق قانون ضريبة الدخل رقم (26) لسنة 2007 في اقليم كوردستان – العراق**

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (ثانيا) من المادة الثانية من القانون رقم (26) لسنة 2007 وتعدل الفقرة الثانية من القرار المرقم (520) لسنة 1987 بالشكل الآتي:

ثانياً:

1- تعفى من ضريبة الدخل معاملات هبة دار سكني واحدة او شقة سكنية واحدة او قطعة ارض واحدة معدة للسكن لاتزيد مساحتها عن (800م2) التي تتم بين الابوين واولادهما او بين الزوجين.

2- اذا تصرف الموهوب له تصرفا ناقلاً للملكية في الدار او الشقة السكنية او قطعة الارض المعدة للسكن الموهوبة له خلال مدة خمس سنوات من تاريخ تسجيلها بأسمه في دائرة التسجيل العقاري، فان هذا التصرف يخضع لضريبة الدخل ولايتمتع بالاعفاء المنصوص عليه في الفقرة (20) من المادة السابعة من قانون ضريبة الدخل رقم (113) لسنة 1982 المعدل والنافذ في الاقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز ايوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2011

## یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (26)ی ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 ڕەت دەکرێتەوە، بڕگەی دووەم لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

**دووەم:**

1- ڕێکاری بەخشینی یەك خانووی نیشتەجێ بوون، یان یەك شوقەی نیشتەنی، یان یەك پارچە زەوی بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە کرا بێت و ڕووبەرەکەی لە (800)م2 زیاتر نەبێت، کە لەنێوان باوك و دایك، یان لەنێوان منداڵەکانیان، یان لەنێوان ژن ومێرددا دەبەخشرێت لە باجی دەرامەت دەبووردرێت.

2- ئەگەر پێ بەخشراوەکە بەشێوەی نەقل کردنی موڵکەکە ڕەفتار بکات، چ خانوو، یان شوقەی نیشتەیی، یان پارچە زەوی بۆ نیشتەجێ ئامادە کرا بێت لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری تۆمارکردنی بەناوی خۆی لە دایەرەی تۆمارکردنی عەقاریدا، ئەم دەستکاری کردنە (ئەم ڕەفتارە) دەکەوێتە ژێر رکێفی باجی دەرامەتەوەو، ئەو لێبووردنە نایگرێتەوە، کە دەقەکەی لە بڕگە (20)ی ماددەی حەوتەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراوی کارپێکراوی هەرێمدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەم ماددەیە؟ ناوەکان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە، ڕێزداران (د.صباح بەرزنجی، د.احمد وەرتی، دلێر محمود، شڤان احمد، تارا ئەسعەدی، اسماعیل سعید، د.بەشیر خەلیل، عزیمە نجم الدین، عیماد محمد، شەونم محمد)، فەرموو دکتۆر صباح.

**بەڕێز د.د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەمەوێت بڵێم ئەم پرۆژە یاسایە، پرۆژە یاسایەکی باش و بەجێیە، وەکو لە ئەسبابی موجیبەکەشی هاتووە، باسی ئەوە دەکات چۆن ئەرکی زەریبە لەسەر شانی هاووڵاتیان لاببات، تەبعەن لەلایەك ئەمە لە خزمەتی حەرەکەتی تیجاری دایە لە هەرێمی کوردستان، بۆ گەڕانی پارەو بۆ ئەوەیە، بۆ ئەوەیە کە خەڵك دڵنیا بێت لەو سەروەت و سامانەو لەو کارە بازرگانیەی کە دەیکات، لەلایەکی تریشەوە، دەبێتە سەبەبی ئەوەی کە ڕێگا بگیرێت لە هەندێك تەلاعوب، ئەگەر زەریبەی زۆر دابنرێت لەسەر عەقارو لەسەر موڵك، زۆر ڕێی تێ دەچێت کە مەئموری زەریبە لەگەڵ خاوەن موڵکەکە ڕێك بکەوێت پارەیەکی کەمی بۆ بنووسێت، یەعنی بۆیە ئێمە بە کەم کردنەوەی عیبئی زەریبی لەسەر شانی خاوەن موڵکەکان،

دەتوانین خزمەتێکی زۆر هەم بە مەسەلەی زەریبە بکەین لە کوردستان، هەم خزمەتێك بە حەرەکەتی تیجاری بکەین، مولاحەزەی ئەوە دەکرێت، کە ئەم رەقمە (800) مەتر زیاتر نەبێت، با لەوە کەمتر بێت، کە لە (800) مەتر زیاتر نەبێت، بۆ نموونە، ئەگەر لەوەش کەمتر بکرێتەوە چ کێشەیەك هەیە؟
مەوزوعی رێگەی بەخشین، ئەگەر وا بەشێوەیەکی موتڵەق بهێڵدرێتەوە، یەعنی جاروبار دەبێت بە سەبەبی تەهەڕوب، راکردن لە زەریبە، ئەگەر لێرە حەدێکی بۆ دابنرێت، مەسەلەن ئەگەر ئەم مەوزوعە لە پێنج ساڵ تێ نەپەڕێت، یەعنی لە پێنج ساڵدا چەند جار دووبارە نەبووبێتەوە بۆ مەسەلەی بەخشین، کە دەڵێت رێکاری بەخشینی خانووی نیشتەجێ بوون، یان شوقەی نیشتەجێ بوون لە (800) مەتر زیاتر نەبێت، لێرە ئێمە موناقەشەی ئەم رەقمە بەکەین، بەڕاستی کامیان زیاتر لە بەرژەوەندی خاوەن موڵکەو، لە بەرژەوەندی گشتی خەڵکیشە، ئەوە رەچاو بکەین، چونکە ئێمە بنەمایەکمان هەیە (لا تأكلوا اموالكم بينكم بالباطل)، یەعنی ئێمە نابێت عیبئی زەریبە وا دابنێین لەسەر شانی خەڵك زیاد لە پێداویست و زیاد لە زەروورەتی گەشە کردنی ئابووری لە وڵاتدا.
خاڵێکی تر، کە گرنگە ئەم وشەی نیشتەییە لێرەدا هاتووە، ئێمە لە زمانی کوردیدا نیشتەییمان نییە، نیشتەیی بۆ تەڕەسوب و شتی وایە، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێت بە نیشتەجێ بوون، یان نیشینگەیی، چونکە ئێمە لە زمانی کوردی نیشتنمان هەیەو دانیشتنمان هەیە، دیارە مەوزوع لێرە دانیشتن و سوکنایە، نەك تەڕەسوب و رسوب، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئامانج لە هەموار کردنی ئەم یاسایە سووك کردنی باجە لەسەر هاووڵاتیان، وەکو بەڕێز دکتۆر صباح ئاماژەی پێداوە لە ئەسباب موجیبەدا هاتووە، بۆیە هەر کەم کردنێکی باج کە بە یاسا رێك بخرێت لەسەر شانی هاووڵاتیان کارێکی زۆر باشەو، ئەو پرۆژەیەش، پێموایە پرۆژەیەکە لەخزمەتی هاووڵاتیان دایە، دیارە عێراقیش بە ئاراستەی ئیصلاحی زەریبی دەچێت، بۆ ئەوەی بواری باج ئاسان بکات و رایانگەیاندووەو کە ئەوانیش بەو ئاراستەیە دەڕۆن، بۆ ئەوەی ئیجرائاتەکان لەسەر هاووڵاتیان ئاسان بکرێت و حەلەقاتی رۆتین نەهێڵدرێت، یان کەم بکرێتەوە، لێرە لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی یەکەم کە باس لە بەخشین دەکات لەنێوان دایك و باوك، یان لەنێوان منداڵەکانیان، یان لەنێوان ژن و مێرددا، من پێشنیار دەکەم کە ئەگەر کەسێك بەشێوەی خێرخوازی خانووی نیشتەجێ، یان شوقە، یان پارچە زەوی بەخشی بە هەژارێك، ئەویش لە باجی دەرامەت ببەخشرێت، ببووردێت، یەعنی بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:
(رێکاری بەخشینی یەك خانووی نیشتەجێ بوون، یان شوقەی نیشتەجێ بوون، یان پارچە زەوی کە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە کرا بێت و رووبەرەکەی لە (800)م2 زیاتر نەبێت، کە لەنێوان باوك و دایك، یان

لەنێوان منداڵەکانیان، یان لەنێوان ژن ومێرددا، یان بە مەبەستی خێرخوازی بە کەسێکی هەژار دەبەخشرێت لە باجی دەرامەت ببووردرێت)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ماددەی یەك دەکەم وەکو لە ڕاپۆرتی موشتەرەك هاتووە، بەڵام من پێشنیاری بڕگەیەکی تر دەکەم لە پاڵ بڕگەی یەکەم (ثانیا) یەکەم، بەو شێوەیەی کە پێشتر لە یاساکەدا هاتبوو، بەو شێوەیە کە ئێستا دەخوێنمەوە، واتا ئەو بڕگەیەی بۆ ئیزافە بکرێتن:

بەپێی ئەو تەجروبەیەی کە لە دەزگای شەهید هەم بوو، دەمەوێت ڕەبتی بکەم بەو واقیعەی کە من تێدا ژیاوم ڕۆژانە ڕووبەڕووی چەندین حاڵەتی وا دەبووین، باوك، بڵێین باپیر، یان داپیر واریسی شەهید، یان خێزانی شەهید دەهاتن دەیانگۆت هەتا ئێمە لە حەیات ماوین ئەوە حصەی خۆمانە لەو موڵکە، یان لەو ماڵە، یان لەو پارەیە، لە هەموو شتێك ئەوەی کە هەیان بوو دەیاندا نەوەکانی خۆیان، چ دایك بە کوڕەکانی خۆی دەدا، چ باپیرو داپیر بە نەوەکانی شەهیدیان دەدا، جا بۆیە ئەو بڕگەیە من بە پێویستی دەبینم ئیزافە بکرێت، وەکو ئیمتیازێك بە واریسی شەهید کە حەقی خۆیانە، (تعفى من ضريبة الدخل معاملات الهبة بين الجد والجدة واحفادهما من الشهيد وزوجة الشهيد في العقار مهما تكرر وبغض النظر عن جنس العقار واستخدامه وكون الواهب والموهوب له مقيماً او غير مقيم)، ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، کە حەقی خۆیانە ئەو ئیمتیازانەیان پێ بدرێتن بە واریسی شەهید، ئەگەر ئەمە سەری گرت، دێینەوە بڕگەی دووەم، دەبێت بەو شێوەیە تەعدیل بکرێت، کە بڕگەی دووەم وەختەك سەری گرت دەگۆڕدرێت دەبێتە بڕگەی سێیەم، لە پاش (الموهوب له خلال مدة خمس سنوات وعشر سنوات بالنسبة لورثة الشهيد)، ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێتن و بەو شێوەیە تەعدیل بکرێتنن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەرەتا ئامانج لەم بەخشینە، من پێموایە هاووڵاتی نییە، یەعنی شمولیە، هاووڵاتی خاوەن موڵکە، یەعنی حەقە تەحدید بکرێت کە ئەو بەخشینە خاوەن موڵك دەتوانێت ببەخشرێت، نەك هەموو هاووڵاتیەك، بەخشینی یەك خانوو، یان یەك شوقە، کە ڕووبەڕەکەی (800) مەتر دووجا بێت، بەڕاستی ئەمە زەخمە، یەعنی مەعقول نییە (800) مەتر دووجا دەتوانرێت گەورەترین مەشروعی لەسەر دروست

بكرێت، یەعنی حكومەت بۆچی نەتوانێت لەمە باج وەربگرێت؟ بە رەئی من ئەمە هاوكاری خاوەن موڵكە، نەك وەكو گوتم هاووڵاتی.

تێبینیم لەسەر ئەو بەخشینە هەیە، بەڕاستی هیچ حیكمەتێك و رەوایيەكی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر كەسێك بۆ خۆی، بۆ سوودی گشتی، مەسەلەن ئێستا بۆ نموونە، ئێمە لە سلێمانی هەمانە عەلی ناجی موڵكی بەخشیووەو مەكتەبی دروست كردووە، خەستەخانەی دروست كردووە، یان مەسەلەن خانووی كرێی داوە بە خەڵك، ئەمە بەڕاستی ببەخشرێت، من پێموایە رەوايەتی تێدایە، بە رەئی من دەكرێت تەخفیفی ئەم باجە بكرێت، نەك ئەوەی بەڕاستی حكومەت لەسەر ئەو موڵكە هیچ جۆرە باجێك وەرنەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز تارا ئەسعەدی فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم قانونە كە هەدەفەكەی ئەوەیە تەخفیفی ئەو عیبئە بێت لەسەر هاووڵاتیەك كە روحی بەخشینی هەبێت بۆ منداڵی، یان بۆ كەسێك كە بە زەرووری بزانێت، ئەم رێژەیە دانراوە شتێكی خراپ نییە، وا دەكات زۆر باوك و دایك هەیە، بەڕاستی تاكو لە ژیاندا ماون نایانەوێت هیچ شتێك بدەن بە منداڵەكانیان لە ترسی ئەم زەریبەو شتانە، ئەمە وا دەكات جۆرە كۆنتاكتێك زیاتر لەنێوانیان ببێت و ئەو منداڵەی كە پێویستیەتی بتوانێت لە ژیانی خۆیدا بۆی بكات، ئەمە شتێكی باشە، ئەوەی ئیقتیراحی یەكەم لە ماددەی یەكەم لە برگەی دووەم باس دەكات زۆر جار هەیە باوكەكە، یەعنی بۆ نموونە، حەفیدێكی دەبێت، ئەو حەفیدە، یان ئەو نەوەیەیەی دایك و باوكی نامێنێت، باپیرێكی هەیە دەتوانێت زۆر بە تەبیعی یارمەتی بدات، ئەگەر ئیزافەی ئەوە بكرێت (التي تتم بين الابوين واولادهما واحفادهما او بين الزوجين)، لە حاڵەتێك یەك جارە، وابزانم ئەو تەئسیراتەی نابێت، زۆر جار هەیە مەحروم دەبێت لە شتێك كە باپیری شتێكی زۆر شەرعیە بدات بەو منداڵە، كە هیچ كەسێكی نەبێت، هیچ كەسێك واریسی نەبێت، لەو حاڵەتە ئیزافە بكرێت، یەعنی مەرج نییە، هەتا ئەگەر شەهید بێت، زۆر زۆر ئەوە باشە ئەویش دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەویش نەبێت زۆر جار هەیە حاڵەتێكە ئیزافە بكرێت وا بەباشی دەزانم لێرەدا ئیزافە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز.

جارێ من مەبدەئیەن لەگەڵ هیبەدا نیم، هیبە لە حەقیقەتدا عەمەلیەکی نا ئیقتیصادییە، هەتا ئێستا لە هەندێك ولاٌتانی پێشکەوتوو، بۆ نموونە من وەکو ئەڵمانیا دەزانم، تەنانەت میراتیش تەنها بۆ کەسی یەکەم ئێستا ئیشی پێ دەکرێت، هەتا بۆ کەسی دووەم نەماوە بەڕاستی، بەلاٌم با بڵێین ئەمە واقیعێکە باسی مەوزوعێك دەکەین واقیعێکە، چۆن هیبە تەنزیم بکەین بەشێوەیەك، کە ئێستا بۆتە پرۆژە قانون لە عێراقیشدا هەیە، بەشێوەیەك کە عەدالەتی تیا بێت، سەرەتا دەمەوێت بەوە دەست پێ بکەم رەسمی سیاسەتی ئابووری لە عێراقدا، بەپێی دەستوور لە سەلاحیەتی حکومەتی ئیتیحادیدایە، من نازانم ئەم پرۆژەیە، جاری پێشووش باسم کرد، نوێنەرانی حکومەتیش لێرەن، بەڕاستی ئەگەر تەوزیحمان بۆ بدەن، بەپێی دەستوور رەسمی سیاسەتی ئابووری لە سەلاحیەتی حکومەتی ئیتیحادیدایە، ئەمان چۆن پەنایان بۆ ئەمە بردووە، یەعنی بەڕاستی ئەگەر دەبرێکی قانونیان بۆ نەکرد بێت، ئەمە دواجار لەوانەیە شەش ساڵی تر ئەمە ببێتە کێشە، چونکە مەبالغی گەورە دەکات، لەوانەی پاش چوار، پێنج ساڵی تر، ئێستا کە عێراق لە وەزعێکی نا موستەقیر دایە، کە بێن حیساب و کتابمان لەگەڵدا بکەن، بۆ نموونە بچێتە یەك، دوو ملیار، لەبەر ئەوە ئەمە حاڵەتێکە، من حەز دەکەم نوێنەرانی حکومەت بەڕاستی ئەگەر رێگایەکی یاساییان بۆ نەدۆزیبێتەوە، ئێمە دەست بۆ ئەمە نابەین، چونکە دواجار ئەویش وەکو کێشەی پێشمەرگەو ماددەی (140) و نازانم چی و چی، دەبێتە یەکێك لەو گرێ کوێرانە، من لە لیژنەی هاوبەشدا بووم، کە ئەو راپۆرتە نووسراو نوێنەرانی حکومەت ئەوەیان تەئکید کردەوە، کە ئەم داهاتە بۆ حکومەتی ئیتیحادی دەڕوات، بۆیە ئەمە حاڵەتێکە دەبێت بە وردی تەعامولی لەگەڵدا بکەین، یەکێك لەو بەڕێزانە نوێنەری حکومەت لە لیژنەکەدا بوو ئەوەی بە ئێمە گوت کە وەزیری مالیە بە ئێمەی گوتووە بۆ داهاتی ئێوە کەمە؟ چونکە لە کوردستاندا لەبەر ئەوەی هەم پەرلەمان فەعال بووە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری کراوە لەو مەجالانەدا داهاتی ئێمە کەمتر بووە، بەلاٌم ئەمە دواجار من پێموا نییە، دواجار کە مەرکەزیەن لە عێراقە، ئەمە تاسەر قەبوڵ ناکرێت و، دەبێتە کێشە.

ئەوەی من دەمەوێت لەسەر هیبە لێرەدا ببینم و قسەی لەسەر بکەم، مەسەلەی سزایەکی ئابووری تیایە، سزایەکی تیایە بەنیسبەت سەرمایەدارەوە، یەعنی کە فەسڵی کردووە، یەعنی هیبە هەیە، بەلاٌم بۆ ئەوانەی کە موڵکی تیجارییان هەیە، تەبعەن موڵکی تیجاری جیای کردۆتەوە، بەلاٌم لە نەصی پرۆژەکەی حکومەتدا ئەوەی تیا نییە، ئەمە لە حەقیقەتدا کە دواجارو لە جەلسەی پێشووش موناقەشەی کرا، هاتووە جۆرێك لە جۆرەکان تەمییزی سەرمایەدارەکان، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت (دیاری شوان ئاڵە کۆکە)، جوتیارێك چی هەیە ئەگەر بیدات بە منداڵەکەی؟ پارچەیەك زەوی هەیە، بەهەمان شێوە باخەوانێکیش چی هەیە؟ باخێکی هەیە بیدات بە منداڵەکەی، سەرمایەدارێك عیمارەیەکی هەیە، بەلاٌم ئەم هاتووە لێرە تەمییزی دەکات، یەعنی ئەوانەی کە ئیمکانیاتیان هەیە بۆی نییە، چونکە تەمییزی کردووە، واتا جیای کردۆتەوە، لە حەقیقەتدا ئەمە سزاییەکی ئابووری سەرمایەدارییە، من پێموایە سەرمایەدارەکانی ولاٌتی ئێمە قەت بەوە ناوفەوتێك عیمارەیەکی هەیە بیدات بە منداڵەکەی سەد هەزار دۆلار هین بدات، بەلاٌم جانیبە

ئەخلاقیەکەی، جانیبە ئەبعادەکەی کە لێکی دەدەیتەوە، لێرە کە تەمییزی دەکات، کە جیایی دەکاتەوە، ئەمە لە حەقیقەتدا سزاییەکە، من بەباشی نازانم، دنیای سەرمایەداری، کارەکتەرەکانی دنیای سەرمایەداری کێن؟ لەحەقیقەتدا کارەکتەرکانی دنیای سەرمایەداری سەرمایەدارەکانن، سەرمایەدارەکانن، بەلاّم تۆ بەچی عەدالەتی ئیجتیماعی دروست دەکەیت؟ بە زەریبەی تەصاعودی، یەعنی فورسەت دروست دەکەیت و عەدالەت دروست دەکەیت بۆ کێبڕکێ، بەلاّم دواجار دێیت تۆ بە زەریبەی تەصاعودی عەدالەتی ئیجتیماعی دروست دەکەیت، نەك بە سزادانی ئابووری، من بەڕاستی ئەوەی کە جیا کرایەوەو کرا بە پرۆژە، ئەوە سزاییەکی ئابوورییە بۆ سەرمایەدارەکان.

خوشك و برایانی بەڕێز.

پێش هەموو شتێك، بۆ ئەوەی ئێمە یاسایەك دەربکەین و جوابی سەردەم بداتەوە، دەبێت بزانین ئێمە یاسا بۆچ نیزامێکی ئابووری دادەنێین؟ نیزامێکی ئابووری سەرمایەداری، پێش هەموو شتێك دەبێت خۆمان لە دوو، سێ شت رزگار بکەین، ئەگینا ناتوانین، هەروەکو ئەم یاسایانەی رابردوو، ئێستا یاسا هەیە لە پەرلەمانی کوردستان دوو ساڵ پێش ئێستا دەرچووەو هێشتا جێ بەجێ نەکراوە، ئەوەتا پرۆژەی تەعدیلی هەیە، چونکە بەڕاستی یاسادانان وا نییە، وا بە سەرپێیی نییە، یەعنی دەبێت هەموو ئەبعادەکانی لێکبدەیتەوە، بەتایبەتی کە تۆ یاسایەك دەردەکەیت بوعدی ئیقتیصادی هەیە، من پێموایە بۆ ئەوەی یاسای سەردەمانە دەربکەین، دەبێت خۆمان لە دوو، سێ ئەفکار دەربکەین، یەکێکیان/ دوو ئەفکاری سائید هەیە لە کوردستاندا، دوو فەلسەفەی گەورەی پیرۆز هەیە، بەلاّم هەردوو فەلسەفەکە بەشێوەیەکی سەتحی هاتۆتە ولاّتی ئێمە، وەکو ئابوورییەکەی نەهاتووە، چ وەك ئیسلام، ئیسلام وەکو عیرفانیەتەکەی لەناو کۆمەلگای ئێمەدا زاڵە، چەپ وەکو ئەدەبیات هاتۆتە کۆمەلگای ئێمەوە بەڕاستی، یەعنی چەپ وەکو ئیقتیصاد نەهاتووە، چەپ وەکو ئەدەبیات هاتووە، هەردوو ئەم سەتحیە هاتووە، ناڵێم فەقیر، فەقیری پیرۆز دەکات، کەواتە عەکسەکەی دێوەزمەیە، لە حەقیقەتدا بەم عەقلە تۆ ناتوانیت یاسایەك دەربکەیت جوابی سەردەم بداتەوە، بۆیە بە قەناعەتی من و بۆ ئەوەی رزگارمان بێت یاسایەکی سەردەمیانە دابنێین، دەبێت خۆمان رزگار بکەین لە تەپو تۆزی ئەو دوو سەردەمە، ئەو دوو فەلسەفەیە، من وەکو فەلسەفە ناڵێم، یەعنی تکایە، من وەکو ئەو شێوە سەتحیەی کە هاتووە، یەعنی ئیسلام بەشە عیرفانیەتەکەی چەپ بە ئەدەبیات، یەعنی فەقیری نەهاتووە، هەژاری نەهاتووە وەکو دەرد سەیری بکات، هەژاری پیرۆز کراوە بەڕاستی، لەجیاتی هەژار بەرز بکرێتەوە، دێتە تەبەقەی سەرەوە بۆ هەژارییەکە، ئەمە سەردەمانێکی زیندوو فەلسەفەی باو بوون، ئێمە خۆمان رزگار نەکەین لە تەپو تۆزی ئەو شێوازە، هەر یاسایەك دەربکەین ناگاتە جێ بەجێ کردن، دیسان پێویستی بە تەعدیل کردنەوە هەیە، بابڵێین هیبە، بۆ نموونە کابرایەك عیمارەیەکی زۆر زۆر گەورەی هەیە دەیدات بە منداڵەکەی، باشە ئەم بۆ کوێی دەبات؟ خۆ دواجار منداڵەکەی هەر دەیفرۆشێتەوە، یەعنی لە فەترەیەکی زەمەنیدا ئەو موڵکە شمولی زەریبە ناکات، بەلاّم دواجار خۆ منداڵەکەی زەریبەی باوکیشی دەدات، یەعنی ئەگەر تەماشا بکەین، با بڵێین عیمارەیەکمان

هەیە ئەمڕۆ بایی پێنج ملیۆن دۆلارە، تەبعەن ئەوانەی ئیشی هینیان کردووە دەزانن ئەو لەحزەیەی کە موعامەلەی بۆ دەکرێت سعری موڵکەکە دادەنرێت، دوای پێنج ساڵی تر کە دەیفرۆشێتەوە، فەرقەکە چەند سەرکەوت بێت زەریبە لەوە دەردەچێت، با بڵێین سەرمایەدارێك موڵکێکی هەیە دوای پێنج ساڵی تر دەیفرۆشێت، دواجار منداڵەکەی باجی باوکەکەشی دەدات، دەبێت هەر زەریبەکە بدات، لەبەر ئەوە جیا کردنەوە، تەمییز کردن سزادانی سەرمایەداری، من پێموایە ئەم یاسایە نابێتە یاسایەك، من پێموایە ئەگەر سەرمایەدارێکی خارجی ئەم شێوە سەرمایەدارە ببینێت، کە ئەوەندە بە حقدەوە تەعامول لەگەڵ سەرمایەدار دەکەین، قەت ناتوانین لەم وڵاتە سەرمایەگوزاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ئەم ماددەیە، من تێبینیەکم هەیە، پێش هەموو شتێك ئەو شێوە نووسینەی لێرە هەیە با بڵێین ڕێکاری بەخشینی خانووی نیشتەنی و ئەوە شێوەیەکە لێك تێگەیشتنی بەڕاستی زۆر قورس و بەشێوەیەکی زۆر ناخۆش نووسراوە لە قانونەکە بە عام، بەلاّم ئەوەی کە تێبینی منە لەسەر ماددەکە، بەڕاستی ئەوەی کە باس کرا لە ڕووی زەریبەوە لە بەخشینی باجی دەرامەت بۆ ئەو کەسانەی کە خانوویەك، یان شوقەیەك، یان پارچە زەوییەکیان هەیە لە (800) مەتر زیاتر نەبێت، بەڕاستی (800) مەتر بە ڕەئی من زۆرە، بۆ ئەوەی کە کەسێك ببەخشرێت، لەبەر ئەوەی کەسێکی ئاسایی بتوانێت (800) مەتر زەوی، شوقە بێت، یان خانوو بێت، یان هەر شێوەیەك بێت بەکار هێنرا بێت، بە بڕوای من جێی ئەوە نییە کە (800) مەتر لە باجی دەرامەت ببەخشرێت، لەبەر ئەوەی کەسێك کە خاوەنی سەرمایەیە توانیویەتی (800) مەتر زەوی هەبێت، ئەگەر کرا بێتە شوقە، یان خانوو، بە ڕەئی من ئەو ڕووبەرەی کە دانراوە لە چوار سەد مەتر زیاتر نەبێت، بەڕاستی زەریبە خۆی بەشێکە لە داهاتی گشتی وڵات، لە هەموو وڵاتەکاندا زەریبە بەشێکە لەوەی کە سوودی لێ وەردەگیرێت و بۆ سوودی گشتی بەکار دەهێنرێت، بەلاّم لەلای ئێمە (800) مەتر دانراوە، کار لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەرکی باجی دەرامەت لەسەر سەرمایەدارەکان بەعەکسەوە ئێمە کەم بکەینەوە، کار لەسەر ئەوە دەکەین ئەرکی باجی دەرامەت لەسەر سەرمایەدارەکان کەم بکەینەوە، نەك کە ئەوەی باجی دەرامەت، یان زەریبە بۆ بەرژەوەندی گشتی و بۆ

داهاتی گشتی کە ببێتە سەرمایەیەك لە داهاتوودا نەوە لە دوای نەوە سوودی لێ وەربگرێت، بەداخەوە ئەم پرۆژەیەی کە لێرە (800) مەترە، من داواتان لێ دەکەم کە لە چوار سەد مەتر زیاتر نەبێت، ئەو کەسانەی کە شوقە، یان خانوویان هەیە نەبەخشرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس تێبینیەکم هەیە لەسەر ماددەی یەکەمی راپۆرتەکە، کە لە بڕگەی دووەم/ یەکەمدا هاتووە، کە لیژنەی هاوبەش پێشنیاری صیاغەیان کردووە، بە تەسەوری ئێمە تەناقوزێك هەیە لەگەڵ بڕگەی یەکەمی بڕیاری (520)ی ساڵی 1987، کە لەم بڕگەدا هاتووە (تعفی من ضريبة العقار دار سكنى واحدة او شقة سكنية واحدة يشغلها والدة صاحب الدار او احدهما بشرط ان لا يملك الشاغل دار او شقة سكنية على وجه الاستقلال)، تێبینیەکەم ئەوەیە لەم بڕگەیەدا باس لە پارچە زەوی نەکراوە کە ئیعفا بکرێت لە باج، بەڵام ئەو صیاغەیەی لیژنەی هاوبەش کردوویانەو پارچە زەویشیان زیاد کردووە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت بڕگەی یەکەمی بڕیاری (520)ی ساڵی 1987 هەموار بکەین، دواتر بڵێین (ثانیاً) تەعدیل بکەین، بۆ ئەوەی ئەم هەموار کردنە پێچەوانەی بڕگەی یەکەمی بڕیاری (520)ی ساڵی 1987 نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم، (دووەم/ 1-) باسی هیبە دەکات، بێگومان لەو بڕگەیەدا ئەوەی باس کراوەو باسی هیبەی کردووە لەنێوان ئەندامانی خێزاندا، باوك و دایك و منداڵەکانیان، باسی نەکردووە بۆ یەك جار، تەحدیدی ئەوە نەکراوە، کە ئەو هیبەیە بۆ یەکجارە، لەبەر ئەوە ئەم حاڵەتە هەروەك دکتۆر صباح باسی کرد جائیزە ئیستیغلال بکرێت بۆ چەند جارێك ئەو حاڵەتە تیکرار بکرێتەوەو بە ڕێگایەکی تر سوودی لێ وەربگیرێتەوە، جا لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەگەر تەحدید بکرێت بۆ یەکجار.

هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك شڤان دەکەم، مادام ئەم پرۆژەیە بۆ خزمەتی خێزانە، بۆ هاوکاری خێزانە لەنێوان یەکدا، پێم باشە خێزانی شەهیدیش لەوە داخیل بکرێت، نەنك و باپیری ئەگەر بیانەوێت هیبە بکەن بۆ منداڵە شەهیدەکەیان، هەروەها خوشك و براش لەم ماددەیەدا داخیل بکرێت، واتا هیبە لەنێوان خوشك و برادا، چونکە ئەگەر مەسەلەکە مەسەلەی خێزانی بێت و بتوانرێت و، مادام بۆ یەکجارە، دەتوانرێت ئەو کارە سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام هیوادارم تەحدید بکرێت و بنووسرێت لە کۆتاییدا (لمرة واحدة فقط)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

سەبارەت بەو پێشنیارانەو پرسیارو هەندێك روون كردنەوە بوو، بابەت زۆر باس كرا، ئایا ئەو نەصە بەو شێوەیە داڕێژراوەتەوە لەلایەن هەردوو لیژنە، تا چەند توانیویەتی بابەتی هیبە ببەخشێت لە باج، تا چەند سنووداری كردووە؟ ئێمە نەصەكەمان بەو شێوەیە دارشتەوەو هەوڵماندا چەند مەرجێكی بۆ دابنێین، ئەوەی كە باس كرا لە جارێك زیاترە، شەونم خان ئەو مەترسیە نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە وشەی (واحدة)مان داناوە، یەعنی بۆ یەكجارەو دووبارەی تێدا نییە، ئەو مەترسیە لە ماددەكەدا نییە لە نەصەكە، باسی ئەوە كراوە كە تەعاروز لەگەڵ برگە یەكی بڕیاری (520)ی ساڵی 1987 دەكات، بە هیچ شێوەیەك تەعاروز نییە، لەبەر ئەوەی ماددەیەك باس لە بابەتێك دەكات، كە خانووەكە كەسێك بیداتن بە دایكی، یان باوكی لەناو خانووەكە دابنیشن، باس لە هیبە ناكات، برگەی دووەم تایبەتە بە هیبە لە قەراری (520)، ئێمە تەنها دەستكاری ئەوەمان كردووە، كە كار بە برگە دووەمی ماددەی (520) نەكرێت، بەشێوەیەكی تر دامانرێژتەوەو ئەو مەرجانەمان بۆ داناوە، واتا لەو حاڵەتە ئەو مەرجانە تەنها هیبە لە باج دەبەخشرێت، حاڵەتەكانی تر ناگرێتەوە.

پێشنیاری ئەوە كراوە، ئایا بۆ (800) مەترییە، بۆ (400) مەتر نابێت؟ یاخود ژمارەكان بەڕاستی لە ئەسڵی قانونەكە (800) مەتری هاتووە، ئێمە دەستكاریمان نەكردووە، بە باشمانزانی ئەوە تەنها بۆ عەقارە، بۆ خانوو و شوقە سەكنیەكە مەساحەكە دیاری نەكراوە، تەنها هیبە لە حاڵەتێك ئەگەر عەقار بێت مەساحەكەی چەند بێت، راو بۆچوونەكان جیاواز بوو بۆ لە ئەوەندە كەمتر نەبێت، لە ئەوەندە زیاتر نەبێت؟ بەڵام ئەسڵی قانونەكە (800) مەتر بوو، بۆیە ئێمە بەو شێوەیەمان هێشتەوە، ئەگینا پێشنیاری چەند ژمارەیەك كرا، كە مەساحەكە چەند بێت و لە چەند مەتر كەمتر بێت، یان زیاتر بێت؟ ئەوە بۆ دەنگدان دەتوانین بەجێی بهێڵین، ئێمە هەر ئەوەندە وەڵامەمان لەلایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو تێبینیانەی دكتۆرە رۆژان باسی كرد، باسی مەسەلەی خێرخوازی كرا، راستە خێرخوازی كارێكی پیرۆزە، بەڵام مەجالێكی باش دەدات بۆ تەهەروبی زەریبی، لەبەر ئەوە ئێمە ناوێرین بچینە ناو ئەو بابەتە، ئەمە ئیشكالێك بۆ ئێمە دروست دەكات لە موستەقبەل و موشكیلەی لێی دروست دەبێت.

مەسەلەی (الجد والجدة)، یەعنی داپیرو باپیر بۆ نەوەکان، بەڕاستی ئەگەر دکتۆرە ڕۆژانیش و برادەران لەگەڵمان بن بە ئیشێکی باش دەزانین، بە (الجد والجدة)ش، چونکە ئەگەر دایك و باوك مرد بن، داپیرو باپیر ما بن، ئەو بەخشینە شتێکی زۆر ئاساییەو بە شتێکی باش دەزانین، یەعنی هیچ خراپیەکی تێدا نییە، لەوانەیە ئاسانکارییەك بێت، ئەگەر ئەوە ئیزافە بکەین لەگەڵ لیژنەی دارایی، پێمان باشە ئەگەر ئەوە بکرێت، وابزانم شتەکانی تریش دکتۆرە ڕۆژان جوابیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشەکی ئەوە دوو موقتەرەح هەبوو بەنیسبەت زەریبەوە، یەکێك لە حکومەتەوە هاتبوو، یەکێکیشیان لێرە بوو، لە پەرلەمانەوە بوو، دیارە ئەوانە لیژنەی هاوبەشەکە دانیشتن و پێکەوە لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی داراییداو، ئەو پرۆژەیان پێشکەش بە بەڕێزتان کردووە، من لە پێشەوە دەڵێم، کە باسی تەعدیل دەکرێت، دیارە پێشتر لەم پەرلەمانە تەعدیل کراوە، واتا تەعدیل کراوە لەسەر ئەم زەریبەیە، نازانم ئەو وەختەی ئیتر چۆن تەعدیلات کراوە، ئەگەر لە دەسەڵاتی ئێمە نەبێت بڵێین.

بەنیسبەتی دەستوورەوە باس دەکات، ئەگەر ماددەی (110) بخوێنینەوە دەبینین نووسراوە (تختص السلطات الاتحادية بالاختصاصات الحصرية الاتية:

اولاً: رسم السياسة الخارجية والتمثيل الدبلوماسي، ورسم السياسة الاقتصادية والتجارية الخارجية.

ثانياً: وضع سياسة الامن الوطني وتنفيذها ورسم السياسة المالية والگمرگيه واصدار العملة وتنظيم السياسة التجارية عند حدود الاقاليم والمحافظات في العراق، و وضع رسم السياسة النقدية)، یەعنی کە هاتووە باسی زەریبەی تیا نییە، وەکو زەریبە، وەکو کەلیمەی زەریبەی تیا نییە، ئەوە یەك.

دووەم/ لە ماددەیەکی تردا هاتووە، لە ماددەی دووەم (ثانیاً)، عەفو (121)، (ثانیاً/ يحق لسلطة الاقاليم تطبيق قانون الاتحادي في الاقليم في حالة وجود تناقض او تعارض بين القانون الاتحادي وقانون الاقليم بخصوص مسألة لاتدخل في الاختصاصات الحصرية للسلطات الاتحادية)، هەرچەندە ئەمە زۆر مەشمول نییە بەم ئیشەی ئێمە، بەڵام ئەوەی کە لە ئیختیصاصاتی سوڵتاتی ئیتیحادیدا هاتووە، ئەوە دەتوانین ئیستیناد بکەینە سەری، ئەمە یەك.

دووەم/ من لە مەسەلەی تەرجومەکەیدا بە کوردی، نازانم ئێمە وامان پێ باش بوو نووسراوە لەنێوان باوك و دایك، بەڵام ئێمە یان لەنێوان منداڵەکانیان، ئێمە وا بەباش دەزانین بگوترێت لەنێوان باوك و دایك و منداڵەکانیان، ئەو وەختە تەرجومەکە وەکو خۆی دەبێت.

سەبارەت بەوەی کەوا ئەم هیبەیە شمولی غەیری ئەوانە بکات، کە ئێستا هاتووە، ئێمە بەڕاستی جارێ هەر مەوزوعی هەژاری عائیلەیەك کێ دەست نیشانی دەکات؟ چۆن دەزانی ئەو عائیلەیە هەژارە؟ بۆ ئەوەی تۆ

لەو هیبەیەی ببەخشی، دوای ئەوە ئەم هیبەیەی کە هاتووە، خانوو و، شوقەو، زەوی، ئەوانە دەگرێتەوە، هەروەها سەکەنیشن ئەمانە، نەك تیجاری و صناعی و عیمارات ناگرێتەوە، ئەمە مولاحەزاتەکانی ئێمەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن خاڵێکی زۆر گرنگ ورووژێندرا، پێموایە زیاتر لە دوو کەسیش باسیان کرد، مەسەلەی هیبە بۆ کەسوکاری شەهیدان بکرێت، بەلاّم بەپێی یاسای زەریبەی دەخل لە فەسڵی چوارەمدا لە بەشی ئیعفائاتدا ئەو بابەتە هاتووە کە باس کراوە، (المادة السابعة) ژمارە (23)دا هاتووە دەڵێت (معاملات التنازل التي تتم بين ورثة الشهيد ممن تؤول اليهم دار او شقة سكنية او قطعة ارض سكنية المخصصة لذوي الشهيد)، یەعنی ئەوە هەیە لەناو یاساکەداو ساری مەفعولە، بەلاّم لە هەمان یاسادا (ح) کاتی خۆی حکومەتی عێراق بە ئەنقەست ئەو بڕگەیەی داناوە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە چۆتە دەرەوەی وڵات بە هیچ جۆرێك لەم وڵاتە لەهیچ شتێك سوودمەند نەبێت، مەبەستم ڕەوەندی کوردییە ئێستا، چونکە هەر لە هەمان ماددەدا، لە ماددەی حەوتەمدا لە فەسڵی چوارەمدا هاتووە، لە بڕگەی (ح)دا هاتووە دەڵێت (لايشمل الاعفاء الاشخاص المقيمين خارج العراق الا من كانت اقامته مؤقتة كالدراسة او الاعارة والايفاد او التوظيف)، ئەو بەڕێزانە هاووڵاتی ئەم وڵاتەن، لە کاتێکدا ڕۆیشتوونە دەرەوەی وڵات، کە زەرفێکی سیاسی بووە، ئێستا مەعقول نییە ئەو حیسابەیان بۆ نەکرێت، چونکە ئەگەر ئێمە بەم یاسایە بڕۆین، کە ناوی یاسای زەریبەی دەخلە شمولیان ناکات، دەبێت حیسابێکی ئەوەش بکەین، کە ئەوانە ڕۆیشتوونەتە ئەو وڵاتەو هاووڵاتی ئەم وڵاتەن، لە کاتی دەنگداندا دەنگ دەدەن لەگەڵماندا، مەعقول نییە تۆ کاتێك بێیت و ئێستاش مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت بە یاسایەك کە ساڵی 1982 دەرچووە، ئەگەر ئەو خاڵە لەبەرچاو بگیرێت، من سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی لەگەڵ ئەو ڕەئیە دام کە کەسوکاری شەهیدان ببەخشرێت، بەلاّم ئەوەی کە هەیە کەمئەندامی سەنگەرە، کەمئەندامی سەنگەریش بەگوێرەی یاساکەیان ئەوانە شەهیدی زیندوون، کە بشمرن بە شەهید حیساب دەبن، بۆیە حەق وایە کەمئەندامانی سەنگەریش بخرێتە ئەو شوێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنارەکەی من زۆر موحەدەد بوو، یەعنی صیغەکەم خوێندەوە، ئەوەی سۆزان خان خوێندیەوە لەگەڵ ئەوە عاردو ئاسمان فەرقە، دەڵێت (مهما تكرر وبغض النظر عن جنس العقار)، لەویٚ وا نییەو بەو شێوەیە نەهاتووە، (الموهوب له مقيما او غير مقيم)، ئەوە ئیمتیازێکە بە واریسی شەهید دەدرێت، بە هاوولاَتی ئیعتیادی نادرێت، ئەو تەمەیوزە، ئەو ئیمتیازە تەنیا بۆ وەرەسەی شەهیدە، کە داپیرو باپیر لەگەڵ خێزانی شەهید دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس کاك حەمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەم وەکو پرسیار، هەم وەکو پێشنیار، پێشنیار دەکەم و پرسیاریش دەکەم، ئایا میرات، پێشنیار دەکەم باشترە، پێشنیار دەکەم میرات کە کاتێك بۆ وەرەسە بەجێ دەهێڵدرێت، ئەویش کە نەقل دەکرێت میراتەکە دابەش دەکرێت، ئەویش لە زەریبە ببەخشرێت.

خاڵێکی تر، کەسێك کە زەوییەك دەکرێت بۆ مەشروعێکی خێرخوازی، بۆ نەخۆشخانە، بۆ مەکتەب، بۆ مزگەوت، لە کاتی کڕینەکەیدا تەبعەن بە موستەمسەکات بۆ ئەو مەشروعەیە، ئەویش ببەخشرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هەموار کردنە تایبەت بە هەموار کردنی یاسایەکی تایبەت بە باجی دەرامەت، زەریبەی دەخل، عیلاقەی بە زەریبەی تەریکات نییەو بەو مەوزوعانە نییە کە باس کراوە، تایبەتە بە حاڵەتێك کە تەنها باج لەسەر داهات.

بەنیسبەت بڕگەی (ح) کە سۆزان خان ئاماژەی پێ کرد، ئێمە لە مادده دوو بڕگەی (د) داوامان کردووەو پێشنیارمان کردووە کەوا کار بەو ماددەیە نەکرێت، واتا ئەوەی لە دەرەوەی هەرێمە، ئەو ماددەیەی ئەو مەبەستە سیاسیەی لەدوا بوو کاتی خۆی دانراوە، ئێمەش لەگەڵی موتەفیقین، بەلاَم داوامان کردووە کار بەو بڕگەیە نەکرێت لە ماددەی دووەم لە لاپەڕەی دوو لە راپۆرتەکەماندا هاتووە.

سەبارەت بە شەهیدان، ئێمە هەموو لەگەڵ ئەوە موتەفیقن، کەوا چ ئاسانکارییەك دەکرێت، چ لە بەرژەوەندی وان بێت بۆیان بکرێت، بەلاَم ئەو یاسایە دووبارە دەکەمەوە تایبەتە بە باجی دەرامەت، ئێمە

یاسای تایبەتمان هەیە بە ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان، ئێستا پرۆژەی هەموار کردنی پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لەوێ ئەو پێشنیارە دەتوانین جێی بۆ بکەینەوە، بەلاّم ئەوە تەعدیلی یاسای باجی دەرامەتە بەرێزان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا صیاغەی بخوێننەوە.

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (ثانيا) من المادة الثانية من القانون رقم (26) لسنة 2007 ويوقف نفاذ الفقرة الثانية من القرار المرقم (520) لسنة 1987 ويحل محلها في اقليم كوردستان – العراق ما يأتي:

ثانيا/ 1- تعفى من ضريبة الدخل معاملات هبة دار سكنى واحدة او شقة سكنية واحدة او قطعة ارض واحدة معدة للسكن لا تزيد مساحتها عن (800م2) التي تتم بين الابوين واولادهما او بين الزوجين.

2- اذا تصرف الموهوب له تصرفا ناقلاً للملكية في الدار او الشقة السكنية او قطعة الارض المعدة للسكن الموهوبة له خلال مدة خمس سنوات من تاريخ تسجيلها بأسمه في دائرة التسجيل العقاري، فان هذا التصرف يخضع لضريبة الدخل ولايتمتع بالاعفاء المنصوص عليه في الفقرة (20) من المادة السابعة من قانون ضريبة الدخل رقم (113) لسنة 1982 المعدل والنافذ في الاقليم.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی.

**بەرێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007............

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتێك کە خوێندرایەوە نوقتەی نیزامی نامێنێت، فەرموو عەزیمە خان.

**بەرێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو، دکتۆر صباح و کاك سەردارو منیش کردمان، کە وتمان رووبەرەکە (800) مەترەکە زۆرە، داوا دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، کە (800) مەترەکە کەم بکرێتەوە بۆ (400) مەتر، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی حکومەت ئێوە دەڵێن چی لەبارەی ئەوەی کە دەڵێن (800) مەتر زۆرە؟ حکومەت دەڵێ چی؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە قانونی عێراقیشدا هەر بە (800) مەتر هاتووە بەو شێوەیە، بەلاَم ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی بەڕێز چی لەسەر دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی هاوبەشەكە لەگەڵ حكومەتیش دەیانەوێت (800) مەتر بێت، پێشنیار هەیە دەڵێت لە (800) مەتر كەمتر بێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو (800) مەترە كەمتر بێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (25) كەس دەڵێن كەمتر بێت، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (34)كەس لەگەڵ ئەوەیە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا وەكو خۆی مایەوە، فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورن، هەروەها دوو، سێ خوشك و برا ئیشارەتیان بە دەقێك كرد، كە لە یاسا كۆنەكەدا هەبوو بە مەرجێك خانوو، یان شوقەیان نەبێت، من تەسەور دەكەم ئەمەش پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، هەدەف لەم تەعدیلاتە هەمووی چیە؟ تەسهیلی ئەم جۆرە شتانەیە بۆ ئەوەی لەناو عائیلە دەبێت، بەلاَم ئەگەر من شوقەم هەبێت بچم (400) مەتر وەربگرم، (800) مەتر و ئەو، تەسەور دەكەم دژی ئەوەكەیە، كاك عیمادیش ئیشارەی بە ماددەكەش كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی من زیاتر لە ئەندامێك پشتگیریمان كرد لەو پێشنیارەی كە دوو، سێ تیكرارم كرد، من داوا دەكەم بخرێتە دەنگدانەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

بڕگەی (دووەم) لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007و كار كردن بە بڕگەی دووەم لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 رادەگیرێت و ئەم دەقە شوێنی دەگرێتەوە:

يەكەم: مامەڵەی بەخشینی یەك خانووی نیشتەجێ بوون، یان یەك شوقەی نیشتەجێ بوون، یان یەك پارچە زەوی كە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە كرا بێت و رووبەڕەكەی لە (800)م2 زیاتر نەبێت، كە لە نێوان باوك و دایك، یان لەنێوان منداڵەكانیان، یان لە نێوان ژن ومێرددا دەبەخشرێت، لە باجی دەرامەت دەبووردرێت.

دووەم: ئەگەر پێ بەخشراوەكە ،بەشێوەی نەقل كردنی موڵكەكە رەفتار بكات، چ خانوو، یان شوقەی نیشتەجێ بوون، یان پارچە زەوی كە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە كراوە لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری تۆماركردنی بەناوی خۆی لە دایەرەی تۆمار كردنی عەقاریدا ئەم دەستكاری كردنە (ئەم رەفتارە) دەكەوێتە ژێر ركێفی باجی دەرامەتەوەو ئەو لێبووردنە نایگرێتەوە، كە دەقەكەی لە بڕگە (20)ی ماددەی حەوتەمی یاسای باجی دەرامەت ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراوی كارپێكراوی هەرێمدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەكەشی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تلغى الفقرة (ثانيا) من المادة الثانية من القانون رقم (26) لسنة 2007 ويوقف نفاذ الفقرة الثانية من القرار المرقم (520) لسنة 1987 ويحل محلها في اقليم كوردستان – العراق ما يأتي:

ثانيا/ 1- تعفى من ضريبة الدخل معاملات هبة دار سكنى واحدة او شقة سكنية واحدة او قطعة ارض واحدة معدة للسكن لا تزيد مساحتها عن (800م2) التي تتم بين الابوين واولادهما او بين الزوجين.

2- اذا تصرف الموهوب له تصرفا ناقلاً للملكية في الدار او الشقة السكنية او قطعة الارض المعدة للسكن الموهوبة له خلال مدة خمس سنوات من تاريخ تسجيلها بأسمه في دائرة التسجيل العقاري، فان هذا التصرف يخضع لضريبة الدخل ولايتمتع بالاعفاء المنصوص عليه في الفقرة (20) من المادة السابعة من قانون ضريبة الدخل رقم (113) لسنة 1982 المعدل النافذ في الاقليم.

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:

تەرجومەی كوردیەكە وەكو عەرەبیەكە نییە، لەبەر ئەوە عەرەبیەكە دەكەین بە ئەساس، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (4) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تلغى الفقرة (ثالثا) من المادة (الثانية) من القانون رقم (26) لسنة 2007، ويعاد العمل بالفقرة (20) من المادة (السابعة) من القانون رقم (113) لسنة 1982 بعد تعديلها كالآتي:

الفقرة (20):

أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.

ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الارض المعدة للسكن المذكورة على (800) متراً مربعاً، فان زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.

ج- لا يستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ، ب) من هذه الفقرة الا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تاريخ التمتع بالاعفاء.

د- يوقف العمل بـ(د، هـ، و، ز،ح، ط، ي) من الفقرة (20) من المادة السابعة اعلاه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەشی تكایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی (2007) لادەبرێت و، دووبارە كار دەكرێتەوە بە بڕگەی (20)ی ماددەی (حەوتەم)ی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 دوای ئەوەی كە بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

أ- خانوو، یان ئەو شوقەیەی كە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە كراو لەكاتی گواستنەوەی موڵكداریێتەكەی، چ بە فرۆشتن، یان بە هەر رێگەیەكی رێگەكانی گواستنەوەی موڵكداریێتیەكەی سایەیی فرۆشتنەكەی هەر چەندێك بێت دەبێت.

ب- یەك پارچە زەوی كە بۆ نیشتەجێ بوون ئامادە كرا بێت، بەمەرجێك رووبەرەكەی لە (800) مەتری چوارگۆشە زیاتر نەبێت، ئەگەر رووبەرەكەی لەو سنوورە زیاتر بوو، ئەوە ئەو زیادەیە دەكەوێتە ژێر ركێفی باجی دەرامەتەوە.

ج- تەكلیف كراو لەو لێبووردنەی لە بەندی (ا، ب)ی ئەم بڕگەیەدا هاتووە، تەنیا یەك جار سوودمەند دەبێت لە ماوەی پێنج ساڵدا لە بەرواری سوودمەند بوونی لە لێبووردنەكە.

د- كار بە بڕگەكانی (د، ه، و، ز، ح، ط، ی) لە بڕگەی (20)ی ماددەی حەوتەمی سەرەوە دەوەستێندرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات؟ ناوەكان دەنووسم، (جەمال طاهر)، بەس كاك جەمال، فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو بێین سەیری ئەو ماددەیە بكەین و نەصەكەی بخوێنن، سەیری قانونی ژمارە (111) بكەن، تۆزێك خیلاف هەیە (تلغى الفقرة (ثالثا) من المادة (الثانية) من القانون رقم (26) لسنة 2007، ويعاد العمل بالفقرة (20) من المادة (السابعة) من القانون رقم (113) لسنة 1982 بعد تعديلها)، خۆ ئەسڵەن لێرە ئەو فەقەرەیە فەقەرەی (20) لە ماددەی حەوت لە قانونی ژمارە (113) نە تەعدیل كراوە، هەر ئیلغا كراوە، بۆیە من پێشنیار دەكەم لە پاش (من القانون رقم 113) بنووسرێت (ملغاه بموجب القرار رقم (120) لسنه 2002 وبعد تعديلها كالآتي)، ئیشارەت بەو ئیلغایە بكرێت و پاش تەعدیل كردنی لە هەرێمی كوردستان جێ بەجێ بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، تكایە بۆ لیژنەی قانونی بنووسە، بۆ لیژنەی هاوبەش بنووسە، نوقتەی نیزامە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو قانونەی كە كاك جەمال ئیشارەتی پێدا لە كوردستان ئیشی پێ ناكرێت، با مولاحەزەی ئەوە بكەین، بەپێی قەراری پەرلەمان ژمارە (11)ی ساڵی 1992، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تلغى الفقرة (ثالثا) من المادة (الثانية) من القانون رقم (26) لسنة 2007، ويوقف نفاذ الفقرة (20) من المادة (السابعة) من القانون رقم (113) لسنة 1982 ويحل محلها في اقليم كوردستان – العراق مايأتي:

الفقرة (20):

أ- الدار او الشقة المعدة للسكن عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل البيع.

ب- قطعة ارض واحدة معدة للسكن على ان لا تزيد مساحة الارض المعدة للسكن المذكورة على (800) متراً مربعاً، فان زادت مساحتها عن هذا الحد خضعت الزيادة للضريبة.

ج- لا يستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ، ب) من هذه الفقرة الا مرة واحدة خلال خمس سنوات من تاريخ التمتع بالاعفاء.

د- يوقف العمل بالفقرات (د، هـ، و، ز،ح، ط، ي) من الفقرة (20) من المادة السابعة اعلاه.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو ماددەین.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (ثامنا) من المادة (الثانية) من القانون رقم (26) لسنة 2007 وتقرأ كالآتي:

(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه رقم (85) لسنة 1978 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقله الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة ويحتسب وفقا لما يأتي:

1- تنزل نسبة (50٪) من قيمة العقار المقدر او البدل ايهما اكثر قبل احتساب الضريبة.

2- يخضع للضريبة المبلغ المتبقي وتحتسب كمايلي:

- 1٪ لغاية (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي.

- 2٪ ما زاد عن (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي ولغاية (200,000,000) مائتي مليون دينار عراقي.

- 3٪ ما زاد عن (200,000,000 ) مائتي مليون دينار عراقي ولغاية( 300,000,000) ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

- 5٪ مازاد عن (300,000,000)ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

3- تطبق الفقرة (1) اعلاه على الحصص او السهام المباعة من العقارات المفرزة بصورة غير رسمية ايضا بنسبة السهام او الحصص.

4- لاتسرى احكام الفقرة (1) اعلاه اذا كان البائع قد نقل ملكية حصة او سهم مما يملكه من عقار مالم يكن قد مضى اكثر من سنة على تاريخ نقل الحصة او السهم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

بڕگەی (هەشتەم) لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی (2007) بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

باجێکی دیاری کراو بە ڕێژەیەکی بەرەو سەروو لە بەهای عەقار، یان لە مافی دە ستکاری کردنی ئەو عەقارە، کە بەپێی حوکمەکانی خەملاندنی بەهای ئەو عەقارەو سوودەکانی ژمارە (85)ی ساڵی 1978 دەخەملێنرێت، یان بەهاکەی کامیان زۆرتر بێت بەسەر خاوەن عەقارەکە، یان بەسەر خاوەن مافی دەستکاری کردنەکەیدا لە هەر ڕێگەیەکی گواستنەوەی موڵکداریەوە بێت، یان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی مافی دەستکاری، یان گواستنەوەی وەك فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردن و پێکهاتنەوەو ئاشت بوونەوە، نەهێشتنی هاوبەش (ازالة الشيوع)و، یەکلا کردنەوەی وەقف و موساتەحە، کرێ گرتەکەش لە کاتی بە کریدانی ئەو عەقارەی کە لە ڕێگەی موساتەحەوە کەوتووەتە ژێردەستی هەمان موعامەلەی خاوەن عەقاری لەگەڵدا دەکرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوەش حساب دەکرێت:

1- بەرلە حساب کردنی باجەکە ڕێژەی (50٪) لە بەهای خەملێندراوەی عەقارەکە، یان پارەکەی، کامیان زیاتر بێت دادەشکینرێت.

2- قیمەتی پارەکە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی باجەوەو، بەم شێوەیەی خوارەوە حساب دەکرێت:

- تا (100,000,000) سەد ملیۆن دیناری عێراقی، لە (1٪)ی لێ وەردەگیرێت، ئەوەی لە (100,000,000) سەد ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت تا دەگاتە (200,000,000) دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی، لە (2٪)ی لێ وەردگیرێت.

- ئەوەی لە (200،000،000) دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت تا دەگاتە (300,000,000) سێ ملیۆن دیناری عێراقی، لە (3٪)ی لێ وەردەگیردرێت.

- ئەوەی لە (300,000,000) سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕی لە (5٪)ی لێ وەردەگیردرێت.

3- بڕگەی (1) لە (ماددەی یەکەم /دووەم) بەسەر بەش، یان ئەو پشکانەدا جێ بەجێ دەکرێت، کە لە عەقارەکە فرۆشراون و بەشێوەیەکی نافەرمی دابەش کراون بەگوێرەی پشك، یان بەگوێرەی بەشەکان.

4- حوکمەکانی بڕگەی (1)لە (ماددەی یەکەم /دووەم) ئەو فرۆشیارە ناگرێتەوە، کە موڵکدارێتی بەش، یان پشکێك لە عەقارەکەی موڵکی خۆی بگوازێتەوەو زیاتر لە یەك ساڵ بەسەر بەرواری گواستنەوەی بەشەکەی، یان پشکەکەیدا تێنەپەڕێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ناوەکان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەی قسە بکەن، ڕێزداران (عبدالسلام بەرواری، هاژە سلیمان، یەشار نجم الدین، کاروان صالح)، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەی کەهاتووە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی سێیەم، بەر لە حیساب کردنی باجەکە ڕێژەی لە 50٪ لە بەهای خەمڵێنراوی عەقارەکە، یان پارەکە، کامیان زیاتر بێت دادەشکێندرێت، رجاتان لێ دەکەم ئێمە لەم پەرلەمانە، لەو دوو ساڵە، ئێستا جەنابی وەزیریش لێرەیە ملیارها دۆلارمان تخصیص کرد بۆ چەند بوار، واتا میزانیەی خۆمانمان بارگران کرد، ئێستا دێین لێرە لە عەقاراتی گەورە کە مەسەلەی ملیارها دۆلارە ئەمجارە، دێین جارێکی تر حکومەتی خۆمان بێ بەش دەکەین لە پارەیەك، من دەمەوێت باسی ئەوە بکەم، کاك ئیسماعیل هاوکاری ئێمەی کردو ئێوەی کرد، بۆ ئەوەی قسەکانی دووبارە نەکەمەوە، باسی بنەما ئابوورییەکانی کرد، من دەبێت تەنها حەصری بکەم بەو مەوزوعە، ئەمە پرسیارێکە لەلای من بۆ وا بکەین؟ حەز دەکەم ئەو پرسیارەم یەکێك جواب بداتەوە، یەعنی بۆ لەسەر چ ئەساس، لەسەر چ بنەماو هاوکاری کێ دەکەین، سوودی کێیە؟ سوودی کام بوارە؟ ئێمە خۆمان یەکێك بە سێ سەد هەزار دۆلار خانوویەك دەکڕێت، کە پازدە هەزار دۆلار زەریبەیە، هەر بە خۆمان پیاو چاکییەکی دەکەین دەڵێین حەوت هەزار دۆلار بۆ جەنابت، پێم بڵێن لەسەر چ ئەساسێك؟ هەندێك دەڵێن با ئاڵوگۆڕی ئابووری بکرێت و بازاڕ ئەکتیڤ بێت و با هاووڵاتی ئێمە سوود وەربگرێت، ئەو هاووڵاتیەی بە سێ سەد هەزارو چوار سەد هەزار خانوو دەکڕێت، ئەگەر توانی چوار سەد هەزار بدات دەتوانێت حەوت هەزارەکەش بدات، بۆیە رجاتان لێ دەکەم قانیع نابم بەوەی، کە ئێمە ئەم کەم کردنەوەیە بەو شێوە زۆرە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانە، دەزانم مەلاك و صاحێب عەقارو دەوڵەمەندیش ڕێزێکی تایبەتیم بۆیان هەیە، ئەوانیش هاووڵاتین ڕاستە، بەڵام تەسەور دەکەم تەنها بۆ ئەو شەریحەیە، ئەو شەریحەیەش دارایە، چونکە چۆن بێت پارەکە دەخەیتە سەر نرخەکە، یەعنی بۆ من کەم ناکات ئەگەر تۆ عەفوم بکەیت، ئەمە یەك.

دوو/ باس دەکرێت دەڵێت قەیدی چیە خۆ ئەو پارەیە هەر دەچێت بۆ حکومەتی عێراق، دوو وەڵامم هەیە بۆ ئەو پرسیارە، یەك/ وەکو جەنابی وەزیریش باسی کردو گفتوگۆیەکی لەگەڵ یاسازانەکانمان باس کرد، تا ئێستاش کەس گرێنتی نادات (رسم السیاسات المالیة) مەعنای جیبای زەرائیبە، ئەمە مەوزوعێکە، هێشتا تەحدید نەبووە ئایا فیعلەن هەموو باجەکانی هەرێم دەچنە بەغدا، یان تەنها گومرگ و خارجی شتەکەی ترە؟ هێشتا گوتیان وازیح نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەگەر باجەکەش بچێتە بەغدا، خۆ چەند پارەی بەغدا زیاد ببێت 17٪ بۆ ئێمەیە، چەند زیاد بوو 17٪یەکە زیاد دەبێت، خێرە دەمانەوێت ئەو پارەیە لە

خۆمـان کـەم بکەینـەوە، ئـەو پارەیـە بچـێتە بەغـداش 17٪ـەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئێمـەو دێتـە خەزێنـەی حکومەت، ئێمە دێین حکومەت بێ بەش دەکەین لەوەش.

سێ/ ئەم بوارەی عەقارات بەڕێزان لـە کوردسـتان بۆتـە کێشـەیەکی ئـابووری گـەورە، خۆزگـە ئابووریناسـان زیاتر ئەو بوارە باس بکەن، لە کوردستان بووە نەریتێك، شوقەو خانوو هێشتا تەواو نەبووە، شەریکەکە بـە ئاسانی پێت دەڵێت وەڵلا فرۆشراوە هەمووی، کە فرۆشراوە، بەڵام ئەگەر جەنابت بتەوێت شوقەیەك بکڕی، من دەچم لەوانەی یەکێك کە کڕیویانە بۆت یەکێك وەردەگرم، بـەڵام بـە قسـەی ئـەوان دوو دەفتـەر دۆلار قەزانجیەتی، ئەوە یەك.

دووەمیـان/ ئـەم هـەموو ملیـاردە چـی لـێ دێـت؟ دەچـی خـانوو دەفرۆشـیت، مەکتـەبی عـەقار پێـت دەڵێـت پارەکەت لەلای من بێت و هەفتەیـەکی تـر خانووەکەشـت بـۆ دەفرۆشـم، قازانجـت یـەك دەفتـەرە، ئەمـە لـە رووی ئابووریيـەوە بـێ بـەش کردنـی بـازاڕی کوردسـتانە لـەو هـەموو سـیولەیە، ئەمـە کوشـتنی پارەیـە، تـەزەخومیش دیـار دەبێـت و ئێمـە خۆمـان دەبیـنین شـوقەیەك دەکرێـت و دەفرۆشـێت عەلـە ئەسـاس مەساحەکەی بچووکەو نرخەکەی موساعیدە بۆ هاووڵاتی با بڵێین سەد هەزار دۆلار، هێشـتا تـەواو نـەبووە، ئێستا بڕۆ سعرەکەی بە دوو سەد هەزار دۆلارە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەم بوارە وا بچێت زەرەرێکی گـەورە دەدەینە ئابووری خۆمانیش و حکومـەت بـێ بـەش دەکـەین لـە داهـات، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا بوارێکـە بـۆ گەندەڵی بە رەئی من، سەرچاوەکەی لە عەقارات، لەبەر ئەوە هەیە یەکێك دە شوقە دەکرێت پێکەوەو دوور نییە ئیتیفاق بکات لەگەڵ شەریکەکە موقەدیمەش نەدات، بەس بـەناوی ئـەو دەنووسـن، ئەگـەر تـەفتیش و شتێك بوو و لە هەمان رۆژدا، یان پاش رۆژێك دێن دەڵێن وەڵلا فرۆشراوە، ئەمە ئێمە هاوکار دەبین ئەگـەر هەوڵمانـدا ئەمانـە باریـان سـووك بکەینـەوەو وای لێهـاتووە هەنـدێك جـار مەسـەلەی ئـەو دەسـتە کردنـی عیمارات بە نەزەری وای لێ کردووە خەڵکی عادی ئێمە ئەوەی ئیش دەکات، ئەوەی فەرمانبـەرە، ئـەوەی لـە کەرتی تایبەت ئیش دەکات، ئیتر توانای نەما، نە شوقە بکڕێت، نە خانوو بکڕێت، ئێسـتا ئەگـەر یـەکێك لـە وڵاتی ئێمە بکاتە ئەرکی خۆی بچێت راپرسیەك بکات، ئەوانە کێنـە شـوقەو خـانوو دەکـڕن لـە کوردسـتان؟ دەبینی زۆربەیان ئەوانەن نایکرێت تاکو بچێتە نـاوی، فـەرموو ئـەوە شـاری ئیتـالی کـە پەرلـەمانتاری تێـدا دەژین چەند خانوو بەتاڵە لەوێ؟ هەمووشی فرۆشراوە، لە (140) هـەزار دۆلار گەیشـتە (400) و (500) هەزار دۆلار، ئایا ئەگەر ئەو هەموو قازانجە بکات، خێرە ئێمە دڵمان پێ دەسووتێت و دەمانەوێت حکومەتی خۆمان مەحروم بکـەین لـە داهـات؟ مـن تەسـەور دەکـەم بـا ئێمـە تەماشـای ئـەوە نەکـەین کـە ئەمـە رەئـی عبدالسلامە، یان ئیسماعلیە، یان حەسەنە، یان سەعیدە، بیر بکەینـەوە وڵاتـی ئێمـە لـە رووی ئابووریيـەوە بەرەو کوێوە دەبەین؟ چـەند پارەمـان هەیـە دەیبەخشـین بـەوەو بـەو نـاوە؟ ئـەوەی لـە مەدرەسـە دەرچـوو پارەی دەدەینێ، ئەوەی لە ماڵە، ئەوەی لە دەرەوەیە، ئەوە باشە، لە هەمان کاتدا حکومەتی خۆمان بێ بـەش دەکـەین لـە داهاتێـك کـە تەبیعییـە، کـە فیعلـەن عەدالـەتی ئیجتیماعیـە، بـۆ ئـەوەی بـوار بـدات خەڵکەکـە پارەکەی بخاتە کار، بەڵام لـە هـەمان کاتـدا ئـەو سـەرمایە کەڵکـەبووە، حکومـەت ئەرکێیـەتی دابەشـی بکـات

جارێكی تر، ئەی كەی مەدرسە دەكەیت، كەی شارع دەكەیت، كەی سەد دەكەین لە كوردستان؟ بۆیە رجاتان لێ دەكەم پێشنیاری منی موحەدەد ئەم لێبووردنەی 50٪ـەكە یان قانیعم بكەن، زەحمەتە قانیع ببم، كە سوودی چیە بۆ ئەم هەرێمە، سوودی چیە بۆ ئەم خەڵكە؟ یانیش ئەو بڕگەیە لابدرێت و ئەو زەریبە وەكو خۆی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو خۆمان لەگەڵ ماددەكە، تەعدیلی ماددەكە نین، پێمانوایە ئەو تەعدیلە هیچ سوودێك و لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی هەرێمدا نییە، لەگەڵ سیاسەتی حكومەتی هەرێمیش ناگونجێت، لەبەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە:

1- لە هەموو وڵاتێكدا كە بایەخ بە گەشە پێدانی بەردەوام دەدات، دەبێت سەرچاوەی دارایی گشتی هەمە جۆری هەبێت، واتا ناكرێت تەنها ئێمە پشت ببەستین بەداهاتی نەوت وەك دارایی گشتی.

2- لە سیستەمی ئابووری ئازادیدا، دەبێت بایەخ بە سیاسەتی باج بدرێت، وەك سەرچاوەیەكی دارایی گشتی.

3- ئەركی سەرمایەداری نیشتمانیی كە ئەمڕۆ سەرچاوەیەكی زۆری لە بواری عەقاراتدا وەبەرهێناوە، كە بەرپرسیاریەتی خۆی هەبێت و باج بدات.

4- حكومەتی هەرێمی كوردستان لە سیاسەتی تەشغیلیداو لە سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی هەژاریدا، جگە لە سیاسەتی بیمەی كۆمەڵایەتی، تەندروستی، پێویستی بە دامەزراندنی سندووقی تایبەت هەیە، كە دەبێت باج بەشێكی سەرەكی ئەو سندووقانە بێت.

5- لە تێكڕای ئەم خاڵانەدا بەگونجان لەگەڵ سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆچوونی ئێمە مانەوەی دارشتنی پێشترە، نەك هەموار كردن بەو جۆرەی كە هاتووە، كە نە لە بەرژەوەندی دارایی گشتیەو، نە لە بەرژەوەندی تەواوی خەڵكە، تەنها توێژێكەو خۆیان لە بنەڕەتدا دەوڵەمەندو سوودمەند دەبن لەم تەعدیل كردنەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك یەشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە نیسبەی 1٪ـەكەدا تێبینیەكم هەیە، تا سەد ملیۆن لە 1٪ـەكە، كە لە سەد ملیۆن رەد دەكات دەبێتە 2٪، ئەگەر تێبینی بكەین سەد ملیۆن، هەر لە یەك ملیۆنیش رەد بدات، یەعنی دوو كەس یەكێكیان سەد ملیۆن پارەكەیەتی لە 1٪ زەریبە دەدات، یەكێكی تر ئەگەر لە یەك ملیۆن رەد بكات دەبێتە 2٪، فەرقی

پارەکەشیان یەك ملیۆنە، لەبەر ئەوە بۆ نموونە، وەکو لە مەساحەی زەویەکان هاتووە (800) مەتر، ئەگەر زیاد بوو، تەنها لە زیادەکە وەربگیرێت، نەك لە مەبلەغەکە، واتا ئەگەر سەد ملیۆن بووە سەدو یەك ملیۆن، 2٪ـەکە بۆ یەك ملیۆنەکەی دوای سەدەکە بێت، نەك لەسەر هەموو سەدو یەك ملیۆنەکە بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە جیهازێك لەبەر خاتری ملیۆنەکی لە 2٪ زەریبە بدات، یەکێکیش تەنها سەد ملیۆنە لە 1٪ زەریبە بدات، بەگشتی پشتگیری ئەو پرۆژەیە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە راپۆرتێکی هاوبەشمان ئامادە کردووەو، پشتیوانی لە دەقی ئەوەی لە راپۆرتدا هاتووە دەکەین و هیچ تێبینیەکمان نییە لەسەر راپۆرتەکەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تالەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت هەندێك تەوزیح بدەم، ئەگەر مەجال هەبێت.

یەکەم/ دابەزاندنی لە 50٪ لە بەهای موڵکەکە دیارە دەچێتە بڕی کولفەی ئەو موڵکە، خۆ ئەو موڵکە کولفەی هەیە، واتا خەرجی تیا کراوە، خەرجی تێدا ئەنجام دراوە، یاسای باج لەسەر قازانج وەردەگیرێت، دەبێت موراعاتی کولفەی موڵك بکرێت، ئەوە یەك.

دووەم/ وەرگرتنی رێژەی لە 50٪ لە قیمەی عیمارات دەرناکرێت، تەنها لە شوقە دەردەکرێت، شوقە، یان خانوو، ئەوانەی کە سەکەنین، زۆر بە وازیحی هاتووە.

سێیەم/ دەرکردنی ئەو رێژەیە لە 50٪ لە بەهای موڵکەکە، وەك کولفە دادەنرێت، کە تێی چووە.

ئینجا یەك شتی تر هەیە دەمەوێت هەموو لایەکی پەرلەمانی بەڕێز بزانن، ئێمە ئێستا زەریبەی دەخل موناقەشە دەکەین، نەك زەریبەی عەقارات، ئەوە حەز دەکەم ئەوە بزانرێت، دوای ئەوە فرۆشتنی زیاتر لە

شوقەیەك، یەعنی باج دەیگرێتەوە، بەس یەك شوقە، چونكە بەپێی یاساكە تەنها یەك جار لەماوەی پێنج ساڵ بەخشین دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش راپۆرتەكەتان بخوێننەوە ئاخیر جار.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (ثامنا) من المادة (الثانية) من القانون رقم (26) لسنة 2007 وتقرأ كالآتي:

(تفرض ضريبة مقطوعة بنسبة تصاعدية من قيمة العقار او حق التصرف فيه المقدر وفق احكام قانون تقدير قيمة العقار ومنافعه رقم (85) لسنة 1978 او البدل ايهما اكثر على مالك العقار او صاحب حق التصرف فيه عند نقله الملكية او حق التصرف بأية وسيلة من وسائل نقل الملكية او كسب حق التصرف او نقله كالبيع والمقايضة والمصالحة والتنازل وازالة الشيوع وتصفية الوقف او المساطحة ويعامل المستأجر معاملة المالك عند ايجار العقار الذي دخل في تصرفه بعقد المساطحة ويحتسب وفقا لما يأتي:

1- تنزل نسبة (50٪) من قيمة العقار المقدر او البدل ايهما اكثر قبل احتساب الضريبة.

2- يخضع للضريبة المبلغ المتبقي وتحتسب كمايلي:

- 1٪ لغاية (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي.

- 2٪ ما زاد عن (100,000,000) مائة مليون دينار عراقي ولغاية (200,000,000) مائتي مليون دينار عراقي.

- 3٪ ما زاد عن (200,000,000 ) مائتي مليون دينار عراقي ولغاية( 300,000,000) ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

- 5٪ مازاد عن (300,000,000)ثلاثمائة مليون دينار عراقي.

3- تطبق الفقرة (1) اعلاه على الحصص او السهام المباعة من العقارات المفرزة بصورة غير رسمية ايضا بنسبة السهام او الحصص.

4- لاتسرى احكام الفقرة (1) اعلاه اذا كان البائع قد نقل ملكية حصة او سهم مما يملكه من عقار مالم يكن قد مضى اكثر من سنة على تاريخ نقل الحصة او السهم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش تكایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

بڕگەی (هەشتەم) لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (26)ی ساڵی (2007) بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار دەكرێت:

باجێكی دیاری كراو بە ڕێژەیەكی بەرەو سەروو لە بەهای عەقار، یان لە مافی دە ستكاری كردنی ئەو عەقارە، كە بەپێی حوكمەكانی خەملاندنی بەهای ئەو عەقارەو سوودەكانی ژمارە (85)ی ساڵی 1978 دەخەملێنرێت، یان بەهاكەی كامیان زۆرتر بێت بەسەر خاوەن عەقارەكە، یان بەسەر خاوەن مافی دەستكاری كردنەكەیدا لە هەر ڕێگەیەكی گواستنەوەی موڵكداریەوە بێت، یان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی مافی دەستكاری، یان گواستنەوەی وەك فرۆشتن و ئاڵوگۆڕكردن و پێكهاتنەوەو ئاشت بوونەوە، نەهێشتنی هاوبەش (ازالة الشیوع)و، یەكلا كردنەوەی وەقف و موساتەحە، كرێ گرتەكەش لە كاتی بە كریدانی ئەو عەقارەی كە لە ڕێگەی موساتەحەوە كەوتووەتە ژێردەستی هەمان موعامەلەی خاوەن عەقاری لەگەڵدا دەكرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوەش حساب دەكرێت:

1- بەر لە حساب كردنی باجەكە ڕێژەی (50٪) لە بەهای خەملێنراوی عەقارەكە، یان پارەكەی، كامیان زیاتر بێت دادەشكێندرێت.

2- قیمەتی پارەكە دەكەوێتە ژێر ركێفی باجەوەو، بەم شێوەیەی خوارەوە حساب دەكرێت:

- تا (100,000,000) سەد ملیۆن دیناری عێراقی، لە (1٪)ی لێ وەردەگیرێت، ئەوەی لە (100,000,000) سەد ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت تا دەگاتە (200,000,000) دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی، لە (2٪)ی لێ وەردگیرێت.

- ئەوەی لە (200،000،000) دوو سەد ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت تا دەگاتە (300,000,000) سێ ملیۆن دیناری عێراقی، لە (3٪)ی لێ وەردەگیردرێت.

- ئەوەی لە (300,000,000) سێ سەد ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕی لە (5٪)ی لێ وەردەگیردرێت.

3- بڕگەی (1) لە (ماددەی یەكەم/ دووەم) بەسەر بەش، یان ئەو پشكانەدا جێ بەجێ دەكرێت، كە لە عەقارەكە فرۆشراون و بەشێوەیەكی نافەرمی دابەش كراون بەگوێرەی پشك، یان بەگوێرەی بەشەكان.

4- حوكمەكانی بڕگەی (1)لە (ماددەی یەكەم /دووەم) ئەو فرۆشیارە ناگرێتەوە، كە موڵكدارێتی بەش، یان پشكێك لە عەقارەكەی موڵكی خۆی بگوازیتەوەو زیاتر لە یەك ساڵ بەسەر بەرواری گواستنەوەی بەشەكەی، یان پشكەكەیدا تێنەپەڕێ بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (36) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (15) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ماددەیەکی زیاد دەکەم ببێت بە ماددەی چوار، ماددەی چواریش ببێت بە ماددەی پێنج، پێشنارەکەم ئەوەیە کە خاڵی چوار لە برگەی چوارەمی ماددەی چوارەم لە یاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2007 دابڕێژرێتەوە، دیارە ئەم خاڵە باس لەوە دەکات کە هەر کەسێك لە کەرتی تایبەت، یان گشتی داهاتی لە حەوت سەد بەرەو ژوور بێت لە 5٪ زەریبەی لێ وەردەگیرێت، من پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەو حەوت سەدە بکرێت بە ملیۆنێك، هۆکاری ئەوەی کە ئەم پێشنیارە دەکەم ئەوەیە، کە بەڕاستی حەوت سەد هەزار راستە لە حەوت سەدو یەکەوە وەردەگیرێت لە 5٪ی زەریبە، بەلاّم حەوت سەد هەزار بۆ ئێستای ئەمڕۆی کوردستان بەهایەکی کەمە کە زەریبەی لێ وەربگیرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم حەوت سەدە بکرێتە ملیۆنێك، هەر کاتێك بارودۆخ گۆڕاو قیمەتی پارە زیادی کرد، دەکرێت هەموار بکرێتەوە، بەلاّم بۆ ئێستا بەڕاستی حەوت سەد هەزار پارەیەك نییە کە لە حەوت سەدو بەرەو ژوور زەریبەی لێ وەربگیرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو حەوت سەدە بکرێتە ملیۆنێك و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی حەق بوو ئەوە پێشتر بدەنە لیژنەکان، چونکە ئێستا ماددەیەك ئیزافە دەکرێت، لیژنەی هاوبەش ئێوە دەڵێن چی لەو مەسەلەیە، کاك شوان قسە بکە بزانم دەڵێی چی؟

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیارم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە هێشتا نەچووینە سەری، ئەگەر ماددەی سێ بێت تەصویتمان کردووە، نازانم ئەم پێشنیارە تازەیە هاتە گۆڕێ چ بوو، تەصویت کرا تەواو بوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەلاقی ئەوە، چونکە تازە دەنگماندراوە لەسەر ئەو ماددەیە، دەتوانین ئەوە بە ماددەیەکی جیاواز دابڕێژینەوەو پشتگیریشی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسائیلی مالی بەو سەرپێیە ناکرێت، دەبێت بهاتبایە لیژنە، لە لیژنە موناقەشەمان بکرد بوایەو پرسی حکومەتمان بکرد بوایە، ئینجا هاتبان بڕیار بدەین، ناکرێت ئێمە لەسەر ئەوە وا بە ئاسانی بڕیارێکی مالی بدەین لەسەر زەریبەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەدەف لە قانونەکە سووك کردنی زەریبەیە لە هاووڵاتیان، ئەمە یەك.

دوو/ ئەم بڕگەیە کە کوێستان خان ئیشارەتی کرد تەخفیف کردنی زەریبەیە لە شەریحەیەکی زۆر فراوان لە هەرێمی کوردستان، کە ئەویش فەرمانبەرانن، ڕەنگە مووچەیان لە حدودی ملیۆنێك بێت، با ئەوانەی لە

ملیۆنێك زیاتر بوو لە 5٪ـەكە خازیعی زەریبەیەو پێموایە زۆر زۆر گونجاوەو لە جێگای خۆیەتی ئەم بڕگەیە پەسند بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەواو پشتگیری ڕەئیەكەی دەكەم، پێموایە ناكرێت ئێمە تەنها قسەی لیژنەكان بێت، ئەی بۆچی دێتە پەرلەمان؟ بۆ موناقەشە دەكرێت؟ بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تەرحی تازەی هەبێت، لەبەر ئەوە منیش تەواو پشتگیری دەكەم بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با بخرێتە دەنگدانەوە، مادام لیژنەی مالی ڕازی نین، دەكرێت بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو تەعدیلەین كە بكرێت بە ملیۆنێك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی بكرێت بە ماددەیەك، فەرموو كاكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی ناڕازی نەبووین بەرامبەر بەوەی كە ئەوە بكرێت بە ماددەیەك، وەكو شەخصی خۆم، ئێستا ئەگەر بتوانرێت بكرێت بە ماددەیەكی ترو، وەزیری دارایی ڕازی بێت، من بە شتێكی چاكی دەزانم، لەبەر ئەوە زۆربەی زۆری هاووڵاتیان سوودی لێ دەبینێت، مەبەستی ئێمەش هەر لێرەدا ئەم گۆڕانكارییە كە كراوە لە یاسای باج، بۆ ئەوەیە ئەركی سەرشانی هاووڵاتیان لە باج كەم بكەینەوە، زەریبەی تەصاعودیش خۆی لە خۆیدا كەم بوونەوەی ئەركی زەریبەیە لەسەر شانی هاووڵاتیان، فەرقی دەوڵەمەندو فەقیر دەكات، دەوڵەمەندەكە زیاتری لێ دەسندرێت، ئەمەش كە زۆربەی زۆری خەڵك سوودی لێ دەبینێت،

هەروەها بڕی باجی لە 5%ەکە ئەوەی مووچەکەی حەوت سەد هەزارە بکرێتە لە دوای ملیۆنێك بێت، ئەوە شتێکی چاکەو پشتگیری دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی کوێستان خان کردی پێنج، شەش پەرلەمانتار پشتیوانیان لێ کرد، حکومەتیش پشتیوانی لێ دەکات، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کەواتە صیاغەی بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة (اربعة) من المادة الرابعة من القانون رقم (26) لسنة 2007 تفرض الضريبة بنسبة 5% لمايزيد على مليون دينار من رواتب موظفي الاقليم لكافة الدرجات الوظيفية والقطاع الخاص مسجلين رسمياً واصحاب المناصب والدرجات الوظيفية الخاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم ماددەیە عەرەبیەکەی دەکەینە ئەساس، دوایی تەرجومە دەکرێت بۆ کوردی، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ تەنیا یەك کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ریزبەندی ماددەکان دەگۆڕێت، ئەو ماددەیە چوارە لە راپۆرتەکە دەبێتە ماددەی پێنجەم:

المادة الخامسة:

تبقى القوانين والقرارات الضريبية المعمول بها في اقليم كوردستان نافذة المفعول وبما لا يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

ئەو یاساو بڕیارانەی باج دەمێننەوە، کە لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێ دەکرێت، بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی وئابووری ڕێنمایی پێویست بۆئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆشە لەو بابە جەنابی وەزیری دارایی ئەو تەعلیماتانەی کە دەردەکات تەنها یەك شت هەیە بیخەمە بەرچاوی بەڕێزیان، مەسەلەی روسوماتە بەڕاستی، لەو دائیرانەی ئەوەی من موتابەعەم کردووە لە 100٪ روسومات کە وەردەگیرێت لە 70٪ی بۆ فەرمانبەرەکەیە بۆ کەشف دەردەچێت لە 30٪ بۆ حکومەت و بۆ وەزارەتی داراییە، من نازانم ئەو تەعلیماتە بۆ جەنابی ئیشی لێ ناکات، یان بۆ بەدواداچوونی لەسەر ناکات؟ لەسەر حیسابی هاووڵاتی روسومات بۆ فەرمانبەرەکەیە، نەك بۆ وەزارەتی دارایی، بەڕاستی حەق وایە بۆ ئەو مەسەلەیە لە تەعلیماتەکانی خۆیدا بەدواداچوونی لەسەر بکەن و بە تەواوی یەکلای بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان دەکرێت شتەکەمان بۆ بنووسیت، تا جەنابی وەزیر وەڵامی بداتەوە، کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو نوقتە لەلام لەم یاسایە گرنگ بوو كە ئیشارەتی پێ نەدرا، بەڕاستی موشكیلەی خەڵكە لە بازاڕ، مادام ئێمە دەمانەوێت موشكیلەی زەریبەی خەڵك حەل بكەین، وەكو عەرزی جەنابتانم كرد، راستە بەپێی ماددەی (110) بڕگەی سێیەم ئەگەر رەسمی سیاسەی مالی عایدی مەركەزەو ئێمە زەریبە وەردەگرین و دەیدەینەوە بە بەغدا وەكو جەنابی وەزیر عەرزی كرد، كە چەند ساڵە داومانە بە بەغدا، ئێمە دوو موشكیلەمان هەیە، بەڕاستی ئەگەر دەمانەوێت خزمەتی خەڵكی خۆمان بكەین، یەكەمیان/ خەڵك هەیە شت دەهێنێت، گومرگ دەدات، كە گومرگ دەدات جارێكی تر زەریبەی لێ دەستێننەوە، حەقە یەعنی بڕگەیەكیش بەو شێوەیە جێی بكرێتەوە، كە ئەوەی گومرگ دەدات لەم زەریبەیە عەفو بكرێت، بۆ ئەوەی بازاڕ هەرزانتر بێت و دەتوانین بەوە زیاتر خزمەتی خەڵك بكەین، ئەمە خاڵی یەكەم.

خاڵی دووەمیان/ مەوزوعی زێرینگەرەكانی بازاڕە، بەڕاستی تەوزیعیان كردوون بەسەر سێ فیئەدا (أ و ب و ج)، یەعنی حەددی ئەعلای بە یازدە ملیۆن و (ب)ەكە بە نۆ ملیۆن داهات و ئەمانە زەریبەی زۆریان لێ دەستێنن، بەبێ ئەوەی هیچ مەعاییرێك هەبێت، حەقە ئەم چینە تایبەتانەش بەڕاستی لە یاساكەدا جێیان بۆ بكرێتەوەو زوڵمیان زۆر لێ كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی هاوكاری بەڕێزم لەجێی خۆیەتی، بەڵام پەیوەندی بەم تەعدیلەوە نییە، كە ئێستا ئێمە قسەی لەسەر دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو برادەرەی كەباسی لە 30٪و ئەوانەو ئوجوری كەشف دەكات، ئەگەر بەڕێزی پرسیارێكمان تەوجیە بكات، ئێمە بە رەسمی ئیشارەت دەدەین بە هەموو ئەوامیرو یاساكان، كە ئەو مەوزوعە چۆن تەوزیع دەكرێت و چۆن وەردەگیرێت.

بەنیسبەتی كاك بورهان، وابزانم لە وەختی خۆیدا لە موناقەشەی میزانیەدا ئەوەشم هەر وەڵام دایەوە، ئەوە زەریبەو گومرگ، كە دەڵێت زەریبەو گومرگ دەبڕدرێت لە دوو شوێن، ئەوە كە خۆی وەردەگیرێت، دوایی مەقاصەی پێ دەكرێت و دادەگیرێتەوە لەو حیسابەی كە ئەو باسی دەكات، ئەوە مودیری زەریبە

لەلامە، ئەو زەریبەیەی کە لە پێشەوە وەردەگیرێت و دوایی پارەی گومرگەکەی بۆ حیساب دەکرێت و زەریبەکەی لێ دادەگیرێت، ئەوە تەعلیماتێك و ئالیاتێکی ئیش کردنی وەزارەتی مالیەیە بەنیسبەتی ئەو ئیشانەوە کە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە بۆ ئاخیر جار بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی وئابوری ڕێنمایی پێویست بۆئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ تەنیا یەك کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی تکایە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ئەم یاسایە پاش بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ئەسبابی موجیبە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لتخفيف العبىء الضريبـي على كاهل المواطنين واعادة النظر في الاعفاءات الضريبية، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش بخوێننەوە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(هۆیەكانی دانانی ئەم یاسایە)**

بۆ سووك كردنی باج لەسەر شانی هاووڵاتیان و چاو پێ خشاندنەوەی لێبووردنەكانی باج، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەسبابی موجیبە؟ فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵامەكەی جەنابی وەزیر وەڵامی من نەبوو، من ئەوەندەم گوت عەفو بكرێت لە گومرگەكەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورە لەسەر ئەسبابی موجیبە نییە، داوای لێبووردن دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر جار بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لتخفيف العبىء الضريبـي على كاهل المواطنين واعادة النظر في الاعفاءات الضريبية، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش بخوێننەوە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**(هۆیەكانی دانانی ئەم یاسایە)**

بۆ سووك كردنی باج لەسەر شانی هاووڵاتیان و چاو پێ خشاندنەوەی لێبووردنەكانی باج، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا هەموو قانونەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (5) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، پیرۆزبایی دەكەین و سوپاسی هەموو لایەكتان دەكەین، كە هیلاك بوون و ماندو بوون، سوپاسی جەنابی وەزیرو جێگری وەزیرو نوێنەری حكومەت بۆ پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمان و ستافەكەی دەكەین، ئومێد دەكەین لە خزمەتی میللەتەكەمان بێت و بۆ زیاد كردنی حەرەكەی تیجاری، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەیەكت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاسی پەرلەمانی بەڕێز دەكەم بەناوی وەزارەتی داراییەوە، بەتایبەتی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، ئەوانەی كە هیلاك بوون و ماندوو بوون و ئەوانەی كە موناقەشەیان كردو دەوڵەمەندیان كرد، زۆر زۆر سوپاستان دەكەم و مەمنونم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەموو لایەك، دانیشتنەكەمان كۆتایی پێ دەهێنین، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، بەخێر بێن، هیواداریـن سەركەوتوو بن.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)**

**سێ شەممە رێکەوتی 25\10\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)
## سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/10/25

كاتژمێر (11،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/10/25 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (9)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/10/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای دەستەی گشتی دروستی و باشی بەرهەمەكانی خۆماڵی و هاوردەكان (الهیئة العامة للجودة وسلامة المنتوجات المحلیة والمستوردة).

ب- پێشنیاری یاسای (بیمەی تەندروستی) لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

ج- پێشنیاری یاسای (قەدەغە كردنی سواڵكردن) لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

2- دەست لەكاركێشانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە ئەندامیەتی لیژنەی نەزاهەت لە پەرلەمانی كوردستان:

أ- بەڕێز (د.بشیر خلیل حداد).

ب- بەڕێز (عبدالقادر اكرام جمیل عبدالصمد).

ج- بەڕێز (سەرهەنگ فرج محمد).

د- بەڕێز (د.سەروەر عبدالرحمن عمر).

3- دەست لەكار كێشانەوەی ئەم ئەندام بەڕێزانە لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان:

أ- بەڕێز (عبدالله علی ابراهیم).

ب- بەڕێز (د.رفیق صابر قادر).

ج- بەڕێز (د.شاهۆ سعید فتاح الله).

د- بەڕێز (د.زانا رؤوف حمه كریم).

هـ- بەڕێز (د.پەریهان قبلای محمد).

و- بەڕێز (د.جعفر علی رسول).

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (9)، رۆژی دانیشتن 2011/10/25، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، بەلاّم دواخرا بۆ (11,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2011/10/25 بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پێشنیارە یاسایانەی خوارەوە:

أ- پێشنیاری یاسای دەستەی گشتی دروستی و باشی بەرهەمەکانی خۆماڵی و هاوردەکان (الهيئة العامة للجودة وسلامة المنتوجات المحلية والمستوردة).

ب- پێشنیاری یاسای (بیمەی تەندروستی) لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

ج- پێشنیاری یاسای (قەدەغە کردنی سوالّکردن) لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

2- دەست لەکارکێشانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە ئەندامیەتی لیژنەی نەزاهەت لە پەرلەمانی کوردستان:

أ- بەڕێز (د.بشير خليل حداد).

ب- بەڕێز (عبدالقادر اكرام جميل عبدالصمد).

ج- بەڕێز (سەرهەنگ فرج محمد).

د- بەڕێز (د.سەروەر عبدالرحمن عمر).

3- دەست لەکار کێشانەوەی ئەم ئەندام بەڕێزانە لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان:

أ- بەڕێز (عبدالله على ابراهيم).

ب- بەڕێز (د.رفيق صابر قادر).

ج- بەڕێز (د.شاهۆ سعيد فتاح الله).

د- بەڕێز (د.زانا رؤوف حمه كريم).

هـ- بەڕێز (د.پەريهان قبلاى محمد).

و- بەڕێز (د.جعفر على رسول).

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

داوا له لیژنەی یاسایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، لیژنەی یاسایی بۆ بڕگە یەکی بەرنامەی کار، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پێشنیارە یاسای دەستەی گشتی دروستی و باشی بەرهەمەکانی خۆماڵی و هاوردەکان (الهیئة العامة للجودة وسلامة المنتوجات المحلیة والمستوردة).

ئێستا دەقی داواکاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانتان پێشکەش دەکەم سەبارەت بەم پرۆژەیە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

سلاّو و رێز...

ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەلاّلە کردووە بەناوی (مشروع قانون الهیئة العامة للجودة وسلامة المنتوجات المحلیة والمستوردة)، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، لەگەڵ رێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەم داواکارییە کردووە:

1- عماد محمد حسین.

2- نەریمان عبداللە قادر.

3- ئاراس حسین محمود.

4- سۆزان شهاب نوری.

5- دلّشاد شهاب حاجی.

6- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.

7- صبیحە احمد مصطفی.

8- امیر گۆگا یوسف.

9- جمال طاهر ابراهیم.

10- ئارام شاهین داود.

11- شەونم محمد غریب.

ئەم پرۆژە یاسایە بریتییە لە (19) ماددەو لەگەڵ دەرچوواندنی هۆکاری یاساکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، کە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات و، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیاری یاسای دەستەی گشتی ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پاراستنی ماف بەکاربەرو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، فەرموو بۆ برگەی (ب)، نوفتەی نیزامت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بۆ بۆتە پێشنیار؟ ئەم پرۆژە یاسایانە بەپێی پەیرەو دەبوایە بە پرۆژە بێت، بۆ لە کارنامەکە نووسراوە پێشنیاری یاسای دەستەی گشتی؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی سکرتێری پەرلەمان وەڵامی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە بۆیە بۆتە پێشنیار، چونکە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، پرۆژەی حکومەت نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ برگەی (ب).

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی ب - پێشنیاری یاسای (بیمەی تەندروستی) لە هەرێمی کوردستان – عێراق).

ئەم پێشنیارە لەلایەن ژمارەیی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئێستا دەقی پێشنیارەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

ب/ پرۆژە یاسا

سلاّو و رێز...

ئێمەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کەوا پرۆژە یاسای (بیمەی تەندروستی) پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەندامانی واژووی پێشنیاری یاساکە:

1- احمد سليمان عبدالله(بلال).

2- سەرگوڵ رضا حسن.

3- د.صباح محمد نجيب.

4- ايوب نعمت قادر(ئارام).

5- پەیمان عزالدين عبدالرحمن.

6- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.

7- عبدالرحمن حسين ابابكر.

8- سيوەيل عثمان احمد.

9- فاضل حسن اسماعيل.

10- د.احمد ابراهيم على(وەرتى).

ئـەم پێشـنیارە لـە (13) مـاددە پێکهـاتووە، لەگـەڵ هۆیـەکانی دەرچـوواندنی یاسـاکە، داوا لـە سـەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین پرۆژەکە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەنـدەکان و ئەنـدامانی پەرلـەمانی بـەڕێز بکـات، لەگـەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، کەرەم بکەن بۆ بڕگەی (ج).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی ج- پێشنیاری یاسای (قەدەغە کردنی سواڵکردن) لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەو پێشنیارە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئێستا دەقی داواکاریەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ پرۆژە یاسا**

سلاّو و ڕێز...

ئێمـەی ئەنـدامانی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە لـە خـوارەوە واژوومـان کـردووە، هاوپێچـمان گەڵاڵـە کـردووە بەناوی (پرۆژە یاسای قەدەغـە کردنـی سـواڵکردن لـە هـەرێمی کوردسـتان)، تکایـە بخرێتـە بەرنامـەی کـاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر ئەم داواکارییە کردووە:

1- د.احمد ابراهيم على(وەرتى).

2- گوڵێزار قادر اسماعيل.

3- يشار نجم الدين نورالدين.

4- عبدالقادر اكرام جميل.

5- شێردڵ تحسين محمد.

6- امير گۆگا يوسف.

7- سالم تۆما كاكۆ.

8- عمر عبدالعزيز بهاءالدين.

9- فاضل حسن اسماعيل.

10- احمد سليمان عبدالله(بلال).

11- د.جهان اسماعيل بنيامين.

12- بەفرين حسين خەليفە.

13- حمە سعيد حمە على.

ئەم پرۆژەيە بريتيە لە (7) ماددە، لەگەڵ هۆكارى دەرچوواندنى ياساكە، داوا لە سەرۆكايەتى پەرلەمان دەكەين كە ئيحالەى ليژنە پەيوەنديدارەكانى بكات و، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم پرۆژەيە ئاراستەى ليژنەى ياسايى و ليژنەى كاروبارى كۆمەلأيەتى و ئەندامە بەڕێزەكانى پەرلەمانى كوردستان دەكەين، سوپاس.

بڕگەى دووەممان لە بەرنامەى كار/ دەست لەكاركێشانەوەى ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە ئەندامیەتى ليژنەى نەزاهە لە پەرلەمانى كوردستان.

1- بەڕێز (د.بشير خليل حداد)، كە بەنووسراو داواى كردووە لە ليژنەى نەزاهە دەست بكێشێتەوە، دەيخەمە پێش ئێوەى بەڕێز، دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەيە بەڕێزيان دەست لەكار بكێشێتەوە لە ليژنەى نەزاهە دەستى بەرز بكاتەوە؟ (50) بەڕێز لەگەڵدايە كە دەست لەكار بكێشێتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ (13) بەڕێز لەگەڵدا نييە، زۆر سوپاس، بەزۆرينەى دەنگ پەسند كرا.

2- بەڕێز (عبدالقادر اكرام جميل عبدالصمد)، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەپێى ماددەى (33) كە ئەندام دەست لەكار دەكێشێتەوە، دەبێت دەست لەكاركێشانەوەكەى بە نووسين پێشكەش بكات و لەناو هۆڵى پەرلەمان دەخوێندرێتەوە، ئەگەر بەپێى پەيڕەو بێ، بەو شێوەيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەمە بەنيسبەت ليژنەكان وەكو عورفێك پەرلەمان بەو شێوەيە بەردەوام بووە، ئێمەش بەو شێوەيە دەڕۆين.

2- بەڕێز (عبدالقادر اكرام جميل عبدالصمد)، دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەيە بەڕێز (عبدالقادر اكرام جميل عبدالصمد) دەست لەكار بكێشێتەوە لە ليژنەى نەزاهە دەستى بەرز بكاتەوە؟ (45) بەڕێز

لەگەڵدایە کە دەست لەکار بکێشێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (11) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

3- بەڕێز (سەرهەنگ فرج محمد دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (سەرهەنگ فرج محمد) دەست لەکار بکێشێتەوە لە لیژنەی نەزاهە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (34) بەڕێز لەگەڵدایە کە دەست لەکار بکێشێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (17) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

4- بەڕێز (د.سەروەر عبدالرحمن عمر)، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێزیان دەست لەکار بکێشێتەوە لە لیژنەی نەزاهە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (45) بەڕێز لەگەڵدایە کە دەست لەکار بکێشێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (7) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا. سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش دەست لەکارکێشانەوەی ئەم ئەندامانە لە لیژنەی نەزاهە، چونکە ئێستا چوار ئەندامی ماوە، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە مەصیری ئەم لیژنەیە دیاری بکات بەزووترین کات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوتلەو لیستەکان ئاگادار دەکرێنەوە بە نووسراوی رەسمی کە هەر کوتلەیەك نوێنەری خۆی بۆ ئەو لیژنەیە دەست نیشان بکات، بە مەرجێك ئەو ئەندامەی لەو لیژنەیە بێتە ئەندام لە دوو لیژنە زیاتر نەبێت.

ئێستا بۆ برگەی سێی بەرنامەی کار/ دەست لەکارکێشانەوەی ئەم ئەندام بەڕێزانە لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان:

1-بەڕێز (عبدالله علی ابراهیم حسین)، بەڕێزان، ئەم ئەندام پەرلەمانە دەیەوێت لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان دەست لەکار بکێشێتەوە، بە نووسراو بۆ ئێمەی ناردووە وەکو عورفێك، کە ئیستیقالەکانی ئەندامانی پەرلەمان خوێندراوەتەوە، بۆیە وەکو بەڕێزیان نووسیویانە دەیخوێنینەوە:

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێزان/ ئەندامانی پەرلەمان (خوشك و برایان)**

**بابەت/ دەست لە کارکێشانەوە**

بە سڵاوێکی گەرمەوە.

نوێنەرایەتی کردنی رۆڵەکانی گەلەکەت، یان خەڵکی ناوچەکەی خۆت لە شوێنێکی پیرۆزی وەکو پەرلەمانی کوردستان بۆ هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە گەورەترین سەربەرزی و شەرافەتمەندانەترین مەدالیای رێز لێنانە، بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەکو من کە هەموو تەمەنی خۆم لە سەرەتای هەرزەکارییەوە تا ئێستا زیاتر لە 40 ساڵە بۆ خزمەتی گەلەکەم لە ریزی شۆڕش و پێشمەرگایەتیدا تەرخان کردووە.

نوێنەرایەتی کردنی خەڵکی کوردستان وەك گەورەترین گەلی بێ دەوڵەت بۆ ئەم هەموو کارەسات و تراژیدیا جەرگبڕانەی لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەسەریدا هاتووەو خۆڕاگری کردووە، ئۆباڵێکی مێژوویی مەزن دەخاتە ئەستۆی تاك تاکی ئێمە لەم شوێنە پیرۆزەدا.

لە کاتێکدا دوو ساڵ بەسەر دەست بەکار بوونمان لەم ئەرکە پیرۆزە تێ دەپەڕێ بە ویژدانەوە سەیر دەکەم لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە پەیوەندیان بە ناخی دەروونی خۆمەوە هەیە (تکا دەکەم لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ نەکرێ)، ناتوانم چیتر ئەم ئۆباڵە قورسە بگرمە ئەستۆ، بۆیە بەم نامەیە لە ئێوەی بەڕێز داوا دەکەم لەسەر رەزامەندی دڵی خۆم دەست لە کارکێشانەوەم قەبوڵ بفەرموون، بەو هیوایەی کەسی هاتوو بۆ پڕ کردنەوەی شوێنەکەم بە ئیرادەیەکی بەهێزو گوڕو تینێکی تازەوە بتوانێ ئەم ئەرك و ئۆباڵە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆ و بتوانێ خزمەت بەم مەرامە پیرۆزە بکات.

لە ناخی دڵمەوە ماڵئاوایی لە هەموو لایەکتان دەکەم و لە هەر کەموکوڕی لە یەکتر نەگەیشتنێك داوای بەخشین دەکەم، سەرکەوتنتان بۆ خزمەت بە دۆزی رەوای کوردو چەسپاندنی سەروەری یاسا بۆ نەهێشتن و بنبڕ کردنی نا عەدالەتی کۆمەلایەتی لەیەزدانی مەزن بە ئاوات دەخوازم.

دورود و رێزی بێ پایان بۆ گیانی پاکی شەهیدان کە بەرهەمی خوێنەکەیان ئازادی و پەرلەمان و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستانە.

سلاو لە خۆڕاگری و ئازایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و زیندانیانی سیاسی کە تەمەنی خۆیان بۆ ئازادی بەخشی، بەڕێزو حورمەتی زۆرەوە

**پەرلەمانتار**

**عبدالله مام علی**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێزیان دەست لەکار بکێشێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (58) بەڕێز لەگەڵدایە کە بەڕێزیان دەست لەکار بکێشێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (11) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، داوای موفەقیەتی بۆ دەخوازین لە هەر شوێنێك بێت.

2- بەڕێز (د.رفیق صابر قادر طه)، ئەم پێشنیارەی پێشکەش کردووە بۆ دەست لەکار کێشانەوەی لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ دەست لە کارکێشانەوە**

لە سەرەتای تەمەنی لاویمەوە وەکو شاعیرو نووسەر کێشەی نیشتمانی نەتەوەکەم و دادپەوەری کۆمەلایەتی و ئازادی هەمیشە خەون و ئامانجی من بوون، تەواوی کارو بەرهەمەکانیشم هەلگری ئەم خەون و ئامانجانە بوون لە هەر جێگایەکیش هەستم کرد بێت کە دەرفەتی ئەوەم پێ نادرێت وەکو پێویست کار بۆ ئەو خەون و ئامانجانە بکەم، خۆم لەناو هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی سیاسیدا بەند نەکردووە، کاتێکیش قەبوڵم

کرد وەك کەسێکی سەربەخۆ بۆ پەرلەمانی کوردستان کاندید بکرێم، پێموا بوو پەرلەمان وەك بالأترین دەسەلأت لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانێت شێوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەرەو پێش بەرێت و سەروەری یاساو پاراستنی ئازادی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێش گرتن لە بێ دادی بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی، ئێمە لە کاتی هەڵبژاردنیشدا بەم هیواو بەڵێنانەوە رووومان لە خەڵکی کوردستان کرد، بەلأم بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان هێشتا لە پەرلەمانی گەلێك ناچێت، کە سەدەیەکە بۆ ئازادی و دادپەروەری خەبات دەکات و، لەم پێناوەدا سەدان هەزار قوربانی داوە، ئەو شێوە کارکردن و بەڕێوەبردنەی لە ماوەی ئەزموونی دوو ساڵی رابردوومدا لە پەرلەمانی کوردستان بینم من بە ئەندازە یەك لەباری روحی و ویژدانیەوە نیگەرانیان کردووم، کە نەتوانم لەوە زیاتر درێژە بە کارەکەم بدەم، بۆیە بەم نامەیە دەست لە کارکێشانەوەم لە پەرلەمان بە ئێوەو هاوڕێیانی پەرلەمانتارەکانم و رای گشتی کوردستان رادەگەیەنم، لەگەڵ رێزمدا.

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

**د.رفیق صابر قادر**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێزیان دەست لەکار بکێشێتەوە لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان دەستی بەرز بکاتەوە؟ (43) بەڕێز لەگەڵدایە کە دەست لەکار بکێشێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (26) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

3- بەڕێز (د.شاهۆ سعید فتاح الله)، بە نووسراو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردووە:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ دەست لەکارکێشانەوە لە پەرلەمان**

سلأو رێز....

(من شاهۆ سعید فتاح الله) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بەم نامەیە دەست لەکارکێشانەوەی خۆم رادەگەیەنم لە پەرلەمانی کوردستان، داواکارم لە بەڕێزتان ئەم داواکارییەم بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی پەسند کردنی، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان من نامەوێت وەك ئەندام پەرلەمان خانەنشین بکرێم، بەڵکو دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ کاری بەر لە دەست بەکار بوونم لە پەرلەمان، لەبەر ئەوە داواکارم هاوکات لەگەڵ پەسند کردنی دەست لەکارکێشانەوەکەم بڕیار بدرێت بە گەڕانەوەم بۆ کاری بەر لە سوێندی یاساییم لە پەرلەمان لە 2009/8/20، لەگەڵ رێزمدا.

**د.شاهۆ سعید فتح الله**

نوقتەی نیزامیە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ هەموو ڕێزێك و حورمەتم بۆ ئەو بەڕێزانەی دەست لەكار دەكێشنەوە، ئەوە مافێكی تەبیعی هەموو كەسێكە، كە كاتێك بیەوێت لەو ئیشە، لەو كارە دەست لەكار بكێشێتەوەو، بەتایبەتی لە پەرلەمانیش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێكخراوە، ئەوەی من نوقتەی نیزامیم لەسەر هەیە، سەبارەت بەوە كە لەناو ئەم دەست لەكار كێشانەوەیە پرۆژە بڕیارێك بەدی دەكرێت، كە ئەوانە وەكو تاك داوایان كردووە، كە ئێمە خۆمان دەزانین بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموو پرۆژە بڕیارێك دەبێت دە ئەندام پەرلەمان پێشكەشی بكات، نەك یەك ئەندام پەرلەمان، لە كاتی پەسند كردنی ئەم داواكارییە، ئێمە تەنها دەتوانین ئیستیقالەكەی پەسند بكەین، ئەوانەی تر دەبێت بە پرۆژە یاسایەك كە دە ئەندام پەرلەمان پێشكەشی دەكات و، ئەمە خاڵی یەكەم سەبارەت بەوەی كە خۆشی ئامادە نەبێت خانەنشینی وەربگرێت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی وەكو تاكێك كە وەری نەگرێت.

خاڵی دووەمیشی ئەوەیە، كە تەداخولێكی تەواوی سەریحی تیایە بۆ كاری یاسای خدمەی مەدەنی، كە دەڵێت ئەو كەسەی كە دەست لە كار دەكێشێتەوە حكومەت دەبێت، یەعنی مافی ئەوەی نییە بگەڕێتەوە سەر كاری پێشووی خۆی، كەواتە ئەمە كۆمەڵێك یاساو ڕێسای چ ئەوەی لەلایەن حكومەتەوە دەرچووە، چ ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تێكەڵاو كراوە، بۆیە لێرە ئەم نوقتە نیزامیەم گرت، دەمەوێت عەرزی جەنابتانی بكەم و ئەندامانی پەرلەمان پرۆژە بڕیار بە یەك تاكە كەس ناكرێت و، تەداخولی كاری حكومەتیش بەپێی یاسای خدمەی مەدەنی ئێمە لە پەرلەمانەوە بە بڕگەیەك ناتوانین بیكەین، داواكارین لە جەنابت تەنها بڕگەی ئیستیقالەكە بخرێتە دەنگدانەوە، لەگەڵ هەموو ڕێزو سوپاسێكمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عبدالسلام بەرواری كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، داوا لێمان دەكرێت دەنگدان بكەین، وابزانم دەنگدان تەنها لەسەر یەك مەسەلەی دەست لەكاركێشانەوەی نییە، بەڵكو دەنگدانە لەسەر ناوەڕۆكی ئەم نامەیە، ئەگەر ئێمە دەنگماندا بەوەی هەر یەكێك كە بگەڕێتەوە بۆ وەزیفەی بەگوێرەی قانونی خدمەی مەدەنی دەكەین، بەپێی یاسا ئەوەی دێتە ناو پەرلەمان و دەستی لەكار كێشایەوە، ئەگەر ویستی بگەڕێتەوە، دەبێت بەپێی قانونی خدمەی مەدەنی داواكای خۆی بكات، بۆیە دەبێت وریا بین، ئێمە دەنگ بەوە بدەین، یەعنی ئێمە پێشێلی قانونمان كردووە.

دووەم/ مەسەلەی وازهێنان لەتەقاعود، یان نا، ئەمە مەسەلەیەكی شەخصیە، دەتوانێت ڕێك بكەوێت لەگەڵ ژمێریاری پەرلەمان، من وەكو خۆم، وەكو فەرد لەگەڵ ئەوەمە تەقاعودمان نەبێت، من لەگەڵ ئەوەمە ئەوەی دێتە پەرلەمان، یان دێتە ئەنجومەنی موحافەزە هەر جێگایەكی هەڵبژێردراو بە كاتێكی

کاتی بێت، پاشان بگەڕێتەوە ئیشی خۆی، بەلاّم ئێمە لەم پرۆسەیە دەنگدان لەسەر دەست لەکارکێشانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم، ئێمە لێرە تەنها دەنگ بدەین لەسەر خاڵی یەکەمی، کە داوای کردووە دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەوە لە پرۆتۆکۆل تەسبیت ببێت، ئەو کاتە ئێمە بڕیار دەدەین موافیقین، یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکاتی دەست لەکارکێشانەوە بۆ هەموو ئەندامێکی پەرلەمان ڕەوایە داوای بکات، چونکە ئەوە مافە، چ ئەوەی پەیوەندی بە خانشینیەوە هەیە، چ ئەو خواستەی دەیەوێت بچێتەوە سەر وەزیفەی خۆی، لەبەر ئەوە هەر ڕێکارێکی یاسایی پێویست بێت، ئەمە حەقە بگیرێتە بەر، بەلاّم ئەم داوایە داوایەکی ڕەوایە، ئیتر پەرلەمان قبوڵی بکات، یان نایکات شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تکایە لەبەر ئەوەی ئەمە وەك یەك شت تەقدیم کراوە، لێرە بڕگە بە بڕگەی ناکەین، بۆیە بۆ زیاتر روون کردنەوە ئیستیقالەی ئەم بەڕێزەو سێ بەڕێزی تریش بە هەمان شێوە لەگەڵی هاتووە دوا دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر، ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوو سبەی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 26\10\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## چوارشەممە رێكەوتی 2011/10/26

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2011/10/26 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (10)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2011/10/26 دا بـەم شێوەیە بێت:

1– خسـتنەڕوو و داواكـاری دەسـت لـەكار كێشـانەوەی ئـەم ئەندامـە بەڕێزانـە لـە ئەندامیـەتی پەرلـەمانی كوردستان:

أ- بەڕێز (د.شاهۆ سعید فتاح الله).

ب- بەڕێز (د.زانا رؤوف حمە كریم).

ج- بەڕێز (د.پەریهان قبلای محمد علی).

د- بەڕێز (د.جعفر علی رسول محمد).

2- خسـتنەڕوو و گفتوگۆ كردنـی پـرۆژە یاسـای هـەموار كردنـی یەكـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خـولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (10)، رۆژی دانیشتن 2011/10/26، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمـەكانی برگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2011/10/26 بەم شێوەیە بێت:

1- خسـتنەڕوو و داواكـاری دەسـت لـەكار كێشـانەوەی ئـەم ئەندامـە بەڕێزانـە لـە ئەندامیـەتی پەرلـەمانی كوردستان:

أ- بەڕێز (د.شاهۆ سعيد فتاح الله).

ب- بەڕێز (د.زانا رؤوف حمه كريم).

ج- بەڕێز (د.پەريهان قبلاى محمد على).

د- بەڕێز (د.جعفر على رسول محمد).

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

بەڕێزان، دوێنێكە دەست لەكاركێشانەوەی بەڕێز (د.شاهۆ سعيد فتح الله) ئەندامی پەرلەمانمان خوێندەوە، داخوازییەكەی لە سێ برگە پێكهاتووە:

یەك/ دەست لەكاركێشانەوە.

دوو/ خانەنشین نەكرێت.

سێ/ بگەڕێتەوە سەر كاری پێشووی پێش ئەوەی ببێت بە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان.

بەنیسبەت فەقەرەی دوو و فەقەرەی سێ، ئەوە كاری یاسایی دەوێت، لێرە بڕیاری لەسەر نادرێت، بەنیسبەت فەقەرەی یەك، كە دەست لەكاركێشانەوەیە، دەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (د.شاهۆ سعيد فتح الله) دەست لە كاركێشانەوەی پەسند بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (60) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (د.شاهۆ سعيد فتح الله) دەست لەكاركێشانەوەكەی پەسند بكرێت، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (6) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا.

ئێستا بەڕێز (د.زانا رؤوف حمه كريم)، كە بەڕێزیان بە هەمان تێست و كلێشە داوای كردووە دەست لەكار بكێشێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی تەوسیق بێت لە پرۆتۆكۆل بمێنێت داخوازییەكەی دەخوێنینەوە:

(من زانا رؤوف حمه كريم) ئەندامی پەرلەمانی كوردستان لە فراكسیۆنی گۆڕان بەم نامەیە دەست لەكاركێشانەوەی خۆم ڕادەگەیەنم لە پەرلەمانی كوردستان، داواكارم لە بەڕێزتان ئەم داواكارییەم بخرێتە بەردەم پەرلەمانی كوردستان بە مەبەستی پەسند كردنی، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان من نامەوێت وەك ئەندام پەرلەمان خانەنشین بكرێم، بەڵكو دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ كاری بەر لە دەست بەكار بوونم لە پەرلەمان، لەبەر ئەوە داواكارم هاوكات لەگەڵ پەسند كردنی دەست لەكاركێشانەوەكەم بڕیار بدرێت بە گەڕانەوەم بۆ كاری بەر لە سوێندی یاساییم لە پەرلەمان لە 2009/8/20، لەگەڵ ڕێزمدا.

د.زانا رؤوف حمه كريم

بەڕێزان، ئەمیش بە هەمان شێوە لە سێ فەقەرە پێكهاتووە:

یەك/ دەست لە كاركێشانەوەیە.

دوو/ خانەنشین نەكرێت.

سێ/ بگەڕێتەوە سەر پیشەی پێش ئەوەی كە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان.

بە هەمان شێوە فەقەرەی دوو و فەقەرەی سێ ئوسولی یاسایی خۆی هەیە، ئوسولی ئیداری هەیە، لەبەر ئەوە لێرە بڕیاری لێ نادرێت، تەنها دەست لەکارکێشانەوەکەی دەدرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (57) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (د.زانا رؤوف حمە کریم) دەست لەکاربکێشێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (9) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

ئێستا بەڕێز (د.پەریهان قوبلای محمد علی)تان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ دەست لەکارکێشانەوە لە پەرلەمان**

سڵاو ڕێز...

(من پەریهان قوبلای محمد) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بەم نامەیە دەست لەکارکێشانەوەی خۆم رادەگەیەنم لە پەرلەمانی کوردستان، داواکارم لە بەڕێزتان ئەم داواکارییەم بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی پەسند کردنی، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان من نامەوێت وەك ئەندام پەرلەمان خانەنشین بکرێم، بەڵکو دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ کاری بەر لە دەست بەکار بوونم لە پەرلەمان، لەبەر ئەوە داواکارم هاوکات لەگەڵ پەسند کردنی دەست لەکارکێشانەوەکەم بڕیار بدرێت بە گەڕانەوەم بۆ کاری بەر لە سوێندی یاساییم لە پەرلەمان لە 2009/8/20، لەگەڵ ڕێزمدا.

د.پەریهان قوبلای محمد

بەڕێزان، ئەم داخوازیەش بە هەمان شێوە هاتووەو لە سێ فەقەرە پێکهاتووە:

یەك/ دەست لە کارکێشانەوەیە.

دوو/ خانەنشین نەکرێت.

سێ/ بگەڕێتەوە سەر پیشەی پێش ئەوەی کە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان.

بە هەمان شێوە فەقەرەی دوو و فەقەرەی سێ ئوسولی یاسایی خۆی هەیە، ئوسولی ئیداری هەیە، لەبەر ئەوە لێرە بڕیاری لێ نادرێت، تەنها دەست لەکارکێشانەوەکەی دەدرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (49) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (د.پەریهان قبلای محمد) دەست لەکاربکێشێتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (9) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

ئێستا بەڕێز (د.جعفر علی رسول)تان بۆ دەخوێنمەوە:

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ دەست لەکارکێشانەوە لە پەرلەمان**

سڵاو ڕێز...

(مـن د.جعفـر علـى رسـول) ئەنـدامی پەرلـەمانی كوردسـتان لـە فراكسـيۆنی گـۆڕان بـەم نامەيـە دەسـت لەكاركێشانەوەی خۆم رادەگەيەنم لە پەرلەمانی كوردستان، داواكارم لـە بـەڕێزتان ئـەم داواكارييـەم بخرێتـە بەردەم پەرلەمانی كوردستان بە مەبەستی پەسند كردنی، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان مـن نامـەوێت وەك ئەنـدام پەرلەمان خانەنشين بكرێم، بەڵكو دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ كاری بەر لە دەست بەكار بـوونم لـە پەرلـەمان، لەبەر ئەوە داواكارم هاوكات لەگەڵ پەسند كردنی دەست لەكاركێشانەوەكەم بڕيار بدرێت بە گەڕانـەوەم بـۆ كاری بەر لە سوێندی ياساييم لە پەرلەمان لە 2009/8/20، لەگەڵ رێزمدا.

د.جعفر علی رسول

بەڕێزان، ئەم داخوازيەش بە هەمان شێوە هاتووەو لە سێ فەقەرە پێكهاتووە:

يەك/ دەست لە كاركێشانەوەيە.

دوو/ خانەنشين نەكرێت.

سێ/ بگەڕێتەوە سەر پيشەی پێش ئەوەی كە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان.

بە هەمان شێوە فەقەرەی دوو و فەقەرەی سێ ئوسولی ياسـايی خـۆی هەيـە، ئوسـولی ئيـداری هەيـە، لەبـەر ئەوە لێرە بڕياری لێ نادرێت، تەنها دەست لەكاركێشانەوەكەی دەدرێتـە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدايـە دەسـتی بـەرز بكاتـەوە؟ (48) بـەڕێز لەگـەڵ ئەوەيـە بـەڕێز (د.جعفـر علـی رسـول) دەسـت لەكاربكێشـێتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نييە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (9) بەڕێز لەگەڵدا نييـە، زۆر سـوپاس، بەزۆرينـەی دەنـگ پەسند كرا.

بەڕێزان، ئەم بەڕێزانە لەگەڵ ئيسـتيقالەكەيان سـەبەبی ئيستيقالەكەشـيان هـاوپێچ كـردووە بـۆ رای گشـتی بوو، لەبەر ئەوە لێرە ناخوێندرێتەوە، چونكە لە وەسائيلی ئيعلام خۆيان بڵاويان كردەوە، ئەمـەش مـافێكی خۆيانـە هەرچی بڵێن، ئـەم چـوار بـەڕێزە دەسـت لەكاركێشـانەوەيان لەپەرلـەمانی كوردسـتان پەسـند كـرا، تەمەنا دەكەين ئەو بەڕێزانەی لەو ليستانەن كە دەستيان لەكار كێشاوەتەوەو ئەوانەی جێگيـان دەگرنـەوەو دێنە شوێنيان لە دانيشتنەكانی تر بە هەمان شێوە دەيخەينە پێش ئێوەی بەڕێز.

ئێستا دەچينە سەر بڕگەی دووی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان:

2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژە ياسـای هـەموار كردنـی يەكـەمی ياسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحيەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

داوا لە ليژنەی ياسايی و ليژنەی ناوخۆ دەكەين كەرەم بكەن بۆ سەر مەنصە، ليژنەی ياسايی كەرەم بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێمـە وەكـو ليژنـەی ياسـايی و ليژنـەی نـاوخۆ زنجيرە كۆبوونەوەيـەكمان ئەنجامـدا، سـەبارەت بـە پـرۆژەی هـەموار كردنـی يەكـەمی ياسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاكـان، بەڕاسـتی كـە سـەيری پـرۆژەی

حكومەتمان كرد، هەندێك كەموكوڕی تێدا بوو، ئێمە توانیمان هەردوو لیژنە زۆربەی زۆری كەموكوڕیەكان دەست نیشان بكەین و پێشنیاری خۆمان لەناو ڕاپۆرتەكە دەست نیشان بكەین، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو هەردوو لیژنە كە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ببێتە ئەساسی موناقەشەكە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێت و، بڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت، بۆیە داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین، كە ئەم خاڵە بداتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی تەقریری لیژنەی هاوبەش ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە كردن، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هەردوو لیژنە داوا دەكەن، كە ڕاپۆرتی هاوبەش بخرێتە پێش ئێوەی بەڕێز، تاكو ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە كردنی ئێوەی بەڕێز، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (79) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە كە ببێتە ئەساس بۆ گفتوگۆ كردن، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، كەرەم بكەن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتیی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتێك دەربارەی پرۆژە یاسای یەكەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009**

هەردوو لیژنەی "یاسایی" و "ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنەكانی خۆجێیی" زنجیرەیەك كۆبوونەوەیان گرێداو دواترینیان ڕۆژی20/ ڕەزبەر/2711ی كوردی بەرامبەر بە ڕۆژی 2011/10/12ی زایینی بوو، بۆ لێكۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای (یەكەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009) كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە نووسراوی ژمارە (2403)ی لە 2011/9/27 هاتووە، كە دوای یەكەمین خوێندنەوە لە پەرلەماندا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (4)ی لە 2010/10/3دا ڕەوانەی لیژنەكانی تایبەتمەند كرا. لە پاش گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە هەردوو لیژنە پێیان وایە كە ئەو بیرۆكانەی لە پرۆژەكەدا هاتوون پێویستیان بە هەموار كردنی ماددەی دیكەی ئەو یاسایە هەیە، كە دەخوازرێت هەموار بكرێت، هەردوو لیژنەش گەیشتنە ئەوەی پشتگیری لە پرۆژەكە بكەن و هەمان شێوازیش پەیڕەو بكرێت كە لە داڕشتن و دەركردنی یاسا لە پەرلەمانی كوردستاندا پەیڕەو دەكرێت، پێشنیارو ڕاسپاردەشیان بە ڕێككەوتن بێ لە بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (شەشەم)ی یاسایەكە، كە تایبەتە بە ماددەی (دەیەم) لە یاسایەكەدا، ئەم داڕشتنەی دادێی یاسایەكەیە سەبارەت بە ناونیشان و ناوەڕۆك:

سەبارەت بە ناونیشان بكرێتە (یاسای یەكەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009).

## یاسای ژماره (  )ی ساڵی 2011

## یاسای یەکەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009

ماددەی یەکەم:

چوار برگە بە ریزبەندی (شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) دەخرێتە سەر (ماددەی یەکەم)ی یاسایەکەو بەم جۆرەی دادێ:

شەشەم: لیستی کراوە: لیستێك کە ناوی کاندیدانی هەڵبژاردن دەگرێتە خۆ، کە ژمارەیان لە ژمارەی کورسییەکانی هەڵبژاردن تێپەڕ نەکات.

حەوتەم: لیستی تاکە کەس: ئەو لیستەی کە بەگوێرەی ئەو تاکە کەسێك بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکرێت، بەمەرجێك لە لای دەستە تۆمار کرا بێت.

هەشتەم: تۆماری سەرەتایی دەنگدەران: ئەو تۆمارەی ناو و زانیاریی دەنگدەری تێدایە، کە لە لایەن دەستەوە ئامادەو بلاو دەکرێتەوە بۆ بینین و پێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە.

نۆیەم: تۆماری کۆتایی دەنگدەران: تۆماری ناو و زانیاریی دەنگدەران کە قابیلی تانە لێدان نییەو لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی رەخنە گرتن بلاو دەکرێتەوە.

ماددەی دووەم:

(برگەی یەکەم/4) لە ماددەی پێنجەمی یاساکە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە:

(4- دەبێت لە رۆڵەکانی یەکەی کارگێری بێت بەپێی تۆماری باری شارستانی دەنگدەرانی بازنەی هەڵبژاردن تۆمار کرابێت).

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتە جیاوازە لەوەی لەگەڵ راپۆرتی لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە، ئەو برگەیەی تێدا نییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە ئەندامان پێ دەچێت راپۆرتی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانیان لەبەر دەستدا بێت، ئێمە ئەمرۆ یاسای هەڵبژاردنەکە گفتوگۆ دەکەین، جیاوازییەکە تەنها لەوەیە، پێشتر دوو پرۆژە یاسا پێشکەش کراوە، دوو راپۆرت هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە عەرەبیەكە بكەنە ئەساس، بڕۆ سەر عەرەبیەكەو بیخوێنەوە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە سندووقەكانماندا راپۆرتێك دانراوە 10/12، لە عەرەبیەكەش نەصەكەی تیایەو لە كوردیەكەش، بە تاریخی 2011/10/12 تیایەتی، بەڵێ ئەوەی خوێندیەوە تیایەتی، بە ژمارە 288ی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، تەواوە، بەردەوام بن، كەی ئەگەر خەلەلێك هەبوو، وەختێ هاتینە سەر ماددەكە، ئینجا ئیشارەتی پێ بكەن، تكایە لە خوێندنەوەی كوردیەكە بەردەوام بن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

(بڕگەی یەكەم/4) لە ماددەی پێنجەمی یاساكە هەموار دەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە:

(4- دەبێت لە رۆڵەكانی یەكەی كارگێڕی بێت بەپێی تۆماری باری شارستانی دەنگدەرانی بازنەی هەڵبژاردن تۆمار كرابێت).

ماددەی سێیەم:

ماددەی (شەشەم)ی یاسایەكە رەت دەكرێتەوەو ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی شەشەم: سیستەمی لیستی كراوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان پەیڕەو دەكرێت بەگوێرەی سیستەمی رێژەیی نوێنەرایەتیی كراوەی سنووردار).

ماددەی چوارەم:

ئەم دارشتنەی دادێ پێشنیار دەكات (دەكەین):

بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی حەوتەمی یاسایەكە هەموار دەكرێت و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی حەوتەم:

یەكەم: دەكرێ وەك لیستی تاك، یان كۆمەڵ بۆ هەڵبژاردن خۆ پاڵاوتن بكرێت و، دەشبێ ژمارەی كاندیدەكانی ناو لیستی كراوە لە ژمارەی ئەو كورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان كراون زیاتر نەبێت).

ماددەی پێنجەم:

ماددەی (هەشتەم)ی یاسایەكە رەت دەكرێتەوەو ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی هەشتەم:

یەکەم: دەنگە راستەکانی بازنەی هەڵبژاردن کۆ دەکرێنەوەو بەسەر ژمارەی کورسییەکانی تەرخان کراو بۆ ئەو بازنەیە دابەش دەکرێن، بۆ بەدەست هێنانی دابەشی هەڵبژاردن.

دووەم: ئەو دەنگە راستانەی لیست لە بازنەی هەڵبژاردندا بە دەستی هێناون کۆدەکرێنەو بەسەر دابەشی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن، بۆ دیاری کردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ ئەو لیستە تەرخان کراون.

سێیەم: ریزبەندی کاندیدانی لیست لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر کاندیدێك بە دەستی هێناون رێك دەخرێتەوەو ئەو کاندیدەی زۆرترین ژمارەی دەنگی بە دەست هێناوە دەخرێتە پێشەوەو بەم جۆرە تا کۆتایی لیستەکە، بەمەرجێك سێیەمی هەردوو کاندید ژنێك دابندرێت تا کۆتایی لیستەکە بە چاوپۆشین لە ژمارەی دەنگی کاندیدانی پیاو، بۆ مسۆگەر کردنی بەدی هێنانی رێژەی 30٪ی نوێنەرایەتیی ژنان/ ئافرەتان).

ماددەی شەشەم:

ماددەی (نۆیەم)ی یاسایەکە رەت دەکرێتەوەو ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی نۆیەم:

یەکەم: ئەو دەنگانەی لیست بە دەستیان دەهێنێت بەسەر کاندیدانی لیستەکەدا، کە لە بڕگەی (یەکەم و دووەم)ی ماددەی (هەشتەم)ی یاسای سەرەوەدا هاتوون، دابەش دەکرێن.

دووەم: سەرکەوتنی لیستی تاك بە کورسییەك مەرجە بە لای کەمەوە بگاتە دابەشی هەڵبژاردن.

سێیەم: کورسیی بەتاڵ لە کاتی هەبوونیدا بەسەر لیستەکانی بەشداردا دابەش دەکرێن بە پشت بەستن بە ماوەی هەرە بەهێز.

چوارەم: لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگی کاندیدانی سەکەوتوو لە یەك لیستدا، پەنا بۆ تیروپشك دەبردرێت، بەمەرجێك کار لە رێژەی بەشداریی ژنان/ ئافرەتان نەکات).

ماددەی حەوتەم:

دوو را لەبارەیەوە هەیە: رای یەکەم: ئەم داڕشتنەی دادێ پێشنیار دەکات:

یەکەم: بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (دەیەم)ی یاسایەکە هەموار دەکرێن و بەم جۆرەی دادێن دەخوێندرێنەوە:

ماددەی دەیەم:

یەکەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسییەکەی لە دەستدا، کاندیدی پاش ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە لیستەکەی خۆیدا بەدەستی هێناون جێی دەگرێتەوە، سەبارەت بەو لیستانەی لە هاوبەندا نین.

دووەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی لە دەستداو لە نێو لیستێكی هاوبەندا بوو، ئەوا كاندیدی پاش ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە هەمان قەوارەی سیاسیی هاوبەندا لەنێو لیستی هاوبەندا بەدەستی هێناوە جێی دەگرێتەوە.

سێیەم: ئەگەر كورسیی بەتاڵ تایبەت بوو بە لیستێك، كە كاندیدی نەماوە، یان هی لیستێكی تاك بوو، كورسییەكە بۆ كاندیدێكی دی لە لیستێكی دیكەدا تەرخان دەكرێت بە پشت بەستن بە ماوەی بەهێزترو بە پێچەوانەوە كورسییەكە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە).

دووەم: برگەیەك بە ریزبەندی (پێنجەم) دەخرێتە سەر ماددەكەو بەم جۆرەی دادێ:

(پێنجەم: ئەگەر دوو كاندید، یان زیاتر لە یەك لیستدا دەنگی یەكسانی راستیان بە دەست هێناو دوایین كاندید كردنیشیان لەنێو بازنەی هەڵبژاردندا بوو، دەستە تیرو پشكیان لە نێواندا دەكات).

رای دووەم: پێشنیار دەكات تەنیا برگەی (دووەم) لە ماددەكە بەم جۆرەی دادێ دابرێژرێتەوە:

دووەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی لەنێو لیستێكی هاوبەندا لەدەستدا، كاندیدی پاشتر كە زۆرترین دەنگی لە نێو لیستی هاوبەندا بەدەست هێناوە جێی دەگرێتەوە.

ماددەی هەشتەم:

هەردوو برگەی (یەكەم و سێیەم) لە ماددەی (سێیەم)ی یاسایەكە هەموار دەكرێت و ئەمەی دادێ جێیان دەگرێتەوە:

ماددەی سییەم/ یەكەم:

یەكەم: ئەو كەس و قەوارانەی لە ئاكامی بریارەكانی دەستە زیانیان بەركەوتووە بۆیان هەیە لە ماوەی (سێ) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوكردنەوەی بریارەكە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەی هەرێمدا تانەی لێ بدەن).

سێیەم: دەستەیەك لە دادگای تەمییزی هەرێمی كوردستان – عێراقەوە، كە لە سێ دادوەری ناخۆتەرخان (ناموتەفەریغ) پێكهات بێت ئەركی تەماشا كردنی ئەو تانانە دەگرێتە ئەستۆ، كە لە لایەن دەستە، یان تاك، یان قەوارەی زیان لێكەوتوو لە ئاكامی بریارەكانی دەستەوە لە رێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بۆی رەوانە كراون و بریارەكانیشی لێبراوانەن).

ماددەی نۆیەم:

برگەی (یەكەم) لە ماددەی (سی و یەكەم) هەموار دەكرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی حەوتەم/ یەكەم: وادەی هەڵبژاردن بە بریارێك لە سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەكرێت بەگوێرەی پێشنیارێك لە دەستەوە، لە رێی میدیای جۆربەجۆریشەوە بەر لە وادەی دیاری كراوی بەرێوەبردنی بە (180) سەدو هەشتا رۆژ رادەگەیەندرێت.

ماددەی دەیەم:

ماددەی (سی و دووەم) لە بنەچەی یاسایەکە دەبێتە بڕگەی (یەکەم)ی و بڕگەیەکی دیکەی دەخرێتە سەر بە ریزبەندی (دووەم/ 1و2و3)و بەم جۆە دادێ:

(دووەم: دەنگدانی تایبەت بریتی دەبێت:

1- کەسانی عەسکەری لە کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆو تێکڕای دەزگاکانی دیکەی ئەمنی، ڕێکاری دەنگدانیان بەگوێرەی ڕێوشوێنی تایبەت دەبێت، کە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دایدەنێت و پشت بە لیستی فەرمی دەبەسترێت، کە ناو و شوێن دەگرێتە خۆو ئەو لایەنانەی سەرەوەش پەیوەست دەبن بە پێشکەش کردنی لە ماوەیەکدا کە لە (90) ڕۆژ بەر لەوادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن کەمتر نەبێت، بەگوێرەی ئەوەش ناویان لە لیستی دەنگدەراندا دەسڕدرێتەوەو ڕۆژی دەنگدانی گشتی مافی دەنگدانیان نابێت.

2- بەندی و گیراو و دەستبەسەران و دەنگدانیان بەگوێرەی ڕێوشوێنێك دەبێ، کە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دایدەنێت بەپێی لیست، کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆ پێشکەشی دەکەن بە ماوەیەك کە لە (30) ڕۆژ بەر لە ڕۆژی دەنگدان کەمتر نەبێت.

3- نەخۆش کەوتووی نەخۆشخانەو تیمارخانەی دیکە بەپێی لیستێك دەبێت، کە ئەو لایەنانە بەر لە دەست پێ کردنی دەنگدان پێشکەشی دەکەن و بەگوێرەی ڕێکارێك کە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دایدەنێت.

ماددەی یانزەم:

بڕگەی (پێنجەم) لە ماددەی (سی و دووەم - دووبارەیە) ڕەت دەکرێتەوە.

ماددەی یازدەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسا، یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی دوانزەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی سێزدەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چواردەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆی دەرچوونی**

بە مەبەستی ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسی و پاك لە هەرێمی کوردستان - عێراق بەڕێوە بچێت و بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنە تا ئاستی خواستراو بەگوێرەی پێوەری پەیڕەو کراو و خواستی میللی، ئەم یاسایە ئەرێ کرا.

تكایە بفەرموون بۆ بینین و راپۆرتی هاوبەشیش لەبارەیەوە بخرێتە بەردەمی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ و دەربڕینی رای گونجاو و دەنگدان. لەگەڵ رێزدا

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون التعديل الاول لقانون انتخاب مجالس المحافظات والاقضية والنواحي في اقليم كوردستان - العراق رقم (4) لسنة 2009**

عقدت لجنتا الشؤون القانونية والداخلية والأمن والمجالس المحلية سلسلة من الاجتماعات وكان اخرها يوم 20/ ڕەزبەر/2711 كوردي المصادف ليوم 2011/10/12 الميلادي لدراسة مشروع قانون (التعديل الاول لقانون انتخاب مجالس المحافظات والاقضية والنواحي في اقليم كوردستان - العراق رقم (4) لسنة 2009) المقدم من قبل مجلس الوزراء بكتابه المرقم (2403) في 2011/9/27 والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (4) في 2010/10/3. وبعد المناقشة والمداولة ترى اللجنتان بان الافكار الواردة في المشروع تحتاج الى تعديل مواد اخرى في القانون المطلوب تعديله، وتوصلت اللجنتان الى تأييد المشروع واتباع نفس الاسلوب المتبع في صياغة وتشريع القوانين في برلمان كوردستان وتقترحان وتوصيان بالاتفاق عدا الفقرة (ثانيا) من المادة (السادسة) من المشروع والخاص بالمادة (العاشرة) من القانون الصياغة التالية للقانون بالنسبة للعنوان والمضمون:

بالنسبة للعنوان جعله (قانون التعديل الاول لقانون انتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي في اقليم كوردستان - العراق رقم (4) لسنة 2009).

**قانون رقم ( ) لسنة 2011**

**قانون التعديل الاول لقانون انتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي في اقليم كوردستان - العراق رقم (4) لسنة 2009**

المادة الاولى:

تضاف اربع فقرات بتسلسلات (سادساً وسابعاً وثامناً وتاسعاً) الى (المادة الاولى) من القانون، وكالآتي:

سادساً: القائمة المفتوحة: قائمة تتضمن اسماء المرشحين للانتخابات لايتجاوز عددهم عن عدد المقاعد الانتخابية.

سابعاً: القائمة الفردية: القائمة التي يرشح بموجبها فرد للانتخابات على ان يكون مسجلاً لدى الهيئة.

ثامناً: سجل الناخبين الابتدائي: السجل الذي يحوي اسماء وبيانات الناخبين والذي يتم اعداده ونشره من قبل الهيئة للاطلاع عليه وتقديم الطعون بشأنه.

تاسعا: سجل الناخبين النهائي: سجل لاسماء وبيانات الناخبين غير القابل للطعن فيه والذي يتم نشره بعد انتهاء فترة الاعتراض.

المادة الثانية:

تعدل الفقرة (اولا/ 4) من المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالاتي:

4- ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية ومسجلاً في سجل الناخبين ضمن الدائرة الانتخابية.

المادة الثالثة: تلغى المادة (السادسة) من القانون ويحل محلها مايلي:

(المادة السادسة: يعتمد نظام القائمة المفتوحة لانتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي وفق نظام التمثيل النسبي المفتوح المحدود).

المادة الرابعة:

تقترح الصياغة التالية:

تعدل الفقرة (اولا) من المادة السابعة من القانون ويحل محلها مايلي:

(المادة السابعة:

اولا: يجوز الترشيح كقائمة منفردة او مجموعة للانتخابات ويجب ان لا تزيد عدد المرشحين في القائمة المفتوحة عن عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية).

المادة الخامسة:

تلغى المادة (الثامنة) من القانون ويحل محلها مايلي:

(المادة الثامنة:

اولا: تجمع الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية وتقسم على عدد المقاعد المخصصة لتلك الدائرة للحصول على القاسم الانتخابي.

ثانيا: تجمع الاصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية وتقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة.

ثالثا: يعاد ترتيب تسلسل مرشحي القائمة على اساس عدد الاصوات الحاصل عليها كل مرشح ويوضع المرشح الحاصل على اكبر عدد من الاصوات في المقدمة وهكذا الى نهاية القائمة على ان توضع امرأة في ثالث كل مرشحين الى نهاية القائمة بغض النظر عن عدد اصوات المرشحين الرجال لضمان تحقيق نسبة تمثيل النساء 30٪).

المادة السادسة:

تلغى المادة (التاسعة) من القانون ويحل محلها مايلي:

(المادة التاسعة:

اولاً: توزع الاصوات التي يحصل عليها القائمة على مرشحي القائمة التي ورد في الفقرات (اولاً وثالثاً) من المادة (الثامنة) من القانون اعلاه.

ثانياً: يشترط لفوز القائمة المنفردة بمقعد وصوله الى القاسم الانتخابي على الاقل.

ثالثاً: توزع المقاعد الشاغرة عند وجودها على القوائم المشاركة باعتماد الباقي الاقوى.

رابعاً: في حالة تساوي عدد اصوات المرشحين الفائزين في القائمة الواحدة، يتم اللجوء الى القرعة شرط ان لا تؤثر على نسبة مشاركة النساء).

المادة السابعة: هناك رأيان بشأنها: الرأي الاول: تقترح الصياغة الآتية:

اولاً: تعدل الفقرات (اولاً وثانياً وثالثاً) من المادة (العاشرة) من القانون وتقرأ كالآتي:

المادة العاشرة:

اولاً: اذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان، يحل محله المرشح التالي له في عدد الاصوات الحاصل عليها في قائمته بالنسبة للقوائم غير المؤتلفة.

ثانيا: اذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان ضمن قائمة مؤتلفة فيحل محله المرشح التالي له في عدد الاصوات الحاصل عليها من نفس الكيان السياسي المؤتلف ضمن القائمة المؤتلفة.

ثالثا: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين او قائمة منفردة يخصص المقعد الى مرشح آخر من قائمة اخرى باعتماد الباقي الاقوى وبخلافه يبقى المقعد شاغرا).

ثانياً: تضاف فقرة بتسلسل (خامسا) الى المادة وكالآتي:

(خامساً: اذا حصل مرشحان او اكثر في قائمة واحدة على اصوات صحيحة متساوية وكان ترشيحهم الاخير ضمن الدائرة الانتخابية، تقوم الهيئة باجراء القرعة بينهم).

الرأي الثاني: تقترح صياغة الفقرة (ثانياً) فقط من المادة كالآتي:

ثانياً: اذا فقد عضو المجلس مقعده لاى سبب كان ضمن قائمة مؤتلفة فيحل محله المرشح التالي الذي حصل على اكثر الاصوات ضمن قائمة مؤتلفة.

المادة الثامنة:

تعدل الفقرتان (اولاً وثالثاً) من المادة (الثلاثون) من القانون ويحل محلها ما يلي:

المادة الثلاثون/اولاً:

اولا: للافراد والكيانات المتضررة جراء قرارات الهيئة الطعن فيها خلال (ثلاثة) ايام من اليوم التالي لنشر القرار في صحيفتين محليتين يوميتين في الاقليم).

ثالثا: تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان – العراق، تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغيين للنظر في الطعون المحالة اليها من قبل الهيئة او الافراد او الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة خلال العملية الانتخابية وتكون قراراتها باتة).

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (اولاً) من المادة (الحادية والثلاثون) وتقرأ كالآتي:

(المادة السابعة/اولاً: يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بناء على اقتراح من الهيئة، يعلن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجرائه بـ(180) مائة وثمانون يوما).

المادة العاشرة:

تكون اصل المادة (الثانية والثلاثون) من القانون الفقرة (اولاً) لها وتضاف اليها فقرة اخرى بتسلسل (ثانياً/1و2و3) وكالآتي:

(ثانياً: التصويت الخاص ويشمل:

1- العسكريين من منتسبي وزارة البيّشمەرگە والداخلية وكافة المؤسسات الامنية الاخرى وتكون طريقة تصويتهم وفقاً لاجراءات خاصة تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات وتعتمد فيها على قوائم رسمية تتضمن الاسماء والمواقع وتلتزم الجهات اعلاه بتقديمها خلال مدة لا تقل عن (90) تسعين يوماً من موعد اجراء الانتخابات وبناءً عليه تشطب اسمائهم من سجل الناخبين وليس لهم حق التصويت يوم الاقتراع العام.

2- النزلاء والمعتقلين والمحتجزين ويعتمد في تصويتهم على اجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات بناء على قوائم تقدمها وزارة العمل والشؤون الاجتماعية والداخلية خلال مدة لا تقل عن (30) ثلاثين يوما قبل يوم الاقتراع.

3- المرضى الراقدين في المستشفيات والمصحات الاخرى ويكون بناء على قوائم تقدمها هذه الجهات قبل المباشرة بالاقتراع ووفقا لاجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات.

المادة الحادية:

تلغى الفقرة (خامساً) من المادة (الثانية والثلاثون - مكررة ).

المادة الثانية عشرة:

لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الثالثة عشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الاسباب الموجبة

لغرض اجراء انتخابات حرة وديمقراطية ونزيهة في اقليم كوردستان – العراق، وبغية الارتقاء بهذه الانتخابات الى المستوى المطلوب وفق المعايير المعتمدة والمطالب الشعبية، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض التقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عومەر موشكیلەكە حەل بوو، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتەی خوێندرایەوەو لەبەر دەستی بەڕێزانە، یەك ماددەی بۆ زیاد كراوە، ئەوەی لەلای ئێمەیە بە كوردی و عەرەبیەكە (13) ماددەیە، لەلای بەڕێزیان (14) ماددەیە، ماددەی دوو كە ئیزافە بووە لەوێ، لەلای ئێمە نییە، بۆیە ئەو ئیشكالە دروست بووە، یەعنی یەك فەقەرەی سێ، چوار دێرییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش كەرەم بكەن بۆ خوێندنەوەی ماددەی یەكەم بە كوردی و عەرەبی، فەرموون، تكایە نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەكەی من لەڕاستیدا بۆ بابەتێكە كە لە تەعدیلەكەدا نەهاتووە، ئەگەر جەنابتان دەرفەت بە من بدەن لە ئێستاوە بە پێویستی دەزانم بیڵێم، پەیوەندی بە بابەتێكی گرنگیشەوە هەیە، كە مەسەلەی ئیدارە سەربەخۆییەكانە كە لەم ماوەیەدا دروست بووە، جا هیوادارم............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئێستا لەسەر ماددەی یەكە، چاوەكەم كەی هاتینە ئەوێ، ئینجا باس بكە، نابێت، دانیشە، رجائەن دانیشە، لەسەر ماددەی یەك هەتە بەسەرچاو، كاكە وەختێ هاتینە سەری ئینجا، ئێستا تۆ دانیشە، هەتا وەختی خۆت دێت سەرچاوم، فەرموون بەردەوام بن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تضاف اربع فقرات بتسلسلات (سادساً وسابعاً وثامناً وتاسعاً) الى (المادة الاولى) من القانون، وكالآتي:

سادساً: القائمة المفتوحة: قائمة تتضمن اسماء المرشحين للانتخابات لايتجاوز عددهم عن عدد المقاعد الانتخابية.

سابعاً: القائمة الفردية: القائمة التي يرشح بموجبها فرد للانتخابات على ان يكون مسجلاً لدى الهيئة.

ثامناً: سجل الناخبين الابتدائي: السجل الذي يحوي اسماء وبيانات الناخبين والذي يتم اعداده ونشره من قبل الهيئة للاطلاع عليه وتقديم الطعون بشأنه.

تاسعا: سجل الناخبين النهائي: سجل لاسماء وبيانات الناخبين غير القابل للطعن فيه والذي يتم نشره بعد انتهاء فترة الاعتراض.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیش.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

چوار برگە بە ریزبەندی (شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم) دەخرێتە سەر (ماددەی یەکەم)ی یاسایەکەو بەم جۆرەی دادێ:

شەشەم: لیستی کراوە: لیستێك کە ناوی کاندیدانی هەڵبژاردن دەگرێتەخۆ، کە ژمارەیان لە ژمارەی کورسییەکانی هەڵبژاردن تێپەڕ نەکات.

حەوتەم: لیستی تاکە کەس: ئەو لیستەی کە بەگوێرەی ئەو تاکە کەسێك بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکرێت، بەمەرجێك لە لای دەستە تۆمار کرا بێت.

هەشتەم: تۆماری سەرەتایی دەنگدەران: ئەو تۆمارەی ناو و زانیاریی دەنگدەری تێدایە، کە لە لایەن دەستەوە ئامادەو بڵاو دەکرێتەوە بۆ بینین و پێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە.

نۆیەم: تۆماری کۆتایی دەنگدەران: تۆماری ناو و زانیاریی دەنگدەران کە قابیلی تانە لێدان نییەو لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی رەخنە گرتن بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە ئیعتیمادمان کردە سەر لیستی نیمچە داخراو بەڕاستی و، هەندێك تەعاریف هەبوو کە پەیوەندی هەبوو بەلیستی نیمچە کراوەو بەباشمان زانی کە تەعاریفەکان ئیزافە بکەین، بۆیە ئەوانەی کە ئیزافەمان کردووە لەسەر ئەسڵی قانونەکە قائیمەی مەفتوحەو قائیمەی فەردییەو سجلی ناخیبینی ئیبتیدائیە و سجلی ناخیبینی نیهائیە وەك پێناسەیەك لەگەڵ یاساکە بگونجێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێش ئەوەی بێینە سەر ماددەی یەك، هەردوو لیژنە پێشنیاریان کردووە ناوی یاساکە بگۆڕێت، بۆیە دەبوایە ئەوە بخرایە دەنگدانەوە، سەبارەت بە ناو و نیشانەکە ئەوان پێشنیاریان کردووە بکرێتە

یاسای یەکەمی هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆیە دەبوایە پێشتر لەسەر ناو ونیشانی یاساکە قسە کرابوایە، ئینجا بچووبانە سەر ماددەی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان، ئێستا ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی یەك قسە بکەن، کاك عبدالله ئەو نوقتەیەی گوتت، دەتوانیت پاشان تەرحی بکەیت، بەڵێ کەی وەختت هات، یان ئێستا کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەی من لەسەر ئەوەیە وەك بەڕێزتان ئاگادارن لە بەرواری 2008/8/4 بڕیارێك دەرچوو لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی پێنجەمەوە، بۆ ئەوەی ئیدارەی گەرمیان وەکو ئیدارییەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە من کۆپیەکی ئەو بڕیارەم لەلایەو، باسی ئەوە دەکات کە ئەم بڕیارە لە بەرواری دەرچوونی بڕیارەکەوە ئیدارەی گەرمیان وەکو هاوشێوەی پارێزگا لە رووی ئیدارییەوەو، لە رووی مالیەوە، هەروەها لە رووی یاساییەوە، هەروەکو لە بڕیارەکەدا هاتووە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دواتریش کۆمەڵێك ئیدارەی تری سەربەخۆ دروست بووە، بەڵام وەکو بەڕێزتان ئاگادارن لەم یاسایە کە هەموار کراوەتەوە، بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەو ئیدارە سەربەخۆیانە نەدراوە، قسەی من لەسەر یەك مەسەلەیە بە دیاری کراوی، ئەویش ئەوەیە دیارە هەمووومان دەزانین ئیتیجاهەکە بۆ ئەوەیە جۆرێك لە لامەرکەزیەت لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو بکرێت، جۆرێك لە دەسەڵات و، بۆ کەم کردنەوەی رۆتینات با بڵێین دەسەڵات بدرێت بە ئیدارەکان، بدرێت بە وەحدە ئیدارەکان، بە بڕوای من ئەوە کارێکی باشە، بەڵام وەکو بەڕێزتان ئاگادارن بۆ ئەوەی بتوانین سیستەمی لامەرکەزی پەیڕەو بکرێت بۆ هەر وەحدەیەکی ئیداری، دەبێت بەلایەنی کەم سێ کۆڵەکەی سەرەکی بێتەدی:

یەکەمیان/ دەبێت ئەو وەحدەیە ئەنجومەنێکی سەربەخۆی هەبێت، کە لە رووی هاووڵاتیانەوە هەڵبژێردرا بێت.

دووەمیان/ ئەم وەحدەیە دەسەڵاتێکی......................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ئەمە مەوزوعێکی ترە، رجائەن، تەواو، خلاص، لیژنەی هاوبەش بەنیسبەت ئیدارەکان، کە ئەو مولاحەزەیە درا، شتێکتان هەیە لێرە ئیزافەی بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سەیری ئەسڵی مەشروعی حکومەتمان کرد، هیچ ئیشارەتێك نییە بۆ هەڵبژاردنی ئیداراتی سەربەخۆ، بەڵکو ئەو ئیدارانە بۆ مەسائیلی لامەرکەزیەت هاتوونەتە دروست کردن، ئەو مەوزوعە ئێمەو لیژنەی ناوخۆ بە تەفسیل لەگەڵ کۆمسیۆن باسمان کرد، گوتیان ئێمە ناتوانین لەسەر ئاستی ئیدارات هەڵبژاردن

بكەین، بەڵكو لەسەر ئاستی پارێزگاكان دەتوانین، چونكە هەتا ئێستا بەنیسبەت قەزاو ناحیەكان، بەنیسبەت ئێمە حدودی ئیدارییەكی روون لەبەرچاومان نییە، بۆیە ئێمە ناتوانین تەعامول لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بكەین، ئیزافەتەن ئیلا مەسەلەی ناوچە كێشە لەسەرەكان، مەسەلەیەكی سیاسییە، جگە لەوەش لە دەستووری عێراق، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان و، لەیاساكانیشماندا ئێمە تەنها موحافەزات و قەزاو ناحیە هاتۆتە تەعامول كردن سەبارەت بە هەڵبژاردنەكان، وەكو هەڵبژاردنەكانی دیكە، بۆیە رەئی كۆمسیۆن ئەوە بوو ناتوانین بەنیسبەتی ئیداراتی سەربەخۆ تەعامول بكەین سەبارەت بە مەسەلەی هەڵبژاردنەكان، بۆیە ئێمە هەروەكو لە پرۆژەی حكومەتدا هاتبوو تەعامولمان لەگەڵ كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس بە حەقیقەت ئێمە ئیدارەمان هەیەو، بە قانونیش ئەوە كراوە مەوقیعێكی جوگرافیە، كۆمسیۆن حەقی نییە تەداخول لەوە بكات، بۆیە ئەوە پاشان لەسەری دەوەستین و موناقەشەشی لەسەر دەكرێت، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی یەك قسە بكەن ناویان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن لەسەر ماددەی یەك، رێزداران (كوێستان محمد، برهان رشید، دڵشاد شهاب، سۆزان شهاب، هاژە سلیمان، د.احمد وەرتی، حەمە سەعید، بەفرین حسین، بلال سلیمان، جلال علی، جەمال طاهر، پەروین عبدالرحمن، بێریڤان سەرهەنگ، ئاسۆ كەریم، عبدالله مەلا نوری، كاوە محمد امین، ناسك تۆفیق، صباح بیت الله، نەریمان عبدالله، نەسرین جمال، عدنان عثمان، عبدالرحمن حسین، دلێر محمود، نیشتمان مرشد، گۆران ئازاد، عومەر هەورامی، عومەر نورەدینی)، كەسی تر ماوە؟ پێش ئەوە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان موداخەلەیەكی هەیە، كەرەم بكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین تەماشای ماددەی یەك بكەین، ماددەی تەعاریفە، ئەگەر بێین لێكی بدەینەوە، قائیمەی مەفتوحە ئەوە بە تەعریف حیساب ناكرێت، چونكە جەوهەری تەعریف لازمە تەركیز لەسەر كەلیمەی مەفتوحە بكرێت، قائیمەی مەفتوحەو قائیمەی ناخیب بتوانێت بە ئیرادەی خۆی دەنگی خۆی بە یەكێك، یان زیاتر لە مورەشەحەكانی قائیمە بدات، ئەوە جەوهەری تەعریفەكەیە، ئەویتر تەحدیدی عەدەد، ئەوە نە شەرتێكی لازمە بۆ تەعریفی قائیمەی مەفتوح، ئەوە شەرتێكی تەنزیمییە، لێرە دەتوانین بڵێین قائیمەی مەفتوحی هەرێمی كوردستان دەبێت لە ژمارەی كورسیەكان زیاتر نەبێت، لە جێگایەكی تر، لە دەوڵەتێكی تر دوور نییە بڵێتن مەفروزە لە زوعف زیاتر نەبێتن، ئەو شەرتە شەرتێكی لازم نییە لە تەعریفی ئەو فەقەرەیە، بە رەئی من ئەگەر لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ ئیعادەی نەزەر لەو تەعریفە بكەن، بە رەئی من ئەوە ئیزافە بكەن (القائمة المفتوحة: هي القائمة التي يحق للناخب التصويت لمن يختاره من مرشحي القائمة وحسب ارادته)، شەرتی تر، شەرتی عەدەد، دەتوانن لە ماددەیەكی تر دابنێن، ئەگەر

زیمنی ماددەیەکیش بێت موشکیلە نییە، چونکە ئەو تەعریفە بۆ ئەو قانونەیە، نەك بۆ قانونێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کات تەحدید دەکەین، هەر بەڕێزێك سێ دەقیقەیە، تکایە ئیلتیزام بە وەقت بکەن، چونکە موداخەلەکان زۆرە، کوێستان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ ئەو پێشنیارەی کاك فرسەت، من بۆ مەسەلەی خاڵی حەوتەم لیستی تاکە کەس، دیارە بەڕێزتان هەردووکتان لە خولی پێشوودا بوون، یەکێك لە دەستکەوتەکانی خولی دووەم ئەوە بوو کە نیسبەتی ژنی لە 25٪ەوە کرد بە 30٪ هەر لەسەر ئەساسی ئەوە بوو کە کۆمسیۆنی باڵا لەگەڵ لیژنەی یاساییدا چەند ڕێکارێکیان دانا بۆ پارێزگاری کردن لە نیسبەتی ژن لە 30٪، یەکێك لەوانە ئەوە بوو کە لیستەکان دەبێت لە سێ کەس و، بە قەدەر عەددەدی ناخبین بێت، ئەمە بۆ ئەوە بوو هەر لیستێکی سێ کەسی دوو پیاو و ژنێك بێت، بەڵام کە دێیت لیستی تاکە کەس، لێرە ئەمە ئەو دەستکەوتەی خولی پێشوو بەڕاستی هەڵدەوەشێنێتەوە، یەعنی ئەگەر بیری لێ بکەینەوە هیچ ڕێکارێکی یاسایی نییە، کەوا بکات لەناو ئەم لیستی تاکە کەسییە لە 30٪ ژن پارێزراو بێت، ڕەنگە دە پیاو بە تاکە کەس خۆیان هەڵبژێرن و هەر دە کەسیشیان دەربچن، دوایی تۆ چۆن سێ ژن دەهێنیت لەگەڵ ئەم دە پیاوەدا؟ بۆ ئەوەی ئەمە بپارێزیت کە نیسبەتی لە 30٪ی ژنەکە مسۆگەر بکەیت، بۆیە من پێموایە دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە لیست دەبێت سێ کەسی بێت، نەك تاکە کەس، بۆیە دەبێت خاڵی حەوتەم لابرێت و بکرێت بە لیستی سێ کەسی و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی تێبینیەکەی کوێستان خان دەکەم سەبارەت بە ماددەی یەکەم، سەرەڕای دیموکراتی بوونی هەر هاووڵاتیەك بە فەردی بتوانێت خۆی هەڵبژێرێت، کە ئەمە زۆر دیموکرات و زۆر ئازادیش بێت، هەر هاووڵاتیەك لە کوردستان بێت بۆ هەر ئەنجومەنێك دەیەوێت خۆی هەڵبژێرێت کە ئەمە مافێکی ڕەوایە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ماددەی هەشتەم ناکۆکی دەبینین، تا کۆتایی لیستەکە بە چاوپۆشین لە ژمارەی دەنگی کاندیدەکانی پیاو بۆ مسۆگەر کردنی بەدیهێنانی ڕێژەی 30٪، لێرە تۆ بە قانونت داناوە بە زەمانەتی 30٪یەکە بکرێت، ئەگەر فەردی بێت ئەم زەمانەتی لە 30٪یە نامێنێت، ئەمە زۆر زۆر ڕوونە،

جا چۆن چارەسەری دەکەین، حەقە لە فەردیەکەش ئەگەر هەشبێت بەس زەمانەتەکە بپارێزن کە 30٪یەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار برهان رشید کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوەی ئیزافەو تەعقیب و ڕەخنەم هەبێت لە بڕگەی هەشتەم و نۆیەمە، لە بڕگەی هەشتەمدا هاتووە دەڵێت (تۆماری سەرەتایی دەنگدەران: ئەو تۆمارەی ناو و زانیاری دەنگدەری تیایە، کە لەلایەن دەستەوە ئامادەو بلاو دەکرێتەوە بۆ بینین و پێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە)، بەڕێز ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی سێیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، یەکێك لە مەرجەکانی دەنگدەر هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، دەبێت لێرە لە بڕگەی هەشتەمدا بنووسرێت (بناءاً على) چی؟ ئەو لیستە ئامادە بکات، بنووسرێت (بناءاً على جنسية عراقية)، بڕگەی نۆیەمیش (تۆماری کۆتایی دەنگدەران: تۆماری ناو و زانیاری دەنگدەران کە قابیلی تانە لێدان نییەو لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی ڕەخنە گرتن)، بەڕاستی قابیلی تانە لێدان نییە دژی مەبادیئی عامەی قانونی عقوباتی (111)ی ساڵی 1969یە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بڵێین یەکێك جنسیەیەکی تەزویر کرد بێت لەوێدا، لەبەر ئەوەی ماددەی سێ باسی شروتەکان دەکات، دەڵێت ڕەگەزنامەی هەبێت و هەژدە ساڵ بێت، بۆ نموونە تەمەنەکەی، یان جنسیەکەی تەزویر کرد بێت، تۆ چۆن دەڵێیت قابیلی تانە لێدان نییە، لە کاتێکدا لە مەبادئیی عامە قانون.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ لە ماددەی یەك قسە بکە، باسی تەعاریفە، رجائەن مەچۆ ماددەکانی تر، لەسەر ماددەی یەك قسە بکە، بەڵێ بەس ماددەی یەك، بەڕێز دڵشاد شەهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم لەسەر پێناسەکە، ئەوەی ئێمە ئاگادار بین لە گفتوگۆی هەردوو لیژنەو بە بەردەوامی لەگەڵ کۆمسیۆنیش مەبەستی ئەم پێناسەیە، یاخود لیستی کراوە، لیستی نیمچە کراوەیە، ئەوەی کە لە نیەتیشدا هاتووەو لە هەندێك تەفاسیلی تریشدا هاتووە، بۆیە لەسەرەتا من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی ئەگەر وایە برادەرانی لیژنەی هاوبەش ئەمە روون بکەنەوە، ئەگەر راپۆرتەکەش لەسەر ئەو ئەساسە حازر کراوە، کە ئەمە لیستی نیمچە کراوە بێت، پێناسەی لیستی نیمچە کراوە بکرێت بە قائیمەی مەفتوحی موتڵەق نەیەت، چونکە ئەمە دوو ئەگەر، یاخود زیاتر لە دوو ئەگەریش هەڵدەگرێت، ڕەنگە پێناسەی تریش هەڵبگرێت، ئەوە یەك.

خاڵی دووەمم/ پێشنیار دەکەم کە پێناسەی لیستی کراوە، مەرجەکانی لیست دانران، ژمارەی ئەوانـەی کـەوا مومکینە لە لیستێکدا بن لە بڕی ئـەوەی کـەوا بگوترێـت (لایتجـاوز عـددهم عـن عـدد المقاعـد الانتخابیـة)، بڵێین (لایتجـاوز عـددهم عـن ضـعف عـدد المقاعـد الانتخابیـة)، لەبەرچـی؟ بـۆ ئـەوەی یـەك/ لیسـتەکان دەرفەتێکی زیاتری کاندید کردنی خەڵکی تێدا هەبێت، چونکە لەوە دەچێت قائیمەی فەردی ئەو ئیشکالیە ڕێژەیەشی تێدا هەبێت کە لە ئیشکالی ڕێژەی 30٪ی ئافرەتان لەناو قەوائیمدا زەبت کردنی مومکین ترەو، دەرفەتێکی زیاتریش دەبێت، بۆ ئەوەی کەوا زۆرتـرین ژمـارەی کاندیـد تێـدا بەشـداری بکـات و دیموکراسـی تریشە، چونکە ناخیبیش ئیختیارێکی زیاتری لەبەر دەست دەبێت، لە قائیمەیەکدا ئەگەر موقەیەد بێت بە عەدەدی مەقعەدەکان، یاخود ئەگەر کراوە بێت بۆ دوو بە قەدەر عەدەدی مەقعەدەکان، ئەو دەنگدەرەی کـە دەنگ دەدات ئیختیاراتی زیاتری لەبەردەم دەبێت، کێ لەو شەخصانە ئیختیـار بکـات؟ چـونکە مـن پێموایـە ئەگـەر عـەدەدی کورسـیەکان، عـەدەدی بـابڵێین هەڵبـژێردراوەکان، کاندیـدەکان هـەمان عـەدەدی هـی کورسیەکانی ئەنجومەنێك بێت، لەلایەکەوە وەکو قائیمەی داخراوی لـێ دێتـەوە، واتـا هـەر موقەیـەدی بـەو کەسانەوە، ئەوانەی لە قائیمەی داخراویش هەر وایە، ئیتر بەس ڕیزبەندییەکە بۆ خەڵك دەمێنێتەوە لەناو ئەو کەسانەدا کێ تەفزیل دەکات؟ بـەڵام ئەگـەر دوو بـە قـەدەری ئـەوە بێـت ئیختیـاری ئەوەشـی لەبـەردەم دەبێـت، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم عـەدەدی مەقاعیـد ببێتـە دوو بـە قـەدەر عـەدەدی کورسـیەکانی هـەر ئەنجومەنێك و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، فەرەزەن هەر مولاحەزەیەك، ئەگەر بە قەدەر عەدەدی مەقعەدەکان بێت، لایەنێك هی سیاسی گشت مەقعەدەکانی برد، بەیانی چواریان وەفاتی کرد، ئیستیقالەی کـرد، ئـەوە فـەراغ دەمێنێتـەوە، ئـەوەش نابێت، بۆیە دەبێت ئیحتیاتی هەبێت، بەڕێز سۆزان شەهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بێگومان ئێمە سیستەمێکی تەمسیلی نسبی بـەکار دەهێـنین، لـە سیسـتەمی نیزامـی تەمسـیلی نسـبیدا سـێ جۆرمان هەیە، جۆری (النظام التمثیلي النسبي القائمة المغلقـة)، کـە ئەمـەمان ئیلغـا کردۆتـەوەو نامانـەوێت موغەلەقە بێت، (القائمة المفتوحة الحـرة) ئـەوەی کـە حزبەکـە، یـەعنی هـاووڵاتی لـە هـەر چ حزبێـك بێـت موقەیـەد نابێـت بـە حزبەکـەوە دەنـگ دەدات بـە مورەشـەحەکە، (القائمـة المفتوحـة المحـدودة)، دەبێـت تەعریفەکە بەم شێوەیەی لێ بێت (القائمة المفتوحة المحدودة)، بۆچی؟ هەر ئیتیفاقەکەش پێموایـە دەبێـت ناو و ناوەڕۆکی وەك یەك وا بێت، نابێت ئێمە بڵێین قائیمەی مەفتوحە، بۆ زانین قائیمـەی مەفتوحـە دوو جۆری هەیە، دەبێت دیاری بکەین ئێمە کام لە قائیمەی مەفتوحە جێ بەجێ دەکەین، ئـەویش ئەوەیـە کـە قائیمەی مەفتوحە شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی تەمسیل کردنـی ڕێـژەیی، دەبێـت ئـەوەش بنووسـین دەنگـدەر

دەتوانێت دەنگ بدات بۆ لیستێك، بۆ حزبێك، چونكە ئەوانە هەموو ئەحزابن دادەبەزن و لەناو لیستەكەدا دەنگ دەدات بە مورەشەحێك، بە كاندیدێك، مەبەستەكە لێرەدا ئەوەیە، كەواتە من بە عەرەبی دەیخوێنمەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر جەنابتان لە دواییدا سوودتان لێ وەرگرت بەو شێوەیە جارێكی تر دابرێژرێتەوە (القائمة المفتوحة المحدودة: هي شكل من اشكال تمثيل النسبي حيث يمكن للناخبين التصويت لحزب ثم يمكن ان يقوم بالتصويت لمرشح على قائمة في الحزب ذاته)، كەواتە لە پێشدا دەنگ دەدەیت بۆ حزبەكە، دوایی دەنگ دەدەیت بۆ كەسەكان، عەفوەن قائیمەكە، لیستەكە، خۆی لێرەدا بە تەعریفی عالەمی هاتووە، من ئەوەی عالەمیەكە دەخوێنمەوە، دوای ئەوە ئەوان خۆیان چۆنی رێك دەخەن بەو شێوەیە بكەن، دەنگ دەدرێت بە قائیمەكەو لەناو قائیمەكەدا دەنگ دەدرێت بە فەرد، ئەمە شێوازی یەكەمیەتی.

شێوازی دووەمی/ كە من دەمەوێت باسی بكەم لە هیچ كامی لەم ئیجرائاتانەی كە باس كراوە باسی ئەوە نەكراوە قائیمەكە زوعف بێت، یان بە قەدەر خۆی بێت، ئەوە قەت باس ناكرێت لەناو ئەو یاسایەدا، بەڵام ئەگەر هاتو ئێمە، ئێوە، جەنابتان باستان كردووە، منیش پێم باشە هاوڕام لەگەڵ هاوڕێم كاك دڵشاد كە زوعف بێت، زوعف دیموكراسیەتێكی زیاتری تیایە بەوەی كە دەنگدەر بەو ناوە موقەیەد نەبێت، واتا بەو ناوانەی لیستەكە موقەیەد نەبێت، ئەگەر (30) كەس بێت، بەس تۆ دەتوانیت لە رێگای دەنگدانەوە یاری بە تەسەلسولی كاندیدەكان بكەیت، بەڵام عادەتەن ئێمە دەزانین لەوڵاتی ئێمەدا كاندیدەكانی بە جۆرێك دادەنێت لەوانەیە كەسێك هەبێت لە ئاخیر دەنگدا بێت دەرفەتی پێ نەدرێت و تۆ وەكو دەنگدەر مافی ئەوەی بدەیتێ كە ئەو كەسە بێتە پێشەوە، ئەمە خاڵی یەكەممە.

بەڕێزان، خاڵی دووەمم/ قورسە بۆ من وەكو ژنێك تەراجوع بكەم بەڕاستی لە نیسبەتی لە 30٪ی ئەنجومەنی پارێزگاكان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەكان، تەراجوعە بۆ من وەك ژنێك ئەگەر بڵێم با قائیمەی فەردی هەبێت، بەڵام دیموكراسیەت دائیمەن كارێك دەكات، كە تۆ دەبێت لە زۆرجار ئەگەر دژی خواستەكانی خۆشت بێت، دەبێت دیموكراسیەت ئەو لایەنە هەڵبژێری كە هەموو تاكێك مافی خۆ تەرشیح كردنی هەبێت، یەعنی ناكرێت، ئێستا ئێمە لە حاڵەتێك داین، ئەگەر من وەكو ژنێك ئیختیارم بدەیتە دەست، بەڵێ پێم خۆشە قائیمەكە لە سێ كەس كەمتر نەبێت، بۆ ئەوەی تەمسیلی ژن پارێزراو بێت، بەڵام ئەخۆ ماف دەدەیتە پیاوێك، یان ژنێكی تر لە هیچ حزبێكدا نییە، مافی ئەوەی نییە خۆی بە تاكە كەس، وەكو تاكە كەس خۆی تەرشیح بكات، یان دەبێت دەستی دوو كەس بگرێت لەگەڵ خۆیدا بڵێ ئێوە وەرەن لەگەڵم، ئەگینا قەبوڵم ناكەن، بەڕاستی ئەوەشیان نا دیموكراسیە، لەبەر ئەوە هیوادارم بەشێوەیەكی جوان بتوانین بیر لەو مەسەلەیە بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وەختت تەواو بوو، بەڕێزان، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، ئەمڕۆ بەس موناقەشە دەكەین، هیچ ناخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی لیژنەی هاوبەش مولاحەزەكانی خۆیان بنووسن و باشتر صیاغەی بكەنەوە،

لە جەلسەی داهاتوو ئەوجار شتێکی بەهێزمان هەبێت، چونکە ئەم یاسایە زۆر زۆر گرنگە، ڕێزدار هاژە سلیمان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی یەکەم، (سابعاً: القائمة الفردية)، بەڕێزان، من پشتگیری لە هاوکارانم دەکەم کە پێشتر باسیان کرد، بەڕاستی قائیمەی فەردی هەرچەندە لەلایەك دەربڕە بۆ ئازادی تاکە کەس لە ڕێگەی قائیمەی فەردی تاك دەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام پرسیارێك لێرە دێتە کایەوە، ئایا ئەو قائیمەیە ناکۆك نییە لەگەڵ سیستەمی هەڵبژاردنی بە لیست؟

پرسیارێکی تریش/ ئایا ناکۆك نییە بۆ بەدەست هێنانی ڕێژەی کۆتای ژن لەناو ئەو قانونەدا؟ بۆیە بەڕاستی من پشتگیری لەوە دەکەم و، پشتگیری ئەوە دەکەم کە قائیمە لە سێ کەس کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، من تەئیدی پێشنیارەکەی بەڕێز کاك فرسەت دەکەم، چونکە ئەگەر لەو ماددەیەشدا ناوی ئەو ژمارەیە نەیەت، کە لیستەکە ناوی زیاتر بێت لە ژمارەی کورسیەکان، چونکە لە ماددەی تردا ئەو مەسەلە چارەسەر کراوە، لە ماددەی چوارەمدا هاتووە لە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی حەوتەمی یاسایەکەیە دەڵێت:

(ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دەکرێ وەك لیستی تاك، یان کۆمەڵ بۆ هەڵبژاردن خۆ پاڵاوتن بکرێت و دەشبێ ژمارەی کاندیدەکانی ناو لیستی کراوە لە ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون زیاتر نەبێت).

کەوا بوو لەو ماددەیە چارەسەر کراوە، ئەگەر لێرەش ناوەکەی نەیەت زۆر ئاساییە، زۆر تەبیعیە.

بەنیسبەتی داڕشتنەوەکەی، من پێموایە داڕشتنەوەکەی بەم شێوەیە لە عەرەبیەکدا:

(القائمة المفتوحة: القائمة التي تتضمن) وەکو کاك فرسەتیش خوێندیەوە، نەك بەشێوەی نەکیرە، کە لە کوردیەکەشدا دەڵێت لیستێك، بەڵکو ئەو لیستەی کە ناوی کاندیدانی هەڵبژاردنی تێدایە، یەعنی بەشێوەی مەعریفە بێت، نەك بەشێوەیە نەکیرە.

سەبارەت بە لیستی فەردی، لیستی تاك، وەکو لەو ماددەیەی خوێندمەوە، هەم لیستی تاك قەبوڵ دەکرێت کە لیستی فەردییە، لەڕاستیدا سەرەتا من سەبارەت بە داڕشتنەکەی کە دەڵێت (لیستی تاکە کەس: ئەو

ليستەی كە بەگوێرەی ئەو تاكە كەسێك بۆ هەڵبژاردن كانديد دەكرێت، بە مەرجێك لە لای دەستە تۆمار كرا بێت)، پێموایە دارِشتنەوەكەی غەڵەتە، چونكە ئێمە بەو شێوەیە دامانرِێشتووە، ماناكەی بەو شێوەیە كە تاكە كەس بۆی هەیە خۆی خۆی كانديد بكات، نەك كانديد دەكرێت، چونكە ئەو تەنهایە، ليستێك نییە كانديدی بكات تا كەسێك كانديدی بكات، بەڵكو بەو شێوەیە (سابعاً: القائمة الفردية: القائمة التي يرشح بموجبها فرد نفسه للانتخابات) يەعنی بەو شێوەیە بێت كە تاكە كەس، (ليستی تاكە كەس: ئەو ليستەی كە بەگوێرەی ئەو تاكە كەس بۆ هەڵبژاردن خۆی كانديد دەكات، يان بۆی هەیە خۆی كانديد بكات)، چونكە ئەو ليستە بە تەنهایە، كەس نییە كانديدی بكات.

سەبارەت بە رێژەی ژن، من پێموایە رێژەی ژن لێرە ناتوانين نە لە رێژەی پياو، نە ژن باس بكرێت لە ليستی تاكە كەسی، ئەگەر تۆ مافی ئەوە نەدەيت بە تاكە كەس، كە بە تەنها خۆی كانديد بكات، تۆ ئەو مافەی لێ دەسەنيەوە كە زوڵم لە تاكە كەس دەكەيت، پێموایە نابێت ناچاری بكەيت بچێت لەناو ليستێكدا، كابرا حەز دەكات خۆی بە تەنها دابەزێت، ئيتر بۆ ناچاری دەكەيت دوو كەسی تر بخات لەگەڵ خۆی بەراستی، ئەمە بۆشی هەیە ئەو تاكە كەسە ئافرەت بێت، بۆشی هەیە پياو بێت، كە خۆی كانديد دەكات لەراستيدا...

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاتەكەت تەواو، رێزدار حەمە سەعيد كەرەم بكە.

**بەرێز حمە سعيد حمە علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ئەسڵی ياساكەدا ياسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 لە ماددەی يەكەم لە برِگەی دووەمدا پێناسەيەك هاتووە دەستە، دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی كوردستان، ئەم دەستەيە نە ياساكەی دەرچووە، نە دەستەكەش وجودی هەيە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو برِگەی دووەمە نەمێنێت، بگۆرِێت بە كۆمسيۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان دەستەی هەرێمی كوردستان، چونكە ئێستا ئێمە ئەو دەستەيەمان نييە، ئەوە خاڵی يەك.

خاڵی دووەم/ منيش لەگەڵ ئەوەدام ئەو قائيمەی مەفتوحەيە لەراستيدا ئەو تەعريفە تەعريف نييە، وەكو كاك فرسەت گوتی، قائيمەی مەفتوحەی مەحدودە دەبێت تەعريفەكەی بگۆرِێت بەوەی كەوا قائيمەيەكە كە دەتوانيت دەنگ بەقائيمەكەو دەنگ بە كانديدەكەش بدەيت، يەعنی دەنگ بە هەردووكيان بدەيت، خۆی ئەوەيە پێناسەكەی لە ئەسڵدا، نەك ئەو عەددە.

خاڵی سێيەم/ راستە ئێستا ئێمە سيستەمی رێژەييمان لەهەڵبژاردندا رەچاو كردووە، لە سيستەمی رێژەييدا قائيمەی فەردی نييە، چونكە ئەو كاتە دەچينە قائيمەی دائيرييەوە، ئەو كاتە دەچينە سيستەمی دائيرييەوە، كەواتە دەبێت لە سێ كەس كەمتر نەبێت، راستە بە مانايەكی تر تەفسيری بكەيت حوريەت و

ديموكراسيەت و تاكە كەس خۆی هەڵنابژێرێت، یـان ئافرەتێـك بـە تـەنها، یـان پیاوێـك، بـەلاّم سیـستەمەكە سیستەمی رێژەییە، كەواتە ئەگەر كردت بە فەردی، دەبێتە دائیری، كەواتە نابێت، یەعنی تێكەڵ كردنەكـە تێكەڵ دەبێت.

خاڵی چوارەمم/ منیش لەگەڵ ئەوەدام كە زوعفی عەدەد، ئەو عەدەدەی دیاری كراوە.

ئەخیر خالّم/ لە نۆیەم نووسراوە (تاسعا: سجل الناخبین النهائي: سجل لاسماء وبیانـات النـاخبین غـیر قابـل للطعن فیە والذي یتم نشرە بعد انتهاء فترة الاعتراض)، ئـەو (غـیر القابـل للطعـن)ـە، مـن پێموایـە لابـبەین باشترە، بۆ ئەوەی ئەگەر كەسێك، یان كوتلەیەك، یان حزبێك، یان رێكخراوێك ویستی تەعن بكات لە سجلی ناخبینەكە، ئیحتیمال هەیە كە تەعن بكرێت ئەو (غیر القابل للطعن) لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەفرین حسین كەرەم بكە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەنگاونان بەرەو هەڵبژاردن، كە لیستی كـراوەو لیـستی تاكـە كەسـی تیـا بێـت، زیـاتر شـوێن پـێ قـایم كردنی دیموكراسیەتە لە كۆمەڵگاو سەربەستی و ئازادی زیاتر بە كەسـی دەنگـدەر، یـان بڵـێین بـە هـاوولاّتی دەدات، كە سەربەست بێت لە بەربژێر كردنی ئەو كاندیدانەی كەوا پاڵێوراون، بـە حقیقـەت ئـەو پێناسـەی بۆ لیستی كراوە دانـراوە، كە ژمارەی كاندیدەكان ژمارەیان لە ژمارەی ئەو كورسیانە تێپەڕ نـەبێت، كە هەیـە بەڵكو دەكرێت ئەم مەرجە دانـەنرێت، بەڵكو دەكرێت بتوانرێت ژمارەی كاندیدەكان دوو ئەوەندەی ژمـارەی كورسیەكان بێت، بەحقیقەت من مەترسی خۆم سەبارەت بە لیستی تاكـە كەسـی لێـرەدا دەخەمـە روو، ئایـا زەمان چیە بۆ ئەوەی كە لیستی تاكە كەس لـە مـافی ژن نـەخوات، لـە رێـژەی نوێنەرایـەتی كردنـی ژنـان لـە ئەنجومەنە هەڵبژێراوەكان نەبات؟ دیارە هەم لە رەشنووسی دەستووری هەرێمیش رێژەی لە 30٪ مسۆگەر كراوە، دیارە ئەوە بە نیسبەی لیستی كۆمەڵەوەیە، بەهەمان شێوەش لەم پرۆژە یاساییە، یان لەم هـەموارەدا لە لیستی بەكۆمەڵدا رێژەی لە 30٪ی بۆ ژن مسۆگەر كراوە، بەلاّم چ زەمانێك هەیە لە لیسـتی تاكـە كەسـدا ئەو رێژەیە بتوانێت ژنی پڕی بكاتەوە؟ بە حەقیقەت ئەوەی كە تاكە كەس خۆی دەپاڵێوێـت لـە كۆمـەڵگای ئێمە تەنها پیاوە، كوا من تا ئێستا نەمبینیوە ژن بە تاكە كەس خۆی هەڵبژێرێت، یان خۆی بەربژێر بكات، بۆیە پێویستە رێكارێكی یاسایی، یان مەرجێكی یاسایی بدۆزرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەم لیـستی تاكـە كەسـیانە زەربـە لـە رێـژەی نوێنەرایـەتی كردنـی ژنـان نـەدات لـە ئەنجومەنـە هەڵبـژێراوەكان، بـەڵكو بتوانرێـت دەرفەتێكی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە، ژنیش بتوانێت بە هەمان شێوەی پیاو لەو رێژەیەدا بەشداری بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بلال سلیمان كەرەم بكە.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆشبەختانە ئەوانەی من دەمویست باسی بكەم زۆربەی باس كران، بەس هەر پشتیوانی دەكەم لەو بەڕێزانە، من خۆم تەئیدیان دەكەم.

سەبارەت بەوەی ماددەی یەكەم، منیش پشتیوانی بەڕێز كاك حەمە سەعید دەكەم، كە ئەم تەعریفەمان نییە، واتا ئەو هەیئەیەمان نییە ئەسڵەن، لێرە كە تەعریف كراوە (الهيئة العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء في كوردستان)، كە ئێمە نیمانە، چۆن تەعریفی دەكەین؟ پێموایە ئەوە دەبێت چارەسەر بكرێت، چونكە ئەسڵی ئەم یاسایە كێ جێ بەجێی دەكات؟ هەیئەی ئینتیخابات، كە هەیئەی ئینتیخاباتەكە ئێمە نیمانە، كە نیمانە دەبێت كەسێك بیكات كە هەمان بێت، ئەگەر دوایی لیژنەی یاسایی تەعریفێك، یان روون كردنەوەیەكمان بداتێ سوپاسیان دەكەین.

سەبارەت بە قائیمەی فەردی، دیسان ئەو قائیمەی فەردی كە تەعریف كراوە لێرە، بەڕاستی مانای ئەو نیمچە كراوەیە ناگەیەنێت، پێویستە بەڕاستی تەعریفێكی شامل بكرێت، كە فەردیەی مەحدودە بێت، وەكو جەنابی كاك فرسەت باسی كردو پشتیوانی لە رەئیەكەی جەنابیان دەكەم، دیسان سجلی ناخیبینی فەردی، ئەویش وەكو كوێستان خان باسی كرد، من پشتیوانی لێ دەكەم، كە ئەویش وەكو چەند بەڕێزێكی تریش باسیان كرد، ئەو لە 30٪یەی ئافرەتان ناپارێزێت، كاتێك كە خەڵك ئازاد بێت بە فەرد خۆی هەڵبژێرێت و بۆ ئەوە حەتمەن لەوانەیە لە 30٪یەكە زامن نەبێت، لەبەر ئەوە من پێموایە دەبێت بەلای كەمی قائیمە بێت، قائیمەش لە سێ كەس كەمتر نەبێت.

سەبارەت بە خاڵی نۆیەم، دیسان لەوێش براندۆتیەوە كە نابێت (غير القابل للطعن) بەڕاستی كە باس دەكات لەسەر سجلی ناوەكان، ئەوەش بەڕاستی شتێكی نا مەنتیقیە پێموایە ناكرێت تەعن نەدرێت، كاتێك لەوانەیە قائیمیەك زۆربەی زۆری تەزویر بێت، یان نەوعێك بێت كە خەڵكێك فێڵی كرد بێت، شتی كرد بێت، ناكرێت تەعنی لێ نەدرێت، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو (غير القابل للطعن)ـە لەوێ لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەلال علی كەرەم بكە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من زۆری كران، من پشتگیری پێشنیارەكەی كاك فرسەت و كاك دڵشاد و سۆزان خان و باقی برایان دەكەم، دیارە من ئەو تێبینیەم هەیە، كە روحی یاسا لەوە دایە كە بڕگەكانی چوونیەك و جیاوازییان هەبێت.

بەنیسبەت قائیمەی مەفتوحەی مەحدودە، دیارە لە دوو بڕگەی جیاوازدایە، یەكێكیان/ بە قائیمەی مەفتوحە هاتووە، ئەوەی تریان بە قائیمەی مەفتوحەی مەحدودە هاتووە، بۆیە من پێشنیار دەكەم هەموو

برگەكانی كە قائیمەی مەفتوحەی تیایە ببێتە قائیمە مەفتوحەی مەحدودە، بۆ ئەوەی پانتایەكی زیاتر بدەین بە ناخیب، كە بتوانێت هەم حزبەكەی و هەم خەڵكی موستەحەق و شیاو دابنێ بۆ ئینتیخاباتەكەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال طاهر كەرەم بكە.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە كاك ئەحمەد دەكەم سەبارەت بەوەی لە ئەسڵی قانوندا هەیە (الهیئة)، ئێستا ئەو هەیئەیە نییە، عەلە ئەساس دامەزرا بوایە، بەڵام دانەمەزراوە، پێویستە لێرە چارەسەرێك بكەین، یان لێرە لابدەین.
خاڵی تریش ئەوەیە، (القائمة المفتوحة المحدودة)، پشتیوانی لێ دەكەم، بەڵام لێرە ئەگەر بێتو نەصی تەعریفەكە بخوێنینەوە، دەڵێتن (حیث یمكن للناخبین التصویت لحزب)، باشە ئەگەر هاتو قائیمە قائیمەی حزب نەبوو، قائیمە قائیمەی ئیئتیلافی بوو، دوو، سێ حزب پێكەوە رۆیشتنە ئینتیخابات بە یەك ئیئتیلاف، ئەو كاتە چۆن دەبێتن؟ ئەگەر بێین ئەسڵی تەعریفەكە بخوێنینەوە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەگەر بێتو تەعریفی بكەین (القائمة المفتوحة المحدودة: شكل من اشكال التمثیل النسبي حیث یمكن للناخبین التصویت لقائمة ثم یمكن ان یقوم بالتصویت على مرشح او اكثر ضمن القائمة ذاتها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەروین خان كەرەم بكە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت قائیمەی مەفتوحە من پێم باشە لیستی كراوە نەبێت، بەڵكو نیمچە كراوە بێت، چونكە ئەمە جۆرێكە لە تەمسیلی نسبی، هەروەها رێگە دەدات كە هەموو حزبە بچووكەكانیش تەمسیلی ئەم هەڵبژاردنە بكەن، هەروەها كورسیەكان بەشێوەیەكی عادیلانە تەوزیع دەكرێت، چونكە دەنگدەر دەتوانێت هەم دەنگ بە لیستەكەی بدات، هەم دەنگ بە پاڵێوراوەكە بدات لەناو لیستەكە، ئەمەش جیا دەكاتەوە لە لیستی داخراو، هەروەها زیاتر شەرعیەت بە هەڵبژاردنەكە دەدات ئەم جۆرەیان، وا دەكات كە رێگا بەوە بدات كە ژنیش زیاتر تەمسیلی ئەو هەڵبژاردنە بكات.
بەنیسبەت ژمارەی پاڵێوراوان كە دەڵێت بەگوێرەی كورسیەكان بێت، من پێم باشە زوعفی ژمارەكە بێتن، چونكە ئەمە زیاتر وا دەكات كە خەڵك زیاتر بەشداری لە هەڵبژاردنەكە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بێریفان خان كەرەم بكە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەمدا من بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوە ماددەیەم کە لە ئەسڵی پڕۆژەکەدا هاتووە، کە دەڵێت بە لیستی کراوە بێت، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ قائیمەی مەحدودە نیم، چونکە لەلای من دەبێتە دوو دەنگ، دەبێت دەنگ بە حزبەکە بدات و دەنگیش بە کاندیدەکە بدات، زۆر جار خەڵك دەنگ بە کاندیدەکە دەدات، لەبەر ئەوەی نییە لەو حزبەیە، لەولیستەیە، جاری وا هەیە دەنگ دەدەیت لە لیستەکە، لەبەر ئەوەی نییە ئەو کاندیدەی تێدایە، بۆ یەك دەنگ پێویستە، ئەویش بە کاندیدەکە بداتن، کە دەنگیدا بە کاندیدەکە، هەر دەگەڕێتەوە بۆ لیستەکە، هەروەها بەتەواوەتی لەگەڵ ئەوەم لیستی تاکە کەس هەبێت، چونکە هەر کەسێك ماڧ خۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێت، پێویست ناکات بە دوو کەسی تر ببەسترێتەوە، پێویست ناکات لەگەڵ یەکێکی تر بە واستەی ئەو و بە دەنگی ئەو بچێتە شوێنی ئەو، لیستی تاکە کەس ئەوە ماڧ مرۆڤە، بەنیسبەت ئەوەش لەگەڵ ئەوەمە ڕێژەی کورسیەکان دوو ئەوەندە بێت، هەتا شەنص بدەین بە دەنگدەران، تا دەنگ بدەن، ئەوەی تریش باس کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە پێناسەکان وەکو پێ دەچێت هەم وەکو ئیرادەی نیەتی هەردوو لیژنە، هەم ئەوەیە کە قائیمەی شوبھ موفتەحە بێت، یان (القائمة المفتوحة المحدودة)، بۆیە یەکەم جار پێویستە ناوەکە ڕاست بکرێتەوە، بکرێتە (القائمة المفتوحة المحدودة)، پاشان پێناسەیەکی ڕاست و دروست بکرێت، بە بڕوای من پێناسەکە بەم شێوەیە بێت (ئەو لیستەیە کە دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بە لیستەکە بدات، یان بە لیستەکەو کاندیدێکی ناو لیستەکە بدات)، لەو پێناسەیەدا ئاماژە بە ژمارەی کاندید کراوەکانی ناو ئەو لیستە نەکرێت، چونکە لەبەر ئەوەی لە ماددەیەکی تردا ئاماژە بە ژمارەی کاندید کراوەکانی ناو هەر لیستێك لە لیستەکان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبداللە مەلا نوری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکانی من کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاوە محمد امین کەرەم بکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك ئاسۆ دەکەم بۆ تەعریفی لیستەکە، قائیمەکە، هەروەها پشتگیری لە ڕەئیەکەی کاك دڵشادیش دەکەم، کە فیعلەن ژمارەی کاندیدەکان لە قائیمەکە لە دوو ئەوەندە زیاتر نەبێت، بۆ ئەوەی مەجال زیاتر بێت، بۆ ئەوەی هەم دەنگدەر بتوانێت و مەجالی زیاتری هەبێت کە کاندید هەڵدەبژێرێتن، هەمیش مەجال هەبێت بۆ ئەو قائیمانە کە زیاتر کاندید هەڵبژێرن، ئەو کاتە دیموکراسیەت و مەجالی ئازادی دەنگدان زیاتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش نوقتەیەکی نیزامیان هەیە کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە ئەنجامی موناقەشەکان، تۆزێك ڕەنگە نا تێگەیشتنێك هەبێت بۆ مەسەلەی نیمچە کراوە، نیمچە کراوە بەپێی ئەو پێناسە نێودەوڵەتیەی کە لەلامان مەجودە لە نزومی ئینتیخابی دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەکە بدات و دەنگ بە یەك لە کاندیدەکان بدات، کەواتە دەبێت دەنگ بە لیستەکە بدات و ئینجا دەنگ بە یەك لە کاندیدەکانیش بدات، بۆ قاسمی ئینتیخابیش زەرووریە دەنگ بە لیستەکە بدات، چونکە قاسمی ئینتیخابی لەسەر ئەساسی دەنگی لیستەکە دەردەچێت، نەك لەسەر ئەساسی دەنگدەر، واتا بە مەفهومی موخالەفەی ئەگەر هاتو لە نیمچە کراوەدا یەکێك دەنگی نەدا بە لیستەکە، تەنها دەنگی دا بە دەنگدەرەکە، ئەم دەنگە دەسووتێت، ئەمە تەنها بۆ تەوزیحە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس دەتوانێت دەنگ بە لیستەکە بدات و بەڵام دەنگ بە کەس نەدات، تەنها بە لیستەکە بدات، زۆر سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق کەرەم بکە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لە پێناسەکەوە دەست پێ دەکەم، کە بەڕێز کاك شێروان مولاحەزەیدا، من هەر دەڵێم ئەو پێناسەیەی کە ئێستا کردی با ئەوە لە جێگەی پێناسەی قائیمەی مەفتوحە بێت، چونکە بەڕاستی کە تۆ پێناسە دەخوێنیتەوە دەبێت پێناسەکە ئەوەندە وازیح بێت خوێنەر یەکسەر لێی تێ بگات، ئێمە ناکرێت بڵێین پێناسەکە لە ماددەی شەشەمدا پێناسە کراوە، یان بڵێین ئەمە نێودەوڵەتییە، دەبێت بیخەینە سەر زمانێکی سادە، بۆ ئەوەی خوێنەری خۆمان، هاووڵاتی خۆمان لێی تێ بگات، ئەوە خاڵێك، بەڕاستی ئەو پێناسەیەی کاك شێروان کردی دەبێت وازیح بێت، لێرە کە خوێندمانەوە یەکسەر تێ بگەین، دەبێت دەنگ بدەین بە لیست و دەنگ بدەین بە ناوی، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تریش، من پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم، کە بەڕاستی مەقاعیدی ئەنجومەن زوعف بێت، چونکە دوو دەرفەتە، دەرفەتێك دەدەیت بە پاڵێوراوێك خۆی زیاتر بپاڵێوێت، دەرفەت بە دەنگدەر دەدەیت کە ئیختیاری زیاتری لەبەردەم بێت، کە ئەم دوو شتە بەڕاستی هەر دووکی لە بەرژەوەندی هاوولاَتیە.

خاڵێك کە من حەز دەکەم ئیشارەتی پێ بدەم بەڕاستی، تەعدیلی بڕگەی سێیەمە لە ئەسڵی یاساکە، یاسای ژمارە (4) بڕگەی سێیەم ئەو خاڵەی کە کاك عبداللە ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی من لەو ڕۆژەی ئەم ڕاپۆرتەم خستۆتە دەست بە شوێنی شوێن دادەگەڕێم بۆ ئەم ئیدارە سەربەخۆیانە، کە بەڕاستی ئێمە لە ساڵی 1999ەوە لەم پەرلەمانە بڕیاری بە پارێزگاری کردنی شوێنێکی وەکو هەڵەبجە درا، بەلاَم تاخیر کرا، لەبەر ئەوەی دەڵێن لە سەلاحیەتی ئێمە نییە، کە بەداخەوە حەق وابوو پێش ئەوەی بڕیار لەسەر شتێك بدەین، ئەگەر زانیمان لە سەلاحیەتمان نییە، زاانیمان ئەم بەردە زۆر زلە هەڵناگیرێت، بڕیاری بۆ دەرنەکەین، تۆ وەعدت بە پارێزگاری کردنی شارێکت داوە لە ساڵی 1999، ئێستا بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ ڕازیت کردووە، ئەم ئیدارە سەربەخۆیە مەحەلی نییە لە ئیعرابدا، نازانی دەستەلاَتەکانی لەکوێیە؟ من پێموایە ئەگەر بڕگەی سێیەم ئەنجومەنەکان، ئا لێرە ئەگەر بتوانین بڵێین بۆ ئەم ئیدارە سەربەخۆیانە ئەنجومەنیان هەبێت، بۆ ئەوەی بەلای کەمی تۆزێك لە قەزاو ناحیەکان بەرز دەکەیتەوەو ناشیگەیەنیتە پارێزگا، من ئەم پرسیارە بەڕاستی، ئەم پێشنیارە تەرح دەکەم بۆ لیژنەی یاسایی کە دەکرێت ئێمە خۆمان قسە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا بکەین، یەعنی تا کەی ئێمە هەر بڵێین کۆمسیۆنی باڵا ئێوە دەڵێن چی، با ئێمە وا بکەین، ئەی بۆ ئێمە نەڵێین، ئێمە ئیدارەی سەربەخۆمان هەیە، دەبێت بەلای کەمی لەهەنگاوی یەکەمدا ئەنجومەنێکیان بۆ تەرتیب بکەین، ئێمە فەرزی شتی خۆمان بکەین بەسەر ئەوانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەئیدی پێشنیاری کاك فرسەت و کاك دڵشاد دەکەم، لە ماددەی یەکەم لە فەقەرەی شەشەم، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە صیاغە بکرێتەوە (القائمة المفتوحة المحدودة: قائمة تتضمن اسماء المرشحين للانتخابات لایزید عددهم عن عدد ضعف المقاعد الانتخابیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدارنەریمان عبداللە کەرەم بکە.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ هاوکارانم هاوڕام، کە ئەو پێناسەیەی قائیمەی مەفتوحە کەموکورتی تێدایە، لەبەر ئەوە ئێمە بەس بە قائیمەی مەفتوحە نووسیومانە، قائیمەی مەفتوحە دوو جۆرە، موتڵەقەی هەیە،

مەحدودەشی هەیە، من پێموایە لە هەردوو لیژنەش موتەفیق بووین لەسەر پێناسەیەك کە کاك شێروان ئاماژەی پێ کرد، کە پێناسەیەکی عالەمییە، من بۆ خۆم لەگەڵ موتڵەقەم، بەڵام وەکو ئێمە رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە مەحدودەکە بێت، بەڵام لەڕاستیدا ئاماژەی پێ نەکراوە، من حەز دەکەم هەردوو لیژنەکە تێبینی بکەن، لەبەر ئەوە ئەمە داخوازی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش بوو، دەڵێت (یعتمد نظام القائمة المفتوحة لانتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي وفق نظام التمثيل النسبي المفتوح المحدود)، بۆیە دەبێت پێناسەکە بۆ قائیمەی مەفتوحی مەحدود بێت، کە لەکاتێکدا ئێمە دەمانەوێت پێناسەکە لە مەحدودەکە کۆتایی پێ بێت، نەك لە موتڵەقە، بۆیە هەردوو خوێندنەوەکەی بۆ دەکرێت، بۆیە لە پێناسەکە داواکارم راست بکرێتەوە.

لە برگەکەی دواتردا، برگەی نۆیەم، یان هەشتەم، بەڕاستی ئێمە کە قسەمان کرد لەگەڵ کۆمسیۆندا ئەو سجلی ناخیبینی بیدائی و نیهائی داوامان کرد کە چۆن تیا نەهات، ئەو لایەنانەی کە بەشدار دەبن لەهەڵبژاردنەکاندا، چۆن تەئمین بن لەو لیستەی کە کۆتایی دەچێتە بەردەمی دەنگدەران دەنگی بۆ بدەن، ئەوان گوتیان ئێمە (48) سەعات پێش هەڵبژاردنی تایبەت و هەڵبژاردنی گشتی لیستەکە دەدەین بە کیانات، کە پێشتر ئەمە نەبووە، ئەمە بە شەفەهی گوتیان بە ئێمە، بەڵام بۆیە من داوا دەکەم کە ئەوە داخل بکرێت لەوێدا، لە کۆتایی نۆیەم، یان لە کۆتایی هەشتەم بگوترێت (ويتم تقديمه قبل اجراء الانتخابات بمدة 48 ساعة الى الكيانات المشاركة في الانتخابات)، لەبەر ئەوە ئەو کیانە کە بزانێت چەند کەس لەو شوێنە دەنگ دەدراوە، هەموو کیاناتەکان ئاگادار بن، بۆ ئەوەی ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە بوو، کە قائیمەی ئیزافی دروست دەکرێت ناوی دەنرێت قائیمەی (111)، کە لە زۆربەی ئینتیبخاباتەکاندا ئەم کێشانە هەبووە، بۆ ئەوەی دووبارە نەکرێتەوە، بۆیە داوا دەکەم ئەوە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار نەسرین خان کەرەم بکە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من دەگەڕێمەوە بۆ ئەسڵی یاساکە، ماددەی یەکەم/ برگەی دووەم، لەکاتێکدا باسی دەستە دەکات، دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دیارە ئێمە تا ئێستا ئەم دەستەیە دروست نەبووە، بۆیە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی ئەم هەڵبژاردنە دەکات، بەڵام لێرە من بە پێویستی دەزانم لە برگەی دووەمدا کە دەڵێت (دەستەی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و راپرسی لە کوردستاندا)، کە دەڵێت لە کوردستاندا هەموو کوردستان دەگرێتەوە، من بەپێویستی دەزانم هەرچەندە لە برگەی یەکەمدا دەڵێت هەرێمی کوردستان، بەڵام من بە پێویستی دەزانم لێرە لەو بەینە راپرسی لە هەرێمی کوردستان، واتا هەرێمی بۆ زیاد بکرێت، چونکە کە دەڵێت لە کوردستاندا، واتا هەموو کوردستان، بەڵام ئێمە ئەو دەستەیەی کە هەڵدەبژێرین و دروست دەکرێت دەستەیەکە بۆ هەرێمی کوردستان.

بەنیسبەت بڕگەی شەشەم، لیستی کراوە، تاوەکو ئەوە یەکلایی نەکرێتەوە، یەعنی پێویست بەوە دەکات دیارە هاوکارانم زۆر ئاماژەیان پێدا، دەبێت ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، لیستی کراوە، یاخود لیستی نیمچە کراوە، چونکە ئەوە دوو پێناسەی جیاوازیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عدنان عثمان کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی دووی ماددەی یەکەم هەبوو، بەلاّم لەڕاستیدا ئەوەی دەستەکە، بەلاّم لە ماددەی دووەمدا چارەسەر کراوە، لەوانەیە برادەران ئاگایان لەوە نەبێت کە باسی موفەوەزییە دەکات، ئەگەر دەستەکە دروست نەکرێت، هەیئەکە دروست نەکرێت، بۆیە ئەوە موعالەجە کراوە.

با من بێمە سەر قائیمە مەفتوحەکە، لەڕاستیدا ئەوەی کە لیژنەی هاوبەش دایناوە تەعریفێکی زۆر دەقیقە هیچ خەلەلێکی یاسایی و ئوصولی تێدا نییە، کە قائیمەی مەفتوح بەو شێوەیە، لەڕاستیدا ئەمەی نیمچە ئیشکالیەتێك دروست دەکەین بەم نیمچە موتڵەقەو نیمچە کراوەیەو ئەوانە، قائیمەی مەفتوح مەعلومە، ئەو قائیمەیەی با بڵێین خەڵکەکە دەتوانن ئیختیار بکەن لەنێوان کاندیدەکاندا، بەلاّم پێموایە بەو حوکمەی کە من زۆر گەڕام لە یاساکە، چونکە لە یاساکە بابڵێین مەفتوح نییە، واتا داخراوە، بەلاّم لەم تەعدیلاتانەش کە کراوە ئاماژەی پێ نەدراوە، ئاماژە بەوە نەدراوە کە شێوازی دەنگدان، لە داخراوەکە مەعلومە شێوازی دەنگدان بۆ لیستە، بەلاّم لە کراوەکەش شێوازی دەنگدانەکە روون نییە لە هەموو ئەو تەعدیلاتانەی کە کراوە، بۆیە من پێموایە تەعریفەکان راستە نابێت درێژ بن، بەلاّم ئەگەر تەحدید بکرێت، پێموایە کارئاسانیەك دەکات، بۆیە لەو نوقتەیە من لەگەڵ ئەوە نیم، قائیمەی مەفتوح ناکاتە ئەوەی کە تۆ تەبعەن تۆ دەتوانیت دەنگ بە لیست بدەیت لە قائیمەی مەفتوحە، بەلاّم دەتوانیت دەنگ بە یەکێك لە کاندیدەکان بدەیت، یەعنی دەنگدان بە کاندیدێك ئۆتۆماتیکیەن دەکاتە دەنگدان بە لیستەکە، بۆیە نابێت ئەوەی لە عێراقدا لە هەڵبژاردنەکان کارێکی زۆر ئیشکالیەتێکی بۆ بوو، کە تۆ دەنگ بە کاندیدەکەش بدەیت و دەنگ بە لیستەکەش بدەیت، کە تۆ دەنگت بە کاندیدێکدا (س) لەناو ئەو قائیمەیە، قائیمەیەکی دە کەسی، یان پەنجا کەسی، واتا دەنگت بە خودی لیستەکە داوە، بۆیە ئەو ئیشکالیەتە نابێت، واتا ئێمە دەتوانین لەو تەعریفە بڵێین، یەعنی تەعریفەکە زۆر دەقیق و جوان و لیژنەکە کردوویەتی، بەلاّم ئەمەی بۆ ئیزافە بکەین (ویحق للناخب التصویت للقائمە او لاحد المرشحین فیها)، یەعنی یان بۆ قائیمەکە دەنگ دەدەیت، ئەمە مەفتوحە، یان بۆ یەکێك، نەك بۆ یەکێك و جا برادەران زۆر سەر دەلەقێننەوە کەوا نییە، بەلاّم لەڕاستیدا لەوەی عێراقدا کە لەبەردەستمدایە بەو شێوەیە، ئەوەی عێراق کردوویانە، یەعنی تۆ دەتوانیت لەوەی عێراقدا لەهەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق لەبەردەستمدایە دەتوانیت یان دەنگ بۆ لیستەکە بدەیت، یان دەنگ بۆ یەکێك لەکاندیدەکان بدەیت، ئەمەشە لیستی کراوە،

بۆیـە نیمچـە کـراوەو موتڵـەق و ئەوانـەی پێویسـت نییـە، ئـەوەی فەردیەکـە، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، مەوزوعی فەردیەکە لەڕاستیدا من هەر بـۆ خـۆم لەگـەڵ سیسـتـەمی دائیریـم بـۆ ئینتیخابـاتی پارێزگاکـان و قەزاکان، نـەك بۆ لیست و سیستەمی نسبی، بـەڵام یـەعنی بـوونی فـەردێك ئـازادی دان بـە ئینسانەکان، بـۆ ئەوەی خۆیان تەرشیح بکەن، ئیجازەم بدە، چونکە نەخێتك خۆتـان مەشغول بـوون، ئـەو ئیشکالیەتانەمان نییە، سێ ئیشکالیەت هەیە کە من بە کورتی قسەی لەسەر دەکەم:

یەکەم/ ئەمە سیستەمێکە سیستەمی لیستە.

دووەم/ مەوزوعی مردن، لە حاڵەتی مردنی ئەو کەسەی فەردیەکـە، ئەمـە موعالەجـە نـەکراوە، مـن لەگـەڵ شەخصم، لەڕاستیدا لەگـەڵ لیستێکی سـێ کەسـی و ئەوانـە، شـەخص ئـازاد بێـت بـۆ پارێزگـاو بـۆ قـەزاکان شەخص گرنگە، بـەڵام لـەم پرۆژەیـە چـونکە ئـەوەی تـر قائیمـەی موغلەقـە، لـەم تەعدیلـەش ئامـاژە بـەوە نەدراوە چۆن موعالجە دەکرێت، لـەوەی عێـراق موعالەجـە کـراوە، دەڵێـت ئینتیخابـاتی تـەکمیلی دەکرێـت، یـەعنی کـە فـەردێك خـۆی هەڵدەبـژێرێت، خـوا نـەکا دەمرێـت، یـان نـەخۆش دەکـەوێت، یـان ناتوانێـت دەردەکرێت لە هینەکە، لەوەی عێراق موعالەجە کراوە، دەڵێت ئینتیخاباتی تەکمیلی دەکرێت، بەڵام لەوەی هەرێمدا موعالەجە نەکراوە، پێموایـە لیژنەکـە دەبێـت موعالەجـەی ئـەو نوقتەیـەش بکـەن بـۆ فەردیەکـە، ئەگەر فەردیەکە دانێن بۆ ئەو مەوزوعە.

خاڵێکی تر، من زۆر پشتگیری ئەو قسانەی کـاك عبـداللە دەکـەم و نوقتەیـەکی زۆر گرنگـی ئامـاژە کـرد، کـە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە برگەی سێ باسی مەجالیس دەکات، تەحدیدی کردووە مەجالیس، باشـە ئێمـە ئەو ئەنجومەنانەمان داناوە، ئەو ئیدارە سەربەخۆیانە ئەگەر ئەنجومەنی نەبێت، ئیـدارەی ئیشـەکانی بکـات و بودجەی ببات، ئیتر حیکمەت لـەوە چیە، برگـەی سـێ لێـرە دەڵێـت (مجالس المحافظات والمجالس المحليـة للاقضية والنواحي)، باسی ئیدارە سەربەخۆیەکان ناکات، ئەمە خەلەلێکی زۆر گەورەیە، دەبێت موعالەجەی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالرحمن حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەروا لە برگەی شەشەمی ماددەی یەکەم پێم باشە بە لیستی کـراوە بێـت، بـەڵام هەنـدێك برادەر باسی زوعفی ژمارەی کاندیدەکانی ناو لیستەکەی کرد، کـە ئـەوە بـۆ ئێمـە کێشـە دروسـت دەکـات لـە قەزاکان، لەناحیەکان، بەیانی لەوانەیە ناحیەیەك چوار کەسی بوێت پێمـان ناکرێـت چـوار کەسـیش پەیـدا بکەین، لەکوێ زوعفی ئەوە بێنین مەسەلەن؟ یان زۆر لیست هەیە مەلەسـەن ئـەو لیسـتانە، ئـەو ئەندامانـە لەکوێ کۆ دەکەنەوە لەو ناحیەو قەزایانە کە زوعفی ئەو لیستە پێیـان بـاش بێـت؟ مـن پـێم باشـە یـەعنی

وەكو خۆی بمێنێت، ژمارەی ئەو كورسیانەی كە لەوێ پێویستن لەو قەزاو ناحیانە هەروەكو خۆی بمێنێت نەبێتە زوعف، لەوە زیاتر نەبێت.

بەنیسبەت خاڵی حەوتەم/ من پێم باشە ئەوە وەكو تاكە كەسی نەمێنێت، یەعنی لیستی تاكە كەسی نەبێت، لە سێ كەس كەمتر نەبێت، وەكو جەنابتان باستان كردووە، ئەگەر یەكێك بمرێت، یان نەمێنێت، یان یەكێكی تر بێتە پێش، یان مافی ژنیش تیا بەرچاو بگرێت لە دوو كەس ژنێك بێت، من پێم باشە ئەوە زۆر باشترە لەوەی تاكە كەس بمێنێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی وەكو سیستەمی هەڵبژاردن سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی چەند لیستێكی هەیە، بۆ نموونە لیستی كراوەی سنووردار، لیستی كراوەی ئازاد، لیستی داخراو، بە ڕەئی من لێرەدا لە خاڵی شەشەمی ئەوەی كە بۆی زیاد دەكرێت بەو شێوەیە لەسەر ناونیشانەكەی بكرێت بە لیستی كراوەی سنووردار، لە هەمان كاتدا ژمارەی ئەندامانی پاڵێوراوانی هەر لیستێك دوو ئەوەندەی ژمارەی كورسی تەرخان كراو بێت بۆ هەر بازنەیەكی ئینتیخابی، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی حەلی زیاتر، هەلی زیاتر، مەجالی زیاتر لەبەردەمی ئەندامانی هەر حزبێك، هەر لایەنێك دەكاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بپاڵێوێت و فورسەتەكانی لە دەست نەچێت و بە مەبەستی خزمەت كردنی ئەو وڵاتەی كە تیایەتی.

بەنیسبەت لیستی كراوەی سنووردارەوە، خۆی لەخۆیدا شێوەیەكە لە شێوەكانی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، كە دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بدات بەو لیستەو، لە هەمان كاتیشدا دەتوانێت دەنگ بدات بە نوێنەرێك، بە كاندیدێك لە كاندیدەكانی ئەو لیستەی كە هەیە، ئەم شێوەیە چەند لایەنێكی ئیجابی هەیە بە ڕەئی من، وەكو ئەوەی كە دابەش كردنی كورسیەكان بەشێوەیەكی مافپەروەرانە دەبێت لەنێوان حزبەكاندا، ئەمە لایەنی ئیجابیەكەی، ئیجابیەكی تر ڕێگە دەدات بە نوێنەرایەتی كردنی حزبە بچووكەكان لە ناو ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنەو، هەروەها ڕێگە دەدات لە هەمان كاتدا لە ناو پەرلەماندا هاوكاری لەنێوان حیزبەكاندا زیاتر بكرێت، ئەم شێوەیە لە لیستی كراوەی سنووردار، هەر حیزبێكیش دەتوانێت زۆربەی زۆری دەنگدەرانی كە هەیەتی لە ناوێك، یان چەند ناوێك لە ناو ئەو حیزبەدا ژمارەی كاندیدەكانی زیاتر بكات، ئەم ژمارە كاندیدانە دەبێتە هۆی ئەوەی كە لە هەر بازنەیەكی ئینتخابیدا بەنیسبەت دەنگدەرەوە تاكو ڕادەیەك بە متمانەیەكی تەواوەوە، بە قەناعەتێكی تەواوە دەنگ دەدات، چ بە حیزبەكە، چ بەو كاندیدە، نەوەكو بەگومانەوە دەنگ بدات، مومكینە ئەم شێوەیە سلبیاتی هەبێ و سلبیاتەكە تەنها بۆ دەستەی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانە لەوەی ژمارەی وەرەقە زیاتر چاپ دەكات، زیاتری تەبع دەكات، لەهەمان كاتیشدا وەكو دەنگدەریش كاری گرانتر دەبێ لە كاتی هەڵبژاردنی هەر نوێنەرێك لە نوێنەرەكانی

لەناو هەر لیستێك لە لیستەكان، لەبەر ئەوەی ژمارەكانیان زیاتر دەبێ، ئەم شێوەی لیستی كراوەی سنوور، بەڕاستی مونافەسەكان دابەش دەكات بۆ دوو بوار، مونافەسەیەك لەلایەن پاڵێوراوەكانی ناو حیزبێك لەناو حیزبەكانەوە، مونافەسەی تریش لەنێوان حیزبەكان، یاخود هەر لیستێك لە لیستەكاندا، كەواتە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی كە مونافەسەكان لەبەینی كیانەكاندا، یاخود لە بەینی حیزبەكاندا بەشێوەیەك توندوتیژی كەمتر بكاتەوە، لەبەر ئەوەی دوو شێوە هەیە، یەعنی دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگدەران خۆی بەشێوەی مەقبول و بەشێوەیەكی ڕێك و پێكترو هێمنانە تر دەتوانێت دەنگ بدات بە نوێنەرەكەی و بە لیستەكەشی، ئەم شێوە هەڵبژاردنانە هەیە لە سویدو نەرویج و لە یابان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار نیشتمان خان كەرەم بكە.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەكانی من كران، تەنها یەك، دوو شت هەیە دەمەوێ باسی بكەم، لێرە لە ماددەی یەكەم بڕگەی شەشەم، تەنها پێم باشە لیستەكە لیستی كراوەی سنووردار بێت، ژمارەی كاندیدەكانی دوو ئەوەندەی ژمارەی كورسیەكان بێت.

لە خاڵی حەوتەم، پێم باشە ئەوەی تێدا زیاد بكرێت (بەمەرجێ ژمارەی ژنان) تێیدا ڕەچاو بكرێت و میكانیزمێكی وا دابندرێت كە ژمارەی ژنان 30٪ تێدا كەمتر نەبێت.

لە خاڵی هەشتەم، پێشنیار دەكەم لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە ناوەكان بڵاوبكرێنەوە، بۆ ئەوەی زیاتر خەڵكەكە ئاگادار بێ لەڕاستی و دروستی ناوەكەی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كاك گۆران كەرەم بكە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من برادەران كردیان، من نامەوێ دووبارەی بكەمەوە، تەنها یەك خاڵ كە دەمەوێ تەئكیدی لێ بكەمەوە مەسەلەی وێڕای هەموو تێبینەكم لەسەر مەسەلەی ئیدارەی سەربەخۆ لەڕووی موخالەفاتی دەستووری و قانونی، بەلام ئەگەر شوێنێك هەبێ بتوانین سەنەدێكی قانونی پێ بدەین و بریتیە لەم یاسایە، ئەگەر نا شەش مەنتیقە چاوەڕێی ئیدارەی سەربەخۆیە، لێرەدا ڕەئیەكیان بدەینێ نەڵێین سەرۆكی ئیدارەی سەربەخۆ و موحافەزەو مودیرەكانیشیان مودیر عامە، ئەو زانیاریانەیان لەلابڕوێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس ئەو مەوقیعە جوگرافیانەی كە بە ڕەسمی لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە بە ئیدارە ناسراون و نایانەوێ، ئەبێ حەقی خۆیان پێ بدرێت، یەعنی نابێت ئیهمال بكرێت لە هیچ بوارێكەوە، زۆر سوپاس، ڕێزدار كاك عومەر كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاتر قسە لەسەر پێناسەی لیستەكەیە، لیستی كراوەی سنووردار من پێشنیاری ئەم پێناسەیە دەكەم، (لیستێكە كە ناوی كاندیدانی هەڵبژاردن دەگرێتەخۆ و، دەنگدەر ئازادە لە هەڵبژاردنی یەكێكیان، بە مەرجێك دەنگ بۆ لیستەكە بدات)، ئێوە بەڕێزتان ئاگادارن لە لیستی كراوەی سنووردار‌دا مەرجە دەنگ بۆ قائیمەكە، بۆ لیستەكە بدرێت، بەڵام لە لیستی كراوە مەرج نییە، ئەویش بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە كاتی دەست نیشان كردنی قاسمی ئینتیخابی، هەروەها لە كاتی دەست نیشان كردنی عەددەدی ئەو كەسانەی كە براوەن لە لیستێكی دیاری كراودا ئیعتماد دەكرێ لەسەر ژمارەی ئەو دەنگانەی كە قائیمەكە بە دەستی هێناوە، بۆیە پێویستە لەناو پێناسەكەدا ئاماژە بەوە بدرێت، یان ئەوە یەكلا بكرێتەوە، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی هەبێ بەوەی كە دەنگدەر ئازادە دەنگ بە هەر پاڵێوراوێك بدات، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەوەشدا دەنگ بە لیستەكە بدات، ئەوەی تر ئەوەی بەڕێز كاك فرسەت باسی كرد ئاماژەی پێدا، بەنیسبەت دەست نیشان كردنی عەددەدی پاڵێوراوەكان، ئایا لەناو پێناسەكە دا بێت، یان لەناوی نەبێت؟ بە باوەڕی من هیچ ئەشكالێك نابێت، چونكە ئێمە پێناسەكە بۆ هەرێمی كوردستان دەكەین، ئەگەر لەناو پێناسەكەشدا ژمارەی كورسیەكان، یان پاڵێوراوەكان دەست نیشان بكەین كێشەیەكمان نابێت، چونكە وەكو هەموو ئەو پێناسانەی تر كە هاتوون تایبەتمەندن بە هەرێمی كوردستانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كاك عومەر كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جۆری لیست، هەروەها شێوازی دەنگدان پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆ و دوو سەرەیان بە یەكترەوە هەیە، جۆری لیستەكە كاریگەری لەسەر شێوازی دەنگدان هەیە لای دەنگدەر، بەو شێوەیەی كە ئێستا هاتووە، ئەگەر تەنها بڵێین لیستی كراوەو سیفەتەكەی لەگەڵ نەڵێین زیاتر لیستی كراوەی ئازاد دەگرێتەوە، لە لیستی كراوەی ئازادیشدا دەنگدەر مافی ئەوەی هەیە لەنێوان هەموو لیستەكاندا لیستێك بۆ خۆی دروست بكات، كە ئێمە لێرە ئەوەمان ناوێ و هەموو لایەك لەسەر ئەوە كۆكین، كە لیستی كراوە بەمانای لیستی كراوەی ئازاد نییە، بۆیە دەبێ لەڕاستیدا سیفەتەكەی بۆ زیاد بكەین و بیكەین بە لیستی كراوەی سنووردار، تا ئەم شكە، ئەم غموزە لەسەر سروشتی لیستەكە لابچێ.

سەبارەت بە بەكارهێنانی هەندێ زاراوە، مەسەلەن سیستمی ڕێژەیی نوێنەرایەتی، بەڕێزان، سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەگوترێ بە كوردی، یان دابەشی هەڵبژاردن، بە كوردی وشەیەكی ترمان هەیە پێی دەوترێ كۆلكەی هەڵبژاردن، ئەمە دەقیقەو ساغ كراوەتەوە زۆر زانستی ترە، بۆیە پێشنیار دەكەم لە جیاتی سیستەمی ڕێژەیی نوێنەرایەتی، سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەكاربهێندرێ، لە جیاتی دابەشی هەڵبژاردن، كۆلكەی هەڵبژاردن بەكاربهێندرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ماددەی یەك تەواو بوو، وەك ئیشارەمان پێی كرد نایخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی لیژنەی هاوبەش جارێكی تر سیاغەیەكی باشی بكەن، پاشان لە دانیشتنی داهاتوو بێتە ئێرە، ئێستا بچینە ماددەی دوو، موناقەشەی ماددەی دووش دەكەین، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة (اولاً/ 4) من المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالاتي:

4- ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية ومسجلاً في سجل الناخبين ضمن الدائرة الانتخابية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیش بیخوێنەوە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

(بڕگەی یەكەم/4) لە ماددەی پێنجەمی یاساكە هەموار دەكرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە:

(4- دەبێت لە ڕۆڵەكانی یەكەی كارگێڕی بێت بەپێی تۆماری باری شارستانی و لە دەنگدەرانی بازنەی هەڵبژاردن تۆمار كرابێت).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان كێ دەیەوێت لەسەر ماددەی دوو موداخەلە بكات؟ تەنها سێ بەڕێز ناوی خۆی تۆمار كرد (گۆران ئازاد، دلێر محمود، خلیل عثمان)، كەسی تر هەیە؟ حەمە سەعید، كەسی تر نییە، تەواو، كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە کە لە ئەسڵی قانونەکە هاتووەو، فەلسەفەی دەستکاری کردنەکە لەلایەن لیژنە هاوبەشەکەوە کە من پشتگیری لێ دەکەم، بریتی بووە لەو تێکەڵاویە زۆرەی کەوا ئێستا لەنێوان شارەکاندا هەیە، لەوەی فورسەتێکی زیاتر بدەی بەخەڵك، لەبەر ئەوەی شێوازی قائیمەکە نیمچە کراوەیە، واتە ئەو کەسە بەقوەی خۆی، بە شەخصیەی خۆی، بە مەکانەی خۆی دەنگ دەهێنێ، ئەگەر دەنگی هێنا، ئەوکاتە دەبێ بە نوێنەر لەو سنووریەدا، بۆیە ئەو خاڵە لادراوە لە ماددەکە، کە مەسەلەی ئیقامەی دە ساڵی تیا بێ، بەلاَم لێرە باس لەوە دەکات کە پێویستە بەگوێرەی سجلی ئەحوالی مەدەنی خەڵکی ئەو مەنتیقە بێ، من ئەڵێم مادام ئێمە شێوازی قائیمەکەو هەموومان موتەفق بووین لەسەری کە نیمچە کراوەیە، زۆر ئاساییە کەسێکی سلێمانی بە سجلی ئەحوالی مەدەنی خەڵکی سلێمانیە، بەلاَم چەندین ساڵە لە هەولێر کەسێکی بەشەخصیەتی ناسراوەوە خۆی هەڵدەبژێرێ، دەنگ دەهێنێت، بۆیە زەرووڕە لەجیاتی بڵێین پێویستە سجلەکەی لە ئەحوالی مەدەنی خەڵکی ئەو شارە بێ، بڵێین موقیم بێ، واتە نیشتەجێی ئەو شارە بێ، ئیتر ئەم کەسە کە بە هەڵبژاردنی ئازاد دەنگی هێنا حەقی نوێنەرایەتی هەیە، بۆ ئەوەی ئەم مافە لە تاکەکان وەرنەگرینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دلێر محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەگەل ڕەئیەکەی کاك گۆرانم، لێرە کە دەڵێ (لە ڕۆڵەکانی یەکەی کارگێڕی بێ، بەپێی تۆماری باری شارستانی دەنگدەران و لە بازنەی هەڵبژاردن تۆمار کرابێ)، ئەی لە هەمان کاتدا زۆر کەس هەیە، وەکو ئەوەی کاك گۆران ئەڵێ، سجلی تۆماری لەسەر ئەو شارە نییە، بەلاَم ماوەیەکە لەو شارە ئەژی وتوانیویەتی بەشێوەیەکی وا متمانەی خەڵك بەدەست بێنێ و خۆشی هەڵبژێرێ، ئەی بۆ ئێمە ئیشارەی بۆ نەکەین، لە ماوەی سێ ساڵ کەمتر دانیشتووی ئەم شارە نەبێ، یەعنی بۆ ماوەی سێ ساڵ لەم شارە دانیشتبێ، ئیتر تۆماری دەنگدەران نەخەینە ئەوەی کە ئەمە ببێتە مەرجێك لە مەرجەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، لە هەموو شوێنێك ئەگەر موسەجەلی ئەو مەنتیقەیە نەبی، حەقت نییە، تۆ لەسەر شارێکی تری، ئەوە قانونە، تۆ موسەجەلی مەنتیقەیەك نەبی، بەڕێز خلیل عثمان.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برادەران بەشێكی قسەكانیان كرد، بەلاَم من ئەمەوێ تەوزیحێك بدەم، یەعنی بە بۆنەی ئەم هینەیەوە، ئەم وەزعەی ناوخۆی هەرێمی كوردستان، بەخۆتان دەزانن كۆمەڵێك جێ گۆڕكێ بە دانیشتوان كراوە، هەولێر هاتۆتە سلێمانی، سلێمانی هاتۆتە هەولێر، بۆیە منیش هەر لەوانەیە یەعنی هیجرەی بەردەوام هەبووە بەرەو شوێنە جیا جیاكان، یەعنی پێكهاتەی كۆمەلاَیەتی شارەكان گۆڕاوە، من پێوایە ئەو شتانەی كە برادەران باسیان كرد، بەڕاستی ئەمە هین بكرێت، من لەگەڵ ئەوە نیم كە هەر لەسەر سجلی ئەحوالی مەدەنی بێت، مەسەلەن لەكوێ دائەنیشێ؟ هەر لەو شوێنەبێ، وەكو كاك گۆران باسی كرد، لەوانەیە لە شوێنێك بێ هەم لەو شوێنەش خۆی هەڵبژێرێ، بەتایبەتی دوای ئەو هینانەی شەڕی ناوخۆ، ئێستا ژمارەیەك خەڵكی هەولێر لە سلێمانیە، ژمارەیەك خەڵكی سلێمانی لە هەولێرە، یەعنی ئەمە هەمووی كاریگەری هەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز، هەڵە تێ نەگەن، یەكێك لە مەنتیقەیەك ساكن بێت، دەبێ لەو مەنتیقەیە تەسجیلی هەبێ، لە هەموو ولاَتانی دیموكراتی ئەگەر تەسجیلی مەنتیقەكە نەبێ، بۆ فەترەیەكی موعەیەن حەقی دەنگدانیشت نییە، بۆ مەعلوماتت، دەبێ تەسجیل بی، نالَیین هەویەكەی بگۆڕێت، لەكوێ لەدایك بووی، تۆ هەر لەوێ لەدایك بووی، بەلاَم دەبێ تەسجیل بێ لەو شارە، بەڕێز حەمە سەعید.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكی گشتیم هەیە، ئەمەی بەڕێزان ئامادەیان كردووە یاسا نییە، ڕاپۆرتە لەسەر ئەسڵی یاساكە، بۆیە كە نووسیویانە (المادة الاولى، المادة الثانية، المادة الثالثة.....) هەمووی غەڵەتە، دەبێت بنووسرێت.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لەسەر ماددەی دوو موناقەشە بكە، ڕەجائەن، كاك حەمە سەعید دەنگیشتان بۆی دا، بەكۆی دەنگیش دەنگی هێنا، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعيد حمە علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئیشكالەی كە برادەران باسیان كرد، لە ئەسڵی ماددەكە چارەسەر كراوە، كە خۆی دەڵێ لە ئەسڵی ماددەكە، دەبێت ڕۆڵەكانی یەكە كارگێڕیەكە بەپێی تۆماری باری شارستانی و لێی نیشتەجێ بێ بۆ ماوەی دە كەمتر نەبێ، من پێموایە ئەوە دابنێین، ئیتر ئەو ئیشكالیەتەش حەل دەبێ، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەسڵی بڕگەی چواری یاساكە دەكەم و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئەوانەی موداخەلەیان هەبوو تەواو بوون، ئێستا دانیشتنەکە دوو سەعات دوا دەخەین، بۆ ئەوەی ئیسراحەت بکەن، سەعات سێ دێینەوە، ئەوا موناقەشەی دەکەین، سەعات سێ ئەوانەی ڕێگەی دووریان هەیە، سەعات سێ تکایە لەسەر کات لێرە ئامادە بن، بۆ بەردەوام بوون لەسەر موناقەشە، بەخێر بچن، خواتان حافیز.**

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، داوا لە هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی هاوبەش دەکەین کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان، فەرموو، لیژنەی هاوبەش فەرموو ماددەی سێ بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تلغى المادة (السادسة) من القانون و يحل محلها ما يلي:

**المادة السادسة:** يعتمد نظام القائمة المفتوحة لانتخابات مجالس المحافظات و الاقضية و النواحي وفق نظام التمثيل النسبي المفتوح المحدود).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ماددەی شەشەمی یاسایەکە ڕەت دەکرێتەوەو ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

ماددەی شەشەم: سیستەمی لیستی کراوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان پەیڕەو دەکرێت، بە گوێرەی سیستەمی ڕێژەیی نوێنەرایەتی کراوەی سنووردار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لەسەر ئەو ماددەیە کێ ئەیەوێ موناقەشە بکات ناویان ئەنووسین، لێرەوە، عمر عبدالعزیز، سۆزان شهاب، دلێر محمود، عمر نورەدینی، تارا ئەسعەدی، ئێستا ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە ئەیانەوێ موناقەشە بکەن، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ماددەی سێ، من تێبینی ئەوەم هەیە کە هەردوو سیاغە عەرەبیەکەیش و کوردیەکەش پێموایە دارشتنیکیان ئەوێ، لەسەر ئەساسی تێبینیەك کە پێشتر بەڕێزان ئاماژەیان پێی کرد، وابزانم سۆزان خان یەکەم کەس بوو ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە سێ جۆر لیستی کراوەمان هەیە، فعلەن دەقیقە ئەوە، کە ئەبێ لیستی کراوە، لە لیستی داخراو، لە لیستی کراوەی سنووردار کە بە تەعبیرێکی شایەن پێی ئەوترێ نیمچە کراوە ئەبێ جیا بکەینەوە، لێرە لە عەرەبیەکە ئەڵێ(یعتمد نظام القائمة المفتوحة لانتخابات مجالس

المحافظات) من پێم باشه ئەم دەقه بەم شێوەیەی لێ بكرێت(يعتمد نظام القائمة المفتوحة لانتخابات مجالس المحافظات و الاقضية و النواحي وفق نظام التمثيل النسبي المحدود)يان(مفتوح المحدد) قائیمەی مەفتوحەمان نیە، ئێستا ئێمە پەیڕەوی قائیمەی مەفتوحەی موحەدەدمان كردووە، ناوی قائیمەكە بنێن(القائمه المفتوحه المحدد) لەسەر ئەو ئەساسە لە كوردیەكەش، جگە لەوە ئەگەر ئەوەش نەگۆڕن، بەڕێزان لە لیژنەن، ڕەكاكەتێك لە داڕشتنەكە هەیە، بەم شێوەی لێ بكرێت باشە( لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەكان سیستەمی لیستی كراوەی سنووردار پەیڕەو دەكرێت بە گوێرەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی كراوەی سنووردار) پێویست ناكات بەو پێش و پاش خستنە، كە برادەرانیش ئاماژەیان كرد، بە مەسەلەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی، نەوەك ڕێژەی نوێنەرایەتی كە پێشتر وتراوە، ئەم قائیمەی ئێستا ئێمە پەیڕەومان كردووە، قائیمەی مەفتوحە نیە، قائیمەی مەفتوحەی موحەددەدە، هەركەس یەكەمجار ئەیبینێ، كەلیمەی قائیمەی مەفتوحەی دێتە بەرچاو، تا دوایی مونتەبیهێك وتراوە(وفق نظام التمثيل النسبي المفتوح المحدود) ئەوەی بۆ چیە، یەكسەر ناوی بنێنن قائیمە مەفتوحە موحەددەدە، كە خۆی ئەوەش موستەلەحەكەیە، ئەو ئینتیباسە دروست دەبێ لە خوێندنەوەی یەكەم بۆ هەر خوێنەرێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سۆزان شەهاب كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تر ئەیلێمەوە، سیستەمی هەڵبژاردن لە لای ئێمە ڕێژەییە، (نظام التمثيل النسبي)كەواتە ئەمە ئەبێ بەو شێوەیە بێ(يعتمد نظام القائمة المفتوحة المحدود لانتخابات مجالس المحافظات و الاقضية و النواحي وفق نظام التمثيل النسبي) تەواو، چونكە لە سیستەمی تەمسیلی نسبی سێ جۆرمان هەیە، جارێكی تر ئەیلێمەوە یان قائیمەی مەفتوحەی حورە، ئەوەی كە بەس ئەندام هەڵدەبژێردرێت، بەبێ قائیمە، القائمه المغلق، ئەوەیە كە پەرلەمانی كوردستانی پێ هەڵبژێردرا، دەنگدەر بەس دەنگ ئەدات بە قائیمەكە، ئەم نەوعەشی هەیە كە پێی ئەوترێ (القائمه المفتوحه المحدود) كەواتە نیزامەكە خۆی نیزامی تەمسیلی نسبیە، تەواو، بەڵام ئەو تەریقەی كە ئێمە بەكاری دەهێنین ئەوەیە كە قائیمەی مەفتوحەی مەحدودە، بۆیە ئەبێ بەم شێوەیە ڕێك بخرێتەوە(يعتمد نظام القائمة المفتوحة المحدود لانتخابات مجالس المحافظات و الاقضية و النواحي وفق نظام التمثيل النسبي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كاك دلێر كەرەمكە.

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم کە بریتیە لە ڕەت کردنەوەی ماددەی شەشەمی ئەسلی ماددەکە، من وای بە باش دەزانم هەندێ ڕوونکردنەوەی تیا بێ بۆ دەنگدەر و بۆ هاووڵاتیان، چونکە ئەم یاسایە تەنها بۆ ئەوە نانووسرێ بۆ حیزبەکان و بۆ چەند کەسێکی یاسایی، لەبەر ئەوە بەڕەئی من وای بە باش دەزانم ئەم ماددەیە بکرێت بە دوو برگە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، برگەی یەکەم، ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئەم سیستەمەمان ناوبرد بە سیستەمی کراوەی سنووردار، لەبەر ئەوە من وای بە باش دەزام بەم دوو برگەیە دابڕێژرێتەوە، برگەی یەکەم، بریتی بێ لە سیتسەمی لیستی کراوەی سنووردار بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان پیادە دەکرێت، برگەی دووەم، دەنگدەر لە چوار چێوەی بازنەی هەڵبژاردنەکەیدا بۆی هەیە دەنگ بەیەکێك لە لیستەکان، یان بە لیستەکەو یەکێك بە پالێوراوانی ناو لیستەکە بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عمر نورەدینی کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە وشەی سیستەم و نیزام هەیە، لە ڕاستیدا هەموو ئەو مەبادیئ و بنەمایانەی کە کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە ڕێك دەخات، پێی دەوترێ سیستەم و نیزام، بۆیە بەکارهێنانی وشەی سیستەم لەگەڵ وشەی یان زاراوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دروستە، بەلاَم لەگەڵ لیست دروست نیە، بۆیە بە ڕەئی من پێشنیار دەکەم دووبارە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە(یعتمد نظام التمثیل النسبي لانتخابات مجالس المحافظات و الاقضیة و النواحي وفق القائمة المفتوحة المحدود) واتە بە کوردیەکەی بەم شێویە بێ(سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان پەیڕەو دەکرێت بە گوێرەی لیستی کراوەی سنووردار) واتە لەگەڵ لیستەکە پێویست ناکات وشەی سیستەم بەکاربهێنین، بەلاَم لەگەڵ نوێنەرایەتی ڕێژەیی پێویتسە سیستەم بەکاربهێنین، بەم شێوەیە ئەوەی بەڕێزانیش باسیان کرد، هەمووو ماناکە لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا ئەسعەدی کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من قسەکانم سۆزان خان کردی، من هەر مەبەستم ئەوەبوو نیزام قائیمە مەفتوحە مەحدودە، بە تەمسیلی نیسبی کە پیشان بدرێت هەر ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ ماددەی چوارکەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة :

تقترح الصياغة التالية:

تعدل الفقرة (اولا) من المادة السابعة من القانون و يحل محلها ما يلي:

(المادة السابعة:

اولا: يجوز الترشيح كقائمة منفردة او مجموعة للانتخابات و يجب ان لا تزيد عدد المرشحين في القائمة المفتوحة عن عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش بیخوێننەوە، نیزامیە کاك د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکان کە ناخرێتە دەنگدانەوە، ڕەنگە ئەمە دوایی کێشەمان بۆ دروست بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، هەموو پڕۆژەکە موناقەشە دەکەین بەبێ دەنگدان، ئەچێتەوە لیژنەکە، ئەوەی لە پڕۆتۆکۆل ئیمڕۆ ئەنووسرێ، هەر بەڕێزێك چی کردووە ئەخرێتە بەردەست لیژنە بەڕێزە موشتەرەکەکە، لەوێ لەگەڵ وەرگرتنی ڕای ئەو بەڕێزانە، جارێکی تر دێتەوە ناو پەرلەمان، ئینجا ئەخرێتە دەنگدانەوە، سیاغەیەکی جوانیشی بۆ حازر دەکرێت، ئەم سیستەمە موتەبەع دەبێ لەناو پەرلەمان، بەردەوام بن لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی حەوتەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دەکرێ خۆپالاوتن بە لیستی تاك یان کۆمەڵ بکرێت پێویستە ژمارەی کاندیدەکانی ناو لیستی کراوە لە ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون زیاتر نەبێت).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن کەرمکەن، فەرموون لێرەوە، کوێستان محمد، سۆزان شەهاب، د.احمد وەرتی، جمال طاهر، ئاسۆ کریم، گەشە دارا، دلێر محمود، کاردۆ محمد، عدنان عثمان، شەونم محمد، هاوڕاز خۆشناو، ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی ماددەی یەکەم هەیە، کە ئەڵێ دەکرێ لیستی تاك، تێبینیەکەم لەسەر لیستی تاکە، کە دەکرێت بە سێ، لەبەر پاراستن و ڕێکخستنی ڕێژەی لە 30٪ی ژنان، ئەگەر وانەبێ بەڕاستی ئەوە زامن نابێ، مافێکی ژنان لێرەدا ئەفەوتێ و پێچەوانەی ئەو دەستکەوتەی خولی دووەمە بۆ ژنان، ئەوەی دواتر من لەگەڵێدام کوردسیەکان بۆ بازنەی هەڵبژاردنی تەرخانکراو زیاتر نەبێ، ئەمەیان پشتگیری ئەکەم، بەڵام لیستی تاکەکە بکرێت بە سیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سۆزان شەهاب کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، جارێکی تر ئەیڵێمەوە زۆر زەحمەتە بۆ من وەك ژنێك پاشگەز ببمەوە لە مەسەلەی لە 30٪ ی ژنان، بەڵام ئەوەش دەبی بەحجێ بێڵینەوە جارێکی تر بۆ کۆمسیۆن، ئەگەر هاتو ئێمە ئەوە مافە بدەین بە هەموو تاکێك کە مافی ئەوەی هەبێ(حق الترشيح والترشح) ئەوە مافێکی دەستووریە، ناکرێت ئێمە ئێستا، من ناتوانم لە ڕووی عاتفیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، ناشتوانم لە ڕووی ئەوەی کە ژنم دژی بوەستمەوە، ئەبێ ئەو حاڵەتە چارەسەر بکرێت، کۆمسیۆن شەرحی بکات، ئەگەر هاتو تاك حەقی خۆ هەڵبژاردنی هەبوو، فەرق ناکات نێربێ یاخود مێ، بەڵام لە دوایدا سوتفە هەمووی نێر بوو، ئەی چۆن ئێمە ئەو 30٪یە لەناو قائیمەکە یاخود لە ناو مەجلسەکە ئیحتیفازی پێوەدەکەین؟، تاکە کەسێك ئەگەر هاتو بە پێی قاسمی ئینتیخابی، تەواوی دەنگەکانی هێنا، ئەکرێت مەحرومی بکەین لە دەنگەکانی کە هێناویەتی؟، ئاخر ئەوەش پرسیارە، یەعنی ناکرێت کابرا بە هێزو قوەتی خۆی دەنگەکەی هێناوە، بێین مەحرومی بکەین، لەبەر خاتری ئەوەی چۆن ڕێژەی ژن بپارێزین، بەڕاستی ئەمە حاڵەتێکی دیلەمایە، ئەبێ بۆمان چارەسەر بکەن، من لەگەڵ مافی تاك دام، لەگەڵ کۆتای ژنان دام، ئەمەمان چۆن بۆ چارەسەر دەکەن، تکایە چارەسەری بکەن، بەڵام لە دوای ئەوەوە(و يجب ان لا تزيد عدد المرشحين في القائمة المفتوحة عن ضعف عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية ) جارێکی تر ئەیڵێمەوە(الضعف)دائەندرێت، مەرج نیە ئەو لیستانە زوعفی ڕێك ژمارەکە دابنێن، لەوانیە لیست هەبێ بە قەدەری دابنێ، لەوانەیە لیست هەبی بە قەدەرو نیوەی دابنێ، لەوانەیە لیست هەبێ زوعف دابنێ، کەوتۆتەوە سەر ئەو لیستە خۆی، بۆیە ئێمە

بەڕاستی هەتاوەکو ئازادیەکان بەرفراوان بکەین، زیاتر ماف بدەین بە هاووڵاتیان، کە ئیختیارەکان بکات و زۆرتر بێ لەبەردەمیا، بەڕای من ئەوە دیموکراسیەن ئەگەر بڵێین بە قەدەری عەدەدەکان، باوەڕتان هەبێ ڕوحی یاساکە لەوەدایە کە تۆ وتوتە قائیمەی مەفتوح، وەکو قائیمە موغلەقەکەی لێ دێتەوە، هیچ فەرق ناکات، هیچ فەرقێکی ناکات، بۆیە کاتێك کە باس لە نیزامی تەمسیلی نیسبی قائیمەی مەفتوحەی مەحدودە ئەکەنەوە، ئەوە ئەڵێن دەبێ ناخب ئیختیاری هەبێ، لە زمنی قائیمەکە، دەبێ قائیمەکە قائیمەیەکی دوورو درێژ بێ، ناخب هەقی ئەوەی هەبێ یەکێك لە ناوەکان هەڵبژێرێ، ئەگەر هێنات کردت بەوە، تۆ بەس دەستکاری مەوقعەکان دەکەی، ناوەکان هەرە عەینن ناوە، بەڵام مەوقعەکەیان ئەگۆڕی، لەوانەیە ئەوەی ژمارە یەك بێ، خەڵك دەنگی بۆ نەدات، بەڵام ئەوەی ژمارە سی هەم بێ، خەڵك زیاتر دەنگی بۆ بدات، ئەو سیهەمە ئەچێتە یەکەم، بەس جێگۆڕکێیان پێ دەکەین، بەڵام ئەگەر عەدەدی مورەشەحەکان زۆرتر بوو، ئیختیارەکان زۆرتر بوو موتابەعەی بەرنامەکەیان دەکەی، موتابەعەی ئەدائەکەیان دەکەی و دەنگیان پێ دەدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارترین سیمای دیارکردنی ئەم یاسایە لە قائیمەی موغلەقەوە بۆ قائیمەی مەفتوحە، ئەوەیە کە تاك لێرە دەتوانێ خۆی کاندید بکات، واتە مافی تاك لێرە لەبەرچاو گیراوە، ئێمە لەگەڵ برادەرانی کۆمسیۆنیش دانیشتووین، شەرحی ئەوەیان کرد کە تەنانەت ئەو دەقەی ئەوانیش پێشنیاریان کردبوو بەهەمان شێوە بوو، قانونە عیراقیەکەش لە قانونی ئینتیخاباتی مەجالسی موحافەزات و ئەقزیەو نەواحی ساڵی 2008، ئەڵێ (القائمة المفتوحة، هي القائمة التى تحوى على اسماء المرشحين المعلن على ان لا تجاوز عن عدد المقاعد المخصصة للدائرة) ئەویش هەمان ئەو ژمارەی داناوە کە لە ژمارەی دائیرەی ئینتیخابی زیاتر نەبن، سەبارەت بە قائیمەی مەفتوحە دەڵێ(وهى القائمة التى يحق للفرد الواحد ان يرشح للانتخابات على ان يكون مسجلاً لدى المفوضية) یەعنی لە دە، پازدە موحافەزەی عیراقی بەو شێوەیە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان دەکرێت، ئێمە لە سێ پارێزگاکە بەو شێوەیە قەبوڵمان نیە، تاك بتوانێت هەم خۆی کاندید بکات، ژمارەی کاندیدەکانی لە ژمارەی کورسیەکانی دائیرەی بازنەی هەڵبژاردن زیاتر نەبێ بۆچی، چونکە ئێمە ئەزانین هیچ لیستێك بە تەنیا ناتوانێت هەموو کوردسیەکانی ئەو بازنەیە بباتەوە، بۆیە پێموایە ئەمە کافیە، کە لە ژمارەی کورسیەکانی بازنەی هەڵبژاردن ژمارەکە زیاتر نەبێ، ئەو دەقەی کە هاتووە بەو شێوەیە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار جەمال طاهر کەرەمکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و سەیری ئەو تەعدیلە بكەین، نەسەكەی بخوێننەوە، كەلیمەی مەجموعەی بەكارهێناوە لێرە، لە لۆغەی ئینتیخابات، زمانی ئینتیخابات مەجموعە بەكارنایەت، زیاتر ئیئتیلاف بەكاردێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم بنووسرێت (یجوز الترشیح كقائمة منفردة او مؤتلفة)چونكە ئەگەر بێتو ماددەكانی تر سەیر بكەین، وشەی موئتەلیفە بەكارهاتووە، خاسەتەن ئەگەر بێتو(عند فقدان الشخص) (و یجب ان لا تزید عدد المرشحین في القائمة المفتوحة) لابدرێت، چونكە پێش ئێستا قائیمە تەحدیدمان كرد( المفتوحە) ئەگەر بێتو بمێنێت لازمە (المفتوحە المحدود) پشتگیری سۆزان خان دەكەم، كە بكرێت (عن ضعف عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابیة)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ كریم كەرەمكە.

**بەڕێز بكر كریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە پێشنیازەكەی سۆزان خان دەكەم، سەبارەت بە ژمارەی پاڵێوراوانی ناو هەر لیستێك كە لە دوو هێندەی ژمارەی كورسیەكانی تەرخانكراوی هەر دائیرەیەكی ئینتیخابی  زۆر تر نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار گەشە دارا كەرەمكە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە قائیمەی فەردی پشتگیری ڕاكەی كوێستان خان دەكەم، ئێمە كە یاسا دائەنێین بۆ ولآتێك دائەنێین بۆ كۆمەڵگەیەك دای دەنێین، كە تەجروبەمان لەبەردەمدایە، واقعی هەڵبژاردنەكانی پێشوومان لەبەر دەمدایە، كە بەڕاستی خەڵك دەنگ وەكو پێویست نادات بە ژن، ئەگەر ئەو كۆتاییە دانەندرێت، ژن ناچێتە ناوەندەكانی بڕیارەوە، لەبەر ئەوە كاتێك كە ژن ناچێ، ژن خۆشی هەڵنابژێرێ بە قائیمەی فەردی، تەئسیر دەكاتە سەر تەمسیلی نسبی لە 30٪كە، چونكە كاتێك كە قائیمە فەردیەكە ڕێژەی دەنگی خۆی بەدەست هێنا، ناتواندرێت ژنێك لە لیستێكی ترەوە لەسەر حیسابی قائیمە فەردیەكە بچێت بە كۆتاكە، لەبەر ئەوە ئێمە یاسا دەردەكەین بۆ ئەم موجتەمەعە، ئەبێ یاساكانمان ڕەنگدانەوەی موجتەمەعەكەو ئیحتیاجاتی موجتەمەعەكە بێ، ئەگەر مەسەلە لەسەر دیموكراسیەتە، بەڕاستی من پێموایە ئەگەر قائیمەی سێ كەسیش بێ ئەوە هیچ لە دیموكراسیەتی ئێمە كاڵ ناكاتەوە، ئەی بەشداری نەكردنی ژنیش وەكو پێویست لە مەسەلەی دیموكراسی كاڵ ئەبێتەوە، ئەبێتە پاشەكشێ كە ئێمە كردوومانە تاوەكو ئێستا

کە 30٪ی بۆ دانراوە، بۆ ئەو پاشە کشەیە بکەین؟، زۆر سوپاس، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەدام لە جیاتی قائیمەی فەردی یا قائیمەی سولاسی بێ، کە سێیەم کەس ژن بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دلێر محمود کەرەمکە.

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەماددەکانی تر چەندان جار باسی چەندان برادەر باسی ئەوەی کرد، کە ژمارەی کاندیدەکانی ناو لیستێك دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسی تەرخانکراو بێ، بۆ هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، بەلاَم لێرە لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی حەوتەمی کەسی پڕۆژەکەدا کە لێرە تەعدیل کراوەتەوە، بەم شێوەیە نووسراوە، وەك (لیستی تاك یان کۆمەڵ بۆ هەڵبژاردن خۆپاڵاوتن بکرێت دەبێ ژمارەی کاندیدەکانی لیستی کراوە لە ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخانکراون زیاتر نەبێ)، بەلاَم من وام پێ باشە ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە(دەکرێ وەك لیستی تاك یان کۆمەڵ بۆ هەڵبژاردن خۆپاڵاوتن بکرێت دەشبێ ژمارەی کاندیدەکانی ناو لیستی کراوە دوو ئەوەندەی ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ بازنەی هەڵبژاردن زیاتر نەبێ) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاردۆ محمد.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەماددەی یەك باسی قائیمەی فەردیمان کرد و ناچینە ناو گیرو گازەی 30٪کە، قسە لەسەر ئەوە دەکەم کە من پشتیوانی ئەم ماددەیە دەکەم، لەبەر ئەوەی بە ئەزموونی ڕابردووی ئیش کردنی هەڵبژاردن، یەعنی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن، دانانی ئەو بوارەی کە بتوانی دوو ئەوەندەی کاندید، هەڵبەتە کاریگەری زۆر زۆر هەیە لەسەر کۆمسیۆن، هەم لەسەر کاری ئیعلامی، من زۆرجار ئەوەندە لیستەکە زۆر بووە هەتا ئەو کەناڵەی کە تەرخانیش کراوە بۆ کاندیدەکان، لەیەك دەقە بۆ دوو دەقە ناساندنی بەکۆمەلاَنی خەڵك، کە ئەو نوێنەرە چەند کەفائەت و توانای هەیە، چ بواری ئیعلامی، چ بواری دارایی چ بواری کار کردن، زۆر بەرتەسك دەکاتەوە بۆ نوێنەرەکان، لەکاتێك بە دانانی بە قەبارەی ئەو کورسیانەی کە دانراوە لەشارێك، بڵێین ئەگەر شارێکی وەکو هەولێر 40 کورسی هەبێ، ئەمە جۆرێك لە بەرتەسك کردنەوەیە، یاخود دەتوانم بڵێم بەرتەسك کردنەوەی لایەنە بچووکەکانی تریش کەباوەڕم بە تەعەدودیەت هەبێ، ئەوانیش بتوانن موشارەکە بکەن و نەکەونە ژێر ئەو کاریگەریە کولفە زۆرەی کە دەخرێتە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ کاندید، بە دوو ئەوەندە کاندید بچێت بەشداری بکات، ئیتر ئەوەی کە باسمان کرد زۆر لایەن هەیە خزمەتی تەعەدودیەت دەکات، خزمەتی ناساندنی کاندیدە بەتواناکان دەکات لای هاوولاَتیان، بەلاَم لیستێك

له 200 کەسە، ئیتر ئەمە بوارەکانی بەردەم کاندیدەکان بەرتەسك دەکاتەوە، لەبەر ئەوە من پشتیوانی ئەو دەقە دەکەم کە بە پێی کورسیەکان کاندید دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عدنان عثمان کەرەمکە، نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقێك هەیە ئەگەر ئیزافە بکرێت، موشکیلەی قائیمەی فەردی و تەمسیلی .....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوە نیزامی نیە، رەجائەن دانیشە، ڕێزدار عدنان عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەقاو دەق لەگەڵ ئەو هینەم، لەگەڵ ئەو سیاغەیەی لیژنەکەم، سیاغەیەکی زۆر دەقیقە بۆ هینەکە، ئێمە دوو ئیشکالیەتمان هەیە لەم مەوزوعە مەسەلەی فەردیەکە، وەکو ئەوەی بەیانی باسمان کرد، یەکیان کە عیلاقەی بە مردنی ئەو کەسەوە هەیە وازهێنانی بە هۆیەك لە هۆکارەکان، نەخۆشیە، شتی ترە، یان سیستەمی ئینتیخابی بەسەری هێنابێ، ئەمە لەم یاسایە لە تەعدیلەکەش جێگەی نەکراوەتەوە، لەوەی عیراقەوە باسم کرد حەلی بۆ دۆزراوەتەوە، کە ئەڵێ ئینتیخاباتی تەکمیلی ئەکرێت، مەقعەدێك شاغر ئەبێ، ئەوەی کە بدرێت بە لیستێکی تر و ئەوانە، جۆرێك لە ناهەقیە، چونکە ئەوە فەردیە، کە سێك ئیختیار کراوە، بە قائیمەیەکی فەردی ڕۆیشتووە لە ناو عەمەلیەکەوە، بۆیە ئێمە دەبێ چارەسەری بکەین، ئەمە ئیشکالیەتی یەکەمە، ئیشکالیەتی دووەم، مەوزوعی ئافرەتە، یەعنی ڕێژەی ئافرەتە، پێموایە ئەمە بە چەند تەریقەیەك حەل کراوە، یەکەم، لە ڕاستیدا لێرە لە بڕگەکەی تر باس لەوە ئەکات ڕێژەی 30٪ دانراوە بۆ ئافرەت لەو ئەنجومەنە، کە لە یاساکە ڕێژەکە دانرا، ئەوە کۆمسیۆنی بالاَ هەیە، سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنە ئەکات، ئەوەیە دەتوانێ موعالەجەی بکات، لە هەڵبژاردنەکەی ڕابردوو ئەوەی عیراق، بینیمان لە هەندێ لە لیستێك کە ڕێژەی ئافرەتەکە کەمتر بوو موعالەجەیان کرد، فەرزیان کرد بەسەر لیستێکا کە کاندیدێکی پیاو سەحب بکات، کاندیدێکی ئافرەت لە شوێنی دابندرێت، یەعنی ئەمە قابیلی موعالەجەیە لە لایەن کۆمیسۆنەوە، بەو ئالیەتەی ئیشی خۆیان دەتوانن فەرزی بکەنە سەر لیستێکی تر کە ئەوە بکەن، دووەمیش، بۆ ئیلا تەسەوڕ بکەی کە تەنها پیاو خۆی کاندید ئەکات وەکو فەرد، لەوانەیە ئافرەتیش خۆی کاندید بکات وەکو فەردێ، یەعنی قسەکە لەسەر ئەوەیەمافی تاك لە ڕاستیدا لێرەدا بەو دوو هینەوە قابیلی موعالەجە کردنە، قابیلی چارەسەر کردنە دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، وەکو ئەوەی هاوکارانم باسیان کرد، مافی تاك بەتایبەت لە هەڵبژاردنی مەحەلی، لە هەڵبژاردنێکی مەحەلی مافی تاك نەفەوتێ، چونکە مەفروز وایە هەر لە بناغەدا ئەم هەڵبژاردنە بە شێوازی تاك بکرێت، بەلاَم کە ئێستا بەو شێوەیە

دەكرێت تاك ئەو مافەی پێ بدرێت و كەسەكان وەكو كەسایەتی، كە نایەوێ لەناو لیستێك بێ، نایەوێ لەناو حیزبێكی سیاسی بێ، وەكو كەسایەتیەك لەوانەیە بتوانێت خزمەت بەو ناوچەیە بكات، ئێمە ئەو مافەی پێ بدەین خۆی هەڵبژیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شەونم محمد.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا هەندێ لە قسەكانم لە لایەن هاوڕێكانەوە قسەو باسی لەسەر كرا، من لێرەدا ئەمەوێ پشتیگری خۆم بۆ قسەكانی كوێستان خان و گەشە خان دووپات بكەمەوە، چونكە ئەگەر قائیمەكە سێ كەس بێ، قائیمە فەردیەكان سێ كەس بێ باشترە، بۆ ئەوەی هەقی ئافرەتان لێرە نەخورێ، ئێمە لەو حاڵەتەدا بۆچی ئەو حاڵەتە بێڵینەوە بۆ ئەو موعالەجەیە وەكو هاوڕێیان باسیان كرد بۆ بەردەم كۆمسیۆن، بۆ لێرەوە ئێمە ئەو قرارە لە لایەنی خۆمانەوە نەدرێت، بە قرارێك لە پرۆژە یاساكە هەبێ و ئیشی پێ بكرێت، چونكە بەڕاستی زەوت كردنی مافی ژنان، خۆمان ئەزانین زۆر ڕێگا هەیە بۆ ئەو زەوت كردنە، زۆرجار ئەكەوێتە سەر ئەقڵیەتی ئەو كەسانەی كە ئیدارەی ئیشەكان ئەكەن لەوێ، لەبەر ئەوە هیوادارم ئەو نوقتەیە بە هەند وەربگیرێت، بەنیسبەت ژمارەی كورسیەكانیشەوە پشتیگری سۆزان خان و ئەو برادەرانە دەكەم كە باسیان كرد، منیش پێم باشە دوو ئەوەندەی ژمارەی كورسیەكان بێ، ژمارەی ئەو كەسانەی كە خۆیان كاندید دەكەن، جگە لەو حاڵەتە كە من ئەیبینم زیاتر خەڵك خۆی كاندید دەكات، ڕەنگە بۆ كۆمسیۆن لە ناحیەی پارەوە، لەناحیەی جیا كردنەوەی دەنگەكانەوە، لەناحیەی فەنیەوە زۆر قورس بێ ئەو ئیشە، یەعنی چ لەوەی كە بەقەدەر ژمارەی كورسیەكان ئەو ئیشە بكرێت، یان دوو ئەوەندەی ژمارەی كورسیەكان بێ، بەلاَم زیارترین خەڵك موشارەكە ئەكات، لەبەر ئەوە فورسەتی زیاتر هەیە بۆ خەڵك، كە كاندیدەكەی خۆی بە باشی بناسێت و دەنگ بدات بەو كاندیدە، خەڵكی باشتر لەنێو ئەو لیستە دەربكەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەڕاستی قسەكانم لە لایەن كاك عدنانەوە كرا، پشتگیری قسەكانی ئەو دەكەم، بۆیە قسەكان دووبارە ناكەمەوە، بەلاَم من پێموایە ئەگەر ئەو مادده تەسبیت بكرێت، پەسەند كردنی ئەم ماددەیە ناكۆكە لەگەڵ ماددەی 7ی ئەم یاسایە، چونكە كاتێك كە لێرە باسی ئەوە دەكرێت ڕێژەكە كە دەڵێ دەشبێ ژمارەی كاندیدەكانی ناو لیستی كراوە ئەو كورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان كراون زیاتر نەبێ، بەلاَم

لەماددەی حەوت باس لەو دەكات كە كەسانی دێنە جێگای ئەوان، پێموایە ئەوە ناكۆكە لەگەڵ ماددەی حەوت، لەبەر ئەوە دەبێ میكانیزمێك بۆ ئەوە دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی هاوبەش و بەڕێزان تەواو لەسەر ئەو ماددەیە ڕەئی خۆیان دا، بۆ ماددەی دواتر كەرەمكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

تلغى المادة (الثامنة) من القانون و يحل محلها ما يلي:

(**المادة الثامنة:**

**اولا:** تجمع الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية و تقسم على عدد المقاعد المخصصة لتلك الدائرة للحصول على القاسم الانتخابي.

**ثانيا:** تجمع الاصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية و تقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة.

**ثالثا:** يعاد ترتيب تسلسل مرشحي القائمة على اساس عدد الاصوات الحاصل عليها كل مرشح و يوضع المرشح الحاصل على اكبر عدد من الاصوات في المقدمة و هكذا الى نهاية القائمة على ان توضع امرأة في ثالث كل مرشحين الى نهاية القائمة بغض النظر عن عدد اصوات المرشحين الرجال لضمان تحقيق نسبة تمثيل النساء 30٪).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكەن بە كوردیش، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

ماددەی (هەشتەم)ی یاسایەكە ڕەت دەكرێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

ماددەی هەشتەم:

یەكەم: دەنگە ڕاستەكانی بازنەی هەڵبژاردن كۆ دەكرێنەوە و بەسەر ژمارەی كورسییەكانی تەرخان كراو بۆ ئەو بازنەیە دابەش دەكرێن بۆ بەدەست هێنانی دابەشی هەڵبژاردن.

دووەم: ئەو دەنگە ڕاستانەی لیست لە بازنەی هەڵبژاردندا بەدەستی هێناون كۆ دەكرێنەوە بە سەر دابەشی هەڵبژاردندا دابەش دەكرێن بۆ دیاری كردنی ژمارەی ئەو كورسیانەی بۆ ئەو لیستە تەرخان كراون.

سێیەم: ڕیزبەندی كاندیدانی لیست لە سەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر كاندیدێك بەدەستی هێناون ڕێك دەخرێتەوە و ئەو كاندیدەی زۆرترین ژمارەی دەنگی بە دەست هێناوە دەخرێتە پێشەوە و بەم جۆرە

تا كۆتایی لیستەكە بە مەرجێك سێیەمی هەر دوو كاندید ژنێك دابندرێت تا كۆتایی لیستەكە بە چاوپۆشین لە ژمارەی دەنگی كاندیدانی پیاو، بۆ مسۆگەر كردنی بەدی هێنانی رێژەی 30%ی نوێنەرایەتیی ژنان/ ئافرەتان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا كێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە موداخەلە بكات؟ كەرەمكە سۆزان خان، دوو كەس/ سۆزان شهاب، ئارام قادر، كەسی تر نیە؟ تارا ئەسعەدی، سێ كەس، سۆزان خان كەرەمكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم ماددەیە من قسە لەسەر (ثالثاً) دەكەم، مادام ئێمە ڕامان لەگەڵ ئەوەیە، چونكە هێشتا ئەوە یەكلا نەبۆتەوە، ئێمە لەسەر فەرزییات قسە دەكەین جارێ، مادام ئێمە یەكلامان نەكردۆتەوە كە تاكیش مافی خۆ هەڵبژاردنی هەیە، ئەوەی كە باسی دەكات لێرەدا حەقی ئەو تاكە دیار نیە لە ناو هەڵبژاردنەكان دا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا دەكرێ بۆ تەمسیلی ژنان؟، لێرەدا، من داوام لێ كردن حەلێك بدۆزنەوە، بەڵام دیار بوو جارێ بیری لێ نەكراوەتەوە، قسەی لەسەر نەكراوە، دەكرێ بەم شێوەیە بێ، تەبعەن بكرێ بە (رابعاً) یاخود بكرێ بە مولحەقێك، بوترێ/ (تخصیص...) تەبعەن ئەوە هیچ كۆتا ئیلزامییە (للنساء في القوائم) ئەوە لە پێش دا باس كراوە، (حجز مقاعد لا یمكن إلا إنتخاب المرشحات لها)، ئەوسا تۆ لە هەموو، مەسەلەن لەو (30) كورسییەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (40) كورسی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، چەندی بەر ژنان دەكەوێ حجزی دەكەی و دەڵێی/ (بەس ژن دەچێتە ناو ئەو مەقعەدانە دەستگیر دەكات)، بەو شێوەیە وەكو تاك تۆ مەحرومت نەكردووە، وەكو كورسیش حیجزت كردووە بۆ ژنەكان، بۆ ئەوەی لەو مەئزەقە بێیتە دەرەوە، یاخود (مقاعد مخصصة إلی المرشحات الخاسرات اللواتي حصلن علی أعلی نسبة من الأصوات حتی التوصل إلی المستوی الإلزامي من التمثیل)، یەعنی مادام ئێمە مەسەلەی تاكمان هێناوەتە ناوانەوە، من پشتگیری قسەكەی برای بەڕێزم كاك عەدنان دەكەم، ئەوە ئینتیخاباتی مەحەلییە، تاك ڕۆڵی زۆر زۆر تیا دەبینێ، شەخصیات هەیە خۆشەویستە، بەڕێزە، خەڵك دەنگی پێ دەدات، بەڵام سەر بە هیچ حیزبێك نیە و ئیستیعدادیشی تیا نیە لە ناو قائیمەی هیچ حیزبێك دا خۆی تەرشیح بكات، مافی خۆیەتی نابێ ئێمە ئەو مافەی لێ زەوت بكەین، بەڵام لە هەمان كات دا دەبێ مافی ژنەكەش بە پێی كۆتاكە حفز بكەین، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەگەر حیجزی ئەو مەقعەدانە بكەی بە پێی تەمسیلەكە، ئەوسا تاكەكان هیچ موشكیلەیان نابێ، بەڵكە ئینتیخاباتەكە زۆر گەرم دەبێ لە مابەینی ئەو تاكانە بۆ مونافەسە كردن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ایوب نعمت ((ئارام ))، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تەنها لەسەر بڕگەی سێ قسەم هەبوو، ئەگەر بێت و ئێمە لە ماددەی یەك دا باس لە قائیمەی فەردی بكەین، دەبێ ئەو (ضمان)ە بكوژێنینەوە و لای ببەین، چونكە ئەگەر بێت و قائیمەی فەردی هەبێ، بەڵێ زەمانی بەشداری كردنی لە (30٪) ئافرەت هەیە، بەس هیچ كاتێك زەمانی دەرچوون نیە، چونكە ئەگەر بێت و ئێمە باس لە ئازادی تاك بكەین، ئەو كاتە ڕێژەیەك لە (30٪) ئافرەتان مافیان پێ دراوە بەشداربن، بەڵام لە كاتی دەرچوون دا پیاوەكە دردەچێ، ئەو كاتە ئەگەر بێ تۆ ئەوەی كە دەرچووە نەهێڵی بڕواتە ناو ئەنجومەنی پارێزگاوە، ئەویش خۆی پێشێلكارییەكی لە مافی ئەو پیاوە، تەنها چارەسەر ئەوەی كە بوترێت كە قائیمەكە لە سێ كەس كەمتر نەبێ، چونكە لە كاتێك دا كە دەوترێ لیستی كراوەی سنووردار، مافی تاك پێشێل ناكەی، مافی خۆیەتی كە خۆی كاندید بكات، بەس تەنها ڕێكارێكی یاسایی پێشان دەدەی، سێ كەس قائیمەیەك دروست بكەن، ئەم قائیمەیەش كە ئێمە ئێستا ئیعتیمادی دەكەینە سەر، قائیمەی مەفتووحی سنووردار، زیاتر خەڵك دەنگ بە تاكان دەدات، نەك بە لیستەكە، تاك زیاتر ڕۆڵی هەیە بۆ سەرخستنی ئەو لیستانە، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەگەر بێت و ئەوە ڕێكخستنێكە نەك ڕێگری لە مافی تاكەكان، لەگەڵ كۆمسیۆنیش دا قسەمان كرد كە ئەویش ناتوانێ زەمانی بڵێ لە (30٪) وەڵلا دەبێ ئافرەتان دەرچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە، من لە سێیەمەكە زیاتر باسی ئەوە دەكات كە چۆن تەسەلسول دادەنرێ لە دوای ئەوەی ناوەكان دەبرێتەوە لە دوای هەر دوو مورەشەح سێیەمیان دەبێ ئافرەت بێ، دوو شت دێتە بەردەممان، ئێمە لەگەڵ ئەوەین تواناكان بەكار بێنین بۆ ژن، ژنی بە توانا بێتە ئەوێوە، یان لەگەڵ ئەوەین كە بەس هەر ژنێك بێت و بێتە ناو قائیمەكە، ئەگەر ئێمە بە مافی مرۆڤ بكەین و كە (بالفعل) قائیمەی تاك ئەوە وەكو تاك حەقی هەیە پیاو بێ یان ئافرەت خۆی تەرشیح بكات، بەڵام حەزم لێ یە بۆشم ڕوون بكرێتەوە ئەو دەنگە تاكە دوایی چی لێ دێت؟ كە ئەو نە بەلای حیزبێكەوە، نە بەلای كەسێكەوە، ئینسانێكە وەكو سۆزان خان فەرمووی، ئینسانێكی مەحبووبە و دەزانێ ئیشكەرە و خۆی هێناوەتە پێش، باشە كەوا دەنگێكی زۆری هێنا، لە دوایی دا ئەم قائیمە تاكە چی لێ دێت؟ ئەم تاكە چی لێ دێت؟ مەصیری چی یە؟ دەبێ لێرەدا ڕوون بكرێتەوە بەڕاستی لێرە برایانی ئەوانەی هاوبەش دانیشتوون، قانونییەكان، ئەوانە موهیمە، چونكە ئێمە ئێستا دەنگمان نەداوە لەسەر هیچ، بە فەرەزییات قسە دەكەین، كەواتە ئێمە هەر ماددەیەك كە قسە دەكەین، ئەگەر ئا و نەء وەردەگرێ، چونكە ئێمە شتمان تەسبیت نەكردووە، كەواتە

پێویستیمان به هەندێك شەرحترە، من وەك خۆم ئەو پرسیارەم هەیە، بە تاك دێینە خوارێ وەكو ماڤ مرۆڤ لەگەڵین، بەڵان بە تاك، جار هەیە پیاوێك لەبەر حیقد و حەسادەتی خەڵكی تر، با بە توانا بێ و رێك و پێك بێ، دەنگی نادرێتێ، ئافرەتێك كە زۆر متمانەی بەخۆیەتی، ئینسانێكە خاوەن تاریخ و مێژوویەكی جوانە، بەڵام دەنگی نادەنێ، باشە ئەم دیموقراتییەتە من بیباتە خوارێ پێشێلی مافم بكات، یان لەگەڵ ئەوە بم با بە سێیان بین، بە سێیانەكە دووانی لەگەڵە و یەكێكیش ئافرەت دەبێ، هەم ئەوەی كە كوێستان خان وتی، كە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچووە ئەم نیسبەتە، ئێمە بەرەو باشی ببەین، زیادی بكەین، كە من خۆم ئیمانم بە جێندەر بەڵانسەكەیە، پیاو و ژن فەرقی نیە، بەتوانا من دەنگی دەدەمێ، بە حەقیقەت، لەبەر ئەوە بە باش دەزانم كە لە دوایی دا بڵێین (توضع إمرأة حصلت على أكثر الأصوات) یەعنی كە دێت دوو پیاو دەردەهێنێت، با سێیەمی ئەو ژنانە بێت كە كێ زۆرترین دەنگی هێناوە، بە توانایی ژنەكە بێتە ناو قائیمەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان یەك مولاحەزە هەیە، كە دەڵێ قائیمەیەك لە سێ كەس بێ ئاخیرەكەی ئافرەت بێ، ئەوە هەڵەیەكی زۆر زۆر گەورەیە، تكایە ئافرەتەكە دەتوانێ لە بیدایەت بێ، دەتوانێ لە ناوەڕاست بێ، دەتوانێ لە ئاخیر بێ، بۆیە لێژنەی هاوبەش كە لە ماددەیەك ئەو مولاحەزەیەتان داناوە، تكایە موراعاتی بكەن، چونكە مادام مساوات هەیە، بۆ قائیمەكە كەیفی خۆیەتی لە پێشەوە دایئەنا، لە ناوەڕاست دایئەنا، زۆر سوپاس ئێستا بۆ ماددەكەی تر، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

تلغى المادة (التاسعة) من القانون و يحل محلها ما يلي:

(المادة التاسعة:

اولا: توزع الاصوات التي يحصل عليها القائمة على مرشحي القائمة التي ورد في الفقرات (اولا و ثانيا) من المادة (الثامنة) من القانون اعلاه.

ثانيا : يشترط لفوز القائمة المنفردة بمقعد وصوله الى القاسم الانتخابي على الاقل.

ثالثا : توزع المقاعد الشاغرة عند وجودها على القوائم المشاركة باعتماد الباقي الاقوى.

رابعا : في حالة تساوي عدد اصوات المرشحين الفائزين في القائمة الواحدة، يتم اللجوء الى القرعة شرط ان لا تؤثر على نسبة مشاركة النساء).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش، كەرەمكە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**ماددەی (نۆیەم)ی یاسایەکە ڕەت دەکرێتەوە و ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:**

**(ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم: ئەو دەنگانەی لیست بە دەستیان دەهێنێت بە سەر کاندیدانی لیستەکەدا لە بڕگەی (یەکەم و دووەم)ی ماددەی (هەشتەم)ی یاسای سەرەوەدا هاتوون، دابەش دەکرێن.**

**دووەم: سەرکەوتنی لیستی تاك بە کورسییەك مەرجە بە لای کەمەوە بگاتە دابەشی هەڵبژاردن.**

**سێیەم: کورسی بەتاڵ لە کاتی هەبوونیدا بە سەر لیستەکانی بەشداردا دابەش دەکرێن بە پشت بەستن بە ماوەی هەرە بەهێز.**

**چوارەم: لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگی کاندیدانی سەکەوتوو لە یەك لیستدا، پەنا بۆ تیر و پشك دەبردرێت بە مەرجێك کار لە ڕێژەی بەشداریی ژنان/ ئافرەتان نەکات).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە موداخەلە بکات؟ ئێستا ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ بەشداری موناقەشەکە بکەن: بەفرین حسین، کوێستان محمد، سۆزان شهاب، هاژە سلیمان، ئارام قادر، د.أحمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، کاوە محمد أمین، شڤان أحمد، دلێر محمود، کەسی تر ماوە؟ نیە، بەفرین خان فەرموو.**

**بەڕێز بەفرین حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە بڕگەی دووەم کە باس لە مەرجێك دەکات بۆ لیستی تاك، دەبێ ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە دەیانهێنێ بگاتە قاسمی ئینتیخابی، بەڵام من پرسیارێکم لێرە لە لێژنەی هاوبەش بە تایبەت لێژنەی یاسایی هەیە، ئایا ئەم مەرجە هەر بۆ لیستی تاکە، یان بۆ لیستی کۆمەڵیشە، بۆ هاوپەیمانێتییەکانیشە، ئەگەر قەرارە ئەم مەرجە بۆ لیستی بە کۆمەڵ و لیستی هاوپەیمانی بێت، بە حەقەت ئەوە لە بەرژەوەندی لیستەکان دا نابێت، من پێم باشە ئەم مەرجەی کە دانرا مەرجەکە لابرێت، بەڵام من وەڵامم لەوان ئەوێ، ئایا لە یاسا شتی وا هەیە مەرجێك لەسەر لیستێکی تاك بۆ هەڵبژاردن دا دابنرێت و لیستە کۆمەڵەکە هەمان مەرجی بەسەردا نەسەپێنرێت؟ بۆیە ئەگەر وابێت بە تەنها بۆ لیستێك بێ، بۆچی؟ ئەگەریش بۆ هەردووکییەتی من پێموایە زەرەر لە هەندێ لیست دەدات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕێزدار کوێستان محمد، فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەی دووەم لابرێت، چونکە ئەگەر بچینە سەر قائیمەی سێ کەسی، ئەوە هینی نامێنێت، یەعنی ئەگەر ئەوە لە ماددەکانی پێشوو جێبەجێ ببوو، بە قائیمەی سێ کەسی، ئەو بڕگەی دووەمە نامێنێ لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە دووەم دا بەڕاستی مولاحەزەیەکم هەیە (يشترط لفوز القائمة المنفردة بمقعد وصوله إلى القاسم الإنتخابي على الأقل)، خۆ ئەگەر قائیمەش بێ فەردەکانی ناو قائیمەکەش بێ، ئەگەر موفرەدیش بێ هەر دەبێ قاسمی ئینتیخابی بێنێ بۆ ئەوەی کورسییەکە حاصل بکات، لەبەر ئەوە ئەوە یەعنی وەکو ئەوە وابێ مۆرکێك هێنرابێ بە قائیمەی مونفەریدە، نەخێر هەموو قەوائیمەکان بۆ گەیشتن بە کورسی دەبێ بگەنە قاسمی ئینتیخابی موشتەرەك، ئەگینا ناتوانن بچنە ناو ئەنجومەنەکەوە، باقی وەکو خۆی پشتگیری دەکەم کە هەیە، بە تایبەتی (ثالثاً)، تەواو پشتگیری دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێتوایە ئەوە زیادە؟ ئەوەی دوو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دووەم زیادەیە بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی دووەم دا مەرجی داناوە بۆ لیستەکان کە دەبێ بە لایەنی کەم قاسم ئینتیخابی کورسیەك بەدەست بێنن، کە بەڕاستی ئێمەش بە مانای دانانی ڕێژەی کورسییەك، واتا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانانەوەی (الفائز الأقوى)یە، بۆیە بەڕاستی ئێمە پێشنیاری دەکەین کە ئەو مەرجە لابرێ لەناو ماددەکەدا، ئەو بڕگەیە لابرێ بۆ ئەوەی مانای باقی ئەقوا دروست ببێ بە تەواوەتی لە بڕگەی سێیەم دا، ئەوە ببێتە بنەمایەك بۆ هەموو لیستەکان، نەك تەنها لیستە براوەکان، ئەوەشیان بەڕاستی زۆرترین دادپەروەری و

ديموكراسـی گونجـاوتر دەبـێ بـۆ هـەموو ئـەو ليسـتانەی کـە بەشـدار دەبـن، لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی هـەم پەرلەمانی كوردستان، هەم واقيعی سياسی كوردستان پێويستی بە يەك ڕيزی و تەوافوق هەيە، پێويستی بە فرەيـی سياسـی هەيـە لـەم قۆناغـەی ئێسـتادا، بۆيـە ئـەو ناحەقييـەش لادەبـات بەڕاسـتی کـە لەسـەر ليسـتە بچووكەكان هەيە لە لايەك، لە لايەكی تريش ئەوە بنەمايەكە بۆ سيستەمی هەڵبژاردن کـە لـە هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عـێراق کـە بەڕاسـتی زۆربـەی زۆری ليسـتەكان لەسـەر ئـەو بنەمايـە زۆربـەی دەنگـەكانيان لـە دەسـت دا، بـە تايبـەتی ليسـتی كوردسـتانی کـە زۆر لـە دەنگـەكان لـە دەسـت چـوون، بۆيـە بەڕاستی ئەوە زۆر گرنگە كە ئەو بڕگەيە لابرێ، لە هەمان كاتيش دا دادگای فيدراڵی لە بەغدا هەمان ئـەو ڕاسـتييەی سـەلماندووە کـە ئـەو شـێوازی هەڵبژاردنـە کـە لەسـەر بنـەمای (الفـائز الأقـوی)يـە دارِێـژراوە، نـا دادپەروەر، نادروست و ناكۆكە بە بنەماكانی دادپەروەری و ياسايی، بۆيە ئێمە داوا دەكەين كە ئەو بڕگەيـە و ئەو مەرجە لابرێ لە ماددەكەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تكايە هەموو گوێ بگرن، چونكە مـادام ئـەو شانسـە دراوە پاشـان بـە پرۆتۆكـۆل دێتـەوە بەردەسـت لێژنـەكان، بۆ ئەوەی گوێتان لە يەكتر بێت، بزانن خوشك و براكانتان چۆن موداخەلـە دەكـەن، بـە نيسـبەت (ثانياً)يش ئەگەر بمێنێ بە تەئكيد دژی مەبدەئی كۆتا دەبێت، چونكە كۆتا ناگاتە قاسمی ئينتيخابی و لێرە شەرتێكی بۆ دابنرێت و ئەويش تەعاروزێك دروست دەكات، ڕێزدار ئارام قادر، فەرموو.

**بەڕێز ايوب نعمت ((ئارام)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها تەئكيد لە خاڵی سێيەم دەكەم، بە جۆرێ بێ كە (باقی الأقـوی)كـە بـە تـەواوەتی ڕوون بكرێتـەوە، چونكە لەبەر ئەوەی ليستەكە كراوەيە، باقی ئەقواش بۆ ئەو كەسەيە كە زۆرتـرين دەنگـی هێنـاوە، جـا داوا لە بەڕێز لێژنە دەكەم كە بە صياغەيەكی تر بێ، كە باقی ئەقوا بۆ ئەو كەسانەی زۆرترين دەنگيان هێنـاوە لە ناو ليستەكان، ئايا ئەگەر ليستی تاكی بمێنێ ياخود ليستی موئتەليفە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد ورتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبينی يەكەی منيش هەر لەسەر خاڵی سێهەم بوو، دابەش كردنی ئەو مەقاعيدە شاغيرانە، بەڕاسـتی لێـرە قەوائيمی موشاريك هاتووە، وابزانم جياوازە لەگـەڵ قـەوائيمی فـائيزە، ئەگـەر ڕوونكردنـەوەيـەك هـەبێ لـە هەر دوو لێژنـەی هاوبەشـەوە، بـە تايبـەت ئـەو شـێوازە پـەيڕەو كردنـی ئايـا كاريگـەری نـابێ لەسـەر ليسـتە بچووكەكان؟ بۆ ئەوەی لە كاتی هەڵبژاردنەكەدا ئەو دەنگانەی کـە دەمێنێتـەوە، دواتـر دابـەش كردنيـان بـە ليستی قەوائيمی موشاريك لێرەدا، قەوائيمی موشاريك وابزانم جياوازييەكی هەيە لەگەڵ قەوائيمی فـائيزە،

بۆیە لەگەڵ باقی ئەقوایەکە کە بەیەکەوە بێ، هەرچەندە کۆمسیۆن تەوزیحێکیان دا لەو بارەیەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەبوو برادەران ئاماژەیان پێ کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاوە محمد أمین، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە چوارەمیش، بڕگەی چوارەمیش زیادە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی حەوتەم لە خوارەوە بڕگەی دووەم دەڵێ (پێنجەم) (خامساً/ إذا حصل مرشحان أو أكثر في قائمة واحدة على أصوات صحيحة متساوية و كانت ترشيحهم الأخير ضمن الدائرة الانتخابية إلخ)، تۆزێك صیاغەکەی لەگەڵ چوارەمی ئەو ماددەیە فەرقێکی هەیە، (في حالة تساوي عدد أصوات المرشحين الفائزين في القائمة الواحدة يتم اللجوء إلى القرعة شرط أن لاتؤثر على نسبة مشاركة النساء)، یەکیان یەکیان ڕەت دەکاتەوە، ئەگەر برادەرانی لێژنەی هاوبەش تێبینی بکەن دەتوانن لە هەردوو بڕگەکە، لە بڕگەی چوارەم ئاگای لە کۆتای ژنانیش هەیە، یەعنی موراعاتی ئەوەشی کردووە، لە جیاتی ئەوەی ماددەی حەوتەم بێتن کە لە پێنج ئیشارەتی پێ دراوە، هەر لە هەمان لاپەڕە لە خوارەوە ئەگەر سەیرێکی بکەن، (ثانياً/ تضاف فقرة بتسلسل خامساً إلى المادة و كالآتي) (خامساً) لەگەڵ (رابعاً)ی ماددەی شەشەم پێموایە فەرقێکی ئەوتۆیان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شڤان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم من دەبینم هەندێك ناقصە لە ئاخیرەکەی، ئەو دەنگانەی لیست بە دەستی هێناوە لە ئاخیرەکەی کە هاتووە دەڵێ لە یاسای سەرەوەدا هاتووە، دابەش دەکرێن بۆ چ؟ مەفهوم نیە ئەوە، بۆ دەرهێنانی دابەشی هەڵبژاردنە مەبەستەکە، دابەش دەکرێن بۆ چ؟ بۆ دەرهێنانی ئەوەیە، دەبێ ئەوە ئەگەر ئیزافە بکرێت پێم باشە، بڕگەی دووەمیش سوپاسی سۆزان خان دەکەم وەڵڵا قسەکەی منی کرد، حەقەتەن زۆر زۆر زیادە ئەو بڕگەیەی دووەم، دەبێ قاسمی ئینتیخابی بینیت، یەعنی کورسییەك بێنێت، ئەوە مەسەلەیەکی ئەوەیە، تەحصیل حاصلە وەکو دەڵێن، لە هەمان کاتدا ئەوەم پێ باشە ئیزافە بکرێت، لە

بڕگەی سێیەمیش چ بڵێین باقی ئەقوا، چ ئەوانەی کورسییان هێناوە، چ کورسییان نەهێناوە، یەعنی ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ بۆ تەئکید، لە هەموو لیستەکان، بەڵام هەیە لیست کورسی نەهێناوە، ئیحتیماڵە ئەو تەرشیحی فەردی بۆخۆی لیستێکە کورسی نەهێناوە، ئیحتیماڵە بە باقی ئەقوا دەربچێت تا کورسییەکەی تەواو بێتن، جا بۆیە من پێم باشە ئیزافە بکرێت، چ کورسییان بە دەست هێنابێت، یان بە دەستیان نەهێنابێت، بۆ تەئکید، منیش هاوڕامە لەگەڵ برای بەڕێزم کاك ماموستا کاوە ئەوەی چوارەم منیش پێم زیادە هەتا ڕادەیەك، تەحصیل حاصلە لە هەمان کات دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دلێر محمود، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆری کرا، بەڵام منیش وەکو سۆزان خان بڕگەی دووەم بە تەحصیل حاصل دەزانم، پێویست ناکات تیایدا هەبێت، خاڵی دووەمیشم هینێکی زمانەوانی یە، بەڵێ ئێمە پشت دەبەستین بە دەقە عەرەبییەکە، بەڵام لە بڕگەی سێیەم دا بەرامبەر بە باقی ئەقوا نووسراوە ماوەی بەهێز، هەرە بەهێز، ماوە بە مانای مەسافەیە، لای من وا باشە بکرێ بە مایەوەی هەرە بەهێز.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز ئێستا بۆ ماددەیەکی تر کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای (ثالثا) بکەین لە ماددە (9) بە نیسبەت قانونی پێشتر دەڵێ (توزع المقاعد المتبقية بإعتماد الباقي الأقوى بالنسبة للمقاعد التي حصل عليها)، واتا فائیزەکان دەگرێتەوە، غەیری فائیز ناگرێتەوە، ئەگەر تەماشای پرۆژەکە بکەی دەڵێ (توزع المقاعد الشاغرة عند وجودها على القوائم المشاركة)، (القوائم المشاركة هي القوائم الفائزة و الغير الفائزة)، بۆیە بە قەناعەتی من زۆر زۆر صەریحە، زۆر زۆر وازحیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەردەوام بن، فەرموو.

المادة السابعة: هناك رأيان بشأنها: الرأي الاول : تقترح الصياغة الآتية:

اولا: تعدل الفقرات (اولا و ثانيا و ثالثا) من المادة (العاشرة) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة العاشرة:

اولا: اذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان، يحل محله المرشح التالي له في عدد الاصوات الحاصل عليها في قائمته بالنسبة للقوائم غير المؤتلفة.

ثانيا: اذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان ضمن قائمة مؤتلفة فيحل محله المرشح التالي له في عدد الاصوات الحاصلة عليها من نفس الكيان السياسي المؤتلف ضمن القائمة المؤتلفة.

ثالثا : اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين او قائمة منفردة يخصص المقعد الى مرشح آخر من قائمة اخرى باعتماد الباقي الاقوى و بخلافه يبقى المقعد شاغرا).

ثانيا: تضاف فقرة بتسلسل (خامسا) الى المادة و كالآتي:

(خامسا: اذا حصل مرشحان او اكثر في قائمة واحدة على اصوات صحيحة متساوية و كان ترشيحهم الاخير ضمن الدائرة الانتخابية، تقوم الهيئة باجراء القرعة بينهم).

الرأي الثاني : تقترح صياغة الفقرة (ثانيا) فقط من المادة كالآتي:

ثانيا: اذا فقد عضو المجلس مقعده لاى سبب كان ضمن قائمة مؤتلفة فيحل محله المرشح التالي الذي حصل على اكثر الاصوات ضمن قائمة مؤتلفة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردیش.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

ماددەی حەوتەم:

دوو را لەبارەیەوە هەیە: رای یەكەم: ئەم دارشتنەی دادێ پێشنیار دەكات:

یەكەم: بڕگەكانی (یەكەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (دەیەم)ی یاسایەكە هەموار دەكرێن و بەم جۆرەی دادێن دەخوێندرێنەوە:

ماددەی دەیەم:

یەكەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی لە دەست دا، كاندیدی پاش ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە لیستەكەی خۆیدا بەدەستی هێناون جێی دەگرێتەوە، سەبارەت بەو لیستانەی لە هاوبەندا نین.

دووەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی لە دەست دا و لە نێو لیستێكی هاوبەندا بوو، ئەوا كاندیدی پاش ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە هەمان قەوارەی سیاسیی هاوبەندا لە نێو لیستی هاوبەندا بەدەستی هێناوە جێی دەگرێتەوە.

سێیەم: ئەگەر كورسیی بەتاڵ تایبەت بوو بە لیستێك كە كاندیدی نەماوە یان هی لیستێكی تاك بوو، كورسییەكە بۆ كاندیدێكی دی لە لیستێكی دیكەدا تەرخان دەكرێت بە پشت بەستن بە ماوەی بەهێزتر و بە پێچەوانەوە كورسییەكە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە).

دووەم: بڕگەیەك بە ریزبەندی (پێنجەم) دەخرێتە سەر ماددەكە و بەم جۆرەی دادێ:

(پێنجەم: ئەگەر دوو كاندید یان زیاتر لە یەك لیستدا دەنگی یەكسانی راستیان بە دەست هێنا و كاندید كردنیشیان لە نێو بازنەی هەڵبژاردندا بوو، دەستە تیر و پشكیان لە نیواندا دەكات).

ڕای دووەم: پێشنیار دەکات تەنیا بڕگەی (دووەم) لە ماددەکە بەم جۆرەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

دووەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك كورسییەکەی لە نێو لیستێکی هاوبەندا لەدەست دا، کاندیدی پاشتر کە زۆرترین دەنگی لە نێو لیستی هاوبەندا بەدەست هێناوە جێی دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان کێ دەیەوێ لەو ماددەیەدا موداخەلە بکات ئێستا؟ ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە بۆ موداخەلە: عبدالرحمن حسین، گۆران ئازاد، خورشید أحمد، شەونم محمد، عبدالسلام بەرواری، نەریمان عبدالله، سیوەیل عثمان، شڤان أحمد، تارا ئەسعەدی، ئاسۆ کریم، کوێستان محمد، کاردۆ محمد، دلشاد شهاب، سۆزان شهاب، أحمد وەرتی، عمر عبدالعزیز، کەسی تر هەیە؟ فەرموو، کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی سێیەم کە پێشتریش باسمان کرد، کە کورسی ئەگەر لیستی تاك بێ، یەعنی ئێستا دەڵێ کورسییەکەی لە دەست دا، یان مرد، یان نەما، ئەو کورسییە بچێت بۆ لیستێکی تر، یان ماوەی زیاتری کام لیستی هەیە بۆ ئەو بچێت، ئەگەر ئەو لیستە لە سێ کەس پێك بێت، دووبارە دەڵێینەوە کە ئەوە ئەو مافە ناخورێ لەو لیستە، یەکی تری هەر لەو لیستە دێتە پێش و مافی خۆیانە کە چەند دەنگێکی هێناوە، 500 هەزار دەنگە، 20 هەزار دەنگ، 40 هەزار دەنگی هێناوە، ئەوە دەچێتە پێشەوە، بە نیسبەت ڕای دووەم کە دەڵێ ڕای یەکەم و ڕای دووەم؟ من پشتگیری ڕای دووەم دەکەم کە ئەوەی زیاتر دەنگی هەبێ، چونکە لە پێش ئەوەش باسمان کرد ڕێزبەندی دەکرێ بە پێی زیاتر دەنگ هێنانی ئەو کاندیدەی کە دەنگی زیاتری هێناوە ڕیزبەندی دەکرێ، دەبێ ئەوە لێرە ڕای دووەم تەواوترە کە بێتە پێش بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەندامێکی لە دەست دا کە ئەو بێتە پێش، زیاتر دەنگی هەبێ لە ناو هەر ئەو لیستەی کە خۆی ئەندامێکی لە دەست داوە، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕای دووەم دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەرەتادا کە کاتێك لەسەر مەبدەئی دەنگدانی نیمچە کراوە ڕێك کەوتووین لە شێوازی هەڵبژاردنەکە، واتا ئیعتیبار و با بڵێین ئیحتیرامی ئیرادەی دەنگدەرمان گرتووە، بەم شێوەیە واتا خودی کاندیدەکەش خۆی مەکانەت و شەخصیەتی خۆی هەیە، بۆیە کاتێك تۆ لە قائیمەیەکدا کە دەگەڕێیەوە سەری، هێزەکە بۆ قائیمەی موغلەقەکە، بۆ حیزبەکەیە، واتا حیزبێك لە قائیمەی موغلەق تەرتیبی ناوەکاندا دائەنێ و ئیتر پێی باشە کێ یەکەم بێ و تا ئەخیری، ئەگەر یەکێك بڕوات لە کیانە سیاسیەکە بگەڕێتەوە ئەوە شتێکی ترە وەك ئەوەی لە قانونی با بڵێین هەڵبژاردنی

پەرلـەمانی كوردسـتان دایـە، بـەڵام لـە قائیمـەی نیمچـە كـراوە ئـەم دەنگانـە هـەم دەنگدەر دەیكـات و هـەم شەخسەكەش خۆی مەكانەتی خۆی جێگەی ئیعتبارە، بۆیـە بەڕاسـتی پێویسـتە ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆ سـەر كەسەی كە یەكێك دەڕوات و بۆ ئەو كاندیـدەی كـەوا زۆرتـرین دەنگـی هێنـاوە لـە دوای ئـەودا، چـونكە بـەم شێوەیەی كەوا لە بڕگەی 1 دا دراوە بە بۆچوونی خۆم بە یاسا ڕێكی دەخەین حیزب چۆن ئیئتلاف بكات و چۆن لە ئیـتلاف حیـزب مـافی نافـەوتێ، بـەڵام ئـەم حیزبانـە ئیـتلاف دەكـەن مـافی خۆیـان بـە ئیتفـاقێكی سیاسی خارجی قانون زامن دەكەن نەك لەناو قانونەكە دا پێویستی بە زامـن كـردن بێـت، لەسـەر قائیمـەی مونفەریدە دیسان ئێمەقسەمان لەسەر ئەوە كردووە ئەو شێوازە داڕێژراوە كـە قائیمـەی مونفەریـدەی یـەك كەسە لە پێناسەكە، بۆیە بـەم شـێوەیە دانـدراوە، خـۆ ئەگـەر ببـێ بـە سـێ كـەس ئـەو كـاتی دەبـێ ئەمـەش دەسكاری بكەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جنابت، ڕاستە قائیمە شـەرت نیـە بـەس حیـزب بـێ و دەتـوانێ سـێ، چـوار كەسـیش بـۆ خۆیـان لیستێك دروست بكەن لە هیچ حیزبێكیش نەبن، ئینسانی بێ لایەن بن، شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەقاودەق پشتگیری لە قسەكانی كاك گۆران دەكەم، چونكە زۆربەی قسـەكانم لای بەڕێزیـەوە كـرا و نامـەوێ دووبـارەی بكەمـەوە، یـەك تێبینـی دیكەشـم هەیـە لـە بڕگـەی 5 كـە دەڵـێ دوو ئـیقتراح هەیـە (اذا حصـل مرشحان أو أكثر فی قائمة واحدة علی اصوات صحیحة متساویة، وكان الترشیح من الدائرة الانتخابیـة، یقـوم الهیئة باجراء القرعة بینهم) پێم باشە لێرەدا مولاحـەزەی ئـەوە بكرێـت (مـع مراعـات نسـبة الكوتـا للنسـاء 30٪)ەكە ئەگەر ئیزافە بكرێت بۆ ئەوەی جارێكی دیكە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیردرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئیشارەت كردن بە قائیمەی موئتەلیفە و ئەو و چۆنیەتی دانـانی ئەنـدام بـە یاسـاڕێگەدانی بـۆ دوو حیزب چۆن رەفتار بكەن، دژە لەگەڵ مەفاهیمی دیموكراسیەت، لە هەڵبژاردن ئیئتلافەكـە لـە دەرەوەی كۆمسیۆن و هەموو پرۆسەكەیە، كۆمسیۆن قائیمەیەك دەناسێ، حەقی نیە سەر بە كێیە، بۆیە من تەسـەور دەكەم ئەوەی دووەم ئیكتفا بكەین فەقەت بە ئەوەڵەن، ئێمە ئیعتبـار بكـەین قائیمەیـەكمان هەیـە كـە ئـەو قائیمەیە یەكی لە دەستدا ئیتر بە پێی میكانیزمەكان یەك دادەنێیت، بەڕێزان كە دوو، سێ لایـەنی سیاسـی ئیكتیفا دەكەن ئەوان خۆیان متمانەیان بە یەكتر هەیـە، ئـەوان ئالیـەتی نـاوخۆی خۆیـان دادەنـێین و چـۆن لەو حاڵەتە تەوازنی هەردوو حیزب یان سێ حیزبەكە ڕابگرن، ئێمە بۆمان نیە ئەوە بخەینە ناو یاسا، بۆیە

من ئیقتراح دەکەم ئەو دووەمە لادەین، یەك، دووەم/ لە (خامسا) کە ئـەو ئیشـارەتە دوورو درێـژ و پشـکیان لەگەڵ ئەو خۆ بڵێین (طبق احکام الفقرة الرابعة من المادة 6) لە باتی بڵێین تیروپشکیان دەکرێـت و ئـەوەی زیاد دەکات، چونکە لە پێش ئەو مادەدیە هەموومان شەرح کردووە ئەو حاڵەتە، بڵێین (طبق احکام فقرة 4 من المادة 6)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەبدەئیەن یاسایەکەمان گۆڕیوە لە هەڵبژاردنی داخراوەوە بۆ کراوە، بۆیە دەبێ بەنـد و بڕگەکانیشـی بەو پێیە ئێمە دابڕێژینەوە لێرەش فەلسەفەی ئەوەی کە ئێمە داخراومـان گـۆڕی بـە کـراوە بـۆ زیـاتر ڕێـز گرتنە لە دەنگی دەنگدەران و زۆرینەی دەنگ، بۆیە من لەگەڵ ڕەئی دووەمم کە ئەوە دەکرێ بە ئیتفاقـاتی سیاسی لەنێوان قائیمـەکانی ئەحزابـەکان أ و ب بـۆ نموونـە ب و ج ئیتفاقاتێکیـان هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە چۆن دێنە ناو قائیمەکەوە، بۆیە دەبێ تەبیعاتی ئیتفاقەکەشیان قەبوڵ بکەن لەو حاڵەتە دا، ئێمە بـاس لـە هەڵبـژاردن دەکـەین واتـە ڕێزگـرتن لـە دەنگـی تـاك و سەرچـاوەی دەسـەڵاتیش دەدەن، دیموکراتیـەتیش وا دەخوازێ کە زۆرینەی دەنگ هەمیشە لـە پێشـەوەیە، بۆیـە ئەگـەر وەکـو ئێمـە بـە ڕەئـی یەکـەم وەربگـرین کەواتە ئێمە ئیتفاقاتە سیاسیەکەمان خستە پێش دەنگـی دەنگـدەران و ئـیرادەی دەنگـدەران و ڕێزگـرتن لـە دەنگیان، بۆیە من پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك گۆران دەکەم و ڕەئی دووەم، لەبەرئەوە ئێمە لە یاساکەش دا جارێکی تر ئیعتمادمان کردووەتە سەر (بـاقی الاقوی) واتـە بـاقی ئـەقوای دەرەوەی دەنـگ، جاران (فـائز الاقوی) بوو لەبەرئەوەیە دەنگ زیاتر ڕێزی لێ بگیردرێ، لەبەرئەوە لێرەش هـەر پێچـەوانەی ئـەویش دەبـێ ئەگەر ئەقوا بێ، ئەگەر هـاتو دوو لیسـتی أ و ب بـە یـەك لیست هاتنـە پێشـەوەو پێـی نـاوترێ موئتەلیفـە، لەسەرەتای وەرگرتنـی موافەقـەتی قائیمـە ئەگـەر هـاتو أ بـە جیـا قائیمـەی خـۆی دروسـت کـرد ب بـە جیـا قائیمـەی خـۆی دروسـت کـرد موافەقـەتی وەرگـرت لـە هەیئـە هاتنـەوە و ئیئتلافیـان کـرد ئینجـا دەبێتـە موئتەلیفە، ئەوە نابێتە موئتەلیفە کە هەر لەسەرەتاوە چەند حیزبێـك لـە یـەك لیستا پێشکەشـی دەکـەن ئەوە هەر یەك قائیمەیە، بۆیە ئەو کاتە هەر باقی ئەقواکە بە ڕێژەی دەنگی دەنگدەران دێتە پێشەوە، بۆیە من وادەزانم ئەوە ئیتفاقاتی سیاسیە، ناکرێت بکرێت بـە یاساو پێچەوانەی دەنگی زۆرینـەی خەڵکە ئـەو ئیتفاقە سیاسیە دەکرێ خۆیان لە کاتێك دا یەکێك لە ئەندامانی حیزبی أ کە بەهـەر جۆرێـك لـە جۆرەکـان دەنگی لەسەر دەدات و ئیتفاقاتی سیاسی خۆیان کردبێ، ئەگەر هاتو لە حیزبەکـەی خـۆی نەهاتـە پێشـەوە، بەژمارەی دەنگ ئەوەی تر هاتە پێشەوە داوای لێ بکەن ئەو ئیستقالە بکات بـۆ ئـەوەی دەنگەکـەی تـر بێتـە پێشەوە، بەڵام ئەمە بە یاسا ڕێك نـاخرێ و ئـەوە ئیتفاقـاتی سیاسـیە لـە نێـوان لایەنەکانـدا بۆیـە مـن داوا دەکەم ڕەئی دووەم تەسبیت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر دروستە لێرە ئەم یاسایە دائەنێین دیفاع بە پاکی لەو کەسانە دەکەین کە دەنگی خەڵکی هێناوە، کە دەنگی خەڵکی بەدەست هێناوە ئێمە ناتوانین یاری بە دەنگی خەڵك بکەین، ئیتفاقی حیزب بۆ خۆیان دەیکەن، ئەوجا ئەگەر نۆبەتی یەکێك هات دەتوانێ نەیەت، بەڵام لێرە دەبێ دیفاع لەو دەنگدەندەرانە بکەین کە دەنگیان بە کێ دەدەن، بۆیە بە پێی تەسەلسول لە قائیمەکەی دێتە خوارەوە، ڕێگای دروست ئەوەیە و لەوە زیاتر ئەویش بۆ ئێوە دەمێنێتەوە، ئێوە دەتوانن بڕیاری لێ بدەن، سیوەیل خان فەرموو.

**بەرێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم کاك گۆران و کاك نەریمان لەگەڵ ڕەئی دووەمم، باسی موبەرراتیش ناکەم ئەو بەڕیزانە باسیان کردو زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەرێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ڕەفیقەکانی خۆم و ڕەئی دووەم ڕێزگرتنە لە ئیرادەی دەنگدەر و زۆر زۆر یاساییە و زۆر پێویستە ئەمە تەسبیت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەرێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لێرە کە دوو ڕەئی دەدرێت هەریەکە بە جیا تەماشای دەکەی هەریەکە شتی تێدایە بیلفعل وایە و خزمەت دەکات، بەڵام ئایا ئێمە ئەوەی بۆی هاتووین هەروەکو بەڕێزت فەرمووت ئێمە مەبەستمان ئەو کەسانەیە کە ماندوو دەبن و دێن دەنگ دەدەن بەو مورەشەحانە، لە هەمان کاتدا متمانە پێدانی ئەو کەسانە بە خۆیان کە دەنگێکی زۆریان داوە، ئەگەر من بمەوێت ئەو عیلاقەیەی بەینی دەنگدەر و مورەشەح زیاتر لەگەڵی بم یان بمەوێ لەگەڵ فەلسەفەی قائیمەی مەفتوحە بم مەحدودەکەش لەگەڵی دەبێ من دووەم هەڵبژێرم، چونکە دووەم ڕا ئەوانەهەمووی تێیدا بە جێ دەهێڵدرێ و پیشانی دەدرێت کە دەنگی براوە ئەگەر بێتو پاڵپشتی خۆشم بۆ کاك گۆران بکەم، چونکە زۆر بە جوانی شەرحی کرد، من ئەگەر هەر حیزبێك ئەوە حورە چۆن و لەگەڵ کێ ئیئتلاف دەکەن، ناوی ئیئتلاف چیە، ڕێککەوتن لەگەڵ یەکتری، کە ڕێککەوتن لەگەڵ یەك کە دژی هیچ لایەك نەبوون و هیچ مافێکیان پێشێل نەکرد دەتوانن بە یاسا شێوەیەکی بۆ بکەن کە بتوانن لە ئینتخاباتیش دا ئەو نەوعە متمانە و خۆشەویستیەی کە دیسانەوە

دەیلێمەوە قیادە بە خۆشەویستی و ئیئتلاف بە خۆشەویستی وابزانم هەر ئەوە دەبێت و واشی لێ دێت ئەوانەی تریش چاومان لێ دەکەن، هەروەکو ئێستا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی من پێشنیار دەکەم هەردوو فەقەرەی یەك و دوو سیاغە بکرێنەوە بەم شێوەیەی لێ بێت، (اذا فقد عضو مقعده لای سبب کان یحل محله المرشح التالی له فی عدد الاصوات الحاصل علیها فی قائمته {سوی کانت القائمة مؤتلفة أم لا})).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس یەعنی هەر ئەو (بالنسبة للقوائم الغیر المؤتلفة) هەر لابچێ؟ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو فەقەرەکە بکرێتە یەکە فەقەرە وبەو شکلە، یەعنی موهیم ئەوەیە عەدەدی ئەسوات حساب بکرێت مەسەلەن ئەوەی دوای ئەو، قائیمەکە ئیئتلافی بێت یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕای دووەمم، هۆکارەکەشی هاوڕێیانم کاك گۆران ئازاد و کاك نەریمان و بەڕێزتان ڕوونتان کردەوە دووبارەی ناکەمەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی ڕای دووەم دەکەم و پێشموایە ئەگەر بتوانم وەکو هاوکارانم قسەیان لەسەری کرد، بەڕاستی دانانی ئەم دەقە، مەبەستم بۆچوونی یەکەمە، گەڕانەوەیە بۆ لیستی داخراو، بۆ قەڵەمڕەوی حیزب بەناو لیستەکە بە کۆنترۆل ئیتر دەسکاری بکات، ئەمە ڕێزی دەنگدەر یان ئیختیاری دەنگدەر کە دەڵێین لیستی کراوەی سنووردار ئەو لایەنە ئیجابیەی تیایە کە هاوولاتی دەنگدەر دەتوانێ ئەو کاندیدە هەڵبژێرێ و بیخاتە پێشەوە کە خۆی دەیەوێ و ئیتر ئەم ئیختیارە نایەڵێ و لە کاتێك دا وەکو کاك

عبدالسلام وتی لیستەکە یەك قەوارەیە و یەك پەیامی هەیە و یەك تۆماری هەیە و دەچێتە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە و خەڵکیش دەنگ بەو لیستە و بەو پەیامە دەدات، حزب بۆ خۆی دوایی دێت لە دەرەوە ئیئتلاف دەکات ئەمە شتێکی ترەو دوای پرۆسەی هەڵبژاردنە، لەبەرئەوە ڕای دووەم ڕایەکی دیموکراتی و یاسایی و ڕای یەکەمیش ڕایەکە بە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە باسکرا منیش پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە هەردوو خاڵەکە یەك بخرێن وەکو ئەوەی کە هاوکارم کاك ئاسۆ باسی کرد بە قائیمەی موئتەلیف و غەیر موئتەلیف نەکرێت، لە قائیمە بە پێی ڕیزبەندی دەنگەکان، بەڵام لە خاڵی سێیەم کە ئەگەر مەقعەدێك شاغر بوو و مورەشەحی ئەوە نەمان، با بڵێین هی ئەو قائیمەیە نەمان، ئیحتیاتی نەبوو یاخود ئەگەر لە قائیمەی فەردی بوو مەسەلەن تاکی خۆی تەرشیح کردو لەبەر هەر هۆیەك عزویەتی لە دەست دا، لێرەدا هاتووە بۆ مورەشەحی تر لە قائیمەیەکی تر بێ (باعتماد الباقی الاقوی) باقی ئەقوای مورەشەحەکە، نەك هی قائیمەکە، چونکە ئەوە شەخسە عزویەت لە دەست دەدات، بۆ نموونە تاکێك عزویەت لە دەست دەدات وەکو فەرد مورەشەح بووە وەکو تاك لە قائیمەی تاك دا، کە ئەو عزویەت لەدەست دەدات کەسێك بچێت جێگای ئەو لەناو هەموو قائیمەکان کە دەنگی یەکەمی هەبێ، یەعنی شەخسەکە دەنگی یەکەمی هەبێ نەك قائیمەکە، باقی باشی هەبێ و یەکێك بە دەنگی کەم بچێتە شوێنی کەسێك و کەسێکی دەنگی زۆر لەوەی تر بمێنێتەوە، ئەوە لە حاڵەتی فوقدانی عوزویەتە، ئەگەر نیەتەکەش ئەوە بێت پێموایە ئیشارەتێك بکرێت بەوەی کە باقی ئەقوای کەس نەك باقی ئەقوای قائیمە هەر بۆ زیاتر تەوزیح، بڕوادەکەم نیەتی بڕادەرانیش هەر ئەوە بووە لە دوو لیژنەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە تەرحەکەی برای بەڕێزم کاك ئاسۆ دەکەم کە (اذا فقد عضو المجلس لای سبب کان یحل محله المرشح التالی له فی عدد الاصوات الحاصل علیها فی قائمته) تەواو ئیتر، قەوائیم ئیئتلاف دەکات لەدەرەوەی هەڵبژاردن خۆیان ڕێسا و یاسای بەینی خۆیان دادەنێن و هەموو لایەکیان ئیلتزام دەکەن بەو ڕێسا ویاسایانەی کە دیانناوە، وەکو ئەوەی تر دەبێ ڕێز لە دەنگدەر بگیردرێ، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم هاوکارم کاك دڵشاد باسی کرد سەبارەت بە (ثالثا) کە دەڵێ ئەگەر هاتو جارێکی تر دەیڵێمەوە

هەمووی لەسەر فەرەزیات ئێمە ئەم مەسەلەیە دادەنێین، ئەگەر هاتو دانمان نا بەوەدا، یاخود دەنگمان دا بەوەی کە تاك بۆی هەیە خۆی هەڵبـژێرێ، ئەو تاکە لەبەر هەر چ سەبەبێك لە ئەسبابەکان عزویەتی لەدەست دا، ئەی باشە کێ جێگەی ئەگرێتەوە؟ دەکرێ قائیمەیەك نەفەرێکی خۆی بێنێ لەبەرئەوەی باقی ئەقوایە، نەخێر باقی ئەقوای مورەشەحین لە هەمووی عادل ترە، کێ لەناو ئەو قائیمانە دا ماوەتەوەو زۆرترین دەنگی هێناوە یان لەناو تاکەکاندا ئەوەی لە زمنی عەدەدی دەنگەکانە با ئەو بەرزترین دەنگە وەری بگرێت و پێموایە بەو شێوەیە ئێمە ڕێز لە ئیرادەی دەنگدەر دەگرین ئەگەر وای لێ بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك ئاسۆ و کاك دڵشاد دەکەم کە هەردوو فەقەرەکە دابڕێژرێنەوە و بەو شێوەیە ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەرهەر هۆیەك کورسیەکەی لە دەست دا کاندیدی پاشی ئەو لەڕووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە لیستەکەی خۆی دا بە دەستی هێناوە جێی دەگرێتەوە، جا لیستەکە هاوبەندی بێت یاخود نا، بەڵام سەبارەت بە باقی ئەقوا لە ئەسڵی نەسە کۆنەکە لە ماددەی 10 کە لێرە لاچووە و ئەمە شوێنی گرتووەتەوە لەوێ باسی باقی ئەقوایەکەی نەکردووە، تەنها باس لەوە دەکات کە کورسی بەتاڵ، ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە تایبەت بە لیستێك بوو پاڵێوراوی نەمابوو ئەوا ئەو کورسیە بۆ پاڵێوراوێکی تر لە کیانێکی سیاسی دیکە تەرخان دەکرێت کە ڕادەی دەنگەکانی پێویستی بۆ وەدەستهێنانی کورسی بە دەست هێنا بێ و بە پێچەوانەی ئەمەش کورسیەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە، یەعنی هەروا دەکات کە کاندیدەکە خۆی زیاترین دەنگی هێنابێ لەناو لیستەکە ئەو شوێنی دەگرێتەوە، بۆیە لێرە ئەگەر بەو شێوە دابڕێژرێتەوە، بۆیە من پشتیوانی لەوە دەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەعلومە کە یاسا عادەتەن حەسمی خیلاف دەکا و کار ئاسان دەکات بۆ ئیجرائات، هەندێ جار ئەو موئەسەسەیە یان ئەو دەزگایەی کە ئیشێکی دەبێ خۆی بە تەعلیمات کارەکە ئاسان دەکات، من پێموایە و ڕاستە ئەو ماددەیە بۆ ئەگەری لەدەست چوونی مەقعەد دانراوە، بەڵام بەڕاستی خیارێکی تر هەیە بەداخەوە کە من ئاخر کەسم و ڕەنگە تەسنیەش نەکرێ، بەس هەر تەرحی دەکەم ئێمە دەبێ شتێك بکەین نزیکتر بێ لە عەدالەتەوە و لەهەمان حاڵەت دا لە یەك حاڵەت دا مافی هاووڵاتی دەنگدەر، مافی

حزب و مافی کاندید هەر سێکی بپارێزە، یەعنی چ ڕێگەیەك هەیە و مەعقول بێ و ئەوە بکات، ئەم دوو خیارە تەرح کراوە، هەردووکی سەلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە و هەردووکی بەشێ لە عەدالەت و بەشێ لە ناعەدالەتی تیایە، بمانەوێ و نەمانەوێ، لەبەرئەوە من پێشنیاری خەیاری سێیەم دەکەم کە ئیشەکەمان زۆر ئاسان دەکات، ئەویش ئەوەیە کە بە پێی ڕێککەوتنێك کە لە نێوان ئەو قائیمە موئتەلیفە هەیە، ئێمە بیگرێینەوە بۆ بەیەك وشە نەحاجتمان دەبێ، با مەسەلەن قائیمەیەکی موئتەلفی أ بڵێین خۆیان وا ڕێککەوتوون ئەگەر مەقعەد شاغر بوو، بۆ قائیمەکە بگەڕێتەوە، قائیمەیەکی موئتەلفی ب هەیە وا ڕێککەوتوون ئەگەر مەقعەدێك شاغر بوو بە حیزب بدرێت بە پێی ئەو تەعلیماتەی لە ڕەئی یەکەم دا هەیە، لەبەرئەوە ئەم خیارە سێیەمە بەلای منەوە مەعقول ترە لە هەر دوو خیارەکە، بەم شێوە سیاغە بکرێت، ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسیەکەی لە دەست دا و لە ناو لیستی هاوبەند دابوو بە پێی ڕێککەوتنی لیستەکە کاندیدی پاش ئەو جێی دەگرێتەوە خۆیان چۆن ڕێککەوتوون ئێمە چ ئیشمان هەیە یان مفەوەزیە و وەکو موشەریع چ ئیشمان هەیە بەوەی قائیمەکە چۆن ڕێککەوتوون، ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسیەکەی لەدەست دا و لەناو لیستی هاوبەند دابوو بە پێی ڕێککەوتنی لیستەکە، یەعنی کە لە هەڵمەتی ئینتخابات دا ڕێککەوتوون لەسەری کەسی پاش ئەو کاندیدی پاش ئەو جێی دەگرێتەوە، عەرەبیەکەشی (اذا فقد عضو المجلس مقعده لای سبب كان ضمن قائمة مؤتلفة يحل محله المرشح التالى وفق الاتفاق الحاصل فى القائمة) ئەمە وابزانم ڕێگەیەکی زۆر ئاسان و تەبیعیە، حوریەتیش دەدەین بە قەوائیمەکان و حوریەت دەدەینە ئەحزابەکان، مافی دەنگدەریش نافەوتێ و نازانم ئیتر لیژنەی یاسای ڕەئیان چیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت ئەوە هەمووی بۆ پەرلەمان دەمێنێتەوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی ڕەئیەکیان هەبێ و سیاغەیەکیان هەبێ لێرە دەخرێتە دەنگدانەوەو پەرلەمان بڕیاری لێ دەدات، ئێستا بۆ ماددەی تر کەرەمکەن لیژنەی هاوبەش، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تعدل الفقرتان (اولا و ثالثا) من المادة (الثلاثون) من القانون ويحل محلها ما يلي:

المادة الثلاثون/اولا:

اولا: للافراد والكيانات المتضررة جراء قرارات الهيئة الطعن فيها خلال (ثلاثة) ايام من اليوم التالي لنشر القرار في صحيفتين محليتين يوميتين في الاقليم).

ثالثا: تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان – العراق تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغيين للنظر في الطعون المحالة اليها من قبل الهيئة او الافراد او الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة خلال العملية الانتخابية و تكون قراراتها باتة).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

هەردوو بڕگەی (یەكەم و سێیەم) لە ماددەی (سییەم)ی یاسایەكە هەموار دەكرێت و ئەمەی دادێ جێیان دەگرێتەوە:

ماددەی سییەم/ یەكەم:

یەكەم: ئەو كەس و قەوارانەی لە ئاكامی بڕیارەكانی دەستە زیانیان بەر كەوتووە بۆیان هەیە لە ماوەی (سێ) ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاو كردنەوەی بڕیارەكە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەی هەرێمدا تانەی لێ بدەن).

سێیەم: دەستەیەك لە دادگای تەمییزی هەرێمی كوردستان- عیراقەوە كە لە سێ دادوەری ناخۆتەرخان (ناموتەفەڕیغ) پێك هات بێت ئەركی تەماشا كردنی ئەو تانانە دەگرێتە ئەستۆ كە لە لایەن دەستە یان تاك یان قەوارەی زیان لێ كەوتوو لە ئاكامی بڕیارەكانی دەستەوە لە ڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بۆی ڕەوانە كراون و بڕیارەكانیشی لێبڕاوانەن).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێ موداخەلە بەكات لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بكەن، كاك ئارام، كاردۆ محمد، برهان رشید، نەریمان عبدالله، تارا ئەسعەدی، كەسی تر هەیە؟ كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی كە بریتیە لە ئەحكامی عامە دوو پێشنیارم هەیە بۆ هەردوو لیژنەی بەڕێز، كە ئیزافەی بكەن، یەكێك لەوانە بریتیە لە پاراستنی بنكەكانی دەنگدان و سندوقەكانی دەنگدان كە بە وەزارەتی ناوخۆ بسپیردرێت، ئەمە ببێتە یەكێك لە ئەحكامە عامەكان، هەروەها لە ڕۆژی دەنگدانی گشتی دا لیستی دەنگدەری نوێ دروست نەكرێت، ئەو فۆرمی 111 كە لە كۆمسیۆن هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 8 یەكەم/ سێیەم ئەوەی كە پەیوەندی بە دروست كردنی لیژنەیەكی دادوەریە بۆ لێپێچینەوە لەو سكاڵایانەی كە ڕووبەڕوویان دەكرێت لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردن، كۆمسیۆنی باڵای دەستە پێشنیارێكیان هەبوو كە ئەو سكاڵایانە بە تایبەتی كە یەك لیجنە بێ و لە شارێك بێت ئاسان نیە، یەعنی ئەوان پێشنیارەكەیان وابوو كە ئاسان نیە ئەوانە بتوانن وەڵامگۆی ئەو كێشە و سكاڵایانە بن لە كاتی پرۆسەی هەڵبژاردن، بۆیە پێشنیازیان كردبوو كە لە هەر پارێزگایەك لیجنەیەك دروست بكرێت، ئەمە یەكێكە لەو كارانەی كە دەتوانی ئاسانكاری بكات بۆ پاراستنی پاكی و نەزاهەت لە پرۆسەكانی هەڵبژاردن، لێكۆڵینەوە یان وەڵامدانەوەی هەموو ئەو سكاڵاو تاوانانەی كە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەكرێ ئەنجام بدرێت، لەبەرئەوە بە تەنها لیژنەیەكی وا ئاسان نیە ئەو كارانە ئەنجام بدا و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەبارەی بڕگەی 1 ئەوەی كە باس لەوە دەكات كە ئەفراد و كیاناتی زیان لێ كەوتوو بەهۆی بڕیارەكانی هەیئەتەوە بۆیان هەبێ تانە بدەن لە ماوەی سێ ڕۆژ دا لەڕۆژی نەشری بڕیارەكە لە ڕۆژنامەی مەحەلی، من یەكەم ڕاموایە سێ ڕۆژ زۆر زۆر كەمە جاری واهەیە گرتنی مەحامیەكە كە كێشەیەكت دەبێ چوار ڕۆژ و پێنج ڕۆژ مشاوەرەی دەوێ، داوای هەموو ئەوراقت لێ دەكات و مشاوەرە و تاوەكو نووسراوێك دەنووسن و هەردوو لا موافق دەبن لەسەری و دەیدەن بە مەحكەمە بەڕای من ئەوە سێ ڕۆژ كەمە هیچ نەبێ بكرێتە هەفتەیەك، یەعنی عەمەلی سێ ڕۆژ بە حەقیقەت، من خۆم لە غورفەی عەمەلیاتی ئینتخابات دا ئیشم كردووە، كێشە هەبووە عەمەلی نیە سێ ڕۆژ، دووەم شت دەڵێ لە نەشری بڕیارەكەوە لە ڕۆژنامە من داواكارم ئەو نەشرە بكرێتە تەبلیغ، لەوانەیە تۆ موتەزەرری ئاگات و لەو نەشرە نەبێ، بەڵام ئەگەر نیزامی تەبلیغ بێت شەكوات لێ وەرنەگرن تا مەكانی خۆت دەدەی ئەو وەختە تەبلیغێك دەكەن و لەڕۆژی تەبلیغەوەیە، یەعنی مەبادئی عامەش لە قانون دا دائیمەن حساب بۆ عیلم دەكات بە قانونێك، علم هەبێ بە مەوزوعێك، تەبلیغەكەش بۆ علم باشترە تاوەكو نەشرەكە، دووەم شت دەڵێ هەیئەتێك لە مەحكەمەی تەمیز هەڵدەستێ كە لە سێ ڕۆژ دادوەر پێك هاتووە و ناموتەفەرغیشن بە ئەوەی كە بڕیار لەو مەسائیل و شەكوایانە دەدەن و بڕیارەكانیشیان باتە، یەعنی كۆتاییە و بنبڕە، من لە جەنابتان دەپرسم یەعنی بە مودەی سێ ڕۆژ دەبێ شكات بكات و بۆ مەحكەمەی تەمییز لە هەولێر و یەعنی یەكێك لە دهۆكەوە یان سلێمانیەوە یەعنی ئەمە عەمەلیەیەكی تۆزێ سەعبە، یەعنی ئەرك دروست دەكەی بۆ خەڵكی، من یەكەم بڕوام وایە لە جیاتی ئەو مەحكەمەی تەمییزی ئیقلیمی كوردستانە بكرێ بە دادگای ئیستئناف،

لەبەرئەوەی دادگای ئیستئنافی ناوچەکە لە دهۆك هەیە و لە سلێمانی هەیە و لە هەلێر هەیە، ئەگەر کەرکووك بە هەرێمی کوردستان نەلکا بوو، کەرکووك ئیشی خۆی هەبوو، عەمەلی تره دادگای ئیستئنافی ناوچەی خۆت بێت، لە دهۆك دادگای ئیستئناف هەبێ و وەکو گوتم لە هەولێر هەیە و لە سلێمانی هەیە، ئەو کێشەیە بەش بکرێت بە ریئاسەی ئیستئناف کە لە سێ حاکم پێك هاتووە و خۆی و دوو نائیبەکەی، کە دەڵێ لە سێ دادوەر پێك هاتبێ ئەوە تەبیعیە، بەڵام کە تۆ دەڵێی غیر موتەفەریغ بێت یەعنی بەڕاستی ئەگەر غیر موتەفەریغ بێت من دەزانم حاکم هەیە لە ئێستاوە سجلاتی دەعوای لەلایە بۆ مانگێك دەعوا لە سجلات دا نووسراوە تەمیزێك تەمیزی دەکەیتەوە جاری وایە بە مانگێك لە مەحکەمەی تەمیز دێتەوە، ئەم حاکمانە ئەمەنە مێشکیان مەشغول بێ و تۆ بە ناموتەفەریغی لێرە دای بنێی، قەراراتیشیان بات بێت، ڕەنگە قەراراتکەیان سەحیح نەبێ، یان وەکو سیفەتێکی ئیستئنافی دووەم و تەمیزی دووەم دابندرێتەوە و قەرارەتەکەیان بات نەبێ لە تەمییز ئەو وەختە بێتەوەو ئیستئنافی بکات و لە تەمیز بێتەوە، یان ئەوەتا با موتەفەرغ بن، لەبەرئەوەی من دەزانم ئەگەر پرس و ڕا بە چەند حاکمێك بکرایە لە ریئاسەی ئیستئنافی هەولێر یان سلێمانی من دڵنیام بەڕوونی جوابیان دەدانەوە، یەعنی حاکم هەیە شەوێ ئەمەنە ئەوراق دەباتەوە بۆ ماڵەوە کە هەمووی قەزیەی ژیان و مردن و ماڵ و سامانی خەڵکە، بۆیە من ڕەئیم وایە یان بکرێت بە موتەفەریغی یان قەرارتەکانیان بات نەبێ و زۆر عەمەلی تریشە و لەمەسڵەحەتی خەڵکە دادگای تەمییز نەبێ و دادگای ئیستئنافی ناوچەکان بێ ودهۆك لێیەتی و هەولێر لێیەتی و سلێمانی لێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ڕەئی برای بەڕێزم کاك کاردۆ لەبەرئەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵێك کێشە ڕوودەدات، خروقات ڕوودەدات، موخالەفاتی یاسایی ڕوو دەدات، بۆیە سکاڵا کردن لەو حاڵەتانە ئەگەر لەو مەوقعانەی دوورە لە مەرکەزی پایتەختەوە کە باس لە تەشکیلی هەیئەی مەحکەمەی تەمییز دەکرێت لە مەرکەز، بۆیە من پێموانیە ئەمە عەمەلی بێ و خەڵکێك لە زاخۆ یان لە کفریەوە بتوانێ سکاڵاکەی بگەیەنێتە ئەو مەحکەمەو بتوانێ قەرارەکانی بۆ یەکلایی بکاتەوە، وە لەڕووی کێشەوە و لەڕووی ڕۆتیناتیشەوە بەڕاستی، خەڵکیش ناتوانێ ئەوە بکات، بۆیە لە ئینتخاباتەکانی پێشوو دا زۆرێك لەو کێشانە هەبوو کە ڕوو دەکرایە مەحکەمەکانی ناوچەکان دەیانوت ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە و پەیوەندی بە کۆمسیۆنی باڵاوە هەیەو مەحکەمەی تایبەتیان هەیە، بۆیە ئەوان ئەو کێشانەوەرناگرن، بۆ ئەوەی کەمترین کێشە ڕووبدات و بە شەفافانەو بە نەزیهانە ئینتخابات بکرێت و هیچ کەسێکیش موخالەفەی لێ قبوڵ نەکرێت، بۆیە من داوا دەکەم سەرەڕای بوونی ئەو (تتولى الهيئه فی محکمه تمییز اقلیم کوردستان) برگەی

یەکەم بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت بکرێت بە بڕگەی 4 بنووسرێ (على الهيئه تشكيل الهيئات فى مركز المحافظات والاقضية والنواحى خلال مدة الانتخابات ولها سلطة الهيئة فى محكمة التمييز) واتە هەمان دەسەڵاتی ئەوی هەیە و بۆ ئەوەی بە سەریعی و بە خێرایی زوو کێشەکان یەکلایی بکرێتەوە و وەکو گوتمان مەحکەمەکانی ناوچەکان فریا ناکەون و ئەگەر وەریشی بگرن بە ساڵێك دوای ئەوە نەتیجەکەی نایەتەوە، ئێمە ئیشی مەحکەمەکان خۆمان دەزانین کە چۆنە وتایبەتیش نیە بە ئەوانەوە، هەروەها لێرەدا من بە گرنگی دەزانم چەند پێشنیارێك بکەم کە بەڕاستی باس لە نەزاهەت و پاکی ئینتخاباتەکە دەکرێ و پێویستە هەموو لایەنەکانی بگرێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە پاسەوانی و پاراستنی شوێنەکان و بنکەکانی دەنگدان و دەنگدەران و سندوقەکان تەنها بە هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆ بسپێردرێ، بە هیچ هێزێکی تر نەسپێردرێ، لەبەرئەوە ئەم هێزانە کەمترین مۆرکی حیزبایەتیان پێوەیە و کەمترین لایەنگیریان تێدایە بۆ لایەنە سیاسیەکان، بۆیە ئەمە بەڕاستی بە خاڵێکی گرنگی دەزانم کە دەرك بکرێت، وەهەروەها خاڵی دووەم، گواستنەوەی سندوق و سندوقی دەنگدەران و هەڵگرتن و پاراستنیان بە هەمان شێوە بخرێتە ئەستۆی پۆلیسی مەحەلی و دەبێ بە هیچ شێوەیەك هیچ هێزێکی تر بەم کارە هەڵنەستێ لەبەرئەوە هەر هێزێکی تر بەم کارە هەڵسێ جێگەی گومانە و جێگەی وەلایەتی بۆ لایەنێکی سیاسی، وە بۆ ئەوەی ئەمەش ڕوونەدات تەئسیر کردن لە بنکەی ئینتخابات و لە خەڵکەکەی سێیەمی بۆ زیاد بکەین و بڵێین پێویستە هێزەکانی تر بێجگە لەو دوو هێزەی پۆلیس کە باسمان کرد، کەمتر لە دوو سەد نزیك نەبینەوە لە سندوقەکانی دەنگدان و شوێنی دەنگدانەوە، بۆیە بەڕاستی من پێموایە بەمە دەتوانین نەزاهەتی ئینتخاباتەکان و بێ لایەنی زیاتر ئەنجام بدەین، بۆیە داوا دەکەم ئەو سێ خاڵە بخرێتە ئەم شوێنە لەبەرئەوە بە مەوقف. لێرەدا دابڕێژرێت بۆ پارێزگاری کردن و نەزاهەتی زیاتری هەڵبژاردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لێرەدا مەبەستەکەم هەر یەکەمە، کە دەڵێت (للافراد و الكيانات المتضررة جراء قرارات الهيئة الطعن فيها خلال (ثلاثة) ايام من اليوم التالي لنشر القرار) من دەڵێم (من تأريخ اصداره) هەر وەختێکە کە بڕیارەکە ئیصدار کرا، حەقیان هەبێت تەعنی لێ بدەن، کە ئیحتیماڵە ئەو قەرارە تەئخیر بێت، کە نەشر بکرێت لەناو جەریدەیەك، هەر لەبەر ئەوەیە کە لە تەئریخی ئیصدار بێت، تا بتوانن تەعنی لێ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا موداخەلەکان تەواو بوو، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەگەر سەیری نەصی پێشتر بکەین، ئەبینین ئەفراد و کیاناتی زەرەرمەند بوو، لە قەراراتی هەیئە بۆیان هەیە تانە لە قەراراتی هەیئە بدەن، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەو ڕۆژەی کە بڕیاری هەیئە دەردەچێت، بەڵام بەڕاستی بڕیاری هەیئە کە دەردەچێت بۆمان دەرکەوت کە هیچ کیانێکی سیاسی ئاگادار نیە، چ تەبلیغ دەکرێن، چ لە ڕۆژنامەکان بڵاو دەکرێتەوە، بۆیە ئێمە فەرزمان کرد لەسەریان کە پێویستە لە دوو ڕۆژنامەی مەحەلی بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کیاناتی سیاسی ئاگاداری بڕیارەکانی هەیئە بن، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم: بەڕاستی ئێمە بە کۆمیسیۆنیشمان وت، مەسەلەی دانی ئەم کێشانە بە هەیئەیەکی تایبەت ئەمە خۆ دزینەوەی کۆمیسیۆنە لە مەسئولیەت، مەفروز وایە تەعنەکانی خۆیان، خۆیان تەماشای بکەن، جگە لەوەش ئێمە مەحاکمان لە هەموو قەزاو ناحیەکان هەیە، ئەگەر هاتوو جەریمەیەکی ئینتخابی ڕوویدا، یاخود پێشێلکارییەك کرا، کۆمیسیۆن زۆر بەئاسانی ئەتوانێ ئەو مەوزوعە تەحریك بکات، سەبارەت بە مەوزوعی ئەوەی کە سێ ئەندامی موتەفریغ بێت، ئێمە بۆ سێ حاکم دابنێین چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردنمان دەبێت، بۆ سێ حاکمی موتەفەریغ تەنها دابنێین بۆ ئەو ئیشە، خۆ سێ حاکم دادەنێین بۆ ئەو ئیشە بۆ ماوەیەکی کورت تەفەروغی بکەن بۆ ئەو ئیشە، کە ئیشەکە تەواو بوو دەچنەوە ئیشەکانی خۆیان، بە حەقیقەت ئێمە ئەو مەسەلەیەمان بەو شێوەیە داڕشتووە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزمان هەیە بۆ ڕەئی هەموو ئەو بەڕێزانە، هەرکەسێك ڕەئی خۆی دادەت ئێمەش گوێی لێ دەگرین، پاشان دووبارە صیاغە ئەکرێتەوە، ئەو موقتەرەحانەی کە پشتیوانیان هەبێت دەخرێتە دەنگدانەوە، لە پەرلەمان حەسم دەکرێت، فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (اولا) من المادة (الحادية و الثلاثون) و تقرأ كالآتي:

اولا: يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بناء على اقتراح من الهيئة، يعلن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجرائه بـ (180) مائة و ثمانون يوما).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز سەمیر سلیم حمە بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

بڕگەی (1)لە ماددەی (31) هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم: وادەی هەڵبژاردن بە بڕیارێك لەسەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەكرێت، بەگوێرەی پێشنیارێك لەدەستەوە لەڕێی میدیای جۆر بەجۆریشەوە، بەر لەوادەی دیاری كراوی بەڕێوە بردنی بە (180)ڕۆژ ڕادەگەیەندرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن(دڵشاد شهاب، هاژە سلێمان، احمەد وەرتی، عمر عبدالعزیز، تارا ئەسعەدی، ئاسۆ كەریم، پەیمان عبدالكریم،شڤان احمد، ناسك توفیق، نەریمان عبداللە، هاوڕاز خۆشناو) كەسی تر نیە؟، وەك مولاحەزەیەك پێش هەر هەڵبژاردنێك (180)ڕۆژ دیاری كراوە، ئەوەتان لەبەرچاو بێت لەكاتی موناقەشەدا، ئەگەر لەحاڵەتێك مەجلسەكە ئەمڕۆ ئیستیقالەیان دا هەموویان، ئەبێت هەر (180)ڕۆژ چاوەڕێ بكەین، هەتا هەڵبژاردنێكی تر بێت، یەعنی ئەوە خاڵێكە، ئەگەر موراعات بكرێت خراپ نیە، كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە هەر یەكێكمان قسە بكات دەبێ بڵێت قسەكەی من كرا، كە سەرۆكی پەرلەمان كردی، فیعلەن (180)ڕۆژەكە زۆرە، بەتایبەتی لە ئێستادا كەئێمە لەكاتی موناقەشەكردنی یاساكەین، تا ئەم یاسایە دەچێتە بواری جێبەجێكردن و ئیمزا دەكرێت، ئیجرائاتی خۆی وەردەگرێت، من باوەڕ دەكەم ڕەنگە لەئەمڕۆوە، (15)ڕۆژی تر بەلانی كەم بخایەنێت، ئەگەر بەردەوام ئیشی لەسەر بكەن، هەموو پرۆسەكە تەواو دەبێت، ئەگەر لەهەمان ڕۆژدا ئیعلانی مەوعید بكرێت ڕەنگە تەمەنی كۆمیسیۆن موهەددەد بێت بەتەواو بوون، كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەكانی بەغداد مانگی (4) تەمەنی تەواو دەبێت، تەمەنی یاسایی، هەتا كۆمیسیۆنێكی تر لە بەغداد دادەندرێت یان سەر لەنوێ لە هەرێمی كوردستان ئێمە خەریكی تەشكیلی كۆمیسیۆنێكی تر دەبین، ئەم مەوعیدە هەر فریا ناكەوین، یەعنی ئەمە دەبێتە قوفڵ كردنی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن، بەڕاستی جگە لەو موبەریرەی كە جەنابت وتت، ئەمە سەبەبێكی ترە بۆیە من پێشنیار دەكەم لە (90) ڕۆژ زیاتر نەبێت، سێ مانگ پێش هەڵبژاردن ئیعلانی كاتەكە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی دیاری کردنی ئەو ماوەیە (180) ڕۆژ بەلای ئێمەشەوە زۆر زۆرە، مەفروزە کۆمیسیۆن خۆی ئامادە کردبێت، چونکە مەفروزە چوار ساڵ جارێك ئەو هەڵبژاردنانە بکرێتەوە، بۆیە دەبێت کۆمیسیۆن ئیحتیاتاتی خۆی وەرگرتبێت، بۆیە بەلای منیش (90)ڕۆژەکە باشترە، نەك (180) ڕۆژ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ڕای هاوکارانم، دیارە کۆمیسیۆن وەکو دەزانین زۆربەی ئامادەکارییەکانی تەواو کردووە، لەبەر ئەوە پێویست بەو ماوە زۆرە ناکات، لەدەقی ماددەکەش لەیاسای پێشوو (60)ڕۆژی دانابوو، بەڕاستی ئەو ماوەیە زۆر زۆرە، چونکە کۆمیسیۆن خۆیان دەڵێن زۆربەی ئامادەکارییەکانمان تەواو کردووە، ئیتر ئەگەر ماوەی یاسایی کۆمیسیۆنیش لەمانگی چواردا بەسەر بچێت، دەکەوێتەوە دوای ئەو ماوەیە، لەبەر ئەوە هەڵبژاردنەکە هەر ئەنجام نادرێت، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم ئەو ماوەیە کەم بکرێتەوە بۆ (90)ڕۆژ، لەوەی(90)ڕۆژدا ئەنجام بدرێت، وە پێنشیاریش دەکەم خاڵێکی تر بۆ ماددەی حەوتەم ( یەکەم) زیاد بکرێت، یەکەم: (أ): بەو شێوەیە بێت( وادەی هەڵبژاردن بە بڕیارێك لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەکرێت، بەگوێرەی پێشنیارێك لەلایەن دەستەوە لەڕێگای میدیای جۆر بەجۆریشەوە بەر لەوادەی دیاری کراوی خۆی بەڕێوەبردنی لەماوەی (90)ڕۆژ ڕادەگەیەندرێت. (ب): هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان لەقۆناغی یەکەمدا ئەنجام دەدرێت وهەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی قەزاو ناحیەکانیش لە قۆناغی دووەمدا لەماوەی (4)مانگدا لەمێژووی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان ئەنجام دەدرێت، ئەم پێشنیارەشم لەوەوە هاتووە، کە پێ دەچێت لەقۆناغی یەکەمدا تەنها هەڵبژاردنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت، ئەم یاسایەش یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان وقەزاو ناحیەکانە، ئەگەر تەنها هەڵبژاردنی یەکەم ئەنجام بدرێت کە هی پارێزگاکانە، ئەوە قەزاو ناحیەکان بە ناڕوونی دەمێنێتەوە، بۆیە من بەپێویستی دەزانم کە لێرە لە یاساکە دیاری بکرێت کە دوای پارێزگاکان بەماوەیەکی دیاری کراو هی قەزاو ناحیەکانیش ئەنجام دەدەرێت، عەرەبییەکەشی پێم باشە فەقەرەی (ب) بەم شێوەیە بێت( تجرى انتخابات مجالس المحافظات في المرحلة الاولى على ان تجري انتخابات مجالس الاقضية والنواحي في المرحلة الثانية خلال (4) اشهر من تأريخ اجراء انتخابات مجالس المحافظات) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزيز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش پشتیوانی ئەو براو خوشکانە دەکەم، بەپێی ئەم یاسایە بێت، ئەگەر ئەمە ئیقرار بکەین ئێمە ئیتر هەڵبژاردن تەواو، چونکە دوێنێ وادەی کۆمیسیۆن بەسەر چوو، بەپێی ئەم (180) رۆژە، چونکە 10/22 تا 4/22 ئەوە (6)مانگەکە تەواو، کە یەك، دوو ڕۆژێکی چووە بەسەردا، لەبەر ئەوە دەبێت ڕەفعی جەلسە بکەین و هیچ قسە نەکەین لەم یاسایەدا، ئەگەر ئەم ماددەیەمان ئیقرار کرد، چونکە لە 4/22 کۆمیسیۆن وادەی تەواو دەبێت، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر: من نازانم لە ئەصڵی یاساکە، یاسای ژمارە(4)ی خۆمان، باسی دوو مانگ کراوە، ئەمە دەچێتە خانەی ئەو مەسەلەوە کە دەڵێت( مەرگی پیشان بدە تا ڕازی بێت)یەعنی (6)مانگ هەر زۆر زۆرە، بۆ نەوتراوە بەلانی کەمی (3)مانگ، لەبەر ئەوە تەنها پێشنیارێك هاتووە لە ئۆفیسی کوردستانی کۆمیسیۆن تا بکرێت بە (6)مانگ، ئەگینا پێشنیاری حکومەت (2)مانگە، پێشنیاری ماددە ئەصڵیەکەش خۆی (2)مانگە ئەویش، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە هەر دوو مانگ ئیقرار بکرێت، ئەوە پێویست ناکات لەوە زیاتر دوای بخەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای قسەکانی هاوکارانم تەقسیمی کات و ئیدارەتی کات، ئەوە یەکێکە لە پرەنسیپەکان کەوڵات پێی پێش دەکەوێت، بەتایبەتی هەڵبژاردن تازەکردنەوەیە بۆ ئەم کۆمەڵگایە کە ئێمە دای دەنێین (6)مانگ دەلالەتی تەمبەڵی کۆمەڵگاکە پیشان دەدات، بۆ هەموو ڕەئی عام، کە (6)مانگ بوو من بە (6)مانگ نەتوانم ئالیاتێکی تایبەت بکەم بۆ هەڵبژاردن وابزانم ئەوە ڕەنگدانەوەی باشی نیە، لەبەر ئەوە بەپێوەرەکانی تریش لەوڵاتانی تریش (60)ڕۆژ دانراوە بۆ ئەوەی کە بتوانن کارەکانی تێدا بکەن، ئەوە بە ئەو پەڕی، ئەگەرنا ئەوە (3)مانگ شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەریم، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ (90)ڕۆژەکەی کاك دڵشادم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان عبدالکریم، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەت ئەو ماددەیە وا پێشنیار دەکەم کە بکرێت بەدوو برگە، برگەی یەکەم: پشتگیری ڕەئیەکەی کاك دڵشاد دەکەم، کە (90)ڕۆژ بێت، برگەی دووەم: هەر لەبەر ئەوەی کە باس لەسەر دەستنیشان کردنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، کە دەستنیشانی وادەی هەڵبژاردنەکان بکات، وا بکەین ئەگەر هاتو ڕۆژی هەڵبژاردنەکە درێژکردنەوەی سەعاتەکان یان کەم کردنەوە بوو، هەر بە ئەمری ئەنجومەنی وەزیران بێت، چونکە ئەوە ڕوویداوە، بۆیە وا مەعقول تر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد، فەرموو

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەبینم کە خۆمان تووشی شتێك کردووە، کە ئەو دیاریکردنەی کاتی هەڵبژاردنە، ئەوەی کەدیاریمان کردووە تووشی کێشەیەك دەبین لێرەدا من پێم باشە، بۆ ئەوەی تەفادی ئەمە بکەین شتێکی مەتاتی دابڕێژین بەو شێوەیە بێت، لەپاش ئەوەی لەڕێگای میدیا جۆر بەجۆرەوە لەماوەیەك کەمتر نەبێت لە (100) ڕۆژ، یەعنی دەکرێت زیاتر بێت، ماوە زەمەنیەکەی کۆمیسیۆنیش ماوە تا ئەو کاتە، وە دەکرێت لەوە زیاتریش بێت، خۆمان نەبەستینەوە بە (180) ڕۆژ یان بە ماوەیەکی دەقیق بۆ ئەوەی تووشی گرفت نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو (180) ڕۆژە ئەوە ندە زۆر بوو، جەنابت یەکسەر سەرنجی ڕاکێشای هەر لە سەرەتاوە، ئەصڵی یاساکە (60)ڕۆژی داناوە، ئەو هەموو خوشك و برایانە قسەیان لەسەر کرد، تەعدیل کردنی ئەو پرۆژە یاسایە کە لە ئەنجومەنەوە هاتووە ئەصڵەن ئەو ماددەیەی تەعدیل نەکردووە، واتە حکومەتیش لە تەنفیزدا کێشەی نیە، ماوەتەوە سەر ئەوەی کە ئایا ئێمە لای کۆمیسیۆن ئیش دەکەین یان کۆمیسیۆن لای ئێمە ئیش ئەکات، وا هەموو شتێك هەر دەڵێین کۆمیسیۆن وا ئەڵێت ئێمە ناتوانین تەحدیدی بکەین، لەبەر ئەوە (60)ڕۆژ کیفایەتە، ئەو پەری بڵێین (90)ڕۆژ، خاڵێکی تر من حەز دەکەم بەیاسا هەمووی ڕێك بخەین و ئەویش نەهێڵین مودەی ئەنجومەن لە (4)ساڵ تێپەڕێت، وەکو ئێستا کە ساڵ و نیوێکە تێپەڕیوە بەسەریدا، ئەگەر بکرێت بەمەرجێك تەحدیدی بکەین، بڵێین بەمەرجێك لەوادەی مودەی مەجلیس دەرنەچێت، بۆ نموونە ئێمە دەڵێین (4)ساڵ جارێك هەڵبژاردن دەکرێت بۆ پارێزگا، با تەحدیدی بکەین

بە یاسا، بە یاسا خۆمان ئیلزام بکەین بەوەی کە ئەو ماوەیە کە دائەنرێت، لە ئیتاری مودەی پارێزگا دەرنەچێت، بۆ ئەوەی دیسان تووشی ئەوە نەبێن، بۆ نموونە پەرلەمان 7/25 مودەی تەواو ئەبێت، کۆمیسیۆن پێش 7/25 ئیشی خۆی تەرتیب بکات، بۆ ئەوەی دواتر هاووڵاتیان نەڵێن ئەوە شەرعیەتی نەماوە، وەکو ئێستاو ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆیە من پێم وایە لەم ماددەیەدا چارەسەری ئەوە بکەین، کە دیاری بکەین لەماوەی ئەنجومەن تێپەڕ نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیقتراح کردنی هەڵبژاردن کە نووسراوە لێرەدا ( بناءً علی اقتراح من الهیئة) ئێمە هەموومان دەزانین لەکوردستاندا هێشتا ئەو دەستەیە دروست نەبووە، کەواتە ئەو ئیقتراحە لەکوێوە دەچێت بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی ماوەکە دیاری بکات، بۆیە من پێم باشە لێرەدا گۆڕانکارییەکی تێدا بکەین بەم شێوەیە، (یحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس  الوزراء بناء علی اقتراح من برلمان کوردستان او الهیئة) لەبەر ئەوەی لەکاتێکدا کە دەستەکە نەبوو با پەرلەمان بێت، یان دەستەکە بکەوێتە پێش پەرلەمانەوە، یان بەپێچەوانەوە، بۆ ئەوەی لەهەردوو ئەگەرەکەدا ئێمە ئیقتراحەکە ئامادە بکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە دەزانین لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا چەند هەڵبژاردن کراوە لە مەوعیدی خۆی نەکراوە، هیچ هەڵبژاردنێك لە مەوعیدی خۆی نەکراوە، بۆیە ئەو کاتە فەرزی بکەین، کە پەرلەمان مەسئولیەتی دواکەوتنی هەڵبژاردن بگرێتە ئەستۆ، بۆیە پێویست دەکات ئێمە پەرلەمان لێرەدا زیاد بکەین، سەبارەت بە (180) ڕۆژەکەش من هاوڕام لەگەڵ کاك دڵشاد، ئەو ماوەیە زۆرە، بەڵام ئێمە لە هەردوو لیژنە لەکاتی گفتوگۆکردنمان لەسەر پرۆژەکەی حکومەت، (60)ڕۆژی دانابوو، ئێمە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە (90)ڕۆژ بێت، پاشان دەستەی هەڵبژاردن ئەوەی کە بەناوی دەستەیە لە کوردستاندا، داواکاری و پێشنیاریان بۆ ئێمە هێنا کە لەمادەی (31) ئەوان داوای (180) ڕۆژەکەیان کردووە، داوای ئەسبابەکەشمان کرد کە بۆچی (180) ڕۆژ بێت، زۆر قسەیان کرد لەسەر مەسائیلی فەنی وئیداری و تەشکیلاتی وچۆن بتوانن کە سەیتەرە بکەنە سەر ناوەکان و سڕینەوەی ناوەکان و جیاکردنەوەی و ئەو نقڵەی کەڕوودەدات، یان مەسەلەی مردنە، یان دەرچوونە لە قائیمەکان، بۆیە لەڕووی فەنیەوە ئەوان داوایان کرد و ئێمەش قبوڵمان کرد، بۆیە دەزانین (180) ڕۆژەکە زۆرە، بەس داوای کۆمیسیۆن بوو ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاوڕاز خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من نازانم ئەو (180) ڕۆژە لەسەر چ پێوەرو ئەساسێك دانراوە، من بە بینینی خۆم ئەم (180) ڕۆژە زۆر زۆری دەبینم، لە ئەصڵی یاساکەش هەر (60)ڕۆژی دانـاوە، لـەوەی حکومـەتیش بەهەمان شـێوە، یەعنی بە بینینی من قەناعەتم لەگەڵ ناگونجێت، بۆیـە پشـتگیری لـەوە دەکـەم کـە (60)ڕۆژ بێـت، چـونکە (180) ڕۆژ هیچ مەنتقی نیە، بۆ ئەوە هەڵبژاردنێك دیاری بکرێت، ئەم مەسەلەی کۆمیسـیۆنیش بەڕاسـتی مـن نـازانم لەسـەرەتا وتم لەسـەر چ ئەسـاس و پێوەرێکـە، بـەڵام کاتێـك کـە کۆمیسـیۆن داوای (180) ڕۆژ دەکات، ئایا ئێمە بۆچی لەبەرامبەر ئەم تێپەڕینە زۆرە کاتیَ کە خۆی لە ئەصڵی یاساکە (60)ڕۆژی دانـاوە، بەپێی ئەوەی کە زۆربەی وڵاتـانیش ئـەم خـۆ ئامادەکردنـەیان بـەو شـێوەیە، بۆچـی ئـەو مـاوە زۆرە دیـاری دەکرێت، بۆ دەخرێتە ناو ڕاپۆرتی هاوبەش، بۆیە هەرگیز بە مەنتقی نازانم ئەو ماوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەمووولایەکتان بەحەقیقەت (180) ڕۆژ زۆرە، بەس حەدێك دابنێین بڵێین لەوە کەمتر نەبێت، ئینجا، ئەگەر کۆمیسیۆنی بەغداد مایەوە وەفاتی نەکرد، ئەوە لەکاتی خۆیـان بیکـەن، ئەگـەرنا کۆمیسـیۆنی خۆمان ئەبێت هەبێت، ئێستا بۆ ماددەی دواتر، تکایە بەردەوام بن.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

تكون اصل المـادة (الثانيـة و الثلاثـون) مـن القـانون الفقـرة (اولا) لها و تضـاف اليها فقـرة اخـرى بتسلسـل (ثانيا/1و2و3) و كالآتي:

(ثانيا: التصويت الخاص و يشمل:

1- العسكريين من منتسبي وزارة البيّشمەرگە و الداخلية و كافة المؤسسات الامنيـة الاخـرى و تكـون طريقـة تصويتهم وفقا لاجراءات خاصة تضعها الهيئـة العليـا المسـتقلة للانتخابـات و تعتمـد فيهـا علـى قـوائم رسميـة تتضمن الاسماء و المواقع و تلتزم الجهات اعلاه بتقديمها خلال مدة لا تقل عن (90) تسعين يوماً مـن موعـد اجراء الانتخابات و بناءً عليه تشطب اسمائهم مـن سجل النـاخبين و لـيس لهـم حـق التصـويت يـوم الاقـتراع العام.

2- النـزلاء و المعـتقلين و المحتجـزين و يعتمـد في تصـويتهم علـى اجـراءات تضـعها الهيئـة العليـا المسـتقلة للانتخابات بناء على قـوائم تقـدمها وزارة العمل و الشـؤون الاجتماعيـة و الداخليـة خـلال مـدة لا تقـل عـن (30) ثلاثين يوما قبل يوم الاقتراع .

3- المرضى الراقدين في المستشفيات و المصحات الاخـرى و يكـون بنـاء علـى قـوائم تقـدمها هـذه الجهات قبـل المباشرة بالاقتراع ووفقا لاجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دەیەم:**

**ماددەی (سی و دووەم) لە بنەچەی یاسایەكە دەبێتە بڕگەی (یەكەم)ی و بڕگەیەكی دیكەی دەخرێتە سەر بە ریزبەندی (دووەم/ 1و2و3) و بەم جۆرەی دادێ:**

**(دووەم: دەنگدانی تایبەت و بریتی دەبێت:**

**1 - كەسانی عەسكەری لە كارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و تێكڕای دەزگاكانی دیكەی ئەمنی و رێكاری دەنگدانیان بە گوێرەی رێوشوێنی تایبەت دەبێت كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دای دەنێت و پشت بە لیستی فەرمی دەبەسترێت كە ناو و شوێن دەگرێتە خۆ و ئەو لایەنانەی سەرەوەش پەیوەست دەبن بە پێشكەش كردنی لە ماوەیەكدا كە لە (90) رۆژ بەر لە وادەی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردن كەمتر نەبێت، بە گوێرەی ئەوەش ناویان لە لیستی دەنگدەراندا دەسڕدرێتەوە و رۆژی دەنگدانی گشتی مافی دەنگدانیان نابێت.**

**2 - بەندی و گیراو و دەستبەسەران و دەنگدانیان بە گوێرەی رێوشوێنێك دەبێت كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دای دەنێت بە پێی لیست كە وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی و ناوخۆ پێشكەشی دەكەن بە ماوەیەك كە لە (30) رۆژ بەر لە رۆژی دەنگدان كەمتر نەبێت.**

**3 - نەخۆشی كەوتووی نەخۆشخانە و تیمارخانەی دیكە بە پێی لیستێك دەبێت كە ئەو لایەنانە بەر لە دەست پێ كردنی دەنگدان پێشكەشی دەكەن و بە گوێرەی رێكارێك كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دای دەنێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا كێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە لەسەر ئەم ماددەیە بكەن( گۆران ئازاد، بەفرین حسین، تارا ئەسعەدی، هاژە سلیمان، پشارنجم الدین، نەریمان عبداللە، سۆزان شهاب، كاردۆ محمد)، كاك گۆران فەرموو.**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پشتگیری لەدەقی ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنە دەكەم، سەبارەت بەخاڵی یەكەم، دیارە ئەوەی كە جێگیر كراوە، هێزەكانی تایبەت، تەنها لەڕۆژی دەنگدانی تایبەتی خۆیان بۆیان هەیە دەنگ بدەن، بەو مانایەی كە بەهەر هۆكارێك ناویان نەبوو، لەڕۆژی دەنگدانی تایبەت ناتوانن لە دەنگدانی گشتیدا دەنگ بدەن، كاتێك ئەوە جێگیر دەكرێت لەم ماددەیەدا پێویستە خاڵێكی تریش لەیاساكەدا كە ماددەی (11)یە لەیاساكە پێویستە ئەمیش هەموار بكرێت، لە ماددەی (11)باس لەوە دەكات، كە هاووڵاتی كاتێك دەتوانێ دەنگ بدات كەناوی تەسجیل بێت لە سجلی دەنگدەراندا، ئەو كاتە دەتوانێ بەس ئەوەی كە ئێمە بینیومانە**

له هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لەدوای نێوەڕۆوە بەهەر هۆکارێك بێت، کۆمەڵێك هاووڵاتی ناوی نیە، یاخود بەهەر سەبەبێك بێت لە تۆماری دەنگدەران ناوی نیە، فۆڕمێك دروست دەکرێت بەناوی فۆرمی هەر چی بێت ئەوەی ڕابردوو بەناوی فۆڕمی (111 یان 112) بوو ئیتر ناوی خەڵکی تێدا ڕیز دەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم نەصەی ماددەی (11) موقەیەد تر بکەین بەو شێوەی کە بڵێین ( بەپێچەوانەوە کە ناوی نەبێت مافی دەنگدانی نابێت) واتە بەجێی نەهێڵین بۆ تەفسیر بۆ کۆمیسیۆن، ئەمە ئەو حاڵەتە باشترە، چونکە ئەگەر هێزێکی تایبەت ناوی نەبوو، حەقەکەی بفەوتێت، پێویستە دەنگدەری ئاسایش لەڕۆژی دەنگدانی گشتیدا ئەمەش بۆ هاووڵاتیش هەر وابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر قەرار بێت ئێمە ماوەی وادەی هەڵبژاردن کەم بکەینەوە، لە (180)ڕۆژەکەوە بۆ (90)ڕۆژ، ئامادەکردنی لیستی فەرمی کەسانی عەسکەریش لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە (90)ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردن پێشکەش بکرێت، دیارە ئەوە وادەیەکی زۆر زۆرە، ئەبێت ئەو ماوەی (90)ڕۆژە کەم بکرێتەوە، هیچ نەبێت بکرێت بە (60 بۆ 45)ڕۆژ، واتە (90)ڕۆژەکە زۆر زۆرە، هەروەها لە خاڵی سێیەمیش کە باسی نەخۆشی نەخۆشخانەکان دەکات هیچ وادەیەکی بۆ دانەنراوە، ئایا بۆ دانەنراوە، هیچ نەبێت ئەویش وەکو خاڵی دووەم وەکو بەندی و گیراوەکان ماوەی (30)ڕۆژی بۆ دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئیشارەتم لەسەر لایەنی زمانەوانیە، کە بە عەرەبیەکەی دەڵێت(العسكريين من منتسبي وزاره البيشمرگە و الداخليه) ئەبێ بڵێت (وزارتي البيشمەرگە و الداخليه) چونکە کە دەیخوێنینەوە وا دەزانین وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ بەیەکەوەیە، یانیش بوترێت (وزاره البيشمەرگە و وزاره الداخليه) ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە لەخاڵەکان کە لە ئەخیر خاڵ دەڵێت ( المرضى الراقدين في المستشفيات و المصحات ) ئەوە ڕاستە خۆی بەشێوەیەك کە دەنگ بدەن، بەڵام من وای بەباش دەزانم ئەوانەی کە پەککەوتووشن بۆ نموونە: ئەوانەی کە بەتەمەن گەورەن، وەکو وڵاتە پێشکەوتووەکان و دوەڵی ئەسکەندەنافیا ئەوانە زۆریان هەن، لەوێ لە کۆمیسیۆن وا دەدەندرێت کە دوو کەسیان لێیان، لەگەڵ پۆلیس دەچنە ماڵەکان ئەوانەی کە موقعەدن لەماڵەوەن، ئەو کەسانەی کە بەتەمەن گەورەن بۆ ئەوەی دەنگیان بە فیڕۆ نەڕوات، بەڕاستی حەتا ئەوانەی کە لە دەوائیری تەقاعودیەکان کاتێ کە مووچە

وەردەگرن، ئەكرێت شێوەیەكی وا بكەن ئەوانەی كە خانەنشینن، زۆرجار هەیە گەیشتنیان بۆ شوێنی دەنگدان هۆكارە بۆ ئەوەی دەنگ نەدات، ئەو كەسە پیرە هەم خۆی بەشت ئەزانێت كە دوای تەمەنێك موهتەمە حكومەت كە بچێت دەنگەكەی وەربگرێت، ئەگەر بێت و ئالیەتێك لە كۆمیسیۆنەوە لەناو شوێنەكەدا دابندرێت بۆ ئەو كەسانەی كە پیرن بۆ ئەوەی دەنگیان نەفەوتێت، نەك هەر نەخۆشی ناو نەخۆشخانەكان، بەڵكو ئەوانەشی كە لەماڵەوەن، زۆرجار هەیە بە عەرەبانە مەنزەری وا پیشان دەدەن لەكاتی هەڵبژاردن، ڕەسمیان دەگرن، بە عەرەبانەوە دەیانهێنن بە هەزار حاڵ تا دێن دەنگ دەدەن، بەس چەند كەس ئەو ڕۆحەی تێدایە كە بەو شێوەیە بێت، بۆیە با ئاسانی بكەین بۆیان لەماڵەوە دەنگیان وەربگرین، وابزانم ئەوە شتێكی باشە ئەگەر ئیزافە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر تەقدیم كردنی قائیمەكان هەبوو كە (90)ڕۆژی بۆ دانراوە، كە بەفرین خان باسی كرد، ئەگەر لێرەدا ئەوە ببێت بە (90)ڕۆژ، ئەوە زۆرە ئەبێت بیكەین بە نیوە، واتە (45)ڕۆژ دابنێین بۆ تەقدیم كردنی قائیمەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، یەكجاریش وا نا، ڕێزدار یەشار نجم الدین، فەرموو.

**بەڕێز يشار نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەخاڵی یەكەمدا ماوەی (90)ڕۆژ دیاری كراوە، لەخاڵی دووەم ماوەی (30)ڕۆژ دیاری كراوە، لەخاڵی سێیەم هیچ ماوە دیاری نەكراوە، ئەوە هەر سێكیان ڕێك بخرێن بۆماوەی (30)ڕۆژ بۆ هەر سێكیان ئەوەم پێ باشە، لەخاڵی سێیەم كاتێ كە نەخۆشەكان دەنگ دەدەن، پێشنیار دەكەم كارمەندانی نەخۆشخانەكانیش دەنگ بدەن، چونكە لەوانەیە لەڕۆژی هەڵبژاردندا لە نەخۆشخانەكانی فریاكەوتن ئەو كارمەندانە نەتوانن ئەو شوێنە بەجێ بهێڵن بۆیە پێویستە ئەوانیش لەو ڕۆژە دەنگی خۆیان بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار نەریمان عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕاو بۆچوونەكانی برای بەڕێزم كاك گۆران دەكەم، لەڕاستیدا ئێمە كە دەمانەوێت هەڵبژاردنەكان نەزیە و پاك بێت، لەچوارچێوەی خواستی ناوخۆ و دەرەكیش بێت، پێویست دەكات

بەشێوەیەکی باش ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت بەداخەوە لەڕابردوودا ئەمە واقیعەیەك بووە کە لیستی پاشکۆ دروست بووە، لەپاش نیوەڕۆوە دروست بووە، بۆیە بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە دروست نەبێت، پێویست دەکات کەمترین بوار بهێڵینەوە بۆ کۆمیسیۆن یان بۆ ئیجتیهادات کە لیستێکی نوێ دروست بکرێت، لەڕاستیدا لیستی نوێ موخالەفەیەکی یاساییەو دژ بە ئیرادەی خەڵکە، بۆیە من پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك گۆران دەکەم، پێویستە نەصێك دابنێین کە ڕێگری بکات لە هاووڵاتیانیش، ئەگەر ناویان نەبوو لە هەر لیستێکدا لەلیستی دەنگداندا بۆیان نەبێت جارێکی تر لیست دروست بکرێت کە دەنگ بدەن، لەوانەیە بوترێت ڕێگری کردنە لەدەنگی خەڵك، ڕێگری ناکەین لە دەنگی خەڵك لەبەر ئەوەی کۆمیسیۆن ماوەیەك دەست نیشان دەکات بۆ هەر کەسێك، ئەگەر خەلەل هەبوو لەناوەکەی یان ناوی نەبوو، ئەچێت تەسجیلی ئەکات و تەصحیحی ئەکات، ئەو ماوەیە کە دانراوە یاساییە، بۆیە هەر هاووڵاتیەکیش کە ئەوەی نەکرد کەواتە خۆی نایەوێت دەنگ بدات، بۆیە ئەمە نابێت ببێت بە هۆکارێك بۆ ئەوەی مەجال بڕەخسێت هەڵبژاردنەکان دەستی تێ وەربدرێت، لیستێك دروست بکرێت کە جێگای ڕەزامەندی و خواستی هەموومان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید دەسڕێتەوە، چونکە وانییە، ئیحتیرامی هەڵبژاردەکانی هەرێمی کوردستان لە هەموو شوێنێك هەیە، ڕێزدار کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ڕایەی کە پەیوەندی بە لیستی ئیزافی هەیە لەکاتی هەڵبژاردنەکان، هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە ئەم یاسایە بۆ ئەوەیە هەڵبژاردنێك بکرێت هیچ کێشەو گرفتێکمان بۆ دروست نەکات، یان کەلەنێك هەبێت بۆ ئەوەی ئیزافات بخرێتە سەر یاساکە کە ڕەوا نیە، ئەو فۆڕمی (111) کە لە ئەزموونی خۆمان هەبووە، وە کۆمیسیۆنیش بەڵێنیان داوە کە ئەمساڵ دووبارە نابێتەوە، بەڵام بۆ تەئکید کردن لەوە زۆر ئاساییە ئێمە کارێك بکەین بەناوی گواستنەوەی ئەم فۆڕمە، گواستنەوەی خەڵك، گوایە لەو ماوەیە خەڵك گواستراوەتەوە، فۆڕمێك دروست دەکرێت کە هەمیشە ئیشکالاتی بۆ دروست کردووین، وە هیچ کاریگەریەکی گەورەشی نیە لەسەر نەتائیجی هەڵبژاردن، بەڵام زەرووریە کە ئێمە ئیشارەت بەوە بدەین کە هیچ شتێك جگە لەو سجلە ڕەسمیە گشتیە نەبێت، ئیزافاتی تر نەخرێتە سەر لیستەکان، وەکو برای بەڕێزم کاك نەریمان و کاك گۆران باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو وەختە کە کەمێك کات دەدرێت بۆ ئەوەیە بۆ ئەوەی زۆر بەوردی کار بکرێت بۆ ئەوەی ئەو نەواقصانە پڕ بێتەوە، وە ئیعلان بکرێت، ڕێگای ئسوڵی هەبێت، کە خەڵکێك ناوی نەبێت، بۆ چارەسەر بکرێت، بەنیسبەت ئەوەی کە هەڵبژاردنی کوردستان وا بووە، من بەئەمانەتەوە پێتان دەڵێم چ شوێنێك

هەیە لە وڵاتە دیموکراتیەکان، نەتەوەیەکگرتوەکان، هەموو پشتیوانی لەپاکی ونەزاهەتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە عەسکەری ومونتەسبی وەزارەتی پێشمەرگە، قسەم هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆریان لەواجبدا دەبن، چ لەو بنکانەدا بن یان شوێنی تر، مەفروزە دوو ڕۆژ پێش هەڵبژاردن ئەوان دەنگدانی خۆیان تەواو بکەن، وە کۆمیسیۆن و ئەو لایەنانەی کە مەسئول ئەبێت لەم بابەتە، لە زیندانی وموعتەقەل و حەبس ئەوانە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە، وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆو هێزەکانی ئاسایش ئەوانیش دەبێت قەوائیمی خۆیان لەپێش (90)ڕۆژ بەتەواوەتی تەقدیم بکەن، بۆ ئەوەی هەموویان بزانن کەکەی دەنگ دەدەن، ئەوەی کەدەمەوێت باسی بکەم، ئەوەیە کە هەندێ لەهاوکارانم باسی ئەوەیان کرد، نابێت هێزەکانی ئاسایش یان هەرئەبێت هێزەکانی شورتە پارێزگاری لە شوێنەکانی هەڵبژاردن بکەن، هەمووما‌ن دەبێت شانازی بەهێزەکانی ئاسایش بکەین، ئەگەر مۆرکی حزبیشی پێوە بێت، لەبەر ئەوەی سەقامگیری وئارامی بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردندا دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، بۆیە بیرمان نەچێتەوە ئێمە لە سویسرا هەڵبژاردن ناکەین، ئەوە زۆر زۆر باش بزانن لە سویسرا نیە، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، لەناوچەیەکی وەك عێراقدایە، کە هەموو دەقەیقەیەکیش تۆ ئەگەر بتەوێ هێزەکانی ئاسایشمان نەبێت، موعەرەزین بۆ ئەوەی کەدەستی تیرۆر بمانگاتێ، بۆیە تکا دەکەم ئێمە بەو نەزرەیە سەیری نەکەین، حزبین ئەوەتا ئێمە یاسامان دەرکردووە، لیژنەی پەیوەندیدار بەدواداچوون بکات بزانێت هەتا ئێستا ئەو دەزگایانە یەکیان گرتۆتەوە، چوونەتە سەر ئەنجومەنی وەزیران، بەکاری خۆمان هەڵبستین، بەڵام ئەوەی کە بەحزبی بوون وابێت کە تەعن لە ئیشی ئەوان بدەین کە ئارامی و ئاسایشی ئەم وڵاتە لەسەر شانی ئەوانە، بەڕاستی ئەوە ناحەقیە بەرامبەریان، بۆیە من لێرەوە داواکارم کە ئێمە بەو نەزرەیە تەماشای نەکەین دانیشتنمان لێرە لە سەرشانی ئەوانە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کە ڕەئیەك لێرە دەدرێت پیرۆزە پەرلەمان ئەتوانێت تەقیمی ڕەئیەکان بکات، بە ئیجابی بێت یان سلبی، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەهیچ شێوەیەك بەو نەمەتە قسەم نەکردووە، کەهاوکارم بەو شێوەیە وەڵامی دایەوە، من تەنها مەبەستم ئەوە بوو زیاتر نەزاهەت بدەین بە هەڵبژاردنەکان، ئەو هێزانە خوا نەخواستە بەشێوەیەکی تر باسمان نەکرد، بەڵام تابعە حزبیەکەمان باس کرد، ئەوەش واقعێکە لەهەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنیش

مونافەسەی سیاسی ئەحزابە، بۆیە ئەوە مەبەستەکەم بوو، تەنها مەبەستی ترم نەبوو، داواکارم ئەو قسانە لە پرۆتۆکۆل نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە موداخەلەی جانبی نەکرێت، کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێ کە باسی تایبەتمەندی هێزێك دەکرێت، با بڵێین هێزەکانی پۆلیس، قسە لەسەرئەوە نیە کەئاسایش نەیتوانیوە ئارامی بپارێزێت، قسە لەسەر بنکەکانی هەڵبژاردن دەکرێت، دەوروبەرەکە دەکرێت، دەنا ئاسایش ئەرکی خۆی دەبینێت وەکو گشتیەکە هەڵبژاردن هەبێت یان نەبێت، بەڵام بۆ تایبەتمەندی هێزەکانی پۆلیس بۆ مامەڵەکردن، لەگەڵ هاووڵاتی هێزەکانی پۆلیس فەرمیەتیان زیاترە و ئەرکیشیانە کە صندوقەکانی دەنگدان و بنکەکان بپارێزن، ئەمە پەیوەندی بە ئاسایش و ئارامی و ئەو لایەنانەی ترەوە نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەچینە سەر ماددەکانی تر کە زۆر تەبیعین، کێ شتێکی ماوە وەکو ئیزافە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە ماددەیەك ئیزافە بکەین بەم شێوەیە(لەگەڵ دیاری کردنی وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هەڵبژاردن بۆ قەزاو ناحیەکانیش ئەنجام دەدرێت) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دێینە سەر ماددەی (11)...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە هێشتا نەهاتووینەتە سەر ئەو ماددەیە، کە چووینە ئەوێ ئەوکاتە قسەی لەسەر دەکەین، ئەمە تەنها بۆ ئەوە بوو کە هەندێ بەڕێز پێشنیاریان کرد، دەمەوێت ئێوەی بەڕێز گوێتان لێی بێت، تا هەردوو لیژنەی هاوبەش دیراسەی بکات، لە داهاتوودا ڕەئیتان لەسەری بدەن، عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر بەیانی جەنابت بەڵێنت پێدام كە دەرفەتم بۆ بڕەخسێنیت، پێشنیار دەكەم كە ماددەیەك ئیزافە بكرێت كەباسی ئیدارە سەربەخۆكان بكات، وە باسی ئەوەی تێدا بكرێت كە ئەم ئیدارانە خاوەنی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی خۆیان دەبن، هەروەها ساڵانە بودجەی تایبەتی خۆیان دەبێت، وە هەمان ئەو دەسەڵاتانەیان دەبێت كە پارێزگاكان هەیانە، بەهەمان شێوە ئەم یاسایەشیان لەسەر جێبەجێ دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بچنە سەر ماددەكانی تر، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یاساكە ماددەی (32) و ماددەی (32)ی موكەڕەڕمان هەیە، لەڕاپۆرتەكەدا ماددەی (31)كە.

المادة الحادية والثلاثون :

تلغى الفقرة (خامسا) من المادة (الثانية و الثلاثون - مكررة ).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش بیخوێننەوە تكایە.

**بەڕێز سەمیر سلیم حمە بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

بڕگەی (پێنجەم) لە ماددەی (سی و دووەم- دووبارەیە) ڕەت دەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەس لەسەر ئەمە موداخەلەی هەیە، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسەی لەسەر بكەن (یشار نجم الدین، سالم تۆما، سۆزان شهاب، شڤان احمد، سەرهەنگ فەرەج) كاك یەشار، فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەڕای لیژنەی هاوبەش دەكەین، بەلادانی بڕگەی (5)ی ئەو ماددەیە، هەروەها پێشنیار دەكەین لەهەمان ماددەدا لە بڕگەی(3)دا ئەندامێك بە كۆتای توركمان لە پارێزگای سلێمانی بۆمان دیاری بكرێت، ئەوە داواكاری هەر سێ لیستەكەی توركمانە، كە لەپارێزگای سلێمانیش نوێنەرمان هەبێت، چونكە لەناوچەی كفری وئەوانە خەڵكی توركمانی لێیە، بۆ ئەوەی نوێنەرێكمان هەبێت لە پارێزگادا، ئەو كۆتایە یەك ئەندامی توركمانی تێدا بێت لە پارێزگای سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سالم تۆما، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو دکتۆرە ڕۆژان باسی کرد، خۆی ناوەڕۆکی ماددەکە دووبارە نیە، بەڵکو ڕیزبەندییەکەی دووبارەیە، بەس سەبارەت بەلابردنی بڕگەی(5) مەبەست لە پەیڕەوکردنی مەبدەئی کۆتا بۆ پێکهاتەکانی تری غەیری زۆرینەیە، کە بەدەنگی پێکهاتەکە بگاتە ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوە، سەرەڕای ئەو ئەرکەی کە هی خۆیەتی وەکو ئەرکی گشتی، ئەرکێکی تریشی لەسەرە ئەویش نوێنەری پێکهاتەیەکی ترە، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر ئەو مەبدەئەش لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەیڕەو کراوە، وە لەیاسای هەڵبژاردنی کوردستانیش پەیڕەو کراوە، ناکرێت بەیاسا مافێك بدەین بە پێکهاتەیەك بەدەستەکەی تری لێ بسەنینەوە، هەرکاتێك کە دیموکراسیەت خوا بکات بگاتە ئەو ئاستەی لەوڵاتەکەمان کە کەسێك لە پێکهاتەیەکی کەمینە بەدەنگی گشتی بگاتە ئەو ئەنجومەنە، وە بەکاری خۆی هەڵبستێت وە هەردووکاری خۆی جێبەجێ بکات، ئەو وەختە ئێمە خۆمان داوا دەکەین کە ئەو جیاوازییە نەمێنێت، لێرەدا من نەك هەر بۆ پارێزگاکان، بەڵکو بۆ قەزاو ناحیەکانیش کە خەڵکی ئێمەی تێدایە لەقەزاو ناحیەکان، پێمان زەرووریە کە تایبەتمەندیەك هەبێت بۆ دانانی کۆتایەك بۆ خەڵکی ئێمە تا بگاتە ئەو ئەنجومەنە، ئەگینا بەهیچ شێوەیەك ناگاتە ئەو ئەنجومەنە، ئیلا ئەگەر تێبینیەك لەسەر ئەدائی ئێمە هەبێت، چ لە پەرلەمانی کوردستان، چ لە ئەنجومەنی نوێنەران، کە فیعلەن ئێمە نەمانتوانی بەئەرکی خۆمان هەڵبستین، وە نوێنەری خەڵکی خۆمان بین و نوێنەری خەڵکی گشتیش بین، بۆیە تکایە هاوکارمان بن لە لانەبردنی ئەو بڕگەیە، بەتایبەتی بەنیسبەت گەلی ئێمە گەلی کلدانی و ئاشوری و سریانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی (32)باسی کۆتاکان دەکات، پێشنیار دەکەین بۆ سلێمانی، بەتایبەتی لەناوچەی کفری ئێمە تورکمانمان هەیە، ئەوانیش مەقعەدێکیان بۆ ئیزافە بکرێت، لەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەوانەی

كە بۆ توركمانە بەم شێوەیە باس بكرێت، چونكە لەناوچەی كفری وجودیان هەیە، وە پشتگیری لێدەكەین كەئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بڕگە بەحەقیقەت لەجێگای خۆیەتی كە لابراوە، منیش پێم باشەو دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەكەم، لەدەقە كوردیەكەدا تكرار كراوەتەوە دیسان ماددەی (11) كە كار بە هیچ دەقێكی یاسا یان بڕیارێك ناكرێت..) دیسان لەماددەی (12) بەهەمان شێوە دووبارە بووەتەوە، یەعنی دوو دەقی ماددەی (11 و12) پێكەوە دووبارە بوونەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەرهەنگ فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لەپێش ئەم ماددەیەوە دەستم بەرزكردەوە بۆ ئەوەی قسە بكەم، كە جەنابت وتت كێ پێشنیازی هەیە، قسەكانی من لەسەر ئەوەیە گەر ڕێگام دەدەن بیكەم، قسەی من لەسەر ئیدارە سەربەخۆكانە، تكا دەكەم كە خۆمان نەخەینە ناو ئەو ئیشكالیەتە یاساییەوە، ئیدارە سەربەخۆكان ئێمە هەمووومان لەگەڵ پێدانی لامەركەزیەت وكەمكردنەوەی ڕۆتینین بەڕاستی، بەڵام یەك حەقیقەت هەیە دەبێت بیزانین مەسەلەی ڕۆتین لەنێوان قەزاو ناحیەو پارێزگا نیە، مەسەلەی ڕۆتین لەنێوان پارێزگاو ئەنجومەنی وەزیراندایە، مەسەلەی ڕۆتین لەنێوان پارێزگایە لەگەڵ وەزارەتەكان، لەگەڵ وەزارەتی دارایی، ڕۆتینەكە لێرەدایە بەڕاستی، ڕۆتین بەوە عیلاج ناكرێت تۆ لەناوچەیەكی جوگرافیای دیاری كراو ئیدارەیەك دروست بكەیت بڵێیت بەمە ڕۆتین كەم دەكەمەوە، ڕۆتین كەم نابێتەوە خەڵكی پێنجوێن بێت، لەگەڵ ڕێزم بچێت بۆ هەڵەبجەی شەهید بۆ ئەوەی ئیشوكاری بكات، ڕۆتین بەوە كەم نابێتەوە خەڵكی چەمچەماڵ بچێت لە كەلار ئیشوكارەكانی بكات، ئەوانە كاتی خۆی وەعدیان پێدراوە كە بكرێن بەپارێزگا، بۆیە حەقە هەموومان پشتگیری ئەو داوایە بكەین، لەڕووی یاساییەوە لێرە لە بەغدا ئیشی بۆ بكەین بۆ ئەوەی بیانكەین بە پارێزگا، بەڵام بەڕاستی مەسەلەی ئیدارە سەربەخۆكان عیلاجی ئەو مەوزوعانە ناكات، ئەوە عیلاجی ڕۆتین ناكات، بۆیە تكا دەكەم بە وریاییەوە لەگەڵ ئەو مەوزوعە مامەڵە بكەین، وەخۆمان تووشی ئیشكالیەتی یاسایش نەكەین، وەڕەئی كۆمیسیۆنیش دەزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا کەس نەماوە تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشرة:

لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کوردیەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوانزەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، کەس نیە؟، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة :

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، نیە؟ بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة :

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی لەسەر ئەم ماددەی هەیە، کەس نیە؟، تکایە بۆ ئەسباب موجەبە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لغرض اجراء انتخابات حرة و ديمقراطية و نزيهة في اقليم كوردستان – العراق و بغية الارتقاء بهذه الانتخابات الى المستوى المطلوب وفق المعايير المعتمدة و المطالب الشعبية، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەکوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆی دەرچوونی**

بە مەبەستی ئەوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسی و پاك لە هەرێمی کوردستان- عیراق بەڕێوە بچێت و بە ئامانجی بەرز کردنەوەی ئەو هەڵبژاردنە تا ئاستی خواستراو بە گوێرەی پێوەری پەیڕەو کراو و خواستی میللی، ئەم یاسایە ئەرێ کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس دەیەوێت لەسەر ئەسباب موجەبە قسە بکات، تەنها تارا ئەسعەدی دەیەوێت، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی صیاغە کردنی ئەسبابی موجەبە کەهەموو کەس دەیخوێنێتەوە، بەو شێوەیە بێت کە رۆحی یاساکەی لەناودا بێت، وا بەباش دەزانم کە بەم شێوەیە بێت، ( لاجل توطيد وترسيخ انتخابات حرة وديمقراطية في اقليم كوردستان ومن اجل التداول السلمي للسلطة وتمكين المواطن لتتمتع بحياة حرة من

خلال انتخابات حرة عادلة و بغية الارتقاء بالمستوى المطلوب وفق المعايير و المطالب الشعبية لهذه الاسباب كلها شرع هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەمڕۆ موناقەشەتان کرد، هەمووتان ڕەئی خۆتانداوە، لە پرۆتۆکۆل بەنووسراو ڕەئیەکانی ئێوەی بەڕێز دەدەن بە لیژنەی هاوبەش ئەوان دیراسەی دەکەن و حازری دەکەن، تەوزیعی سەر ئێوەی بەڕێزی دەکەین، پاشان لەناو هۆڵەکەدا مادده بەمادده دەیخوێنینەوەو دوو ئەندام قسەی لەسەر دەکات و دەیخەینە دەنگدانەوە پاش ئەوە، بۆیە دانیشتنەکەمان بۆ ڕۆژی سێ شەممە دوادەخەین سەعات 11ی سەر لەبەیانی، خواتان لەگەڵ..

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**سێ شەممە رێکەوتی 1\11\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

## سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2011/11/1

كاتژمێر (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/11/1 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە ()ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/11/1 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (11)، ڕۆژی دانیشتن 2011/11/1، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، بەڵام دواخرا بۆ كاتژمێر (12)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/11/1 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

داوا لە لیژنەی هاوبەش، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەكەین كەرەم بكەن بۆ سەر مەنصە، لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ پێشكەش كردنی.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا ڕاپۆرتی هاوبەشتان بۆ دەخوێنینەوە بە زمانی كوردی:

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**ب/ پاشكۆی راپۆرتێك لەبارەی پرۆژە یاسای یەكەمین هەموار بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان ژمارە (4)ی ساڵی 2009**

هەردوو لیژنەی كاروباری یاسایی و ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان، رۆژانی پێنج شەممەو یەك شەممەو دوو شەممە رێكەوتی 5و8و9/گەلاڕێزان/2711ی كوردی، كە هاوكاتە لەگەڵ رۆژانی 27و30و31ی2011/10/ی زایینی بە هاوبەشی كۆبوونەوە، ئەویش بە مەبەستی توێژینەوە لەو راو پێشنیارانەی خرانەڕوو لە دانیشتنی پەرلەماندا، كە رۆژی 2011/10/26 گرێ درا، لە كاتی گفتوگۆ كردن لەبارەی پرۆژە یاسای (یەكەمین هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان ژمارە (4)ی ساڵی 2009) و پۆلێن كردنیان بە ئامانجی نووسینی ئەو را پێشنیار كراوانە لەبارەی راپۆرتە هاوبەشەكەی كە رۆژی 2011/10/12 لە لایەن هەردوو لیژنەوە پێشكەش كراوە، كە بە بنەمای گفتوگۆش داندرا. دوای ئەوەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لە سەرەتای دانیشتنەكەدا دووپاتی كردەوە كە پێویستە ئەو رایانە بچەسپێندرێن، كە لەبارەی پرۆژەكەوە خراونەتە روو و هیچ شتێكیش فەرامۆش نەكرێت، تەنانەت ئەگەر رای یەك ئەندام پەرلەمانیش بوو، بۆیە لێرە بە دواوە راو پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەبارەی بەندەكانی پرۆژەكەو پۆلێن كردنییەوە دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئەوەی بۆ دەنگدان بخرێتە بەردەمی پەرلەمانەوە.

تكایە بفەرموون بۆ بینین و ئەوەی لە راپۆرتەكەدا لەبارەیەوە هاتووە پیشانی پەرلەمانی بدەن و رای گونجاوی لەبارەوە بدەن و دەنگی لەسەر بدەن. لەگەڵ رێزدا..

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ ملحق تقرير حول مشروع قانون التعديل الاول لقانون انتخاب مجالس المحافظات والاقضية والنواحي رقم 4 لسنة 2009**

اجتمعت لجنتا الشؤون القانونية والداخلية والامن والمجالس المحلية بصورة مشتركة، ايام الخميس والاحد والاثنين الموافق 5و8و9/گەلاڕێزان/2711 كوردي المصادف للايام 27و30و2011/10/31، وذلك لغرض دراسة الآراء والمقترحات التي اثيرت في جلسة البرلمان المنعقدة بتأريخ 2011/10/26 عند مناقشة مشروع قانون (التعديل الاول لقانون انتخاب مجالس المحافظات والاقضية والنواحي رقم 4 لسنة 2009) وتصنيفها بغية درج الآراء المقترحة بشأن التقرير المشترك المقدم من قبل اللجنتين بتأريخ 2011/10/12 والتي اعتبرت اساساً للمناقشة، وبعد ان حضر السيد رئيس برلمان كوردستان في بداية الجلسة واكد ضرورة تثبيت

الآراء المقدمة بشأن المشروع وعدم التهميش حتى وان كان رأي عضو واحد لذا نـدرج ادناه آراء وملاحظات السادة اعضاء البرلمان حول بنود ومواد المشروع وتصنيفه بغية عرضه للبرلمان للتصويت عليه.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض ما ورد في التقرير بشأنه على البرلمان وابداء الرأى المناسب والتصويت. مـــع التقــدير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کەرەم بکەن بۆ ماددەی یەکەم.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له راپۆرتی پێشیماندا، چەند ئەندامێك پێشنیاری ئیدارەی نوێیان کرد، کە داخلی یاساکە بکرێت، دوو رەئی هەبوو

سەبارەت بە ئیدارەی لە نوێ کراوەی سەربەخۆوە.

دوو را لەبارەیەوە هەیە:

رای یەکەم:

ئامانج لە راگەیاندنی ئیدارەی سەربەخۆ پەیرەو کردنی شێوازی لامەرکەزیی کارگێڕییە لە بەڕێوەبردنی هەندێك دەڤەرداو ئاسان رواندنی مامەڵەی هاووڵاتیان، بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەندی پارێزگاکان لە تەواو کردنی مامەڵەکانیان و هەر لە ئیدارەی خۆشیاندا خزمەتگوزاریی بنەڕەتییان پێشکەش بکرێت. بابەتەکە پەیوەندیی بە یاسایەکەوە نییە، کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانەوەو هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکانیش لە یاسایەکەدا چارەسەر کراوە.

رای دووەم:

پێشنیار دەکات ئیدارەی لەنوێ کراوە بخرێنە نێو یاسایەکەوە، لە حاڵەتی قبوڵ کردنی رای دووەمدا دەبێ ناونیشانی یاسایەکەو ناوەڕۆکی زۆر لە ماددەکانی هەمواریان تێدا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بالنسبة للادارات المستقلة المستحدثة:

هناك رأيان بشأنها:-

الرأي الأول:

الهدف من اعلان الادارات المستقلة هو اتباع اسلوب اللامركزية الادارية في ادارة بعض المناطق وسهولة تمشية معاملات المواطنين دون الرجوع الى مراكز المحافظات في انجاز معاملاتهم وتقديم الخدمات الاساسية اليهم في

ادارتهم. والموضوع لا علاقة بالقانون الذي هو خاص بانتخابات المحافظات والاقضية والنواحي وان انتخابات الاقضية والنواحي معالجة في القانون.

الرأي الثاني:

تقترح اضافة الادارات المستحدثة الى القانون وفي حالة قبول الرأي الثاني ينبغي اجراء تعديلات في عنوان القانون ومتون الكثير من مواده.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ڕەئی یەکەم کە ئاخیر جار خوێندیانەوە، ڕەئی یەکەم جارێکی تر بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە. کەرەم بکەن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم:

ئامانج لە ڕاگەیاندنی ئیدارەی سەربەخۆ پەیڕەو کردنی شێوازی لامەرکەزیی کارگێڕییە لە بەڕێوەبردنی هەندێك دەڤەرداو ئاسان ڕواندنی مامەڵەی هاووڵاتیان، بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەندی پارێزگاکان لە تەواو کردنی مامەڵەکانیان و هەر لە ئیدارەی خۆشیاندا خزمەتگوزاریی بنەڕەتییان پێشکەش بکرێت. بابەتەکە پەیوەندیی بە یاسایەکەوە نییە، کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانەوەو هەڵبژاردنی قەزاو ناحیەکانیش لە یاسایەکەدا چارەسەر کراوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الرأي الأول:

الهدف من اعلان الادارات المستقلة هو اتباع اسلوب اللامركزية الادارية في ادارة بعض المناطق وسهولة تمشية معاملات المواطنين دون الرجوع الى مراكز المحافظات في انجاز معاملاتهم وتقديم الخدمات الاساسية اليهم في ادارتهم. والموضوع لا علاقة له بالقانون الذي هو خاص بانتخابات المحافظات والاقضية والنواحي وان انتخابات الاقضية والنواحي معالجة في القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لەبەر ئەوەی ڕەئی دووەم دوورترە لە ئەسڵی ماددەکە، یەعنی شتێکی تازەیە، بۆیە ڕەئی دووەم دەخرێتە دەنگدانەوە، دوو نوقتەی نیزامیمان هەیە، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی لە دانیشتنی یەکەمدا بڕیار بوو جەنابت پێش ئەوەی هەر بابەتێك بخەیتە دەنگدانەوە، ڕەئی دوو کەسی بۆ وەرگری، ببوورە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، بۆتی روون دەکەمەوە، با نوقتەی نیزامی تر وەرگرم، تێگەیشتم، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو رەئیەی لەناو راپۆرتەکەدا هاتووە، سەبارەت بە ئیدارە سەربەخۆیەکان، من تەسەورم وایە بیانووەکە زۆر لەوە زیاترەو، پێویستی بە ئەبعادی تر هەیە روون بکرێتەوە، لەبەر ئەو هۆکارە ئەم نوقتە نیزامیەی من پەیوەندی بە تایبەتمەندییەتی ئیدارەی گەرمیانەوە هەیە لە رووی سیاسیەوە، لە رووی ئیدارییەوە، لە رووی جوگرافیەوە، لە زۆر بواری ترەوە، بۆیە ئەوەی کە واقیعی کوردستاندا دەخوێندرێتەوە تایبەتمەندیەتی ئیدارەی گەرمیان لەناو پەرلەمانی کوردستان لە یاساکاندا نییە، تایبەتمەندیەتی ئیدارەی گەرمیان بەبریاری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی ساڵی دوو هەزارو................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەوە شەرحە، ئەوە نیزامی نییە، رجائەن، نا، نا، نا دانیشە، رجائەن دانیشە، کاك سالار نوقتەی نیزامی نییە، داوات لێ دەکەم دانیشە، رجائەن، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەم دوو خاڵە هەردووکی ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە، ئەو کاتە مەسەلەی ئیدارەی سەربەخۆکەی دەڤەری شارەزوورو هەڵەبجە هەر عەینەن ئەمانەی لێ دێت، ئێمە بڕیاری ساڵی 1999مان هەیە بۆ بە پارێزگا کردنی چوار شوێن، یەکێکیان هەڵەبجەیە، سۆرانە، ئاکرێیە، یەعنی هەر بە موحافەزە ناوبراوەو ئیمزای بە ڕەحمەت بێ کاك جەوهەری لەسەرە، کە سەرۆکی پەرلەمان بووە............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەگەر دەنگی هێنا ئیدارە سەربەخۆیەکان، ئینجا هەمووی دەگرێتەوە، نەك تەنها ئەوێ دەگرێتەوە، هەموو شوێنەکان دەگرێتەوە، بەڕێزان، بۆ ئیدارەی جەلسە بڕیارمانداوە، چونکە لەسەر ئەمە موناقەشەیەکی موفەسەل کرا، دەخوێندرێتەوە عەرزی دەنگدان دەکەین، ئێستا رەئی دووەم بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای دووەم:

پێشنیار دەکات ئیدارەی لەنوێ کراوە بخرێنە نێو یاسایەکەوە، لە حاڵەتی قبوڵ کردنی ڕای دووەمدا دەبێ ناونیشانی یاسایەکەو ناوەڕۆکی زۆر لە ماددەکانی هەمواریان تێدا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیدارەی موستەقیل ئیزافە بکرێت، بەڵێ، عەرەبیەکەش بخوێننەوە، ڕجائەن لەجێی خۆت دانیشە، بەڕێز عبدالله مەلا نوری بۆ دەرەوە، تەواو، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الرأي الثاني:

تقترح اضافة الادارات المستحدثة الى القانون وفي حالة قبول الرأي الثاني ينبغي اجراء تعديلات في عنوان القانون ومتون الكثير من مواده.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە ئیدارەی موستەقیلە ئیزافە بکرێت بۆ قانونەکە وەکو لە ڕەئی دووەم کە هەیە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (15) بەڕێز لەگەڵە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کراو ئیزافە نەکرا، بەڕێزان، بۆیە ڕەئی یەکەم تەسبیت بوو، چونکە ڕەئی دووەم دەنگی نەهێنا، وەکو خۆی دەمێنێتن، ئێستا ماددەی یەك، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی قانونەکە بەو شێوەیەی لێ دێت، قانونەکە دەبێتە (قانون التعديل الاول لقانون انتخاب مجالس المحافظات والاقضية والنواحي رقم (4) لسنة 2009)، ئینجا دەچینە ماددەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەو نەصەی کە ئێستا عینوانی قانونەکە خوێندرایەوە کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی یەك.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (1): لە ڕاپۆرتی هاوبەش

شەشەم: لیستی نیمچە کراوە: لیستێکە ناوی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی تێدایە، دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەکەو یەکێك لە کاندیدەکان نێوی بدات، یان بۆ خودی لیستەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبیش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (1): من التقرير المشترك

سادساً:- القائمة المفتوحة المحدودة: قائمة تتضمن أسماء المرشحين للانتخابات، حيث يحق للناخب التصويت للقائمة وأحد المرشحين فيها او للقائمة ذاتها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیزامیەکەی من تۆزێك زیاتر لوغەویە، (للقائمة ذاتها)، ئەگەر بکرێت بە (للقائمة وحدها)، بۆ ئەوەی تەفسیراتی جۆراو جۆری بۆ نەکرێت، یەعنی دەنگدەر دەنگ دەدات بە قائیمەکە، بە کەسێك لەناو قائیمەکەدا، یاخود خودی قائیمەکەو، وەکو ئەوەی لە کوردیەکەدا هاتووە، وەکو خۆیەتی، بەلاَم (للقائمة ذاتها)، (ذاتها) خۆی لە عەرەبیدا ئەو مانایە ناگەیەنێت، بگوترێت (للقائمة وحدها)، دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەوزیحی زیاتر، ئەگەر (وحدها) هەشبێت مانیع نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بیخوێنەوە، (وحدها) ئیزافە بکە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (1): من التقرير المشترك

سادساً:- القائمة المفتوحة المحدودة: قائمة تتضمن أسماء المرشحين للانتخابات، حيث يحق للناخب التصويت للقائمة وأحد المرشحين فيها او للقائمة وحدها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە بەو شێوەیە بێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (1) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بۆ نەفسی مادده فەقەرەی حەوت، كەرەم بكە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەوتەم: لیستی تاك:

دوو را لەبارەیەوە هەیە:

رای یەكەم:

ئەوەی لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە، وەك خۆی بمێنێتەوە.

رای دووەم:

رەت كردنەوەی لیستی تاك.

(نابێ ژمارەی كاندیدەكانی لیست لە سێ كەس كەمتر بن، وەك ئەوەی لە ماددەی حەوتەمی بنەچەی یاسایەكەدا هاتووە).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سابعاً:- القائمة الفردية:

هناك رأيان بشأنها:

الرأي الأول:

الابقاء على ما هو وارد في التقرير المشترك.

الرأي الثاني:

إلغاء المنفردة.

(يجب ان لا يقل عدد المرشحين في القائمة عن ثلاثة أشخاص كما هو في المادة السابعة من القانون الأصلي).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قائیمەی فەردیش، كە لە ئەسڵی قانونەكەدا هاتووە، دەڵێت:

سابعاً: القائمة الفردية: القائمة التي يرشح بموجبها فرد للانتخابات على ان يكون مسجلاً لدى الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا رەئی دووەم ئیلغای تێدایە، ئەو دوورترە لە وەزعەكە، ئیلغایەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز برهان رشيد حسن:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر شتێك بە قەناعەتی من دژی ئازادی و عورف و مەبادئی عامەی قانون و...............

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو، موناقەشە تەواو بوو، رجائەن دانیشە، بەس دەنگدانە، بەرێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە كە رەئی دووەم ئیلغای مونفەریدە بكرێت، ئەوەی تاك ئیلغا بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ كاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەرێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الرأي الأول:

الابقاء على ما هو وارد في التقرير المشترك.

یەعنی قائیمەی فەردیەكە دەمێنێتەوە.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە رەئی دووەم، ئیلغایەكە.

**بەرێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الرأي الثاني:

إلغاء المنفردة.

(يجب ان لا يقل عدد المرشحين في القائمة عن ثلاثة أشخاص كما هو في المادة السابعة من القانون الأصلي).

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ تكایە وازیحی بكەن، فەرموو بە كوردیەكە بخوێننەوە.

**بەرێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رای دووەم:

رەت كردنەوەی لیستی تاك.

(نابێ ژمارەی كاندیدەكانی لیست لە سێ كەس كەمتر بن، وەك ئەوەی لە ماددەی حەوتەمی بنەچەی یاسایەكەدا هاتووە).

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەمە بۆ ئەوەیە بۆتان روون بێت، مەبەست ئەوەیە کە هەندێك بەڕێز داوایان کرد یەك کەسیش حەقی هەبێت خۆی تەرشیح بکات، دەنگی زۆر بەڕێزان هەبوو کە ئەمە ئیلغا بکرێتەوە، چونکە مافی ئافرەت ناهێڵێت، کۆتای ئافرەت دەباتن، کێ لەگەڵ ئەوەیە تاك بەتەنها لەناو لیست نەبێت، خۆی تەرشیح بکات، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەڕێزان، گوێ ناگرن، چیتان لێ بکەم؟ فەرموو دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، لە راپۆرتی یەکەمی هەردوو لیژنە هاتووە کەوا لیستی تاکە کەس بۆی هەبێت خۆی تەرشیح بکات، ئێستا رەئیەك هەیە ئەوە ئیلغا بکرێت، واتا یەك کەس، تاکە کەس بۆی نەبێت، لیستەکە لە سێ کەس کەمتر نەبێت، لە سێ کەس پێك بێت، ئەمە ئیلغای لیستی مونفەریدە، تاکە کەسە، کە لە راپۆرتی یەکەممان هاتبوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارە بداتە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کەوا تاك بۆی نەبێت خۆی تەرشیح بکات؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تاك بۆی هەیە خۆی تەرشیح بکات، بەس بە تەنها خۆی تەرشیح نەکات، لەناو لیستێك بێت، لیستەکە لە سێ کەس کەمتر نەبێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیستی تاکە کەسی نەبێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (15) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە کە لیستی تاکە کەسی نەبێتن، کێ لەگەڵ ئەوەیە لیستی تاکە کەسی هەبێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، لیستی کەسی دەبێت، فەرموو رەئی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەوتەم: لیستی تاکە کەس: ئەو لیستەی کە بەگوێرەی ئەو تاکە کەسێك بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکرێت بە مەرجێك لە لای دەستە تۆمار کرا بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، دیارە هەڵبژاردنی تاکە کەس وەکو خۆی مایەوە، ئێستا بە عەرەبی دەخوێنمەوە بەم شێوەیە لە ئەسڵی یاساکە:

سابعاً: القائمة الفردية: القائمة التي يرشح بموجبها فرد للانتخابات على ان يكون مسجلاً لدى الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو صیاغەیەی کە خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ بڕگەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هەشتەم: دوو را لەبارەیەوە هەیە:**

**رای یەكەم:**

**لەگەڵ بنەچەی ئەو بڕگەیەدایە كە لە راپۆرتەكەدا هاتووە.**

**رای دووەم:**

**(دەبێ هەلگری رەگەزنامەی عێراقی بێت)ی بخرێتە سەر، واتە گەواهینامەی رەگەزنامەی عیراقی پێشكەش بكرێت.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثامناً:- هناك رأيان بشأنها:**

**الرأي الأول:**

**مع اصل الفقرة الواردة في التقرير.**

**الرأي الثاني:**

**اضافة (ان يكون حاملاً الجنسية العراقية)، اي تقديم مستمسك الجنسية العراقية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا رەئی دووەم بخوێننەوە، بەكوردی و بە عەرەبی بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**رای دووەم:**

**(دەبێ هەلگری رەگەزنامەی عێراقی بێت)ی بخرێتە سەر، واتە گەواهینامەی رەگەزنامەی عیراقی پێشكەش بكرێت.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الرأي الثاني:**

**اضافة (ان يكون حاملاً الجنسية العراقية)، اي تقديم مستمسك الجنسية العراقية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە ئەسڵی ماددەكەش لەگەڵی بخوێننەوە بەو شێوەیە دەنگدانەكە لەسەری خەلەل دەبێت، بەكاملی بیخوێنن، ئەسڵی ماددەكە لە كوێیە بخوێندرێت لەگەڵ ئیزافەی دەكرێتە سەری، فەرموون.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە بڕگەی هەشتەمی ماددەی یەك، كە پێناسەی سجلی ناخیبینی ئیبتیدائی دەكات پێشنیارەكە بەو شێوەیە:**

**ثامناً: سجل الناخبين الابتدائي: السجل الذي يحوي اسماء وبيانات الناخبين والذي يتم اعداده ونشره من قبل الهيئة للاطلاع عليه وتقديم الطعون بشأنه وأن يكون حاملا الجنسية العراقية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ رجائەن دانیشتنەكە دوا دەخەین بۆ سەعات دوو، تكایە، بۆ ئەوەی هەمووی دابڕێژینەوە لەسەر ئەمە بە كاملی ماددەكان وەكو خۆی دابەزێت لەگەڵ ئیزافەكەی، نابێت بڵێن لەگەڵ ئەسڵی ماددەكەو با هەمووی بە وردی بێت.**

**بەڕێزان، سەعات یەك وەرنەوە ئێرە، تكایە، سەعات یەك.**

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، لەسەر دانیشتنەکەمان بەردەوام دەبین، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، فەرموون بۆ سەر مەنصە، لیژنەی هاوبەش فەرموون بەردەوام بن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا بڕگە هەشتی ماددەی یەك دەخوێنینەوە سەرەتا دەچینە سەر ئەسڵی راپۆرتەکە کە بووە ئەساس بۆ موناقەشە، بڕگەی هەشتەکە دەخوێنینەوە، دوایێ رەئی لیژنەی هاوبەش سەبارەت بەو راو و بۆچوونانەی کە لە جەلساتی پێشتر لەسەر پرۆژە ئەسڵیەکە هەیە دەخەینە روو، بۆ ئەوەی بتوانین بەو شێوەیە موناقەشەکە بەڕێوە بچێت، ئەگەر ئیجازەمان بدەنێ.

فەقەرەی هەشت (ثامناً) لە ئەسڵی پرۆژەکە بەم شێوەیە:

(ثامناً: سجل الناخبين الابتدائي: السجل الذي يحوي اسماء وبيانات الناخبين والذي يتم اعداده ونشره من قبل الهيئة للاطلاع عليه وتقديم الطعون بشأنه)، ئەمە بڕگە هەشتە لە ماددەی یەك لە ئەسڵی ئەو پرۆژەیەی بووە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، بەنیسبەت ئەو ئارائانەی کە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ئیسارە کرا، دوای کۆبوونەوەی هەردوو لیژنە دوو رەئی هاتە ئاراوە، رەئی یەکەم ئەوەیە دەڵێت لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەیە، کە ئێستا من بۆ ئێوەی بەڕێزم خوێندەوە، رەئی دووەمیش هەیە کە یەك کەسە، دەڵێت (الرأي الثاني: اضافة (ان يكون حاملاً الجنسية العراقية)، اي تقديم مستمسك الجنسية العراقية)، بەنیسبەت رەئی دووەمیش بە هەمان شێوە ئێمە صیاغەمان بۆ کردووە بەو شێوەیەی کە ئێستا دەیخوێنمەوە (ثامناً: سجل الناخبين الابتدائي: السجل الذي يحوي اسماء وبيانات الناخبين والذي يتم اعداده ونشره من قبل الهيئة للاطلاع وتقديم الطعون بشأنه وان يكون الناخب حاملاً لشهادة الجنسية العراقية)، ئەوە رەئی دووەم بوو، کە بۆ ئێوەی بەڕێزم خوێندەوە، بۆ ئەوەی سورەتێکی وازیحتان هەبێت لە هەردوو رەئیەکان کە لەناو راپۆرتەکەدا هاتبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، یەك ڕەئی ناخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەمە بۆ دەنگدانە، دەبێت ئەو ڕەئیانەی کە تەسنیەیان هەبێت، ئەوانە بخرێنە دەنگدانەوە، یان ئەگەر موخالیفی بنەمای یاسا نەبێت، ئەویش ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر چەند کەسیش بێت دەنگی بۆ دابێت ناخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو بەردەوام بن، بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثامناً: سجل الناخبين الابتدائي: السجل الذي يحوي اسماء وبيانات الناخبين والذي يتم اعداده ونشره من قبل الهيئة للاطلاع عليه وتقديم الطعون بشأنه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەکوردیش بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەشتەم: تۆماری سەرەتایی دەنگدەران: ئەو تۆمارەیە ناو و زانیاریی دەنگدەری تێدایە، کە لە لایەن دەستەوە ئامادەو بلاو دەکرێتەوە بۆ بینین و پێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا بەو شێوەیەی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی نۆیەم لە ماددەی یەکەم ئیزافە کراوە، ئەسڵی ماددەکە بەم شێوەیە کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

(تاسعا: سجل الناخبين النهائي: سجل لاسماء وبيانات الناخبين غير القابل للطعن فيه والذي يتم نشره بعد انتهاء فترة الاعتراض)، ئەمە لە زیمنی ئەو ڕاپۆرتەیە کە بووە ئەساس بۆ موناقەشە، ڕاو بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان لە دوای گفتوگۆ کردن دوو ڕەئی هاتە ئاراوە، ڕەئی یەکەمیان/ ئەوەیە لەگەڵ ئەسڵی فەقەرەکەیە، کە ئێستا خوێندمەوە.

ڕەئی دووەم/ ئەوەیە دەڵێت (الرأي الثاني: حذف (الغير قابل للطعن) منها)، ئەوە حەزف بکرێت لە بڕگەکەی کە ئێستا خوێندمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەوەی ڕەئی دووەم کە (غير قابل للطعن) حەزف بکرێت، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (غير قابل للطعن) حەزف بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدایە زۆر سوپاس،

کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، مایەوە، ئێستا نەصی فەقەرە نۆ وەکو خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ماددەکە ئیزافەی چەند فەقەرەیەك کراو لە چوار فەقەرەوە تەعریفات بووە هەشت فەقەرە، پێمان باشە ئەسڵی ماددەکە بە هەر هەشت فەقەرەوە بدرێتە تەصویت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ماددەکە لەگەڵ ئەو ئیزافاتانەی یەك، یەك دەنگمان بۆدا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی دوو، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(المادة الثانية:

تعدل الفقرة أولا/4 من المادةالخامسة من القانون وتقرأ كالأتي:-

4- ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية ومسجلاً في سجل الناخبين ضمن الدائرة الانتخابية)، ئەوە لە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە هاتووە کە بووە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، بەنیسبەت ماددەی دوو ئەو ڕاو بۆچوونانەی کە لەناو هۆڵی پەرلەماندا هەبوو، ئێمە لە دوو ڕەئی کۆمان کردۆتەوە:

ڕەئی یەکەمیان/ ئەوەیە دەڵێت (أن يكون من ابناء الوحدة الادارية، ومسجلاً في سجل الناخبين ضمن الدائرة الانتخابية) اي حذف بموجب سجل الاحوال المدنية).

ڕەئی دووەم هەیە، ئەوەیە دەڵێت فەقەرەکە لە ئەسڵی قانونەکە چۆن هاتووە وا بمێنێتەوە، کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزم خوێندەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش بخوێنەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای یەکەم:

بەم جۆرەی لێ بکرێت:

(رۆڵەی یەکە ئیدارییەکە بێت و لە تۆماری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیشدا تۆمار کرا بێت)، واتە (بەپێی تۆماری باری شارستانی)ی لێ لا بدرێت.

رای دووەم:

لەگەڵ برگەکەدایە وەك چۆن لە بنەچەی یاسایەکەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا رەئی یەکەم کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك شێروان رەئی یەکەم ئاخیر جار بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی یەکەم/ (ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة ومسجلاً في سجل الناخبین ضمن الدائرة الانتخابیة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای یەکەم: بەم جۆرەی لێ بکرێت:

(رۆڵەی یەکە ئیدارییەکە بێت و لە تۆماری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیشدا تۆمار کرا بێت)، واتە (بەپێی تۆماری باری شارستانی)ی لێ لا بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تلغى المادة (السادسة) من القانون ویحل محلها ما یلي:

(المادة السادسة: یعتمد نظام القائمة المفتوحة لانتخابات مجالس المحافظات والاقضیة والنواحي وفق نظام التمثیل النسبي المفتوح المحدود).

دوای ئەوەی کە موناقەشەمان کرد لەسەر رۆشنایی ئەو راو بۆچوونانەی کە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ئیشارە کرا، بەڕاستی هەموو لایەکمان بە کۆ دەنگی گەیشتینە ئەو صیاغەیەی کە ئێستا عەرزی جەنابتانی دەکەین، ئەویش بەم شێوەیە:

(يعتمد نظام التمثيل النسبي لانتخابات مجالس المحافظات والاقضية والنواحي وفق القائمة المفتوحة المحدودة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش تکایە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (3): لە راپۆرتی هاوبەش

ماددەکە بەم جۆرەی دادێ دادەڕێژرێتەوە:

ماددەی شەشەمی یاسایەکە رەت دەکرێتەوەو ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا سیستەمی نوێنەرایەتیی رێژەیی بەگوێرەی لیستی نیمچە کراوە پەیڕەو دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تقترح اللجنة الصياغة التالية:

تعدل الفقرة (اولا) من المادة السابعة من القانون ويحل محلها مايلي:

(المادة السابعة:

اولا: يجوز الترشيح كقائمة منفردة او مجموعة للانتخابات ويجب ان لا يزيد عدد المرشحين في القائمة المفتوحة عن عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

ئەم داڕشتنەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی حەوتەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دەکرێ وەك لیستی تاك، یان کۆمەڵ بۆ هەڵبژاردن خۆ پاڵاوتن بکرێت و دەشبێ ژمارەی کاندیدەکانی ناو لیستی کراوە لە ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون زیاتر نەبێت).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ڕەئیەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ئێمە گفتوگۆمان کرد هەردوو لیژنە:

ڕەئی یەکەم هەبوو کە دەڵێت: حەزق قائیمەی فەردی بکرێتن.

ڕەئی دووەم دەڵێت (یجوزالترشیح للقوائم المشارکة في الانتخابات بحیث لایزید عدد المرشحین في القائمة عن ضعف عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی سێیەم/ (یجوزالترشیح للقوائم المشارکة في الانتخابات علی ان لایزید عدد المرشحین في القائمة عن عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابیة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی یەك فەردیمان پەسند کرد، کەوا قائیمەی فەردیمان پەسند کرد، ڕەئی یەکەم لادەدرێت، ڕەئی دووەم و ڕەئی سێیەم دەمێنێتەوە، هەردوو ڕەئیشمان بۆ ئێوەی بەڕێز خوێندەوە، بۆ ئەوەی تەصویت یەکلای بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی دووەم بخوێننەوە بەکوردی و بە عەرەبی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الرأي الثاني:

(يجوزالترشيح للقوائم المشاركة في الانتخابات بحيث لايزيد عدد المرشحين في القائمة عن ضعف عدد المقاعد المخصصة للدائرة الانتخابية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای دووەم:

(دەکرێ خۆ کاندید بکرێت بۆ لیستەکانی بەشدار لە هەڵبـژاردن بـە چەشـنێك كـە ژمـارەی کاندیـدەکان لـە دوو هێندەی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون زیاتر نەبن).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ (3) کـەس لەگەڵـدا نییـە، زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ پەسـند کـرا، بۆیـە زوعفـی مەقاعیدەکان پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: تلغى المادة (الثامنة) من القانون ويحل محلها مايلي:

(المادة الثامنة:

اولا: تجمع الاصوات الصحيحة في الدائرة الانتخابية وتقسم على عدد المقاعد المخصصة لتلك الدائرة للحصول على القاسم الانتخابي.

ثانيا: تجمع الاصوات الصحيحة التي حصلت عليها القائمة في الدائرة الانتخابية وتقسم على القاسم الانتخابي لتحديد عدد المقاعد المخصصة لتلك القائمة.

ثالثا: يعاد ترتيب تسلسل مرشحي القائمة على اساس عدد الاصوات الحاصل عليها كل مرشح ويوضع المرشح الحاصل على اكبر عدد من الاصوات في المقدمة وهكذا الى نهاية القائمة على ان توضع امرأة في ثالث كل مرشحين الى نهاية القائمة بغض النظر عن عدد اصوات المرشحين الرجال لضمان تحقيق نسبة تمثيل النساء 30٪).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**ماددەی (هەشتەم)ی یاسایەکە ڕەت دەکرێتەوەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:**

**(ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم: دەنگە ڕاستەکانی بازنەی هەڵبژاردن کۆدەکرێنەوەو بەسەر ژمارەی کورسییەکانی تەرخان کراو بۆ ئەو بازنەیە دابەش دەکرێن، بۆ بەدەست هێنانی دابەشی هەڵبژاردن، واتا (قاسم الانتخابی).**

**دووەم: ئەو دەنگە ڕاستانەی لیست لە بازنەی هەڵبژاردندا بە دەست هێناون کۆدەکرێنەوەو بەسەر دابەشی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن، بۆ دیاری کردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ ئەو لیستە تەرخان کراون.**

**سێیەم: ڕیزبەندی کاندیدانی لیست لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر کاندیدێك بەدەستی هێناون ڕێك دەخرێتەوەو ئەو کاندیدەی زۆرترین ژمارەی دەنگی بەدەست هێناوە دەخرێتە پێشەوەو بەم جۆرە تا کۆتایی لیستەکە، بەمەرجێك سێیەمی هەر دوو کاندید ئافرەتێك دابندرێت تا کۆتایی لیستەکە بەچاوپۆشین لە ژمارەی دەنگی کاندیدانی پیاو، بۆ مسۆگەر کردنی بەدی هێنانی ڕێژەی 30٪ی نوێنەرایەتیی ئافرەتان)، ئەمە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە بوو.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای ئەوەی ئێمە گفتوگۆمان کرد لەسەر ئەو ماددەیە، بەنیسبەت فەقەرە یەك و فەقەرە دوو هیچ مولاحەزەیەکی ئەوتۆ نەبوو لەناو هۆڵی پەرلەمان لەسەر ئەو دوو فەقەرەیە، بەڵام لەسەر فەقەرەی سێ دوو مولاحەزە هەبوو:**

**یەکەمیان/ ئەوە بوو بەنیسبەت سێ کەسەکە، وتیان دوو کەس دەبێت پیاو بێت یەکێکیان ئافرەت بێت، موقتەرەحێك لێرە درا، دەڵێ لە زیمنی ئەو سێیە یەك بێت، مەرج نییە سێیەم بێت، ئیمکان هەیە دووەم بێت، ئیمکان هەیە یەکەمیش بێت، ئەمە خاڵێکیان بوو.**

**دووەمیان/ کە زۆر مەترسی لێ هەبوو، ئەویش تەحقیقی نیسبەتی 30٪ـە بەنیسبەت ئافرەتان، وامان کردو هەموو لایەکمان کۆك بووین لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەوە زەمانەتی هەبێت و، تەمسیلی لە 30٪یەکە لە زیمنی عەدەدی مەقاعیدی دائیرەی ئینتیخابی بێت، بۆیە تەنها ئیعادەی صیاغەمان کردووە بۆ ئەم فەقەرەیە بەم شێوەیە:**

**(ثالثا: یعاد ترتیب مرشحي القائمة على اساس عدد الاصوات الحاصل علیها كل مرشح ویوضع المرشح الحاصل على اكبر عدد من الاصوات في المقدمة وهكذا الى نهایة القائمة على ان توضع امرأة ضمن كل ثلاثة**

مرشحين في القائمة بغض النظر عن عدد اصوات المرشحين الرجال لضمان تحقيق تمثيل النساء بنسبة لا تقل عن 30٪ من مقاعد الدائرة الانتخابية الواحدة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگە سێی راپۆرتەکە دادەڕێژرێتەوە:

(سێیەم: ریزبەندی کاندیدەکانی لیست لەسەر بنەمای ئەو دەنگانەی هەر کاندیدێك بەدەستی هێناوە رێك دەخرێتەوە، ئەو کاندیدەی زۆرترین ژمارە دەنگی بەدەستهێناوە لە پێشەوە دادەنرێت و بەم جۆرە تا کۆتایی لیستەکە، بەمەرجێك لەنێو هەر سێ کاندیدی لیستەکەدا ژنێك/ ئافرەتێك دابندرێت، بەچاوپۆشین لە ژمارەی دەنگی کاندیدانی پیاو بۆ مسۆگەر کردنی بەدیهێنانی نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان بە رێژەیەك کە 30٪ کەمتر نەبێت لە کورسییەکانی یەك بازنەی هەڵبژاردندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا فەقەرەی سێ بەو شێوەیەی خوێندرایەوەو تەعدیل لەسەری کرا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا ماددەکە بە گشتی بە فەقەرە یەك و دوو و سێ دەیخەمە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە لەگەڵ تەصویتی فەقەرە سێ، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

تلغى المادة (التاسعة) من القانون ويحل محلها مايلي:

(المادة التاسعة:

اولاً: توزع الاصوات التي يحصل عليها القائمة على مرشحي القائمة التي ورد في الفقرات (اولا وثانياً) من المادة (الثامنة) من القانون اعلاه.

ثانيا: يشترط لفوز القائمة المنفردة بمقعد وصوله الى القاسم الانتخابي على الاقل.

ثالثاً: توزع المقاعد الشاغرة عند وجودها على القوائم المشاركة باعتماد الباقي الاقوى.

رابعا: في حالة تساوي عدد اصوات المرشحين الفائزين في القائمة الواحدة، يتم اللجوء الى القرعة شرط ان لا تؤثر على نسبة مشاركة النساء).

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم:

ماددەی (نۆیەم)ی یاسایەکە ڕەت دەکرێتەوەو ئەمەی دادیٚ جێی دەگرێتەوە:

(ماددەی نۆیەم:

یەکەم: ئەو دەنگانەی لیست بە دەستیان دەهێنێت بەسەر کاندیدانی لیستەکەدا کە لە بڕگەی (یەکەم و دووەم)ی ماددەی (هەشتەم)ی یاسای سەرەوەدا هاتوون، دابەش دەکرێن.

دووەم: سەرکەوتنی لیستی تاك بە کورسییەك مەرجە بە لای کەمەوە بگاتە دابەشی هەڵبژاردن.

سێیەم: کورسیی بەتاڵ لە کاتی هەبوونیدا بەسەر لیستەکانی بەشداردا دابەش دەکرێن بە پشت بەستن بە ماوەی هەرە بەهێز.

چوارەم: لە حاڵەتی یەکسان بوونی دەنگی کاندیدانی سەکەوتوو لە یەك لیستدا، پەنا بۆ تیروپشك دەبردرێت، بەمەرجێك کار لە ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان نەکات).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ڕەئیەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی خوێندرایەوە ئەسڵی ڕاپۆرتەکە بوو، کە بووە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، ئێمە لەکاتی ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە لە ماددەی شەش ئیلغای فەقەرە دوومان کردووە، لە هەمان کاتدا بەنیسبەت (رابعاً) ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ برادەران قسەمان کرد، بەڕاستی فەقەرەی دوو ناکرێت ئیلغا ببێتەوە، چونکە عیلاقەی بە قائیمەی مونفەریدە هەیە، کە ئێمە پەسندمان کرد، بۆیە لەبەر ئەوەی قائیمەی مونفەریدە پەسند کراوە، ئێمە پێمان باشە فەقەرەی دووش وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتا (اولاً وثانياً وثالثاً) وەکو خۆی دەمێنێتەوەو صیاغەی چوارەمیش بەم شێوەیە دەبێت کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە، ئەویش ئەوەیە:

(في حالة تساوي عدد اصوات المرشحين الفائزين في القائمة الواحدة، يتم اللجوء الى القرعة شرط ان لاتؤثر على نسبة تمثيل النساء)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (6): لە ڕاپۆرتی هاوبەش

رەت كردنەوەی (دووەم) لە راپۆرتەكە.

چوارەم: (بەشداریی ئافرەتان) بكرێتە (نوێنەرایەتیی ئافرەتان).

(لە حاڵەتی یەكسان بوونی دەنگی كاندیدانی سەركەوتوو لە یەك لیستدا، پەنا بۆ تیروپشك دەبردرێت، بەمەرجێك كار لە نوێنەرایەتیی ئافرەتان نەكات).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا فەقەرە چوار بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوەو تەعدیل كرا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ هەموو ماددەكە، واتا فەقەرەی یەك و دوو و سێ و چوار بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوەو دەنگیشی لەسەر درا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (1) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

هناك رأيان بشأنها:

الرأي الاول: تقترح الصياغة الآتية:

اولاً: تعدل الفقرات (اولاً وثانياً وثالثاً) من المادة (العاشرة) من القانون وتقرأ كالآتي:

المادة العاشرة:

اولاً: اذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي له في عدد الاصوات الحاصل عليها في قائمته بالنسبة للقوائم غير المؤتلفة.

ثانياً: اذا فقد عضو المجلس مقعده لأي سبب كان ضمن قائمة مؤتلفة فيحل محله المرشح التالي له في عدد الاصوات الحاصل عليها من نفس الكيان السياسي المؤتلف ضمن القائمة المؤتلفة.

ثالثاً: اذا كان المقعد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين او قائمة منفردة يخصص المقعد الى مرشح آخر من قائمة اخرى باعتماد الباقي الاقوى وبخلافه يبقى المقعد شاغرا).

ثانياً: تضاف فقرة بتسلسل (خامساً) الى المادة وكالآتي:

(خامساً: اذا حصل مرشحان او اكثر في قائمة واحدة على اصوات صحيحة متساوية وكان ترشيحهم الاخير ضمن الدائرة الانتخابية، تقوم الهيئة باجراء القرعة بينهم).

الرأي الثاني: تقترح صياغة الفقرة (ثانيا) فقط من المادة كالآتي:

ثانيا: اذا فقد عضو المجلس مقعده لاى سبب كان ضمن قائمة مؤتلفة فيحل محله المرشح التالي الذي حصل على اكثر الاصوات ضمن قائمة مؤتلفة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیش.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ماددەی حەوتەمی ئەسڵی راپۆرتەکە:

دوو را لەبارەیەوە هەیە:

رای یەکەم: ئەم داڕشتنەی دادێ پێشنیار دەکات:

یەکەم: بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە ماددەی (دەیەم)ی یاسایەکە هەموار دەکرێن و بەم جۆرە دەخوێندرێنەوە:

ماددەی دەیەم:

یەکەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسییەکەی لە دەستدا، کاندیدی پاش ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە لیستەکەی خۆیدا بەدەستی هێناون جێی دەگرێتەوە، سەبارەت بەو لیستانەی لە هاوبەندا نین.

دووەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسییەکەی لە دەستداو لەنێو لیستێکی هاوبەنددا بوو، ئەوا کاندیدی پاش ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە هەمان قەوارەی سیاسیی هاوبەنددا لەنێو لیستی هاوبەنددا بەدەستی هێناوە جێی دەگرێتەوە.

سێیەم: ئەگەر کورسیی بەتاڵ تایبەت بوو بە لیستێك، کە کاندیدی نەماوە، یان هی لیستێکی تاك بوو، کورسییەکە بۆ کاندیدێکی دی لە لیستێکی دیکەدا تەرخان دەکرێت بە پشت بەستن بە ماوەی بەهێزترو بە پێچەوانەوە کورسییەکە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە).

دووەم: بڕگەیەك بە ریزبەندی (پێنجەم) دەخرێتە سەر ماددەکەو بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

(پێنجەم: ئەگەر دوو کاندید، یان زیاتر لە یەك لیستدا دەنگی یەکسانی راستیان بە دەست هێناو دوایین کاندید کردنیشیان لەنێو بازنەی هەڵبژاردندا بوو، دەستە تیرو پشکیان لە نێواندا دەکات).

رای دووەم: پێشنیار دەکات تەنیا بڕگەی (دووەم) لە ماددەکە بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

دووەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسییەکەی لەنێو لیستێکی هاوبەنددا لەدەستدا، کاندیدی پاشتر کە زۆرترین دەنگی لەنێو لیستی هاوبەنددا بەدەست هێناوە جێی دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێویست دەكات تۆزێك تەوزیحی بۆ بدەین، ئەو موناقەشاتانەی كە لەناو هۆڵی پەرلەماندا كرا، بەڕاستی بۆچوونێك هەبوو گوتیان (مؤتلفة وغير مؤتلفة) هەر یەكە بەشێوازێك تەعامولی لەگەڵدا دەكرێت و، لە هەمان كاتدا قائیمەی فەردی بەشێوازێك تەعامول دەكرێت، دوای ئەوەی كە ڕەئیەكانمان گەلاڵە كرد، تەقریبەن ڕەئیەكان هەمووی كۆبۆوە، كە ئێمە فەقەرەی یەكەم و دووەم و سێیەم هەرسێكی دەمج بكەین لە یەك فەقەرە، چونكە قەوائیمی موئتەلیفیش دەگرێتەوە، قەوائیمی غەیری موئتەلیفیش دەگرێتەوەو، لە هەمان كاتدا قائیمەی فەردیش دەگرێتەوە، چونكە بە یەك چاو تەعامولیان لەگەڵ دەكرێت.

بەنیسبەت پێنجەمیش، ئێمە لە فەقەرەیەكی پێشتر دەنگمان لەسەریدا، بۆیە پێویست بە پێنجەم ناكات، بۆیە ئیعادەی صیاغەی ماددە (10)مان بەو شێوەیە كردووە:

(تلغى المادة العاشرة من القانون و يحل محلها مايلي:

أولاً: اذا فقد عضو المجلس مقعده لاي سبب كان يحل محله المرشح التالي له في عدد الاصوات الحاصل عليها في قائمته.

ثانياً: اذا كان المعقد الشاغر يخص قائمة استنفذت المرشحين او قائمة منفردة يخصص المقعد الى مرشح آخر من قائمة اخرى باعتماد الباقي الاقوى وبخلافه يبقى المقعد شاغراً).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە كوردیەكەی.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (7): لە ڕاپۆرتی هاوبەش

ماددەكە بەم جۆرەی دادێ دادەڕێژرێتەوە:

ماددەی دەیەمی یاسایەكە ڕەت دەكرێتەوەو ئەمەی دادێ جێی دەگرێتەوە:

یەكەم: ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەك كورسییەكەی خۆی لەدەستدا، كاندیدی دوای ئەو لە ڕووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لەنێو لیستەكەیدا بەدەستی هێناوە، جێی دەگرێتەوە.

دووەم: ئەگەر كورسیی بەتاڵ تایبەت بوو بە لیستێك كە كاندیدی نەماوە، یان هی لیستێكی تاك بوو، كورسییەكە بۆ كاندیدێكی دی لە لیستێكی دی تەرخان دەكرێت، بەپەیڕەو كردنی ماوەی هەرە بەهێزو بەپێچەوانەوە كورسییەكە بە بەتاڵ دەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا صیاغەی ئەخیر کە ئیلغای ماددەکە دەکات و ئەو دوو فەقەرەی کە ئەخیر جار بە کوردی و عەرەبی خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تعدل الفقرتان (اولاً وثالثاً) من المادة (الثلاثون) من القانون ويحل محلها مايلي:

المادة الثلاثون:

اولا: للافراد والكيانات المتضررة جراء قرارات الهيئة الطعن فيها خلال (ثلاثة) ايام من اليوم التالي لنشر القرار في صحيفتين محليتين يوميتين في الاقليم.

ثالثا: تتولى هيئة في محكمة تمييز اقليم كوردستان - العراق تتكون من ثلاثة قضاة غير متفرغيين للنظر في الطعون المحالة اليها من قبل الهيئة او الافراد او الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة خلال العملية الانتخابية وتكون قراراتها باتة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوردیەکەش.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

هەردوو بڕگەی (یەکەم و سێیەم) لە ماددەی (سییەم)ی یاسایەکە هەموار دەکرێت و ئەمەی دادێ جێیان دەگرێتەوە:

ماددەی سییەم:

یەکەم: ئەو کەس و قەوارانەی لە ئاکامی بڕیارەکانی دەستە زیانیان بەرکەوتووە بۆیان هەیە لە ماوەی (سێ) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاو کردنەوەی بڕیارەکە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەی هەرێمدا تانەی لێ بدەن.

سێیەم: دەستەیەك لە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە سێ دادوەری ناخۆتەرخان (ناموتەفەڕیغ) پێکهات بێت ئەرکی تەماشا کردنی ئەو تانانە دەگرێتە ئەستۆ، کە لە لایەن دەستە، یان تاك، یان قەوارەی زیان لێکەوتوو لە ئاکامی بڕیارەکانی دەستەوە لە ڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بۆی ڕەوانە کراون و بڕیارەکانیشی کۆتایین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ڕەئیەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی سێ دوو فەقەرە مەتروحە بۆ تەحدید، بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم دوو رەئی هەیە، رەئیەکیان/ لەگەڵ ئەسڵی قانونەکەیە چۆن هاتووە، وا بمێنێتەوە.

رەئی دووەمیش/ ئەوەیە کە مودەی تەعن کەمە، لە سێ رۆژەوە بکرێتە هەفتەیەك، بەلاّم ئەوە رەئی یەك بەڕێزی ئەندامی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حیساب دەکرێت یەك رەئی، چونکە رەئی یەك ئەندام لەگەڵ رێزمان بۆی وەرناگیرێت بۆ دەنگدان، بۆیە ئێستا رەئی یەکەم دەخەینە دەنگدان وەکو ئەوەی بەکوردی و عەرەبی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بالنسبة لـ (ثالثاً): هناك رأيان بشأنها:

الرأي الاول: الابقاء على الفقرة كما هي واردة في التقرير.

الرأي الثاني: تقترح اضافة (.....ولمحكمة التمييز تشكيل هيئات قضائية اخرى حسب متطلبات عملها) الى اخير الفقرة.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە (سێیەم)ی ئەو ماددەیە: دوو را هەیە:

رای یەکەم: بڕگەکە وەك چۆن لە راپۆرتەکەدا هاتووە، یەکەم راپۆرتمان، هەر واش بمێنێتەوە.

رای دووەم: (...و دادگای تەمییز بۆی هەیە بەپێی خواستی کارەکەی دەستەی دیکەی دادوەری پێك بهێنێت)، واتا ئەو عیبارەیە بخرێتە سەر کۆتایی بڕگەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئی دووەم بە کوردی و عەرەبی بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدان، چونکە ئیزافەیە بۆ سەر ماددەکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەکوردیەکە ئەوەیە، رای دووەم: (...و دادگای تەمییز بۆی هەیە بەپێی خواستی کارەکەی دەستەی دیکەی دادوەری پێك بهێنێت).

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەك دەستەیەك، دەستەی تر پێك بهێنێت، لەبەر ئەوەی یەك دەستە نییە، ئەوە هەڵەیەكی ئیملائیە، پێموایە دەبێت چاك بكرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، (هیئات قضائية) دیار بوو، بەرێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (2) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، رەئی دووەم پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەیەكی تر.

**بەرێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

تعدل الفقرتان (اولاً) من المادة (الحادية والثلاثون) وتقرأ كالآتي:

(اولاً: تحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بناء على اقتراح من الهيئة، يعلن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجرائه بـ (180) مائة وثمانون يوما).

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (سی و یەكەم) هەموار دەكرێت و بەم جۆرەی دادێ دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی سی و یەكەم:

یەكەم: وادەی هەڵبژاردن بە بڕیارێكی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەكرێت لەسەر پێشنیاری دەستەوە، لەهۆیەكانی راگەیاندن پێش وادەی دیاری كراو، بۆ بەرێوەبردنی بە (180) سەدو هەشتا رۆژ رادەگەیەندرێت.

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون رەئیەكان.

**بەرێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەندین رەئی هەبوو سەبارەت بە مودەكەی، بەڕاستی خۆی لەسەر ناوەڕۆكی ماددەكە هیچ مولاحەزەیەكی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام زیاتر هەمووی لەسەر مودەكە بوو، كە پێشنیار كرا بوو (180) رۆژ، پێشنیار كرا بوو

(90) رۆژ، پێشنیار کرا بوو (45) رۆژ، ئێمه لەسەر ئەو ماوەیە رێککەوتین کە (90) رۆژ بێت، بۆ ئەوەی مەجالێك بدرێت، بۆ ئەوەی لە دەزگاکانی راگەیاندن رۆژی ئینتیخاباتەکە ئیعلان بکرێت، یەعنی مەبەست لەو (90) رۆژە ئەوەیە کە رۆژی ئینتیخاباتەکە لە دەزگاکانی راگەیاندن ئیعلان بکرێت، نەوەك ئەو ماوەیە کۆمسیۆنی بالاّ پێویستی پێ هەیە، کە دەڵێت (180) رۆژم پێویستە، یان (120) رۆژم پێویستە، گرنگ ئەوەیە دەبێت لە دەزگاکانی راگەیاندن لە ماوەی (90) رۆژدا بلاّو بکرێتەوە، ئینجا ئەگەر ئیجازەم بدەنێ فەقەرەکە بخوێنمەوە بەم شێوەیە:

(أولاً: يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بناءً على اقتراح من الهيئة يعلن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجراءائه بـ(90) تسعين يوماً).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەڕانەوە نییە بۆ موناقەشە کردن، یان صیاغەیەکی تازە، بەس ئەوەی کە دەڵێت (بناءً على اقتراح من الهيئة)، تەبیعی هەیئە ئەوە مەبەست موفەوەزیەیە، ئیشکال لەسەر ئەوەش نییە، بەلاّم لەو حاڵەتەدا قەراری ئینتیخابات دەکەوێتە دەستی هەیئە، یەعنی کەینێ هەیئە بۆ حکومەتی ئیقتیراح کرد، ئینجا حکومەت ئیعلانی مەوعید دەکات، ئینجا (90) رۆژی دەژمێرین، بە رەئی من هەر هەمان هەدەف تەحقیق دەکات، ئەگەر بڵێین حکومەت ئیعلانی موعیدەکە دەکات بە مەشوەرەت لەگەڵ هەیئە، نەك (بناءً على اقتراح من الهيئة)، ئەمە ئیشکالێك دروست دەکات، ئەگەر تەعدیل نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، رەئیەکەی دروستە؟ رەئیتانمان دەوێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موقتەرەحەکەی کاك دڵشادمان پێ قەبوڵە، صیاغەکەمان بەم شێوەیە کردۆتەوە:

(أولاً: يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئاسة مجلس الوزراء بالتشاور مع الهيئة يعلن عنه بوسائل الاعلام المختلفة قبل الموعد المحدد لاجراءائه بـ (90) تسعين يوماً).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا فەقەرەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێك هەیە بەڕاستی دەمەوێت بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەوزیح بكەم، ئەویش ئەوەیە بەنیسبەت فەقەرەی سێیەمی ماددەی نۆ لە ئەسڵی تەقریری موشتەرەك، لە ئەسڵی قانونەكە ماددەی سی و یەك هاتووە (ثالثاً) دەڵێت (ثالثاً: في حالة تعذر اجراء الانتخابات، تستمر المجالس في ادارة شؤونها لحين انتخابات مجالس جديدة)، ئەوە بە حەقیقەت ئێمە تەماشای رەئی حكومەتیشمان كردووە لە قانونی رەقم (3)، ئەگەر ئەو نەصە وەكو خۆی بمێنێت تەعاروزێك تێدا پەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی نەصەكان تەوحید بكەین، هەم لە قانونی رەقم (3)و، هەم لە قانونی رەقم (4)، ئێمە پێمان باشە سێیەمەكە بەو شێوەیە بێت:

(ثالثاً: في حالة تعذر اجراء الانتخابات، تستمر المجالس في ادارة شؤونها لمدة لاتزيد على (90) تسعين يوماً اعتباراً من تأريخ انتهاء الدورة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردیەكەش.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم: لە حاڵەتی ئەستەم بوونی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردندا، ئەنجومەنەكان لە بەڕێوەبردنی كاروباری خۆیان بەردەوام دەبن تا ماوەیەك كە لە (90) نەوەد رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی كۆتایی هاتنی خولەكەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

تكون اصل المادة (الثانية والثلاثون) من القانون فقرة (اولاً) لها وتضاف اليها فقرة اخرى بتسلسل (ثانياً/1و2و3) وكالآتي:

(ثانياً: التصويت الخاص ويشمل:

1- العسكريين من منتسبي وزارة البيشمەرگە والداخلية وكافة المؤسسات الامنية الاخرى وتكون طريقة تصويتهم وفقا لاجراءات خاصة تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات وتعتمد فيها على قوائم رسمية تتضمن الاسماء والمواقع وتلتزم الجهات اعلاه بتقديمها خلال مدة لا تقل عن (90) تسعين يوماً من موعد اجراء الانتخابات وبناءً عليه تشطب اسمائهم من سجل الناخبين وليس لهم حق التصويت يوم الاقتراع العام.

2- النزلاء والمعتقلين والمحتجزين ويعتمد في تصويتهم على اجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات بناء على قوائم تقدمها وزارة العمل والشؤون الاجتماعية والداخلية خلال مدة لا تقل عن (30) ثلاثين يوما قبل يوم الاقتراع.

3- المرضى الراقدين في المستشفيات والمصحات الاخرى ويكون بناء على قوائم تقدمها هذه الجهات قبل المباشرة بالاقتراع و وفقا لاجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش تكایە.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

ماددەی (سی و دووەم) لە بنەچەی یاسایەكە دەبێتە بڕگەی (یەكەم)ی و بڕگەیەكی دیكەی دەخرێتە سەر بە ڕیزبەندی (دووەم/ 1و2و3) و بەم جۆرەی دادێ:

(دووەم: دەنگدانی تایبەت و بریتی دەبێت:

1- كەسانی عەسكەری لە كارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ و تێكڕای دەزگاكانی دیكەی ئەمنی و ڕێكاری دەنگدانیان بەگوێرەی ڕێوشوێنی تایبەت دەبێت، كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دایدەنێت و پشت بە لیستی فەرمی دەبەسترێت، كە ناو و شوێن دەگرێتەخۆ و ئەو لایەنانەی سەرەوەش پەیوەست دەبن بە پێشكەش كردنی لە ماوەیەكدا كە لە (90) ڕۆژ بەر لە وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن كەمتر نەبێت، بەگوێرەی ئەوەش ناویان لە لیستی دەنگدەراندا دەسڕدرێتەوەو ڕۆژی دەنگدانی گشتی مافی دەنگدانیان نابێت.

2- بەندی و گیراو و دەستبەسەران و دەنگدانیان بەگوێرەی ڕێوشوێنێك دەبێت كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دایدەنێت، بەپێی لیست كە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی و ناوخۆ پێشكەشی دەكەن بە ماوەیەك كە لە (30) ڕۆژ بەر لە ڕۆژی دەنگدان كەمتر نەبێت.

3- نەخۆشی كەوتووی نەخۆشخانەو تیمارخانەی دیكە بەپێی لیستێك دەبێت، كە ئەو لایەنانە بەر لە دەست پێ كردنی دەنگدان پێشكەشی دەكەن و بەگوێرەی ڕێكارێك كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دایدەنێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ڕەئیەكان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو هەردوو لیژنەی هاوبەش، دوای ئەوەی ڕەئیەكانمان دیراسە كرد، بەنیسبەت فەقەرەی یەكەم/ ماوەكەی، لە ئەسڵی پڕۆژەكە (90) ڕۆژ بوو، بەڵام دوو ڕەئی تریش هەبوو، ڕەئیەك دەڵێت (60) ڕۆژ،

ڕەئیەکی تریش دەڵێت (45) ڕۆژ، هەرسێ ڕەئیمان داخل کردووە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ڕەئیە قانونیەکە، یەعنی ئەوەی لە دوو ڕەئی زیاتر هەبوو، بەس ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، چونکە ناکرێت، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی تەدقیقمان کردووە، بەنیسبەت ڕەئی یەکەم و ڕەئی دووەم و ڕەئی سێیەم سێ، چوار ئەندام پەرلەمان زیاتر ئەو ماوانەیان ئیسارە کردووە، ئەندامێك نییە، ئەگەر ئەندامێك بوایە ئیشارەتمان پێ نەدەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لە زۆرەوە دێینە خوارەوە، بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە مەشروعی حکومەت کە (90) ڕۆژە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کاك دکتۆر ئەحمەد نوقتەی نیزامی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی پێشوو دەنگمان لەسەر ئەوەدا، کە ئەو ماوەیەی تەحدید دەکرێت بۆ ئینتیخابات (90) ڕۆژ پێش ئەوە ئیعلانی بۆ دەکات، من پێموایە لێرە پێویستە ئەو ماوەیە کەمتر بێت لە (90) ڕۆژ، لەبەر ئەوەی.................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، تکایە شەرح مەکە، ڕجائەن، موناقەشەتان کردووە، ئێستا دەنگی لەسەر دەدەین، بەڕێزان، ئەو (90) ڕۆژەی ئیعلان کراوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (25) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا دەچینە سەر (60) ڕۆژ، بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە (60) ڕۆژ بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (57) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (15) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ (60) ڕۆژ پەسند کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەمی ماددەکە تەصویتی لەسەر کرا، پێویست دەکات دوو فەقەرەکەی تریش تەصویتی لەسەر بکرێت، دوایێ کۆی ماددەکە تەصویتی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کام فەقەرە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی دوو لە ماددەی (10) لە پرۆژەکە دەڵێت: (2- النزلاء والمعتقلين والمحتجزين ويعتمد في تصويتهم على اجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات بناء على قوائم تقدمها وزارة العمل والشؤون الاجتماعية والداخلية خلال مدة لا تقل عن (30) ثلاثين يوما قبل يوم الاقتراع).

فەقەرەی سێ: (3- المرضى الراقدين في المستشفيات والمصحات الاخرى ويكون بناء على قوائم تقدمها هذه الجهات قبل المباشرة بالاقتراع و وفقا لاجراءات تضعها الهيئة العليا المستقلة للانتخابات).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا گشت ماددەکە دەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

تلغى الفقرة (خامسا) من المادة (الثانية والثلاثون - مكررة ).

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

بڕگەی (پێنجەم) لە ماددەی (سی و دووەم - دووبارەیە) ڕەت دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرەی پێنجەم، ڕەئیەك هەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە كە لە ئەسڵی پرۆژەكەدا هاتووە، ماددەكە ڕەقم (32) دووبارەیە، موقتەرەحێكیش هەیە بەم شێوەیە:

(تعدل الفقرة (ثالثاً) من المادة الثانية والثلاثون (مكررة) من القانون، وتقرأ كالآتي:

ثالثاً: يخصص مقعداً واحداً للكلدان السريان الآشوريين، ومقعد واحد للتركمان في مجلس محافظة السليمانية يتنافس عليها مرشحوا المكونين المذكورين.

واضافة فقرة بتسلسل (سادساً) الى المادة، وكالآتي:

(يحدد كوتا للكلدان السريان الآشوريين والتركمان في الاقضية والنواحي المتواجدين فيها عند اجراء الانتخابات).

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەم موقتەرەحە لەلایەن دوو ئەندامی بەڕێز تەقدیم كرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ئەو موقتەرەحە زۆر جەوهەرییە بۆ گۆڕینی قانونێك، لەبەر ئەوە گۆڕینی قانون بە موقتەرەح ناكرێت، پێویستە بە پرۆژەیەك پێشكەش بكرێت، لەبەر ئەوە ئەم موقتەرەحە موخالیفی مەبادیئی قانونە نایخەینە دەنگدانەوە، بڕۆ بۆ موقتەرەحەكەی تر، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەخوێندنەوەو لە شەرح كردنەكەی غموزێك هەیە، ئەگەر وا بێت نازانم چی بڵێم، لێرە كە دەڵێت (او عدم تهميش وانكار رأي عضو لذا ندرج ادناه الاراء) یەعنی تەهمیش نەكرێت هیچ ڕەئیەك، من لێرە باوەڕ ناكەم غموزێكی وا هەبێت، كە ئەو ماددەیە نەخرێتە شەرح كردن........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئەوە مەبەست ئەوە بوو هەر ڕەئیەك، تكایە دانیشە، هەر ڕەئیەك هەبێت وازیح بێت، یەك ڕەئی بێت ناخرێتە دەنگدانەوە، دووش بێت ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەمە یەك.

دوو/ كۆتا بە قانون لە دەورەی دوو ئێمە چارەسەرمان كرد بوو، بە قانون چارەسەر كراوە، بۆیە بۆ گۆڕینی ماددەیەكی جەوهەری پێویست بە پرۆژە دەكات، ناكرێت بە موقتەرەحێك یەك، یان دوو، یان چەند كەسیش بێت بكرێت، پێویستە بۆ ئەو حاڵەتە ئەگەر پێویست بكات پرۆژە یاسایەك بە ڕێگایەكی قانونی تەقدیمی پەرلەمان بكرێت بەو حاڵە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ ئەوەی كە ئەو موقتەرەحە دوو كەس كردوویەتی، بەلأم ئەوەی كە دەمێنێتەوە وەكو نەصی ئەسڵی قانونەكە خۆی دەمێنێتەوە، یەعنی وەكو ئەوەی كە هاتووە لە قانونەكە ماددەی (32) كە پێكهاتووە لە

پێنج فەقەرەو، لە زیمنیان مەقعەدێك بۆ كلدان سریان ئاشووری لە محافەزەی سلێمانی وەكو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ئەمیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گۆگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ ئیعتیرازە بەرێ قانون نیسبەتا پارێزگەها بی، نوكە بێژی (الاقضیة والنواحي) مانای چ رەفتار گەل پارێزگەها بێت كر یا وی رەفتار ژی ل گەل قەزاو ناحیە بێتە كرن، یەعنی ئەگەر ئەسلێ (یحدد كوتا للكلدان في الاقضیة والنواحي) ئەگەر ئەڤە بێتە لادان، مانای چ ئەسلێ نامێنێت بۆ پارێزگا.

برای بەڕێزم لێرە ناكرێت، بە قانون، بەڵێ، وەكو سۆزان خان باسی كرد، ئەوە حەقی خۆتانە، تەبیعیە، لە شوێنی خۆی دەمێنێت، ئەگەر بتەوێ بۆ قەزا، بۆ ناحیە، بۆ گوند مەوزوعێكت هەبێت بە پرۆژە یاسایەك تەقدیم بكە، دە ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز ئیمزای بۆ بكات، دێت خوێندنەوەی یەكەمی بۆ دەكرێت، دەچێتە لیژنەكان، موناقەشە دەكرێت، دێتە ئێرە دەنگی لەسەر دەدرێت، بەڵام ئێستا شوێنی ئەم جەلسەیە نییە، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما كاكۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆتا، كۆتایە، چ لە پەرلەمانی عێراقی بێت، چ لە پەرلەمانی كوردستان بێت، چ لە ئەنجومەنی شارەوانی بێت، ناكرێت ئێمە لە لایەك تەواوی بكەین، لەلای دووەم موعەوەقی بكەین، رجاتان لێ دەكەم كۆتا لە ئەنجومەنی پارێزگا هیچ ناكات، ئەگەر لە قەزاو ناحیەكان نەمبێت، بە پێچەوانەوە................

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رجائەن رەئیەكەت گەیشت، برای عەزیزم، من وا بە كوردی پێت دەڵێم، وابزانم جەنابیشت كوردی باش دەزانی، ئەوەی بە قانون چارەسەر كراوە وەك خۆی دەمێنێت، ئەوە یەك.

ئەگەر شتی ئیزافیت پێویستە، دەیبینی حەقە، دەتوانی تەحقیقی بكەیت پرۆژەیەكی یاسا بە رێگەیەكی یاسایی تەقدیمی پەرلەمان دەكرێت موناقەشەی لەسەر دەكرێت، بەس ناكرێت لێرە، لەم جەلسەیە، تكایە تەواو، كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من له تەقريرى خۆمان له $12$ى مانگ له تەقريرە هاوبەشەكە، ئەوەى زيادەى كۆتاى لـه سـليّمانى بكريّـت، من پيّشنيارم كردووەو تەحەفوزى خۆشـم لەسـەر نووسـيوە، لـەناو هـۆلّى پەرلـەمانيش دوو كـەس تەئيـدى كردوومە، لەناو دانيشتنەكەى رۆژى ئەخير هەر ئەوەمان تەرح كردو، وابزانم زۆربەى برادەرەكانيش لەگەلّ ئيّمە بوون، كە ئيزافە نەكريّت ماناى وايە ئيّمە چى بكەين.

**بەرِيّز سەرۆكى پەرلەمان:**

براى عەزيز، تۆ ريّگا قانونيەكـەى وەربگـرە، بەسەرچاو، بـەلاّم ئـەو رۆژە جـەنابت ليّـرە نـەبووى هـەر بـۆ مەعلوماتت، ئەو رۆژەى ئەو موناقەشەيەمان كرد تۆ ليّرە نەبووى، يەك بەرِيّز كاك يەشـار بـوو پيّشكەشـى كرد سۆزان خان پشتيوانى ليّ كرد، ئەمە يەك.

دوو/ ئەگەر پيّنج كەسى تريش بوايە، هـەر واجبى ئيّمەيـە بـە سـەرۆكايەتى وەكـو سـەرۆكى پەرلـەمان بـە جەنابتان بلّيّم بۆ ئەم مەوزوعە مافى جەنابتە، كەس لەگەلّ ئـەوە نييـە مـافى هـيچ كەسـيّك بخوريّـت، بـەلاّم برِۆ ريّگايـەكى ياسـايى بـە پـرۆژە ياسـايەك تەقـديم بكـە لـەم پەرلەمانـە موناقەشـەى دەكـەين، بـەلاّم هـەر پيّشـنياريّك يـەك كـەس بيكـات، دە كـەس بيكـات، موخـاليفى مـەباديئى قـانون بيّـت، ليّـرە حـەقى ئيّمەيـە نەدەينە دەنگدان، تكايە، تەواو، قانونى كۆتا ئيّمـە بـە كۆتـا ئـەو قانونـەمان دەركـردووە، دەتـوانى تەقـديمى پرۆژەيەك بكەيت و بيّتـە ئيّـرەو خويّندنـەوەى بـۆ بكريّـت، بچيّتە ليژنـەكان موناقەشـەى لەسـەر بكريّـت، بەسەر سەرم، كاك عبدالقادر فەرموو.

**بەرِيّز عبدالقادر اكرام جميل:**

**بەرِيّز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە برِگە سىّ لە ئەسلّى ماددەى ($32$)دا هاتووە، ئيّمە هەمووومان دەزانين لە سەرەتاى دامەزراندنى دەولّەتى عيّراقەوەو لە پيّش ئەويش، يەعنى توركمانيّكى زۆر لە شـارەكانى كـەركووك و خانـەقين و كفـرى ئەوانە هەروەكو فەرمانبەر هاتوون لەناو شارى سليّمانى جىّ نيشين بوونە، فيعلـەن عەدەديشـيان زۆرە، بـە ئيسـپاتيش خۆمـان هـەروەكو چاكسازى توركمـان ($3000$) دەنگمـان لـەناو شـارى سـليّمانى هيّنـاوە، يـەعنى ئەوانيش مەسەلەن خەلّكى سليّمانى، ئەو توركمانانەى خەلّكى شـارى سـليّمانينە، ئـەوانيش حـەقى خۆيانـە شەخسيّكيان هەبيّت لەناو ئەنجومەنى بەلەديەو لەناو ئەنجومەنى پاريّزگا، هـەروەها دانـانى ئـەو كورسـيە شيّوەيەكە لە تەوافوقى سياسى، چونكە خۆمان دەزانين كەوا دەستوورى عيّراقى بە كۆتايانـە دامـەزراوە لـە سالّى $2005$، ئەو دەستوورە لەسەر ئەوە دامەزراوە، لەسەر تەوافوق دامەزراوە..............

**بەرِيّز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو، پێمان گەیشت، برای بەڕێز مەسەلە ئەوە نییە دەیدەین، یان نایدەین، ڕێگای یاسایەکەی بگرن بەسەرچاو، بەڵام لێرە ناکرێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لیژنەی قانونی، من تەسەور دەکەم ڕەئیەکە بەم شێوەیە، ئەو بڕگەو ماددانەی هاتووە لەناو پرۆژەی حکومەت و لەناو ڕاپۆرتەکانیش، بەڕاستی هەمووی لە میحوەری کراوەو نیمچە کراوەو موغلەق دەسووڕێتەوە، ئەو بڕگەو ماددانەی کە پەیوەندییان هەیە بەو خاڵانە، ئێمە دەستکاری ئەوەمان کردووە، بەڵام خاڵێکی تر وەکو ئەوە بەڕاستی پێویست دەکات کە پرۆژەیەکی تایبەت هەبێت لەلایەن ئەو موکەوینە بەڕێزانەو، لە هەمان کاتدا دەبێت داتایەك هەبێت ئەو قەزاو ناحیانە کامل تەواجودیان تێدایەو ئیحصائیەکەیان چەندە؟ بۆیە بە حەقیقەت ئەمە لە بەینی خۆمان وەکو لیژنەی یاسا ئەم بۆچوونەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کۆتایی بە موناقەشەکە دێنین، بۆ ڕوون کردنەوەی ئێوەی بەڕێز، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین کۆتاتان نەبێت، تکایە، ڕجائەن، موساعەدەی برات بکە، پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، سبەی بیهێنن، پرۆژەیەك بەو مەوزوعە بهێنن، سبەی بیهێنن، ئێمە دەیخەینە بەرنامەی کارەوە دەدەینە لیژنەکان و موناقەشەی بکەن، پەرلەمان قەبوڵی کرد بەسەرچاو، بەڵام لێرە ناکرێت، تکایە، لیژنەی یاسایی بەردەوام بن، نا ڕجائەن، تەواو، کۆتایی پێهات.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئیەك هەیە کە فەقەرەی پێنج لە ماددەی (32) دووبارەیە، واتا لە ئەسڵی قانون وەکو خۆی بمێنێتەوەو، نەصەکەی بەم شێوەیە: (خامساً: یجري انتخاب مرشحي كل مكون من قبل ناخبي نفس المكون).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا گوێتان لێ بوو، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (60) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (1) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بەردەوامبە بۆ فەقەرەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی ئیزافی هەیە بەڕاستی، ئەویش ئەوەیە دەڵێت:

(تتولى قوى الامن الداخلي في وزارة الداخلية أمر حماية المراكز الانتخابية خلال العملية الانتخابية)، ئەمە وەکو ماددەیەکی ئیزافی ڕەئی لەسەر دراوەو، ئێمەش عەرزی بەڕێزتان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ئیزافی:

(هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا ئەرکی پاراستنی بنکەکانی دەنگدان دەگرنە ئەستۆ).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی یاسایی بەکوردی و بە عەرەبی جارێکی تر بخوێننەوە، بۆ ئەوەی روون بێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(المادة المضافة: تتولى قوى الامن الداخلي في وزارة الداخلية أمر حماية المراكز الانتخابية خلال العملية الانتخابية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ موقتەرەحەکەی تر فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار کراوە فەقەرەی چوارەم لە ماددەی سێ بە ئیزافە کردنی وشەی (حصراً) بۆ نیهایەتی فەقەرەکە.

ئەسڵی قانونەکە فەقەرەی چوارەم لە سەرەتای دەڵێت:

(يشترط في ناخب ان يكون:

4- مسجلاً في سجل الناخبين في المحافظة التي تجري فيها الانتخاب وفقا لاحكام هذا القانون والتعليمات التي ستصدر من الهيئة)، واتا بڵێین (حصراً) ئیزافە بکرێت، مەبەستیش لەو پێشنیارە ئەوەیە هیچ دەستکاری لە قەوائیم نەکرێت، ئەوانەی کە ناویان لە قائیمەی ئینتیخابی دەبێت، تەنهاو تەنها ئەوان ماقی ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن لە رۆژی دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبی بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی برای بەڕێزم کاك عەونی خوێندیەوە لەسەر رۆشنایی ئەو راوبۆچوونانەیە کە لەناو هۆڵی پەرلەمان ئیسارە کرا، ئەویش کار نەکردنە بە فۆرمی (111)، فۆرمی (111) لە رۆژی ئینتیخابات بەکار دەهات، بەڵام ئەگەر ئەو حەصرە بێتە ئاراوەو قەوائیم مەزبوت بوو، ئەسڵەن پێویست بە فۆرمی (111) ناکات، بۆیە وشەی (حصراً) ئێمە داخیلی ئەو ماددەیەمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە سێ، چوار ئەندام پەرلەمانی بەڕێز پێشنیاریان کرد، بەس ئەو حەصرە ئەگەر بەڕێز لیژنەی یاسایی دایاناوە بۆ تەعلیماتەکە دەگەڕێتەوەو، ئێمە دوێنێ لە هەردوو لیژنەدا بە راشکاوی باسمان کرد، کە پێویستە لە ئەحکامی عامە بە بڕگەیەك زیاد بکرێت، کە دەنگدان لە رۆژی دەنگدانیشدا تەنها لەسەر لیستی دەنگدان دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی من بەڕاستی دەمەوێت لەوە تێ بگەم، ئێمە چەند هەڵبـژاردنمان کـردووە، لە رۆژی هەڵبژاردنەکەدا دەرکەوتووە دنیایەك خەڵك ناوی نەهاتۆتەوە، هەرا بووە لەبەردەمی ئەو سندووقانەو ئەو مەراکزانە، یەعنی ئایا ئەگەر کۆمسیۆن بە کاری خۆی هەڵنەستێت و سجلی ناخیبین ئامادە نەکات، دانانی ئەم ماددەیە لێرەدا ئەم حەصرە وا دەکات زۆر خەڵك ماڤی دەنگدانی نابێت؟ لەبەر ئەوەی سجلەکە هێن نەکراوە، من هیوادارم ئەوە بەشێوەیەکی تەواو دیراسەت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە مەجموعەیەك ئینتیخاباتی رابردوودا هەموومان دەزانین، بۆ حەل کردنی ئەو مەشاکیلانەی وەکو تەجروبەیەك لە ئینتیخاباتی پێشوو هاتوونەتە رێگەمان بەڕاستی، ئێمە حەقە لێرە بە وریاییەوە مامەڵە بکەین، بە رەئی ئێمە، بە رەئی هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەم مەوزوعی فۆرمی (111)یە لە

رابردوودا یەکێك بووە لەو موشکیلانەی کە لەناو ئینتیخابات لە پرۆسەکە ئیشکالیەتی دروست کردووەو، ئەوە مەسئوولیەتی کۆمسیۆنە، ماوەیەکی باشی لەبەردەستدایە، کە ئیش بکات لەسەر ئەوەی سجلێکی رێك و پێك دروست بکات و ناوی هەموو خەڵکی تێدا بێت، هەر کەسێك ناوی نەبێت بەڕاستی ئەو فۆرمە موشکیلەی دروست کردووە لە رابردوو، بۆیە حەقە ئێمە لێرە بە ماددەیەك تەقیدی بکەین کە لەسەر سجلی دەنگدان نەبێت، هیچ کەسێکی تر بۆی نەبێت دەنگ بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نکۆڵی لەوە نییە کە دەنگدانی ئەساسی هەمووی لەسەر سجلی دەنگدان دەبێت، باوەڕ ناکەم چ شتی تر بکرێتە ئەساس بۆ ئەم مەسەلەیە، بەڵام ئەمە مەسەلەیەك نییە، نە لە دەستی لایەنێکدا بێت، نە لە دەستی جیهەتێکدا بێت لە غەیری ئەوەی تەشکیکە لە کاری کۆمسیۆن، خۆ ئەگەر شك لەوە هەبێت کۆمسیۆن فۆرم بۆ لایەنێکی موعەیەن دروست دەکات و مەجالی پێ دەدات، ئەگەر مەجالی دەستکاری کردن لەلایەن کۆمسیۆنەوە هەبێت و شەکی ئەوەی لێ بکرێت کەوا نەتائیج لە بەرژەوەندی یەکێکدا بگۆڕێت، ئەبوابی تر زۆرە، دووەمین، ئێمە چۆن سیقە بە کۆمسیۆنێك دەکەین سەرپەرشتی هەڵبژاردن بکات، ئەگەر شك بکەین فۆرمی ئیزاف بۆ خەڵك دروست دەکات، بە رەئی من ئەم ئیزافەیە لەسەر کۆمسیۆن تەشکیکە لە کاری کۆمسیۆن، شك لە عەمەلیەکە دەکرێت، شك لە تەصویت، لە فەرزی ئەصوات، لە عەدەدی صەنادیق، لە ئەوراقی زیاد، لە تەبع......... لە هەر مەسەلەیەکی تر، بۆیە ئەوەی کە لە ئەسڵی ماددەکەدا هاتووە من پێموایە کیفایەتە، من تەسەور ناکەم هیچ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ بڵێین دەستەی هەرێم لە کۆبوونەوەکە لەگەڵمان بەشدار بوو وتی راستە یەکێك لە ئەو کێشانەی کە رووبەڕوومان بۆتەوە ئەو فۆرمەیە، یان ئەو قائیمەی ئیزافیە، ئەمە پەیوەندی بەو زەمەنەیە کە دەیدەینە ئێمە، ئەمە پەیوەندی بە گومانەوە نییە لە کۆمسیۆن، وتی کاتێك ئێوە زەمەنێکی کورت دەدەنە ئێمە، ئێمە ناچارین کێشەکانی خۆمان بەم شێوەیە چارە بکەین، بەڵام ئەگەر زەمەنێکی تەواومان بدەنێ وەکو ئێمە پرسمان پێ کردن، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئەمجارە رێگە نادەین فۆرمی (111) هەبێت، چونکە فۆرمی (111) کێشەیەکە بۆ هەموو لیستەکان، تایبەت نییە بۆ لیستێك، بۆیە ئەم حەصرە زۆر

زۆر زەروورییە تێیدا بێت و، هیچ گومانیش ناهێڵێتەوەو تەجروبەشمان کردووە، کە زامنی هەڵبـژاردنێکی پاك دەکات لە رووی یاساییەوە، دەنا خۆ ئیشکال هەر دروست دەبێت لە رووی عەمەلییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم لە ماددەی نۆ بڕیارماندا یەعنی ئێمە سێ مانگمان داناوە بۆ تەرتیبی قەوائیم، من بە پێویستی نابینم بەڕاستی جارێکی تر بچینەوە سەر موناقەشەی فۆرمی (111)، لەو ماوە زۆرە چی دەکرێت؟ کۆمسیۆن لەگەڵ لایەنەکان چی دەکات، ئەگەر تەرتیبی قەوائیم ناکات؟ لەبەر ئەوەی ئەو نیسبەی غیابات و نەبوونی ناو زۆر کەم دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەمیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ لە موناقەشەکەمان کاك عبدالقادر بەشداری کردین وەکو سەرۆکی دەستەی هەرێم، ئەو گوتی لە قۆناغی رابردوودا، لە پرۆسەکانی رابردوودا لەبەر کەمی کات قۆناغەکانمان دەمج کردووە، قۆناغی تەصحیحی سجلاتمان خستۆتە رۆژی دەنگدانەوە، کە تەعنی لەسەر بووە، بەس ئێستا مادام کاتمان پێداو باسەکە باسی تەعن لە نەزاهەتی کۆمسیۆن نییە لێرە، باسەکە باسی دەمج کردنی دوو قۆناغە لە عەمەلیەی ئینتیخابیدا، کە تەصحیحی سجلاتیان خستۆتە رۆژی ئینتیخاباتەوە، بەم ماددەیە ئێمە رێگری دەکەین لەوەی تەصحیحی سجلات بکەوێتە رۆژی دەنگدانەوە، نەك هیچ شتێکی ترو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(4- مسجلاً في سجل الناخبين في المحافظة التي تجري فيها الانتخاب حصراً و وفقا لاحكام هذا القانون والتعليمات التي ستصدر من الهيئة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (1) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێ مەوادی پرۆتۆكۆلیمان ماوە، ئەویش مادده دوازدە:

(لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، كەرەم بكە بۆ ماددەیەكی تر.

المادة الرابعة عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ئەسباب موجیبە كەرەم بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەنگە لە ئەسنای موناقەشە ماددەیەك لەوێ و لێرە زیاد ببێت ریزبەندییەكە، دوایێ لەگەڵ جەنابی سكرتێری پەرلەمان ڕێكی دەخەین، ئێستا دەچمەوە سەر ئەسبابی موجیبە.

**الاسباب الموجبة**

لأجل توطيد وترسيخ انتخابات حرة وديمقراطية في إقليم كوردستان - العراق ، ومن اجل التداول السلمي للسلطة وتمكين المواطن من التمتع بحياة حرة من خلال انتخابات حرة عادلة ، وبغية الارتقاء بالمستوى المطلوب وفق المعايير المعتمدة والمطالب الشعبية. فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا گشت ئەو ماددانەی كە دەنگی بۆدرا لەگەڵ ئەسبابی موجیبە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، دەستخۆشی لە هەموو ئێوەی بەڕێز دەكەین كە ئەو یاسایەتان پەسند كرد، تەمەنا دەكەین هەڵبژاردنەكەش دەست پێ بكات و لەكاتی موناسبی خۆی ئەنجام بدرێت، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین لە دانیشتنی داهاتووش ئاگادارتان دەكەینەوە، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**چوارشەممە رێکەوتی 16\11\2011**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (12)

## چوارشەممە رێكەوتی 2011/11/16

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2011/11/16 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (12)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2011/11/16 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بـەڕێز(رازاو محمـود فـرج) لیسـتی كوردسـتانی لـە جێگـای ئەندامی دەست لە كاركێشراو بەڕێز (عبدالله علی ابراهیم حسین)و سوێند خواردنی یاسایی.

2- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز(فەرمان عزالدین محمود)لیستی گۆڕان نـاوی هـاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لە كاركێشراو بەڕێز(د. شاهۆ سعید فتح الله)و سوێند خواردنی یاسایی.

3- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بـەڕێز(قـادر احمـد سمایـل) لیسـتی كوردسـتانی لـە جێگـای ئەندامی دەست لە كاركێشراو بەڕێز (د.رفیق صابر قادر گە)و سوێند خواردنی یاسایی.

4- پـێش چاوخسـتنی بـە ئەنـدام وەرگـرتنی پـاڵێوراو بـەڕێز(دڵشـاد حسـین قـادر) لیسـتی گـۆڕان ، لـە جێگـای ئەندامی دەست لە كاركێشراو بەڕێز(د. زانا رؤوف حمە كریم)و سوێند خواردنی یاسایی.

5- پێش چاوخستنی بـە ئەنـدام وەرگـرتنی پـاڵێوراو بـەڕێز(ئاهـەنگ عـارف رؤوف) لیسـتی گـۆڕان لـە جێگـای ئەندامی دەست لە كاركێشراو بەڕێز(د. پەریهان قوبلای محمد)و سوێند خواردنی یاسایی.

6- پـێش چاوخسـتنی بـە ئەنـدام وەرگـرتنی پـاڵێوراو بـەڕێز(عبـدالله محمـد امـین) لیسـتی گـۆڕان ،لـە جێگـای ئەندامی دەست لە کارکێشراو بەڕێز(د. جعفر علی رسول)و سوێند خواردنی یاسایی.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەلاڵی و بەدواداچوون لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

8- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پێشـنیاری یاسـای بـە خـاوەن کردنـی خـانووە بـێ تۆمارەکـان لـە هـەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن سـاڵی سـێیەم خـولی گرێـدانی یەکەم ژمارەی دانیشتن (12)ی ئاسایی ڕۆژی دانیشتن (2011/11/16)

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی (1992)ی پەرلـەمانی کوردسـتانی عـیراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (12)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی (2011/11/16) بەم شێوەیە بێت:

1- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پـاڵێوراو بـەڕێز(رازاو محمـود فـرج) لیسـتی کوردسـتانی لـە جێگـای ئەندامی دەست لە کارکێشراو بەڕێز (عبدالله علی ابراهیم حسین)و سوێند خواردنی یاسایی.

2- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بەڕێز(فەرمان عزالدین محمود)لیستی گۆڕان نـاوی هـاتووە لە جێگای ئەندامی دەست لە کارکێشراو بەڕێز(د. شاهۆ سعید فتح الله)و سوێند خواردنی یاسایی.

3- پێش چاوخستنی بە ئەندام وەرگرتنی پاڵێوراو بـەڕێز(قـادر احمـد سمایـل) لیسـتی کوردسـتانی لـە جێگـای ئەندامی دەست لە کارکێشراو بەڕێز (د.رفیق صابر قادر گە)و سوێند خواردنی یاسایی.

4- پـێش چاوخسـتنی بـە ئەنـدام وەرگـرتنی پـاڵێوراو بـەڕێز(دڵشـاد حسـین قـادر) لیسـتی گـۆڕان ، لـە جێگـای ئەندامی دەست لە کارکێشراو بەڕێز(د. زانا ڕۆوف حمە کریم)و سوێند خواردنی یاسایی.

5- پێش چاوخستنی بـە ئەنـدام وەرگـرتنی پـاڵێوراو بـەڕێز(ئاهـەنگ عـارف رؤوف) لیسـتی گـۆڕان لـە جێگـای ئەندامی دەست لە کارکێشراو بەڕێز(د. پەریهان قوبلای محمد)و سوێند خواردنی یاسایی.

6- پـێش چاوخسـتنی بـە ئەنـدام وەرگـرتنی پـاڵێوراو بـەڕێز(عبـدالله محمـد امـین) لیسـتی گـۆڕان ،لـە جێگـای ئەندامی دەست لە کارکێشراو بەڕێز(د. جعفر علی رسول)و سوێند خواردنی یاسایی.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەلاڵی و بەدواداچوون لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

8- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پێشـنیاری یاسـای بـە خـاوەن کردنـی خـانووە بـێ تۆمارەکـان لـە هـەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ئێستا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر داد كاك (حاكم رؤوف) و بەڕێز كاك سەعد و كاك لوقمان بەڕێوەبەری گشتی تەسجیلی عەقاری و بەڕێزان پاڵێوراوەكان كە ببنە ئەندامی پەرلەمانی كوردستان، زۆر بەخێرهاتنتان دەكەین، سەركەوتووبن، ئێستاش داوا لە بەڕێز(رازاو محمود فرج)دەكەم هەستێت بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە پێش سوێندخواردن، ئێستا بەڕێزان (رازاو محمود فرج)كە دێتە جێگای ڕێزدار (عبدالله علی ابراهیم) كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، سوپاس، كاك فرسەت قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت برادەان لەوانەیە مەوزوعێك هەبێت كە ڕوون نەبێت، ڕاستە ناوی ئەو بەڕێزانە لە لیستی هەڵبژاردن هاتووە، بەس ئیحتیمال هەیە ئێستا برادەرێك بڵێت ئەو ئەندامە موستەحەق نیە، چونكە تەسەلسولەكە ئەوە نیە، ئەوەی كە موستەحەق بێت بە موجبی یاسا، مەوزوعەكە لەبەر ئەوە دەنگی لەسەر دەدرێت، خۆی ڕاستە ئەو پاڵێوراوە لە زمنی قائیمەی هەڵبژاردن هەیە، بەس دوور نیە یەكێكی تر موستەحەق بێت بەگوێرەی تەسەلسول، لەبەر ئەوە دەنگی لەسەر دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دووەم بەڕێز(فەرمان عزالدین محمود) دێتە جێگای ڕێزدار (د. شاهۆ سعید فتح الله) كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، پیرۆزە، ئێستا بەڕێز(قادر احمد سمایل)دێتە جێگای ڕێزدار(د. رفیق صابر قادر)كێی لەگەڵدایە تكایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزە، ئێستا بەڕێز(دلشاد حسین قادر) دێتە جێگای (د. زانا رؤوف حمه كريم) كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزە، ئێستا بەڕێز(ئاهەنگ عارف رؤوف)دێتە جێگای ڕێزدار(د. پەریهان قبلای محمد) كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزە، ئێستا بەڕێز(عبدالله محمد امین)دێتە جێگای ڕێزدار(د. جعفر علی رسول) كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، پیرۆزە، ئێستا داواتان لێ دەكەین كەوا سوێندی یاسایی بخۆن، بەڕێز(رازاو محمود فرج) فەرموو بۆ سوێندی یاسایی.

**بەڕێز رازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (رازاو محمود فرج)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەكێتی گەل و خاكی كوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاكانی دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار فرمان عزالدین محمود، فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (فرمان عزالدین محمود محمد)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار قادر احمد سمایل، فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (قارد احمد سمایل)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار دڵشاد حسین قادر، فەرموو.

**بەڕێز دلشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (دڵشاد حسین قادر)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار ئاهەنگ عارف ڕۆوف، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (ئاهەنگ عارف ڕۆوف)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

ڕێزدار عبدالله محمد امین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان من (عبدالله محمد امین)م سوێندبێ بەیەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پیرۆزبایی لەو بەڕێزانە دەکەین، ئومێدەوارین کە لەگەڵ خوشك و براکانتان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە ئەمانەتەوە خزمەتی گەلی کوردستان بکەن، زۆر پیرۆزتان بێت، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە جێگای خۆیان، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا بڕگەی حەوتەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆ 7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەلالی و بەدواداچوون لە هەرێمی کوردستان - عیراق. ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بەزمانی عەرەبی دەخوێنمەوە.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير لجنة الشؤون القانونية حول مشروع قانون الدلالة و التعقيب**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 31 / گەلاوێژ/ 2711 كوردي،المصادف ليوم 22/ 9 / 2011 ميلادى لدراسة مشروع قانون (الدلالة و التعقيب) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (25) فى 14/ 6 /2011. وبعد المناقشة والمداولة تقترح اللجنة و توصي بما يلي:

تأييد المشروع بالشكل المقدم.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە کوریش بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرت دەربارەی دەلالی و بەدواداچوون**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی 31 / گەلاوێژ / 2711ی کوردی بەرامبەر بە22 / 9 / 2011 ی زایینی کۆبووەوە بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای (دەلالی و بەدواداچوون) کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (25) لە

14 / 6 / 2011 ڕەوانەی لێژنە کراوە. دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن، لێژنە ئەم پێشنیار و ڕاسپاردەیەی خوارەوە دەکات:

پشتگیری پرۆژەکە دەکات بەو شێوەیەی کە پێشکەش کراوە.

ئاگاداری ئەسڵی پرۆژەکە و ڕای لێژنەی یاسایی بن لەم بارەیەوە و بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری.

**لەگەڵ ڕێزدا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر قسەت هەیە لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز حاکم رووٴف (وەزیری داد)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاستان دەکەین کەوا ئەمڕۆ لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی خانووبەرە لەبەردەمتاندا ئامادە بووین بۆ موناقەشەی ئەو دوو یاسایەی کە خرانە ڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە ئێمە ئەم بەیانیە بەدەستمان گەیشتووە، لەلایەکی تر پرۆژەکە ناتەواوە، چونکە جەدوەلی ڕسوماتی لەگەڵدا نیە، مەفروزە جەدوەلی ڕسوماتی لەگەڵدا بێت، تا ئەویش موناقەشە بکرێت، خاڵێکی تریش هەیە، خانووی بێ تاپۆ، مەفهومی خانووی بێ تاپۆ، یەعنی شتێکە کە غەریبە بەنیسبەت ئێمەوە، ئایا ئەمە تەسویە کراوە یان نا، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین کەوا کاتێکمان پێ بدەن، تا ئێمە خۆمان دیراسەتی هەر دوو پرۆژەکە بکەین، ئێوە لەلایەن ئەندامە بەڕێزەکان و سەرۆکایەتیشەوە، بەوردی سەیری پرۆژەکە بکەن وبەراورد بکرێت، ئەگەر پرۆژەیەکی تر هەیە بۆ ئەوەی بەتێروتەسەلی باس بکرێت و نیقاشی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی وا گەڵاڵە بکرێت سبەینێ جێگای ڕەخنەو تانووت نەبێت، لەبەر ئەوە داوادەکەین کەوا دوا بخرێت بۆ کاتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پرۆژەیە ماوەیەکی زۆرە لەبەردەم لیژنەکاندایە، ئەرکی لیژنەکانە کە بانگی وەزیری پەیوەندیدار بکەن بۆ موناقەشە، بەڵام وەکو بەڕێز جەنابی وەزیر ئەو پێشنیارەی کرد، کە دیارە بانگ نە کراوە، بۆیە ئێمە ئەم پێشنیارەی جەنابی وەزیر بۆ دواخستن دەخەینە بەردەم ئێوەی بەڕێز، کاك دکتۆر ئەحمەد نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، پشتگیری لە پرۆژەکە کراوە، من پێم باشە پرۆژەکە ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی ترەوە هەیە غەیری جەدوەلی ڕسومات موناقەشە بکرێت، پێم وایە تەنها ئەو بڕە دەمێنێتەوە و جەدوەلەکەش دیاری کراوە، تەنها بڕەکە دیاری نەکراوە، دواتر بمێنێتەوەو بڕەکەی دیاری

بكرێت، وا بزانم ئەوە شتێكی زەحمەت نیە، لەماددەی 15 دا باسی تاقیب كار دەكات كە كرێكەی دیاری كردووە، كەدەڵێت لە 250 هەزار كەمتر نەبێت، پێم وایە ئەو ڕسوماتەش كارێكی وا ئاڵۆز نیە، دەكرێ ماددەكانی تر موناقەشە بكەین، ئەوانی تریش بۆ دوایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، وازح بوو ڕەئیەكەت، پرۆژەكە هەمووی بەیەكەوە بەستراوەتەوە، بۆیە هەمووی دەخەینە دەنگەوە، ئەو بەڕێزانەش تازە هاتوون تا ئەو چەند ڕۆژە ئیتلاعێكی لەسەر بكەن، بەڵام قەرار بۆ ئێوەی بەڕێز دەمێنێتەوە، جەنابی وەزیر داوا دەكات كەوا ئەم پرۆژەیە دوابخرێت، ئێستا كێی لەگەڵدایە كەدوابخرێت تكایە بادەستی بڵند بكات؟، 63 كەسی لەگەڵدایە كە دوابخرێت، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، 9 بەڕێزی لەگەڵدایە كە بمێنێتەوە، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ دواخر بۆ كاتێكی دیاریكراو، ئێستا بچنە سەر خاڵی 8 لەبەرنامەی كار، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

-خاڵی 8 لەبەرنامەی كار، خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای بە خاوەن كردنی خانووە بێ تۆمارەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتی خۆی كە پێشكەشی لیژنەكان كرا، ئێمە داوامانكرد كە بدرێت بە ئێمە، بەڵام جەنابی كاك فرسەت وتی پێویست بە ئێوە ناكات، لیژنەی تر هەیە، مەعنی نیە بە ئێوە، ئەگەر چی ئێمە ئەو پرۆژەیەمان دیراسەت كردووە، چونكە بە ئیشی خۆمان زانیوە، نەدراوە بە ئێمە بە كتابی ڕەسمی، لێرەش كە خوێندرایەوە ئێمە ئیشارەتمان بۆ نەكرا، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە دیراسەمان كردووە، ئەوە حكومەت خۆی پێی هەستاوە، جێبەجێشی كردووە، ئێستا لیژنەیەكی تایبەتی دروست كردووە، ئەو لیژنەیە لەوەزارەتی شارەوانی و كشتوكاڵ وداد پێك هاتووە، ئێستا دەست بەكار بووە، فیعلەن ئەو خانووانەی كە بێ تاپۆن، تاپۆ دەكرێت، بەڵام گرفت لێرەدا ئەوەیە، كە لیژنەكە زۆر سستەو بە زەعیفی ئیشەكانی خۆی دەكات، ئێمەش لە لیژنە داوامان لە حكومەت كردووە كە لیژنەكە بەهێز تر بكرێت، ئەگینا ئەصڵی پرۆژەكە جێبەجێ كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی، فەرموو وەرنە سەر مەنەسە، لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتیش فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتای قسەكانی وەزیری داد، داوای كرد ئەم ئەم دوو پڕۆژەیە تەئجیل بكرێت، بۆیە پێشنیار دەكەم كە ئەم داواكارییەی جەنابی وەزیر بخرێتە دەنگدان بۆ ئەوەی تەئجیل بكرێت تا زیاتر دەوڵەمەند بكرێت پرۆژەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی، فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ لاریمان لەوە نیە، چونكە ڕاپۆرتەكەمان خۆی نەرینیە بەرامبەر بەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دیراسەی ئەو پڕۆژەیەمان كردووە، ئەمە حكومەت خۆی لیژنەیەكی تایبەتی دروست كردووە، بۆ تاپۆ كردنی ئەو خانووانەی كە بێ تاپۆن، ئێستا لیژنەكە دەست بەكارە، واتە یاساكە خۆی جێبەجێ بووە ئێستا، لیژنەكە كار دەكات لە ساڵێك زیاترە، ئێستا بەردەوامە، كەواتە پێویست ناكات ئێمە جارێكی تر شتێكی تر دروست بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی لە ڕاپۆرتیاندا هاتووە لە ژمارە (86) لە 2010/9/30 ئەڵێن لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە بەژمارە ك (404) لە 2010/6/30 ئاراستەی لیژنەكەمان كراوە، لەدوای خوێندنەوەی یەكەمی لەپەرلەمانی كوردستان، ئەوەتا سەیری بكەن، فەرموو كاك بیلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ ڕاستە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەمە جارێكی تر ئەم پرۆژەیە هاتەوە هۆڵی پەرلەمان و قسەی لەسەر كرا، ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان خوێندەوە، بەڵام بۆ جاری دووەم ئاراستەی ئێمە نەكراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز یەكجار تەحویل دەكرێت، خۆ هەمووجارێك تەحویل ناكرێت، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا بەداخەوە موناقەشەکە کەوتووەتە نێوان سەرۆکایەتی و لیژنەی شارەوانی کە گلەیی هەیە، بەڵام ئەوەی کە بەڕێز وەزیری داد ئیقتراحی کرد من پێم باشە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە حەل بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس مەسەلەکە ئەوەیە کەسەرۆکی لیژنەیەك بڵێت بۆمان نەهاتووە منیش ڕاپۆرت لەبەردەستم بێت کەناردوومانە بۆیان، حەقە بڵێین نەخێر هاتووە، بۆ ئەوەی ڕوون بێت، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە دەمێکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەڕاستی پاساوی لیژنەی شارەوانیش پاساوێکی یاسایی نیە، کە داوای دواخستن دەکرێت کە ئێمە موناقەشە بکەین لێرە وە کێشەمان بۆ دروست ببێت لە موناقەشەکاندا کە پێویستی بەزانیاری زیاتر هەبێت ئەو کاتە با بڵێین دوابخرێت، چونکە ئەمە یاسایەکی گرنگە، بەتایبەتی ئەو پاساوەی کە دەڵێت حکومەت خەریکی ئەوەیە، یەعنی پەرلەمان چۆن دەبێت قسەی وا بکات، ئێستا کێشەیەکی گەورەی خەڵك ولادێکان وقەزاکانیش ئەوەیە کە خانووی بێ تاپۆ هەیە، کێشەی ئاوی هەیە، هی کارەبای هەیە، هی تاپۆی هەیە، نایەڵن کەس خانوو بکات دەڵێن دەبێت شارەوانی بێت، لە 2008 ماستە پلان کراوە، 28 گوندی هەولێر خراوەتە سەر سنووری شارەوانی، ئێستا کێشەی خانوویان هەیە، بۆ کەی دوابخرێت ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەی خانووە بێ تاپۆکان وەکو ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی شارەوانی ئیشارەتی پێکرد، من حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدەم کە کێشەی خانووە بێ تاپۆکان دوو جۆرە، جۆرێك هەیە کە خانووی تەجاوزاتە، کە لیژنەی کۆمەڵایەتیش ئیشارەتی بەوەدا لەڕاپۆرتەکەیان، کە ئەمە لیژنە پێکهاتووە زۆر دەمێکە ئەو تەجاوزانە لەکاتی هەڵبژاردنەکانەوە بابڵێین کە وەعدیان پێدابوون تاپۆ بکرێت، ئەو لیژنەیە دروست کراوە بۆ تاپۆ کردنی و بەردەوامیشە، بەڵام کێشەیەکی تر هەیە کە حیکمەت لەم یاسایە چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانە، ئەوانەن کە لە ئەصڵدا لە نەخشەی بنەڕەتی شار یان شارۆچکەکاندا نین، بەنموونە ئەگەر ئێمە دوو نموونە وەربگرین، لە سلێمانی و لە پێنجوین، پێنجوێن کە پێی دەوترێت ئەو بەشەی پێنجوێنی ئەصڵ کە کۆمەڵێك گەڕەکن کە لەسەرەتاوە پێنجوێن هەر ئەوە بووە، هەر نیە لە نەخشەی پێنجوێندا، ئەو پێنجوێنەی کە ئێستا لە نەخشەدا هەیە ئەوەیە کە کۆمەڵگا بووەو دروست کراوەو خەڵکیان هێناوەتە ئەوێ، کەواتە ئەمە کێشەیەکی ئەساسیە، لەسلێمانی بەنموونە کۆستەی چەم، عەواڵ

هەموو ئەمانە، بابڵێین دێهات و ناحیەی زۆر کۆنی سلێمانین، بەڵام لە نەخشەدا نین، ئەم یاسایە بۆ موعالەجە کردنی ئەوانەیە، بۆیە من پێم وابێ ئەمە دووەم جارە ئەم پرۆژەیە تەئجیل ببێت، کە بەرژەوەندی و ئیشی کۆمەڵێك کەسی لەسەر ڕاوەستاوە، بۆیە پشتگیری ئەوە دەکەم کە بەردەوام بین لە گفتوگۆ کردن لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دڵشاد شهاب، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وامزانی قسەکان لەسەر ئەوە دەبن هی مەوزوعی ڕاپۆرتەکان، بەڵام هاوکارانم لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکەو گرنگی و گفتوگۆکردنی قسە دەکەن، بۆیە ئینکاری ناکرێت، ڕەنگە ئەگەر تەقدیرەکە بەنزیکی واقیعیش بێت ئیحتیمالە دەیان هەزار خانەوادە چاوەڕوانی ئەم یاسایە بکەن، بۆ ڕاستکردنەوەش ئەمە پرۆژە بڕیارە نەك پرۆژەی یاسا، بەڵام ئەوەی کەوا لە ڕاپۆرتەکاندا هاتووە، ئەو موبەڕیراتانەی کەوا هێناویانەتەوە هەردوو لیژنە بۆ ئەوە پێویست بە دەرچوونی بڕیارێکی لەم بابەتە ناکات، وە ناوەڕۆکی پرۆژە بڕیارەکە خۆشی بەڕاستی لە ئاستی گەورەیی ئەو کێشەیەدا نیە، ئەوەی کەوا لەناوەڕۆکی بڕیارەکەدا هاتووە بەچەند خاڵێك و زۆر بەسادەیی بەسەر کێشەیەکی وا گەورەدا کە پێویستی بە داتا هەیە، بە لێك جیاکردنەوە دەکات، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر ئاڵۆزە، ڕەنگە کێشەیەکی چەندین ساڵەی عێراقە ماوەتەوە، ئینجا هی هەرێمی کوردستانە، ئینجا لەبەینی موتەجاوزین، لەبەینی بەشی هەر زۆری قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان تا ئێستا حکومەتیش خاوەنی هیچ نیە تێیدا، دەیان قەزا هەیە لە هەرێمی کوردستان پرۆژەی بۆ دەردەچێت و جێگایەك نیە پرۆژەی لەسەر دروست بکرێت، قوتابخانەی لەسەر دروست بکرێت، بێ تاپۆن ئەمانە کێشەی گەورەن بە پرۆژە بڕیارێکی ئاوا سادە بە ڕای من چارەسەر ناکرێت، ئێمە بەهەموو قەناعەتێکەوە لەگەڵ ئەوەداین کەوا گرفتی ئەو هاووڵاتیانە چارەسەر بکرێت، چونکە هەموویان موتەجاوز نین، هەندێکیان لەسەر موڵکی خۆیان و باو باپیریانن، هەندێکیان تەنانەت تاپۆیان نیەو تەوزیعەکەش هی حکومەتە، خەدەماتیشی بۆ چووە، ئاوی بۆ چووە، کارەبای بۆ چووە، شەقامی بۆ دروست کراوە، مەجاری بۆ دروست کراوە، کەچی تاپۆشی نیە، ئەوانە حاڵەتی زۆر بەرفراوانن، چەند یاسایەکیش هەیە بۆ موعالەجە کردنی، بەڵام ئێمە لەبەردەم حەقیقەتێکداین بەڕاستی تا ئێستا لەلایەنی دەسەڵاتی تەنفیزییەوە لەلایەن حکومەتەوە وەکو پێویست هەنگاو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە نەنراوە، کەموکورتی هەیە لەم مەسەلەیەدا، بەڵام بەم پرۆژە بڕیارە چارەسەر نابێت، بۆیە ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین کە دەرفەتێکی تر بە لیژنە پەیوەندیدارەکان و حکومەتیش بدرێت پرۆژە یاسایەك یان پرۆژە بڕیارێکی دیراسەت کراو بەداتاوە ڕێگا چارەیەکی وا بێت، وە چوارچێوەیەکی زەمەنیشی بۆ دابندرێت، یەعنی شتێك کە لەم پرۆژەیەدا هاتووە دەڵێت وەزارەتی داد لیژنەیەك پێك بهێنێت و دەست بکات بەتاپۆ کردنی کە ئەمە بووە بە موتڵەقی و

بەدیدی من کارێکی ناعەمەلیە، بۆیە من پشتگیری ئەوە دەکەم ئەم کارە پشتگیری هاووڵاتیانە ئەبێت چارەسەری بکەین و گرنگیشی پێ بدەین، بەڵام ئەم پرۆژە بڕیارە لەئاست ئەو کێشە گەورەیەدا نیە، بۆیە داوا دەکەم کە دوابخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا یەك کەس کاك محمد شارەزووری، فەرموو جەنابت نوقتەی نیزامیە؟، دیفاع تەواو بوو، هەندێك بەڕێز لایان وایە بەردەوام بین، رەئی خۆیان دا، هەندێك ئەندامی تری بەڕێز رەئیان ئەوەیە کە دوا بخرێ بۆ کاتێکی تری موناسیب، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حاکم رؤوف رشید/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براتان یەکێك بوو لە ئەندامی ئەو لێژنەیە، پاش دوو جەلسە دانیشتن، بە بڕیارێکی تری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو لێژنەیە نەما، هینەکە بەرەو ڕووی وەزیری شارەوانی کرایەوە، وەزارەتی شارەوانی بەو کارە هەڵساوە، مەوزوعی ئەم پرۆژە یاسایە، نەبادا تێکەڵیەك هەبێ لەگەڵ ئەوەی کە وەزارەتی شارەوانی پێی هەڵساون، چونکە ئێمە ئەو مەعلوماتەی کە هەمانە لە لایەن خۆیانەوە هەندێ ئەرزیان تەوزیع کردووە و هەندێ ئیجرائاتیشیان کردووە، من پێم باشە پەیوەندی بکرێ بە جەنابی وەزیری شارەوانیەوە، چونکە زانیاری تەواوی لایە، ئێمە وەکو وەزارەتی داد حەقیقەت مەعلوماتێکی سەرەتاییمان هەیە لەو بارەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەوزوعە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە، تەئجیلی دەکەن، یان نا؟ بەڵام بۆ ئەوەی پەیوەندی بکرێ بە وەزیری شارەوانییەوە لە جەلسەیەکی تردا ئەو موناقەشەیە بکرێ، ئیتر بۆ رەئی جەنابتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو پرۆژە بڕیارە زیاتر لە سێ جار لەگەڵ وەزیری شارەوانی گفتوگۆمان کردووە لەسەریان، بەلای کەمی سێ جار، گفتوگۆمان لەسەر کردووە و گفتوگۆی تێر و تەسەل، دوا جاریش هاتینە سەر ئەوەی وەکو ئەوان لێژنەکەیان دروست کردووە وەکو جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێکرد، دەسەڵاتەکە دراوەتەوە وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی شارەوانی لێژنەکەی دروست کردووە لە هەر سێ وەزارەتی مەعنی، وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی داد، هەر سێکیان بەشدارن لەو لێژنەیە، ئێستا لێژنەکە زیاتر لە ساڵێکە

ئیشی خۆی دەکات، ئەو شار و شارۆچکانەی کە وەکو پەیمان خان ئیشارەتی پێکرد، نەخێر ئەوەش نیە، ئەو شار و شارۆچکانەی کە لە بنەڕەتدا وەکو شار حیسابیان بۆ نەکراوە، ئێستا تاپۆ دەکرێن، چەند شار و شارۆچکە ئێستا تاپۆ دەکرێن و گرفتەکانیان هاتووتەوە لای ئێمە، ئێمە گفتوگۆمان لەسەر کردووە، ئێمە مەعنی بووین بە قەزیەکە، لەبەر ئەوە هاووڵاتیان لە چەند شوێنەوە کە گرفتیان هەبوو هاتوونەتە لای ئێمە و لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی قسەمان لەگەڵ کردووە، ئەم پرۆژە بڕیارە جێبەجێ بووە، مەبەستمان ئەوە نیە تەئخیر بکرێ، ئێمە دەڵێین جێبەجێ بووە، ئێستا لێژنەکە هەیە، بەڵام لێژنەکە، قسەی من لێرە ئەوەیە، لێژنەکە زەعیفە، لەبەر ئەوەی دەڵێم ئەو بڕە پارەی کە بۆ ئێمە دیاری دەکرێ زۆر کەمە و ناتوانین بە سەریعی ئەو شار و شارۆچکانە تاپۆ بکەین، لەبەر ئەوە دەڵێن لێژنەکە هەیە و دەست بەکار بووە و ئێمەش هەر لە لێژنە نزیکەی دوو مانگ پێش ئێستا دوو جار حکومەتمان ئاگادار کردووتەوە کە ئەو لێژنەیە زەعیفە و پێویستە بەهێز بکرێ و بودجەی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ، مەعنای ئەوەیە ئێمە مەعلوماتمان لەسەر هەیە و وەزارەتی شارەوانیش پێشتر، ئەندامانی لێژنەی شارەوانیش هەموو موجودن ئێستا و دەتوانن قسە بکەن ئەگەر وا نیە، ئێمە پێشتر ئاگامان لەو پرۆژە بڕیارە هەیەو جێبەجێ بووە، نەك بمانەوێ دوا بخرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك بیلال فەرمووی سێ جار لەگەڵ وەزیر دانیشتووینە لەسەر ئەوە، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم پرۆژە بڕیارەی کە ئەمڕۆ هاتووتە پەرلەمان دووەم جارە، بەڕاستی پرۆژەیەکی زۆر گرنگە و حەقی ئەوە هەیە کە ئەمڕۆ موناقەشە بکرێ و لەناو پرۆژە بڕیارەکەدا پێش ئەوەی کە حکومەت لێژنەی دروست بکات و بە دواداچوون و کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکات، خانووە بێ تاپۆیەکان، من پێم وایە پێشتر کە حەقی خۆیەتی بێتە پەرلەمان و لە پەرلەمانەوە ئەو برگە و ماددانە دیار بکرێ کە ئەم خانووە بێ تاپۆیەکان کامانە ئەگرێتەوە؟، بەڵام ئێستا ئیحتیمالە ئەو  لێژنەیەی کە کاری لەسەر ئەکات بەپێی ڕێنمایی بێت، بەڵام ئەگەر لە پەرلەمان بە پێی پرۆژە بڕیار بێت، من پێموایە بەهێزتر ئەبێت و ئەو کاتە ئەتوانرێت، ئینجا حکومەت کاری لەسەر بکات، نەك حکومەت کاری لەسەر بکات و ئینجا بێتە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حاکم ڕؤوف رشید/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يەعنى حەقيقەت ئێمە لە مەفهومى بێ تاپۆ ناگەين، يەعنى چييە؟، يەعنى قەصدت چييە لە مەفهومەى بێ تاپۆ؟، ئەوەى ئێمە لە وەزعەكە ئەگەين، ئەو ئەرزانە هەموو موتەجاوزە، تەجاوز جيايە و مەوزوعى ئەرزى بێ تاپۆ جيايە، ئەگەر ئەرزێك ئيجرائاتى ئوصولى هەبێ لە دەوائيرى تۆمارى خانوو بەرە تۆمار دەكرێ، ئيتر كێشەيەك نيە بلێين ئەرزێك بێ تاپۆيە، ئەمانە تەجاوزن، كە تەجاوزى لەسەر كراوە جۆرى ئەرزى زراعيە، ئەرزى زراعييە و صنفەكەى زيراعييە و داخيلى حەتا حدودى بەلەديەش نيە، بەو شێوەيەيە، ئێمە ئەمانەوێ تەوزيحێكى تەواومان بدەنێ هەتا بتوانين بە نيسبەت بەڕێوەبەرى گشتى خانووبەرە و لە وەزارەتى داد لە بارى ياساييەوە هەنگاو بنێين، نەك تەنها وەصفێكى عمومى بدەين، ئەمە مەسەلەى ئەرزە و مەسەلەى ئيرتيباتى بە داهاتووە و مەسەلەى بەرژەوەندى خەڵكە و مەسەلەى پەيوەندى بە وەزارەتى شارەوانى هەيە، پەيوەندى بە وەزارەتى زيراعە هەيە، تكا دەكەم كە تەوزيحى تەواو لەم بارەيەوە بكاتە بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەمە بۆ دەنگدانە، سێ كەس لەگەڵى دەستنيشان ئەكەين ديفاعى لێ ئەكا كە بەردەوام بين و سێ كەس ديفاعى لێ بكات كە دوابخرێت، لێرە كاك عومەر عبدالعزيز، نيزاميە؟، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەنيسبەت لايەنى پەيوەنديدار لە دەزگاى تەنفيزى بۆ ئەم مەبەستەتە وەزيرى شارەوانيە، ئێستا جەنابى وەزيرى داد ڕاشكاوانە بێ ئاگايى خۆى لە هەندێ ئەبعادى ئەم مەسەلەيە دەرئەخات، و بالفعل دياريشە، ئەوە لە هەندێ شوێن هەندێ زەوى دابەش كراوە، حكومەت زەوى داوە، قيتعەى داوە، رەقەميان هەيە، مەوزوعى بێ تاپۆ جيايە، ئەوەى كە من بيزانم لە زانياريە موتەوازيعەكەم، خاڵى يەكەمم من پرسيارم لە سەرۆكايەتى بەڕێزم ئەوەيە بۆچى وەزيرى شارەوانى ئامادە نيە تەفصيلات، يەعنى روونكردنەوەمان بداتێ؟، خاڵى دووەمم ئەوەيە كە لە مانگى نۆوە ئەم راپۆرتى هاوبەشە ئامادە كراوە و تەقديم كراوە، راپۆرتى هاوبەشى پەرلەمان، بۆچى عەجەبەن لە خيلال ئەم دوو، سێ مانگە حكومەت ئاگادار نيە؟، بۆچى ئەوەندە دواخراوە؟، كەمتەرخەميەكە لەو لايەنە ئەبوايە ديارى بكرابا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بە نيسبەت وەزيرەكان، كە راپۆرتێكتان ئيحالەى ليجانەكان ئەكەن، ئەو لێژنەيە بە پێى پسپۆريەتى خۆى، داواى هەر وەزيرێك بكات، ئێمە بۆمان تەحويل كردووە، ئەوە كاك بيلال ئەڵێ ئێمە سێ جار لەگەڵ وەزيرى شارەوانى دانيشتووين، خۆى لێرە باسى كرد، ئەوەى ئەيەوێت كە بەردەوام بين، كاك حەمە سەعيد، كاك كاردۆ، كاك سەرهەنگ، ئەوە تەواو، سێ كەسيش كە ئەيەوێ تەئجيل بێ، سۆزان شهاب، شێروان حەيدەرى، عبدالسلام بەروارى، كاك حەمە سەعيد فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه على:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم كێشەیە كێشەیەكی ئاڵۆز و كێشەیەكی گرنگ و پێداویستییەكی هاووڵاتیانە، كە هاووڵاتییان من پێمـوایە زۆر جار پەیوەنـدی بـە لیژنـەكانی پەرلـەمان بـە تایبـەتی لیژنـە پەیوەندیـدارەكان و بـە پەرلـەمانتاران و ئێمـە كـە، مـن وەكـو پەرلـەمانتار و سـەرۆكی لیژنـەی ئاوەدانكردنـەوە، بـە ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـدارم بـەو كێشـەیە و هاووڵاتیـان وا ئـەزانن ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدیمان هەیـە و پەیوەنـدیمان پێـوە ئەكەن، كە ئەمە كێشەیە لە زۆربەی شار و شارۆچكەكان بە تایبەتی قەزا و ناحییـەكان و بـە تایبـەتی ئـەو گوندانەی كە خراونەتە سنووری قەزا و ناحییەكان و هـەروەها ئـەو ئۆردوگانـەی كـە لـە سـەردەمی ڕژێمـدا زۆرە ملێ بوون و ئێستاش بوون بە شار و شارۆچكەو كێشەی تاپۆیان هەیە، لە زۆربەی قـەزا و ناحیەكانـدا كێشەی تاپۆ هەیە كە ئەمە كاریگـەری ئاسـەوارەكانی نـەبوونی تاپۆكـە، هەنـدێ جار بوویتـە مایـەی ئـەوە، ڕاستە هەندێ جار هەندێكی خزمەتگوزاری بۆ كراوە و لە دەست دەرچووە،  بوویتە مایەی ئەوەی مەحروم ببن لە خزمەتگوزارییەكانی وەكو شۆستە و جاددە و ئاوەڕۆ، هەنـدێ جـاریش مـەحروم دەبـن، نـەك هەنـدێ جار، مەحروم دەبـن كـە تاپۆیـان نیـە لـە عـەقار، كەواتـە هاووڵاتیـان داوا ئەكـەن ئـەو كێشـەیە، ئـەوەی كـە تەفاصیڵە و باس ئەكرێ كە ئـەو گرفتانـە لـە كـاتی تەنفیزكردنەكەیـدا، ئـەوە مـن پێمـوایـە دائـیرە و دەزگـا مەعنییەكان ئەو تەفاصیل و كیشە و گرفتانە خۆیـان شـارەوانی و كشـتوكاڵ لـە كـاتی دروسـتكردنی لیژنـە، لەكاتی تۆماركردنی ئەو خانووە تـەجاوزە یـان تـەجاوز نیـە و دابـەش كـراوە، ئەوانـە هـەموویان لـەو كـاتی تەنفیزكردنی ئیشەكە هەموویان ئەو كێشانە چارەسەر دەبن و بە هیچ شـێویەك لـە ڕووی هەندەسـی و لـە ڕووی ماستەر پلانەوە، ئەو گرفتانەی كە باس كراوە بە تەفاصیلی نابن بە مانیعی ئەوەی تۆ تاپۆی نـەكەی و ڕێگـر بـی لـە تـاپۆ كردنیـان، ئـەوە مـن پێمـوایـە ئێمـە بڕیارەكـە مەبدەئیـەن دەربكـەین و تەفاصیلەكەی بەجێی بێڵین بۆ دام و دەزگا مەعنیەكان و لیژنە تایبەتەكان و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار كاك كاردۆ فەرمو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو بـەڕێز وەزیـری داد تەئكیـدی لـێ كـردەوە، لەبـەر ئـەوەی لـە كوردسـتان كێشـەیەك هەیـە كـە كێشـەی خانووە بێ تاپۆكانە، و كێشەی تەجاوزاتیش هەیە، پێویستە پەرلەمان بڕیارێك دەربكات لێرە، ئەگـەر قسـە لەسەر ئەوەیە كە ئەو یاسایە پێویستی بە دەوڵەمەند كردنە، ئەوە پەرلەمان دەتوانێت دەوڵەمەنـدی بكات، پەرلەمان دەتوانێ دیراسەی بكات بـە پێـی ئـەركی خـۆی، ئـەوە حكومـەت كـە چۆن تـەنفیزی دەكات ئـەوە ئەركی حكومەتـە، خـاڵێكی تـر ئێمـە كـە دەڵێین كێشـەیەك هەیـە، ئـەوە لێـرە تـورەق هەیـە كـە 6 كـم لـە پەرلەمان دوورە، بێ تاپۆیە، ئەمە گەڕەكی مامزاوا هەیە لێرە بێ تاپۆیە، یەعنی كێشەیەك هەیە كە ئەمـە

کێشەی خانوو دروستکردنە، کێشەی ئاویان هەیە و کێشەی پەروەردەیان هەیە، کێشەکە هەیە، دەبێ پەرلەمان جیددی لە کێشەکانی کە پەیوەندی بە ژیانی هاووڵاتیان هەیە، بە تایبەتی بە دەوروبەری شار هەیە کە چەندین گوند لە ماستەر پلانی نوێ دەکەونە ناو سنووری شارەوانی، تاپۆشیان نیە، ئیستیسماریشی لێ دەکرێ، لە تەنیشتیان بە بێ ئەوەی ئەوان هیچ خزمەت گوزارییەکیان بۆ بکرێ، لەبەر ئەوەی من بە زەرووری دەبینم کە پەرلەمان بە دواداچوونی بۆ بکات و کاری لەسەر بکات تا ئەم پرۆژە دەردەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەڕێز کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فەرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەم مەوزوعە پەیوەندی راستە بە وەزارەتی شارەوانی هەیە، ئینجا وەزارەتی عەدەل، یەعنی دەبوو بەڕێز وەزیری شارەوانی لێرە ئامادەبوونی هەبوایە بۆ موناقەشە کردن لەسەر ئەو مەوزوعە، شتێك هەیە دەبێ هەمووومان بیزانین کە ئەوەیە، ئەم موشکیلەی کە ئێمە ئەمانەوێ کە ئەمرۆ قەراری بۆ دەربکەین بەڕاستی، تەئسیری کردووە لە مەسەلەی شار و شارۆچکەکان، تەئسیری کردووە لەسەر ئەنجامی پرۆژەکان، مەسەلەن دوو مەوزوع هەیە دەبێ لە یەکتری جیا بکرێتەوە وەکو هاوکارانم باسیان کرد، مەوزوعی بێ تاپۆکانە کە کابرایەکە لە پەنجاوە و لە شەستەوە، لە پێنجوێنە، لە سەید صادقە، لە هەڵەبجەیە، لە چەندین شار و شارۆچکەی تر لەسەر جێگەی باب و باپیری دانیشتووە تا ئێستا تاپۆی نیە، ئەمە ناتوانێ سولفەی عەقار وەربگرێ، حکومەت ناتوانێ پرۆژە بکات لەو مەنتیقە ئەگەر ماڵێك بەرکەوێ تەعویزی بکاتەوە لەبەر ئەوەی تاپۆی نیە، ئیشکالیەتێکی گەورەی دروست کردووە، بۆیە بە بڕوای من وەکو کاك حاجی باسی کرد، کاك حاجی بیلال، ئەو لێژنەیە دروست بووە لە وەزارەتی شارەوانی ئێمە هەمووومان ئەوەمان دەوێ، ئێمە لە وەزارەتی شارەوانی دانیشتووین و کۆبوونەوەمان کردووە، ئەگەر برادەرەکان شاهیدی بۆ ئەوە بدەن، من یەکێك بووم لەو کەسانەی کە پێشنیازم کردووە بۆوەزارەت، لە ڕێگەی نووسینگەی ئەهلی، لە ڕێگەی نووسینگە ئەهلیەکانەوە ئیشەکانی خۆیان بکەن، ئێمە نەخشە سازی ئاوەدانبوونەوەمان هەیە لە سلێمانی بۆ نموونە بۆ تەملیك کردن، فریای هیچ ئیشێك ناکەوێ، پێشنیازم بۆ کردن کە لە ڕێگەی نووسینگەی مەکاتیبی هەندەسیەوە بیکەن، بۆ ئەوەی ئیشەکان بچێتە پێشەوە، بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی کە حکومەت داویەتی، بۆ ئاسانکاری و بۆ پشتیوانی ئەو لیژنەیەی کە پێکهاتووە لە وەزارەتی شارەوانی بە بڕوای من، ئەم بڕیارەی ئەمڕۆی ئێمە لێرە بیدەین گرنگە، چونکە

حكومەت ئیلزام دەكەین بەوەی كە جوهدی زیاتر بكات، و پشتیوانی دارایی و كۆمەكی دارایی بۆ ئەو لێژنەیە دەستەبەر بكات، بۆیە ئەم قەرارە لێرە گرنگە، پشتیوانیكی ماددی و مەعنەوی دەوێ بۆ ئەو لێژنەیەی كە دروست بووە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەكی پشتگیری رای لێژنەی شارەوانی دەكەم، چونكە من پێموایە لێژنەی شارەوانی ئەرك و ماندووبوونێكی زۆری بینیوە، هەموو ئەندامەكانی، من لە گفتوگۆكردن لەگەڵ ئەندامەكاندا تێگەیشتووم كە بەدواداچوونیان كردووە، وەزیریان بانگ كردووە، پێیان وایە ئێمە بڕیارێك دەرئەكەین بۆ كارێك كە جێبەجێ كراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، كە ئەو كارە جێبەجێ كراوە، هۆكاری چییە هاووڵاتی دائیمەن هانا ئەهێنێتە بەردەم پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان كەوا شەكوای هەیە؟، كەواتە شكستیەك هەیە لە كاروباری ئەم لێژنەیە كە دروستكراوە، بەڵێ یاساشمان هەیە، یاسای ژمارە 43ی ساڵی 1971، باسی عەقار ئەكات، باسی ئەوە ئەكات چۆن تۆ كاتێ كە بابەتێكت دەبێت، ئەرزە، ئیتر خانووە، لە تەسجیلی عەقاری چۆن تۆ دەچیت تەسجیلی دەكەی، تۆماری دەكەی، ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لێرە باسی دەكەین موشكیلەیەكی ئەزەلیە، نە هی 20 ساڵە، نە هی 15 ساڵە و نە هی دوو ساڵە، موشكیلەیەكە لە ئەزەلەوە لەگەڵ دروست بوونی ئەم عیراقە هەیە، ئەوە هەڵەبجەیە هەتا ئێستا تاپۆی نیە، خۆ هەڵەبجە دوێنێ و پێرێ دروست نەكراوە، چۆمان، پێنجوین، سۆران، ئەمانە هەر هەمووی، سەید صادق، مەنتیقە هەیە حكومەت خۆی ئەرزی لێ تەوزیع كردووە، خزمەت گوزاریشی بۆ گەیاندوون، حەقی تەصەروفی داونەتێ، ئەصڵەن حكومەت خۆی هەستاوە، ئەمەیان دیفاع نیە لەو ناحیەوە، چونكە من رەخنەم هەیە لە ئەدای ئەو لێژنانە، پیموایە مەفروزە موەزەفی تاپۆ و مەساح زیاد بكرێت بۆ ئەو شوێنانەی كە ئەم كێشانەیان هەیە، بۆ ئەوەی بە زووترین كات ئەم جێگانە جێبەجێ بكرێن، یاسای تەسویەی تاپۆمان هەیە، ئێمە كۆمەڵێك یاسامان هەیە كە بەو چوار نوقتەیە ئەصڵەن موقارەنە ناكرێ، چونكە چوونەتە ناو كۆمەڵێك وردەكارییەوە، كەس لاری لەوە نیە، كۆمەڵێك كێشەیە هەیە لە كوردستاندا حكومەت كاری كردووە، بەڵام حكومەت كارەكانی سستە، ڕادەی جێبەجێ كردنەكە زەعیفە، ئەوەی من بەدواداچوونم بۆ كردووە و لە زاری ئەندامانی لێژنەی شارەوانی كە خۆیان كردووە بە چەند بەشێكەوە و هەر بەشەی موتابەعەی شوێنێك ئەكات، بەڵێ لە مەنتیقەی هەڵەبجە یەك مەساح هەیە، بەڵام حكومەت هەستاوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەڵكەی حەقی تەصەروفی هەیە، بێت ئیسباتی بكات كە 20 ساڵە خۆی لەسەر ئەو ئەرزەیە و هەموو حەقێكی تەصەروفی هەیە و خۆشی هەبوو بۆی تاپۆی ئەكات، ئەمە ئەكرێ ئێستا، سولفەی عەقاریش وەرئەگرێ، دوو شت هەیە تێكەڵاو كراوە لەناو ئەو یاسایە بەداخەوە، هەندێك پێی وایە ئەمە بۆ خانووە تەجاوزەكانە، كارەساتە

ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بڵێت قەینا با خانووە تەجاوزەکان تاپۆ بکرێ، چونکە حکومەت خۆی لێژنـەی دەرکـردووە و ئـەوەتا وردە وردە دەبیـنین کـە، مـن خـۆم شەخصـیەن بـە چـاوی خـۆم بینیومـە کـە چـۆن ئەرزێکیش وەردەگرن و حەقی عەقاریش وەردەگرن، ئەگـەر بێـت و ئـەوەی موشـکیلە ئەزەلیەکـە عیلاقـەی هەبێ بەسەر وەزارەتی زیراعەوە، چونکە هەندێك لەو ئەرزانە شمولی قانونی ژمارە 90 ئەکات، ئەوەی ئـی ئیصلاحی زیراعیە، کە ئەمە بزانن چەند ساڵە ئەم یاسایە دەرچووە، لە ساڵی 1975ـەوە کـە مەبەسـتیشـی لەوە، کورد خاوەنی یەك مەتر زەوی نەبێ، ئەمە عیلاقەی بەسەر وەزارەتی شارەوانیەوە هەیە، بەشێکیشـی لەسەر وەزارەتی دادە کە لە کۆتاییدا تۆمارکردنەکان دەچێتەوە لای ئەوان، ئەمە مەعنای ئەوە نیە کە ئێمە دژی ئەو یاسایەین، چونکە ئەوە خۆی لە ئەصڵدا وا جێبەجێ ئەکرێن، حکومـەت هـەنگاوی بـۆ نـاوە، بـەڵام حەقـە پەرلـەمانی کوردسـتان لـە هـەنگاوەکانی داهـاتوودا و لەسـەر ئـەو بەدواداچـوونەی کـە لێژنـەی پەیوەندیـدار و مـەعنی و موختـەص کردوویـەتی، بانگهێشـتی وەزیـری شـارەوانی بکـەین، بـزانین کارەکـانی لێژنەکان گەیشتووتە کوێ؟ هەتا ئێستا بـەداتا بمانـداتێ، هـەتا ئێسـتا ئـەو کـارەی ئـەوان کردوویانـە چـەند پارچە زەویان ئیفراز کردووە، چەندی ماوە؟، هەمووی بە رەقەم بمانداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە حەقیقەتدا من تەصەوەری ئەوە ناکەم هیچ ئەندامێکی پەرلەمانی بـەڕێز هەبێ، لەگەڵ ئەوەدا نەبێ کە خانوو بۆ هاووڵاتیانی کوردستان تەملیك بکرێ، ئینجا چ لـە ڕێگـای تـەجاوز بێت، چ لە ڕێگای تەملیك بێ، تەملیکی موتەجاوزین، بەڵام لێرەدا ئێمە دەبێ سەیری پرۆژەکە بکەین، ئـەو داواکارییانەی کە لە پرۆژەکـەدا هاتووە و واقیعەکـەمان بـە چ شـێوەیەکە؟، پرۆژەکـە بـاس لـە خـانووی بـێ تۆمار دەکات، من وەکو یاساناسێك، ڕەنگە هەر کەسێك وەکو یاساناسێك لێرە بێت، هـەر هـەمان تـەوەجوهی هەیە، ئەم خانووانە دەگرێتەوە کە بالاصل هەر قەیـدیان نیـە لـە تـاپۆ، ئەمـە بـە پێـی قـانونی 43ی سـاڵی 1971، قـانونی تەسـجیلی عـەقاری جێبـەجێ دەکـرێ، بـە ڕێگـای تەسـجیلی موجـەدەد و پەیوەنـدی بـە وەزارەتی دادەوە هەیە، ئەو دەرگایە کراوەیە لە پێشان و لە ئێستاش و لا یزال هەر کەسێکیش لەو بابەتـەی هەبێ ئەتوانێ ئەو موراجەعەتە بکات و لە ڕێگای ئوصولی خۆی تەسجیلی ئەو خانووە بـێ تاپۆیـە بـەناوی خۆی بکات، حاڵەتی دووەم هەیـە کـە مـن پرۆژەکـە دەخوێنمـەوە، وا دەزانم هـیچ لـەو هـەرێمی کوردسـتانە نـەکراوە، بـەڕێزان، سـاڵی 2000 ئـەم پەرلەمانـە دوای ئـەوەی دیراسـەیەکی قـوولی کـرد، داتایـەکی باشـی لەمست بوو، بڕیـارێکی دەرکـرد بـە تـەملیکی هـەموو ئـەو ئەرزانـەی کـە تـەجاوزیان کردیـە لەسـەر ئـەرزی حکومەت، بە مـەرجێك تـەعاروز نـەکات لەگـەڵ تەصـمیمی ئەصـڵی شـارەکە، ئـەم بڕیـارە جێبـەجێش کـرا، سـەرەڕای ئـەوەش، کابینـەکانی یـەك لـە دوای یـەکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، بـە تایبـەتی کابینـەی

پێنجەم و شەشەم بەردەوام بووە لە تەملیك كردنی ئەم ئەرزانە بۆ خاوەنەكانیان، ئێستاش دوای ئەوەی كە ئێمە گفتوگۆمان كرد لەگەڵ بەڕێزان وەزارەتی شارەوانی، لێژنەیەكی مەركەزی تەشكیل كراوە بۆ ئەم بابەتە، بەڵام كاری ئەو لێژنەیە زۆر زۆر بە سستی دەڕوات، منیش حكومەت بە كەم تەرخەم دادەنێم لە بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە، دوای ئەمە ئێمە تەحقیقیشمان كردووە، یاسایەكمان دەركردووە، یاسای تەسبیتی حقوقی تەصەروفە، كە ئەوە جوابی رژێمی بەغدا بوو بۆ چەسپاندنی حەقی كورد لەناو زەویەكانی خۆی، ئەم یاسایە ڕەنگە ماوەیەكی دوور و درێژی بوێ بۆ جێبەجێكردنی، بەڵام دەكرێ وەزارەتی زیراعە و مودیریەی عامی تاپۆ بە شێوەیەكی ڕێك و پێك و بە كەوادیرێك باش بچنە ناو مەسەلەكە، ئەوەل جار لە قەزا و ناحیەكان حەلی بكەن ئینجا بێنەوە ناو شارەكان، چونكە مەبەست لێرە قەزا و ناحیەكانە، هەروەك برای بەڕێزم كاك دڵشاد ئیشارەتی پێدا، لە قەزایەكی وەكو سۆران مەعقول نیە 50٪ی خانووەكان بە تەجاوز بمینێتەوە، مەفروزە ئەمانە چارەسەریان بكرێ، بۆیە ئێمە لەو پەرلەمانە تەجروبەیەكمان هەیە، قانونی ڕەقەم 7 كە دوامان خست، توانیمان بە هەمان مەبەست پرۆژەیەكی موتاكەمیل تەقدیمی ئەو پەرلەمانە بكەین و لەو پەرلەمانە پەسند كرا و بووە جێی ڕەزامەندی هەموو خەڵكی كوردستان، بۆیە ئەم پرۆژەش بە هەمان شێوە با ئێمە هەڵەی قانونی تێدا نەكەین، جوان دیراسەتی بكەین و بە ڕێك و پێكی، لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندییەكان، لوجانی پەرلەمانی ئێمە دەوریان هەبێ، ئەندامانی پەرلەمانی ئێمە دەوریان هەبێ هەر كە بەنیسبەت دەڤەری خۆی، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە پرۆژەیەكی موتەكامیل دەربكەین، دەتوانین لەم پرۆژەیەدا ماوەیەك بدەینە حكومەت و سەقفێكی زەمەنی بدەینێ، ئەمە حالەتەكانە، بە چ سەقفێكی زەمەنی دەتوانی موعالەجەی حالەتەكان بكات؟، بۆیە منیش لەگەڵ دواخستنی ئەو پرۆژەیەمە بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەیەكی موتەكامیل تەقدیم بكەین كە ویست و خواستی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گفتوگۆیەكە وای لێ هاتووە دوو لایەنیە، بە تەصەوەری من باش بووە كە وامان كرد هەموو لایەنی كێشەكە تێبگەیەن، لە لایەكی تر ئێمە گفتوگۆی ئەم دەقە ئەكەین، لە لایەكیش گفتوگۆی كێشەكە ئەكەین، بە تەصەوری من كێشەكە هەیە و نامەوێ ئەو قسەی كە كراوە دووبارەی بكەمەوە، بەڵام تاكو ئەوەی ئێمە بڕیارێك، یاسایەك دەربكەین بە بۆچوونی من چەند هەنگاوێك هەیە، یەكەمین شت ئایا یاسایەك هەیە كە ئەم كێشەیە یان ئەو بوارە موعالەجە دەكات یان نا؟، دەرچوو یاسای 43ی ساڵی 1971 ئەوە موعالەجە ئەكات، دووەمیان: ئایا ئەم پرۆژەیە یان بەم دەقەی كە پێشكەش كرایە، ئەگەر سەرەڕای بوونی یاساش یان نەبوونی یاسا ئەم دەقە پێشكەش كرا، ئایا كێشەكە چارەسەر ئەكات یان نا؟، سێیەم: ئایا ئەم دەقە توانای

ئیجرائی هەیە؟، ئەتوانین جێبەجێی بکەین، بەسەر ئەو مەنهەجیەتە من تەصەوەر دەکەم ئێمە لە لێژنەی کۆمەڵایەتی رووبەڕووی ئەم تێکستە بووین، ناڵێم رووبەڕووی کێشەکە بووین، چونکە کێشەکە سێ لایەنیە، یەك: مافی خەڵك و ئەرکی حکومەت بۆ تاپۆ کردنی خانووەکان، ئەوە یاساش هەیە و ئەوە مافێکی تەبیعیە، بۆیە ئەم ماددەی دووەمی پرۆژەکە ڕەت ئەکرێ، چونکە داعی نیە تەحصیل حاصلە، دووەمیان: ئەمانەیان لەبەر هەر هۆیەك بێت، من تەعاتوفم هەیە لەگەڵ هەندێك خەڵك کە ناچار بووینە لەبەر هەر هۆیەك لە ساڵانی رابردوو، ناچار بووە خانوویەك دروست بکات، ئەوە پێی ئەڵێن تەجاوز، ئەم یاسایە خۆی ئەڵێت نابێ تەجاوزەکان بگرێتە خۆی، دووەم:یاسای تەملیکیش کراوە، سێیەم: بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە وەهەموو خوشك و برایان تەئکیدیان لەسەری کرد، ئەو پرۆسەی فراوان بوونی سنووری شارەوانی شارۆچکە و قەزاکان، کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە، قسەکەم دووبارەناکەم، خەڵکەکە هیچ گوناحی نیە، هەر ئەصڵەن حکومەت خۆی رەنگە بە پرۆژە و بە تەختیت بۆ دابین کردنی جێگای نیشتەجێبوون بۆ خەڵك زەوی تەوزیع کردووەو خانووی دروست کردووە، بەداخەوە کە گرنگترین کێشەیەو جەختیش کرا لەسەر کێشەکە، ئەم تێکستە باسی لە دوور و نزیك ناکات، بۆیە ئێمە رەئیمان زۆر زۆر وازیحە، دەرکردنی بڕیارێك کە مافە ڕەواکان جەخت لەسەر بکات، هیچ مەعنای نیە، کێشەیەك کە تەسەور بکەین هەیە و کە چارەسەر کراوە، نابێ ئەصڵەن ئێمە جەوازی بدەینە ئەو تەجاوزەتانە، ئەوەش داعی نیە، سێیەم: کێشە هەرە سەرەکیەکەی کە ڕەنگە، من ڕێزم هەیە بۆ ئەو خوشك و برایانەی کە ئەم پرۆژەیان پێشکەش کردبوو، ڕەنگە کە لە مێشکیان هەر کێشەکە کردنی ئەم حاڵە رەواییە، ئەوەی بە هۆی فراوان بوونی سنوورەکان دروست بووە، کە تێدا نیە، بۆیە من پشتگیری بۆچوونەکەی و رەئی و پێشنیاری بەڕێز کاك شێروان حەیدەری ئەکەم، ئێمە و هەروەها لەسەر پێشنیاری بەڕێز وەزیری داد کە ئەمەش پرسیارێك کرا، بۆ وەزیری داد بانگ کراوە بۆ شارەوانی بانگ نەکراوە؟، بەڕێزان چونکە لە ماددەی یەکەم باسی لێژنەیەك ئەکات لە وەزارەتی داد دەبێ دابمەزرێ، خۆ دەبێ تۆ وەزیری داد بانگ بکەی لێرە، بۆیە بە تەصەوری من ئێمە تۆزێك پەلە نەکەین، هەوڵ بدەین هەمووومان پێکەوە، چونکە دیار بوو بە جیاوازی فراکسیۆنەکان هەموومان بە پێویست ئەزانین پرۆژە یاسایەك دەربچێت یان بڕیارێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فراوان بوونی سنووری شارەوانیەکان، بۆ ئەم مەبەستە، من تەسەور ئەکەم ئەمە نە کێشەکە حەل ئەکات و زۆر تەناقوزاتی تێدایە، بۆیە بەو ئیتیجاهەی کە کاك شێروان باسی کرد، من لەگەڵی دامە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا موداخەلەکە تەواو بوو، بڕگەی $8$ لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، خستنە روو گفتوگۆکردنی پێشنیاری بە خاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ئەخەینە دەنگدان، پێشنیارێك هەبوو بۆ دواخستنی بۆ کاتێکی موناسیب، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە دوا بخرێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، $62$ بەڕێز لەگەڵی دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، $21$ بەڕێز لەگەڵدا نیە، بۆیە دواخرا بۆ کاتێکی موناسیب، ئێستا کۆتایی بەدانیشتنەکە ئەهێنین تاکو ئاگادارتان ئەکەین بۆ دانیشتنی

داهـاتوو، بـەڕێزان، بـۆ ئاگـاداری ئێـوەی بـەڕێز، چـەند خـەبیرێکی بـەریتانی لێـرەن لـە وەزارەتـی سـامانە سروشتیەکانن، بۆ روونکردنەوەی گرێبەستە نەوتییەکان، ئەتوانن هەمووتان یان هەر کەسێك بەشدار بێ، ئەمرۆ هەیە و لە ئێستاوە بەردەوامە، بەیانیش لە سەعات 9 بەردەوامە بۆ ئاگاداریتان، خوا ئاگادارتان بێت تا دانیشتنی داهاتوو.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**دووشەممە رێکەوتی 28\11\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## دووشەممە رێكەوتی 2011/11/28

كاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/11/28 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (4)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/11/28 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - دانانی بەڕێز (قادر احمد سمایل) ئەندامی پەرلەمانی كوردستان بۆ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان.

2- دانانی بەڕێز (فرمان عزالدین محمود) ئەندامی پەرلەمانی كوردستان بۆ لیژنەی پەروەردەو فێركردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

3- دانانی بەڕێز (رازاو محمود فرج) ئەندامی پەرلەمانی كوردستان بۆ هەردوو لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو، لیژنەی پەیوەندییەكان و رۆشنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەكان.

4- دانانی بەڕێز (دڵشاد حسین قادر) ئەندامی پەرلەمانی كوردستان بۆ هەردوو لیژنەی پەیوەندی و رۆشنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەكان و، لیژنەی دەستپاكی (نەزاهەت).

5- دانانی بەڕێز (عبدالله محمد امین) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و، لیژنەی دەستپاکی (نەزاهەت).

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەوام کردن بە جلی کوردییەوە لە کۆبوونەوەی سەرەتای هەموو خولێکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ئاوەدانکردنەوەو هاوچەرخ کردنی گوندەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (13)، ڕۆژی دانیشتن 2011/11/28، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2011/11/28 بەم شێوەیە بێت:

1- دانانی بەڕێز (قادر احمد سمایل) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان.

2- دانانی بەڕێز (فرمان عزالدین محمود) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالاَو توێژینەوەی زانستی.

3- دانانی بەڕێز (رازاو محمود فرج) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدو، لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان.

4- دانانی بەڕێز (دڵشاد حسین قادر) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی پەیوەندی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و شوێنەوارەکان و، لیژنەی دەستپاکی (نەزاهەت).

5- دانانی بەڕێز (عبدالله محمد امین) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و، لیژنەی دەستپاکی (نەزاهەت).

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەوام کردن بە جلی کوردییەوە لە کۆبوونەوەی سەرەتای هەموو خولێکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ئاوەدانکردنەوەو هاوچەرخ کردنی گوندەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئێستا بەڕێزان ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ناویان خوێندرایەوە، یەك، یەك دەخوێنینەوەو دەیخەینـە پـێش ئێوەی بەڕێز، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێش (24) سەعات راپۆرتێك، یان یاداشتێکمان ئاراستەی جەنابت کرد بوو، سەبارەت بە بابەتێك کـە پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە هەیە، چونکە پێمان وایـە بەرپرسیاریەتی پەرلـەمان ئـەرکی ئەوەیـە چ لـە بواری پرۆژەکان، کە بەپێی تاریخی پرۆژەکان، چونکە ئێستا پرۆژەمان هەیـە ئەهمیـەتێکی زۆری هەیـە، لـە ساڵی 2009ـەوە پرۆژەمان هەیە تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کار، کە نموونـەم زۆر لەلایـە لـەو پرۆژانـە بـە تـاریخی خـۆی، کـە ئـەوەی پەیوەنـدی بـە کۆمـەکی ئـەحزاب و قـەوارە سیاسـیەکانەوە هەیـە، ئـەوەی پەیوەندی بە یاسای وەدەستهێنانی زانیارییەوە هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە چاك کردنی، یان هەموار کردنی مووچەی فەرمانبەرانەوە هەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، ئەوەی پەیوەندی بە یاداشتەکان هەیە، کە بە ژمارەی یاسایی داومانەتە پەرلەمان، کە پەیوەنـدی بـە سـووتەمەنیەوە هـەبوو، پەیوەنـدی بـە داهاتـەوە هەبوو، تا ئێستا پەرلەمان وەڵامی نەداینەوە، ئەمە جگە لەوە، ئەوەی پەیوەندی بـە رەقابـەوە هەیـە، چ لـە پرسیار کردن، لە لێ پێچینەوە، سەبارەت بە حکومـەت تـا ئێسـتا ئێمـە نـەمانتوانیوە بەشـێوەیەکی قـانونی وەکـو پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، ئـەو پـەیڕەوەی کـە دەمانـەوێت بگۆڕێـت ئیلتیـزامـی پـێ بکـەین، کـە رەقابەیەك هەبێت لەسەر حکومـەت کاتێـك وەڵامـی پرسـیار ناداتـەوە، کاتێـك داوای لـێ دەکـەین وەزیـرەکـە بێتـە پەرلـەمان، زۆر جـاران ئێمـە داوای وەزیرێـك دەکـەین، بـۆ نموونـە یاداشـتێکماندا لـەم ماوەیـە کـە پەیوەندی بە کارەساتی سەیارەو کوشتنی هاووڵاتیەوە هەبوو، کـە داوای وەزیـری ناوخۆمـان کـرد، ئەمـە بـە ژمارەی یاسایی تا ئێستا نەبووە، ئەوەی پەیوەندی بە داهاتەوە هەبووە، بە ژمـارەی یاسـایی (50) ئەنـدامی پەرلەمان بوو، تا ئێستا وەڵاممان نەدراوەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە پێویسـتە پەرلـەمان، کـە خۆمـان لەو ماوەیە یاداشتێکماندا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت بکات سەبارەت بەو کێشە کەڵەکە بووانەی کـە پەیوەنـدی بـە میکـانیزمی کـارکردنی پەرلـەمان هەیـە، پێموایـە ئەگـەر پەرلـەمان بـە بەرپرسیاریەتی خۆی هەڵستا بوایە، بەڕاستی ئێستا زۆر کێشە لە کوردستان چارەسەر دەکرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، بەنیسبەت پەرلەمان بە بەرپرسیاریەتی خۆی هەڵسـتاوەو زۆر بـە رێـك و پێکـی کـار دەکـات و، ئـەو پرۆژانەی کە جەنابت باست کرد، ئێمە پێش ماوەیەکی کورت لەگەڵ سەرۆکی گشت لیژنەکان دانیشـتووین، کە ئەو پرۆژانە وەختی خۆی لە بەرنامەی کـار بـووە، دانیشـتنی فـەرمی پەرلـەمانی کوردسـتانی بـۆ کـراوە، دوای رۆژێـك، یـان دوو رۆژ ئاراسـتەی لیژنـە پەیوەندیـدارەکان کـراوە، ئـەو پرۆژانـە کـە لـە لیژنـەکان، کـە هـەمووتان لـەو لیژنانـە بەشـدارن، گشـت فراکسـیۆنەکان، کۆتـا، گشـت کوتلـەکان، زۆری لـە پرۆژەکـان لـەلای خۆتان ماوە، لە لیژنەکان نەهاتۆتـەوە پەرلـەمان، وەختـی لـەو دانیشـتنە بـە تەسەلسـول، بـە نـاو، بـە رۆژی

ئاراستەی کردنی بۆ لیژنەکان و ماوەی کە تـاخیر بـووە، بۆیـە ئێمـە داوامـان لێتـان کـرد، داوامـان لـە گشت سەرۆك لیژنەکان کرد، کە بە زووترین کات راپۆرتەکانیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکـەن، تـاکو لـە بەرنامەی کار دابندرێت و لەناو پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تاکو گەیشتە ئەو حەدەی داوامان کـرد، ئەگەر لەوە زیاتر لیژنەکان پرۆژەکان تاخیر بکەن، ئێمە بەبێ راپۆرتی لیژنەکان دەیهێنینە ناو پەرلەمان و دەیخەینە پێش ئێوەی بەرێز، ئەمە یەك. بەنیسبەت ئـەوەی کـە داوای بـەرێزتان سـەعات (11)ی شـەو بـە ئیمێل بە ئێمە گەیشت، دوای ئەوەی لە سـەرۆکایەتی موناقەشـەمان کـرد، یـەك/ موسـتەعجیل نییـە، دوو/ طارئ نییە، لەبەر ئەوە بەرنامەکە دانرا بوو لەو فەترە قیاسییە نەدەکرا، بۆ بانگ کردنی حکومـەت، ئێمـە ئـەمرۆ بـەیانی لەگـەڵ سـەرۆکایەتی حکومـەت دانیشـتنێکمان هـەبوو، ئیتیفـاق کـرا لەگـەڵ هـەردوولا تەسەلسـولێك دابنـێین بـۆ گشـت وەزیرەکـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، بـەپێی ئەولەویـەت، بـەپێی پێویست کـە بـێن لـە پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەو پرسـیارانەی ئێـوەی بـەرێز لـە سـنووری یاسـا ئاراسـتەیان دەکەن، ئەوانیش وەڵامی خۆیان هـەبێت، بۆیـە بـەرێز سـکرتێری پەرلـەمان بـۆ بانگهێشـت کردنـی وەزیـری شارەوانی کە رۆژی چوارشەممە لێرە ئامادە دەبێت، بە فەرمی داوامان کردووە کە پرسیارەکانتان بنێرن، بۆ ئەوەی دەرج بکرێت چ پرسیاری پەرلەمانتاران هەیە لە وەزیرەکان لە هـەر روویەکـەوەو لـەناو قاعـەش کـە هاتە ئێرە دادەنیشین و وەخت تەحدید دەکرێت بـۆ ئـەو بـەرێزەی پرسـیاری کـردووەو خـۆی هەڵدەسـتێت پرسیارەکەی بە شەفەوی پێشکەش دەکات و، وەختیش تەحدید دەکرێت بۆ وەزیر، کە لەو وەختـە قانونیـە وەڵامی خۆی بداتن، زۆر سوپاس بۆ جەنابت. ئێستا داوا لە بەرێز (قـادر احمـد سمایـل) دەکـەین هەڵسـتێتە پاوە، کە ئەندامی پەرلـەمانی کوردسـتانە بـۆ لیژنـەی نـاوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنـە خۆجێییـەکان دەسـت نیشان کراوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبـایی لـێ دەکـەین. خـاڵی دووەم/ دانـانی بەرێز (فرمـان عزالـدین محمـود) ئەنـدامی پەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ لیژنـەی پـەروەردەو فێرکردنـی بـاڵاو توێژینەوەی زانستی. دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین.

خاڵی سێیەم/ دانانی بەرێز (رازاو محمود فرج) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەردوو لیژنەی کاروباری پێشـمەرگەو شـەهیدان و قوربانیـانی جینۆسـایدو، لیژنـەی پەیوەندییـەکان و رۆشـنبیری و راگەیانـدن و شوێنەوارەکان. دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین. خـاڵی چـوارەم/ دانـانی بەرێز (دڵشاد حسین قادر) ئەنـدامی پەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ هـەردوو لیژنـەی پەیوەنـدی و رۆشـنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەکان و، لیژنەی دەستپاکی (نەزاهـەت). دەیخەمـە دەنگدانـەوە، کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسـند کـرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین. خاڵی پێنجەم/ دانانی بەرێز (عبدالله محمد امین) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بـۆ

هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و، لیژنەی دەستپاکی (نەزاهەت). دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین. تەواو بوو، یەك ئەندام ماوە، ئەویش داوا دەکەین لە لیستەکەی شوێنی بۆ دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی لە بەرنامەی کاردا دایبنێین و دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی بۆ وەربگرین.

خاڵی شەشەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەوام کردن بە جلی کوردییەوە لە کۆبوونەوەی سەرەتای هەموو خولێکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق. داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێنە سەر مەنصە، لیژنەی یاسایی فەرموون، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی شەشەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەوام کردن بە جلی کوردییەوە لە کۆبوونەوەی سەرەتای هەموو خولێکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاربعاء 29/پوشپەڕ/2711 الكوردي المصادف ليوم 2011/7/20 الميلادي لمناقشة مشروع قرار (الدوام بالزي الكوردي في الجلسة الافتتاحية لدورات الانعقاد) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (31) والمؤرخة في 2011/6/29.

وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى ما يلي:

1- ان مشروع القرار المقترح يخالف الدستور والقوانين النافذة فيما يتعلق بحرية الافراد وصون كرامتهم.

2- ان اصدار القوانين يكون لمعالجة مشكلة ما او لسد نقص تشريعي، وان المشروع المقترح لا يساهم لا في معالجة اي مشكلة ولا لسد اي نقص تشريعي.

3- ان اصدار القرار المقترح من شأنه التقييد والفرض على جميع الاطراف الاخرى الالتزام به، وهذا مخالف لحقوق الانسان وحريته الشخصية، حيث ان البرلمان مؤلف من عدة قوميات وأديان وطوائف، لذا لايجوز فرض قانون الزي الموحد على الكل. لذا ترى اللجنة بأن هذا الموضوع لايحتاج الى إصدار قرار خاص.

يرجى التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة حوله على البرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب بصدده، والتصويت عليه. مع التقدير....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەزمانی کوردی تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی**

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی چوارشەممە 29/پوشپەڕ/2711ی کوردی بەرامبەر بە 2011/7/20ی زایینی کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژە بڕیاری (دەوام کردن بەجلی کوردییەوە لە کۆبونەوەی سەرەتای هەموو خولێکی پەرلەمان)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کراوە، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (31)ی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2011/6/29) لە پەرلەمان، دوای خوێندنەوەی یەکەمی بۆ لیژنەکەمان ڕەوانە کراوە.

دوای تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندن لیژنە گەیشتە ئەمانەی خوارەوە:

1- پڕۆژە بڕیاری پێشنیاز کراو پێچەوانەی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانە، ئەوەی پەیوەندارە بە ئازادی تاکەکان و پاراستنی شکۆمەندییان.

2- دەرچوواندنی هەریاسایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکە، یاخود بۆ پڕ کردنەوەی کەموکورتیەکی یاساکاری و پرۆژەی پێشنیاز کراویش نە چارەسەری کێشەیەك دەکات، نە پڕ کردنەوەی ناتەواوییەکی یاسایی دەکات.

3- دەرچوواندنی بڕیاری پێشنیاز کراو دەبێتە کۆت و فەرز کردن، یاخود شتێك فەرز دەکات بەسەر هەموو لایەنەکانی تر، بۆ ئەوەی پابەند بن پێوە، ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و ئازادی کەسێتی، چونکە پەرلەمان پێکاتووە لە چەند نەتەوەیەك و ئایین و تایفەیەك، بۆیە لیژنە وا دەبینێت کە ئەم بابەتە پێویستی بە دەرچوواندنی بڕیاری تایبەت نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دیارە لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەی هەیە، بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان ڕەئیتان هەیە؟ کەسێك دەیەوێت لەسەر ئەو بابەتە موناقەشە بکات؟ یان بێینە سەر ئەوەی کە ڕەت بکرێتەوە، ئەگەر کەسێك ڕەئیەکی هەیە لەو بوارەوە؟ ناوی دەنووسین، بۆ ئەوەی موداخەلە بکات، کەس نییە، بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئێمە بە زمانی عەرەبی. (ان هذا الموضوع لا یحتاج الى اصدار قرار خاص)، واتا ڕەفزی مەشروعەکە دەکەین، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئەو پێشنیارە ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان بکرێت، بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئەو پرۆژەیە ڕەفز بکرێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڕێز، من زۆر تیکرارم کردو دوایی هاتینە سەر پرۆسەی دەنگدان دەنگتان نەبوو، لەبەر ئەوە هەر شتێك وەقتی خۆی هەیە، تکایە، ڕجائەن کاك بلال هەر شتێك کاتی خۆی هەیە، لەکاتەکەی دەرباز بوو، تەواو بوو، بڕۆ بۆ خاڵی حەوت، فەرموون، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کەرەم بکەن، ئێوەش فەرموون وەرنە ئێرە، بەڕێز کاك بلال من لە پێش گشت ئەو ئەندامە بەڕێزانەی حازرن بانگم کرد، چەند جار کێ دەیەوێت موداخەلە بکات؟ کەس نەبوو، کە خرایە دەنگدانەوە، تەواو بوو، تکایە، بەردەوام بن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی حەوتەم لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای ئاوەدانکردنەوەو هاوچەرخ کردنی گوندەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمان کوردستان – عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای ئاوەدانکردنەوەو هاوچەرج کردنی گوندەکان لە هەرێمی کوردستان**

لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی 5/ڕێبەندان/2710ی کوردی بەرامبەر بە 2011/1/25ی زایینی کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای (ئاوەدانکردنەوەو هاوچەرخ کردنی گوندەکان لە هەرێمی کوردستان)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار کراوە، لەدوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (7)ی رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2010/5/5) ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆو تاوتوێ کردن، لیژنە رای خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

پێویست بە دەرکردنی یاساییەکی تایبەت ناکات، چونکە بیرۆکەی پرۆژەکە لە پەیڕەو و ڕێنماییەکانی حکومەت چارەسەر کراوەو لەکاتی پەسند کردنی بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2011 ڕەچاوی ئەو خالآنە بکرێت، کە لە ناوەڕۆکی پرۆژەکەدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت پابەند بکرێت بە جێ بەجێ کردنی خاڵەکانی تری بیرۆکەکە، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون اعمار وعصرنة الريف في اقليم كوردستان - العراق**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم 5/ڕێبەندان/2710 الكوردي المصادف ليوم 2011/1/25 الميلادية لدراسة مشروع قانون (اعمار وعصرنة الريف في اقليم كوردستان - العراق) المقدم من قبل العدد القانوني

لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (7) والمؤرخة في 2010/5/5 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى ما يلي:

ليس هناك حاجة لتشريع قانون خاص لان الافكار الواردة في مشروع القانون تمت معالجتها في الانظمة والتعليمات الصادرة من الوزارات، وعند المصادقة على ميزانية حكومة الاقليم لعام 2011 من الضروري مراعاة جميع الفقرات الواردة ضمن مشروع القانون مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی شارەوانی فەرموون.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێ كردن و هاوچەرخ كردنی لادێیەكان لە (2010/6/23) بە ژمارە (20س) نووسراوێكمان ناردووە، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بنێرێت بۆ حكومەت بۆ را وەرگرتنی وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، وەك وەزارەتی (پلاندانان، شارەوانی، ئاوەدانكرنەوە، كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، كارەبا، پەروەردە، تەندروستی)، وەزارەتی ئاوەندانكردنەوە بۆ ئەوەی رایان وەربگیرێت، دواتر وەزیری پلاندانان و بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و ئامار بە مەعلومات و داتاوە بێن بۆ لیژنەكەمان و كۆبوونەوەیەكی هاوبەش بكەین، بۆ ئەوەی دوا بڕیار بدەین لەسەر ئەم پرۆژەیە، بەڵام بەداخەوە تاكو ئێستا حكومەت دوای ساڵ و نیوێك وەڵامی نەداینەوەو، بۆیە ئێمە لە لیژنەكەمان كۆبووینەوە رای لیژنەكەمان لەسەر ئەوەیە كە ئەم پرۆژەیە دوابخرێت، بۆ ئەوەی دیسان دووبارە بینێرینەوە بۆ حكومەت و، داوا لە حكومەت بكەین ئەو وەزارەتانەی كە ناوم خوێندەوە ئەوانیش كۆبوونەوە بكەن و دیراسەی بكەن، دواتر وەزیری پلاندانان لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان سەردانی لیژنەكەمان بكەن بۆ دیراسەی پرۆژەكەو دوا بڕیار بدەین لەو كۆبوونەوە هاوبەشەدا، ئەوە خاڵێك. خاڵێكی تر، ئێستا وەزارەتە پەیوەندیدارەكان هیچیان ئامادە نین بەتایبەتی وەزیری ئاوەدانكردنەوە لێرە نییە، تا رەئی ئەوانیش وەربگرین، بۆیە ئێمە داوا دەكەین دیراسەت كردن و گفتوگۆ كردن لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە دوا بخرێت بۆ كاتێكی تر، بۆ ئەوەی رەئی حكومەت وەربگرین و كۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەكەمان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بكەین و وەزیرە پەیوەندیدارەكانیش ئامادە بن و، سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان، پرۆژەیەك لەناو پەرلەمان كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ دەكرێت و ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار دەكرێت، تكایە لیژنەكە ئەگەر پێویست بوو رەئی حكومەت وەربگرێت وەزیرێك، یان

چەند وەزیرێکی پەیوەندیدار خۆتان داوای بکەن بێتە لیژنەکە، لە لیژنەکە جارێك، دوو جار، سێ جار، بە تێروتەسەل لەگەڵی قسە بکەن و رەئی وەربگرن، بۆ ئەوەی سورەتێك لەلاتان وازیح بێت، کە پرۆژەیەك بێت و جارێکی تر بنێردرێتەوە بۆ حکومەت، ئەوە عەرقەلەی ئیشەکە دەکات، تکایە هەوڵ بدەن لەمەودواوە وا بکەن، بەڕێزان، ئێستا دوو رەئی هەیە، ئەگەر ئەندامانی بەڕێز دەیانەوێت موناقەشە بکەن، ئەوە ناویان دەنووسین، ئەگەرنا دوو رەئی هەیە، رەئیەك داوای رەفزی کردووە، رەئیەکیش داوای دواخستنی کردووە، رەئیە رەفزەکە دوورە لە دواخستنەکە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند جار باسی ئەوەمان کردووە کە لیژنەی یاسایی ئیختیصاصی بوارە یاساییەکەو زاراوە یاساییەکانە، نەك ئیختیصاص بێت، لیژنە پسپۆڕەکان ئەوە تەحەکوم بکات لە پسپۆڕیەتی لیژنەکانداو، رێزمان هەیە بۆیان کە لە رووی یاساییەوە نەقدی هەر یاسایەك بکەن، بەلاّم ئەولەویەت بۆ لیژنەی پسپۆڕەو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەئکید ئێمەش گوتوومانە لیژنەی پەیوەندیدار، لیژنەی یاسایی صیاغەی دەکات، تکایە نوقتەی نیزامی تەواو، دوو رەئی هەیە، رەئیەك ئەوەیە لیژنەی یاسایی داوا دەکات رەفز بکرێت، نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ناو بنووسرێت و موناقەشە بکرێت، چونکە لە ئەسنای موناقەشە رەنگە رەئی سێیەم بێتە پێشەوە، کە بەردەوام بوونە، لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابت ناو بنووسیت و قسە بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز من داوام لێتان کرد کەس دەستی بەرز نەکردەوە، باشە، ئێستا ناو دەنووسین لەلای کاك عومەرەوە، فەرموو، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئیختیلاف هەیە لەنێوان دوو راپۆرتدا، دەبێت لە پێشدا جارێ ئەوە ساغ بکەینەوە، کە رەفز دەکرێتەوە، یان تەئجیل دەکرێت؟ ئەگەر هەموو قسە بکەن و رەئی سێیەم بێتە ئاراوە، ئەمە دەبێتە شتێکی تازە، دوو راپۆرتی نووسراو هەیە، یەعنی ئێمە ئەوە نەکەین رەئی تازە بێتە ناویانەوە، بەڵکو ئێستا دەبێت حەسم بکرێت بە دەنگدان، کە رەفز دەکرێتەوە، یان تەئجیل دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد شهاب فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە هەردوو راپۆرتەکان خۆ دەبێت شتێکی بکرێتە ئەساس بۆ گفتوگۆ، هیچ یەك لە راپۆرتەکان ئیشارەت بەوە ناکەن کە گفتوگۆ بکرێت، یەکێك داوای تەئجیلە، یەکێکیش داوای رەفزە، ئەسڵەن هیچی حازر نییەو گفتوگۆ کردنی تێدا نییە، خۆ ئەوەی داوای تەئجیلیش دەکات حازر نییە بۆ گفتوگۆ کردن، ئینجا هەردوو لیژنەی مەعنی کە بانگ کراون، هەردووکی لەگەڵ ئەوەدا نین کە گفتوگۆ بکرێت، چۆن گفتوگۆ دەکرێت؟ لەسەر چ ئەساسێك؟ چ دەکرێتە ئەساسی گفتوگۆیەکە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە لیژنەی پەیوەندیدار، ئێمە هەموو جار باسی ئەوە دەکەین کە لیژنەی پەیوندیدار کە لیژنەی ئاوەدانکردنەوەیە کە داوای تەئجیل دەکات، داوای ئەوە دەکات تەئجیل بکات، چونکە هەم لایەنی پەیوەندیدار لێرە نییە، هەم وەزیرو هەم ئەو وەزارەتەی کە پەیوەندیدارە بە راپۆرتەکە، بۆیە حەقە پێشنیاری لیژنەی پەیوەندیدار وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لیژنەی پەیوەندیدار داوای تەئجیل دەکات، پێموایە لیژنەی پەیوەندیدار پەیوەندارە بە کێشەکەو بە پرس کردن بە حکومەت موناقەشە بکرێت بۆ رەفز کراوەتەوە، خۆ موناقەشە لەسەر ئەوە نییە بۆ رەئی تر، موناقەشە بۆ پاساوەکانی رەفز کردن چیە، پاساوەکانی تەئجیل کردن چیە، کامی مەنتیقی ترو لە خزمەتی پرۆژەکە دایە پەرلەمان ئەمە قەبوڵ دەکات، یەعنی تۆ رەفزی دەکەیتەوە لەسەر چ ئەساسێك رەفزی دەکەیتەوە؟ بەڵکو ئەمە رەئی لیژنەیە ئەو رەفز کردنەوەیە، یان تەئجیل کردن، ئەندامانی پەرلەمان رەئی وایان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلە لیژنەی یاسایی ئەوە نییە کە وەکو کاك حەمە سەعیدو برادەران باسیان لەسەر کرد، تەنیا صیاغەی یاساکان بنووسێتەوە، بە پێچەوانەوە ئێمە دەستمان لە شتە فەنیەکان نەداوە لە هیچ کاری لیژنەیەکەوەو دەستیشی تێ ناکەین، بەڵام ئێمە ئەسبابی خۆمانمان هەیە کە باسمان کردووەو دەڵێین ئەم پرۆژەیە پێویست ناکات موناقەشە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە ئەهدافی یەکەم لە هەموو وەزارەتەکاندا وەزاراتی موختەس، پەیوەندیدار لە وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە باسی لەسەر کراوە، باس لەوە کراوە کە ئیهتیمام بە ئاوەدانکردنەوەی دێیەکان و هاوچەرخ کردنیان بدرێت، لە راپۆرتەکەماندا باسمان لەوە کردووەو دەڵێین لە میزانیەی ساڵی 2011 باس لەم مەوزوعە کراوەو چیتر پێویست ناکات پرۆژە یاسایەکی لەسەر دروست بکرێت، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی داوامان کردووە ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێت، ئەو رەئیەش بە ئەندامانی لیژنەی یاسایی، بە واتا رەفزەکە دەخرێتە پێشەوە بۆ دەنگدان و دەکرێتە ئەساس وەکو کاك دڵشاد باسی کرد، ئێستا پەرلەمان لەبەردەم دوو راپۆرت دایە، یەکێکی رەفزە، یەکێکیش تەئجیلە، هیچی باسی لەوە نەکردووە بخرێتە موناقەشە، یان نەخرێتە موناقەشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر عبدالعزیز فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم پرۆژە یاسایەوە، پرۆژە یاسای ئاوەدانکردنەوەو هاوچەرخ کردنی گوندەکان، من تێبینیم لەسەر راپۆرتی بەڕێز لیژنەی یاسایی هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەڵێت موعالەجەی ئەم ئەفکارانە کراوە لە ئەنزیمەو تەعلیماتی وەزارەت، راپۆرت بەم شێوە عومومیە، باشە ناکرێت ئاماژە بکرێت بە یەك، دوو خاڵ بزانین ئەو ئەنزیمەو تەعلیماتانە چیە، کە تەعاروزی لەگەڵ ئەمە هەیە، یان لەوێ چارەسەر کراوە، ئەم پرۆژە یاسایە باسی ئیهتیمام بە گوندەکان ناکات، بیرۆکەیەکی تایبەتی تیایە، ئەویش باسی هاوچەرخ کردنی گوندەکانە، کارێکی تری تیایە غەیری ئەوەی کە لە بودجە باس کراوە، یان پێشتر لە وەزارەتەکان باس کراوە، ئەوە یەك. دووەم/ تێبینیم ئەوەیە، کە ئێمە دائیمەن رەفزو قەبوڵ دەبێت بخەینە دوای موناقەشە کردن، تا گەلاڵە ببێت و فکرەکە یەکلا ببێتەوە لە زەینی پەرلەمانتاراندا، پێش وەخت باشە هەردوو لیژنەکە رەئی خۆیان گوتووە، بەس ئیعتیرازیان لەسەر رەئی یەکتر هەیە، ئەمان لەگەڵ دواخستنن، ئەوان لەگەڵ رەفز کردنن، تۆ ئەگەر رەفزت خستە دەنگدانەوە مەجالێك نامێنێت بۆ پەرلەمانتاران موناقەشەی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو سەیری پرۆژە بکەین، تەقریبەن ئەوە ساڵێك و شەش مانگە، حەوت مانگە بەسەر داچووە، ئەگەر بێین سەیری مەوادی ئەم پرۆژەیە بکەین، تەقریبەن ئێستا زۆربەی زۆری ئەم مەوادانە جێ بەجێ کراوە، ئەگەر بێتو تەعدیلیشی بکەین، ئەسڵەن تەعدیل ناکرێتن، لەوانەیە ماددەکان هەمووی جێ بەجێ بووینە، بۆ نموونە، ماددەی چوارەم (منح كل قروي مقدمة اعفاء مبلغ المقدمة واصدار تعليمات تجهيز في القرى الخ....)ئەمە سولفەی عەقارات ئێستا بردمانە دێهاتەکان، لەحیاتی 15 ملیۆن، بووە، 20ملیۆن، ئیعفا کراینە، تەشجیع کراون و الخ...، خاڵی دووەم، ئەگەر بێین و باسی تەختیت بکەین، تەختیت سێ ئاستی هەیە، ئاستی قەومیە، ئاستی ئیقلیمیە، ئاستی خۆجێییە، خۆجێی ئەوەیە شارو شارۆچکەکانی لەگەڵدایە، بۆیە دەبێ عەمەلیەی تەنمیە، عەمەلیەیەکی موتەکامیلە، تەختیت تەختیتێکی موتەکاملە، ئەوە ئیشی حکومەتە، ئەوە ئەرکی حکومەتە، ئێستا لەبەرنامەی حکومەتە ئەو ئیشە بکات، ئێمە ناتوانین یاسایەك بۆشوێنێك تەنیا دەربێنین، چونکە پێویست ناکات، بۆیە .......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خانم.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە ئەگەر بێتو ئێمە هەر پرۆژە یاسایەك کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە تەقدیم دەکرێت، دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، ساڵێك و شەش مانگی بەسەربچێت، پێموایە حکومەت خۆی ئیش ئەکات لەسەر ئەو شتانەی کە تەرح دەکرێت، لەدوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێت، ئاراستەی حکومەت ئەکرێت، ئەگەر وا بڕوات، وەکو چۆن ئەو پرۆژە یاسایەی کە تەقدیم کرا لەسەر تۆمار کردنی خانووەکان، ئەمەو پرۆژەیەکی تریش کە بەهەمان شێوە، وردە وردە حکومەت ئیش ئەکات لەسەر ئەو پرۆژانەی کە تەقدیم دەکرێت، کەواتە وای لێ دێت پێویست ناکات ئەندامی پەرلەمان هیچ پرۆژە یاسایەك تەقدیم بکات، بیزات ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئۆتۆماتیکی دوای ساڵێك، شەش مانگ، حکومەت ئاگای لە هەموویەتی، جێگەیەك ئەکاتەوە لە برگەو بابەتەکان، یەعنی ئەوکاتە ئێمە هیچ دەورێکمان نابێ وەکو پەرلەمان لە یاسا دانان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لای لیژنەکانەوە شتەکانتان درەنگ دێ، من جارێکی تر لێرەوە تکاتان لێ دەکەم، ئیشەکانی خۆتان لە لیژنەکان بەڕێك و پێکی بکەن، ئێستا دوو موفتەرەح، دوو کەسی تر ماوە، کاك د.احمد، کاك ئارام، سیوەیل خان، یەکێکتان قسە ئەکەن، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا لە ڕاستی لە بەینی ڕەفز و تەئجیل کردن، لیژنەی پەیوەندیدار کە زیاتر لیژنەی ئاوەدانکردنەوەیە، داوای دواخستنی دەکات، من پێموایە کەمتەرخەمیەك هەیە لەوەی کە وەزارەتەکان، یان حکومەت لەماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا وەڵامی نەداوەتەوە، لەکاتێك ئەوان داوایان کردووە لەسەرۆکایەتی، ئەو پڕۆژەیە ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بکرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەسەری بدەن، بەڵام ڕای خۆیان لەسەر نەداوە، لیژنەی یاسایش داوای ئەوە دەکات کە ئەوانە موعالەجە بکرێن لە پڕۆژە یاسای بودجەی 2011، کە ئەمە تەبعەن ئەوە پڕۆژە یاسای 2012 هاتۆتە پێشەوە، ئێستا پڕۆژەکە ئێمە موناقەشە دەکەین، لەبەر ئەوە پێم باشە پڕۆژەکە دوا بخرێت، من پێم وانیە هەموو ئەوانەی لە پڕۆژە یاساکەدان، داوا کراون و هەموویان جێبەجێ کراون، بەڕاستی من دوێنێ لەسەردانێکم بۆ دەشتی هەولێر، پرسیارم لە جوتیارەکان کرد، لەبارەی پێدانی تۆو پەینی کیمیایی، ئەوان دەیانگوت هەر جوتیارێك دوو فەردە تۆوی پێ دەدرێت، ئەگەر زەویەکە زۆر بێ یان کەم بێ وەکو یەکە، لەبەر ئەوە مەبەستم یەك لەو خاڵانە کە لە ماددەی پێنج ئەڵێ، تۆوی چاك کە بدرێت بە جوتیاران، ئەوان ئەڵێن، کە چەند دۆنمێکی هەبێ، زۆر بێ یان کەم بێ وەکو یەك تۆویان پێ ئەدرێت، یان پەینی کیمیاییان پێ ئەدرێت، لەبەر ئەوە من پێموایە پێویست دەکات ئەو پڕۆژەیە دوا بخەین، بۆ ئەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش ڕای خۆیانی لەسەر بدەن، ئەگەر ئەوکاتە بە پێویست زانرا ڕەفز بکرێ، ئەگەرنا موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەیە تەنزیم ناکرێت، ئێستا دوو بۆچوون هەیە، یەکێکی ئەڵێ ڕەفز بکرێت، یەکێکی ئەڵێت تەئجیل بکرێ، حەوت کەس، لیجانەکان ڕەجائەن، ڕەجائەن، نیزامیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە 25 کەس ئەو پڕۆژەیەمان تەقدیم کردووە، داوای بەردەوامی دەکەین، ئێمەش ڕەئین، ئێمەش 25 ئەندامی پەرلەمانین.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خانم تەبیعیە، بەردەوامەکە سابتە، ئەگەر ڕەفزەکە دەنگی نەهێنا، تەئجیلەکە دەنگی نەهێنا، بەردەوامیەکە ئەبێت، خۆی بەردەوامیەکە سابتە، ڕەفزەکەو تەئجیلەکە دوو لیژنەیە هەر یەکێکیان پێشنیارەکانیان بەو شکلەیە، ئێستا حەوت کەس دیفاع لەوە بکات، کە تەئجیل بکرێ، مەجال ئەدەینە حەوت بەڕێز، دیفاع لەوە بکات کە ڕەفز بکرێ، حەوت کەسیش دیفاع لەو بکات کە تەئجیل بکرێت، پاشان ڕەفزەکە ئەدەینە دەنگدانەوە، پاشان دەنگی نەهێنا ئەوەکەی تر ئەدەینە دەنگدان، ئەوانەی ئەیانەوێ دیفاع لە ڕەفزەکە بکەن، با ناویان بنووسم، ئێستا ئەو بەڕێزانە دیفاع لەوە ئەکەن کە ڕەفز بکرێ، یەك، عمر عبدالرحمن، عونی بەزاز، د.ڕۆژان، سۆزان شەهاب، اسماعیل گەلاڵی، دلێر محمود، کاوە محمدامین، ئەم بەڕێزانە ئەوانەن کە دیفاع دەکەن، بۆ ئەوەی ڕەفز بکرێ، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ دیفاع بکەن

تەئجیل بکرێ، جارێ ئەمە ئەکەین، پاشان ناوەکان ئەنووسین، دوایی دێینە سەر ئەوە، ئەو بەڕێزانە ئەیانەوێ کەتەئجیل بێ، کاردۆ، حەمە سعید، ئارام، عمر عبدالعزیز، پەیمان عزالدین، کوێستان محمد، پەیام. ئەم حەوتەش بۆ تەئجیلەکەیە، بەڕێز کاك عمر فەرمووی، ئەمە ئێستا ئەوانەن کە دیفاع دەکەن بۆچی ڕەفز بکرێ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە پرۆژەکە هاتووە، لە مادده (1) باس لە تەخسیس کردنی پارەیەکی کافی ئەکات لە میزانیەی حکومەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێیەکان، ئەوە ئاشکرایە لە میزانیەی ساڵی 2011 کەوا ساڵ کۆتایی هاتووە، باسی لەسەر کراو و تەخسیس کرا، بە واتا ماددەی (1) هاتۆتە دی و جێبەجێ کراوە، بەنیسبەت ماددەی (2) کە باس لە خەریتەی هەندەسەی هەندەسی دێیەکان ئەکات، ئەوە ئێستا لیجانی تایبەتمەند هەیە وابزانم هەموو لیژنە تایبەتمەندەکان ئاگادارن، کە خەریکی تەسبیت کردنی حدودی دێیەکان و ئەو شوێنانەی کە خانووی تیا دروست ئەکرێتەوەو ئەکرێتە شێوەیەکی رەسمی، پێموایە لەداهاتوو سورەت قەیدیشی بۆ دەربچێت، ماددەی (4) باس لەوە ئەکات کە خەڵکی دێیەکان 12ملیۆن دیناریان پێ بدرێت، هەروەها ئیعفا بکرێن لە موقەدیمەکە، ئیعفا بکرێت لە فائیدەکانی، ئەوە ئاشکرایە کە ئێستا سلفەی عەقار بۆتە 20 ملیۆنیش، وە مەعفیش لە فەوائیدی قانونی، ئەدرێتە ئەوانیش بەبێ جیاوازی، تەعلیماتی گەڕانەوەکەشی باسی لەسەر کراوە ، کە لێرە فەقەرە (3) باسی لەسەر ئەکات، ئەو قەرزە قەرزێکی دوورو درێژە، بە دوورو درێژی ئەدرێتەوە، هیچ ئەرکێکی لەسەر نیە، لەبەر ئەوە زۆرینەی زۆری ئەم پرۆژە یاسایە لە ئێستا جێبەجێ کراوەو بەرەو جێبەجێ کردن ئەڕوات، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسای ڕامان وابوو پێویست بەو ناکات یاسایەکی تری بۆ دەربکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عونی بەزاز.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر تێبینی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بکەین، ژمارە شەشی ساڵی 2011، دەبینین بە ڕوون و ئاشکرا باس لەوە کراوە، چ ئالیەت دابین کراوە، چ پارەیەك دابین کراوە، بۆ هاوچەرخ کردنی گوندەکان، بەتایبەتی ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی دووەمی یاساکە، ماددەی (2) لە فەقەرەی (1) بڕگە (2) (مبلغ قدره مائتان وثمانية وتسعون مليار دينار لاعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات وعلى المحافظ تقديم خطط اعمار المحافظة والاقضية والنواحي التابعة لها للمصادقة عليها من قبل مجلس وزراء) ئەوە یەك، دوو، لەماددەی سێ بڕگەی سێیەم (مبلغ قدره مائة مليار دينار لدعم المشاريع الخدمية في الاقضية والنواحي الحدودية) ماددەی 16 دەڵێ (تلتزم الوزارة المالية والاقتصاد بتأمين المبالغ للاستمرار في

1/تامين مبلغ القرض العقارى للمواطنين في المحافظات والاقضية والنواحى والقرى حسب التعليمات والضوابط المرعية وتعزيز حسابه عند الحاجة مع اعفاء المقترض بشرط تأمين الحياة. 2/ دعى مشاريع القطاع الزراعي عن الطريق المصرف الزراعى. 3/ دعم مصاريف المصرف الصناعى، 4/ دعم المشاريع السياحية، واته ئەو پڕۆژانە لەکێ دروست دەکرێت، لەگوندەکانە، لە لادێکانە، ئەوە جێبەجێ کراوە، جگە لەوەش لە بڕیاری ژمارە (7) ساڵی 2010 ی پەرلەمانی کوردستان، کە لە وەقایعی کوردستان لە ژمارە (122) لاپەڕە (3) بلاّو بۆتەوە، بەتەفاسیل ووردەکاریەکان ئاماژەی پێ کراوە، واتە ئەو پڕۆژەیە موعالەجە کراوە، ئەو ماددانەی کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، پێویست بەوە ناکات کە یاسایەکی تایبەت بۆ دەربکرێت، بەتایبەتی حکومەت ئەو فەقەرانەی کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە هەمووی جێبەجێ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی کاروباری یاسایی کاتێ گفتوگۆی ئەو پڕۆژە بڕیارەمان کرد، ماددە ماددە بە وردی دیراسەتمان کرد، لەبەر ئەوە ئێمە ڕەفزمان کرد، بۆشایی یاسایی نیە، هیچ فەراغێکی قانونی نیە، ئەو پڕۆژە بڕیارە لە شەش ماددە پێك دێت، ماددەکان هەر هەمووی چارەسەر کراوە، بە یاسای جیاواز، بەتایبەتی یاسای ڕێکخستنی هەیکەلیەتی وەزارەتەکان، لە ئەرك و ئامانجەکانی وەزارەت ئەو بابەتانە هەمووی باس کراوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ڕەفز کردنی ئەو پڕۆژە بڕیارە بووین، بەتایبەتی ماددە (1) کەدەڵێ (تخصیص مقدار ضروری من میزانیة حکومة الاقلیم) یەعنی لە قانون نەبووە (مقدار ضروری) بێ، بەو شێوەی، ماددە (4) بەڕێزان ڕوونیان کردەوە کە سولفەی عەقار دانرا لە بودجە، بودجەی 2011، هەروەها هیچ فائیدەیەك لەسەر ئەو قەرزە نیە کە بە گوند نشینەکان دەدرێت، لە ڕاپۆرتی لیژنەکەمان بۆیە ئاماژەمان بە یاسای بودجەی 2011 کردووە، لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاپۆرتەکەمان لە 2 مانگی 2 ی 2011 ئامادە کردووە، واتە پێش موناقەشەی قانونی موازەنە، ئاماژەمان پێی کردووە کە ئەو بڕگەو بەندانە بڕیارەکە لەخۆی دەگرێ، دەتوانین لە یاسای بودجە شوێنی بۆ ببینینەوەو پارەی بۆ تەرخان بکەین، هەمان ئەو کارەمان ئەنجامداو یاسای بودجە کە دەرچوو وپەسەند کرا، بەو شێوەیە بوو کە هەموو خاڵەکانی لەخۆ گرتووە، هیچ کێشەیەك نەماوە کە پێویست بکات ئێمە بڕیاری بۆ دەربچوێنین، دوو لەو ئەندامانەی کەوا پڕۆژەکەیان پێشکەش کردووە، ئیمزایان کردووە، ئەندامن لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، خۆیان ئیمزایان کردووە لە سەر تەئجیل کردنی پڕۆژەکە، دوو لەوانەی کە خاوەن پڕۆژەکەنە، لەبەر ئەوە تەئیدی ڕەفزەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی بچمە سەر وردەکاری بابەتەکە، حەز دەکەم هەندێ ئامار بخەمە بەردەستی جەنابتان بۆ ئەوەی بزانین ئەم یاسایە بەپێی ئامار و داتاکان پێویستە ساخۆ پێوست نیە، لە پێشینەی خانووبەرە بۆ گوندەکانی ناوچەی سلێمانی و گەرمیان، 7171 معامەلە هەیە، ئەوانەی چەکیان وەرگرتووە، شەش هەزارو نەوەت و پێنج، لە 30٪ بۆ لە 40٪ی پڕۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بۆ گوندەکانە لەسەرتاسەری کوردستان، پەروەردە ئەمساڵ سێ سەدو نۆ خوێندنگای کردووە بەخانووی مامۆستایانیش بۆ گوندەکان، سێ سەدو نۆ خوێندنگا بۆ گوندەکان، یەعنی خانووی مامۆستاشی لەگەڵدا کردووە، ئاوی دەوروبەر ئەو گوندانەی کە ئێستا ئاویان هەیە، کە پێموایە پڕۆژەکەش باسی مەسەلەی ئاودێری دەکات، سێ سەدو حەڤدە دێ لە دهۆك، شەش سەدو نەوەت و نۆ دێ لە هەولێر، سەدو حەفتا دێ لە سلێمانی، تەنها لەم دوو ساڵە ئەم بابەتە کراوە، کارەبا بۆ سنووری سلێمانی و گەرمیان، ئەو گوندانەی کە کارەبای وەتەنیان هەیە، کارەبای نیشتیمانیان هەیە، هەزارو بیست و هەشت گوندن، ئەوانەی کە موەلیدەیان هەیە شەش سەدو سی و پێنج گوندن، ئەوەی هەردووکیانی هەیە موەلیدەش و کارەبای وەتەنیش دووسەدو پەنجا گوندن، سەدو نەوت موەلیدەی تریش لە تەندەرایە، بڵێین مەشاریعی کارەبا، ئەوەی کە ماوە سێ سەدو چل و یەك گوندە کە لە تەندەرینە، ئەگەر لە ساڵی داهاتوو ئەوەش بخرێتە پڕۆژەکانەوە، سەرتاسەری گوندەکانی ئەو سنوورەی لای ئێمە هەمووی کارەبای دەبێ، جارێکی تر من سەرنجتان ڕائەکێشم کە دەبوایە ئەم پڕۆژە یاسایە پێشکەشی لیژنەی کشتوکاڵیش بکرایە، چونکە کە باسی هاوچەرخ کردن دەکرێ، یەکێك لەو شتانە کشتوکاڵە، ماددەی پێنج و شەشی وەزارەتی کشتوکاڵ، باس لەوە ئەکات کە چۆن تۆوی باوەڕپێکراو، کۆدی کیمیاوی و پڕۆژەکانی ئاودێری و سامانی ئاژەڵ کاری پێویستی بۆ بکرێت، ماددەی (6) ماددەی (5) هەروەها بۆ گواستنەوەکەی، ماددەی (6) باسی گواستنەوەی میوەو سەوزە دەکات، چۆن مەسرەف بکرێ، من خۆم لە تەلەفزیۆن بینیومە، کە عەلوە داوایان کردووە کە داوایان کردووە لەو خەڵکانەی کە بەروبوومیان هێناوە، بێن کرێی هینەکان وەربگرنەوە، کە خەڵك نەچوبوو بەلایا، وتی دوومانگە ئێمە ئاگادارمان کردوونەتەوە، کە جوتیارەکان بێن هەقی ئەو گواستنەوەی میوەو هینە بکەن لە عەلوەی سلێمانی، من خۆم لە تەلەفزیۆن بینینم، کەواتە حکومەت مەسرەفی ئەو گواستنەوەی شتە ئەکات بۆ عەلوە، دوای ئەوە من حەز دەکەم یەعنی تۆزێك بە علمیانە بچینە سەر مەسەلەکە، لە وڵاتێکی وەکو وڵاتی ئێمە، جارێ ماستەر پلانی شارەکانمان تەواو کردووە، ئینجا ئەچینە سەر قەزاکان، ئەی ئەبێ وابێ، نەوەك لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان، ئەبێ لەپێشا شارەکان بێ، ئینجا دوای قەزا، دوای ناحیە، ئینجا دوای کە تۆ ئەتەوێ حدودی بەلەدیەی هەموو شوێنێك دیاری بکەی، کە من پێموایە گوندەکان بەلەدیەیان نابێ، بەڵکو لەسەر ئاستی ناحیە دەبێ، لەماددەی (3) باسی خزمەتگوزاری پێویست دەکات، یەعنی من ئەمەوێ بزانم ئەمە کراوە هەتاوەکو ئێستا یان نەکراوە، ئەگەر نەکراوە هەقە ئێمە لێرە پێداگری بکەین، یاسا دەربکەین، وزارات بانگ بکەین، وەزیر بانگ بکەین، هەڵایەکی لەسەر بنێینەوە، بەڵام بە پێی ئەو ئامارە بەسیتەی کە من بەس تەنها هی ناوچەی سلێمانی گەرمیانم بۆ

خوێندنەوە، ئەوەندە کار کراوە، دوای ئەوە ماددەی (4)ی ئەم یاسایە، ماددەی (4) باس لە سولفەی عەقار ئەکات، لە بودجەی 2011 ئێمە باسی سولفەی عەقارمان کردووە، کە ئەسلەن ئەوان لێرە بەهێنێکی نا یاسایی باسیان کردووە، یەعنی موستەلەحێکی نایاسایییە، سووی لەسەر نەبێ، بەڵکو موستەلەحی یاسایی ئەوەبوو کە تامین علی الحیاة بوو، ئەویش لابراوە، ئەمانە هەمووی لە تەعلیمات نەبێ، هیچ لە یاسا ناچن، چونکە پرۆژەی هاوچەرخ کردن پێش ئەوەی ئەو مەوادانەبێ، برادەران من حەزدەکەم بزانن، پێش ئەوەی هەموو شتێکی جوانی بۆ بکەی بۆ ئەو گوندانە، پێویستە وشیاری کەلتوری بڵاو ببێتەوە، خۆشەویستی بۆ ئیش کردن، بۆ گەڕانەوە، بۆ جوتیاری بڵاو بکەینەوە ئێمە، ئەمە بە یاسا ئەکرێت، هاوچەرخ دەکرێ گوندەکە بەوەی کە تۆ بەزۆر بڵێی هەزار جادەی جوان دروست بکەی، هەزار مەعاملی جوان دروست بکەی، ئەگەر وشیاری تیا نەبێ، ئەمە بەردەوامیەتی نابێ، جادەکە وێران ئەبێ جارێکی تر ناتوانین چاکی بکەینەوە، خاڵی ئەخیریشم ئەوەیە، لیژنەی پەیوەندیدار ڕاپۆرتی نیە لەسەر ئەم بابەتە، لەسەر ڕاپۆرتەکەی خۆیدا کە ئەمرۆ کۆبوونەتەوەو ئیتیفاقیان کردووە، داوای تەئجیل دەکەن، کەواتە من لەگەڵ ئەوەدام ئەم یاسایە ئیلغا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە ئیحتیاجی بە یاسا نیە، بەقەدەر ئەوەندەی ئیحتیاجی بە دواداچوون هەیە، ئەوەی کە کراوە هەتاوەکو ئێستا بڵێین، کراوە، ئەوەی نەکراوە داکۆکی لەوە بکەین، کەوا زیاتر ئیهتیمام بدرێ بە گوندەکان، زیاتر هەوڵ بدەین هاوچەرخ کردنی گوندەکان لەڕێگەی ئەوەوە بێ، لەجیاتی لە هەموو گوندێك مەکتەبێك هەبێ، مەکتەبی ئامادەییان نەبێ، هەر تەنها بنەڕەتیان هەبێ، هەر دە گوند کە نزیکی یەکترین لە حدودی یەکتری، مەکتەبێکی لە باخچەی ساوایانەوە تیابێ، هەتاوەکو پۆلی دوانزە، بەو شێوەیە چارەسەر ئەکرێت.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە هاوچەرخ کردن چیە؟، ئەگەر ئێمە بێین لە مەفهومی هاوچەرخ کردن تێ بگەین، ئەوە تێئەگەین ئەرك و وەزیفەو واجبی حکومەتە، کەشتێك ئەرك و وەزیفەی بێ، چ پێویست دەکات قانونی بۆ دەربکەین، یەعنی ئەبێ حکومەت ئەوە بکات، یاسای بۆ دەربکەی، یاسای بۆ دەرنەکەی، بەشێك لە ئەرکی حکومەت ئەوەیە هاوچەرخ کردن چیە؟، ڕێگاو بانە ئەبێ چاکی بکات، مەکتەبە ئەبێ دروستی بکات، کارەبایە ئەبێ بیبات، ئەبێ خەستەخانە هەبێ، هەروەها بەروبوومی جوتیارەکانیش بپارێزێت، بەروبوومی کشتوکاڵی و بەروبوومی ئاژەڵداری، ئەمە ئەبێ حیمایەی بکات و بیپارێزێت، ئەمە پێویست ناکات ئەسلەن یاسای هەبێ، ئەمە وەزیفەیە، وەك ئەوە وایە ئێمە قانونێ دەربکەین ئەبێ پەرلەمانی کوردستان یاسا دەربکات و چاودێری بکات، ئەمە چی پێویستی بە یاسا هەیە، ئەمە وەزیفەی ئێمەیە، ئەرکی ئێمەیە ئەبێ بیکەین، ئەمە ئەرك و وەزیفەی حکومەتە ئەبێ بیکات، من پێموایە ئەمە زیادەیە، وەکو دەڵێن حاسل تەحسیلە، بە ئیزافەی ئەوە، ئێمە دوو شتمان هەیە، پلانی زراعیمان هەیە، کە پێشتر دیراسە کراوە، کاتێکی زۆر، کە بەشێکی ئەساسی ئەمشتانەی کە ئێستا لەناو ئەم پرۆژە دایە لە ناو پلانی زراعی جێی

بۆتەوە، لە دوو ساڵی رابردوو ئەوەندەی من لە پەرلەمانی کوردستان بم، لە بودجەدا ئیشارەت بەم حاڵەتانە دراوە، هەندێ لەناو بودجە بە تەواوی تەسبیت کراوە، هەندێکیشی جێبەجێ کراوە، بۆیە من جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، لە جیاتی ئەوەی کە ئێمە بەڕاستی یاسای بۆ دەربکەین، چونکە بەڕاستی کەڵەکە بوونی یاساو یەعنی ئەم کات کوشتنە زۆرە، یەعنی کوردستان ئێستا زۆر زۆر پێویستیمان بە کاری جدی تر هەیە، کە من پێموایە ئێستا بەڕاستی، ناڵێم ئەمە زەروری نیە، ئەمە زۆر زۆر گرنگە، بەڵام وەکو وتم ئەمە وەزیفەیە، ئەمە واجبە، ئەمە ئەرکی حکومەتە، هیچ پێویست ناکات ئەمر بکەین بەسەری، ئەبێ جێبەجێی بکات، من پێموایە ئەبێ ئێستا ئێمە بەدواداچوون بکەین بۆ ئەوەی بزانین حکومەت ئەوەی لە بودجە بڕیارمانداوە بۆ لادێکان، بۆ ئاوەدانکردنەوە، بۆ کشتوکاڵ، لەکوێ جێبەجێی نەکردووە، پێخەی بگرین، بانگی بکەینە هۆڵی پەرلەمان لێپێچینەوەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین، هەروەها ساڵانە کە بودجە دێتە پەرلەمانی کوردستان، بزانین چەند ئیشارەت بە پلانی کشتوکاڵ دراوە، چەند سوود وەرگیراوە لەو پلانە، بۆ ئەوەی لەناو بودجە جێگەی ببێتەوە، ئەو پلانە ساڵانە لەناو بودجەدا بەچەند ساڵێك جێبەجێ بکرێت، بۆیە من جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە کە فعلەن وڵاتی ئێمە وڵاتێکی کشتوکاڵین، پێویستیمان بەوەیە لادێکانمان خزمەتگوزاریان بۆ بەرین، یەعنی ئەرکە، ئەوە وەزیفەیە، چونکە بەڕاستی ئەگەر لادێکان بەشێوەیەکی باش خزمەت بکرێن، بەروبوومی کشتوکاڵی زیاد دەکات، ئیمتیساسی بەتاڵەش کەم دەبێتەوە، ئەو هیجرەی کە ئێستا بە بەردوامی هەیە بۆ شارەکان ڕادەگیرێ، بەڵام من پێموایە ئەمە ئەرکە، وەزیفەیە، هیچ پێویست ناکات یاسای بۆ دەربکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی پرسیاری ئەوە دەکەم هاوچەرخ کردنی گوندەکان یەعنی چی؟، ئەگەر مەبەست ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری بێ، ئەوە بەڕاستی لە بودجەی 2010 و 2011 دا زۆر بە باشی پارە تەرخان کراوە بۆ گوندەکان، بۆ ئەوەی بتواندرێت ئاوەدان بکرێتەوەو خزمەتگوزاری بۆ بچێت، بەتایبەتی لەو بوارانەی کە هەتاوەکو ئێستا بەواقعی تەحقیق بووە بە عەمەلی، مەسەلەن ئێستا سولفەی عەقار بۆ لادێکان، سولفەی زراعی، ڕێگاو بانی ناودێکان و چونیش بۆ دێکان و بەینی دێکانیش کراوە، پڕۆژەی ئاو چۆتە ناو دێکان، ئەوەی ئاویشی نیە، ئاو لەڕێگەی بیرەوە، لەڕێگەی تۆڕەوە ئاوی بۆ گەیێندراوە، قوتابخانەو مزگەوت لە زۆربەی دێهاتەکان دروست کراوە، مەسەلەی تۆو سەماد تەوزیع کراوە، هەروەها کارەبا، هەوەها ئیمساڵیش ئەوە نەوەك ئەمساڵ، ئەوە ماوەی دووساڵە ئەو دێهاتانەی کە دوورە دەستن، یاخود ئەو ناحیانەی کە دوورە دەستن وەکو مەنتیقەی پێنجوێن و مەنتیقەی ماوەت، کرێی گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیشیان بۆ دەدرێت، تاوەکو ئەگاتە ناو عەلوە، بۆ نموونە، کە ئێمە باسی سولفەی عەقار دەکەین، ئەڵێین تەسمیمێکی هەندەسی بکرێت، سولفەی عەقار یەکسەر نادرێ بەوەی کە هەرچ کەسێك داوا بکات لە گوندێکا، بەڵکو کۆمەڵێك لیژنە هەیە، لیژنە هەیە لەناحیەوە، لیژنە هەیەلە بانقی خانووبەرەوە،

لیژنە هەیە لە بەلەدیەوە، ئەچێتە ناو دێهاتەکەوە، ئەو دێیە ئەگەر لە حدودی ئەو دێیانەبێ، لە سنووری ئەو دێیانەبێ، یاخود هەتاوەکو ئەو خانووانەی کە تازە دروست ئەکرێت، کۆڵانەکانی زۆری فەرقە، کۆڵانەکانی زۆر چاکە، زۆر باش ترە لە پێشوو، لە لایەکی تر، باشە ئەگەر ئێمە چەند گوندێکمان هەر لەئێستادا کرد بە شوێنێکی یان گوندێکی مۆدێرن و تێکەڵمان کردن، مانای ئەوەیە کە ئەبێ ئەو گوندانەی تر کە ئێستا سولفەی عەقاریان وەرگرتووە، چۆن بکرێت، ئەمەش کە چۆن کرا، ئایا وەکو واقعی کوردستانی خۆمان، چ گوندێ لەکوردستان قبوڵ ئەکات چوار دێ، پێنج دێیی تر بێتە ناو زەویەکەیەوە، موجەمەعێکی عەسری لێ دروست بکرێ، تەجروبەی موجەمەعمان هەیە، پێشتر ئەو ئەزموونەی کە هەمان بووە، زۆر باش نەبووە، زۆریش چاك نەبووە، مومجەمەعیش خۆی لە خۆیدا سروشت و جوانی کوردستان و، دێهاتەکان و ئەو کەلتورەی کە ئێمە هەمانە، بەڕاستی لەوانەیە بەو شێوەیە نەبێ، بیفەوتێنین، لە لایەکی ترەوە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان، یاخود مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی ناحیەبێ، قەزا بێ، شار بێ، ئەمە پێویست بە یاسا ناکات، ئەمە واجبی حکومەتە، چۆن ئینسانێك واجبێتی لەسەریەتی خۆی بشوات، خۆی پاك و تەمیز ڕابگرێت، واجبی حکومەتیشە هەڵسێ بەو کارانە، ئیتر ئەمە پێویست بە یاسا ناکات بکرێ، زۆربەی زۆری ئەو شتانەش کە لە یاساکە باس کراوە، کراوە، من تەوەقوعم وایە لەساڵی 2014 و 2015، نیسبەتێکی زۆر کەمی ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەمە پێویست بە پڕۆژە یاسا ناکات، ئەمە واجبی حکومەتە، بەپێی ڕێنمایی لە لایەن وەزارەتەکانەوە ئەتواندرێ هەموو ئەو شتانە جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو هۆکارانەی بۆ ئەوەی کە ئەو پڕۆژەیە، پڕۆژەی هاوچەرخ کردنی گوندەکان ڕەفز ببێتەوە، زۆربەی زۆری برادەران باسیان کرد، کاك عونی کە یەکەم کەس قسەی کرد، کاك دلێریش قەسی کرد، هەموویان تەبریری ڕەفز کردنی پڕۆژەکەیان هێنایەوە، قسەکانی منیان هەموو کرد، بەڕەئی من هەر بەڕێزێك پێشنیار یان بیرۆکەیەکی هەیە، بۆ هاوچەرخ کردنی گوندەکان، کە لە بودجەی 2011 کە باس کراوە، بۆتە قانون لە پشتگیری کردنی کشتوکاڵ، لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بە سولفەی عەقارو بە قەرزی کشتوکاڵ، بە ڕێگاو بان و کارەباو خوێندنگاو نەخۆشخانەو الخ...، کە پێویستن بۆ هاوچەرخ کردنی گوندەکان، دەتوانن ئەو بیرۆکەیە بێنن لە موناقەشە کردنی بودجەی ساڵی 2011 بیهێنن بۆ ئەوەی زیاتر دەوڵەمەندی بکەن و زیاتر گەشەی پێ بدەن، هەر ئەوەندە قسەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسە لەسەر هاوچەرخ کردنی لادێکان دەکەم، دڵنیام هەموو لایەنە سیاسیەکان، حیزبەکان، لیستەکانیش لەکاتی هەڵبژاردن لە بەرنامەکەیان باسیان لە هاوچەرخ کردنی لادێکان کردووە، بەڵێنیان بە خەڵکی

لادێكان داوه، هاوچەرخ كردن بە مانای پێشینەی خانووبەره نایە، بەمانای ئەوە نایەت ئێمە لە یاسای بودجە بۆ ساڵێك شتێكمان پێشنیار كردووه، ڕەنگە ئەم پرۆژە پێویستی بە دەوڵەمەند كردن بێ، بەلاَم دەبێ پەرلەمانتاران زۆر خۆشحاڵ بن كاتێ موناسەبەیەكی وادێ بۆ ئەوەی ئێمە بەدواداچوون بكەین لە لادێكانمان، كە بە ڕەئی ئێمە لادێكانمان كە دەتوانم بڵێم شا دەماری ژێرخانی ئابووری ئایندەی ئێمەن، چ لەبواری ئاوەدانكردنەوە، چ لە بواری یارمەتیدانی جوتیاران بۆ پێداویستیەكانیان، بۆ ئاسانكاری، ئێمە هەموو ڕۆژێك گلەیی لەوە ئەكەین، ئەڵێین ئێمە بەسیت ترین شت، سادەترین میوەمان لە وڵاتانی دراوسێ بۆ دێت، ئێمە ناكرێ بێین قسە بكەین لەسەر ئەوەی كە ئایا ئەم پرۆژەیە چی پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە پرۆژەیەك كە لادێكان بە هاوچەرخ بكات، ئایا لادێكانی ئێمە كەم و كورتی نیە؟، ئایا دەكرێ لەسەر ئەنزیمەو تەعلیماتی حكومەت پەرلەمان چاوەڕێ بكات بزانێ حكومەت چۆن كارەكانی جێبەجێ دەكات، ئایا لادێكانی ئێمە ڕۆژانە داد و بێ دادیان نیە لەوەی وا چۆڵی دەكەن، لەسەر ئەوەی ناتوانن ژیانی خۆیان دابین بكەن، كە نەیتوانی ژیانی خۆی دابین بكات، چۆن دەتوانی بینای وشیاری و عیلاقەی بە زەویەكەی و بە خاكەكەی و بەمانەوەی بكەی، كابرا كە نەتوانێ گوزەرانی دابین بكات، چۆن دەمێنێتەوە؟، لەبەر ئەوە بەڕەئی من پێویستە ئێمە ئەمە بە دەرفەتێكی گرنگ بزانین، بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە دەوڵەمەند بكەین، لەگەڵ هەموو ئەو وەزارەتانەی كە پەیوەندیدارن، ئێمە حكومەتی كوردستان، پەرلەمان، خاوەن پرۆژەیەكی موتەكامل بێ ماستەر پلانێكی هەبێ، لەسەر بەهێز كردنی لادێكان، من پێموایە گرفتی زۆر زۆریان هەیە، دەشتواندرێ گرفتەكان چارەسەر بكرێ، تۆ بەساڵانە بودجە شەش مانگ دوا دەكەوێ، دێی ئینجا فەقەرەیەكی دەخەیتە ناو بودجەكە، ڕاستە پلانی پێنج ساڵەی كشتوكاڵ هەیە، چەندی جێبەجێ كراوە ئەو پلانە؟، لەبەر ئەوە زەروریە ئێستا ئێمە بێین موناقەشە بكەین، ئەوانەی پەیوەندیدارن بانگیان بكەین، جوتیاران بانگ بكەین، بزانین ئایا فەراغی قانونی نیە لە كوردستان بۆ ئەوەی لادێكانمان هاوچەرخ بكەین، ناحیەمان هەیە پێنج ماڵە، باسی چی ئاوەدانكردنەوە دەكەن، لەبەر ئەوە بەڕەئی من ئەمە دوا بخرێت بۆ موناقەشەو ئیدامە دان بۆ ئەوەی هەموو ئەو لایەنانەی، هەم وەزارەتەكان، هەم جوتیاران، هەم لادێكان بێین موناقەشە بكەین، ئایا ناتوانین ئەم یاسایە وا دەوڵەمەند بكەین، كە ببێتە مایەی ئەوەی حكومەت بتوانێ بە ئاسانی تەعلیمات و ئەنزیمە دەربكات، كە خزمەتی لادێكان بكات، سوپاس.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان من لەگەڵ ئەوەبووم كە بەردەوام بین لە گفتوگۆ، بەلاَم لەبەر سێ هۆی گرنگ، داوامان كرد كە تەئجیل بكرێ، هۆی یەكەم، حكومەت وەلاَمی نەدایەوە دوای ساڵ و نیوێك، هۆی دووەم، كۆبوونەوەی هاوبەش كە داوامان كردبوو، كۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنەكەمان و نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، بەتایبەتی وەزارەتی پلان دانان، بكرێ، نەكرا، هۆی سێیەم، ئێستا حكومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەكان ئامادەنین، ئەهەمیەتی ئەم پرۆژەیە، بەڕێزان، خۆتان دەزانین گوندەكان ئێستا موعاناتی زۆریان هەیە،

هاوار و دادو بێ دادیانە، بەرەو چۆڵ کردن ئەڕوات، زۆربەی گوندەکان، ئەم گوندانە پێویستیان بە خزمەت گوزاری زۆر هەیە، هەموومان وەکو ئەزانین قەرزاری گوندنشینەکانین، ئەم پڕۆژە یاسایە باسی دوو خاڵی ستراتیژی گرنگ دەکات، ئەو دووخاڵە یەکەمیان، قۆناغی یەکەم بریتیە لە ئاوەدانکرنەوەی گوندەکان، قۆناغی دووەم، هاوچەرخ کردنی گوندەکان، کەمن پێموایە فەراغێکی قانونی هەیە بۆ ئەو دوو بوارە، ستراتیژیە، هەندێ یاساو هەندێ ڕێنمایی و هەندێ نیزامی قەرارو پەرش و بڵاوی حکومەت کە لەم لاو ئەولا جێبەجێی بکات، نابێتە بەدیلی پڕۆژە یاسایەك کە بۆ گوندەکان و هاوچەرخ کردنی، ئەگەر بەو مەنتیقە بیر بکەینەوە، کەواتە بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی وەزیفەی حکومەتە، پاراستنی مافی مرۆڤ وەزیفەی حکومەتە، پاراستنی خۆپیشاندەران وەزیفەی حکومەتە، ئەی بۆ یاسای بۆ دەردەکەین؟، زۆر شتی تر هەیە وەزیفەی حکومەتەو کاری حکومەتە ئێمە یاسای بۆ دەرئەکەین، بەڕێزان ئەگەر حکومەت دوای ساڵ و نیوێك، هەندێك لە ناوەڕۆکی ئەو یاسایەی جێبەجێ کردووە، ئەوە جێگەی سوپاس و دەست خۆشیە، بەڵام یاسا بۆچیە؟، یاسا بۆ ڕێکخستنی کۆی کۆمەڵگەیە بە دەسەڵات و بە دەرەوەی دەسەڵات، ئەبێ ئێمە ئەو کارانەی دەسەڵات دەیکات، ئەوە کارانەی کۆمەڵگەی کوردەواری و ناو بواری کۆمەڵایەتی دەکرێ، ئەبێ ئێمە بە یاسا ڕێکیان بخەین، لەبەر ئەوە سەرەڕای ئەوە، هەموو ئەوانەی کە لە پڕۆژە یاساکە هاتووە، هەمووی جێبەجێ نەکراوە، ئەگەر کەسێك قسەی لەسەر ئەوە هەیە بۆ ئیغنای پڕۆژە یاساکە بکەین، دەوڵەمەندی بکەین بۆ هاوچەرخ کردنی پڕۆژە یاساکە، ئەوە باسێکی ترەو جێگەی ڕێزو سوپاسیشە بۆ ئیغنا کردنی، بەڵام من پێموایە زەرورە ئێمە خۆی بەڕاستی ئەرکی..، جارێ لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردنی گوندەکان، ئەمە لە ڕووی تیۆریەوە دەبێ ڕۆڵی خۆی ببینێ، کە یاسا دەربکات، بڕیار پێشنیار بکات، پڕۆژە یاسا پێشنیار بکات، بۆ بوعدە تیۆریەکەی، بوعدی عەمەلیشی هەیە، کە پێویستە موتابەعە بکات، موتابەعەی حکومەت کە وەزارەتێکی هەیە، بەناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و هاوچەرخ کردنی گوندەکان، کە بەدواداچوونی بۆ بکات، ئێمە لەم بوارە، هەندێ بودجەی وەبەهەندێ موعالەجاتی مەقتەعی ئەو مەسەلە سیتراتیژی و یاساییە، موستەقبەلیە چارەسەر ناکرێ، بۆیە من داوا دەکەم خۆزگە بەردەوام بووینایە لەسەر موناقەشەکە، بەس لەبەر ئەو خاڵانەی کە باسم کرد، داوا دەکەم تەئجیل بکرێ، پڕۆژە یاساکە دەوڵەمەند بکرێ لە لایەن هەموو لایەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی یەکەم سەبارەت بەوەی کە هەر ئەو دوو لیژنە بەڕێزە ئەسبابیان پیشان داوە بۆ ئەوەی یەکێك لە لیژنەکان ئەڵێ ئیلغا بکەن، یەکێکیش ئەڵێ ئەو یاسایە هەر ڕەفز بکرێ، بەڕاستی ئەبێ بوار بدرێ بە ئەندام پەرلەمانەکان، بۆئەوەی بزانن ئەو ئەسبابانە قەناعەت پێ کەرە یاخود نا؟، لەبەر ئەوە وا پێشنیار دەکەم کە بەردەوام بین ئێمە، ئەگەرنا ئینجا دوای ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دوا بخرێت بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی، ئەوەیش ئەوەیە، چونکە ئەرکی لیژنەکان بەڕاستی ئەگەر بێتو پڕۆژە یاسایەك

پێشكەش دەكرێت، ئەوەیە كەم و كورتیەكانی تەواو بكات، بەهێزی بكات، ئینجا ڕاپۆرتەكە بێنێتە بەردەم ئەندام پەرلەمانەكان، بۆ ئەوەی كە هەم حكومەت و هەروەها هاووڵاتیان زیاتر سوودمەند بن، من دەڵێم ئەم یاسایە زۆر زۆر زەرورە، لەبەر ئەوەی كە هەرچەندە كۆمەڵێك تەعلیمات هەیە، بەڵێ بڕیار هەیە لە لایەن حكومەتەوە، بەلاَم جێبەجێ نەكراوە، كۆمەڵێ نموونەم پێیە، یەكێك لەوانە تەعلیماتی سولفەی زەراعی، كە دەرچووە، ئەوە یەكێكە لەو بوارەی كە پشتگیری دەكات لە بەهێز كردنی لادێكان، بەلاَم ناحیەیەكی وەكو بیارە كە كۆمەڵێك گوندی بەسەرەوەیە، خۆم تەعلیماتەكەم لە تەعلیماتی وەزارەتی دارایی هەروەها وەزارەتی زراعەشم بردووە، یان بەكۆمەڵێك جوتیارەكان، بەڕێوەبەری زراعەی بیارە ئەڵێ پێم نەگەیشتووە، پێویستە پێمان بگات، ئەوە خەریكە 2012 دێت، یەعنی تاوەكو ئێستا جێبەجێ نەكراوە، باشە گوند چۆن ئاوەدان دەبێتەوە، ئەگەر بێتو جوتیار نەتوانێ سولفەی باخداری یان سولفەی ئاژەڵداری وەربگرێت، ئەوە خاڵی یەكەم، دووەم، گەورەترین كێشەی هەموو گوندەكانی كوردستان، مەسەلەی تەملیكی ئەرزی زراعیە، بەڵێ بڕیارەكە هەیە، بەلاَم تاوەكو ئێستا زۆربەی زۆری جێبەجێ نەبووە، خاڵێكی تر مەسەلەی تاپۆ كردنی زەویەكانیان، بەڵێ، تەبعەن ئێمە وەكو پەرلەمان لێرە لە بودجەی 2011 دا داكۆكیمان لەسەر ئەوە كرد كە پێشینەی خانووبەرەیان بدرێتێ، بەلاَم ئێستا كێشەیان هەیە لەسەر مەسەلەی زەوی نیشتەجێبوون، كە ئەگەر بێتو ئەو كێشانە چارەسەر نەكرێت بەڕاستی، ئێستا كۆمەڵێك كێشەی سالاَنی ڕابردوو زیندوو بۆتەوە، كە ئەوە ئەركی پەرلەمانە پێویستە بە یاسایەك ئەو مەسەلانە چارەسەر بكات، هەروەها حكومەت بڕیاری دەركردووە كە 75 گەلاَ بدات بە جوتیارەكان، بۆ ئەوانەی كە سولفەی عەقار وەردەگرن، بەلاَم لە زۆرێك لە گوندەكان وەرنەگیراوەو كێشەی تێكەوتووە، داواكاریان ئێستا بەرز كردۆتەوە، كە ئێمە تاوەكو ئێستا وەرمان نەگرتووە، ئەو بڕیارە شمولی نەكردووین، مەسەلەی هاوچەرخ كردنی گوندەكان تەنها بۆ ئەوەنابێ ئێمە سولفەی عەقاریان بدەینێ، بەڕاستی كۆمەڵێك ئیمتیازاتی تر هەیە، نابێ ئێمە بڵێین ئەو سولفەی كە ئەدرێت بەشار، یان بە گوند، ئیتر ئێمە هەمووشتێكمان بۆ گوندەكان كردووە، بەڵكو پێویستی بە كۆمەڵێك ئیمتیازاتی تر هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە گوندەكان ئاوەدان بكەینەوە، چونكە هەموو لایەك حكومەت و پەرلەمان باس لەوە دەكات كە كوردستان زەوی بە پیتی هەیە، ئەبێ كشتوكاڵ بكرێتە سەرچاوەیەكی دووەم پاش نەوت، بەلاَم تەنها دروشمە تاوەكو ئێستا جێبەجێ نەكراوە، بۆیە من پێشنیاز دەكەم ئەم یاسایە وەكو لیژنەی پەیوەندیدیدار داوا دەكات كە زیاتر دەوڵەمەند بكرێ، ئێمە دەنگی بۆ بدەین، بۆ ئەوەی كە دوا بخرێت بۆ زیاتر دەوڵەمەند كردنی، نەوەك بۆ ئیلغا كردنی بە تەواوەتی، تێبینیەكیشم هەیە، بۆ بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لەكاتێك كە باس دەكەی دەڵێی كە كی قسەی هەیە، بەڵێ، وتت بۆ پرۆژە یاساكەی پێشوو، بەلاَم سەرت بەرز نەكردەوە بەتایبەتی بۆ ئەم لا، كە ئێمە دەستمان بەرز كردەوە، بەڵێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەوەوە دەست پێ دەکەم کە ئەم لیژنە تایبەتمەندە ناوی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردنی گوندەکانە، یەعنی ناوی لیژنەکەمان کە بەکۆی دەنگی پەرلەمانتاران دەنگمان لەسەری داوە، ئەوە ناوەکەیەتی، لەبەر ئەوە من دەست خۆشیش دەکەم لەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئەم پڕۆژەیان واژوو کردووە، چونکە باسی هاوچەرخ کردنی گوندەکان دەستەواژەیەکی هاوچەرخە، وەفیعلەن خەت بێنی بە ژێریا وازحە کە هاوچەرخ کردنی گوندەکان یەعنی چی، خاڵێکی ترم ئەوەیە بەڕاستی تێبینیەکە بۆ هەموومان، ورد کردنەوەی یاسا کارێکی پێویستە ئێمە ئەگەر بۆ هەرشتێك بە باشی نەزانین بچینەوە سەر ئەوە کە وەڵلا موتونێکمان هەیە، پێویستی بە شەرح نیە، زۆربەی زۆری ئەو یاسایانەی لەو پەرلەمانە، لە پەرلەماناتی دونیاش هەروایە دەری دەکەین زیادە، بەڵام ئێمە دێین ئەو شتانەی کە بە گشتی باسی لێ کراوە، وردی ئەکەیتەوە بۆ بەرچاو ڕوونی حکومەت، کاری دەزگای تەشریعی و موشەریع ئەوەیە کە یاساکان ورد ئەکاتەوە بۆ تەنفیزیەکە بزانین چی ئەکات، لەبەر ئەوە نابێ ئەوە پاساو بێ بۆ ورد کردنەوە، بەڕاستی هەرجارێك ئەوترێ یاسایەك بەچاك نازانرێ، لەبەر هەر هۆیەك لەگەڵ ڕێزم بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، پاساومان ئەوەبێ کە لەفلان شوێن و فلان شوێن تەعلیماتمان ئەوەیە، ئەنزیمە هەیە، لەمەتنێکا باس کراوە، ئەگەر وابێ زۆربەی زۆری یاساکان زیادە دەرئەچن، تێبینیەکی ترم ئەوەیە، کە بەنیسبەت هەنگاوی یەکەمم بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بۆ هاندانی گوند نشینان بۆ گەڕانەوە بەڕاستی دڵخۆش کردنیانە، بۆ خزمەت کردن و دابین کردنی پێداویستیەکانیان، لەوێوە هەنگاوی گەڕانەوە بۆ گوندەکان دەست پێ دەکات، نەوەك دڵخۆش نەبن، نەزانن بۆ ئەگەڕێنەوە، گرفتی ئاو، کارەبا، خوێندن، مزگەوت، نەخۆشخانە نازانم هتد...، ئەوانە لەبەرچاویان بێ تەبعەن موتەشەجیع نابن بۆ گەڕانەوە، خاڵێکی ترم ئەوەیە کە بەڕێزان باسیان کرد، زۆر دووبارەی ناکەمەوە، زۆربەی زۆری ئەو بڕگانەی کە لێرە هاتووە، بەڕێزان باسی ئەو بڕەی تەرخانمان کرد بۆ گوندەکان، زیاد لە چەند پەرلەمانتاریش تەئکیدی کردەوە کە جێبەجێ نەکراوە، نەدراوە بە هاووڵاتیانی گوند نشنین، باشی گرفتی خاوەندارێتی زەوی نیشتەجێ گرفتێکی سەرەکی ڕۆژانەیە لەم کوردستانەی ئێمە، ئەم گرفتە چارەسەر نەکراوە، باسی پێداویستی کشتوکاڵی هاووڵاتیانی گوند نشین، ئەم پرۆژە یاسایە باسی ئامێری کێڵان ئەکات، باسی دروێنە ئەکات، باسی ئامێری ئاوەدان کردنەوە ئەکات، باسی تۆو ئەکات، باسی پەینی کیمیایی ئەکات، ئێوە سەردانی شوێنە جیا جیاکان بکەن، بزانن چەند لە سەدی ئەم پێداویستیانە جێبەجێ کراوەباسی بەروبوومی کشتوکاڵی کە ڕۆژانە، من دوێنێ لەگەڵ چەند هاووڵاتیەکی گوند نشین کە بەرو بوومینان هەیە، باخی هەناریان هەیە بۆ نموونە، بە نرخێك ئەگەر لێرە بیڵێی سەرسام ئەبێ لێیان ئەکرێتەوە، کیلۆیەك هەنار بە (150) دینار لێیان ئەکڕێتەوە، تا ئێستا نەمان توانیوە چارەسەری بەروبوومی ئەم هاووڵاتیانە بکەین، هانی بەروبوومی خۆماڵی بکەین لەم کوردستانە، کەمو کورتیە خزمەت گوزاریەکان کێمان نکۆڵی لەوە هەیە کە گوندەکان پێویستیان بە ڕێگەو بانە، پێویستیان بە چەو ڕێژکردنی کۆڵانەکانە، پێویستیان بە ئاوی خواردنەوە هەیە، من ئینکاری لەوە ناکەم، هەندێك لە گوندەکان کە دەستیان ئەگاتێ نێزیکی شەقامی

گشتین یان نزیکی شارن، ئیشیان بۆ کراوە، بەڵام با ئێمە خۆمان واقع لەخۆمان نەگۆڕین، بەدەیان گوند لەکوردستان موهەددەدە بۆ چۆڵ کردن، یەعنی گوند هەیە پار بیست ماڵ بوو، ئەمساڵ پێنج ماڵە ، دڵنیا بن ساڵێکی تر ناوی نامێنێ وەکو گوند، پێرار گوند هەبووە سی، چل ماڵ بووە، ئەمساڵ ڕەنگە پێنج، شەش ماڵ، دە ماڵی مابێتەوە، لەبەر ئەوە هەردوو قسەکە ڕەنگە ڕاست بێ، بڵێین بەعزێك شوێن خزمەتی نەکراوە، خزمەتی کراوە، بەڵام ئەگەر بەڕێژەیی وەری بگرین زۆربەی زۆری گوندەکان، ئەم پێداویستیانەی لێرە باس کراون، مەسەلەی ئاوی خواردنەوە، مەسەلەی ڕێگاو بان، مەسەلەی نەخۆشخانە، مەسەلەی قیرتاوکردنی شەقامە گشتیەکان بۆیان، ئێستاش منالْ هەیە زۆربەی زۆری ناتوانێ بچێت بۆ قوتابخانە، لەبەر قوڕ و سەرمای زستان و گەرمای هاوین، یەعنی گرفتی زۆرمان هەیە، لەبەر ئەوە من دوا تێبینیم ئەوەیە کە هەر یاسایەك لای بەڕێزان، لەهەر لیژنەیەك ناوی هیچ لیژنەیەك نابەم، کەم و کورتی هەیە، بە موناقەشە کردن و گفتوگۆ لەسەر کردن دەوڵەمەند دەبێ، هەرچی دێتە ئێرە ناوی ڕەش نووسە، هیچ لایەنێکی بەڕێز هیچ ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز، هیچ لیژنەیەك نابێ ئەوەندە گەرم یاسای خۆی بگرێت، وابزانێ قورئانەو ناکرێ قسەی تیا بکەی، بۆیە ناوی پرۆژە یاسایە بۆ ئەوەی لێرە قسەی تیا بکەی، لەبەر ئەوە نابێ نموونە بەلاوازی کەلیمەیەك، دێرێك، برگەیەك بێنینەوە بۆ ڕەفز کردن، ئەبێ بڵێین ئەم یاسایە مەبدەئەکەی باشە، ئێمە وەکو پەرلەمانتار قسەی لەسەر دەکەین لەوانەیە من موختەس نەبم، پسپۆڕنەبم لە بوارێکیان، نەتوانم دیفاع لە برگەیەکی بکەم، بەڕێزێکی تر پسپۆڕە ئەتوانێ دیفاعی لێ بکات، لێرە یاسا گەلاڵە ئەبێ، خۆتان ئەزانن گرفتمان چۆنە، جاری وا هەیە لەگەڵ ڕێزم بۆ ماندووبوونیان، بە مانگ خەریکی مەسەلەن سیاغەی یەك ماددەن، چونکە ئیشەکە گرانە، لەبەر ئەوە نابێ لەبەر کاڵ و کرکی عیبارەتێك، یان برگەیەك، یان شتێك ئێمە ئەسڵی مەبدەئەکە کە بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیانی تیایە، بەرچاو ڕوونیەکی باشی تیایە بۆ حکومەت، ڕەفز بکەین، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، ئەم یاسایە ڕەفز نەکەین و دوای بخەین، بۆ ئەوە مەبەستەی خۆیان باسیان لێوە کردووە، باسی وەزیری کشتوکاڵیش فیعلەن وەزارەتی کشتوکاڵیش پێویستە ڕەئی هەبێ لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەبەر ئەوەی دژی ڕەت کردنەوەم، ناچار ئەبێ لەگەڵ دواخستن بم، لەبەر ئەوەی لەبەینی ڕەش و سپی، ڕەنگێکی ترتان نەخستە بەردەستی ئێمە هەڵی بژێرین، بۆیە من پێش  ئەوەی بچمە سەر ئەسبابەکانی خۆم، بۆ دواخستن، حەز دەکەم سەرنجی جەنابتان بۆ دووخاڵ ڕابکێشم ، یەکێکیان ئەو قسەیەی جەنابی سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، کە باسی ئەوەی کرد وتی ساڵ و نیوێکە، ئەمە یەکێك لە ئەسبابەکانی تەئجیل کردنی بۆ ئەوە گێڕایەوە، کە ساڵ و نیوێکە ئەوان داوای ڕای حکومەتیان کردووە و حکومەت ساڵ و نیوێکە وەڵامی نەداوەتەوە، منیش ئەگەر پێشتر شارەزاییم نەبووبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو ۆرکشۆپەی کە

سەرۆكایەتی بەرێز لە رێی چەند پەرلەمانتارێكی بەریتانیەوە بۆی رێكخستین، تێ گەیشتم لەوەی كە لە هەموو دنیادا شتێك ناوی وەڵام نەدانەوە بێ بۆ پەرلەمان لەلایەن حكومەتەوە، یەعنی مەفروزە ئەو قسەیەی جەنابی سەبەبێك نەبێ بۆ دواخستنی پرۆژەیەك بەقەدەر ئەوەی سەبەبێك بێت بۆ موسائەلە كردنی حكومەت لەوەی كە چۆن جورئەت دەكات ساڵ و نیوێك جوابی پەرلەمان نەداتەوە، خاڵێكی تر كە هەر حەز دەكەم سەرنجتانی بۆ رابكێشم، ئەوەیە كە ئێمە ئەگەر لەسەر ئەم شێوازی رەت كردنەوە و رەفز كردنەوە لە بەینی ئەم دووانە دا بوەستین بۆ پرۆژەكان، وردە وردە سیمای رەت كردنەوە و رەفز كردن وەردەگرێت پەرلەمانی كوردستان جیا لەوەی كە ئیشی دەرچواندنی یاسا بێت، من حەز دەكەم لەوەوە دەست پێ بكەم كە من زۆر جێی خۆشحاڵیمە ئەو ئیحسائیانەی كە هەیە و سولفەی عەقار و هەموو ئەو رێگاوبان و پرۆژەی ئاوە كراوە بۆ گوندەكان، بەلام لەوەوە من پرسیارێك دەكەم ئەگەر ئەمانە هەمووی وابێ هەموو ئەوانەی كە لێرەین خەڵكی دێین، بە جۆرێك لە جۆرەكان ئەگەر چەند ساڵێكیش بێ هاتبێتینە شارەكان لە ئەسڵدا یان كەسوكارمان لە دێ دا هەیە یان بۆ خۆمان بە بەردەوامی سەردانی ئەو دێیانە دەكەین، لەمەوە ئەگەر ئێمە ئەو ئیحسائیانە وەربگرین و خۆمان بە دوور نەگرین لە دێكان مەفروزە عیبرە بە نەتیجە بێ و نەتیجەكە ئەوە بێ كە ئێمە ساڵانە یەك تەماتەمان لە ئێران و تورانەوە بۆ نەیەت، هەموو بەروبوومەكەمان بەروبوومی خۆمان بێت، بەڵام لە كاتێك دا كە تەواو نەتیجەكە پێچەوانەی، ئێمە وردە وردە خەریكە كۆمەڵێك بەروبوومی كشتوكاڵی كوردی بە نموونە برنجی كوردی خەریكە دەچێتە قاموسەوە، خەڵك تامی لەبیر چووەتەوە، چێژی لەبیر چووەتەوە و زراعەتیشی لەبیر چووەتەوە، كە هەموو ئەمانە دەلیلی ئەوەن ئێمە ئەو سیاسەتەی ئێستا پەیرەوی دەكەین یاخود ئەو ئیدارەیەی كە دەیەوێت ئاوەدانكردنەوە و هاوچەرخ كردن لە گوندەكان بە پێی رێنماییەكان بەرێوە ببات زیاتر سیاسەتێكە بە راگواستنی دێكان نەك، بە ئاوەدانكردنەوەی دێكان، چونكە ئەگەر ئێمە بە نموونە دێیەك وەربگرین لە شارباژێر بین دێی وەنەرێنە، ئەو دێیە من بۆ خۆم خەڵكیانم بینیوە كە دووپشك پێوەی داوە لەبەر نەبوونی بنكەیەكی تەندروستی شیاوو نەكردنی دەوام تیایدا هەتا گەیاندوویانەتە سلێمانی گیانی لە دەست داوە، كە ئەمە بۆ زۆربەی دێكانی ناوچەكە تەواوە و راستە لە هەندێ دێ دا قوتابخانەی سەرەتایی هەیە، بەڵام لە زۆربەی دێكان بە چوار، پێنج دێ و بە سێ، چوار ناحیە خوێندنگەیەكی بنەرەتیان نیە، ئامادەییان نیە، كە كاتێ من مناڵەكەم ناچار دەبم لەبەرئەوەی خوێندنی پێ تەواو بكەم و بێتە شار كەواتە من بۆ خۆم ناچار دەبم وردە وردە ئەگەر یەك ژووریش بێ بە كرێی بگرم و دێیەكە بەجێ بهێڵم لە كاتێك دا دێیەكە مەكتەبی تیا نیە، دێیەكە ئەوەندە با بڵێین حكومەت ئاسانكاری بۆ نەكردووم بۆ خانوو و بۆ رێگەوبان و بۆ هەتا ئەوەی كە بۆ هاوكاری كشتوكاڵەكەم كە بیكەم، بەڵام لە موقابلیش دا نموونەی دێی هاوچەرخیشمان هەیە، ئەو دێیانەی كە نزیكن هەر قەراغدا دێی نەوعەمان هەیە كە دێی هاوچەرخە كە حكومەت باش دەزانێ لەو دێیەی كە نزیكە لە دەسەڵاتەوە چۆن دەیكات بە دێیەكی هاوچەرخ، بۆیە گرنگە پرۆژەیەك هەبێ و جگە لەوەی كە لە سلێمانی دا ئەوەی كە

سەردانی عەلوەی سلێمانی کردبێت دەزانێ نەك عەلوە هەڵناستێ بە ئیشی خۆی و بەروبوومی جوتیاران ساغ ناکاتەوە، تا ئێستا گەورەترین گرفتی عەلوەی سلێمانی ئەوەیە کە شوێنێك نیە عەلوەی بۆ بدۆزنەوەو ساغ نەبوونەتەوە لەسەر گوێزانەوەی عەلوە، بۆیە لەبەر هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە هەیە لە دێکاندا وە هەمووومان کە بە دێیەك دا دەگەڕاین و تێ پەڕی بێتین و جێگەمان هەبووبێت و ڕاوەستابین بۆ ئەو منالآنەی کە دەست لە سەیارە ڕادەگرن تێ دەگەین کە دەیان منالْ ڕۆژانە زیاتر لە سەعاتێك بە پێ دەبڕن بۆ ئەوەی بگەنە دێیەکی دیکە، بۆیە من پشتیوانی لەوە دەکەم کە ئەم پرۆژەیە ئەگەر دواش دەخرێت دوا بخرێت بۆ کاتێکی دیاری کراو، چونکە هیچ حیکمەتی تیا نیە لە سالْ و نیوێك زیاتر ئێمە لەسەر جوابی حکومەت بوەستین، لە کاتی موناقەشە کردنیان کە زۆر نموونەی لەو جۆرەمان هەیە کە پرۆژەیەك پێویستی بەوە کردووە خالێکی بۆ ئیزافە بکەی و ئیزافە کراوەو لێی کەم بکرێ و لێی کەم بکەین، ئەو کاتە ببێتە یاسایەك کە حکومەت پابەند بێ بە جێ بەجێ کردنی و ئاوەدانکردنەوەی دێکان لایەنی کەم لە مەرحەلەی یەکەم دا دواتر هاوچەرخ کردنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوە ڕوونە لەلای زۆربەمان کە بە نزیکی هەموو گوندەکان بەرەو چۆڵ دەڕوات، من ئێستا دەتوانم لە تەنها یەك قەزا ناوی دەیان گوندتان پێ بڵێم کە هاوینان دوو، سێ مالْ و زستانان تەنها مالێکیشی تیا نیە، بە هاوچەرخ کردنی گوند تەنها ئەوە نیە چەند مالێکی بۆ دروست بکرێت، خوێندنگەیەکی چوار پۆلی و بە پێنج شەش گوند بنکەیەکی تەندروستی بێ و دەرمان بێ و دەرزی بێ و ئیسعاف کە لە قەزایەك دا کە ئەگەر کەسێك نەشتەرگەریەکی بچووکی بوێت بۆی ناکرێت تا ئەگاتە سلێمانی وەك هاوڕێم پەیمان خان باسی کرد گیان لە دەست دەدات، بە هاوچەرخ کردنی گوند ئەوەیە کە وا بکەیت هاووڵاتی و خەڵکی ئەو گوندە ئارەزوو بکات لەوێ ژیان بەسەر بەرێ، ژیانی نزیك بێ لە ژیانی شاریەکەوە، نەك کە منالەکەی چواری ئیبتدائی تەواو کرد ببێ بە شوان و بنکەیەکی تەندروستی نەبێ و بەروبوومەکەی ساغ نەبێتەوە و هیچ داهاتێکی نەبێ و ئەگەر کەسێك و هەر کەسێك لە ئێمە لە شوێنێکی وادا ژیانی هەبێت ژیان دەباتە سەر؟ نەخێر خانوویەك و بە پێشینەیەکی خانووبەرە کە ئەمە کاتیە و بە تەنها لە بودجەی 2012 دایە و کێ دەڵێ ئەمە بەردەوام دەبێ؟ بۆیە من بۆ خۆم ماوەیەك پێش ئێستا لەم شاری هەولێرە لە دەوربەرەکەی هەمووی ئەرزی کشتوکالْیە وسەوزەم بینی لە وڵاتێکی دەوروبەرەوە هات بوو لێرە دەیان فرۆشت بە خەڵك، دۆ، دۆ لە وڵاتی ئێرانەوە دێت، هەموو بەروبوومی شیرەمەنی ئێمە لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دەیبینین کامەیە گرنگی دان بە ئاژەڵداری، بە بەروبوومەکەی، کامەیە گرنگی دان بە کەرتی کشتوکالْ بە بەروبوومەکەی؟، بە تەعلیب کردنی میوەهاتەکەی، کامەیە گرنگی دانمان بە پەلەوەر و بە

داهاتەکەی؟ بۆیە ژیان کردن بەم شێوەیە لە گوندێك دا هەرگیز ناچێ بەڕێوە، بۆیە من پێموایە ئەوەی کراوە بۆ گوندەکان 10٪ یش نیە، هی ئەوە نیە خەڵك بتوانێ لە خانوویەکی ڕەق و تەقی ئاوا ژیان بەسەر بەرێت، بۆیە پێویستە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە بەڵێ یاسایەك دەربکەین بۆ ئەوەی ئەم دێیانە بکەینە دێی هاوچەرخ و ژیان تیایدا بگوزەرێ و ببێتە سەرچاوەیەکی ئابووری باش بۆ هەموو هەرێم، نەك هەموو پارەکەمان بچێتە گیرفانی وڵاتانی دەوروبەرەوە بۆ هێنانی بچووکترین بەروبوومی کشتوکاڵی، هەروەك هاوڕێم کاك کاردۆ باسی کرد لەبەرنامەی زۆربەی حیزبە سیاسیەکان دا هەیە بە هاوچەرخ کردنی گوند، خێرە ئێستا نامانەوێ ئەم گوندانە هاوچەرخ بکەین؟ پێموانیە حکومەت لە بەرنامە پێنج ساڵیەکەی کشتوکاڵ ئەوەی کە لە کابینەی پێنج کۆنگرەی بۆ کرا بەردێکی چووبێتە سەر بەرد، بۆیە من بەداخەوە لەگەڵ ئەوە نیم تەئجیل بکرێت، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی کە بەردەوام بین لەسەر موناقەشە ئەم ڕوونکردنەوەمانەم دا ، هیوادارم تەئجیل بکرێت بۆ ئایندەیەکی زۆر نزیك، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم یاسایە دەربکەین، بۆ ئەوەی گوندەکانمان ئاوەدان بکەینەوە و چی تر شارەکانمان لەو قەرەباڵغیە رزگار بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ئەوەم بەردەوام بین لەسەر قسە کردن لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، بەڵام بە پێی ئەو سێ هۆکارەی کە پێشتر کاك حمەسعید باسی کرد، داوای ئەوە دەکەین کە تەئجیل بکرێت، لەبەرئەوەی ئەمە پرۆژە یاسایەکی زۆر گرنگە، ئەگەر هەندێ لە کەسانێك دەیبینێ ئەم پرۆژە یاسایە کەموکورتیەکی هەیە، ئێمە وەکو باس کراوە و بە سوپاسەوە دەڵێین با دەوڵەمەندی بکەین، بۆیە ئێمە داوامان کردووە لە حکومەتیش کە ساڵ و نیوێك پێش ئێستا داوا کراوە لە حکومەت و لە هەموو ئەو وەزارەتانەی پەیوەندارن کە وەڵامان بدەنەوە و ئەوانیش پێشنیاری خۆیان بۆ ئەم پرۆژە یاسایە دەوڵەمەند بکەن، دیارە تاوەکو ئێستا وەڵام نەهاتووەتەوە بە نووسراوی فەرمیش ئێمە بەرزمان کردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتی و دیارە سەرۆکایەتی لەڕێگەی خۆیەوە بەرزی دەکاتەوە بۆ حکومەت و لایەنی پەیوەندار، هەروەها پێویست بوو ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیان هەیە بە هاوچەرخ کردنی گوند لێرە ئامادە بوونایە بۆ ئەوەی زیاتر پرۆژەکەیان وەکو وتمان دەوڵەمەند بکردایە، دیارە لە پرۆژە یاسایەکە ئەو هۆکارانەی کە باس کراوە بۆ دەرچوواندنی ئەم پرۆژە یاسایە ئەوەیە کە ئێمە خۆمان دەبینین گوندەکان ڕوو لە چۆڵ بوون دەکەن، زۆبەی گوندەکانی کوردستان ئێستا دەبینین وا خەریکە چۆڵ دەبێ لەبەرئەوەی کێشەکان زۆرن و هەر لە خزمەتگوزاریەوە بگرە، هەر لە ئاو و ڕێگاوبان، ڕاستە و ناڵێین هیچ نەکراوە و کراوە بەڵام ئەو گوندانەی کە خزمەتی بۆ کراوە زۆر نزیکن لە شارەکانەوە و ئەو گوندانەی کە خزمەت کراوە دەبینین زۆربەی ئەو

خەڵكانەی سلفەی عەقاریشیان وەرگرتووە لەو گوندانەن كە خۆمان دەزانین كە نزیكی شارەكانن و ئەو كەسانە زیاتر كێن كە سلفەی عەقاریان وەرگرتووە، هەروەها بۆ قوتابخانەكان ئێمە دەبینین لە خوێندنگەیەك لە گوندەكان كراوە چوار پۆلیە- تا چواری سەرەتاییە، بەڵام لە دوای چوارەوە و لە دوای پۆلی شەشی سەرەتاییەوە ئەو منداڵانە وەكو هاورێكانم باسیان لێوە كرد و كوێستان خان باسی كرد دواتر دەبێ ببێ بە شوان، لەبەرئەوەی ڕێگاوبانەكە ئەوە نیە و خوێندنگا لەو لادێیە نیە، بۆیە زیاتر وایان كردووە كە ئەو منداڵانە هەموویان واز بێنن لە خوێندن، جگە لەوەی كە بە باشی باسكرا و گرنگی گوندەكان و هاوچەرخ كردنی ئەو لیژنەیەی ئێمەش كە ناوی ئاوەدانكردنەوە و هاوچەرخ كردنە، دیارە ئێمە مەبەستمانە ئەو گوندانە هاوچەرخ بكرێن و بۆیە پێویستە ئەمە دوابخرێ و بەردەوام بین لەوەی كە ئەمە نەك ئەوەی كە دوابخرێت و ئیهمال بكرێت ئەم پرۆژە یاسایە، بەڵكو تەئكید بكرێتەوە لەم پرۆژە یاسایە دەربچوێندرێ بە شێوەیەكی ڕێك و پێك بۆ ئەوەی یاسایەك هەبێ و بتوانن ئەو گوندانە هاوچەرخ بكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بۆ بەرچاو ڕوونی ئێمە ئەو نووسراوەمان كردووە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ بانگكردنی حكومەت ودانیشتن لە گەڵیاندا و ئیتر ئایا سەرۆكایەتی ناردوویەتی و حكومەت وەڵامی نەداوەتەوە و یان نەنێردراوە ئێمە نازانین لیژنەكان ناتوانین موباشر موفاتەحەی وەزارەتەكان و دەزگاكان بكەین، هەر دەبێ لەڕێگەی سەرۆكایەتیەوە بێ و ئێمە نووسراوی خۆمانمان كردووە و نووسینی ڕاپۆرتەكەش كە نەمان نووسیوە چاوەڕێی وەڵامی حكومەتمان كردووە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دوای هەموو ئەو گفتوگۆیانە وەك لای هەمووتان ئاشكرایە و لیژنەی پسپۆر و لیژنەی یاساییش تەئییدی ئەوە دەكەن كە ئەم پرۆژە یاسایە ڕەت بكرێتەوە، چونكە هیچ فەراغێكی یاسایی لە نەبوونیدا دروست نابێت، بۆیە جارێ ڕەفزەكە دەخەینە دەنگدانەوە.

تكایە كێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم پرۆژە یاسایە ڕەتبكرێتەوە، دەست بەرزبكاتەوە؟ كێ ئەیەوێ بۆ كاتێكی تر دوابخرێت دەست بەرزبكاتەوە؟ بەزۆرینەی دەنگ پرۆژە یاساكە ڕەتكرایەوە.

كۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/11/30 ، كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆ دوا دەخەین، خواتان لەگەڵ.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بايز اسماعيل
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**چوارشەممە رێكەوتی 30\11\2011**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/11/30

كاتـژمێر (4)ی پـاش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشــەممە ڕێكـەوتی 2011/11/30 پەرلـەمانی كوردســتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (14)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (14)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (4)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2011/11/30 دا بەم شێوەیە بێت:

1-میوانداری كردنی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بە مەبەسـتی بەرچاوخسـتنی چـالاكیەكانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خـولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (14)، ڕۆژی دانیشتن، 2011/11/30، بەرنامەی كار:

بـە پێـی حوكمـەكانی بڕگـە (1)ی مـادده (20) لـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشـتنی

ژماره 14ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 3ی پاش نیوەڕۆ، بەڵام بۆ سەعات 4 دواخرا لەبەر خەلەلێکی تەکنیکی، ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی 2011/11/30 بەم شێوەیە بێت:

1-میوانداری کردنی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بە مەبەستی بەرچاوخستنی چالاکیەکانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

زۆر بەخێر بێت بەڕێز کاك سەمیر وەزیری شارەوانی و کاك سەعد ڕێکخەری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، ئێستا بەڕێزان وەکو لە بەرنامەی کار هاتووە، پێشەکی جەنابی وەزیر بۆ ماوەی 15 دەقیقە چالاکیەکانی خۆی باس دەکات، پاشان ئەو پرسیارانەی ئەو بەڕێزانە کە بە نووسراو تەقدیمیان کردووە، هەر بەڕێزێك پرسیارەکانی خۆی ئەخوێنێتەوە و جەنابی وەزیریش لە ماوەیەکی موحەدەد وەڵام ئەداتەوە، پاشان خاوەنی پرسیارەکە، ئەگەر تەعقیبێکی هەبێ، تەعقیبی پرسیارەکەی خۆی ئەکات، پرسیارەکان زۆرن، چەندی ئەمڕۆ تەواو کرا لە ماوەیەکی تەبیعی، ئەگەر هەمووومان تەواو کرد، زۆر زۆر باشە، ئەگەر نا جەلسەیەکی تری بۆ ئەنجام ئەدەین، لەمەودوا حەفتانە وەزیرێکی بەڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێرە ئامادە ئەبێ بۆ هەمان مەبەست، داوا لە جەنابی وەزیر ئەکەین کەرەم بکات فەرموو بۆ ئێرە، تکایە ئیلتیزام بە کاتەوە بکەن، لە خیلال 15 دەقیقە وتەکانی خۆتان بڵێن.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دەعوەتە، کە بتوانم لێرە وەڵامی ئێوەی بەڕێز بدەمەوە، ئەگەر هەر سوئالێك وەهەر ڕوونکارییەك بتانەوێ، بتوانم لەو وەختەدا وەڵام بدەمەوە و ڕوون بکرێتەوە، ئەگەر شتێك نادیارە، لێرە بەراستی بە فورسەتی دەزانم برێك باسی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار و چالاکییەکانی وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار بکەم لە خیلالی ئەو دوو ساڵ و یەك مانگەی کە تێپەڕ بووە، لە عومری کابینەی شەشەم، کە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار دەست پێکرا لە 28-9-2010، دوو وەزارەتی موختەلیف بوو کە بە پێی بڕیار دەمج کرا کە بووە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، ئێمە مەشغول بووین بەوەی کە بتوانین ئەم دەمجە بە شێوەیەکی زۆر باش هەیکەلێکی تەنزیمی بۆ ئەو وەزارەتە دابین بکەین، ئەوە بوو پاش ماوەیەك یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار قەرائەتی کرا لێرە و بڕیاری لەسەر درا، لە خیلالی ئەو مودەتەی ئێمە هەستاین بە دانانی چەندین بەرنامەی ستراتیجی بۆ پێشوەچوونی چالاکیەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەعزیان ئیداری بوون و بەعزیان فەنی بوون و بەعزیان مەربوت بە پرۆژەکان بوون، ئەوەی کە مەربوت بە بەشی ئیدارە بوو، ئەوە بوو ویستمان بەڕاستی ئێمە ڕۆتین و حەلەقاتی ڕۆتین کەم بکەینەوە لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، هەروەها ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان بکەین بۆ ئەوەی کە بتوانن بە زووترین کات کارەکانیان تەواو بکەن و وەها بکەین کە فەرمانبەرەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار هاوکار بن لەگەڵ هاووڵاتیان، چونکە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار هەر بۆخۆتان ئەزانن وەزارەتێکی خەدەمیە،

وەزارەتێکە لەگەڵ ژیانی خەڵك تێکەڵە، وەزارەتێکە کە لەگەڵ هەر توند و تیژیەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار ئەگەر ئاو دابین نەکات ئەوانەی لە ئەوەڵی عومریانەوە لە سفر تا ئاخیری عومری خۆیان پەیوەندیان هەیە بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، خاوێن کردنەوەی شار و شارۆچکەکان، مەسەلەن پارك و پارکەکان، ڤیرتاوکردن و دامەزراندنی، خاوێن کردنەوەی شار و شارۆچکەکان لەگەڵ ئەوەی لە ناحیەی ژینگەوە دەبێ زۆر ئیهتیمامی پێ بدرێ، تەنزیمی ناو پارك و پارکەکان بە شێوەیەك بکرێ کە نیسبەی سەوزایی لە هەرێمی کوردستان و لە شار و شارۆچکەکان زیاد بکرێ، ئەوە لە پلانی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بوو، ئێمە چۆن توانیمان بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆتین کەم بکەینەوە؟، ویستمان بە شێوەیەك کە نیزامێکی ئەلیکترونی چاك بکەین، بەو نیزامەی بتوانین ئێمە ئەوانەی کە مامەڵەیان هەبێت، پێویستیان نەبێت، بێن ناو وەزارەتی شارەوانی و مامەڵەکانیان بگەڕێننەوە، هەر وا بێت کە لە ماڵی خۆیانەوە و لە شوێنی خۆیانەوە بتوانن بچنە ناو ماڵپەری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەشی بەدواداچوون هەیە، بەدواداچوونی مامەڵەکانی خۆیان بکەن، بەس بچنە ناو ژمارەی مامەڵەی خۆیان ، دەزانن ئەو مامەڵەیە لە چ مەرحەلەك دایە؟، تەواو بووە یان تەواو نەبووە؟، شوێنەکەی لە کوێیە؟، ئەوە وای کرد کە خەڵکێکی زۆر ئەو ڕێگە دوورانەی نەیخنە پێش خۆیان و نەهێنە وەزارەت، ڕۆتینەکە کەم بکرێتەوە بە شێوەیەك کە تا حەدێکی زۆر ئەو کارە کرایە، بەس هێشتا خەڵکی مە لێرە نەهاتینە تەماشای ماڵپەڕ بکەن، بەدواداچوون بکەن لەو ڕێگایەوە، بەس ئەوە بە ڕێگای ئیعلامەوە ئەوانە زیاتر ئەتوانن هاوکار بێت بۆ هاووڵاتیانی ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین شارەکانی ئێمە بە شێوەیەکی سەردەمیانە خاوێن بکەینەوە، ئەوەیە هەرێمی کوردستانمان تەقسیم کردووە بۆ چەند زونێك، هەر زونێك چەند قەزا و ناحیە و مەناتیقی ئەو زونەی کە لە خۆ دەگرێتەوە و هەر زونێکیش یەك مەعمەلی ریسایکلی لە خۆ دگرێت، کە بتوانێت ئیعادە و فەرزی ئەو زبل و خاشاکانە لەو مەعمەلەی بکاتەوە، ئێستا چەندین شوێن لە هەرێمی کوردستان گەیشتووتە قۆناغی جێبەجێ کردن، وەکو زونی سۆران کە قەزای سۆران و ڕواندۆز و چۆمان و مێرگە سوور لە خۆ دەگرێتەوە، ئەی لە سنووری حاجی ئۆمەران و هەتا بارزان ئەو مەنتیقەیە هەمووی دەگرێتەوە، ڕێگایەکانی ما بەینی شارۆچکەکان وەصڵە، ئەوانە هەموو دەگرێتەوە و بە عومقی 50 مەتریش، ئەوە هەموو مەناتیقە سیاحیەکانیش لە خۆ دەگرێتەوە، کەواتە مەناتیقە سیاحیەکانیش کە لە بۆنەکان کە ئیحتیاجی بە خاوێن کردنەوە دەبێت، ئەو موقاولە کە ئەو شوێنەی گرتووە و لە ئاستی خۆیەتی کە دەبێ خاوێنی بکاتەوە، دەبێ ئەو شوێنانەش لە ئەستۆ بگرێت و خاوێنیشی بکاتەوە، هەروەها زونی شەقلاوە، کە حەریر و باسرمەو هیران و ئەوانە لە خۆ دەگرێتەوە، کۆڕێ، ئەویش هەر بەو شێوەیە کە مەعمەلی ریسایکلی هەیە، دەبێت ئەو مەعمەلە دووبارە ئیعادە و تەدویری ئەو مەوادانە بکات کە دووبارە سوودی لێ وەردەگیرێت، ئەو مەعمەلە ریسایکلە لە بیرم کرد پێتان بڵێم کە لە سەر ئەستۆی خۆی ئەو مقاولە بە ئیستیسماری خۆی دەیکات، حکومەت یەك فلس پارەی ئەو مەعمەلانە نادات، ئێمە بەس پارەی خاوێن کردنەوەیان دەدەینی،

ئەوەش بۆ ماوەی 10 ساڵە، دوایی پاش ماوەی 10 ساڵ ئەو ئالیات و مەعمەلانە هەموویان دەبنە موڵکی حکومەت، مەنتیقەی ئاکرێ و شێخان و بەردەڕەش و ئەوانەش هەروەها ئێستا لە قۆناغی دەست بەکارکردنن و دەستیان پێکردیە و مایە مەعمەلەکەیان خیلالی مودەتەکی کەم دابمەزرێ و هەورەها ئەوێندەریش لە کێشەی زبڵ و خاشاك قورتار دەبێت، زاخۆ ئەویش دەست پێکرایە، شارە گەورەکان، هەولێر بەداخەوە پێش تەندەرمان کرد و تەندەرەکە بۆ کۆمپانیایەکی بەریتانی دەرچوو، بەناوی سپێکت رووم، هەولێرمان کرد بە دوو زوون کە هەر شەریکەکە بە تەنی هەردوو زونی وەرنەگرێت، بەس لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەریکە هەردوو زونی بۆ دەرچوو، بەس ئێمە یەك زونمان دایی لەبەر ئەوەی تا تەجروبەی بکەین کە ئایا دەتوانێت هەولێر خاوێن بکاتەوە؟، بەس بەداخەوە نەیتوانی ئەوەی خۆی بێنێتە جێ، ئێمە دەست بەجێ ئێستا عەقدەکەمان هەڵوەشاندیتەوە وهەولێرمان لە جیاتی دووزون کردیتمانە شەش زون، شەش شارەوانی کە بتوانین بەئاسانی کۆنترۆڵی بکەین وبیدەینە کەرتی تایبەت کەئیشی لەسەربکات، هەروەها عەقدێکمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەنەدی بەستووەبۆ ئەوەی کە دوو مەعمەلی ریسایکلْ لەرۆژئاوا و رۆژهەڵاتی هەولێرلەسەرئیستیسماری خۆی دابمەزرێنێت بۆئەوەی چارەسەرکردنی زبڵ وخاشاکی هەولێر دەیکەن و لەگەڵ ئەوەش وزە ئینتاج دەکات و ئەو وزەیە بە خۆڕایی دەبێتە موڵکی حکومەت، پارێزگای سلێمانی تا گەرمیانەوە، بە داخەوە ئەوان برەك درەنگ تەندەرەکانیان بۆمان ناردیە، ئێستا ئەوانیش وا دەست پێ دەکەن، ئێستا مەنتیقەی هەڵەبجە لەگەڵ سەید صادق و شارەزوور و ئەوانەش دەبێتە یەك زوون، ئەوەش لە مەرحەلەی تەندەرینگە، رانیە و قەڵادزی بە شێوەیەکی عام، ئەویش هەروەها دوایی چەمچەماڵ و دوایی کەلار، ئەوانیش لە خیلالی ئەو مانگەی بە ئیحتیمالێکی زۆر دەکەونە قۆناغی جێبەجێ کردن، دوایی ئێمە ماستەر پلانێکی سیاحیمان ئێستا لە قۆناغی تەندەرینگە کە ماستەر پلانێکی سەرتاسەریە ئێستا لە هەرێمی کوردستان، کە ئەو ماستەر پلانە وا دەکات ئێستا ئێمە بزانین کو شوێنە گەشتیارەکانی خۆمان بناسێنین و چۆن پێکەوە ببەستین، وەکو پرۆژەکان لەو شوێنانە بگاتە قۆناغی جێبەجێ کردن؟، ئەو ماستەر پلانە بە خۆی رێگا نەخشەیەکمان دەداتێ، ئەو رێگا نەخشەیە وا دەکات ئێمە پرۆژە بۆ ئەو شوێنانە بکەین، هەمووی دەبێتە پلان، ئەوە نیە عەشوائی ئێمە بێین و هوتێلیك چاك بکەین لێرەو موجەمەعێکی سیاحی چاك بکەین لێرە بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین بە دیراسەیەکی زۆر ورد ئەو ماستەر پلانە تەواو بیت وئەوجا ئێمە بێینە قۆناغێکی فەعالی گەشتیاری، بۆیە ئەوە پلانێکی درێژخایەنە، ئەوە نیە کە ئێمە ئێستا ڕاست دەست پێ بکەین، ئەوەتا هەشت مانگی تر ئیحتیمالە بخایەنێت تا ئەو ماستەر پلانە تەواو ئەبێت، لە پاش ئەوەی کە ئەو ماستەر پلانە تەواو بوو، دەست پێ دەکەین بۆ ئەوەی دیراسەی هەموو ئەو مەناتیقانە کە دەبی پرۆژەی خزمەتگوزاری بچێتە ئەو مەناتیقە سیاحیانە کە بتوانێت پرۆژەکان لەوێش جێبەجێ بکرێت، بە نیسبەت پرۆژەکانی تری ستراتیجی ئی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕاستی ئێمە تومووحاتمان زۆر زۆرە، لە ساڵی 2010 و 2011 تا ئێستا لە 2012، ئێمە پرۆژەیەکی زۆرمان تەقدیم کردووە بۆ وەزارەتی پلان دانان کە زۆربەی زۆری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێتەوە، هەتا ئەگەر رەقەمەکەتان پێ بڵێم بۆ ئەوەی ساڵی 2012 ئێمە تەقدیمی سێ

ترليۆن و شەش سەت مليار دينارمان كرديە بۆ پرۆژەكانى تەنها خزمەت گوزارى كە مەربوتە بە وەزارەتى شارەوانى و گەشت و گوزار، كە ئەوە شتێكى زۆر زەروريە دەبێ وەزارەتى شارەوانى و گەشت و گوزار بەڕاستى پێى هەستێت، چونكە ئەگەر ئەو پرۆژەيە خزمەتگوزاريە ئێمە نەيكەين، ئەوە ناتوانين وەزيفەى خۆمان و ئەو ئەركەى لەسەر شانى خۆمانە بە تەواوى بينينە جێى، ئەوەشمان مەعلومە بودجەى لازمەن من دەزانم ئەو بودجەيە تەئمين ناكرێ و بودجەكەمان هەندە نيە، بەس تموحاتى من ئەوەيە و لە پلان دايە كە ئەوانە هەموو ڕێزبەندى دەكرێت و بە پێى ئەفزليەت دەدرێتە ئەو پرۆژانەى كە زەروريە بۆ وەزارەتى شارەوانى و گەشت و گوزار، بە نيسبەت شوێنەوار بەراستى چ شوێنەوار و چ گەشت و گوزار لە سالآنى ئەخير ئيهتيمامێكى زياترى پێ دار، كە پێش ئەو كات هيچ ئيهتيمامێكى ئەوها نەبوو، ئەويش مەعلومە لەبەر ئەوەى كە بارودۆخى كوردستان لە ناحيەى ئابووريەوە ئەوها نەبوو كە بتوانێت پرۆژەكانى گەشت و گوزار يان ئيهتيمام بە شوێنەوار بدات، ئەوەبوو ئەوە ئەفزەليەت درا بە پرۆژەكانى ژێرخانى ئابوورى بوو و تەندروستى بوو، پەروەردەيى بوو، خزمەتگوزارى بوو، كە ئەوانە ئەفزەليەتى درايى، بەس لە كابينەى پێنج و لە كابينەى شەش دەست پێكرا ئيهتيمام بدرێتە پرۆژەكانى گەشت و گوزار و هەتا شوێنەواريش، لێرە گەشت و گوزار ئێمە زياتر ئيهتيمامى پێ دەدەين بۆ ئەوەى كە كەرتى تايبەت زياتر ئيشى لەسەر بكات، ئێمە بە دواداچوونى دەكەين، موتابەعەى دەكەين، پلانيان بۆ دادەنين، وەكو هەر وڵاتى ديكەش، وەزاەرتى شارەوانى و گەشت و گوزار دەبێتە وەزارەتى موتابەعە بۆ ئەوەى شوێنەكانى گەشت و گوزارى، بەس دەبى ئێمە تەتبيقى بۆ بكەين، ڕێكلامى بۆ بكەين، ئەوە زۆر گرنگە كە بتوانين ئاستى گەشت و گوزار لە وڵاتى خۆمان بەرز بكەينەوە، شوێنەوار، ئێمە تەقريبەن 3150 شوێنمان هەيە كە هێشتا پشكنينى بۆ نەكرايە، دەستنيشان كرايە بەس پشكنينى بۆ نەكرايە، ئێستا لێرە ئێمە لەگەڵ چەندين زانكۆى جيهانى گرێبەستمان كرديە كە بێنە وڵاتى ئێمە، بتوانين پشكنينى بۆ بكەين، لێرە چەنديدن شوێن هەيە لە هەرێمى كوردستان بەراستى، ئەگەر ئێمە بتوانين ڕەبتى بكەين بە گەشت و گوزار، هەينى ئەوە دەبێتە حەرەكەتێكى ئەوها موجز بێت و گەشتيار بۆ هەرێمى كوردستان و هەروەها وەكو هەموو وڵاتانى كوردستان ئەو حەرەكەتە هەيە، كە شوێنەوار و شوێنى سروشتى يەك دەخرێتەوە بۆ ئەوەى جەزبى سائح بكات، من بە شێوەيەكى كورت ويستم باسى چالاكيەكانى وەزارەتى شارەوانى و گەشت و گوزار بكەم، من لە خزمەتى ئێوەمە كە هەر سوئال و پرسيارێك، ئەوانەى كە پرسيارتان كرديە بتوانم كە بەراستى وەڵامتان بدەمەوە، تا حەدێكى زۆر ئەوانە هەمووى وەڵام دەدرێنەوە، باوەڕ ناكەم هيچ پرسيارێك هەبێ وەڵام نەدرابێتەوە، ئيلا ئەگەر سوئالێك يان دوو ئەويش ئەگەر بە نووسراو وەڵامتان بدرێتەوە، ئەگەر پێ ڕانەگەيشتبم، چونكە ئەو سوئالانە هەمووى دوێنى ئێوارێ گەيشتە دەستم، تەقريبەن حەفتا، هەشتا سوئال بوو، هەندێ سوئال يەك سوئالە بەس بوويتە سێ چوار سوئال لە ناو يەك سوئالدا، جا ئێوەى بەڕێز فەرموون.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بۆ جەنابی وەزیر، ئێستاش دەست دەکەینە ئەو ناوانەی کە پرسیارەکانیان ئاراستە کردووە بە نووسراو، تکایە هەوڵ بدەن وەکو نووسیتانە، بیخوێننەوە بە کورتی، ڕێزدار سۆزان شهاب نوری چوار پرسیاری ئاراستە کردووە، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری شارەوانی، زۆر بەخێرهاتنت دەکەم بۆ ئەم دانیشتنەی پەرلەمان، بێگومان ئێمە ئەزانین وەزارەتەکەی بەڕێزتان وەزارەتێکی خەدەمی و خزمەت گوزارییە، هیوادارم ئەو پرسیارانەی کە دەیکەین وەڵامی ڕاست و دروست بدرێنەوە، چونکە ئەو پرسیارانەش زیاتر لە ئەنجامی بەدواداچوون و پرسیاری هاووڵاتییە، سکاڵای هاووڵاتیشە، پرسیاری یەکەمم: ئێمە ئەزانین عەقدی موساتەحە، عەقدی بەکرێدانێکی دوور و درێژە، حکومەت پارچە زەوییەك ئەداتە موستەسمیرێك ب موساتەحە، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە $20$ ساڵ بەرەو سەرەوە بێت، ئەو کەسە بینای لەسەر دروست دەکات، هەر چییەکی لەسەر دروست دەکات، پاش ماوەیەك کە عەقدەکە تەواو بوو، یان ئەوەتا تازە دەکرێتەوە یان ئەوەتا کە بەجێی هێشت ئەوە دەبێتە موڵکی وەزارەتی شارەوانی، پرسیارەکەم وەکو جەنابت ئاماژەت پێدا، یەك، دوو لقە، لقی یەکەمیان ئەوەیە: ئایا ئێوە توانیوتانە ئەو کرێیەی کە وەریدەگرن بەرامبەر بە موساتەحە لە بۆ ئەرزەکە، تەوازونتان ڕاگرتبێت لەگەڵ قیمەتی ئەو مونشەئاتانەی کە لەسەری دروست دەکرێت؟، چونکە ئەبێ بەلانسێك هەبێ لە نێوان ئەو سیعرەی کە پێی ئەدەی بەو کەسە، لەگەڵ قیمەتی ئەو مونشەئاتانەی کە لەسەری دروست دەکرێت، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمم: هەتا ئێستا لە هەموو شارەکانی کوردستان دەبینین ئەرز هەیە و دراوە بە موساتەحە، بە موستەسمیری بیانی یەك تابیقی لێ کردووە، ئەو تابیقەی بەجێ هێشتووە، ئەگەر لە دواییدا بەڕێزت داوات کرد من بە دەلیلەوە پێت دەڵێم لە کوێیە، یەك تابیقی لێ دروست کردووە و بەجێی هێشتووە هەشت دانە ساڵە، لەوانەیە ساڵانە ئۆتۆماتیکی پارەی موساتەحەکەی، عەقدی ئیجارەکەی خۆی بدات، بەلام بەجێی هێشتووە لەوێدا، ئێستا لە هەوڵدانی ئەوەدایە ئەم پارچە ئەرزەی موساتەحەیە بە موڵك بکات، کە بە موڵکی کرد ئینجا بە تەمایە تەفتیعی بکات و بیفرۆشێت، ئایا ئەمە بە پێی چ قانونێك ئەکرێ؟، چونکە بووە، بەلام ئەگەر هەتا ئێستا بووە، بۆ ئێمە ڕێگری بۆ نەکەین کە نابێ بە پێی قانون ئەرزی موساتەحە دابەش بکرێت و بفرۆشرێت، ئەو تەسهیلاتەی ئەرزی موساتەحە کە بۆ موستەسمیری بیانی دەکرێ، بە روبعی ئەوە بە موستەسمیرە خۆماڵییەکان نادرێ، گلەییان هەیە، ئەڵێن ئەوەندەی ئەیدەن بە موستەسمیری بیانییەکە، کە من خۆم شەخصیەن لەگەڵ ئەوەدام کە بۆ هەمووان فورصەی متساوی هەبێ، چەنێك موستەسمیری ئەجنبی فورسەتی دەدرێتی لە هەرێمی کوردستان، ئەوەندەش بۆ موستەسمیری خۆماڵی فورسەت بدرێت، پرسیاری دووەمم سەبارەت بە زاهیرەیەك کە لەناو شارەوانییەکاندا هەیە، هەموو کەسێك کە بینا دروست دەکات، هاووڵاتی فەقیر بێت یاخود دەوڵەمەند بێت، مەساحێك ئەبێ بچێ کەشفی

خانووەكەی بكات، ئیتر جارێكە، دوو جارە، سێ جارە، هەتا ئەو خانووە تەواو ئەبێ، هەموو جارێكی چوونی ئـەو مەسـاحە، 50 تـا 60 تـا 70 هـەزار تـا 80 هـەزار لـە بـەعزێ حالەتـدا بـە پێـی گـەورەیی بیناكـە وەردەگرێت لەو كەسە، بەسەیارەی خۆشی، هـی دائـیرە نـاڕوات، دەبـێ بـە سـەیارە ببرێتـە سـەر بیناكـە، بـە سەیارەی كابراكە خـۆی ببردرێتـە سـەر بیناكـە و بشـگەڕێتەوە، زۆر جـاریش پێـی ئـەوترێ كاكـە ئـەوە مـن چـاوەڕێت دەكـەم سـەعات ئەوەنـدە بـە تەكسـی وەرە، نـەخێر ئـەبێ هـاووڵاتی بێـت لـە بەڕێوبەرایەتیەكـە دابنیشێت لە 7,30 بەیانییەوە سرە بگرێ هەتا وەكو مەساحەكە سـەعات نـۆ ئینجا تەشـریف دەهێنێـت و لەگەڵیاندا دەڕوات، ئەمەش بۆ مەجموعەیەك مەساحە، هـەموو مەسـاحێك نیـە، مەجموعەیەكـە دەسـتیان گرتووە بەسەر ئەو مەسەلەی كەشفەی و بەڕاستی لە هیچ بەندێكی قانونیدا نیـە مەسـاحی وەزارەتێـك كـە ئیش بۆ وەزارەتێك ئەكات كە ئەركی خۆی جێبەجێ دەكات، ئەو برە پارەیە وەربگرێت، لـە هـیچ بەنـدێكی قانونیـدا نیـە، پرسـیاری سـێیەمم لەسـەر جـەنابت ئەگـەر ئاگـادار بـووبێ لـە میـدیاكانیش و لـە موتابەعـە كردنیش بۆ جەلسەكانی پەرلەمان، لە یەك، دوو حەفتە لەمەو پێش یاسایەكمان لەبەر دەست بـوو بـەناوی تـاپۆكردنی خـانووە بـێ تاپۆیـەكان، مـن دەزانم و هەنـدێ وردەكـاری ئاگـادارم لێـی كـە لوجـان هەیـە و ئـەو لوجانانە خەریكن، بەڵام گلەیی هاووڵاتی كە من ئێستا لێرە لە بری هاووڵاتیەكـە قسـە ئەكـەم، گلەییەكـەی لەوەدایە، لەبەر نەبوونی مەساح لە شوێنی دوورە دەستەكاندا، نموونـەت بۆ ئەهێنمەوە، ئەمە سەید صادقە، ئەمە عەربەتە، ئەمە هەڵەبجەیە، ئەمە پێنجوینە، ئەمە سۆرانـە، ئیتر چ شوێنێك هەیە، مەسـەلەن ئـەبینی دائیرەی شارەوانیەكەی یەك مەساحی هەیە، ئەو مەساحە ئیختیصاصی ئەوەیە كە بچێت بۆ ئـەم كەشـفانە، بەو تاقە مەساحە ئەم پرۆسەی بە تاپۆكردنی ئەم خانووانە لە بری ئەوەی كە ماوەیەكی كەم تەواو بێت و ئەو هاووڵاتیانەی كە ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت دەبینین بە 15-20 ساڵێكی تر ئێمە تـەواو نـابین لـەم پرۆسەیە، چونكە ئەركی یەكەم لەسەر وەزارەتـی شـارەوانیە، ئینجا ئـەركی دووەم دەچێتە سـەر وەزارەتـی تاپۆ، لەبەر ئەوە من داواكارم لە جەنابتان، چونكە مـەوزوعی تـاپۆكردن دوو جـۆری هەیـە، لـەناو حـدودی بەلەدیـە و لـە دەرەوەی حـدودی بەلەدیـە، ئەگـەر جـەنابتان لـە وەزارەتەكـەی خۆتانـەوە هـەوڵ بـدەن دروستكردنی لوجان و مەساح بخەیتە بەردەمی ئەو لوجانانە، كاری زیاتر ئەكرێ، بۆ ئەوەی لە بری ئـەوەی لە مانگێكدا دوو یان سێ موعامەلە تەواو بكەن، وای لێ بێ لە حەفتەیەكدا دوو یـان سـێ موعامەلـە تـەواو بكەن، من دەزانم ئەركەكە زۆرە، دەزانم زۆر زۆر قورسە، مـن پێشـی جـەنابت دەكـەوم، بـەڵام ئەمـە كارێكـە دەبێ تەواو بكرێ، بەڵام ئەبێ ئالیەتەكانی كە هەتا ئێستا بەكارمان هێناوە، چاكی بكەین، جەنابت باست لە ماستەر پلانی گەشت و گوزار كرد، دەستت خۆش بیت، چونكە بێگومان ئەبێ ماستەر پلانێكمـان هـەبێ بـۆ پێشخستنی گەشت و گوزار بـە شوێنەواریشـەوە، بـەڵام گلـەیی مـن ئەوەیـە: سـەبارەت بـە موراقەبـە كردنـی شوێنەكانی گەشت و گوزار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تكایە گازنـدە نا، بەس پرسیار، نا، مەلێ گلەییم ئەوەیە، بڵێ پرسیارەكەم ئەوەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەكەم مەبەستم گلەیی نیە، بەڵام پرسیارەكەی من ئەوەیە ئەڵێم: بەدواداچوون و موراقەبەكردنی شوێنەكانی گەشت و گوزار لە رووی پاك و تەمیزی و نرخ و ئەو مەوادانەی بەكاری ئەهێنێن، مەسەلەن ئەبینین لە ئوتێلەكانی دەرەجە یەك بۆیان هەیە سەلاتە بكەن، سەوزە پێشكەش بكەن، بەڵام لە مەتعەمەكانی تری هی خۆماڵی خۆمان بۆیان نیە سەوزە بەكار بێنن، گەڵا كەرەوزێكیش ناتوانن دابنێن، بەڵام لە دەرەجە پێنجەكاندا قەیناكە، ئایا ئەو موراقەبەی كە لەسەر دەرەجە پێنجەكاندا هەیە، لەسەر ئیعتیادیەكانیش بە هەمان شێوە هەیە؟، لە رووی پاك و تەمیزی و پاك و خاوێنیەوە گەشتیاران دائیمەن مولاحەزەیان هەیە لەسەر پاك و تەمیزی و خاوێنی ئەو شوێنە گەشتیارانە، پرسیارەكەی من لێرەدایە، تەنسیق هەیە لە نێوان وەزارەتی شارەوانی و تەندروستی بە هەماهەنگی پێكەوە بۆ پاك و تەمیز ڕاگرتنی ئەو شوێنە گەشتیارانە؟، چونكە رووی حەزارەتی هەرێمی كوردستان پێشان ئەدا، نەك رووی ئەو كەسەی كە خاوەنی شوێنەكەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، جەنابی وەزیر تكایە بە تەركیز وەڵامی پرسیارەكانی بدەرەوە.

**بەڕێز سمیر عبد الله/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، چوار پرسیار بوو، پرسیاری یەكەم بڕێك تەغیراتی تێدا بوو ئەوەی جەنابت، كە ئێستا باست كرد بە نیسبەت زەوی، قیمەتی زەوی و بەكرێدانی زەوی ئەوە شتێكی نوێ بوو لە پرسیارەكان نەبوو، بەڵام دەتوانم ئەویش وەڵامی جەنابت بدەمەوە، بە نیسبەت لەسەر رۆشنایی بڕگەی یەكەی بڕیاری سەرۆكایەتی هەرێم بڕیاری ژمارە 7 ساڵ 2011، كاری هەڵوەشاندنەوە ئەنجام درایە بۆ گشت عەقدەكانی موساتەحەی شارەوانییەكان، ئی هەر سێ پارێزگا، هەولێر و سلێمانی و دهۆك، گرێبەستەكانی موساتەحەی وەزارەت كە ڕێژەی ئینجازیان سفر بووە، بە شێوەیەكی گشتی دەمەوێ بۆ جەنابت ئەوە روون بكەمەوە، تەملیك كردنی زەوی موساتەحە لە دەسەڵاتی وەزارەتمان نیە، ئێمە تەملیك ناكەین بە هیچ نەوعێك كە باسی تەملیك كردنت كرد بۆ ئەوانەی كە موساتەحەیان هەیە، چونكە موساتەحە لە قانوندا نیە كە تەملیك بكرێت، بەس ئیحتیمالێكی زور هەیە بەڵكم یەك، دوو حالەت بووە پێش ئێستا ئەوەی نازانم، لە وەختی مندا نەبووە بە هیچ نەوعێك، ئەوەی ناتوانم تەئكید بكەم، بە نیسبەت ئەو زەوییەی كە موڵكی هاووڵاتیانە كە شەقامی نیشتەجێبوونیان تێكەڵاوە و لەوانەیە كە بیانەوێ ئەوە بكەن، چونكە لە سوئالی یەكەم تەقریبەن دوو، سێ سوئالی لە خۆ دەگرێتەوە، بە بیانووی ئەوەی كە قولایی زۆرە ئەوە تەختیت عومرانی رێگەی پێ نادات، ئەو زەوییانەی كە موڵكی هاووڵاتیانە لە شەقامێكی نیشتەجێبوون تێكەڵاو، لەو حاڵەتە خاوەن زەوی مافی هەیە لە جیاتی یەكەی نیشتەجێ، باڵەخانەی دروست بكات، بە مەرجێك بە پێی ڕێنمایی پلان سازی نابێت لە 20 م لە قولایی (عمق) تێپەڕ بكات، ئەمەشیان زیاتر زەوی روكن دەگرێتەوە،

هۆیەکەشی ئەوەیە کە لەناو کۆڵانان بینایەی بازرگانی نەکەوێتە بەرامبەر خانووی نیشتەجێبوون، ئەوەیە ئەو موشکیلەیەی هەبوو، پرسیاری دووەمتان سەبارەت بە ئەو بڕە پارەی کە بە مەساحەکان دەدرێت، بە پێی ڕێنماییەکان تەنها بۆ یەك جارە، ئەویش بۆ مەبەستی چەسپاندنی سنوورە، تەسبیت حدودە، کە بڕی 36 هەزار دینار وەردەگرێ، نەك جارێکی دیکە، بە هیچ نەوعێك بۆ کەس نیە، بۆ هیچ مەساحێك نیە پارەی وەربگرێت، بەداخەوە ئەو زاهیرەیە هەبووە، دیارە بۆ ئەوەی کە زووتر کارەکانیان بکرێت، ئەوانەی کە ساحیب خانوو و مولکن، ئەوانەش دیارە پارمەتیان دەدەن، کاکە وەرن زوو ئەو ئیشەی بکەن ئێمە پارمەتیتان ئەدەین، ئەوە دیارە بەڵکم ئەو زاهیرەیە هەبووە، من نازانم هیچ تەئکید ناکەمەوە لە هەندێ، چونکە من بەخۆم نەمدیتوە، بەس کە باس دەکرێت ئیحتیماله ئەو شتە هەبێت، بەداخەوە ئەوە شتێکی غیر قانونیە، کە ئەو پەیوەندی بە شارەوانی نیە، ئەو شارەوانیەی بە 36 هەزارە و ئەویش وەختی تەسبیت حدودە، سەبارەت بە تەملیك کردنی خانووە بێ تاپۆکان لە سنووری گوندەکان کە ئێستا دەکەونە ناو سنووری شارەوانییەکان لە قەزا و ناحییەکان، بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 4 لە کۆبوونەوەی ژمارە 28 لە 30-12-2008 بڕیار درا بە تەملیك کردنی ئەو خانووانە بە بێ ئەوەی بە پێی ئەو مەرجانەی کە لە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ژمارەی 41 لە12-1-2009 هاتووە و لەسەر ڕۆشنایی ئەو فەرمانە و بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی بە پێی فەرمانی وەزاریمان ژمارەی 201 نهێنی لە 12-4-2009، لێژنەیەك پێکهێندراوە لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگا، هەولێر ، سلێمانی، دهۆك، لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی دارایی و کشتوکاڵ و داد و پارێزگاکان و شارەوانی، ئەم لیژنانە کاریان کردووە لەسەر فەرمانی سەرۆك، لە سنووری پارێزگای سلێمانی ژمارەی ئەو خانووانەی کە تەملیك کراون، یان لە قۆناغی تەملیك کردنن 10399 خانوون، ئەوانەی کە ماونەتەوە و کە تەملیك نەکراون ژمارەیان 632خانووە، ئەوانە لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان، هۆی هەندێ لەم مامەلانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری هونەری، کە ئێمە دەمانەوێت، لوجان دەگەڕێن و دەسوڕێن لەسەر مەتاعم و لەسەر ئەو شوێنانەی کە خواردەمەنی چاك دەکەن، بە پێی ئەو ئیتیلاعاتەی کە هەیە هەتا ئێستا، زۆربەی زۆری ئەو شوێنانە کە لەناحیەی خاوێنی و تەمیز ڕاگرتنی تێبینی هەبووە، ئینزاریان دراپەتی و یاخود قەپاتیش کرایە، ئەوە بەرەو باشتر دەڕوات، ئۆمیدەوارم کە جوابم داوە، مەمنوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەعقیبت نیە؟، ڕێزدار کاردۆ محمد پیرداود فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی سەرەتا پێم باشە کە بەڕێز وەزیر ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەوەی کە پەرلەمانی سەعاتێك دواخست، ئەمە سەرەتا، ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارەکان هەیە، من پێموایە و جەنابیشی باسی ئەوەی کرد کە شوێنەوار ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە، بەڵام پێموایە تا ئێستا شوێنەوار ئەو دەستەی کە هەیە لە هەیکەلی وەزارەت شوێنی نیە، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات؟، بە تایبەتی کە شوێنەوار لە ڕووی دەسەڵاتی حەصریش پەیوەندی بە ئەعمالی

سیادی هەیە، چۆن تەعامول لەگەڵ بەغدا دەکەی دوای ئەو روونکردنەوەیەی کە جەنابت سەبارەت بەو شوێنانەی کە پەیوەندی بە شوێنەوار هەیە دات، ئەمە پرسیارێك، پرسیاریکی دیکە ئەوەیە کە ئێمە دەزانین لە هەولێر کە قەڵات شوێنێکە کە ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە، ئەوەی دەوروبەری کە دەیانەوێ ئیستیملاك بکرێ، ئایا ئەو لێژنەیە لە لایەن کێوە داندراوە؟، ئەو بودجەی کە بۆی تەرخان کراوە چەندە؟، کێ لێی بەرپرسیار؟، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بڕیارێکی دەرکرد لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو گرێبەست و موساتەحەی کە کرابوو بەلای خۆیانەوە کە گومانی ئەوەی لەسەر هەبوو کە نایاسایین، من ئەمە لەبەر چەند هۆی وەبەرهێنەرەکە ناتوانم ناوی ئەو شوێنە بێنم، بەڵام وەکو بیستبم کە ئیجرائاتەکان نەچووتە پێش و هەندێ شوێنیش داوایان لێ کراوە بە بێ ئەوەی بگەنە نەتیجەیەك دەست بەکارەکانی خۆیانەوە بکەن لەو شوێنەی کەکاریان کردووە، خاڵێکی تر کە پەیوەندی بەوە هەبووە، هەر چەندە لە پرسیارەکەم ئەوە نەبوو، پەیوەندی بە سۆرانەوە هەبوو، بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سۆران ئیدخال و ئیخراجی نیە، بێخاڵ مانگانە 70 ملیۆن دیناری بۆ سەرف دەکرێ، داوا دەکەم ئەوەم وەڵام بدرێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو، هەم هۆی دواکەوتنەکە و هەم وەڵامی پرسیارەکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم، بەراستی ئەو سەعاتەی کە تەئخیر بووم، سوء تەفاهومێك هەبووە، من وام زانی سەعات 4 بوو، بە منیان وتبوو سەعات 4، من تازە پێش سەعات 3 ئامادە بووم، بەس سەعات 4 بەمنیان وتبوو بەداخەوە من لەکاتی خۆشم هاتم، بەس دوایی پەیوەندیان لەگەڵم کرد وتیان نا سەعات سێ بووە، ئەوە سوء تەفاهومێك بووە لەگەڵم کرا و شتێکی موتەعەمید نەبووە، داوای لێبوردن دەکەم، بە نیسبەت سوئالی یەکەم، یاسای ژمارە 2 ی ساڵی 2007 هەڵوەشاندراوە بە پێی ماددەی 8 لە یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، ژمارە 12 ساڵی 2010، شوێنەوار لە یاسای ژمارە 2ی ساڵی 2007 ئاماژەی پێ نەدراوە، چونکە لە کابینەی پێشوو لە پێکهاتەکانی وەزارەتی گەشت و گوزاری پێشوودابووە، بەڵام لە یاسای نوێی وەزارەتمان ژمارە12 ساڵی 2010 لە ماددەی نۆیەم، ئاماژە دراوە بە شوێنەوار کە وەزارەتمان بەرپرسە بە بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی تا کاتی دەرچوونی یاسای تایبەت بە شوێنەوار، شوێنەوار وەکو دیارە دەبێتە دەستەیەکی سەربەخۆ، یاسای دەستەی شوێنەواریشمان ئێمە بەڕاستی ناردیتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی کە موافەقەتی لەسەر بکرێت و بینێرنە پەرلەمان بۆ ئەوەی تەصدیق بکرێ، هەتا ئێستا نەناردرایە، بەس هەتا ئەو کاتەی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە، بۆ ئەوەی کە باسی ئەوەت کرد کو موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت، وەکو هەر شوێنی تر، ئێستا وەکو مودیریەی عامە کە لەناو وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، مودیریەی عامەی شارەوانی هەیە کە هەموو شوێنەکانی هەرێمی کوردستان لە ژێر چەتری ئەوانن، بە نیسبەت ئەوەی کە ئایا ئێمە رەوابتمان هەیە لەگەڵ بەغدا؟، بەڵێ زۆر، ئەو

ڕەوابیتـە بـەو شـێوەیە کـە ئایـا ئەگـەر ئێمـە ئیجازەکمـان بـوێ، عەقـدێك، گرێبەسـتێکمان هـەبێ لەگـەڵ وەزارەتێـك، لەگـەڵ زانکۆیـەکی بیـانی، ئێمـە دەبـێ ئـەوەل جـار ئیجـازە لـەوانیش وەربگـرین، ئـەوانیش موافەقەت بکەن، بۆ ئەوەی چونکە ئەوە شتێکی سیادیە و ئەوانیش دەبی ئاگایان لێ بـی، وەکـو ئـەوەی تـر، نووسراو و یان هاتوچۆ و ئەو شتانەش هەیە بەس هەتا ئێستا بڵێی ڕوابیتێکی ئەوها بەهێز هەبێت لەگـەڵ بەغدا، نیمانە، وەڵامی دووەم: لەسـەر ڕۆشـنایی بڕیـاری سـەرۆکایەتی هەرێمـە ژمـارە 7 سـاڵی 2011، ئـەو پرۆژە موساتەحانەی کە ڕێژەی ئینجازیان سفر بووە، ئەوە دیسان باس کرا، چاوپێداخشانەوەیان بۆ ئـەنجام درا، ئەوە کار لەسەر بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم کراوە و لیژنەیەك پێکهێندرا بۆ لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لەسەر ئەوانە، جەنابت باسی ئەوەی دەکەی کە هەنـدێکیان دووبـارە دەسـت بـەکار بووینـەوە، ئەوانـەی کـە، ئەغلەب ئەو موساتەحانەی کە ئێمە وەرمانگرتەوە، کە ئینجازیان سفر بووە، هـەتا ئێسـتا یـەك موسـاتەحە نەدراتەوە کەس، ئەوانەی کە هەتا ئەگەر بڵێن خەتای خۆمان بـوو، خـەتای وەزارەتـی شـارەوانی بـووە، کـە ئەوانە نەیانتوانیوە دەست بەکار بـن، ئەوانـەش پوچـەڵ کراینـەوە، هەڵوەشـاندرێتەوە عەقـدەکانیان، بـەس دوایی دەتوانن دەست بەکار بن و دەست پێ بکەنەوە و بـێن موعامەلـەکانیان بیـنن، خـەتای ئێمەیـە، ئێمـە هەتا دووبارە موعامەلـەی بـۆ بکەینـەوە، هـەتا بڕیـاری سـەرۆکایەتی هـەرێم بـە موتلـەق هاتبوو، کـە هـەر پرۆژەیەك و هەر موساتەحەیەك ئیشی لەسەر نەکرا بێت، سـفر ئـیش کرابیت،ئـەوە دەبـێ هەڵبوەشـێتەوە، سەبارەت بە ئیستیملاك کردنی خانووەکانی قەڵای هەولێر لەلایەن سیاحەوە ئەنجام دراوە، لەسەر ڕۆشنایی یاسـای ئیسـتیملاك ژمـارە 2 و 12 سـاڵی 1981 هـەموار کـراوە، بـە ئیسـتیملاکی ڕەزائـی، بـە ڕەزامەنـدی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی بۆ تەرخان کراوە لـە بەشـی 2 و 1و 6و 4و و 8 هـەر لـە بـابی مەنح و تحویلات، لە پارەی ڕێکخراو یونیسکۆ دراوە، وەزارەتی دارایـی حیسـابی کردووتـەوە، سـەبارەت بـەو خانووانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس ئیستیملاك کراون و جارێکی تر ئیسـتیملاك ناکرێـت، هـەر یـەك جار ئیستیملاك دەکرێ، چونکە خاوەنەکانیان ئـەو کـات بـە پێـی یاسـا و ڕێنماییـەکان قـەرەبوو کـراون، لـە شارەوانی هەولێر سجلاتی تایبەتیان هەیە بۆی، ئەو موڵکانەی کە ئیستیملاك کراون پێش ڕاپـەڕین و دوای ڕاپەڕین، ئەوەیان بەو شێوەیە، ئەگەر پرسیاری تریشتان هەیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەعقیبت هەیە؟

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی سۆران؟

**بەڕێز سمیر عبدالله/وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، بە نیسبەت ئاوی سۆران، پرسیارت کرد کە 70 ملیۆن دینار خەرجی سەرفی هەیە؟، ئەو ڕەقەمەت لە کوێ هێنا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە لە جێی خۆتان قسە مەکەن، ڕەجائەن، ڕوونی بکەرەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرچاوەیەك بەلای منەوە ڕاستە، کە وتوومە مانگانە 70 ملیۆن خەرج دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەو مەعلوماتەم نیە، بەس دوایی بە نووسراو بۆ جەنابتان ئامادە دەکەم، بەسەر چاوم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کوێستان محمد فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەمم، دیارە ساڵی 2000 لە شاری سلێمانی، گەرمیان، هەڵبژاردن کرا بۆ ئەنجومەنی شارەوانیەکان، چ لە قەزاو ناحیەکان و چ لە شارەکاندا، دوای ئەویش هەولێرو دهۆك کردوویەتی، کەواتە 12 ساڵ پێش ئێستا هەڵبژاردن کرایە، 8 ساڵە وادەی یاسایی خۆیان تەواو کردووە، ئایا هیچ بەرنامەیەك هەیە بۆ هەڵبژاردنەوە؟، ئەگەر نییە، چارەنووسی ئەو شارەوانیە کۆنانە چی بەسەر دێ؟، چونکە 8 ساڵە وادەی یاساییان تەواو بووە، پرسیاری دووەمم، سەبارەت بەو قەزایانەیە کە تا ئێستا تۆمار نەکرایە، من ئەمەوێ بە تەفصیلی تر وەڵامم بدرێتەوە، کۆمەڵێك قەزای زۆر هەیە لە پارێزگاکان، مەسەلەن ماوەتە، قەراخە، چوار تایە، لە هەولێر هەیە، لە دهۆك هەیە، ئەمانە تا ئێستا تۆماریان نیە، یەعنی دوای 20 ساڵ حوکمڕانی خۆمان، ئەکرێ ئەم قەزایانە بێ تۆمار بن؟، پرسیاری سێیەم ئەوەیە، ئێستا شارەکان گەورە بوونە، کۆمەڵێك گوند کەوتووتە ناو شارەکانەوە، من بە نموونە سلێمانی دێنمەوە، کەڵەکین و دوو گوندیش دێنمەوە، خێوەتە، تەبعەن هی دیکە هەیە، ئەمە لە شاری سلێمانی هەیە، لە دهۆك هەیە، لە هەولێر هەیە، ئەم گوندانە نەك هەر بۆ شارەکان، بۆ قەزا و ناحیەکانیش هەیە، لەبەر ئەوەی ئەمانە تۆماریان نیە، خزمەتگوزارییان پێ ناگات، گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی ئێستا خزمەت گوزاری نیە، ئەڵێن بۆ خزمەت گوزاری نیە؟، ئەڵێن خانووەکانتان تۆماریان نیە، تا کەی گەڕەکێك لە شاری سلێمانی لەبەر نەبوونی تۆمار خزمەتگوزاری پێ نەگات؟، کارەبای نەبێ، ئاوی نەبێ، ئاوەڕۆی تێدا نەبێ، داواکارم بە تەفصیل وەڵامم بدەیتەوە، کەی ئەمە تەواو دەبێ؟، تا ئەم گەڕەکانە خزمەت گوزارییان پێ بگات و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمير عبدالله/وەزيری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی پرسیاری یەکەمتان دەربارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی لە قەزا و ناحیەکان، وەزارەتمان بە نووسراوی، ئێمە بە خۆمان بە نووسراوی ژمارە 486 لە 8-9-2010 داوامان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنیوەزیران کردووە بۆ پێدانی دەسەڵات بۆ وەزیری شارەوانی بۆ گۆڕینی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی لە کاتی پێویست لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە بەسەر هەڵبژاردنەکان تێپەر بووە، ئێمە بەڕاستی بە خۆمان محاوەلەمان کردیە کە ئەو ئەنجومەنی وەزیرانە کە ماوەی یاساییان تەواو بووە، بۆشاییەکی یاسایی هەیە ئێستا لەناو ئەنجومەنی شارەوانییەکان، چەندیان لەویێ نەماینە، هەندێکیان بە تەعین هاتینە، هەندێکیان ئەوانەی مونتەخەبن ماینەوە، بەو شێوەی کە داوامان کرد بەراستی لە ئەنجومەنی وەزیران قبولیان نەکرد و گوتیان ئەمە هەر ئیدامە بدرێت و ئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگا ئینتیخاب دەکرێ، هەینێ لە زمنی بڕیارەکانی وێندەرێ ئەنجومەنی شارەوانی ئینتیخاب دەکرێتەوە، من بەخۆم مەبەستم ئەوەیە بەڕاستی کە ئەنجومەنی شارەوانی لە مودەرائی دەوائیر پێك بێت، مودەرائی دەوائیر کە لە شارە گەورەکان ئەزانن کە ئیشەکانیان چییە، ئەوان دەزانن کە وەسائیلی زیاتر موختەصە بە شارەکەیان چییە وەکو مودیری ئاوە و مودیری کارەبایە و مودیریەی ئاوەڕۆیە و تەختیت عومرانیە، هاتوچۆیە، هەتا پەروەردەیە، کارەبایە، ئەوانە دەتوانن چارەسەری هەموو ئەو پلانانەی کە دەکرێت بۆ شار ئەوانە ئاگایان لێ بێ، ئەوە چاکتر ئەوەیە بە نەزەری من بە تەعین بێت، بە دانانی ئەوانە بێت، بە مودەرائی دەوائیر بێت بۆ ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجومەنی شارەوانی چونکە ئێستا ئەوە یاسای خۆی نەماوە بەراستی، هەندێك شارەوانی هەیە ئەصلەن نیصابی قانونیان نیە، هەر بڕیارێك ئەدەن بڕیارەکە غیر قانونیە، ئەوجا ئەوە کێشەیەکی گەورەی بۆ شارەوانی چاك کردیە، ئەوە ئینشاالله بەو زووانە، من ئێستا و پێش دوو هەفتەش لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسی ئەوەمان کردووە، کە ئێستا ئەوانەی کە ماون و ئەوانەی کە نیصابی قانونیان نیە، ئێمە چی بکەین؟، ئێستا لەگەڵ 3-4-وەزیری بەڕێز دادەنیشن و لێژنەك پێکدەهێندرێت بۆ ئەوەی کە بتوانین یاسایەك بۆ ئەوە دروست بکەین کە ئەوانە بە چ شێوەیەك حەل بکەین؟، کە ئەوانەی کە نیصابی قانونیان نیە؟، ئەوانەی کە بە تەعینن یان گۆڕانکارییان بەسەر دادێ، ئەوە بەو زووانە ئەوانە وەڵامان دەدرێتەوە، سەبارەت بە پرسیاری دووەم، سەبارەت بە کێشەی ئەو ناوچەی کە تەسویە نەکراون بە پێی نووسراومان ژمارە 1944 لە 8-2-2009، دیسان پرۆژە یاسایەکمان ئامادە کردووە و بەرز کردووتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ جەردی گشت شارەوانییەکان، کە ژمارەیان 42 شارەوانیە، لەگەڵ ژمارەی زەوییەکانیان لەسەر رۆشنایی بڕگەی سێیەم لە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە 32ی ساڵی 2007، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە پەسند نەکراوە ، ئەم پرۆژە یاسایە ماوە لە نێوان ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی شورای هەرێم، ئەوە دووپاتی ئەو نووسراوەشمان کردیە، دوو جاری دیکە دووپاتمان کردەوە کە ئەو کێشەیە دەبێ حەل بکرێت، ئەگەر ئەو یاسایە بێتن و

لێره تەصدیق بکرێت کێشەی تەسویەمان نامینێت، وا بزانم هاتووتە پەرلەمانیش لە کابینەی پێنجەم، دوایی کە کابینەی شەشەم هات گۆڕانکاری بەسەر داهات و وا بزانم ئەو یاسایانەی ئەو وەختی وا بزانم گەڕایتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، تەعدیل بووە یان شتێك بووە، ئیحتیمالە لە زمنی ئەوانە بێت، موتەئەکید نیمە زۆر، پرسیاری سێیەم، پاش ئەوەی هەندێك لە گوندەکان دەکەونە ناو ماستەر پلانەوە و دەبنە بەشێك لە نەخشەی کەرتی، بەڵام سەرەتا نەخشەی گوندەکە پێویستی بە تەعدیل دەکات، هەر گوندێك کە دەکەویتە ناو نەخشەی کەرتی، ناو شارو ناو ناحیە و ئەوانە، بەراستی تەعدیلی گەرەکە، بە فراوان کردنی هەندێ لە شەقامەکان و دانانی هەندێ رووبەر لەناو سنووری گوندەکە بۆ خزمەت گوزاری هەمە جۆر، پاشان نەخشەی پەسند دەکرێ و کاری لەسەر دەکرێ، بەڵام هەندێك جار خەڵکی گوند بەخۆیان یارمەتی نادەن و ناهێڵن و ڕازی نابن دەستکاری نەخشەی گوندەکان بکرێت، لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانە، کە ئەمەش ڕێگرە بۆ جێبەجێ کردن و پێدانی هەر خزمەتگوزارییەك لەبەر نارێکی، فەرزەن گوندێك دەبینی کۆڵانەکانی زۆر تەنگە، تۆ ناتوانی خزمەت گوزاری کو دەبەیە ئەوێ؟، شەقام کو چاك بکەی؟، دەبێ مەعلومە ئەوانە تەوسیع بکرێت و خەراپ بکرێت، بەس دەبینی ڕازی نابن، بە پێی ماددەی پێنج لە برگەی 4 لە یاسای بەرێوەبردنی شاروانییەکان ژمارە 6 ساڵی 1993 هەموار کراوە و هاتووە کە : تقوم اقرب بلدية بتقديم الخدمات الى الاماكن التي تقتضي استعداد البلديات فيها، نزیکترین شارەوانی یارمەتی ئەو گوندانەو ئەو جێگایانە دەداتن بۆ خزمەتکردنیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار د.عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمد امین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری شارەوانی دەکەین، من دوو پرسیارم هەبوو، پرسیاری یەکەمیان، تایبەت بوو بە کێشەی تاپۆنەکردنی خانوو و موڵکی هاووڵاتیان، پێشتریش بەڕێزان دیارە ئەو پرسیارەیان کرد و بەشێك لە بەڕێزان، ئەو وەڵامەی کە من دەمویست وەرم گرتەوە، بەڵام جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە وەزارەتی شارەوانی هەروەها وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر هەوڵ بدەن ئەم کێشەیە بکەن بە کێشەیەك کە ئەولەویەتی هەیە لای ئەوان، زیاتر و باشتر موتابەعەی بکەن، ئەو لیژنانەی کە پێکهاتووە، مەسەلەن بەهێزیان بکات، بۆ نموونە ئەو لێژنانەی لە هەڵەبجەی شەهید هەیە باسی دەکەن، تەنها مەساحێك لێی ئیش دەکات، بۆیە وای کردووە کە کارەکان بە هێواشی بڕۆن، چونکە لە راستیدا ئەم کێشەیە و ئێستاش وەکو ئەرقامەکانی جەنابی وەزیر خستیە ڕوو، هەزارەها هاووڵاتی چاوەڕوانی ئەوەن و ناتوانن دەستکاری خانووەکانیان بکەن، یان بەشێکیان لە کاتی دەستکاری کردن یان سوود وەرگرتن لە زەویەکانیان ناتوانن سولفەی عەقار وەربگرن، پرسیاری دووەمم، تایبەت بوو بە دوو پرۆژەی ئاو کە یەکێکیان پرۆژەی ئاوی خاسەیە لە سنووری قەزای پشدەر و قەڵادزێ، ئەوەی تریشیان پرۆژەی ئاوی

دەربەنـدە لـە سـنووری قـەزای ڕانیـە، هـەردوو ئـەم مەنتیقەیـە و دانیشـتووان و هاووڵاتیـانی ئـەم سـنوورە کێشەیان هەیە لە ڕووی ئاوەوە، هەم کەمی ئاو و هەم جۆری ئاوەکەیە، ئەم پرۆژەیە ئێسـتا حالیـەن مـاوەی یاسایی کە دەبوو لەکاتی خۆیدا تەواو بێت، تێپەڕیوە، بۆ نموونە پرۆژەی ئاوی خاس لە قەڵادزێ، لە 13-3-2007 ڕۆژی دەست بەکاربوونیەتی، ماوەی پرۆژەکە 1080 ڕۆژە، واتا ئـەمڕۆ زیـاتر لـە 1750 ڕۆژە ئـەم پرۆژەیـە دەسـتی بـەکار کـردووە، بـەڵام تـەواویش نـەبووە، بـۆ تـەواو نـەبووە؟، هۆکارەکـانی چـین؟، پلانـی بەڕێزتان چیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەوڵ بدەن ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیە نەمێنێتەوە؟، بە هەمان شێوە، ئەو پرسـیارەی کـە کـردم بـە نیسـبەت ئـاوی خـاس، لـە سـنووری قـەزای پشـدەر و قـەزای قـەڵادزێ، هـەمان پرسیارم هەیە بـۆ پـرۆژەی ئـاوی دەربەنـد لـە سـنووری قـەزای ڕانیـە، لـە ڕاسـتیدا لـەوێ کـە مـن سـەردانم کردوون، مەسەلەی پرۆژەی ئاوی دەربەندی سنووری قەزای ڕانیە، خەڵـەلی ئەوەنـدە گـەورە لـە تەصـمیمی هەبووە، تۆ سەیر بکە، ئەو جووتیارانەی کە لە نزیك ئاوی دەربەند کە هەم سەر ڕێ و سـەر ڕووبـاری زێـی بچووکە، هەمیش سەر کەنار ئاوی بەنـداوی دوکانـە، جووتیارەکـان کاتێـك کـە خـانوو دروسـت دەکـەن، یـان دەیانەوێ سوود لەو زەویانە ببینن، حیساب بۆ زۆربـوون و کـەمبوونی ئاوەکـە دەکـەن، بـەڵام کـە تـەختیتی ئەساسی کراوە، ئەو شوێنەی کە داندراوە بـۆ ئاوەکـەی لـێ وەربگـیری، ئێسـتا بوویتـە وشـکانی، ناچـار بـوون جارێکی تر تەختیتەکە گۆڕانی تێدا بکرێت، بۆیە لەمەشدا لە ڕاستیدا پێویستی بەوە هەیە جـەنابتان ئـیتر موتابەعە بکەن و لێژنەی بەدواداچوون پێك بهێنن، دەمانەوێ بزانین بۆ ئەم پرۆژەیە بەو شێوە ماوەتـەوە و لە ئایندەدا بەرنامەی ئێوە چییە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ ئەم پرۆژەیە لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو ببێـت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبداللە/وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، جەنابی د.عومەر بەڕاستی ئاماژەی بە دوو پـرۆژەی زۆر گرنگـی ئـاوی لـە مەنتیقـەی ڕانیـە و قەڵادزێ کرد کە ئەو دوو پرۆژەیە بەڕاستی کێشـەیەکی زۆریـان هـەبووە تـا ئێسـتا، مـن بـە ڕاپـۆرتێکی زۆر کـورت ئـەوە دەکـەم تـا بـزانن چارەسـەری کێشـەکە چ بـووە، هـەتا ئێمـە چـیمان کـردووە تـا بتـوانین ئێمـە چارەسەری بکەین، پرۆژەی ئـاوی دەربەنـدی ڕانیـە، چوارقورنە وحاجیـاوا، بـە گوژمـەی 18 ملیـۆن و نیـو دۆلار سپێردرا بە کۆمپانیایەك بە ناوی ئاسا، لە ساڵی 2005، ڕاستە ئەوەی کە دەڵێی هەزار و قصور ڕۆژە، لە ساڵی 2005 و تا ئێستا تەواو نەبووە، لەبەر ئەم کێشانەی خوارەوە، چەند کێشەیەك هەیە ئێستا بۆتـان شەرح دەکەم، لە سەرەتاوە دیزاینی پرۆژەکە کە بە ڕێك و پێکی ئامـادە نـەکراوەو کـەموکوڕی زۆر بـووە لـە کاتی خۆی لە لایەن نووسینگەی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانیەوە ئەنجام دراوە، بە تایبەتی لە ڕووی کارەبـاو میکانیك موشکیلەیەکی زۆری هەبووە، ئەوەی کە باسی دەکەی لـە (ئـین لێتەکـەی) کێشـە هـەبووە، ئـەویش

کێشەیە، کە دەبێتن جێیەکی وای ئینتیخاب بکردبا کە وشك نەبێ، ئاوەکە لەوەندە بێت کە بتوانن ئیستیفادەی لێ بکەن بۆ (ئین لێت)، دوایی پرۆژەکە ئێستا رێژەی ئەنجامدانی گەیشتووتە 80٪، ئەو بەشەی کە ماوتەوە تایبەتە بە کارەبا، لەگەڵ میکانیك کە پێویستی بە کەل و پەلی هەیە کە لە تەندەری ڕەسەن نەهاتووە ئەصلەن، کە ئەصلێ پرۆژەیەکی ئاو و کارەباو میکانیکە زیاتر، گوژمەی تەرخان کراو بۆ بەشی کارەبا لە پرۆژە تەنها یەك ملیۆن و نیوە، یەعنی بەشێکی زۆر کەمیان بۆ داناوە کە دەکاتە ڕێژەی 8٪ی گوژمەی گشتی پرۆژەکە، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ پرۆژەکانی تر کە هەمان شێوە گوژمەکەیان دەگاتە 8٪ لە کوێ و 28٪ لە کوێ؟، پێویستی بە گوژمەی زیاد دەبێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، کاری پێویستمان ئەنجامدا بە بانگهێشت کردنی کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە تاکو هەڵسێت بە ئامادەکردنی دیزانی بەشی کارەبا، لە ڕێگای کۆمپانیایەکی پسپۆرو راوێژکاری لەم بوارەوە، ئەوان هەڵسان بەم کارە لە رێگای کۆمپانیا (ABB) کە نزیکەی دوو مانگی خایاند کە هێڵکاری و دەرخستەی تەواوی بۆ پەسندکرا لە لایەن ئەندازیار و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە و رەوانەی وەزارەت کرا، دوایی بە پێی نووسراوی وەزارەتمان ژمارە99159 لە 2011-5-10 رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا، بە مەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی بە گوژمەی پێویست بۆ پرۆژەکە، وەڵامیان داینەوە و دوای زیاتر لە دوو مانگ رەزامەندی نەدرا، دوایی دووبارە بە پێی نووسراوی وەزارەتمان ژمارە 17437 لە 2011-8-23، روونکردنەوەیەکمان ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، بۆ هەمان مەبەست، بەڵام بۆ جارێکی تر رەزامەندی نەدرا، داوایان کرد کە پرۆژەکە لەسەر بنەمای دیزاینی ڕەسەن جێبەجێ بکرێت، دیزاینی ڕەسەنیش ناقصە، کە پرۆژەکە ئەگەر هات و جێبەجێ بکرێ بەو شێوەیە ئیش ناکات و هیچ سوودیشی لێ وەرناگیرێ، ئێمە بۆ سێیەمین جار نووسراوێکی ترمان بۆ روونکردنەوە و تیروانین بە تێر و تەسەل بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کرد بە ژمارەی 22194 لە 2011-10-26 کە داوامان کرد رەزامەندی بدەن بە تەرخان کردنی گوژمەی پێویست تاکو ئەم بەرواره و هیچ وەڵام نەبوو، ئەو بڕە پارەی کە ویستیتمان داوامان کردیە کە تەرخان بکرێت، 6ملیۆن و 734 هەزار و 362 دۆلارە، ئەوە چارەسەری کێشەکە دەکات، کە ئێمە ساڵانە 4 ملیۆن دۆلار بەس تانکەری ئاو پارەی ئەوان دەدەین، بە داخەوە 4 ملیۆن دۆلار ئێمە بە فیرۆ دەدەین ئەوها بەس پرۆژەکەمان مایتەوە، 6 ملیۆن دۆلارمان نەدایە، ئەگەر پرۆژەکە تەواو بکرێت ئەو موشکیلەشمان نامینێ بەو بڕە پارەی کە لە دەستمانە، ئێمە بە باشمان زانی بەراستی بە خۆمان کە ئەو کومپانیایەی جێبەجێکاری پرۆژەکە کە هەڵدەستێ بە تەواوکردنی بەشی کارەبای پرۆژە بە شێوەی ئەلکتریك بکات، کۆمپانیاکە بەرپرس بێت لە هەر کەمو کوڕیەك کە رووبدات، پرۆەژەکە بە تەواوی قەبارەی خۆی کار بکات و دڵنیاین کە دیزاینەکە لە لایەن کۆمپانیای ئای بی بی جیهانی بە تەواوی ئامادە کراوە و بۆخۆیان راستەوخۆ کارەکانی بکەن، ئەوە بە نیسبەت ئاوی رانیە، پرۆژەی ئاوی قەلادزێ، خاس، گوژمەی ئەم پرۆژەیە دەگاتە 40 ملیار دینار، راسپێدراوە بە کۆمپانیای ڤیتا لە ساڵی 2007، رێژەی ئەنجامدانی گەیشتووتە زیاتر لە 75٪، کێشەی ئەم پرۆژەیە بریتیە لە، لە کاتی

خۆی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەڵساوە بە بڕینی نزیکەی 2.4 ملیار دینار لە فەرمانی گۆڕانکاری ژمارە یەك لە ساڵی 2009، پەسندکراو بە لێدەرکردنی چەند بڕگەیەك کە ئێمە لە کاتی خۆی ڕەزامەند نەبووین لەسەر ئەم بڕینە، چونکە بڕگەکان زۆر پێویست بوو ئەنجام بدرێت، بەڵام سوودی نەبوو، لە دوای چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ ستاف سەرپەرشیاری پرۆژەکە و ئەندازیارانی بە دواداچوون لە نووسینگەی سەرۆکایەتی هەرێم لە سلێمانی، بڕیاردرا کەوا دەبێ تەواو بکرێت، گشت لایەنەکان ڕەزامەند بوون لەسەر ئامادەکردنی گۆڕانکاری بەسەر بڕگەکانی کارەبا و میکانیك، تاکو پرۆژەکە بە تەواوی سوودی لێ وەربگیرێ، ئەوە بوو کە گۆڕانکارییەکە ئامادەکرا و پەسند کرالە لایەن گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا بە نووسراوی وەزارەتمان ژمارە 19501 لە 10-8-2011 کە داوای گوژمەی سەربار کرا بە بڕی 2 ملیار و 343 ملیۆن و 37000دینار ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامیان داینەوە کەوا ڕەزامەندی نەدرا بە پێدانی گوژمەی سەربار بە پێی نووسراوی 119996لە 25-10-2010، ئێمە دڵنیاین کەوا ئەگەر بێت و گۆڕانکارییەکە ئەنجام نەدرێت ئەوە پرۆژەکە سوودی لێ وەرناگیرێت، ناتوانین بەرپرسیش بین، ئەوە ئەو دوو پرۆژەی کە باست کرد، بەس ئەو دوو پرۆژەیە نیە، پرۆژەی ئاوی کەلارە، ئاوی کۆیەیە، ئاوی دەربەندیخانە، ئەوانە هەمووی کێشەنە، بەس ئەو دوو سوئالەت کە کرد، من بە مەحدودی وەڵامی سوئالەکەی جەنابتم دایەوە، ئەوە کێشەکانی ئێمەیە، چەندین پرسیار هەیە و لە سوئالەکانی تریش بەراستی ئومێدەوارم ئەو وەڵامە وەرتان گرتبیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەعقیبت نیە؟، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەرکەوت کە دوو پرۆژەی ئاوی ستراتیجی گەورە لەسەر چوار ملیار دینار پەکیان کەوتووە، لە ڕاستیدا نابێ ئەمە ئەوها بمینێتەوە، من داوا لە جەنابتان دەکەم بەناوی پەرلەمانەوە لەسەر ئەمە نووسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت بکرێ کە ئایا لەسەر چوار ملیار دینار دەکرێ دوو پرۆژەی ستراتیژی ئاوی گەورە، ئیتر ئاوا پەکیان بکەویێت و بمینێتەوە و لە ماوەی یاسایی خۆی دەرباز بکرێ و جێبەجێ نەکرێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکانی دادگا لە لایەن وەزارەتەکەتەوە، پێشێل کردنی یاسا نیە؟، نموونەی بڕیارەکەش کە پلەی کۆتایی وەرگرتیە، لامانە بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە،

دەتوانى جەنابت وەكو وەزيـرى شـارەوانى بەدواداچـوونى بـۆ بكـەى و هۆكـارى جێبـەجێ نـەكردنى ياسـاكە چييە؟، بە تايبەتى ئەو فەرمانبەرەى كە بە زەقى پێشێلى بڕيارەكەى كردووە بە زۆر نارەزايى وەڵامى ئـەو كەسـانەى دايـە كـە بەدواداچـوونى جێبـەجێ كردنـى ياسـايەكە دەكـەن، پرسـيارى دووەمـم، ئايـا وەزارەتـى شارەوانى و گەشت و گوزارى كوردستان هيچ شوێنێكى تەرخان كردووە بۆ پرسەى ژنان؟، بە تايبـەتى ئـەوە ئەركى وەزارەتى شارەوانيە بە پێى ماددەى 28 برگەى 12 لە بەرێوەبەرايـەتى شـارەوانييەكانى ژمـارە 6ى ساڵى 1993، پرسيارەكانى ترم هاوكارانم ئاماژەيان پێدا و دووبارەيان ناكەمەوە و وەڵامەكەشم وەرگرتـووە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابى وەزير فەرموو.

**بەڕێز سمير عبدالله/وەزيرى شارەوانى و گەشت و گوزار:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابى حاكم عەونى، بە نيسبەت كاك نشأت امين عەبدۆ، ئەوە شـتێكى خاصـە كێشـەيەكە كـە ئـەو هاووڵاتيە هەيتى، ئـەتوانێت سـەردانمان بكـات، كـە بتـوانين بـزانين بەدواداچـوونى بـۆ بكـەين، كـە بتـوانين كێشەكەى حەل بكەين، ئەگەر پەيوەنديت لەگەڵى هەيە، چونكە ئەگـەر وەكـو بـاس دەكـەى كـە دادگـا ڕێـى دوايى داوە و تەميزيش كرايتەوە، ئەو قەرارە دەبـى پـەيڕەوى بكـرێ، وەكـو نووسـراويشـە ئـەوەى وەزارەتـى شارەوانى و گەشت و گوزار نووسراويان جەختيان كردووتەوە بۆ سەر ئەوەى كە پابەند بـن لەسـەر بڕيـارى دادگا، بەس ئەگەر ئەوە بێت، ئەوە ئەو برادەرە بێـت و سـەردان بكـات، ئێمـە بەدواداچـوونى بـۆ كێشـەكەى دەكەين، بە نيسبەت سەبارەت بە دروست كردنـى هـۆڵى بۆنـەكان، ئـەوە وابـزانم وەزارەتـى ئـەوقاف بەوانـە هەڵدەستێ، ئەگەر لە ڕێگاى خێرخوازانەوە بێ و ئێمەش زەوى بۆ دابـين دەكـەين، هـەروەختێك داوا بكـەن ئێمە بەسەر چاو زەويان بۆ دابـين دەكـەين و ئـەو كێشـەيە نـامێنێ و ئەمـەش موافەقم لەسـەر ئـەوەى كـە بەڕاستى وەكو ئێمە پياوان دەچينە مزگەوت و يان قاعات هەيە لەوێ و كێشەى ئەو بۆنانە بۆ ئافرەتـانيش هەبێ، كە وەكو چادر و شتى وا هەيە لە جادەكان و ڕێگا قەتع نەكەن و ئەوە دەتـوانين بـە چاككردنى 20، 30، 40ى ئاوا لە ناو شارى هەولێر يان سلێمانى و دهۆك و شـارەكانى گـەورە بتـوانين ئـەو هـۆڵى بۆنانـە چاك بكەين و ئەو كێشەيەش چارەسەر بكەين، بەس ئەوە دەبێـت لەلايـەن وەزارەتـى ئەوقافـەوە بێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك عونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ڕاستە هاووڵاتی (نەشئەت ئەمین عبدۆك) مراجەعەتی وەزارەتی شارەوانی كردووە و جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێیدا و نووسراوی بۆ كراوە لەلایەن وەزارەت و بە ژمارە 11805 لە 2011/6/9 ، بەڵام تاوەكو ئێستا ئەو فەرمانبەرەی كە بەرپرسە لە جێ بەجێ كردنی بڕیارەكە جێ بەجێ ی نەكردووە و لێرە دەپرسین ئایا هۆكاری جێ بەجێ نەكردنەكەی چیە و وەزارەت چی كردووە بە تایبەتی هاووڵاتیەكە خۆی چەند جار بەدواداچوونی كردووە بۆ كێشەكە و موراجەعەتی وەزارەتی كردووە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە پرسیارەكان با عام بێ، شەحسی نەبێ، كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێكم هەیە، بەڵام هەوڵ دەدەم كورتیان بكەمەوە، لەبەرئەوەی تەقریبەن یەك سەرچاوە دەگرن، بۆیە جیام كردووەتەوە، ئەویش بۆ ئەوەیە كە بەشێكی كاریگەریان تایبەتە بە وەزارەتەكەی جەنابتان، یەكێكیان/ ماوەیەكە ئەو زەویانەی كەوتوونەتە بەر ماستەر پلانی یەكەم لە هەولێر و هەروەها لە شارەكانی تریش كە ئەو كێشەیە هەر هەیە، بەڵام بە تایبەت لە هەولێر 3ـ5 ساڵە خەڵكێك هەیە زەویەكەی دەستی لە بەرژەوەندیەكەی هەڵگرتووە و كشتوكاڵی بێ، زراعی بێت، پیشەسازی بێ، هەر نەوعە بەرژەوەندیەكی هەبووبێ لەوێ بە هۆكاری ئەوەی كە وەبەرماستەر پلان دەكەوێ مەسرەفی لێ ناكات و خەرجی لێ ناكات، ئەو زەویانە كاتێك كە وەبەر ماستەر پلان كەوتوون بەجۆرێك قەرەبووەكانیان بۆ دەست نیشان دەكرێ كە بەشێك لەو قەرەبووانە بە كارتێك دەست پێ دەكات و ئەو كاتە دەبێ بە تۆمار كردن و زەویەكانی بۆ تۆمار دەكرێ، یەكێك لەو هۆكارانە كەلە هەر چوار دەوری هەولێر كێشەیە، ئەو قەیرانە هەیە هەر لە كەسنەزانەوە بۆ بنەسڵاوە و بۆ دارەتو و تا دێیتە تیمار و دەگەڕێیتەوە بۆ بەحركە لە هەر چوار لای هەولێر ئەوەی كە بەبەر ماستەر پلان كەوتووە ئەو كارتانە ماوەی ساڵێكە هەیە و ماوەی دوو ساڵی ئەو كارتانە هەر كارتن و هاووڵاتی نازانێ چی لێ بكات، نەكڕینی بۆ دەكرێت، نە فرۆشتنی بۆ دەكرێت، نە معامەلەی بۆ دەكرێت، ئیللا دەبێ بە هەرزان بیفرۆشێ و كەسیش ناتوانێ ئەو زەویانە كەی شارەوانی خزمەتگوزاری بۆ دەبات و كەی ئەو هاووڵاتیە دەتوانێ مەعاملاتی خۆی بكات بۆ ئەوەی كە قەرزی خانووبەرە وەربگرێ و بۆ ئەوەی بتوانێ ئایا ئاییندەی خۆی و ئایا ئێستا كە كرێچیە كەی دەبێتە خاوەنی خانوو، بۆیە ئەو كێشانە من پێموایە شارەوانی بەشێك لە كەم تەرخەمیەكانی ئەوەیە كە هاووڵاتیانی هەراسان كردووە، ماوەی زیاتر لە ساڵێك و دوو ساڵ و تا سێ ساڵێشمان هەیە كەزەوی هەیە بە كارت و تا ئێستا تۆمار نەكراوە، یەعنی ئەو هاووڵاتیە بۆ كوێ بچێ ئەگەر شارەوانی ئەو بەشەی كە بەبەر ئەو وەزارەتەی بەڕێزتان دەكەوێ، من نالێم وەزارەتی پەیوەندداریش هەیە كە ئەو مەسەلە دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی بەبەر ئێوە دەكەوێ بۆ لەم ڕۆتینیاتە دەرناچن؟ بۆ هەوڵی ئەوە نادەن ئەو بەدواداچوونە و ئەو لێپێچینەوەیە بكەن كە كێ كەم تەرخەمە لەوەی كە هاووڵاتی باجی ئەوە دەدات، سێ ساڵ بە كارتێك

بۆ قەرەبوویەك، سێ ساڵ زەویەكی بەر ماستەر پلان كەوتووە كە نرخەكەی جۆرێك بووە كە ئێستا ناتوانێ سوودمەند بێ لەو قەرەبووە كاتێك كە دەیەوێ كارتەكەی بكرێ بە تۆمار، واتە تاپۆی وەربگرێ ئەو كارتانەی هەمووی هەرزان فرۆش كردووە و هەمووی بە وەكالەت فرۆشتووە و هیچ سوودی لێ وەرنەگرتووە، پرسیاری دووەمم ئەوەیە پاشەڕۆی پاشماوەی هوتێل و كارگە و كۆمپانیاكانی كە ئێستا لەناو چوارچێوەی شاری هەولێرن، بۆ نموونە هوتێل شیراتۆنمان هەیە، كاتی خۆی لە دانانی ئەم هۆتێلە لە هەولێر بەشێكی هەبووە بۆ چارەسەری پاشەڕۆ و پیسی و خۆڵ و خاشاكی ئەو هۆتێلە كە خۆی ئەو هۆتێلە چارەسەری ئەو پاشماوانەی دەكرد، كەچی ئێستا ڕۆژانە و هەفتانە پاشەڕۆی ئەو هۆتیلانە ڕەنگە ئەوە بە نموونە هۆتێل شیراتۆنم هێناوە هۆتێلەكانی تر ڕەنگە لەویش خراپ تر بن، هەر هەموویان بەر بوونەتە گیانی ئەو شارە و ئەو پایتەختە وبە خۆڵ و خاشاك و بە پیسی و بە خاوێنیەكانیان هاتوون لەهەر چواردەورەی شاری هەولێر پاشەڕۆكانیان فڕێ دەدەن و ئاگری تێ بەردەدەن لەهەر چوار دەورەی شاری هەولێر ئاگر دەسووتێت و بەبێ ئەوەی شارەوانی هەڵوێستێكی هەبێ و بڵێ ئەو پاشەڕۆیانە بۆ لێرە فڕێ دەدەی؟، من بە خۆم لە دوای ئەو سەیارانە ڕۆیشتووم و شوێنەكانیش مەعلومن و لەهەولێر كە لە كوێ دەسووتێنرێن، ئەوەشە كە بچینە شوێنە بەرزەكان و سەیری هەولێر بكەین وەكو ئەوەیە كە هەورێكی ڕەش بەسەر شاری هەولێر دا بێ و بەشێك لەو پیسیانەی ئەو شارە، پیسی ئەو شارە ئەوەیە كە شارەوانی بە ئەركی خۆی هەڵنەستاوە بەرامبەر بەو هۆتێلانە و یان یاسای نەسەپاندووە بەسەر ئەو هۆتیلانەدا، هەر بۆ ئەو مەسەلەیە گەڕەكی سەر كارێز و موزەحمەدو قەتەوی كە داخلی شارەوانی هەولێر بووە ئێستا بەشێكە لە شارەوانی هەولێر كۆمەڵێك كارگەی بەرد و چەو ولم و قیرو كۆمەڵێك كارگەی پیشەسازی زۆر خەتەرناكی تێدایە كە ڕۆژانە چەندین یاداشتمان بەدەست كەوتووە كە لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی یاسایی شاهێدن بۆ ئەوە و لەسەر ئەوە ئاگاداری سەرۆكایەتی پەرلەمانیشمان كردووەتەوە كە زیاتر لە بیست هەزار ماڵ هەراسان بوون لەگەڵ تۆز و خۆڵ و دوكەڵی ئەو كارگانە كە بڕیاری گواستنەوەیان هەیە و ناگوازرێنەوە لە سنووری شارەوانی هەولێر، ئێمە لە شارێك دەژین كە پایتەختی هەرێمە و سیمای ئەو شارە بە هۆكاری دوكەڵ و تۆز و خۆڵ بەڕاستی ژینگەی ئەو شارەی وا لێ كردووە كە ئەگەر لەو شوێنە بوەستی جەنابی وەزیر حەز دەكەم خۆت بچی و كلینكسێك بە دەمی خۆتەوە بگرە و بزانە ئەو كلینكسە ڕەش دەبێ یان نا؟ ئایا هاووڵاتی لەژێر ڕەحمەتی ئەو دوكەڵ و تۆز و خۆڵە بژی ئەوە ڕەوایە؟ كە دەیان و سەدان نەخۆشی لێ هاتووەتە بەرهەم و هاووڵاتیان پێیەوە دەناڵێنن، هەر سەبارەت بەو پیسی و پاشەڕۆیانە نەخۆشخانە تایبەتەكان و بە تایبەتی نەخۆشخانە حكومیەكانیش هەموو پاشەڕۆ كیمیاویەكانی خۆیان لەبەردەمی نەخۆشخانەكەیان دەسووتێنن كە ئەوەیان كاریگەری زۆر خراپی كردووەتە سەر ئەو شتانە، هەر بۆ نموونە و هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە حەز دەكەم جەنابت ئەگەر بەدواداچوون بكەی كارگەی بیبسیمان هەیە كە پێشتر كارگەی چنین بووە لە هەولێر، كە ماددەیەكی سام بەكاردەهێنێت لە بۆ بەرهەمهێنانی بیبسی، ئەو ماددە سامە ڕەبتی كردووە لەگەڵ مەجاری هەولێر،زستان خۆشبەختانە ئەوە

کاری 15 ساڵ و بیست ساڵی شارەوانیەکەی بەڕێزتانە تا ئێستا ئەگەر 10 دەقیقە باران لە هەولێر ببارێ فەیەزان هەڵدەستێ و دەبێتە ڤینیسیا، کاتێ کە ئەو حەشەرە و پیسی و کیکمیاویە دەچێتە ناو ئەو مەجرایە هەمووی سەر ئاو دەکەوێ و دێتەوە ناو شەقامەکان کە ئەوانە ماددەی کیمیاوی زۆر کوشندەن، حەز دەکەم بەدواداچوون بکەی ئەو ماددە کیمیاویە لە دروست کردنی کۆکە کۆلا و بیبسی لە هەموو ولاَتانی دنیا بە جۆرێك چارەسەر دەکرێت کە نابێ بکەوێتە سەر شەقام و یان بە جۆرێك موعالەجە دەکرێ کە موختەبەراتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە من داوا دەکەم ئێوە پایتەختی هەرێم نەجات بدەن لەدەست ئەو هەموو نەخۆشییەی کە تا ئێستا بە حەیاتی ئەوەندە مەرگ و ئەوەندە نەخۆشی سەیر و سەمەرە لەو شارە نەبووە کە ئێستا هەیە، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەم ئەم کارگانە و ئەو پاشەڕۆ کیمیاویانە و ئەو پاشەڕۆ پیسە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە، هەموومان بینیمان ئەو چێشتخانانەی کە قەدەغەدەکرێن بە گۆشتی هندی و بە خۆراکی خراپ، هەر بۆ ماوەی دوو ڕۆژ داخراون و دواتر کەوتووەتە سەر ئیشی خۆی، چیتان لێ کردووە؟ حەز دەکەم پیشانمانی بدەی بزانین سزاکانیان چین ئەوانەی کەوا پێشێلکاری دەکەن لەو مەسەلەیە، پرسیاری ئەخیرم هەر لەسەر خۆڵ وخاشاکە کە ئەگەر لەناو شاری هەولێر هەر بەڕێزێکتان ئامادەن لەگەڵ من بێ و زیاتر لەسەد تەن زبڵ لە پارچە زەویە بە تاڵەکانی ناو هەموو گەڕەکە هەژارەکان هەیە، من ئامادەم سوێند لەسەر ئەوە بخۆم و ئامادەم بۆتانی پەیدا بکەم، زیاتر لە سەد تەن زبڵ لە شاری هەولێر کۆکراوەتەوە سەر یەك، کێ بەرپرسە؟ ئەگەر شارەوانی ئەو وەزارەتە مەعنی و پەیوەندارەیە نەتوانێ چارەسەر بۆ ئەو مەسەلەیە بدۆزێتەوە کە دەیان گرێبەست و دەیان کۆمپانیا ساڵانە بە ملیار پارە وەردەگرن لەسەر ئەو پرسە، داوا لە بەڕێزت دەکەم ئەو ڕوونکردنەوانە بۆ من و بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بدەی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاك کاروان، بەڕاستی باسی چەند کێشەیەکت کرد کە لەناو شارە گەورەکان هەیە خاسەتەن بە نیسبەتی زبڵ و خاشاك و موعالەجەی ئەو زبڵ و خاشاك و موعالەجەی زبڵەکانی خاسی نەخۆشخانەکان و ئەوانەی کە کیمیاوین وزیاتر باسی مەعمەلی بیبسیتان کردووە و بۆ ئەوە زۆر ئاگام لێ نیە بەڕاستی، مەعمەلی بیبسی چ ماددەی کیمیاوی یان سام ئەوە دەکات، بەس بەنیسبەت چارەسەر کردنی کێشەی پاشماوەی نەخۆشخانەکان ئەوە بەشێوەیەکی زۆر فەنی موعالەجە بکرێت کە بە هیچ نەوعێك نابێ تێکەڵی زبڵ وخاشاکی ئیعتیادی بکرێت، بە هیچ نەوعەك ئەو زبڵ و خاشاکەی کە لە شارەوانی یان شەریکەکانی دیکە کۆی دەکەنەوە ئەوە جودایە لەگەڵ ئەو زبڵ و خاشاکەی کە لە پاشماوەکانی خەستەخانەکان دەمێنێتەوە، ئەوان دەبێ موعالەجەیەکی فەنی بکرێت کە نابێ بێتە ناو زبڵ و خاشاکانی

تر و یان له زەوی تەمری سحی بکرێت، بـه نیسبـەت ئـەوەی کـە باسـی ئـەوە دەکات کـه لـه هەنـدێ زەویـه بەتاڵـەکان زبـڵ و خاشـاك کۆکراوەتـەوە و لەگـەڵ جـەنابتم ئەمـه موعالەجەیـەکی زۆری دەوێـت، بـۆ ئـەوە هـەولێر پـێش ئێسـتا درابـووە کۆمپانیایـەك ئـەو کۆمپانیایـە نـەیتوانی بـوو موعالەجـەی کێشـەی خـاوێن کردنەوەی شار بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دوو شارەوانیمان لێ وەرگرتەوە، شارەوانی یەك و شارەوانی چوار کە بتـوانین ئێمـە بـۆ خۆمـان کـۆنترۆڵی بکـەین و ئـەوان بتـوانن کـۆنترۆڵی چـاکی شـارەوانی بکـەن، مـودەی قانونی خەلاس بووە و ئێمە گرێبەستەکەمان هەڵوەشـاندەوە، گرێبەسـتمان کـرد لەگـەڵ کۆمپانیایـەکی تـر، کردمانە تەندەر بەڕاستی نەبووە ئەوەی کـە بیدەینـە هـیچ شـەریکەتێك، تەنـدەرمان کـرد بـۆ ئـەوەی هـەر کۆمپانیایەك کە موختەس بێت بتوانێ بێتە ناو ئەو پرۆژەیە بۆ خـاوێن کردنـەوەی شـاری هـەولێر ، ئـەوە کە باسم کرد شەریکەیەکی بریتانی بردیەوە و بەداخەوە ئـەویش هـەر لـە سـەرەتاوە نـەیتوانی دەسـت پـێ بکـات و عەقدەکـەمان هەڵوەشـاندەوە، بۆیـە ئێسـتا کردوومانەتـە شـەش زوم، بـۆ ئـەوەی بتـوانین کـۆنترۆڵی بکەین، ئێستا لـە موحافـەزە لـە بەشـی تەندەرینگـە و تەنـدەر کـراوە، هـەتا لـەو ڕۆژانـە ئـەو تەندەرانـەش دەکرێنەوە و تەماشا دەکەین کە چ شەریکەیەك بردوویەتەوە و ئـەوە موعالەجـە بکرێـت، بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتوانین شارێکی ژینگە دروستمان هەبێ، شارێك بێت کە بتوانین هەموو بە تێکڕا زۆر شت هەیـە کـە دەبـێ ئێمە موراعاتی بکەین، بـەس شـارەوانی نیـە، شـارەوانی و هاووڵاتیـە و دەسـتەی ژینگەیـە و تەندروسـتیە و پیشەسازیە و هەر وەزارەتێکـی دیکـە کـە دەبـێ ئاگـای لـەو مەعاملانـە هـەبێت کـە ڕێگـەیان پێـدراوە بـە چ شێوەیەك لە حەدی خۆی زیاتر نابێـت پاشماوەیـان هـەبێت، بـەس لەسـەر شـارەوانی ئەوەیـە نـەهێڵێت ئـەو کارخانەو ئەوانەی کە لەناو شارن نەمێنێ ئەمەش بەپێی ماستەر پلان شوێن تەرخان کراوە بۆ پیشەسـازی قورس کە ئەوانە هەموو دەگوازرێنەوە بۆ ئەو شوێنانە کە نابێت لەناو شـار هـەبن، وەکـو باسـم کـرد پـێش ئێستا کە لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەنەدی ئیمە عەقدمان کردووە بـۆ ئـەوەی دوو ریسایکل لـە شـاری هـەولێر چاك بکرێت کە ئەو پاشماوانە دووبارە ئیعادە دەکرێتەوەو تەدویر دەکرێتـەوەو بـە ئیستسـماری خـۆی ئـەو تاقەش چارە دەکات و تاقەکە بە خۆڕایی دەیدات بە ئێمە، پشتگیری لەوە دەکـەین، دروسـت کردنـی یەکـەی چارەسەری تایبەت بۆ نەخۆشـخانەو کارگـەکان، بـەڵام پێویسـتە وەزارەتـە پەیوەنـدارەکانی تـریش لەلایـەك ئەوانیش هاوکار بن، یەعنی بەس ئێمە نینە کە بڵێین وەك باسم کرد وەزارەتەکانی تریش دەبێ هاوکار بن لەگـەڵ ئێمـە بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئێمـە چارەسـەری ئـەو زبـڵ و خاشـاکانە  بکـەین، بەنیسـبـەت قـەرەبوو کردنەوەی خاوەن زەویەکانی کە بەر ماستەر پلان کەوتوون و تەرخان کراون بۆ پـرۆژەی هەموو جۆرەکانی وەبەرهێنان، لـە مـانگی نیسـانی 2011 بـەهۆی بڕیارەکـانی سـەرۆکایەتی هـەرێم چاکسـازی و کووژانـەوەی زەوی و قەرەبوو کردنەوەی هەروەها پەسند کردنی نەخشـەی کـەرتی ڕاگـیرا، ئـەوە چوار مانگە لـە مـانگی نیسانەوە ڕاگیرا تا پێشی مودەتێك پێش ئێستا و دوایی ئیتلاق کراوە، بەڵام ئێستا بە بڕیارێك کراوەتـەوە و دەست بەکاری کوژانەوە و قەرەبوو کردنەوە کراوە، جەنابتان باسی ئەوەتان کرد کە ئەوانەی خاوەن زەویـن و مـاوەی سـێ سـاڵە دەبێـت هێشـتا قـەرەبو نەکراونەتـەوە، یـان ئـەوە کـاری هـەردوو لیژنـەی کوژانـەوەو

قەرەبوویە لە هەولێر کە ئەو ئیشانە لە ئاستی ئەوان بوو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرۆکایەتی شارەوانی کە کاری لەسەر دەکەن، ئەوانیش بەهۆی فراوان بوونی ماستەر پلانی شارە گەورەکان و سەرۆکایەتی دەستەی وەبەرهێنان و پێکهێنانی دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2006 ژمارە 1 ی زۆر لە پرۆژەی وەبەرهێنانی هەموو جۆرە زەویەکی داوا کرا لەیەك کاتدا، یەعنی هەند زەوی ئەوە کرا کە پێکەوە ئەو زەویانە هەمووی هەیە، ئەوانەی کە دەبووایە قەرەبوو بکرێنەوە بەڕاستی کات نەما، کە نەیانتوانیوە کاتیان نەبووە بە تەواوی بێن و هەمووی بەیەك جار ئەوانە قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوە بوو کە بە تێکڕا کە وەبەرهێنان دەستی پێکرد، قەرەبوو کردنەوە دەستی پێ کرد، تەتویری شار دەستی پێکرد، زەویەکان هەمووی ئیتفا کران، ئەوە وای کرد کە ئەو گرفتە چاك بێت کە رەقەم بدرێتە ئەوانەی کە بە زەوی قەرەبوو کراونەتەوە، ئەوەشی ماوەیەکی خایاندووە کە هەتا ئێستا ئەوانە دەبێ ئیفراز بکرێن و تاپۆ بکرێن و زەویەکانیان ببێتە سەنەد، ئەوجا ئەوە لەو پرۆسەیە دایە و بەڕاستی ئەو لیژنانە ئێستا گۆڕانکاری پێکراوە کە لیژنەیەکی زۆر فەعال تر و ئەوانە بێنە کایەوە، ئەو لیژنانە نەیانتوانی بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەستن لەبەرئەوەی فراوان بوون و یان هەر هۆیەکی دیکە بوو، لەبەرئەوە بڕیارمان دا لەسەر ئەوەی کە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە هەڵسایین بە هەڵوەشاندنەوەی لیژنەکانی قەرەبوو بۆ ئەوەی کە بتوانین بە سورعەتێکی زیاتر ئەوانە چارەسەر بکرێن، ئومێدەوارم توانیبێم وەڵامی جەنابتانم دابێتەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر من بەدواداچوونم کردووە لە وەزارەتەکەی جەنابیشت نەخشەی ئەو گەڕەکە تازانەی کە لە هەولێر لەبری ماستەر پلان قەرەبوویان وەرگرتووە لە وەزارەتەکەی جەنابیشت نیە، تەنها لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە، لەلای هەندی مەکتەب عەقارات هەیە کە بە پارە دەیفرۆشن، بۆیە من داوا لە بەڕێزت دەکەم وەکو وەزیری شارەوانی، ئەنجومەنی وەزیران با ئەو نەخشانەت بداتێ بۆ ئەوەی هاووڵاتی بزانێ چی وەرگرتووە، ئەگەر ئیستحقاقی خۆیەتی و قانونیەن قەرەبووی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرزەکەی خۆی ئیستفادە لێ بکات، دەیفرۆشێ، دەیکات یان نایکات، بزانێ چی وەگرتووە؟ کەندی وەگرتووە و دۆڵی وەرگرتووە وئەرزی وەگرتووە؟، بەڕاستی داوا لە وەزارەتەکەی جەنابت دەکەم کە داوای نەخش بکەی بۆ ئەو نەخشانە، چونکە لە شارەوانیەکان نیە لە وەزارەتەکەی جەنابیشت نیە و لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی فەرموو.

**بەڕێز سمير عبدالله (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بە نیسیبەتی ئەوەی نەخشەی کەرتی لە فلان جیّ هەیە و لە فلان جیّ نیە، بەڵکو ئەوە ڕاست بێت، چونکە هەندێك شت هەیە بەڕاستی نهێنی نەماوە لە هەندێ جێ، یان لە وەزارەت دەبینی بە سەراحەتەوە دەڵێم هەندێك شت دەبینی کە لە فەرمانێك دەردەچی یان کتابێك، نووسراوێك دەردەچێت لە عەینی لەحزە لە فلان دوکانی دەلال و ئەوانە هەیە، لە هەر شوێنێك بێت، ئەوە بەڕاستی ئەو نەقسە هەیە، هەندەی محاوەلە دەکەین کۆنترۆڵ بکەین کە ئەو شتە نەچێتە دەرێ وئێمە بتوانین ئیشی خۆمان بکەین بە شێوەیەك کە قانونی بێت و شێوەیەکە کە مەنفەعەتی هاووڵاتیان بێت و ئەو مودەتە زۆرە کە بۆ هاووڵاتیانە دەخایەنێ کە هەتا ئەوانە ببێتە رەقەم و لەوانەیە هەندێ جار درێژەی دەدرێتێ و بەس ئەوەیە کە ئیشەکە زۆرە بەڕاستی، ئەو کادیرانەی ئێمە پێ ڕاناگەن، مەساحمان بەو ئاستەی نیە کە بتوانن ئیشەکان بکەن، ئێمە فکری ئەوەمان کردووە کە بەڕاستی بیدەینە کەرتی تایبەت، کەرتی تایبەت بەوە هەستێ، بەڵکو هەندێ سورعەت بدرێتە ئەو ئیش و کارانە وکە هاووڵاتیانیش زوو لەو گرفتانە قورتار بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شڤان فەرمووە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر، پرسیاری یەکەمم لە کابینەی پێنجەم تەحدیدەن لە 2009/7/9 بە ئیمزای بەڕێز جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی بڕیارێك دەرچووە بۆ پێدانی زەوی بە کەسوکاری شەهیدان، 11 هەزار ناوە، ئەم بڕیارە بۆ هەموو پارێزگاکان چووە و بۆ هەموو شارەوانیەکان چووە هەتا ئێستا ئەم بڕیارە (أ و ب)ێکی لێ جێ بەجێ نەکراوە، هۆی چیە؟ بۆ شەریحەیەك کە هەموومان قەردارین پێوەی کە کەسوکاری شەهیدانن، پرسیاری دووەم بە پێی جوگرافیای کوردستان دەیان شوێنی گەشتوزاری باش و جوان و ڕێك و پێکی لێ هەیە کە دەکرێت ببێتە سەرمایەیەکی زۆر گەورە بۆ داهاتی کوردستان، بەرنامەی زۆر بێ نازن و زۆر بێ سەروبەر و پیسن و هیچ خەدەماتێکی پێویست و شایستە بۆ ئەو شوێنانە دابین نەکراوە کە لە ئاستی جوانی و ئەو داهاتە گەورەیە بێ کە گوتم بۆ کوردستان دەکرێ بە دەست بێت و پلان و بەرنامەی وەزارەتی جەنابتان لەو بارەیەوە چیە بۆ چاککردنی ئەم بوارە؟0، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی فەرمووە.

**بەڕێز سمیر عبداللە (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت زەوی شەهیدان، ئەوە ڕاستە و کاری جدی لەسەر کراوە، بۆ دابین کردن و دابەش کردنی بەسەر وارسی شەهیدانی سەنگەر، لە پارێزگای دهۆك زەویەکان دابەش کراون و لە پارێزگای هەولێر زەویەکان ئامادە کراون، لە پارێزگای سلیمانی بەداخەوە تەنها ناو شار نزیکەی400 پارچە زەوی ئامادەکراوە ئێستا لە قەزا و ناحیەکان سەرقاڵی کاکردنن بۆ کوژانەوەی زەوی ئیتفا، بۆیە زەوی بەدواداچوونی بۆ دەکرێت،

بەڕاستی من بە خۆم زۆر بەدواداچوونم کردووە بۆ ئەوەی کە ئەو زەویانە دابین بکرێت بۆ وارسی شەهیدان و هەتا ئێستا لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان نەکراوە، زۆر کەمە ئەوەش 400 لە سلێمانیە، پێش مودەتێك لەگەڵ جەنابی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان کۆبوونەوەمان کرد بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، من دووبارە دە جار دووپاتی نووسراومان کردووەتەوە بۆ شارەوانیەکانی سلێمانی بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، ئاخر جار گوتم ئەگەر کەسێك نەیکات هەموو محاسەبە دەکرێن، ئەگەر کەسێك پەیڕەوی ئەو فەرمانە نەکات موحاسەبە دەکرێت، ئەوجا فەرمانێك دەرچوو بۆ ئەوەی لەوێوە هەموو ئەو شارەوانیانە بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەستن کە زەوی ئیتفا بکەن و ئامادەی بکەن بۆ ئەو مەبەستە، ئێستا ئێمە ئینتزاری ئەوەین کە زەویەکان وەربگرین و دابەشی بکەین لەسەر وارسی شەهیدانی سەنگەر، بە نیسبەت هاندانی کەرتی تایبەت بۆ گرنگی دانی بە بواری گەشت و گوزار ئەویش چەندایەتی و چۆنیەتی ئەوە بەڕاستی لە گەشت و گوزار باسی ئەوەتان کرد کە چ پلانتان هەیە، پرۆژەی خزمەتگوزاری وەها نیە بۆ ئەوانە، وایە ئێمە لەگەڵ ئەوە دانین کە ئێستا ئەوەی کە بۆ گەشت و گوزار کراوە تا ئێستا پرۆژەیەکی زۆر نەکراوە، چونکە پرۆژەی گەشتوگوزاری ئەمە زیاتر ئیهتمام دەدەینە ئەوەی کە کەرتی تایبەت بیکات، کەرتی تایبەتیش دەبێ ئێمە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ دابین بکەین بۆ شوێنە گەشتیاریەکان، ئێمەش بۆ ئەوەی کە پلانێکی درێژخایەنمان هەیە و لە ڕێگەی ماستەر پلانەوە ئەو کات ئێمە دەتوانین پلانێکی تۆکمە بۆ ئەوە چاك بکەین کە ئەو شوێنانەی کە پرۆژەی گەشتوگوزاری لێ بکرێت بتوانین پرۆژەی خزمەتگوزاری و پرۆژەی تر کە بتوانێت خزمەتی ئەو دەڤەرەی بکات ئەو کات بتوانین ئێمە پلانێکی باشی بۆ دابنێین و چارەسەری بکەین، ئێمە زیاتر  بە شێوەیەکی موتابەعە ئیش دەکەین و محاوەلە دەکەین یارمەتی ئەو کەرتی تایبەتە بدەین و بۆ ئەوەی کە بتوانن لەو بوارەی پێش بکەون، تەسهیلاتیان بۆ دەکەین کە هوتێل و موجەمەعی سیاحی و مۆتێل و ئەوانە چاك بکەن و زەویان بۆ دابین بکەین کە زیاتر ئەو مودەتەی لە ساڵانی پێش ئێستا و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوویان کردووەتە هەرێمی کوردستان، ساڵ بە ساڵیش زیاتر بووە، لەبەر پێداویستی حەوانەوەی ئەوانە زۆر زیاترە ئێمە ئیجازەیەکی زۆرمان داوەتە هۆتێلەکان کە هۆتێل بینا بکرێت و ژمارەیەکی زۆر ئێستا تەختی نووستنمان هەیە بۆ حەوانەوەی ئەو خەڵکانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان، ئەو ساڵ تەقریبەن ملیۆن و نیوێك گەشتیار لە ناوەراست و باشووری عیراق و دەرەوەی وڵات هاتوونەتە کوردستان، پێشان لە حدودی 600-500 هەزار بوو یان کەمتر بوو ئێستا زۆر زیاترە، بەس ئێمە ڕازی نین بەوەندەی، من خەبەرێکی خۆشم پێیە بۆ ئەوەی کە پێشنیار کراوە کە هەولێر دەبێتە پایتەختی گەشتیاری وڵاتە عەرەبیەکان لەسەر وڵاتە عەرەبیەکان بۆ ساڵی 2014 و 2015 ئەوە ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین و پارێزگاری هەولێر ئیشی لەسەر دەکات بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەو خاڵانەی کە پێویستە بۆ ئەوەی ئەو شارە ببێتە پایەتەختی گەشتوگوزاری ئینتخاب بکرێت بە پایتەختی گەشتوگوزاری زۆر ئیشی لەسەر دەکرێت بۆ ئەو دوو ساڵەی داهاتوو انشاللە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس، هاژە خان فەرمووو.**

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار من بە نووسراو سێ پرسیارم ئاراستەی بەڕێزتان كردبوو، پرسیاری یەكەمم دەربارەی مەسەلەی ئیتفا كردنی ئەو زەویە كشتوكاڵیانەیە كە دەكەونە ناو سنووری شارەوانیەكان، تەبیعی ئەو زەویە بە پێی ئەوەی كە هەموو شارەكانی هەرێمی كوردستان گەورە بوون و بەرفراوان بوون و زۆربەی زەویە كشتوكاڵیەكان ئێستا چوونەتە ناو سنووری شارەوانیەكان و زەویەكان ئیتفا كراون، بە پێی هەردوو یاسای ژمارە 5 ی ساڵی 2007 یاسای هەموار كردنی یاسای ژمارە 3 ی ساڵی 1998 یاسای كوژانەوە و لێك جیاكردنەوەی زەویوزار لەناو سنووری شارەوانیەكان و بە پێی برگە 3 لە یاسای ژمارە 32 ی ساڵی 2007 یاسای هەمواركردنی یەكەمی جێ بەجێ كردنی یاسای ڕێكخستی موڵكایەتی كشتوكاڵ لە كوردستان ژمارە 90ی ساڵی 1975 بە پێی هەردوو ئەو یاسایە هاتووە كە ئەو زەویانە دەبێ ئیتفا بكرێ و خاوەنی زەویەكان دەبێ قەرەبوو بكرێنەوە، بەڵام ئەوەی لێرە دا من دەمەوێ ئاماژەی پێ بكەم زۆر خەڵك پەیوەندیان كردووە كە هەتاوەكو ئێستا ئەو زەویانەی كە ئیتفا كراون زەویەكانیان قەرەبوو نەكراونەتەوە، بە تایبەتی لە لای ڕواندز و سۆران، من وەكو خۆم بەناوی لیستی ئازادی و عەدالەتی كۆمەڵایەتی سكاڵای شەش هاووڵاتی لە شاری ڕواندز وەكو داواكاریەك كە یاداشتنامەیەكیان نووسی بوو ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانم كرد لە 2010/2/23 لەوێش كە بە پێی لیژنەی شارەوانی كە كۆبوونەوەی خۆی لەسەر كردبوو ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی كرا، من بۆ چەند جارێك لەگەڵ بەڕێزت دانیشتین لەسەر ئەو بابەتە بە پێی یاسا بەشی یاسایی لە وەزارەتەكەتان بەوە وەڵامی دامەوە كە دەبێ پرۆژە یاسایەك ئامادە بكرێت، پرۆژە یاسایەكە لە وەزارەتی شارەوانی لە سەردەمی كابینەی پێنجەم نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی پەرلەمانی كوردستانی كردووە و كە ئەوە پرۆژە یاسایەكە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان نێردراوە لە 2009/4/12، بەڵام لەبەرئەوەی كە خولی دووەمی پەرلەمان تەواو بوو و ئەو پرۆژە یاسایە نەكرا بە یاسا، ئێستا پێویست بەوە دەكات كە ئەو پرۆژە یاسایە بێتەوە پەرلەمان، بۆیە بەڕاستی كە من پەیوەندیم كرد بە بەشی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوان وەڵامیان ئەوە بوو  و گوتیان جارێكی دیكە وەزارەتی شارەوانی ئەو پرۆژە یاسایە بۆ ئێمە بنێرێ تا ئێمە ڕەوانی پەرلەمانی بكەین، بۆیە بەڕاستی پرسیارەكەی من ئەوە بوو كە ئایا بۆ تاوەكو ئێستا وەزارەتی شارەوانی نەیتوانیوە ئەو پرۆژە یاسایە جارێكی دیكە بنێرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لە ڕێی ئەوانیشەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان، چونكە بە پێی برگەی 3 لە یاسای ژمارە 32ی ساڵی 2007 دەڵێ وەزارەتی شارەوانیەكان لێكۆڵینەوەیەكی گشتی ئامادە و پێشكەش دەكات بۆ بەیان كردن و دەست نیشان كردنی ئەو زەویانەی دەكەونە ناو ماستەر پلانی ئەو شارەوانیانەی كە حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لە ماوەیەك دا كە شەش مانگ زیاتر نەبێ لەڕۆژی جێ بەجێ كردنیەوە پرۆژە یاسایەكە  بە چۆنیەتی قەرەبوو كردنەوەی خاوەنەكانیان بە پێی یاسا كارپێكراوەكان پێشكەش بكات، پرسیاری دووەمم دەربارەی چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئیش و كاری وەزارەتی شارەوانیە بە شێوەیەكی گشتی كە بەڕاستی خەڵك زۆر گلەیی لێی هەیە و بە تایبەتی ئەو كەسانەی**

کە بە بەردەوامی سەردانی شارەوانیەکان دەکەن و زیاتریش گلەییان لە مەساحەکانە کە بەڕاستی کاتی گونجاویان بۆ دانانێن یاخود زۆر ڕۆتینیات بەکاردەهێنن لەوەی کە ئیش و کارەکانیان دوادەخرێت، بۆیە پرسیارەکەم ئەوەیە بەڕێزتان لەمە ئاگادارن؟ هۆکارەکەی چیە؟ پرسیاری سێیەم ئەو زەویانەی کە بە موساتەحە دەدرێن بە وەبەرهێن بە تایبەتی ئەو وەبەرهێنانەی کە بیانیەکان کە لە دەرەوە دێن، ئایا لەسەر چ بنەمایەك پێیان دەدرێ و مەرجەکانیان چین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەت قەرەبوو کردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە زەوی کشتوکاڵیان هەیە و کاری بووژانەوەیان بۆ ئەنجام دراوە بە پێی یاسای ژمارە 5 ی ساڵی 2007 قەرەبوو دەکرێنەوە لەلایەن لیژنە پەیوەندارەکانەوە و ئەو کارە بەردەوامە، بەڵام سەبارەت بە پرۆژە یاسای ئاماژەپێکراو لە برگەی 3لە ماددەی یەکەم و لە یاسای ژمارە 32 ی ساڵی 2007 دا هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدراوە کە پرۆژە یاسای ئامادەکراو لەلایەن وەزارەتمانەوە بەرزکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا پەسەند نەکراوە و ئێمە دووبارە دووجار یان سێ جاری دیکە ناردیتمانەوە لە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە نیە کە نەنێردراوەتەوە جەختمان کردووەتەوە لەسەر ئەو نووسراوە، دەتوانم کە تاریخەکەشتان بۆ بڵێم کە چ وەختێك ئێمە ئەو پرۆژەمان ناردووەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا لەلام نیە بەس پێش ئێستا ئاماژەم پێی کردبوو کە ئێمە دووبارە ئەوەمان کردووەتەوە کە ئەو پرۆژە یاسایە کاری لەسەر بکرێت  کە گەڕابووەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لە مابەینی ئەنجومەنی وەزیران و شورای هەرێمەوە، ئەوانیش ناردوویانەتەوە دووبارە تەعدیلاتیان کردووە و ناردوویانەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئێمەش دووپاتمان کردووەتەوە، گوتیان ئەوا ئێستا دەینێرینەوە پەرلەمان، ئاخر شت گوتیان دەینێرینەوە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری شارەوانی وتی ئەو پرسیارانەی تر کە کردبووم لەلای ڕوون نەبوو دیار بوو، پرسیارەکان تەقریبەن وەڵامەکانم وەرگرتەوە، لەسەر ڕۆتیناتی ئیش و کارەکانی وەزارەت بوو لەگەڵ مەسەلەی موساتەحە چۆن زەوی لەسەر چ ئەساسێك  دەدرێت بە وەبەرهێنەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی موساتەحەو ئەوانە چۆن دەدرێت، ئەوە بنەماو ئەوەی خۆی هەیە كە بە چ شێوەیەك دەبێت، هەر موساتەحەكیش موزایەدەیە، بۆ ئەوەی كە ئێمە بتوانین موساتەحە لە پاش ئێستا بە شێوەیەكی شەفاف و ئەوانە بدرێتە هەر كەسێك كە داواكارە، ئێمە دەبێ پلانمان هەبێ، پلانمان هەبێ بۆ هەموو ناوچەكانی شار كە لێرە ئێمە مەبەستمانە ئەو پرۆژەیە بكرێت، ئەو پرۆژەیە لەو جێگایە بكرێت، چ خزمەتگوزاری بێ چ هەر پرۆژەیەكی تر بێت موساتح بێت و بلێت ئەمن ئەوەم گەرەكە، دەبێ بە شەرت و شروتی خۆی بێ، شارەوانی پلانی خۆی هەبێ بلێت لە بۆ سالی 2012 ئەمن ئەو پلانەم هەیە بۆ ئەوەی كە ئەمە موساتەحە بكرێتە موساتەحە و هەر موساتەحەكیش بكرێتە موناقەسە، وەكو موناقەسەك بدرێتە موساتحەكان، ئەوە پلانی ئێمەیە و لە پاش ئێستاش هەر بەو شێوەیە دەبێ كە لەمەودواوە گرفتمان نابێت بۆ ئەوەی كە زەویمان نەبێت و زەوی دەبێ تەرخان بكرێت و ئامادە بكرێت و مەشاكلی نەبێت، ئەوجا بلێینە موساتح فەرموو ئەوە موناقەسەی بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، موزایەدە نەك موناقەسە، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من سێ پرسیارم ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار كردووە، پرسیاری یەكەم و دووەمم تا حەدێك بەڕێز وەزیر وەڵامی داوەتەوە، بەڵام من دەمەوێ تەئكیدی بكەمەوە سەر لەنوێ بۆ ئەوەی هەوڵەكانیان بەردەوام بێت و هەوڵەكان خێرا تر بكرێت، بۆ جێ بەجێ كردنی مەسەلەی خانووە بێ تاپۆكان، پرسیاری یەكەمم لە سنووری هەموو پارێزگاكان دا كە ماستەر پلان كراوە بۆ شارەكان و شارەكان فراوان كراوە دیارە وەكو هاوكارانم باسیان كرد كۆمەڵێك گەڕەك چوونەتە سەر ماستەر پلانی شارەكان، من دەتوانم لەسەر شاری سلێمانی قسە بكەم دیارە هەولێر و دهۆكیش هەمان كێشەیان هەیە، لە كاتێك دا ماستەر پلانەكان فراوان كراوە، ئەو گەڕەكانەی چوار دەوری شارەكان چووەتە سەر گەڕەكەكان كێشەكەیان لە دوو كێشە خۆی دەبینێتەوە، هەندێك لەو زەویانەی كە دابەش كراون و شارەوانی دابەشی كردووە، ئەمانە تاپۆیان هەیەو تاپۆ كراون، بەڵام ئەوانی كە گەڕەكە كۆنەكانن،كۆمەڵێك خانووی كۆنی تیایە، ئەمانە تاپۆ نەكراون، یەعنی چەندین گەڕەكمان هەیە وەكو بەكرەجۆ و كۆستەی‌چەم و عەواڵ باوەمەردە، ڕاپەڕین كە پێی دەڵێن ئازادی یەك و ئازادی دوو، ئەمە لەسەر جادەكە تاپۆی نیە، بەڵام لە دووری جادەكە لەبەرئەوەی شارەوانی ئەرزەكەی دابەش كردووە تاپۆی هەیە، ئایا وەزارەتی شارەوانی هەوڵەكانی چۆن دەتوانێ چڕ تر بكاتەوە، هەنگاوەكانی باشتر بكات بۆ ئەوەی كە ئەم كێشەیە چارەسەر بكات، پرسیاری دووەمم لەسەر مەسەلەی قەزا و ناحیەكانە، كێشەی قەزا و ناحیەكان جیاوازیان هەیە، هەندێ قەزامان هەیە هەر تاپۆی نیە، وەكو هاوكارم كوێستان خان ئاماژەی پێی دا وەكو شارباژێڕ، ماوەت، قەرەداغ، هەندێكیشیان تاپۆیان هەیە، بەڵام گەڕەكە كۆنەكانیان تاپۆی نیە وەكو دەربەندی خان و كەلار، باوە نور،مەیدان، پشدەر، دوكان، حاجیاوا، ئەمانە گەڕەكە كۆنەكانن و تاپۆیان نیە، گەڕەكە تازەكان تاپۆیان

هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر بێتو ئەو لیژنانە فراوانتر بکرێن وهەوڵەکان باشتر دەڕوات بەڕێوە بۆ ئەوەی زووتر هەوڵ بدرێت چارەسەری کێشەکەیان بکرێت، چونکە هاووڵاتیان لەوە زیاتر ناتوانن چاوەڕوان بکەن و ئێستا هەر هاووڵاتیەك لەو هاووڵاتیانە خۆی بە خاوەنی خانووەکەی خۆی نازانێ، بۆ؟ لەبەرئەوەی هیچ تاپۆیەکی نیە، پرسیاری سێیەمم، لەسەر مەسەلەی ئەو خانووانەیە کە لە سنووری سلێمانی دا بە تایبەتی لەناو پارێزگای سلێمانی ڕێکخراوی هابیتات نزیکەی زیاد لە 2000 خانووی دروست کردووە، لە گەڕەکی زێڕینۆك، لە ڕاپەڕین، لە بەکرەجۆ، ئەم خانووانە تاوەکو ئێستا تاپۆ نەکراون، ئەم خانووانە کە هابیتات دروستی کردووە بۆ ئاوارەکانی هەولێر و ئاوارەکانی کەرکووك بوو، لە کاتێك دا وەزعی هەرێمی کوردستان بەرەو هێمنی ڕۆیشت، هەوڵی ئەوەیان دا کە ئاوارەکانی هەولێر وکەرکووك بگەڕێنەوە بۆ جێگەکانی خۆیان، بەزارەکی بەڕێز سەرۆك کۆماری عیراق بە زارەکی هەوڵی ئەوەی بۆ دان و وەعدی ئەوەی دا و لە هەموو هەڵبژاردنەکانیش دا ئەو وەعدە دووبارە دەبێتەوە کە ئەم خانووانە تاپۆ دەکرێن، بڕیاری ئەوەشیان بۆ دان ئەم خانووانە کە خەڵك ئەگەر بیکڕێتەوە لە داهاتوو کە بۆیان تاپۆ دەکرێت بە بێ بەرامبەر بۆیان تاپۆ دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەم خانووانە تاوەکو ئێستا تاپۆ نەکراوە و تاوەکو ئێستا لیژنەیان بۆ داناوە، تەخمینیان کردووە، ئەمە تەخمینەیان کە بۆ کردووە هەر خانوویەك بە سێ ملیۆن دینار زیاتر لەسەریان تاپۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوە هاووڵاتیان بە پارەیەکی زۆر ئەم خانووانەیان کڕیوەتەوە لە ئاوارەکان، ئەمە لە هەمان کاتدا لەم خانووانەی کە هەن لە سنووری ڕاپەڕین، خانووی ژمارە 24 و خانووی ژمارە 3 بە پێی فەرمانێك کە ئەم فەرمانەیە وکردوومە بە پاشکۆی پرسیارەکانم، تەنها ئەم دوو خانووە لە کۆی زیاتر لە 2000 خانووی هابیتات، تاپۆ کراوە بەناوی کۆمپانیای نۆکانەوە، ئایا ئەم تاپۆ کردنە بۆ لە کۆی ئەو هەموو خانووە تەنها دوو خانوو تاپۆ بکرێت بەناوی کۆمپانیای نۆکانەوە، کە ئەمە لە بەرواری 2005/3/9 دوە بۆیان تاپۆ کراوە ئەم دوو خانووە، ئێ نەدەکرا لە ساڵی 2005 دوە ئەو خانووانەی تریش کە هاووڵاتیان کڕیویانە بە پارەیەکی زۆر بۆیان تاپۆ بکرێت، ئایا بۆ ئەم دوو خانووە بە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیران هەریەکەیان بە پێی بڕی ملیۆنێك و پانزە هەزار دینار ڕسوماتیان لێ سەندوون تا بۆیان تاپۆ کردوون، بۆ دەبێ خانووەکانی تر کە هاووڵاتیان بە پارەیەکی زۆر کڕیویانە و تەخمین کراوە بە بڕی زیاتر لە 3 ملیۆن دینار، ئایا نەدەکرا وەزارەتی شارەوانی هەنگاوەکانی باشتر بکات و هەوڵی چیتان داوە بۆ تاپۆ کردنی ئەو خانووانەی هابیتات؟، لە کاتی خۆی دا کە وەکو عەرزی جەنابتانم کرد بڕیاری ئەوەیان بۆ داون کە ئەم خانووانە هەرکەسێك کڕیەوە بە بێ بەرامبەر بۆیان تاپۆ بکرێت، بەڵام ئێستا بە بەرامبەر بۆیان تاپۆ دەکرێ ، بەڵام بە بڕێکی زۆر کە ئەمە غەدرێکە لەو هاووڵاتیانەی کەئەم خانووانەیان کڕیوەتەوە، خۆ ئەگەر دەڵێن لەبەرئەوە تاپۆ نەکراوە، لەبەر تەسمیمی شار یاخود وەکو گەڕەکە کۆنەکان کە دەڵێن تەسمیمی شار نیە، خۆ ئەمە لەسەر نەخشەیەکی تازەی شار دروست کراوە بە پێی ئەو تەسمیمەی کە هابیتات کردوویەتی کۆمەڵێ گەڕەك و خانووی ڕێك و پێك و جادەکانی ڕێك و پێکە، بۆ لەناو ئەو هەموو خانووە تەنها دووانیان تاپۆ کراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبداللە (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری یەکەم و دووەم وەڵامی دراوەتەوە، تا ئێستا چەند جار باسکرا لەسەری، بەس وەڵامی پرسیاری سێیەم دەربارەی تەملیك کردنی ئەو خانووانەی کە لەلایەن هابیتاتەوە دروست کراوە لەلایەن شارەوانی کاری پێویست بەڕاستی ئەنجام دراوە، بەس لەلایەن فەرمانبەرانی تاپۆوە ڕاگیراوە، شارەوانی هیچ ئەوەیەکی نەماوە لەویٚ ئیشەکانی هەموو کردووە بە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی، ئەوان هەموو ئیشەکانیان ئەنجام داوە، بەس لەلایەن فەرمانگەی تاپۆ ڕاگیراوە، ئەگەر بەدواداچوون دەزانن کە ئەوانە تەواو کراوە یان نا، بە نیسبەتی ئەوەی بۆچی دوو خانوو دراوەتەوە نۆکان؟، ئەوە لە وەختێك بووە کە ساڵی 2005 بووە وابزانم ئەوە بە بڕیارێك تۆمار کراوە، بە یەك ملیۆن و پانزە هەزار، ئەوەش ڕسومات بووە چ ئەوە بووە دراوەتە کۆمپانیای نۆکان، دەبووایە لە هەمان کاتدا بدرێتە هەموو ئەوانەی کە لەوێندەرێ دەژین، هیچ کێشەیەك نەدەما، بەس بۆچی نەدراوە ئەوە دەبێ لەو کاتە بپرسین بۆچی نەدراوە؟، بەس ئێستا لەلایەن شارەوانی ئەوە کاری پێویستی بۆ ئەنجام دراوە و ماوە لەلایەن فەرمانگەکانی تاپۆ کاری بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت اللە شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا جەنابێ وەزیرێت دکەم، پرسیارا منا یەکێ ئەڤەیە بەری دوو ساڵا بەرێ بنیاتی بۆ ئاڤا ئاکرێ هاتە دانان کە حەتا ڤێ گاڤێ ئەڤ پرۆژەیە نەهاتیە جێ بەجێ کرن، ئایا وەزارەتا شارەوانی و گەشتوگوزار چ پلانەك هەیە بۆی یان چ پەنگاڤ هاتینە بۆ جێ بەجێ کرنا ئەڤێ پرۆژەیێ؟، پرسیارا دوویێ، جەنابێ وەزیری بەحسێ چارەسەر کرنا زبلێ و خاشاکێ ل باژێرا کر، کە چ ئەم بینین زۆربەی ئەو گوندێت کوردستانێ موشکلا ئەڤێ زبلێ هەیە و حەتا ڤێ گاڤێ نەهاتیە ڕاکرن و زۆربەیان نەخۆشیا لێ دروست بیت، ئەگەر زبلێ وخاشاکێ ل گوندا وەزارەتا شارەوانی چ پەنگاڤەك هەیە؟ پرسیارا سێ بۆ کەم کرنا و لێدانا بیرێت ئیرتیوازی کە مەترسیەکا مەزنا هەی بۆ پاشەڕۆژێ لسەر سەروبەرێ ئاڤێ و بەدیلەکی هەی کو ل ڕیباری ئاڤێ ڕاکێشن بۆ زۆربەیا گوند و باژێران، بۆ نموونە لسنوورێ قەزا بەردەڕەش کە نزیکە لە ئاڤا ڕیبارێ زێی، ئایا وەزارەتا شارەوانیا و گەشتوگوزار پلانەك هەیە بۆ ڕاکێشانێ ئاڤێ بۆ سنوورێ ڤێ قەزای؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، جەنابی کاك صباح بەنیسبەت پرۆژەی ئاوی ئاکرێ بەڕاستی ئەو پرۆژەیە زۆر درێژ بوو بەوەی کە نەگەیشتە قۆناغی جێ بەجێ کردن، ئەویش هۆی ئەوە بوو کە نەگەیشتە قۆناغی جێ بەجێ کردن کە پارەکە لە مانگی 8 و 9 گەیشتە قۆناغی تەندەری، بەڕاستی ئەو شەریکاتانەی کە موشارەکەیان کرد چەند شەریکەیەك بوون بەس ئێمە سیستەمی تەندەرینگمان بەشێوازێکی دیکە کرد کە تەقیمی فەنی ئەساسێك بێت بۆ وەرگرتنی هەر مقاولێك بۆ ئەو ئیشانە، ئەوە بوو کە تەقیمی فەنی کرا تقیمی مالی یان هیچ ناکرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بڵێین ئەو کۆمپانیایە پەسەند نەکراوە بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەوە بوو چەندین گرفتمان بۆ چا بوو لەسەر ئەوەی کۆمپانیایەك کە تەسنیفی یەك بوو، وایان دەزانی کە تەقیمەکەی ماوە و غەڵەتە و تەعنیان کرد بۆ ئەوەی دووبارە دیراسەت بکرێتەوە، ئەوە بوو کە لە پاش ئەوەی چەند جار تەعن کرا هەر تەعنەکیش مانگێك و دوو مانگ دەخایەنێت هەتا موقابەلە دەکرا و لەگەڵ یەك باس دەکرا و دەگەیشتنە ئەو نەتیجەیەی قەبوڵیان دەکرد یان قبوڵیان نەدەکرد، ئەوە بوو کە مودەتێکی خایاند، سێ شەریکە مانەوە ئەو سێ شەریکە دوویان خیتاب زەمانیان ناقس بوو، خیتاب زەمانیان پەسەند نەکرابوو لە بانکی هەرێم، کە هەینی شەرعیەتی وابوو کە لە بانکی هەرێم دەبێ خیتاب زەمانیان تەسدیق کرابێت، یەك کۆمپانیا مابوو ئەوەشی خۆی دەبێ دووبارە تەندەر بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چونکە میزانیەی ئەو پرۆژەیە زۆر بوو نووسراوێکمان کرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەوان بڕیار بدەن لەسەر ئیعادەی تەندەرینگ یان هەر بۆچوونێکی تر، ئەوانیش بڕیاریان دا بۆ ئەوەی کە دووبارە بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەوانەی کە موشارەکەیان کردبوو دیسان تەعنیان کردەوە و شکایەتیان کردەوە لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانیش نازانم لە هەر شوینێك بوو سەرۆکایەتی هەرێمیش لە لیژنەی چاکسازی بۆ ئەوەی کە دووبارە دیراسەتی بکەنەوە و تەماشا بکەن بە چ شێوەیەك ئەوە دەتوانن بەدواداچوونی بکەن، ئەوە بوو لیژنەی بەدواداچوون و لیژنەی چاکسازی هەرێمیش بڕیاری لەسەر ئەوە بوو کە دووبارە ئیعادەی تەندەرینگ بکرێتەوە، کە ئەو ماوە درێژخایەنە وای کرد کە ئەو پرۆژەیە وەها درێژەی بدرێتێ کە نەگاتە قۆناغی جێ بەجێ کردن، بەس ئێستا لە تەندەر دایە و چەندین شەریکە کە موشارەکەیان کردووە و مانگی داهاتوو 12/13 فەتح دەکرێت، 12/15 تحلیل دەکرێت و دواتر تەحلیلی مالی دەکرێت، بۆ بیدایەتی ساڵی 2012 دەگاتە قۆناغی جێ بەجێ کردنیش انشالله، ئەوە بەنیسبەتی ئاوی ئاکرێ، بەنیسبەتی زبڵ وخاشاك، وابزانم زۆر باسی زبڵ و خاشاکم کرد کە بە چ شێوەیەك ئێستا ئێمە چارەسەری دەکەین و خاسەتەن بۆ مەنتیقەی ئاکرێ و بەردەڕەش و شێخان و ئەو مەنتیقەی کە جەنابت نوێنەریانی، لەوێندەرێ بەو شێوەیەی کە باسم کرد چارەسەر دەکرێت و مەعمەلی (ریسایکلین) دادەنرێت و تا ئەو کاتەی کە مەعمەلەکە تەواو نەبێت ئەوانە بە شێوەی تەمری سحی دەبێت چارەسەر بکرێت، بەنیسبەتی بیری ئیرتوازی لێ دەدرێت لە شارەکان و

ناحیەكان و گوندەكان پلانمان چیە بۆ ئەوە؟ وەزارەتمان بۆ پاراستنی ئاوی ژێر زەوی پلانـی تـەواوی هەیـە بۆ دابین كردنی ئاو لە سەرچاوە ئاویەكان،ڕووبارەكان خاسەتەن، وەساڵانە بودجەیەك تەرخان دەكرێـت بـۆ دیزاینی پرۆژەكانی ئاو لە ڕووبارەكان و هەر پرۆژەیەك تەواوی گوندەكانی دەوروبەری ناوچەكەشی لەگـەڵ دایە، جێ بـەجێ كردنـی پرۆژەكـانی ئـاویش بـە پێـی ئەولەویـەت تـەرخان دەكرێـت و بودجـەمان دەچـێتە بواری جێ بەجێ كردن، بۆ پرۆژەكان زیاتر محاوەلە دەكەین لە ئاوی ڕووبار سوودی لێ وەربگرین، ئاوی ژێر زەوی ئیستفادەی لێ نەكەین زیاتر كە ئەو ئیحتیات بمێنێتەوە بۆ داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی كردبوو بەشێك لەو پرسـیارانە تەبعـەن وەڵام درایـەوە، بـەڵام هەندێ لە وەڵامەكان بە باوەڕی مـن موقنـع نـەبوون، بۆیـە ئیزافـەم هەیـە بـۆ پرسـیارەكە، پرسـیاری یەكەمم تایبەت بوو بە مەشروعی ئاوی خاس لە شاری قەڵادزێ كـە بـەڕێز د.عمـر نـورەدینی پرسـیارەكەی ورووژاند، ئەم مەشروعە تەبعەن لە سەرەتای دەسـت بەكاربوونیـەوە تـا ئـەمڕۆ بـە بـەردەوامی كولفەكـە و مودەكەی بە بەردەوامی بەرەو سەرەوە دەچێت، یـەعنی پرسـیاری مـن ئەوەیـە بـە جـدی ئەمـە هـەر وەكـو كولفە و هەم وەكو مودە تاكەی بەرەو سەر دەچێت؟ یەكەم جار تەبعەن ئەم مەشروعە بڕی 11 ملیاری بۆ تەرخان كرابوو ئێستا لـە 11 ملیـارەوە گەیشـتووەتە 40 ملیـار، لـە 11 ملیـارەوە بـۆ 40 ملیـار حكومـەتی هەرێم موشكیلەی نەبووە بەڵام ئێستا دوو ملیاری دیكـەی پێویسـتە بـەرز بكرێتـەوە موشـكیلەیەكی گـەورە دروسـت كـراوە و پرۆژەكـە وەسـتێنراوە و خـەڵكی دەڤەرەكـە لـەم وەسـتانە زیادمەنـد دەبێـت، ئەگـەر ئـەم مەشروعە جێ بەجێ بكرێ و پارەكەش زیاد بكرێت كۆمەڵێك ئەشـكالیەت ، وەكـو كۆمـەڵێك مەشـاكلی ورد هەیە ئەگەر جێ بەجێ نەكرێ و چارەسەری بۆ نەكرێت ناتوانرێ سوود لـە پرۆژەكـە ببینـرێ، بـۆ نموونـە نەبوونی هێڵێكی گواستنەوە لە حەوزی ڕەئیسی مەشروعەكە بۆ ناو شاری قەڵادزێ، ئەگەر ئەم هێڵـە نـەبێ و بەڵكو بە سیستەمە كۆنەكە بێ ئاوەكە لە حەوزی ڕەئیسیەوە بگوازرێتـەوە بـۆ حـەوزی حەسـار و لـەوێوە تەوزیع بكرێ بۆ ناو قەڵادزێ، ئەم مەشروعە ناتوانرێ وەكو پێویست ئیستفادەی لێ بكرێت، دوای ئەوە ئـەم مەشروعە كۆمەڵێك ئەجهیزەی زۆر پێشكەوتووی تێدایە پێویسـتی بـە كـادری فـەنی هەیـە و پێویسـتی بـە میكانیكی كارەبایی هەیە، ئەگەر لە ئێستاوە پلانێـك دانـەنرێت بـۆ ئـەوەی كـە ئـەم خەڵكانـەی بـۆ تـەعین بكرێت و بۆی ئامادە بكرێت ڕاهێنـانی پـێ بكرێـت و ئـەم مەشـروعە دەكرێـت لـەو كاتـەی كـە تـەواو دەبـێ ناتوانرێ ئیستفادەی لێ بكرێت و تەئخیر ببێ لە سەر نەبوونی كادیری پێویست، بۆیـە مـن پێشـنیار دەكـەم یەعنی وەزارەتی شارەوانی وەڵامێكی دەقیقمان بداتەوە، ئەم مەشروعە تاكەی بەم شێوەیە بـەردەوام دەبـێ، دووەمیـان ئایـا پلانیـان چیە بـۆ ئـەم پێداویسـتیە وردانـەی كـە بـۆ ئـەم مەشـروعە پێویسـتە جـێ بـەجێ

بکرێت؟، پرسیاری دووەمم کە بەشێکی وەڵامەکەی درایەوە و تایبەت بوو بە مەسەلەی ریسایکلین لە هەرێمی کوردستان داو زۆربەی شارەکانی ئێمە خاوێن دەکرێنەوە بەڵام کاتێك کە خاوێن دەکرێنەوە لە نەتیجە دا ناتوانرێ چی لەو خاشاکە بکرێت، بە تایبەتی خاشاکی توبی کە من زۆر حەریسم لەسەر ئەومەسەلەیە زیانێکی زۆری هەیە لەسەر سەلامەتی هاووڵاتیان، ئەو کرێکارانەی کەلە شارەوانیەکان ئیش دەکەن، من بۆ خۆم بینیومە کرێکاری شارەوانی کە دەرزی چووە بە دەستی دا زیانێکی زۆری پێگەیاندووە و ژیانی کەوتووەتە خەتەرەوە، یەعنی تا ئێستا هەر بە قسە دەگوترێ، ئەو مەسەلەیە خەتەرە و چارەسەری بۆ ناکرێت، سەبارەت بە مەسەلەی تەجاوزات و خانووی بێ تاپۆ لە دەڤەری پشدەر تەبعەن، دەڤەری پشدەر بە شێوەیەکی گشتی و شاری قەڵادزێ کێشەی زۆری هەیە بە تایبەتی تەجاوزات، یەعنی ئێستا کە قسەی تیا دەکەین تەجاوزات دەکرێت،بەڵام دەسەڵاتی مەحەلی ناوچەکە قودەرەتی ئەوەی نیە کە ئەو تەجاوزاتانە بوەستێنێ، یەعنی شارەوانی وەزارەتی شارەوانی پلانی چیە بۆ رێگرتن لەم تەجاوزاتانە، مەسەلەی ئیتفا من بەشێك لە وەڵامەکەی موقنع بووە، بەڵام مەسەلەی ئیفراز لە قەزاو ناحیەکاندا ئیفراز ڕووبەری مەساحەکە زۆرە بۆ نموونە لە قەزا بێت 500م بێت و لە ناحیە 300م بێت، زۆرجار ئەمە وای کردووە نەبوونی کەمی مەساحەکە بۆ نموونە زۆر کەس هەیە 400م ی هەیە و دوو سەهمە، وای کردووە نەتوانیوە سوود لە سولفەی عەقار وەربگرێ، ناچار دابەشی دەکات یەکی لەسەدا پەنجا 10 ملیۆن، 10 ملیۆن دابەش دەکرێت، من پێشنیار دەکەم، یەعنی وەزارەتی شارەوانی ئیشی جدی بکات لەسەر ئەوەی کە ئەم ڕووبەرە کەم بکرێتەوە، بۆ 400م بۆ ئەوەی عەمەلیەی ئیفراز لەم ناوچانە تەفعیل بێ و خەڵك بتوانێ موستەفید بێ لە زەویەکانیان، لە ناحیەکانیش دا لە 300م وە بکرێتە 200م بۆ ئەوەی ئەوانیش موستەفید بن لەبەرئەوەی مەوقعی جوگرافی لە ڕووبەری زەویەکان بۆ ئیفرازات دەور دەبینێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر پێویستە بگۆڕدرێ، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبداللە (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئاوی قەڵادزێ بەڕاستی زۆر باس کرا لەسەری، بەس ئەوەی کە باسی هێڵە زیادە بکرێت بۆ ئەوەی کە سوود لە ئاوەکە وەربگیردرێت، ئیحتمالە تەفاسیلی ناتوانم بچمە ناو ئەوەی کە بە چ شێوەیەك ئەو پرۆژە کوە بە چ شێوەیەك ئەو ئاوە لەوێ جەمع دەکرێتەوە دوایی یان پۆستەرەکانی دادەنێت و ئیحتمالەکی زۆرە ئەوانە دیراسەت هاتبێتە کردن، بەس ئەو کێشەیە هی کارەبا و میکانیکی زۆر هەبوو کە دەبووایە ئەوەش چارەسەر بکرێت، بۆ هەندێ دەپرسم بە دەقیقی تەماشا دەکەم ئەو هێلە کە پێویست هەیە یان نیە، وەڵامی جوابەکەت دوایی دەدەمەوە، بە نیسبەتی کێشەی تەجاوزات و تاپۆ کردنی زەویەکان بە پێی نووسراومان ژمارە 17431 لە 2009/10/27 پرۆژە بڕیارەکمان ئامادە کردبوو بۆ بەرز کردنەوە

بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەن، بەلاَم تاوەكو ئێستا نەهاتووە، ئەو پرۆژەیە بگەڕێتەوە بەڕاستی زۆر كێشە حەل دەكرێت بە نیسبەت ئەوەوە، دوو كێشەی ترمان هەیە كێشەی زیادە و كێشەی زەویمان هەیە كە تەسویە نەكراون، جەنابت باسی زێدەڕۆییكانت كرد و تەسویەشت كرد، هی تەسویەش ئێمە بە نیسبەت كێشەی زێدەڕۆیی بەڕاستی ئێمە بە نووسراوی ئەوەی ئێستا باسم كرد لە 10/27 پرۆژە بڕیارێكمان تایبەت بە تەمدید كردنی خانووی سەرپێچی یاخود زێدەڕەوی بەناوی نیشتەجێ یەكانی لە سنووری شارەوانیەكان بەرزكراوەتەوە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەلاَم تاوەكو ئێستا ئەم پرۆژەیە هیچ گفتوگۆی لەسەر نەكراوە و پەسەند نەكراوە، هەروەكو بەڕێزتان ئاگادارن كە لیژنەیەكی بالاَ پێكهێندرا پێش ئێستا لیژنەیەك پێكهێنرا لە ئەنجومەنی وەزیران بەناوی دەستە، كە هەموو ئەو دیراساتانە لەوێ بكرێت و بتوانن ئەوانە موتەفەرغ بن بۆ ئەوە ئەو پرۆژەیە كە بتوانن چارەسەری بكەن پاش مودەتێك ئەوەش هەلۆەشاوە هەموو گەڕایەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران پاش چەند مانگێك بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئیمە لە ئیدارەی سلێمانی پێش ئێستا بڕیاری ژمارە 241 سالَی 1991 تایبەت بە تەملیك كردنی موتەجاوزین درێژ كرایەوە، ئەوانە هەر ئیشیان لەسەر ئەوە كردووە، یەعنی موستەمر لەسەر ئەوەی دەڕۆن كە تەملیك كردنی تەجاوزات، ئەو كێشەیە بڕەك كەمترە ئەمە بەڕاستی زۆر جەردی ئەوانە كراوە كە ئەوانە چەند خانووی تەجاوزمان هەیە لە گشت هەرێمی كوردستان، كە دەتوانم بۆ ئێوەی بەڕێز باس بكەم كە بە پێی ئەو جەردانەی كە لە سالَی 2010 دوە كراوە ئاخر جەردی 2010 بۆ خانووی زێدەڕۆیەكان لە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەم شێوەیە سنووری پارێزگای هەولێر لە سنووری مەركەزی شاری هەولێر 573 خانووە، لە سنووری قەزاو ناحیەكانی پارێزگای هەولێر 24183 خانووە، سنووری پارێزگای سلێمانی شارەوانی سلێمانی جەردیان نەناردووە لەبەرئەوەی بڕیاری ئیدارەی سلێمانی ژمارەی پێشو 141 ی سالَی 1999 ماوەی كارپێكردنی درێژ كراوەتەوە كاریان لەسەر كردووە، لە سنووری قەزا و ناحیەكانی پارێزگای سلێمانی 15705 حالَەت جەردی بۆ كراوە، بەلاَم بەهۆی درێژكردنەوەی ماوەی كاركردن بە بڕیاری سەرەوە تەملیك كردنیان ئەنجام داوە و بەردەوامن، لە سنووری پارێزگای دهۆك لە سنووری مەركەزی شارەوانی دهۆك 7 هەزار خانووە، لە سنووری قەزا و ناحیەكانی پارێزگای دهۆك 1262 خانووە، دەربارەی ئەو پرۆژە بڕیارەی كە لە پەرلەمانی كوردستان پێش چەند ڕۆژ باسی لەسەر كرا، كە داوای ناردنی چاوپێخشاندنەوە بڕیارەكە دەركەوت تایبەتە بە تەملیك كردنی خانووی بێ تۆمارەكان بووە، بەلاَم هیچ لەوەی كە باس كراوە ببوورە من چوومە ناو ئەوەوە مەرجی تێدا نیە بێ نرخە و بێ ئەوەیە، لێرە ئەگەر بكرێت ئەو پرۆژەیە شتێكی زۆر باشە، بتوانێت دیراسەتێكی زیاتر و قولَتری لەسەر بكرێت و یان ئەو پرۆژەیەی یان ئەو فەرمانەی كە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە فەرمانی 41 كە دەرچووە ئێستا ئیشی لەسەر پێ دەكەن لە پارێزگای سلێمانی ئەوە دیراسەت بكرێت و ببێتە بڕیارێك لە پەرلەمانی كوردستان بتوانرێ ئیشی لەسەر بكرێت، ئەوە زۆر كێشە حەل دەكات، وابزانم ئەوەندە بوو وەلاَمی جەنابت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیرێ شارەوانی و گەشتوگوزار، ڕاستی پرسیارا من گرێدانا ڤی پرۆژا پردا دەلال، بۆ چاکرنا پرا دەلال هەر سالێ 2010 هاتبی بەس هەتا دوماهیکا 2010 چ تشت نەهات بوویە کرن، ئەو ژی لبەر مەسەلا کێشا تەندەر و ئەو بخەنە دەست چونکو کۆمپانیایەکا تورکی یان ئیرانی، 2011 دا وەسا دیار بی کە ئەو تەندەرانە کۆمپانیایەکا ئیرانی دەس بکارێ خۆ کرن، بەس هەتا نوکە کارێ وانا بسستی برێڤە دچیتن، پرسیارا من ئەوەیە دوو خالا ڤە گرێدا یا یەکێ ئەرێ ئەڤ پرۆژە گەهێشتە کیڤە و یا دوویێ ژی ئەرێ چەند پارە هاتە سەرف کرنێ هەتا نوکە و چەندی دی مایە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسەبت پردی دەلال بەڕاستی ئەو پرۆژەیە دراوەتە مقاولێکی ئیرانی یان خۆماڵی؟ ئیرانی ئیش لەسەری دەکەن، بەس دیارە پاش مودەتێك نەیانتوانیوە کە ئەو مەوادانەی کە پێویستە بۆ پردی دەلال دابینی بکەن خاسەتەن ئەو کلسەی کە هەیە بۆ ئەو بەردانەی کە بەکاردەهێنرێت نەیانتوانیوە لە مەنتیقەی خۆیان بێنن لە مەناتقی دیکە محاوەلەیان کردووە بێنن، ئەوەش بووەتە کێشەك لە مابەینی موهەندسینی سەرپەرشتیار و مقاولی ئەو پرۆژەیە، بۆ هەندێ ئێمە محاوەلەمان کرد کە لیژنەیەك پێك بهێنرێت، لیژنەیەك چووە دیراسەتی کردووە و لێکۆڵینەوەی کردووە لەسەر ئەوەی کە بتوانن چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ ئەو کێشەیە، گەیشتینە قەناعەت ئەوە کە مانگێك فرسەت بدرێتە ئەو مقاولە بۆ ئەوەی کە چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، پاش مانگێك ئەگەر نەکرێتەوە سحبی عەمەل دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێزسیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەبوو، پرسیاری یەکەمم، لەوەتەی من هاتوومەتە پەرلەمان هەر باسی ئاوی کلێسەی دەکەن لە کۆیە، نازانم کێشەکە چیە؟، بەس کێشەکە وابزانم گەیشتووەتە دادگا و ئەو شوێنانە ئەگەر بەڕێز وەزیری شارەوانی بۆمان ڕوون بکاتەوە، چونکە ئەو کێشەیە وابزانم پەیوەندی بە لایەنی هونەریەوە

نیە، هەرچەندە ئەوەی پەیوەندی بە کەسێکەوە هەیە لە سلێمانیەوە لەگەڵ کۆمپانیایەکە کە ناکۆکی کەتووەتە بەینیان و لەسەر قازانج.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان کێشەکە لە دادگایە؟ ئەگەر لە دادگا بێت نابێ لێرە باس بکرێت تاوەکو دادگا بڕیاری لەسەر دەدات، ئاخر ناکرێت بە پێی یاسا خوشکی من ئیلتزام بە قانونەکانمان بکەین و بە پێی یاسا ئەگەر لە دادگا بێت موناقەشە ناکەین، تکایە بۆ پرسیارەکەی ترت؟فەرموو.

**بەڕێزسیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە ناتوانێ جەنابی وەزیر بەس تەنها وەڵامەکمان بداتەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە نا دەتوانی دواتر بچیتە لای و قسەی لەگەڵ بکەی، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێزسیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشە نیە، پرسیاری دووەمم تەرك دەکەم لەبەرئەوەی زۆر باسکرا خانووە بێ تاپۆکان، پرسیاری سێیەمم، بە نیسبەتی پرسیاری سێیەم لەناو هەولێر گەڕەکەکانی ناو هەولێر گەڕەکی عارەبان و تەعجیل و خانەقا، تەبعەن موڵکەکانیان با بڵێین لێیان ستاندراوەتەوە و دەستیان بەسەر گیراوە ئایا کردوویانەتە پرۆژەك ئەوە جەنابی وەزیر دەزانێ، بەڵام داواکاری خەڵکەکەیە کە هاتووەتە پەرلەمانی کوردستان ڕەوانەی لیژنەی شارەوانی کراوە و داوای ئەوە دەکەن کرێچیەکان قەرەبوو کراونەوە، بەڵام خاوەن موڵکەکان قەرەبوو نەکراونەتەوە، داوای قەرەبوو دەکەنەوە، لەبەرچی؟ یەعنی لەبەرچی کرێچی قەرەبوو دەکرێنەوە ، بەڵام خاوەن موڵکەکان قەرەبوو نەکراونەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله (وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە خاوەن موڵکەکانی گەڕەکی عەرەب و تەعجیل و خانەقا و تەیراوە لەبەرئەوەی کاری ئیستملاکیان بۆ نەکراوە، قەرەبوو نەکراونەتەوە، کە ئیستملاك نەکرابێت قەرەبووش ناکرێنەوە، بەڵام هیچ نیشانەی گلدانەوەشی (عدم التصرف) لەسەر موڵکەکانیان نیە، یەعنی دەتوانن هەر چ بکەن، دەتوانن سوود لە موڵکەکانیان وەربگرن و کاری فرۆشتن و ئەوانەشی لەسەر ئەنجام بدەن، هیچ کێشەیەکیان نیە، .سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە دەستی بەسەردا گیراوە، لەوانەیە نەتوانن تەسەڕوف لەسەر مولْکەکانیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبداللە(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو مەعلوماتەی کە من هەمە، نیشانەی گلدانەوەیان لەسەر نیە، دەتوانن تەسەڕوفی پێوە بکەن، بەڵکو هەندێ شوێن هەیە بۆ فرزۆنی پێ دەڵێن ئەوانیش چارەسەر کراوە، پێشتر وا بوو دەبوایە پێش ئێستا ئەوانە هەموویان ئیستیملاك بکرێن، بەس کە حساب کرا پارەیەکی زۆر زۆری پێ دەویست، بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە هەمووی ئیستملاك بکرێت، یان ئەگەر بەزەویش بدرایە ئەوە زەوییەکی زۆری دەویست، لەبەر هەندێ ئەوە ڕاگیرا، ئەگینا دەتوانن تەسەڕوفی پێوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شلێر محمد نجیب، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڕاستی من چوار پرسیارم هەبوو، پرسیاری ئەخیریان، باس ناکەم چونکە وەڵامەکەم وەرگرتەوە، بەنیسبەت پرۆژەکانی ئاوی ڕانیەو قەڵادزێ بوو، بەس باسی دەربەندیخانی نەکرد، بەنیسبەت پرسیاری یەکەم: ئێمە کاتی خۆی نووسراوێکمان کردووە، بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەمان بدەنێ لەسەر پرۆژەی دانانی پێوەری ئاو، بۆ هەر سێ پارێزگاکە، کە گوژمەکەی (50)ملیۆن دۆلارە، ئەو وەڵامەی کە پێمان گەیشت وەکو لیژنەکەمان، بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە (1036) لەبەرواری 2011/9/25، هەر شەرحی وەزعەکەمان بۆ دەکەن ولە ئەخیردا ڕوونکردنەوەکە دەڵێت ئەو گرێبەستە لە بەرژەوەندی بەڵێندەر کراوە لەگەڵ(D.M.C) ئیماراتی لەوەش ئەچێت بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانەی کە بۆ ئێمەیان کردووە، مەشروعێکی فاشیلە ناتوانێت کاری تێدا بکرێت، من پرسیارەکەم ئەوە بوو، ئەگەر ئەم پرۆژەیە ناتواندرێت جێبەجێ بکرێت، سحب عەمەلەکەی ئەوەندە زەرەری حکومەت دەگەڕێتەوە، یەعنی لەجێگای خۆی ڕاوەستاوە ئەوە 3 ساڵە، بەنیسبەت پرسیاری دووەم: بەڕێز جەنابی وەزیر کە ئێمە بەدوادا چوون دەکەین، لیژنەکەمان بۆ مەوزوعی ئەو خانووە بێ تاپۆیانە بەتایبەتی لە سلێمانی، کۆمەڵێك بڕیاری مەجلسی قیادەی سەورە هەیە، من ژمارەکەشم نوسیووە، (940) هی ساڵی 1978، کە باسی دابەشکردنی زەوی دەکات بۆ قەزاو ناحیەکان، لە قەزاکاندا دەڵێت (250)مەتر، لە ناحیەکاندا دەڵێت، (300)مەتر، ئێمە کەبمانەوێت ئەو خانووە بێ تاپۆیانە تاپۆ بکەین، تکات لێ دەکەم کە ئەم بڕیارانە ئێوە بەیاسایەك محاوەلە بکەن لەگەڵ وەزارەتی داد، کە ئەمانە هەمووی هەموار بکەن، چونکە هیچی لە

بەرژەوەندی ئەو گەڕەکە کۆنانەدا نیە لەشارەکاندا، چونکە هەیە (80)مەترە، هەیە (100)مەترە، کە بەتایبەتی قەزاو ناحیەن، وە حەقی خۆشیانە کە لەسەریان تاپۆ بکرێت، کە دەچنە دائیرەی تاپۆ لای شارەوانی تەواو دەبێت، لە تاپۆ پێی دەڵێت بەپێی ئەو بڕیارە من ناتوانم تاپۆی بکەم لەسەرت، هەروەها بڕیارێکی تری مەجلسی قیادەی سەورە هەیە، کە لەوە دەچێت ئیشی لەسەر بکریت، ژمارە(810) لەساڵی 1988 پێش پرۆسەی ئەنفال دەرچووە، ئەمە بەتەواوی دەستیان گرتووە بەسەر ئەو زەویانەی کە بەدەست جوتیارانەوە بووە، موجەمەعاتی قەسری لەسەر دروست کراوە، هیچ حەقێك نەدراوە بە جوتیارەکان، ئێستا کە دەیانەوێت تاپۆی بکەن، جوتیارەکان وابزانم لە دەعاوی مولکیەش شکایەتیان کردووە، ئەبێت ئەوەش چارەسەر بکرێت، ئەگینا ئەو کۆمەڵگایانە بەتایبەتی ئەوانەی لەساڵی 1987 دروست کران، بەهیچ شێوەیەك لەوە ئەچێت نەتوانن ئیشی تاپۆی لەسەر بکەن، بەنیسبەت قەراری ( 398)لە مەجلسی قیادەی سەورە، لە 1987/6/6، ئەمە ڕێگرییەکە بەڕاستی شارەوانی ناتوانێ مەنعی تەجاوز بکات، بەمە ئێمە بۆمان دەرکەوتووە کە بەشی تەجاوزات زۆرجار شکایەتیان لێ دەکرێت لە مەحاکم، وە مەحاکم بەس دەڵێت سەرۆکی شارەوانی نابێت لەبەردەمی مەحکەمەدا بێت، تکایە کارێك بکەن من هیوادارم کە جەنابت ئەم مەوزوعە لای ئێمە زۆر گرنگە، چونکە پەیوەندی بەژیانی زۆر خەڵکەوە هەیە، ئەمە بە حەملەیەکی نیشتمانی دەکرێت، کە دەبێت پارەیەکی باشی لە بودجەدا بۆ دابندرێت، ئێمە هەموو تەئیدی دەکەین وەکو پەرلەمان، چونکە ئەمە کێشەی هەموو خەڵکە، پرسیاری سێیەم: بڕیاری ژمارە(32)ی ساڵی 1986، بۆ موزایەدە، ئێمە موزایەدەکان کە دەکرێت بۆ فرۆشتنی ماڵ و موڵکی حکومەت ئەوەی کە سەیر دەکەین لە شارەوانیدا کێشەیەك هەیە، کە دەبێت تەنها بە موزایەدە بێت، بەپێی ئەو بڕیارە، لەکاتێکدا دەستەی وەبەرهێنان هەر زەوی لەشارەوانی وەردەگرێت بۆ پرۆژە، بەبێ بانگەواز، شارەوانیەکان داوایان لە ئێمەش کرد کە بەڕاستی ئێمەش حەز دەکەین ئەو بڕیارە هەموار بکرێت، ئەگەر لیژنەیەکی تەقیم هەبێت، ئەو خەڵکەی کەوا خاوەن فیکرەیەکە، ئیشەکەی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوە تکایە ئەو یاسایانە هەمووی یاسای حوکمێکی شمولیە کە بەکەڵکی ئەم ڕۆژە نایەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك، بەنیسبەت پێوەری ئاو، بەڕاستی ئەوە بووە بە کێشەیەکی گەورە بۆ من، ئەو پێوەرە کە مولاحەزەمان کرد پێوەرێکی باش نیە، پارەیەکی زۆریشی بۆ تەرخان کراوە، ئێمە هەستاین بۆ ئەوەی کە دڵنیا بین ئەو پێوەرە دەتوانێت خزمەتی هاووڵاتیان بکات، لەگەڵ کۆمپانیایەك کە ئەو پرۆژەیەی وەرگرتووە، پێمان وتن ئێمە ئەو دەنێرین بۆ موختەبەرو فەحسی دەکەین، چونکە لە گرێبەستەکەشدا نیە، کە فەحس کردن و ئەو شتانەی تێدا نەبوو، بەس ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەن

ئیشین، مەسڵەحەتی عام بۆ ئێمە زۆر گرنگترە، وتمان ئێمە ئەوە دەکەین، بۆیە مەجبورمان کردن کە ئێمە بینێرین بۆ فەحسی تاقیگە، چەند نموزەجێکمان وەرگرتن و ناردمانە تاقیگەیەکی عالەمی لە نەمسا، لەپاش ئەوەی کە نەتیجەکەی دەرچوو، بۆمان دەرکەوت کە هەمووی فاشل بوو، گومانمان نەبوو لەوەی کە فاشل دەبێت، بەس وتمان با دڵنیا بین مەدرەکمان هەبێت کە ئەوە نەجاحەتی نیە، کۆمپانیا زۆر نیگەران بوو، محاوەلەی کرد وتی ئەوە یاسایی نیە، ئێوە بێ ئێمە ئەوەتان کردووە، بەس خۆیان نموزەجەکەیان کرد، وتم ئێوە بڕۆن لەگەڵ ئەو شەریکەیە کە تاقیگەی جیهانیان هەیە، پەیوەندیان لەگەڵ بکەن، تاقیگە جیهانیەکە هەر موسڕ بوو لەسەر قسەی خۆی، دوایی لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە بتوانین دیسان تەئکید بکەینەوە وتمان باشە ئێمە دەیدەینە دەستەی تەقیسی نەوعی لە وەزارەتی پلاندانان هەیە، با ئەوانیش تەئکید بکەن، تەماشا بکەن کە ئەو پێوەرە نەجاحەت دێنێت یان نا؟، ئەوانیش بەهەمان شێوە تەئیدی ڕەئی ئێمەیان کرد، هەتا تەئیدی ئەوەشیان کرد کە گرێبەستەکە هەڵبوەشێنینەوە، کە بینیان ئێمە موسڕین لەسەر قسەی خۆمان وتیان باشە ئێوە چیتان دەوێت ئێمە دەیکەین، وتمان نەوعێتێك دابین بکریت ئێمە ناویش نادەین هەر نەوعێتێك بۆ ئەو پرۆژەیە دەست بدات ئێمە ڕازین و ئێوەش دەبێت ئامادەی بکەن، کە هێشتا 100 دۆلار لە پێوەرەکەی ئەوان کەمتر بوو، ئێستا ئێمە لە دانووساندنی ئەوانیش موافەقەتیان کردووە، کە ئەو پێوەرە بهێنن، بەپێی ئەو مواسەفاتەی کە ئێمە ویستوومانە لەچەند شەریکاتی عالەمی دەستنیشان کراوە، هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی یەکێك لەوانە دابندرێت، ئێستا بۆ سبەینێ نەتیجەکە تەواو دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئێمە لەگەڵ ئەوان لەسەر ئەو گرێبەستە بەردەوام دەبین یان نابین، ئەگەر بەپێی مەرجی ئێمە کردیان ئەوە ئێمە موافق دەبین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئێمە عەقدەکە هەڵوەشێنینەوە (5)ملیۆن دۆلار ئێمە زەرەر بکەین ئەوە هێشتا قازانجمانەو (30)ملیۆن دۆلارمان هەر بۆ دەمێنێتەوە لەو گرێبەستە، چونکە مەرحەلەیەی یەکەم (50)ملیۆن دۆلارە، مەرحەلەکانی تر دیسان لەپاش ئەو فەیسە دەبیتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە موسڕین لەسەر ئەوەی کە پێوەرێکی زۆر باشمان هەبێت، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆری خایاند ئێمە لامان باشترە، کەپاش 2 تا 3 ساڵی تر ئەو پێوەرانە خراپ بێت و نەتوانین سوودی لێ وەربگرین، ئەوە بووە هۆی دواکەوتنی ئەو پێوەرە، ئەوەی تر کە جەنابت باسی بڕیارەکانی مەجلسی قیادەی سەورەت کرد، بەڕاستی من داوا لە جەنابت دەکەم کەوا بەنووسین ئەوەم بدەیتێ، تا دیراسەتی بکەین و پشتگیری ڕەئی جەنابیشت دەکەین بۆ ئەوەی کەئێمە بتوانین پرۆژە یاسایەکی بۆ ئامادە بکەین و بێتە قۆناغی جێبەجێ کردن و کاری لەسەر بکرێت، بەنیسبەت فرۆشتنی ماڵ و موڵکی حکومەت، بەڕێگەی بانگەوازی ئاشکرا، ئەزانین موڵکی حکومەت کە ئەگەر مساتەحە بێت یان هەر شتێك بێت بە موزایەدە دەبێت، کە موزایەدەش بوو ئەوە لەیاسادایە، یاسای وەزارەتی شارەوانیە بەو شێوەیە دەبێت، ئەوەی کە هی وەبەرهێنانە، ئەوە وەبەرهێنان یاسای خۆی هەیە، کە دەیدەنە وەبەرهێنان بەبێ موقابل، بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین، حەز دەکەین ماڵ و موڵکی حکومەت، حکومەت شەریك بێت، حکومەت بتوانێت لەو زەوییەی کە دەیداتە هەر وەبەرهێنێك بەشێك لەو

زەوییە یان بەشێك لەو قازانجەی كە ئەو شەریكەیە كە دەیكات، یان ئەو وەبەرهێنەرە دەیكات بیدات بە حكومەت، بەو نیسبەی كە ئێمە بەزەوی هاوبەشی دەكەین، ناڵێم ئێمە بودجەو پارەیان دەدەینێ، بەس بەزەوی كە بەشداری دەكەین، ئەوان بەو شێوەیە بتوانن لەگەڵ ئێمە شەریك بن و بودجەیەك بۆ حكومەت دابین بكرێت، ئێمە بۆ ئەوە دەچین نامانەوێت زەوی حكومەت بەبەلاش بچێت، ئەوەی كە جەنابت باسی دەكەیت كە ئێمە بێ بانگەواز بیاندەینێ بەڕاستی ئەو زەمانە نەماوە، كە ئێمە بەبەلاش موڵكی حكومەت بدەین بەكەس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەعقیبت هەیە، ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی، ئێمە ساڵی پار لەكاتی گفتوگۆكردنی پڕۆژە یاسای بودجە، ساڵی دارایی 2011دا، كۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان داكۆكیمان لەوە كرد كە سولفەی عەقار شمولی ئەو هاووڵاتیانە بكات كە زەویی 100 مەتریان هەیە، لەوەڵامی وەزیری داراییدا ئاماژەی بەوە كرد كەوەك وەزارەتی دارایی كێشەیان لەوەدا نیە، كە هاوكار بن و بتوانن تەرخانكراوێكی دارایی بۆ سەرف بكرێت بۆ ئەو زەوییانە، بەڵام كێشەكەی خستەپاڵ وەزارەتی شارەوانی كە لەبنەمادا وەزارەتی شارەوانی ئیجازەی بینا نادات بەو زەوییانەی كە 100 مەترییە، لەكاتێكدا ئەم زەوییانە بەشێكی زۆری بەشێوەی فەرمی لەلایەن وەزارەتی شارەوانیەوە دابەشكراوە، ئەو توێژانەی كە لەسەر بنەمایی پیشەیی وەریانگرتووە، وەكو پارێزەران ویاسا ناسان و توێژەری كۆمەڵایەتی، كە زۆربەیان لە 100 مەتریدا وەریانگرتووە، ئەمە وای كردووە، نەبتوانن ئیستیفادە لە سولفەی عەقار بكەن، لەبەرامبەریشدا نرخی ئەم زەوییانە نرخێكی نزمترە، لەبەر ئەوەی خەڵك كە دەیكڕێتەوە ئەزانێت كە شمولی ئەم سولفەیە ناكات، بۆیە پرسیارەكەی من ئەوەیە، پلانتان چیە بۆ ئەوەی بتوانن لەبەرامبەردا وەزارەتی دارایی ئامادەیی هەبێت بۆ ئەوەی كە ئەم كێشەیە لەڕووی داراییەوە بتوانێت تەرخانكراوی بۆ دابنێت، كێشەكە زیاتر لەلای وەزارەتەكەی بەڕێزتانە، پلانتان چیە؟، بۆ ئەوەی كێشەی ئەم زەوییە 100 مەتریانە كەواقیعێكە تازە دابەشكراوە، پێویستە ئێوە لەپلانی خۆتاندا چارەسەرێكی بۆ بدۆزنەوە، پرسیاری دووەم: لەیاسای وەزارەتی شارەوانی ج یاسای 2007، ج 2010، لەیەكێك لەئامانجە سەرەكیەكاندا لەماددەی دووەمدا كە باس لە ئامانجەكانی وەزارەتی شارەوانی دەكات، باس لەوە ئەكات كە وەزارەتی شارەوانی بە ئەركی خۆی دەزانێت كە ئیش لەسەر سەوز كردنی هەرێمی كوردستان بكات، یەكێكی تر لە ئامانجەكانی دابین كردنی ئاوی خاوێن وسەرفی صەحیە بۆ گوندەكان و بۆ ئەو ناوچانەشی كە لەسنووری شارەوانیەكاندایە، سەرەڕای ئەوەش یەكێكی تر لە ئامانجەكانی دابین كردنی شوێنی حەوانەوەو پاركی گشتیە، تەنانەت بۆ گوندەكانیش بە نەص ئاماژەی پێكراوە، ئێمە لەزۆربەی سەردانەكاندا دەبینین تا ئێستا گوندەكان موشكیلەی ئاوی تەندروستیان و سەرفی صەحیان هەیە، پرسیارەكەی من ئەوەیە؟،

وەکو وەزارەتەکەی بەڕێزتان چۆن ئیش ئەکەن سالآنە بۆ تەرجەمە کردنی ئەم ئامانجە، کە بیخەنە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە؟، کە خەڵك ئومێدی هەیە شوێنی گشتی و پارکی گشتی بڕوات بۆگوندەکان، بەشێکی تر لە پرسیارەکەم ئەوەیە، بەچاوێکی زۆر ڕاستی دەبینین کە یەکێك لە کەلێنەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کەناوچەی سەوز نیە؟، ئەو ناوچانەشی کەدەبینین سەوزە، زیاتر ئەوانەیە کە لە کەرتی تایبەتدا خەڵك خۆی ناوچەکانی سەوز کردووە، یان پەیوەندی هەیە بەو پڕۆژە ڤیلەو نیشتەجێبوونانە کە کەرتی تایبەت جێبەجێی دەکات، پلانتان چیە؟ بۆ زیاد کردنی پانتایی سەوز لەکوردستاندا، چونکە ئەوە زۆر بەکەموکوڕی دەبیندرێت، یەکێکی تر لە پرسیارەکانم، هەموو هاووڵاتیەك لەکوردستاندا لەکاتی دەرکردنی ئیجازەی بینایە لەپێشەکیدا بڕێك پارەی لێ دەسەندرێت بەناوی خزمەتگوزاریی ڤیرتاوو شۆستە، کە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم هەموو مەتر چوارگۆشەیەك نزیکی 8 هەزار دینار لەبەرامبەردا لێی وەردەگیرێت، یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەتی شارەوانی خۆی ئەوەیە کە ڤیرتاو کردن ودابین کردنی شۆستەیە لەگەڕەکەکاندا، ئەگەر لەبەرامبەردا ئەم پارەیە لە هاووڵاتی دەسەندرێت چۆن ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ دەکات؟، کە لەبەرامبەردا هاووڵاتی خۆی پارە دەدات، ئەگەر وەڵامەکەی جەنابت ئەوەیە کە ئەمە بارمتەیە وەردەگیرێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەم بارمتەیەدا نابینم هیچ هاووڵاتیەك پارەکە وەربگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە خانووی 100 مەتری، کە باسی لێ دەکرێت، ئێمە هیچ زەویی 100 مەتریمان دابەش نەکردووە، بەپێی یاسا لە 200 مەتر کەمتر نیە؟، بەس ئەگەر بێیتە حەقیقەت لەپارێزگای سلێمانی هەیە، 150 تا 148 مەتریش هەیە، کە زەوی ئیفراز کراوەو تاپۆش کراوە، لەبەر هەندێ دەبێت ئەوانە بگرێتەوە، کە ئەوانەی سەنەدیان هەیە، 100 مەترە یان زیاترە، هەرچەند بێت، دەبێت سولفەی عەقاری بیگرێتەوە، نەك ئەوەی کە وەزارەتی شارەوانی تەوزیعی کردووە بە 200 مەتر یان 250 مەتر، تەقسیمی 2ی بکەن و سولفەی عەقاری پێ وەربگرن، ئەوکاتە یەك سەنەد هەیە، دوو سەنەد نیە؟، ئەچن لە مەحکەمە ئەیکەن بە سەهم، بەس ئەوکاتەش هەر یەك سەنەد دەبێت، یەك سەنەد سولفەی عەقاری وەردەگرێت، ئەوە کێشەکەیە لەبەر ئەوە ناتوانین ئیلا دەبێت ئەو یاسایە بگۆڕدرێت، بیکەن بە 100 مەتر بەتەواوی، ئەوەش بەڕاستی شێواندنێکە بۆ شارەکان، زەوییەکانی تر بە 200 مەتر بە 250 مەتر، یان هەرچەندی تر کەتەوزیعمان کردووە، ئێستا بیکەین بە 100 مەتر یان 150 مەتر، ئەوە خزمەتگوزارییەکی زیاتری دەوێت، لەناحیەی ترافیك، لەناحیەی خزمەتگوزاری تەندروستی، پەروەردەیی، هی سەوزایی، ئەمەش کەم دەبێتەوە، هەروەها ترافیك دەبێتە کێشەیەکی زۆر گەورە، بۆیە بەو پلانەی کەدانراوە هەموو بە 200 مەتر دەست پێکراوە، بەداخەوە لەزۆر لەگەڕەکەکانی شارو شارۆچکەکان دابەشیان کردووە بۆ 100 مەتر، بۆ ئەوەی سوود

لەبەشێك لە زەوییەکە وەربگرن بیکەن بەپارەو بەشەکەی تریشی بکەن بەخانوو، سەوزکردنی شارەکان بەڕاستی ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە کەپێی هەستین، ئێمە بودجە تەرخان دەکەین بۆ ئەوەی کە ساڵانە پارك و ئەو شتانە تەنفیز بکەین تا شارو شارۆچکەکانمان زیاتر سەوزایی هەبێت، و خەڵکی خۆمان بتوانن خۆش گوزەرانی لەو پارکانە ئەنجام بدەن، بەس ئەوەش بەداخەوە جێگای دەوێت، بودجەیەکی زۆری دەوێت، کەم نیە بۆ هەموو ئەو پارکانەی کە بێنە قۆناغی جێبەجێ کردن، بەس لە پلانی ئێمەدا هەمیشە لە پرۆژەکانی ئێمەدا ساڵانە چەندین شارو شارۆچکە پلانی بۆ دادەنێین تا پارکیان بۆ دروست بکەین، بەس دەبینین تا دەگەینە قۆناغی ئەوەی کە تەصدیق بکرێت، ئەولەویەت دەدرێت بەهەندێ پرۆژەی تر کە ئەوانە لەبیر دەکرێن، ئێمە پلانێکی زۆر گەورەمان هەیە، ماستەرپلانێك هەیە کە سەوزایی بەتایبەتی لەشاری هەولێر وسلێمانی و دهۆك واتە شارە گەورەکان کە ڕێژەی سەوزاییان کەمە، زۆر بکرێت، لەشاری هەولێر پشتێنەی سەوز، کە ماستەر پلانەکەی تەواو بووە، ئامادەیە بەس لە ئەنجومەنی شارەوانی بەداخەوە کە ئەوە چەند مانگێکە لەلای ئەوانە بەداخەوە تا ئێستا تەصدیق نەکراوە، ئەگەر ئەوە بێتە قۆناغی جێبەجێکردن، بەڕاستی ڕێژەی سەوزایی لەهەولێردا دەبێتە لە 48٪ بەخۆی ستانداردی عالەمی 30٪ بەس ئەو ڕێژەیە زۆر زیاد دەبێت، هەولێریش لە تەسەحور چارەسەر دەکات، هەروەها لە سلێمانی لەزۆر جێگا لەهەواری شار، لەوێ چەند هەزار دۆنمە زۆر ئیهتیمامی پێدراوە، کە سەوزاییەکی زۆر لەوێ بکرێت، هەروەها لەدهۆکیش ئەوە خەریکی پارکن، ئەوە وادەکات کە سەوزایی زۆر بێت وئێمەش ئیهتیمامێکی زۆری پێدەدەین، لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەوانە کاریان پێدەکرێت، بەس چیە هەندێ شت هەیە دەبێت وەبەرهێن بیکات، لە قودرەتی حکومەت نیە، کە ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات، ئەوە پرۆژەی ئیستیسماری دەبێت، بەنیسبەت دابین کردنی ئاوی خاوێن، ئاوی خاوێن ئەوە بەڕاستی لەسەر ئەرکی ئێمەیە، محاوەلەمان کردووە هەموو شارو شارۆچکەکان هەتا گوندەکانیش ئاویان بۆ دابین بکرێت، ئەوانەی کە موشکیلەیان هەیە، هەوڵمان داوە بە تانکەر ئاویان بۆدابین بکەین، بەس هەدەف ئەوەیە کە ئاو بۆ هەموو جێگایەك بڕوات، هەتا ئێستا بەشی هەرە زۆری هەرێمی کوردستان پرۆژەی ئاوی بۆ چووە، بەنیسبەت پارە وەرگرتن بۆ ئەوەی مۆڵەتی دروست کرنی خانوو وەربگرن، ئەوە ڕسوماتە، ڕسوماتیش وەردەگیرێت پێش ئەوەی دەست بەخانوو بکەیت، یان دەست بە شەقام و پرۆژەکانی خزمەت گوزاری بکەیت، ئەوە وەکو ڕسوماتە، خۆ جارێکی تر نایەت وەری بگرێت، ئەوە بەداخەوە هێشتا پرۆژەکانی خزمەتگوزاری نەکراوە ئەو پارەیە وەر دەگیرێت، پارەکەش ڕەمزییە زۆر نیە وابزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئاهەنگ عارف معروف، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من لەساڵانی 80 دیاردەی تەجاوز هەبوو لە هەولێر بەتایبەتی، کە ئەوەش ناچاری بوو، ماجیداوە بوو، بیرکۆت بوو، کلك مشك بوو، تەبعەن ئەوانە بنبڕ کران، سەرشێوانی ماستەرپلانی لێ نەبوویەوە، ئەو وەختەی کە چارەسەرکرا، بەنیسبەت پرسیارەکەی من ئایا ئامارێکی تایبەت هەبوو، جەنابت جوابت دایەوە لە پرسیارەکی کاك عبداللە کە وتت تەجاوز هەیە، بەس من ئەمەوێت یەك شت لە جەنابت بپرسم، ئایا چ

کاتێك تەجاوز زیاد دەکات؟، لە چ فەترەیەکی دیاریکراو؟، یەعنی ئایا تەجاوز لە زیاد بووندایە؟، لەم شارە لە شارەکانی تر، چ وەختێك بەتایبەتی ئەو تەجاوزە زیاد دەبێت، بە چ مەرامێك زیاد دەبێت، من دەمەوێت ئەوەندە بپرسم؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەساڵی 2010 ئامارێك کراوە بۆ زیادە ڕەوییەکان و ئەو هاووڵاتیانەی کە تەجاوزیان کردووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون، زۆربەی هاووڵاتیانە کەم دەرامەت و هەژارن ئەوانەی کە تەجاوز دەکەن، کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت تەجاوزیش نامێنێت، لەپلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون، پلانەکەیان ئەوەیە موافەقەتیشی لەسەر کراوە، کە ساڵی (5)هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەجۆری شوقە چاك بکرێت بۆ ئەوانەی کە هەژار و کەم دەرامەتن، ئەگەر هەر ساڵی (5)هەزار موافەقەی بۆ بکرێت مەعلومە کە ئەو کێشەیە کەمتر وکەمتریش دەبێت و تەجاوزیش نامێنێت، تەجاوزات تا حەدێك سەیتەرەی لەسەر کراوە، جەردیش کراوە ئەو ژمارانەی کە بۆ جەنابتم باسکرد پێش ئێستا بەس چارەسەری ئەوەیە کە ئێمە بتوانین یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی خۆمان دابین بکەین، ئەوکاتە کێشەمان نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاهەنگ خان، تەعقیبت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەو کێشەیەی کە لەزیادبووندایە بەنیسبە، واتە کێشەی تەجاوز نیسبەکەی لە زیاد بووندایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناتوانین بڵێین مەعلومە و زیادی کردووە، ئەگەر ڕەچاوی بکەین لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، ئەو زاهیرەیە بەڕاستی، زاهیرەیەکی صەحی نیە، بەس مەجبور بوون ئەو خەڵکە ئەو تەجاوزە بکەن، ئەگەر چارەسەری نەکەین ئەوە زیاتر دەبێت، چارەسەرەکەش بەوە دەبێت کە یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر ابراهیم، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەم، من مولاحەزەیەكم هەیە لەسەر قسەكانی جەنابی وەزیر لەسەرەتای قسەكانی وەك جەنابی دەزانێت ئەوان وەزارەتێكی خزمەتگوزارین، لەسەرەتای قسەكانی خۆیدا...

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە پرسیارەكەی خۆت بكە، تەعقیب لەسەر قسەكانی جەنابی وەزیر مەكە، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتای دەست بەكار بوونی ئێوە تا ئەمڕۆ، وەزارەت چی ئەنجامداوە؟، چ كارێك؟، چ داتایەكی صەحی هەیە لەبەردەستاندا كە لەسەرەتای دەستبەكار بوونی جەنابت تا ئێستا چیتان كردووە؟، چەند پرۆژەتان جێبەجێ كردووە، چەند كیلۆمەتر قیرتان كردووە؟، چەند بیرتان هەڵكەندووە؟، چەند گوندتان ئاوەدانكردۆتەوە؟، تا دوایی، پرسیارێكی ترم، ڕێژەی جێبەجێكردنی بودجەی ساڵی 2011، تا ئێستا لەسەر ئاستی وەزارەت تەبعەن بودجەی نە وەگەڕخستن، یان وەبەرهێنان چی كراوە؟، ڕێژەی چەندە؟، ئەگەر نەهاتیە بڵێن نسبە كەم بێت، سەبەب چیە؟، پرسیاری دواتر، چەند ئەندامێك باسی موجەمەعیان كرد، باسی تاپۆكردنیشیان كرد، منیش لەگەڵ ئەوەدام، هەرچەندە لەپارێزگای دهۆك ئەو تەجەموعاتە لەناو باژێڕدا تەقریبەن حەسم بووە، هەندێ موجەمەعاتی قەسری ماوەتەوە لەساڵی 2009 لەسەردەمی كابینەی پێنج ، لەنێوان ئەنجومەنی وەزیران و پارێزگای دهۆك دانوستانی لەسەر كرا، بەڵام پشتگوێ خرا، دوای دامەزراندنی كابینەی شەشەم جارێكی تر موتابەعەی كرایەوە، لیژنەیەكیان بۆ دامەزراند، ئاخر مەرحەلە لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی و ئەنجومەنی وەزیران دیسان باسكرایەوە، ئایا چی بكەن و چ هەنگاوێك بهاوێژن، لیژنەیەك هاتووەتە دامەزراندن تا ئێستا ئیشی خۆی نەكردووە، ئەگەر بێت و ئەم تەجەموعاتە بێتە تەملیك كردن، باشتر دەزانن وكاتێ كە دێن مەسحی دەكەن و ئیفرازی دەكەن، هەندێ مەساحەی تێدایە لەناو ئەو موجەمەعاتەدا كە ئیستغلال نەكراون، لەوانەیە ئێستا لەمەساحەی 150 تا 200 مەتر دوو خێزان لەناو هەمان خانوو دانیشتوون، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە ئەو بابەتە حەسم بكرێت لە ئیفراز كردن و مەساح كردن وتەسمیم دانانەوەی، دووبارە فەرز بكرێنەوەو بەو كەسانەی بدەن كە خۆجێی ئەو كۆمەڵگایانەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمير عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرۆژەکانی کە ئەنجامدراون، لەساڵی 2010 و 2011، ئەگەر باسی بکەین، ئێمە پرۆژەکانی ساڵی 2010 لەو کاتەی کەمن بووم بەوەزیر، لەپارێزگای هەولێر، ساڵی 2010 (96) پرۆژە بووە، کە بە گوژمەی (477)ملیار پارەی بۆ تەرخانکراوە، (89)پرۆژە لەو پرۆژانە ئیحالە کراون، (7)پرۆژە ئیحالە نەکراوە، لەپارێزگای سلێمانی(193)پرۆژە بووە، بە گوژمەی(55)ملیار، کە (159)پرۆژە ئیحالە کراوە، (34)پرۆژە ئیحالە نەکراوە، لەپارێزگای دهۆك(119)پرۆژە بە گوژمەی(397)ملیار بووە، (104)پرۆژە ئیحالە کراوە، (15)پرۆژەش ئیحالە نەکراوە، کە دەبێتە لە 90٪ی پرۆژەکانی ساڵی 2010 ئیحالە کراوە، ساڵی 2011، ئێمە کێشەیەکمان هەیە کە بودجە تەصدیق دەکرێت، برێك دوا دەکەوێت، کە دواش دەکەوێت پرۆژەکان دەکەونە وەرزی زستانەوە، کە دەکەوێتە زستان واتە دەکەوێتەوە ساڵی داهاتوو، ئێستا بۆساڵی 2011 پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ ساڵی 2011 تەقریبەن لە 26٪ی ئیحالە کراوە، هاتوونەتە بواری جێبەجێکردن، ئەوانی تریشی لەبواری تەندەردان، دواکەوتنی پەسەند کردنی بودجە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تەواوکردنی پرۆژەکان لەکاتی خۆی، لەبەر ئەوەی دەگاتە دوای مانگی 7 واتە تەندەری بۆ ئیحالە دەکرێت دەگاتە وەرزی زستان، کەئەوەش تەئسیرێکی زۆری دەبێت لەسەر ئیحالە کردن و دەست پێکردنی، کە وەرزی زستانیش بەڕاستی کاتی ئەوە نیە کە پرۆژە دەست پێبکرێت، چاکترین وەرز لەپاش بەهار لەدوای مانگی 3 و 4 دەست پێ بکرێت ئەوە باشترین کاتە، تا دەگاتە پایزێکی درەنگ ئەو پرۆژە ماوەیەکی زۆر باشی لەپێش دەبێت بۆ تەواو بوونی، بەس بەداخەوە ئەگەر ئەمە لەمانگەکانی بیدایەتی ساڵەوە پرۆژەکان تەصدیق بکرێن وبودجە تەصدیق بکرێت ئەوە ئێمە پرۆژەکان لەئاستێکی تردا دەبوون، نەك ئێمە ئێستا بێین لەدوای مانگی 7 و 8 و 9 و 10 ئیحالە بکرێت، ئینجا ئەسبابیش هەیە کە لەناحیەی فەنی یان تەندەر ئیعادە دەکرێتەوە، ئەوە زیاتر تەئخیری دەکات، ئەوانەشی کە ئیحالە نەکراون ئەو کێشانەیان هەبوو کە دووبارە و سێ بارە کراونەتەوە، ئەوە بەنیسبەت پرۆژەکانی وەبەرهێنانی ساڵی 2010 و 2011، بەنیسبەت کۆمەڵگاکان قەسریەکان کە لەپارێزگای دهۆك کراون تا ئێستا، بەڕاستی ئەوانە نووسراوێك کەهاتووە، ئێستا ئیشی لەسەر دەکرێت، دەمانەوێت لیژنە پێك بهێنین، بۆ ئەوەی زیاتر ئیشی لەسەر بکرێت وبەزووترین کات بڕیاری لەسەر بدرێت، بەنیسبەت کۆمەڵگاکانی قەسریّ لەپارێزگای دهۆك، بەنیسبەت ئەو کێشەیە، هی تەملیك کردنی پارێزگای دهۆك، نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە (1819) لە ساڵی 2011 کە پارەکان دراون بەلیژنەی تەملیك کردنی خانوو لەوەزارەتی دارایی، ئێستا لەوێیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال تەعقیبت هەیە، باشە ڕێزدار شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەپرسیارەکانی من، دوو پرسیارم هەبوو، یەکێکیان تەقریبەن وەڵامم دەستکەوتەوە، کەسەبارەت بە خانووە بێ تۆمارەکانی قەزاو ناحیەکان بوو، پرسیاری دووەم: تایبەتە بەوەی کە ماوەیەك لەمەوپێش ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد، بەدەست پێکردنەوەی پێدانی زەوی نیشتەجێبوون بەهاووڵاتیان، پرسیارەکەم ئەوەیە

لەجەنابی وەزیر، ئایا تا ئێستا هیچ کراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە؟، چونکە بەڕاستی خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئەو بڕیارەن بۆ ئەوەی ببن بەخاوەنی زەوی نیشتەجێبوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ بڕیارێك تا ئێستا دەرنەچووە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆدابەشکردنی زەوی، ئەزانی لەساڵی 2006 دابەشکردنی زەوی ڕاگیراوە، تا ئێستاش دەستی پێنەکراوە، ئەو زەویانەشی کە پێش ئێستا ناویان دەرچو بوو، بەس نەهاتبوون و ئیشیان پێ نەکرابوو، ئەوانەیە کە ئێستا ئیشی لەسەر دەکرێت و دەیاندرێتێ، بەس ئەگەر نووسراوێك یان بڕیارێك دەرچووبێت لە ئەنجومەنی وەزیران هەتا ئێستا دەرنەچووە پێش چەند مانگێك جەنابی سەرۆکی وەزیران لەشاری سلێمانی باسی ئەوەیان کرد، کە دووبارە زەوی دابەش دەکرێتەوە، بەس تائێستا فەرمانێك دەرنەچووە، هەروەختێك فەرمان دەرچوو ئەو کاتە ئیشی لەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان:**

ڕێزدار نیشتمان مرشد، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم ئەوەیە، بەنیسبەت ئیجازەی بینایە لە باخچەکانی شەقڵاوە، تەبعەن ئەوە کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەی دروست کردووە لەناوچەکەی ئێمە، لەناو شەقڵاوە، کاتی خۆی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس بڕیارێك هەبوو، کە بڕیاری (1853)بوو، کە هەر باخچەیەك مەساحەکەی لە 600 مەتر زیاتر بێت، بۆی هەیە 150 مەتر بکات بەخانوو، ئەگەر مەساحەکەشی لە 40 مەتر کەمتر بێت، بۆیە هەیە 100 مەتر بکات بەخانوو، ئەم بڕیارە تا ساڵی 2004 کاری پێکرا، دواتر لە 2004 لەو کاتەی کە کاك نێچیرڤان سەرۆکی حکومەت بوو، بڕیارێکی تری دەرکرد بۆ ئاکرێ و شەقڵاوە، کە ئەو بڕیارەش لە 1 دۆنم زەوی 150 مەتری لێ بکرێت بە خانوو، کە ئێستاش وا بزانم جەنابی وەزیری شارەوانی ئاگاداریت کە لەناو باخچەکانی شەقڵاوە کەس نیە 1 دۆنم زەوی هەبێت، هی باخچە ئەوەی هەیە 1500 مەترە یان 1000 مەترە ئەوەش کە بووە بەوەرەسە هەمووی 2 تا 3 منداڵی هەیە، یان 4 تا 5 منداڵی هەیە بەسەر منداڵەکانی دابەشکراوە، تەبعەن ئەوە کێشەیەکی زۆر زۆر گەورەی لەناو شەقڵاوە دروست کردووە، کە خەڵکەکە ڕۆژانە ڕوو لەمن دەکەن بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە بوروژێنم بێم لەناو وەزارەتی شارەوانی یان لەناو پەرلەمان باسی بکەم، ئەو کێشەی لەناو شەقڵاوە ڕوودەدات، ئەو کەسانەی کە دەستیان هەیەو پشتیان هەیە، دەتوانن زۆر بە ئاسانی خانوو بەتەجاوز وەربگرن بێ ئەوەی عەقار وەربگرن، خانوو دروست دەکەن و حسابیش بۆ کەس ناکەن، بەڵام ئەوانەی کە فەقیرن و پشتیان نیە، لێیان بووە بە کێشەیەکی زۆر گەورە،

مەجبورن هەموویان دێن باخچەکانیان دەفرۆشن بە خەڵکی دەوڵەمەند، بەخۆیان دەبن بە بێگانەو خەڵکەکەی تریش دەبن بەخاوەن باخچەکان، تەبعەن ئەوە زۆر ناخۆشە ئەو شتە لەناو شەقڵاوە ڕوودەدات، من داوا لەبەڕێزت دەکەم کە جەنابت تا ئێستا بڕیارت چی بووە؟، بەرامبەر بەو باخچانەی ناو شەقڵاوە تا ئێمە ئەو سەوزاییە بپارێزین، بەوەی کە شوێنێکی گەشتوگوزارییە، کە ئاکرێش دەگرێتەوە، چونکە ئەویش بڕیاری وەك ئێمەی بۆ دەرچووە، قسەت چیە لەسەر ئەوەی کە ئەو سەوزاییە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟، جگە لەوەش خەڵك نەتوانێت خانوو بەتەجاوز دروست بکات، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو خەڵکانەی کە باخچەیان هەیە باخچەکانیان وەك شوێنێکی گەشتیاری بەکار بهێنن، بتوانین پارچە زەوییەکی تریان لەشوێنێکی تر پێ بدەین تا ئەو کێشەیە لەناو شەقڵاوە چارەسەر بکرێت، شتێکی ترشی هەیە، پرسیارێکی ترە، بۆ تا ئێستا مەجاری لە شەقڵاوەو دەوروبەری نەگرتۆتەوە، کە ئەمە زەرەرێکی زۆر لە ژینگەو تەندروستی خەڵك دەدات، چونکە ئەویٚ شوێنێکی سیاحیە بۆ ئەو پیساییە بەسەر زەوییەوە بێت، بۆ چارەسەر بکرێت، با ئەو پرۆژەیە لەناوچەی ئێمەش جێبەجێ بکرێت، هەروەها تەئسیساتی ئاوی ناو شەقڵاوە نەك سەرمەیدان و دەوروبەری تا ئێستا لەساڵی 50 و 60 تا ئێستا ئەو تەئسیساتە وەکو خۆیەتی، کەهەموو بۆڕییەکان ڕزیوون وئاوەکەش ژەنگی پێدا دێتە خوارێ تا ئێستا گۆڕانی بەسەردا نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبداللە(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت دروست کردنی خانوو لە باخچەکان و لە ڕەزەکانی شەقڵاوەو ئاکرێ، بەڕاستی حەیفە ئەو ڕەزانە تێك بچن، لەبەر ئەوەیە کە ئەو بڕیارە دراوە کە لە هەر دۆنمێك تۆ بتوانیت 150 مەتر ئیستیفادە بکەیت، بۆ ئەوەی کە ئەو ڕەزانە یان ئەو باخچانە بپارێزرێن، چونکە شەقڵاوەو ئاکرێ بەو ڕەزانە جوانن، بەو ڕەزانە ناسراون، کە نابێت تێك بچێت، من لەوەدا لەگەڵتدام، ئەگەر بتوانین ئەوانەی کە خاوەنی ئەو زەوییانەن یان ئیستیملاك بکرێت، ئەوە بکرێت یان زەوییان بدرێتێ لەشوێنی تر، کە بتوانن بۆ خۆیان بینا بکەن، بەس ڕەزەکان وەکو خۆیان بمێننەوە، ئاو و هەوای ئەو دوو شارە نەگۆڕدرێت، من هیچ لەگەڵ ئەوەدا نیم کە بەهیچ شێوەیەك یەك مەتر زەوی ڕەز تێك بچێت، ئەوەی کە دەڵێین 150 مەتر ئەویش بۆ ئەوەیە کە بتوانین ئەو ڕەزە بپارێزین، نەك بۆ ئەوەی تۆ لەناوی بژیت، 150 مەتر زۆر نیە، بەس دەتوانێت ڕەزەکەی بپارێزێت و ژیانێکی زۆر ئاسایی هەبێت، بەنیسبەت ئاوەڕۆ بۆ شەقڵاوە، لەپلانی وەزارەتمان هەیە کە ئاوەڕۆ بۆ شەقڵاوە بکرێت، بۆ ساڵی 2011 کە گوژمەکەی 11 ملیار تەرخان کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوەڕۆ لەگەڕەکی شەهیدان و سەرمەیدان، لەو دوو جێگایە، تا بودجەی زیاتر بۆ وەزارەتمان دابین بکرێت پرۆژەی زیاتر بۆ ئەو شوێنانە جێبەجێ دەکەین، پرسیارەکەی ترت، کۆنی

بۆڕییەکان، کە ئەوەش دەبێت بگۆڕدرێت، چونکە ئێستا پرۆژەی ئاوی قەندیل کۆڕێ، شەقلاوە، مەصیف وا تەواو دەبێت، بۆ مانگی 4 و 5 دەگاتە قۆناغی تەواو بوون، ئەو کاتە دەبێت ئەو شەبەکەیەش بگۆڕدرێت، ئەوە عائیدی ئەو شەریکەیە نیە کە ئاو بۆ ئەو ناوچەیە دابین دەکات، بەس دەبێت ئەو شەبەکەیە بگۆڕدرێت، ئەوەش باس کراوە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان تا شەبەکەی ئاو بگۆڕدرێت، چونکە تەحەمولی ئەو زەختەش ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پێشەوا توفیق، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مەغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری شارەوانی من پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە نەخشەی بنەڕەتی یان ماستەرپلانی قەزاو ناحیەکان، واتە ئەو شارەوانیانەی کەدەکەونە سنووری قەزاو ناحیەکان، کە ئەمەش گرفتێکە دەکرێت بڵێین ڕوبەڕووی شارەوانی لەقەزاو ناحیەکان بووەتەوە، نەبوونی ماستەرپلان، یاخود پەسەند نەکردنی گرفتی بۆ دروست کردوون لە جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان یاخود دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە لەداهاتوودا دەیکەنە بینا بۆ فەرمانگە حکومیەکان، یان بۆ شوێنە خزمەتگوزارییەکان، ئێوە وەکو وەزارەتی شارەوانی بۆ ماستەپلان یان نەخشەی بنەڕەتی چیتان کردووە؟، پرسیارێکی تر سەبارەت بە کرێکاری کاتی ئەوانەی کە بەگرێبەست دامەزراون، تایبەتە بەوەزارەتەکەی بەڕێزتان، دیارە لەزۆربەی شارەوانیەکان دەکرێت بڵێین لەوەزارەتەکانی تریش کرێکاری کاتی هەبێت، ئەوەی کە بەگرێبەست دامەزراوە، ئەوانە ئەگەر چی هەیانە بۆ ماوەی 5 ساڵ گرێبەستە، بەمووچەیەکی کەم کە ڕەنگە ئەو پەڕی مووچەکە 250 هەزار دینار بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی زۆر دەکەن، ئەوانە داواکارییان ئەوەیە، ئەگەر ئێوە وەکو وەزارەت پێویستیتان پێیان هەیە، ئەولەوییەتیان بدرێتێ لەکاتی دامەزراندن بەشێوەیەکی فەرمی، یان ئەگەر داشیان نامەزرێنن هەر بەکاتی دەمێننەوە، بەلانی کەم مووچەکانیان بۆ زیاد بکرێت، پرسیارێکی تر سەبارەت بەو ئامێرانەی کەوا پێویستن، بەتایبەتی بۆ ئەو شارەوانیانەی کە دەکەونە ناوچە سنوورییەکان، یان ئەو ناوچانەی کەشاخاوین، هەر شارەوانیەك کۆمەڵێك دێ لەسنوورەکەی هەیە، ئەگەر چی لەدەرەوەی کاری ئەوە، بەڵام لەسنووری ناحیەکەیە، لەکاتی زستاندا، یان لەکاتی لافاودا، ئەوا کۆمەڵێك ڕێگاو بان تووشی گرفتی هاتووچۆ دەبن، بەلانی کەمی ئەو شارەوانیانەی کە لەو ناوچەیەدان یان لەو سنوورە شاخاوی بەفراویەکاندان، پێویستیان بە ئامێری تایبەت هەیە بۆ هاوکاری کردنی هاووڵاتیان، لەکاتی کارەساتی سروشتی یان بەفرو باران، ئێوە چیتان کردووە وەکو وەزارەت بۆ دابین کردنی ئامێری تایبەت بۆ ئەو شارەوانیانە، کێشەیەکی تر هەیە کە ڕەنگە ئەوە کێشەیەکی گشتی بێت، پەیوەندی بە سنووری پارێزگای سلێمانیەوە هەبێت، لەقەزای دوکان واتە تێکەڵ بوونی ئاوەڕۆی بەشێك لەقەزای دوکان، بەئاوی دەریاچەی دوکان، کە ئەمەش گرفتێکە ساڵانە بەشێکی زۆر لەدانیشتوانی ئەو قەزایە تووشی

جۆرێك لەنەخۆشی دەبن، بەهۆی تێكەڵ بوونی ئاوەڕۆ لەگەڵ ئاوەكەدا، یاخود گۆڕینی پێكهاتەی ئاوەكە، هەر ئەو ئاوەشە كەسەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی شاری سلێمانیە، كە بەچەند فلتەرێكدا تێپەڕ دەبێت، ڕەنگە چەند قەزاو ناحیەیەكیش سوودی لێ ببینێت، ئێوە وەكو وەزارەتن ئەگەر چی ئەوەندەی من زانیاریم هەبێت لەساڵی 2010، بەرنامەتان هەبووە كە ورد بینی یاخود دیزاینێك بكەن بۆ ئەوەی كاری لەسەر بكەن و جیای بكەنەوە، وەكو وەزارەتی شارەوانی چیتان كردووە بۆ ئەوەی ئەو كێشە گەورەیە چارەسەر بكرێت، واتە ئاوەڕۆكە نەچێتە ناو ئاوی دەریاچەی دوكانەوە، دواین پرسیارم، ئەوەیە كە ئێوە وەكو وەزارەتی شارەوانی لەدابەشكردنی پرۆژەكان بەسەر كۆی شارەوانیەكاندا چ پێوەرێك ڕەچاو دەكەن؟، بۆ نموونە لە پرۆژە چاوەڕوانكراوەكان، ئەگەر چەند نموونەیەك بخەمەڕوو، قەزا هەیە كە قەزایەكی سیاحیە، بەبەرچاوی خەڵكەوە ئەوەی كەمن تێبینیم كردووە، 400 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە، لە بودجەی ساڵی 2011، ئیدارەیەك هەیە لەو ئیدارە سەربەخۆیانە، ئەوانەی كە لەلایەن سەرۆكی حكومەتەوە بووە بەئیدارەی سەربەخۆ ناوی ناهێنم، بەڵام ملیارێك و 970 ملیۆنی بۆ دابین كراوە، بەڵام ناوچە هەیە 6 ملیار و 500 ملیۆن دیناری بۆ دابین كراوە، من پێم وایە ئەوە جیاوازییەكی زۆرە لەنێوان ئەواندا، بۆیە داوا دەكەم وەكو وەزارەت بۆمان ڕوون بكەنەوە كە چ پێوەرێك هەیە، لەكاتی دابەشكردنی پرۆژەكاندا بەسەر كۆی شارەوانیەكاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دەربارەی نەخشەی بنەڕەتی شارو قەزاو ناحیەكان، كە بەكوێ گەشتووە، ئێستا ئەوە تەواو بووە ماستەر پلانی شارە گەورەكان، هی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، تەواو بووەو كاری لەسەر دەكرێت، هەروەها لەچەند لای ترەوە چەند كۆمپانیایەكی دەرەكی تایبەتمەند، بەپێی گرێبەست كاریان لەسەر ماستەر پلانی 20 قەزاو ناحیە دەكەن، نیوەیان لەقۆناغی تەواو بوونن، نیوەكەی تری چەند قۆناغێكی تریان ماوە كە تەواو بێت، بۆ ساڵی 2012ش 20 قەزاو ناحیەی تر، ئامادە كراوە و ئەكرێت بەتەندەر بەهەمان شێوە، لەهەمان كاتدا بەرنامە لەبەردەستدایە بۆ دانانی نەخشەی بنەڕەتی گونجاو بۆ زۆربەی گوندەكانی كوردستان لەلایەن كەرتی تایبەتەوە، ئەوە لەبەرنامەی ئێمەدایە بۆ ساڵی داهاتوو، بەنیسبەت ئەو كرێكارانەی كە لەكەرتی گشتی كار دەكەن، مەرج نیە هەموویان دابمەزرێن، وە دەسەڵاتی دامەزراندن سنووردارە، لەهەمان كاتدا پشتگیری زیاد كردنی مووچەكانیان دەكەین، بەس ئێمە بتوانین ئەوانە هەمووی بكەین بەرەسمی ئەوە برێك زەحمەتە، چونكە كاتی یەعنی لەكاتی خاصدا ئێمە دەمانەوێت، بەتایبەتی ئەوانەی كە خاوێن كەرن لەپاركەكان ئیش دەكەن یان لەهەر شوێنێكی تر، بەتایبەتی ئێستا چونكە كەرتی تایبەت ئیش دەكات، ئەوانە ئەتوانن لەو شوێنانە بەڕاتبێكی زیاتر ئیش بكەن لە كەرتی تایبەت، ئەو

کێشەیە بەو شێوەیە حەل دەبێت، سەبارەت بەدابەشکردنی پرۆژەکان، پێوەری ڕێژەی دانیشتوان ڕەچاو دەکرێت، ئینجا ئەمساڵ بۆ ساڵی 2012 ئەوەمان ڕەچاو کردووە کە ڕێژەی دانیشتوان ڕەچاو بکرێت کە هەندێجار کەمی خزمەتگوزاری یان بوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان لەبەرچاو دەگیرێت، بۆ نموونە بڵێین ڕانیە نفوسی زیادە دەبێت ئێمە ڕێژەیەکی زۆر خزمەتگوزاری بۆ دابین بکەین، بەڵکو لەوانەیە ئێمە پرۆژەیەکی زۆرمان بۆ ڕانیە کردبێت، بۆ نموونە دەڵێم، بەس مادام نفوسی دانیشتوانی زۆرە دەبێت دیسان ئەمساڵیش هەر بەهەمان شێوە زیادی بۆ دابین بکەین، بۆیە محاوەلە دەکەین کە عادیلانە ئەو پرۆژانە دابەش بکەین، بۆ ئەو ناچانەی کە زیاتر خزمەتگوزارییان دەوێت و کەمیان بۆ کراوە بۆ ئەوانە بکەین، بەس ڕێژەی دانیشتوان لەبەرچاو دەگیرێت، بەنیسبەت ئامێر و مەکائین بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستەو دەکەونە ناوچەی سنووری، ڕاستە دەبێت ئەوانە تا حەدێك هەیانە بەس ئەوە لەو مستەوایە نیە کە بتوانێت ئیشەکانی خۆیان بکەن، لەکاتی وادا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونیش هاوکاریمان دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر ڕێگا بێت وگیرابێت، بۆ کردنەوەیان یان نەتوانن هاتووچۆ بکەن، ئەوان یارمەتیمان دەدەن، بەس ئەگەر خۆمان ئەو کارە بکەین ئەوە مەعلومە پێویستیمان بە بودجە هەیە، داوامان کردووە لەوەزارەتی دارایی کە ڕەزامەندی بدەن لەسەر دابین کردنی بودجە بۆ کڕینی ئالیات، باسی هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەی ئاویی کرد ئەوە دووبارە کرایەوە، وابزانم پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك پێشەوا تەعقیبت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مەغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم کرد سەبارەت بە تێکەڵ بوونی ئاوی دوکان بە ئاوەڕۆ، کە بەشێکی تێکەڵی ئاوی دەریاچەکە دەبێت، ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژەیە بەڕاستی وایە، کە تێکەڵی ئاوی دەریاچەکە دەبێت، کە فەحصی بۆ کراوە ئەوەی کە بۆی کراوە، نیسبەیەکی زۆری تێکەڵی ئاوەکە بووە، ئەوە ئێستا پارێزگای سلێمانی پێی هەستاوە، ئێستا لەژێر قۆناغی جێبەجێکردندایە، فلتەری خاصی بۆ دابین کراوە، بۆ ئەوەی کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ڕێباز فتاح، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماوەی ساڵانی ڕابردوو ژمارەیەك لەهاووڵاتیان، وەك وەرگرتنی زەوی ڕەقەمی زەوییەکانیان وەرگرتووە، بەڵام لەبەرامبەردا دیاری نەکراوە کە ئەو زەوییە لەکوێیە؟، وە نەیانتوانیوە لێی سوودمەند بن، پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئایا ئەو ژمارانە هیچ شەرعیەتێکیان هەیە؟، ئایا ئەو هاووڵاتیانە کەی دەبنە خاوەنی زەوییەکانیان؟، سەبارەت بەئاوەڕۆ پێم وایە زۆر باس کرا، بەس ئاوەڕۆ لەسەر ئاستی تایبەت، پێم وایە ساڵانێکی زۆرە لەپارێزگای هەولێر ئیش لەسەر ئاوەڕۆ دەکرێت، بەڵام تا ئێستا هەر ئەو کێشەیە هەیە، بەتەواوەتی چارەسەر نەکراوە، لەسەر ئاستی گشتیش هەموو ساڵێك لەهاوین یان هەر وەرزێکی تر نەخۆشیەك بڵاو دەبێتەوە، وەزارەتی تەندروستی بەئاشکرا ڕای دەگەیەنێت کە هۆکارەکەی پیس بوونی ئاوە، بە ئاوەڕۆ یان هۆکارێکی تر، پاك بوونی ئەو ئاوەش لە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانیە، یەکێك لەهۆکارەکانیش دانانی ئاوە لەگەڵ ئاوەڕۆ لەکاتی پرۆژەکاندا، پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا چ پلانێك هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە؟، لەسەر ڕووبەری سەوز پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا چ ستانداردێك بەکار دەهێندرێت بۆ ڕووبەری سەوز لەشارەکاندا؟، ئەگەر بڕیار وایە کە پارەیەك سەرف بکرێت بۆ ئەوەی کە ڕووبەری سەوز زیاد بکرێت، لەسلێمانی لەماوەی ڕابردوو کە قەسابخانە کۆنەکەی سلێمانی هەبوو، وا بڕیار بوو کەشوێنی قەسابخانەکە بکرێت بە ڕووبەرێکی سەوزایی، ئێستا بڕیار دراوە کە ئەو شوێنە بکرێت بە بینا، لەکاتێکدا کە پارە دەدرێت بۆ ئەوەی بینا بڕووخێندرێت بکرێت بەشوێنی سەوزایی، ئێستا شوێنێك کە بڕیار بوو بکرێت بە سەوزایی دەکرێت بە بینا، هیوادارم ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ژمارەی زەوی کە وەرگیراوە، پێش ئێستا باسکرا کە ئەو زەویانە ئیشی پێ دەکرێت ئەوە نیە زەوی وەهمی بێت، ئەو کەسانەی کە ژمارەیان وەرگرتووە، دیسان ژمارەیان دەدرێتێ، بەس چەند دەخایەنێت یان نا ئەوە دیار نیە، دەمێنێتەوە سەر ئەو لیژنانەی کە ئیشی لەسەر دەکەن، شەرعیەتیشیان هەیە، بەنیسبەت کێشەی ئاوەڕۆ لەهەولێر کێشەمان هەیە، پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژی دیزاینەکەی لەساڵی 2007 تەواو بووە، لەلایەن کۆمپانیایەك ئەو دیزاینە کراوە، لێرە ئێمە چونکە بودجەیەکی زۆری دەوێت لە نزیکی 800 ملیۆن دۆلاری دەوێت، بەس نەمانتوانیوە تائێستا بیخەینە قۆناغی جێبەجێکردن، داوامان کردووە ئەمساڵ بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، تا بتوانین فێست بە فێست ئیشی لەسەر بکەین، زۆر کۆمپانی هەیە دێن دەیانەوێت لەسەر شێوەی قەرز بیکەن، بەس تا ئێستا موافەقەی لەسەر وەرنەگیراوە کە ئێمە بە شێوەی قەرز بیکەن، ئەگینا دەتوانین دەستی پێ بکەین، بەس دەمانەوێت لەسەر بودجەی خۆمان بێت، چونکە بودجەکەش سنووردارە، ئەگەر ئێمە ئێستا 800ملیۆن موافەقەت وەربگرین، یەعنی هیچ پرۆژەیەکی تر لەهەرێمی کوردستان ناکرێت جگە لەو پرۆژەیە، یەعنی ئەو پارەی کە ئەمساڵ بۆ وەزارەتی شارەوانی تەرخان

دەکرێت، لەوانەیە لە حدوودی 250 تا 300 ملیۆن دینار بێت، کە ئەوە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، تا ئەوەی ئێمە داوامان کردووە، کە 3 تریلیۆن و 300 ملیار دینارە، بەس محاوەلە دەکەین کە ئەو پرۆژەیە ئەمساڵ بەهەر شێوەیەك بێت جێبەجێ بکرێت، ئەو کێشەیەش چارەسەربکرێت، چونکە ئەگەر ژێرخانی خزمەتگوزاری نەبێت هیچ شارێك ناتوانێت شارێکی ستاندارد بێت، ئەوە یەك لە پرۆژەکانە کە دەبێت ئەوەلین شت وەزارەتی شارەوانی پێی هەستێت ئەو پرۆژەیە لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئاو وئاوەڕۆ تەواو بێت، سەبارەت بەسەوز کردنی شارەکان، مەعلومە ئێمە محاوەلە دەکەین تا بتوانین ڕێژەی سەوزایی زۆر زیاد بکرێت، ڕێژەی سەوزایی ستانداردی عالەمی نزیکەی لە 30٪یە کە بتوانێت ژینگەی ئەو شارو شارۆچکانە بە خاوێنی ڕابگرێت، ئێمە هێشتا زۆر دوورین لەوەی کەبگەینە ئەو مەرحەلەیە، ئەگەر ڕێژەی سەوزایی هەولێر بگرین لە 7٪ تا 8٪ دەبێت، زیاتر نیە، سلێمانی کەمترە لە 4٪ یان 5٪ دەبێت، دهۆکیش هەروەها لەو ڕێژەیەدایە، ئێمە دەبێت زۆر ئیش لەسەر ئەوە بکەین کە ڕێژەی سەوزایی زیاد بکەین بەس بودجەی زۆرمان دەوێت، بۆ تەواوکەری ئەو پرۆژانە، بەنیسبەت ئەو قەسابخانەی کەباسی کرد، من پرسیارم کرد لەشاری سلێمانی کە ئەو کێشەیە چیە؟، دەربارەی چارەنووسی قەسابخانە کۆنەکەی شاری سلێمانی، کە بڕیارە بکرێت بەڕووبەرێکی سەوزایی، ئەوە ڕاستە، ئێستا بڕیارە بکرێت بە پرۆژەیەکی بینا سازی، دوای گفتوگۆکردنم لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی ئەو وەڵامی داینەوە کە بڕیار بوو بکرێت بەپرۆژەیەکی سەوز، وەك پارك ئەو کات بودجەی گونجاو نەبوو، بۆیە هیچ نەکرا، بەڵام پاشان لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەت، درا بە وەبەرهێنەرێك بۆ پرۆژەیەك کە دروستی بکات کەپێك دێت لەدوو بەش، بەشی یەکەم: سێ چوارەمی ڕووبەرەکە وەبەرهێنەر لەسەر خەرجی خۆی دەیکات بەپارك و سەوزایی وە ئیدامەی دەکات، پاشان تەسلیم بە شارەوانی سلێمانی دەکات، واتە سێ لەسەر چواری ئەو پرۆژەیە دەکات بە سەوزایی و تەسلیمی شارەوانی سلێمانی دەکات، واتە لەژێر سەرپەرشتی شارەوانی دەبێت، بەشی دووەم: یەك لەسەر چواری ڕووبەرەکە وەبەرهێنەر بۆ خۆی دەکات بە مۆڵ، واتە مۆڵەکە لەبەشێك دەبێت لە ڕووبەرەکە، بەڵام تەواوی پرۆژەکە تا ئێستا پەسەند کردنی ماوە لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڕێباز تەعقیبت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکە هەر ئەو وەڵامەی کاك کاروان بوو، چونکە ئەو ڕەقەمەی کە من دەیڵێم جیاوازە لەوە، ئەوەی کەمن دەیڵێم هاووڵاتی لەبەرامبەر ئەوەی کە فەرمانبەر بووە، وەك نموونە، خزمەتی خۆی تەواو کردووە، لەبەرامبەر ئەوەدا قەرار بووە کە زەوییەك وەربگرێت، تەنها ڕەقەمی زەوییەکەیان داوەتێ، مەبەستم قەرەبوو کردنەوە نیە؟، وەك پێدانی زەوی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سمير عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر فەرمانبەر بووەو زەوی وەربگرێت ئەوە وایە، هەیە کە هێشتا زەوی نیە، ئەو کارتەیان دەدەنێ کە حەقیان نەفەوتێ، سبەینێ کە زەوی ئیتفا کرا و ئیفراز کرا، ئەوکاتە دەیاندرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دڵشاد حسين قادر، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ پرسیارم هەبوو، وابزانم پرسیاری یەکەمم زۆرینەیت وەڵامدایەوە، بەس یەك فەقەرە دەڵێم، بەپێی ئەو بڕیارەی کە لە سلێمانی بۆ خانووە بێ تاپۆکان کراوە، بەپێی یاسای تەجاوزاتی 241 کراوە، بەڵام خاوەن خانوو کە بۆی تاپۆ دەکرێت بە موستەفید حساب دەکرێت بۆ؟، ئەوە پرسیارێك، پرسیاری دووەم: لەسەر پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان، کە جەنابت لەپرسیارەکەی کاك پێشەوا بە دوکان وەڵامت دایەوە ئەو هی دوکانی کرد تۆ وتت دەربەندیخان، جگە لەو قسە گشتیانەی کەجەنابت دەیکەیت، پرۆژەکە ئەبوایە 9 مانگە تەواو بکرایە، دەربەندیخان نزیکەی 7 تا 8 ساڵ دەبێت ئاوی خواردنەوەی ناخورێتەوە، تووشی جۆرەها شت بوون، چونکە ئاوەڕۆکانی سلێمانی و شارەزوور دەڕژێتە ناو دەریاچەی دەربەندیخان، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئەم پرۆژەیە کەی تەواو دەبێت؟، پرسیاری ترم، جەنابتان ئەو فلتەرانەی کە کۆمپانیای (یوکەی فیلتەر) دایناوە ئەو فلتەرانەن کە دەتوانن کانزا قورسەکان بپاڵێون؟، کە بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە بەدەستی من گەشتووە، ئەو فلتەرانە ناتوانن کانزا قورسەکان بپاڵێون، تەنها بۆ پاککردنەوەی بۆن و ڕەنگ و پاك کردنەوەی کلۆرە، بۆ مادده سووکەکانی ئۆرگانیکی، بەمەرجێك کێشەی ئاوی دەربەندیخان کانزا قورسەکان و کانزا هایدرۆکاربۆنەکانن، کەئێستا شتێکی ترش هاتۆتە سەری کە مەسفی نەوت لەسەر ئاوی تانجەرۆ دانراوە لەسنوری سلێمانی پاشماوەی ئەوانەشی دێتە سەر، پرسیاری سێیەم: دەربارەی گەشتوگوزارە، ئایا جەنابت دەربەندیخان بەشوێنێکی گەشتوگوزاری دەزانیت؟، ئەگەر بەڵێیە لە بودجەی 2010 و 2011 هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاریتان نەکردووە، بەپێی قسەی جەنابت ماستەر پلان دەکەن کە بۆ ساڵی 2012ش هیچ پرۆژەیەکی گەشتوگوزاری بۆ دەربەندیخان نیە؟، پرسیارەکە ئەوەیە کە لەماستەرپلانەکەشدا خۆ دەربەندیخان وەك ناوچەیەکی گەشتوگوزاری ناسراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز سمير عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانە، ئەم پرۆژەیە لەلایەن کۆمپانیای (بروسك) ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ کۆمپانیای( یوکەی فیلتەر)ی بەریتانی، کە قۆناغێکی زۆر باشیان بڕیوە، بەڵام لەبەر بوونی هەندێ کێشەی لاوەکی لەنێوان هەردوو کۆمپانیا، پرۆژەکە کەمێك دواکەوتووە لەماوەیەکی نزیکدا تەواو دەبێت و دەستبەکار دەبنەوە، ئەم پرۆژەیە لەڕێگای فلیتەرەوە کە بۆ خاوێن کردنەوەی کانزا قورسەکانە بەهۆی گۆڕینی تام وبۆنی ئاوی دەربەندیخانەوەیە، ئەم فیلتەرانە کاری خاوێن کردنەوەی ئاو لە قوڕ ولیتە دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئاوە لە دەریاچەوە وەرگیراوە ئەم پرۆسەیە زۆر لاوەکیە، تەنها وەك کلۆر لەئاو دەکرێت، بۆ دڵنیا بوون لەنەخۆشی بەهۆی ئاوەکەوەیە، ئیشی تری پێ دەوێت ئەو پرۆژەیە، بەنیسبەت ناسینی دەربەندیخان بەناوچەیەکی گەشتوگوزاری لەماستەر پلانی گەشتیاری پلانی بۆ دادەندرێت، دەربەندیخانە بەڕاستی ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە لەماستەرپلانی سەرتاسەری ئەوە دەستنیشان دەکرێت، کە لەزمنی ناوچەکانی زۆر گرنگی ستراتیژی گەشتیاری دەبێت، بەنیسبەت ئەوەی کە چ پرۆژەیەك دانراوە، ئێمە پرۆژە دانانێین بۆ ئەوەی کە حکومەت ئیشی لەسەر بکات، ئێمە داوا لەوەبەرهێن دەکەین کە بێن پرۆژەی گەشتیاری لەو ناوچانە بکەن، بۆیە ئەوە هەتا ئێستا بودجەی بۆ دانەنراوە، بەس دەتوانین پرۆژەی بچووك بکەین، کە بتوانێت خەڵکی ئەوی سوودی لێ وەربگرێت،وەك پارك و جێگای یاریگا، ئەو شتانە تا بتوانن سوودی لێ وەربگرن، دیسان دەڵێمەوە کە سیاسەتی حکومەت ئەوەیە کە کەرتی وەبەرهێنان لەبواری گەشتوگوزاریدا بکات، پرسیاری تر بەنیسبەت تاپۆکردنی خانووەکان ئەوەیە کە بڕیار ئامادەکراوە و بەرزکراوەتەوە، بەڵام هێشتا پەسەند نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد تەعقیبت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر ئەو فلتەرانەی کەدانراون، بەپێی مەعلوماتی من حەزدەکەم لەدوای ئەوەی ئەو فلتەرانە تەواو بوون لەقەزای دەربەندیخان وەکو لە فەحصەکاندا دەرکەوتووە، کانزا قورسەکانی تێدایە ئاوی دەربەندیخان، بۆیە داواکارم لەجەنابتان و وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەك پێك بهێنن بۆ فەحص کردنی ئاوەکە پاش پاڵاوتنی و پێش تەوزیع کردنی بەسەر ماڵەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله(وەزیری شارەوانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەو پێشنیارە زۆر باشە، بەڕاستی وادەکەین کە لیژنەکە پێك بهێنین لەوەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی شارەوانی تا دووبارە دیراسەت بکرێتەوە پاش ئەوەی کە تەسفیە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فرمان عزالدين محمود، فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە وەكو بنەمایەك هەر شوێنێك داهاتێك بۆ هەرێم دابین بكات، پێویستی بە پاراستن هەیەو پێویستی بەوە هەیە بگەڕێتەوە سەر وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، دیارە لێرەو لەوێ چەندان شوێنی شارەوانیمان هەیە، كە تا ئێستا لەژێر دەستی وەزارەتی شارەوانین، پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە بەڕێز وەزیری شارەوانی شارەوانی چ هەنگاوێكیان ناوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شوێنەوارە گرنگە گەشت وگوزاریانە بۆ سەر وەزارەتەكەیان؟ لەبەر ئەوەی بەڕاستی لەسەردەمی ئێستامان و دنیای تازەدا گەشت و گوزار داهاتێكی زۆر پێك دەهێنێت بۆ بودجە، بەتایبەتی بودجەی هەرێم، ئەگەر نموونەش بێنینەوە، ڕەنگە نموونەمان لەلادا هەبێت لە كاتی خۆی لە شارۆچكەی خەلیفان، لە كۆتایی شارۆچكەی خەلیفان لە زار گەلی عەلی بەگ فندقێكی گەشتوگوزاری شارەوانی هەبوو، ئەو ئوتێلە ئێستا لەلایەن چەند كەسێكەوە دەستی بەسەرداگیراوە، لە سەرچاوەیەكی باوەڕ پێكراویش بەنیازی فرۆشتنیشن، نازانم جەنابتان چەند ئاگادارن؟ ئەو فندقە هی شارەوانییە، یان نا؟ پاشان هەر لەناو گەلی عەلی بەگ شوێنێك هەیە پێی دەڵێن بەردی بازنان، ئەوە كاتی خۆی یەك شوێنی لێ دروست كرا بوو بۆ موناسەبات، ئێستا چەند خانوویەكی لێ دروست كراوە، نازانم ئەگەر ئێستا جەنابتان وەڵاممان دەدەنەوە، لەلایەن چەند كەسانێك بەرهەمەكەیان دەست دەكەوێت، یەعنی داهاتەكەیان دەست دەكەوێت، ئایا ئەوانە گرێبەستیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، یاخود هەر بەشێوەیەكی وا دەستیان بەسەر داگرتووەو داهاتەكە بۆ خۆیان دەبەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو دوو پرسیارەی بەڕێز كاك فرمان بەڕاستی مەعلوماتێكی وام نییە لەسەری، داوا دەكەم زانیاری زیاترمان بۆ بێت، كە بتوانین بە نووسراو وەڵامتان بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، تەعقیبێكت هەیە؟ نییە، زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەمیر گۆگا یوسف كەرەم بكە.

**بەڕێز امیر گوگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیرێ شارەوانی و گەشتوگوزار.

سێ پرسیارم هەیە، پرسیارێ یەكێ/ پرۆژا ئاڤا پاسۆتێنێ دەروازە زاخۆ بۆ سالاٚ 2010 هاتیتە ڤی پەسند كرن، بەلێ نەهاتیتە ئەنجامدان، كو دێ سالاٚ 2011 دێتە ئەنجامدان، بەلێ هەتا نوكە دیزاین بۆ نەهاتیە

دروست كرن، چەندين جار دەزگا راگەياندنێ هاتيە ديار كرن، ئەرێ پرۆژە گرنگ دوو ساڵ بورين هەتا نوكە ديسان بۆ نەهاتيە دروست كرن، ئەگەر چيە؟ ئەگەر ديسان دوو ساڵ مابن ئەرێ جێ بەجێ كرن چەند ساڵ بێت؟

پرسيارە دوێ/ داخوازيا ڤێ بەريا شارەوانيا زاخۆ كو مەبلەغێ تەخمينى بۆ پرۆژە هاتيە كرن بۆ ساڵە 2012 ئەوان مەبلەغێ نزيكى چل مليار نڤيسى، وا ديارە تەنيا كەمتر شەش مليۆن دەهێنە ديار كرن، بۆ زانين شەست ژ سەدى شەقامێ زاخۆ هێشتا دروست نەكرينە.

پرسيارێ سێ/ بەشێوەيەكى گشتى ئەو پرۆژانەى دێينە ئەنجامدان، بەتايبەتى شەقام پشتى دوو، ئان سێ ساڵ زۆر خراپ دەبن، ئايا وەزارەت چ پلانى هەيە بۆ چارەسەر كرنا ڤى ئاريشێ؟ چونكە ئەڤ پارەيە زۆر بە هەدەر دەچن و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابى وەزير فەرموو.

**بەڕێز سمير عبدالله/ وەزيرى شارەوانى و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەنيسبەت پرۆژەى ژێر پردو مەدخەلى زاخۆ، ئەوە ئەو پرۆژەيە ئەسڵەن ديزاينى نەبوو، كە تەقديم كرا بۆ ئێمە بەس بودجەيەكى بۆ تەرخان كرا، لەلاى ئێمە هيچ نە ديزاينى هەيە، نە دەرخستيە، هيچى نييە، ئێمە هەڵستاين بەو پرۆژەيە بيكەينە ديزاين، دامانە كۆمپانياى ديزاينەر وەكو موناقەصە كردن بێت، چەند شەريكەيەك تەقديميان كردووە، ئەو شەريكانە بەڕاستى لەو موناقەصەيە كە موشارەكەيان كردووە، چەند شەريكەيەك بووينە، ئەو شەريكانە نەيتوانيوە بەو ئاستە بێت كە پرۆژەكە گرنگى هەيە، بتوانن ئۆفەرى خۆيان تەقديم بكەن، ئێمە لەو كاتەى كە لە ليژنەى شيكردنەوەيە، ليژنەى چاكسازى هەرێمى كوردستان داوايان كرد ئەو پرۆژەيە ببەن تەماشا بكەن بزانن چى لێهاتووە، لەكاتى شيكردنەوە بوو، هەتا ئێستا لەوێ نەگەڕاوەتەوە بۆ ئێمە، ئەوە چەند مانگە، بۆ ئەوەى ئێمە بتوانين ئەو پرۆژەيە ئيحالە بكەين، ئەوانەى كە تەقديميان كرد بوو، ئێمە هێشتا هيچ بڕيارێكمان نەدابوو، هيچ شى كردنەوەكە تەواو نەببوو، بەس ئەوانەى كە تەقديميان كرد بوو ئەوەى ئەقەل ئۆفەرى دانابوو پرۆژەكە لە حدودى چوارسەد هەزار دۆلارە، ئەوەى كەمترين ئۆفەرى كرد بوو هەشتا هەزار دۆلار هەتا سەدو بيست هەزار دۆلار بوو، كە بۆ خۆى ئەگەر چوار هۆڵى دروست بكەين دەكاتە هەشتا هەزار دۆلار، يەعنى ئەو شەريكەيە ناتوانێت مەساريفى پارە بكات و ديزاين و ئەوانە بكات، بە سەدو بيست هەزار دۆلار ناتوانێت ئەو پرۆژەيە بكات، لەبەر ئەوە ئێمە گوتمان ئيعادەى تەندەر بكرێتەوە، بەس لەو مەرحەلەيە دابووين كە ليژنەى چاكسازى برديان ديراسەتى دەكەن، ئەوە لەو حاڵەتە دايە. بەنيسبەت كەمى تەرخان كراوى بودجەى ساڵى 2012 واى كردووە كە ئەمساڵ شەش مليار تەرخان بكرێت بۆيان، پلانى وەزارەتمان بۆ ساڵى 2012 زياتر بوو لە سێ تريليۆن ئێمە موحاوەلەمان كرد، سێ تريليۆن و شەش سەد مليار، بەڵام تەنها دووسەدو پەنجا مليار بۆمان دانراوە، لەكاتێكدا لە شارۆچكەى زاخۆ سى پرۆژەى بەردەوامان هەيە بە گوژمەى زياتر لە

هەشتاو پێنج ملیار دینار، زاخۆ هەشتاو پێنج ملیار دیناری هەیە، ئێستا پرۆژەی بەردەوام دەكات. بەنیسبەت پرۆژەكانی وەزارەتمان هەموویان بەگوێرەی تەندەرو مواسەفات ئەنجام دەدرێن و، لەكاتی جێ بەجێ كردنیان بەدواداچوون لەلایەن وەزارەتەمانەوە بە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەكرێت بۆیان، هەر پرۆژەیەك بەگوێرەی مواسەفات ئەنجام نەدرێت قەبوڵ ناكەین و ئیستیلامیشی ناكەین، ئێستا موتابەعەی پرۆژەكان زۆر زیاتر بووە، ئەگەر فەشل بێنێت ئەو موقاولە لەسەر بودجەی خۆی كە ئێمە پارەشیان لێ رادەگرین بۆ ماوەی صیانەیان ساڵێك چاك دەكەینەوە، بەس ئەوانە هەمووی فحوصاتی موختەبەری دەكرێن، ئەگەر ئەو فەحصانە قەبوڵ نەكرێن، ئێمە هیچ ئیستیلامێك لێیان وەرناگرین، لەبەر ئەوەی ئەو زەمان زەمانی بڵێین لە پاش دوو ساڵ، سێ ساڵ خراپ بێت، ئێستا ئەوە نەما، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەو پرسیارانەی كە لە وەختی قیاسی بۆمان هاتبوو تەواو بوون، مەجموعەیەك پرسیاری تری زۆر هاتووە، ئەمڕۆ تا چەند سەعاتی تر تەواو نابێت، بۆیە جەنابی وەزیر بانگ دەكەین لە هەفتەی داهاتوو دووبارە، پێتان باشە یەك شەممە دوای نیوەڕۆ پرسیارەكان تەواو بكەین، ئەگەر دوو شەممە بێت دەبێت دوای نێوەڕۆ بێت، چونكە بەیانیەكەی ئیشێكی تر هەیە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رۆژی یەك شەممە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، ئێمە كۆنفرانسێكمان هەیە هی یەك رۆژی لە بەیانیەوە تاكو چواری عەسرە، بۆیە ئەگەر بخرێتە رۆژی دوو شەممە بۆ ئێمە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

رۆژی دوو شەممە سەعات (3)ی پاش نیوەڕۆ كۆ دەبینەوە، ئێستاش كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین تاكو رۆژی دوو شەممە سەعات (3)ی پاش نیوەڕۆ، خوا ئاگادارتان بێت، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 5\12\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15)

**دووشەممە ڕێكەوتی 2011/12/5**

كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/12/5 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (15)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/12/5 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر میوانداری كردنی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە مەبەستی بەرچاوخستنی چالاكیەكانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (15)، ڕۆژی دانیشتن 2011/12/5، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2011/12/5 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر میوانداری كردنی بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە مەبەستی بەرچاوخستنی چالاكیەكانی وەزارەت و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی پەرلەمان.

زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی كاك سەمیر و ڕێكخەری نێوان پەرلەمان و حكومەت كاك سەعد دەكەین، زۆر بەخێر بێن، جەنابی وەزیر فەرموو بۆ سەر مەنصە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی دانیشتنی پێشوو، كە مابوو هی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، فەرموو. بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی) فەرموو پرسیارەكانت ئاراستەی جەنابی وەزیر بكە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەو سـێ پرسـیارە ئاراسـتەی بـەڕێز وەزیـری شـارەوانی و گەشـتوگوزار دەکـەم، هەرچـەند هەنـدێك لـەم پرسیارانە کراون، بەس بەڕاستی لەبەر ئەوەی گرفتی ئەو سێ، چوار قەزای هەڵەبجەی تازەو سەید صادق و پێنجوێنە، یەکێك لەو بڕیارانەی حکومەت کە هەیە بەنیسبەت...............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تیکرار نابێت، پرسیار کراوە، تۆمار کراوە، وەڵامی دراوەتەوە، پرسیاری تـازەت هەیـە، فـەرموو، تکایـە پرسیاری دووبارە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە پرسیارەکان کە نەکرا بێت، بڕیار هەبوو ئەو زەوییانەی هاووڵاتی کە بەر شارەوانی دەکەوێت، کە لـە هـەر دوو دۆنم پارچـە زەوییـەك بـە هـاووڵاتی بـدرێت، ئەمـە بەحەقیقـەت نـەکراوە لـە سـنوورەکان بەتایبەتی لە قەزای هەڵەبجە گرفتێکە، هیـوادارم وەزیـری شـارەوانی جـەنابی لەبـەر چاو بگرێـت و کـاری لەسەر بکرێت. پرسیارێکی تر بـۆ بـەڕێز وەزیـری شـارەوانی، بڕیـار هـەبوو ئـەو زەوییانـەی روکـنن دابـەش کراون، تاپۆ بکرێت، ئەمە چەند دەست و چـەند معامەلـەی پـێ کـراوە، ئەمـە بـە حەقیقـەت ئـەو تاپۆیانـە نەکراون و گرفتێکی گەورەی بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە، بەتایبەتی لەسنووری قـەزای هەڵەبجـەو سـەید صادق و پێنجوێن، داواکارم ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیاری چوار بـۆ کێشـەی شـاری هەڵەبجـە، بەداخـەوە ئـەو دوو خاڵـە کـە باسـی لێـوە کـرا لـە زۆربـەی زۆری هـەرێمی کوردسـتان ئـەو کێشـەیە هەیـە، لـە رانیـەش هـەبوو چارەسـەر کـرا بـە فـەرمانێکی تایبەت، کە هەر دوو دۆنم یەك پارچە زەویان بدرێتێ، هـەروەها هەڵەبجـەش داوایـان کـردووە بـەو شـێوەیە بکرێتن، کانی ساردیش لە دەربەندیخان هەمان کێشەیان هەیە، لە مەنتیقەی تری ناوچەکانی تـری هەرێمی کوردسـتان هـەمان ئـەو گیروگرفتـە هەیـە، لـە ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەو باسـە کـرا کـە ئـەو کێشـەیە بـە چ شـێوەیەك حـەل بکـرێتن، چـونکە ئەوانـە بەڕاسـتی حـەقی خۆشـیانەو زەوی بـاو باپیرانیانـە، بـەس هـیچ سـەنەدێکیان نییـە بـەناویان بـێتن، هـیچ عەقـدێکیان نییـە بـەناویان بێـت، بـەس دەبێـت ئـەو کێشـەیەش چارەسەر بکرێت، دوو هەفتە پێش ئێستا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران من پرۆژەیەکم تەقدیم کرد بوو سەبارەت بە کێشەی کانی سارد، کە ئەویش هەمان ئەو کێشەیە دەیگرێتەوە، بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتـوانین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو کێشـەیە چارەسـەر بکـەین وەزیـری کشـتوکاڵ و وەزیـری شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزیری ئاوەدانکردنەوە لیژنەیەك پێك بهێنن، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم کێشانە

بكات، ئەوەش لە وەختێكی زۆر كەم چارەسەر دەكرێت، ئینجا چوار دۆنم یەك پارچە زەوی بێت، یان بە دوو دۆنم یەك پارچە زەوی دەبێت، دەبێت ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت و نەمێنێتەوە، چونكە زۆربەی زۆری هەرێمی كوردستان ئەو كێشەیان هەیە، چونكە لە وەختی خۆیدا رژێمی بەعس زەوییەكانیان هەمووی بەناوی شارەوانی كردووە، ئەوانەی كە كەوتوونەتە ناو شارەوانی، هەتا ئێستاش نەیانەزانی كە بەناوی ئەوان نەماوە، لەبەر ئەوە ئەو كێشەیە وای كردووە، كە ئێمە نەتوانین پرۆژەی وەبەرهێنانیش لەو شوێنانە بكەین، هەتا پرۆژەی موستەسمیری تر بێن لەو مەنتیقانە بكەن، ناهێڵن، چونكە دەڵێن ئەمە زەوی ئێمەیە، دەبێت قەرەبوو بكرێینەوە، قەرەبووش بەچ شێوەیەك بكرێتەوە، هیچ یاسایەك نایانگرێتەوە، دەبێت ئەوە بەشێوەیەكی تایبەت چارەسەر بكرێت، ئەوەش لە ئەنجومەنی وەزیران پێشنیار كراوە بەو لیژنەیەی كە باسم لێ كرد ئینشائەڵلا ئەوە چارەسەر دەكرێتن. بەنیسبەت ئەو زەوییانەی كە روكنن، ئەوە پێش ئێستا ئەو روكنانە هەمووی دابەش كراوە لەو شارە، ئێستا بۆتە كێشە ناتوانین لێیان وەربگرینەوە، زەوی روكن بەتەعلیمات و رێنمایی و ئەوانە دەبێت بە موزایەدە بدرێت، بەهیچ شێوەیەك زەوی روكن تەوزیع ناكرێت، بۆ ئەوەی ئەو كێشەیەش چارەسەر بكەین، دیسان لیژنەیەك دانراوە، بەڵكو بەمە چارەسەر بكرێت، ئەمەش لە ئایندەیەكی نزیك چارەسەر دەكرێت، بەنیسبەت ئەو پرسیارانەی جەنابت كردت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عبدالرحمن حسین كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەم، من دوو پرسیارم هەیە ئاراستەی جەنابی وەزیر دەكەم: یەكێك لەو پرسیارانە ئەوەیە كێشەی صناعەی زاخۆیە، خۆی بە دەست بۆمان هێنا بوو وەكو پەرلەمان، لێرە تا زاخۆ حكومەت هەمووی پێ ئاگادارە، كە ئەم كێشەیە ماوەی ساڵێك دەبێت ماوە، هەڵواسراوە، وابزانم جەنابی وەزیریش پێ ئاگادار بوو، من لە دانیشتنی تریش بە دەست ئەو دیكۆمێنتانەمدا بە دەستی جەنابی، ئەگەر لەلای ما بێت زۆر باشە، من دەمەوێت بزانم ئەو كێشەیە تا چ حەددێك چووەو چارەسەر كراوە، یان نا؟ لە چ ئاستێك ماوە؟ من داوا دەكەم چارەسەر بكرێت، چونكە كێشەیەكی زۆر ناخۆشە لە زاخۆ، (200) دوكاندار ماون لەناو صناعەی كۆن، ئەوانەی تر نەقل كراون بۆ صناعەی تازە، ئەوانە داوایەكە لەبەردەستی جەنابی وەزیر، بۆیە داوا دەكەم وەڵامی ئەم پرسیارەم بداتەوە، تا كێشەكە چارەسەر بكرێت، زۆر سوپاسی دەكەم. بەنیسبەت پرسیاری دووەم/ جەنابی لە سەرەتای جەلسە ئیشارەتی پێدا گوتی پاك كردن و ئاوەدانی و ئاوەڕۆ ئیش و كاری وەزارەتەكەیە، بەڵێ بەڕاستیش وایە، بەڵام من پرسیاری لێ دەكەم چڵكنی و پیسی بۆگەنی رووباری زاخۆ، خابور، لەناو زاخۆ تێدەپەڕێ، یەعنی وەكو حەلەزۆنی تێ دەپەڕێ زۆر پیس و بۆگەن بووە، زۆر چڵكن بووە، چ لە ئاوەڕۆ دێنە سەری، چ ئەو خەڵكانەی شتەكانیان

فێر دەدەنە ناوی، یان دوو جەلالیش دێنە سەر رووبارەکە، هەر لەولاو لەولا هەردوو جەلالیش بۆگەن بووەو بۆنی لێ دێت و پیسن، هیچ پاك كردنەوەیەكی تیا نییە، وەك من مەعلوماتم هەیە شەریكەیەك هەیە لە ئەستۆی گرتووە، لەناحیەی باتوفە تابعی جامعی بێرسڤێ و هی زاوەو بێت بۆ لای زاخۆ هەتا بچێتە ئیبراهیم خەلیل و بگاتە پێشە بیرێ، ئەو شەریكەیە پاك كردنەوەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، بەڵام وەكو پێویست ئیشەكانی جێ بەجێ ناكات، هەر هەندە لە مانگێ چوار (495) ملیۆن دیناری پێ دەدەن، بەڵام وەكو پێویست ئیشەكەی خۆی جێ بەجێ ناكات و بە ئیشی خۆی هەڵناستێت، پۆخلی و پیسی و بۆگەنی لەناو كۆڵانەكانی زاخۆ زۆرە، من لە جەنابی دەپرسم وەڵامی ئەمەشم بداتەوە زۆر سوپاسی دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوچەی پیشەسازی كۆنی زاخۆ، كە دەكەوێتە ناو سەنتەری شار، بەڵام لەساڵی 2005 شوێنێكی تر دەست نیشان كراوە، بۆ ئەوەی ئەو شوێنە نەقل بكرێتەوە بۆ دەرەوەی شار، بۆ ئەوەی ناوچەی پیشەسازی لە دەرەوەی شار بێت، تا بتوانێت ئەو شوێنەی كە تەرخان كراوە بۆیان، یان ئەو شوێنەی كە لەناو شارە ببێتە شوێنێكی سەوزایی و سوودی لێ وەربگیرێت، راستە، ئەو شوێنەی كە باسی لێ دەكات تەرخان كراوە بۆ ئەو كەسانەی كە كرێچی بوون، یان ئەوانەی كە صاحێب بوون، یان هەندێك كە پیشەوەر بوون لەو شوێنە، بەس لەپاش ئەوەی كە من پرسیارم كردووە، بەڕاستی هەندێك لەو كەسانە هەنە كە بە ناحەقی زەوییان وەرگرتووە، ئەوەش ئێستا لیژنەیەك تەشكیل كراوە و پێكهێنراوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی بە ناحەق وەریانگرتووە، دەبێت لێیان وەربگیرێتەوە، ئەوەی كێشەی پیشەسازی كۆنی زاخۆ بەو شێوەیەی كە نەقلی شوێنی نوێ دەبێتەوە چارەسەر دەبێت. بەنیسبەت پاك وخاوێنی شاری زاخۆ، دەزانن خاوێن كردنەوەی شاری زاخۆ دراوەتە كۆمپانیایەكی تایبەت، كەرتی تایبەتە، هەتا ئێستاش ئەو كۆمپانیایە بەپێی ئەو مەعلوماتەی كە هەیتم زۆر بە رێك و پێكی ئیش دەكاتن، ئەو كۆمپانیایە لە دهۆكیش ئیش دەكاتن، لە زاخۆش ئیش دەكاتن، لە سمێڵیش ئیش دەكاتن، لەو جێگایانە هەمووی ئیشی خاوێن كردنەوەی شار لە ئەستۆی ئەوانە، واتا هەتا ئێستا من گلەییەكم نەبیستووە ئەوانە ناو شاریان بە شێوازێكی وا ئیش نەكرد بێت كە خاوێنیان نەكرد بێت، بەس ئەوەی كە باسی لێ دەكەیت، بەڕاستی بەدواداچوونێكی زۆر بە جددی دەكەین، كە تەماشا بكەین ئەوە ئایا بەو شێوەیە كە خاوێن ناكەنەوە؟ چونكە هەر جارێ تەقییم بۆ ئێمە دێت بە دواداچوون دەكرێت لەلایەن شارەوانی ئەوێ و لەلایەن وەزارەتەوەش، ئێمە لیژنەی بەدواداچوونمان هەیە، تایبەتن تا بەدواداچوونی ئەو كۆمپانیایانە بكات، كە خاوێن كردنەوە لە ئەستۆی ئەوانە، ئەوە نییە ئەوان بتوانن ئیهمالی ئەو ئیشە بكەن، لەبەر ئەوە من حەز دەكەم و تەئكیدی لێ دەكەمەوە، كە ئایا كۆمپانیا بە ئیش و كارەكانی خۆی بەشێوازێكی رێك و پێك هەڵنەستێت، ئەو كات ئێمە تێبینی و

ئیجرائاتی خۆمان هەیە لەگەڵیان دەکەین. بەنیسبەت بۆگەنی و بۆنی ئەو ئاوەی پیس بووە، بەڕاستی ئەوە لە پرسیاری جەنابت نەبووە، ئەوە ئێستا ئەو پرسیارە نوێیە، بەس ئیحتیمالی زۆرە ئەو ئاوە لە جیهاتی دیکە وای لێ کرد بێت، کە ئاوی ڕووباری پیس کرد بێت، ئەوەش دەبێت چارەسەر بکرێت، چارەسەر کردنی ئاویش بەڕاستی زۆر گرنگە بۆ تەندروستی خەڵك، من بۆ ئەوە پێداچوونەوەیەك دەکەم لەسەر ئەو پرسیارەی کە جەنابت کردت، کە تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە بۆ خاوێن کردنەوەی شارو، بۆ بۆنی ڕووباری زاخۆ دێتن؟ دەبێت ئەوە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو (200) دوکانەی ماون لە صناعەی کۆن، ئەوانە وەکو پێویست ئەو داواکارییانەی کردوویانە دەڵێن ئەو زەویەی بە ئێمە دراوە وەکو پێویست ئیشی ئێمە هەڵناسووڕێت، دوای ئەوەش ئەو خزمەتگوزاریەی بۆ ئێمە پێویستە لەو جێگایە نەگەیشتووە تا بگوازینەوە بچینە ئەوێ، دەمانەوێت حکومەت هاوکاریمان بۆ بکات، یان خزمەتگوزاریمان بۆ ببات ، یان زەوییەکەمان زیاد بکات، جەنابت ئیشارەتت پێدا گوتت کە هەندێك زەوییان دراوەتە کەسانێك میهنەی نییە، غەیر میهنەیە، بەڵێ ڕاستە، ئەوەش ئەگەر ئیشارەتێکی پێ بدەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من بە خۆم باسم کرد هەندێك کەس هەیە بە ناحەق ئەو زەویەیان وەرگرتووە، کە پیشەیان ئەوە نییە، بەڕاستی ئەوانە لێیان وەردەگیرێتەوە، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری بگەیەنێتە ئەو شوێنانە، ئەوانەش هەمووی لە پلانی شاری زاخۆیە، کە بتوانن ئەگەر پرۆژەی خزمەتگوزاری نەگاتە ئەو شوێنانە، بەڕاستی ئەوانیش ناتوانن سوود وەربگرن لە ئیشی خۆیان، کەسیش ناتوانێت بگاتە ئەوێ، بەتایبەتی لە وەرزی زستان، بەس ئەوانە دەکرێن دڵنیابە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز قادر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.

من پرسیارێکم لەسەر پرۆژەی ئاو هەبوو، جارێکی تر وەلأم درایەوە، پرۆژەی ئاوی پشدەرو رانیە، بەلأم پرسیارێکم هەیە لەسەر شەبەکەکانی ئاوی قەلأدزێ و رانیەو حاجیاوەو سەروچاوە، بەتایبەتی رانیەو حاجیاوەو چوارقورنە دەکەونە ژێر ئەو پرۆژەی ئاوی دەربەندەوە، ئێستا شەبەکەی ئاوی ئەو شارانە لەچەند سەرچاوەیەکەوە ئاو وەردەگرن، یەك نەخراون، پرسیارەکە ئەوەیە، پرۆژەکە خۆی دواکەوتووە، ئەگەر ئێستا چارەسەری ئەو شەبەکانە نەکرێت، یان نەخشەیان بۆ دانەنرێت، دوای تەواو بوونی پرۆژەکە، دیسان رەنگە ئەویش چەند ساڵێکی بوێت تا شەبەکەکانی ئاو رێك بخرێت، ئەمە پرسیارێکمە.

ئەو پرۆژانەی دەچن لە بەشی دەرخستەو دیزاینی سلێمانی زۆر دوا دەکەون، ئەو بەشە سەرپەرشتی (74) شارەوانی دەکات، کە رەنگە بە قسەی شارەوانیەکان هۆکاری دواخستنی بەشێکی باش لە پرۆژەکان بۆ جێ بەجێ کردن دەکەوێتە سەر ئەوەی کە بەشی دەرخستەو دیزاینی سلێمانی کاری زۆرەو ناتوانێت ئەو کارە جێ بەجێ بکات، پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئایا وەزارەتی شارەوانی ناتوانێت بۆ سنووری هەر قەزایەك، یان بەناو ئەو یەکە ئیدارەییانەی کە ئێستا دانراون رانیەو قەلأدزێ لیژنەیەکی بەشی دەرخستەو دیزاین دابنێت لە ئەندازیارو یاسایی تا کارەکان لە کاتی دەرچوونیان دوا نەکەوێت؟ جەنابت جارەکەی تر ئیشارەتێکت بە رانیەدا لە پرۆژەدا، بە دڵنیاییەوە رانیە بەشی خۆی پرۆژەی بۆ کراوە، بەلأم لە وەزارەتی شارەوانی ساڵی پار تەنها نزیکەی دوو ملیار دینار بودجەی شارەوانی رانیە بووە لەسەر وەزارەتی شارەوانی، ئێستا رانیە بە رێژەی لە 50٪ بووە، لە 55٪ قیرتاو و چیمەنتۆیە، وەزعی چوارقورنە لە قیرتاو و چیمەنتۆ زۆر خراپە، بۆیە پێم باشە پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا وەزارەتی شارەوانی بۆ شارێکی گەشە کردووی، کە بەردەوام لە فراوان بوون دایە لە رانیە، بودجەی ئەمساڵی دەبێت زیاتر بێت، کار بکەین بۆ ئەوەی لە قیرتاو و چیمەنتۆدا شارەکەمان لە پیس و پۆخڵی دەرباز بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە ئاوی دەربەندی رانیە، جارەکەی تر زۆر باسمان کرد، ئەو کێشانەی کە هەیە بەڕاستی کێشەی گەورەن و چارەسەریش دەکرێت، ئەمە پێشنیاری گۆڕانکاری ژمارە سێمان تەقدیمی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، کە رەزامەندی نەکراوە، بەس ئێستا دووبارە وا لە کاتی ئەوە دایە چارەسەر بکرێت و جارێکی تر بۆیان دەنێرینەوە، واتا دەبێتە جاری چوارەم، کە ئەم کێشەیە لە ئەنجومەنی وەزیران باسی لێ دەکەین تا چارەسەر بکرێت، ئەوە چارەسەر دەکرێت. بەنیسبەت شارەوانیەکان، شارەوانیەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی کە ژمارەیان (74) شارەوانییە بە ئیدارەی گەرمیانەوە، ئەو شارەوانیانەی یەك ئەندازیاریان هەیە، هەڵدەستن بە ئامادە کردنی دەرخستەو رەوانە کردنی

بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی، ئەگەر شارەوانیەکان ئەندازیان نەبێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی بەخۆیان هەڵدەستن بە ئامادە کردنی دەرخستە، بەشی دیزاینیان هەیە و ئیشی لەسەر دەکەن، دوایی وردبینیش دەکەن، پاشان بۆ وەزارەت دەنێرنەوە، بۆ ئەوەی لە پلانی ساڵی داهاتوودا بێت، بەڵێ پرۆژەکان زۆرن، ئەندازیاریش کەمن، بەڕاستی ئەندازیار زۆر کەم دەچنە ناو شوێنی شارەوانی، لە شارەوانی ئیش بکەن، ئەندازیار زیاتر حەز دەکات لە حەقل بێتن، چونکە هەم ئیشی زیاترو بەناحیەی موخەصەصات و ئەوانە زیاتر وەردەگرێت، لەناو وەزارەت، یان لەناو شارەوانیەکان بەشێوەیەك راتبیان زۆر کەمتر دەبێت، یان موخەصەصاتیان کەمتر دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو موشکیلەیەمان هەیە، کە ئەندازیار زۆر کەمتر دێنە ناو دەوائیر، واتا لە دەوائیر نینە، زیاتر لە حەقلن، ئێمە چارەسەرێکمان کردووە لە وەزارەت، بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و دیزاینمان داناوە، بۆ ئەوەی ئەو دەرخستانەی کە دێنە لای ئێمە، ئێمە دیسان دووبارە دیراسەی دەکەینەوە، وەکو فلتەرێك دەبێت، کە ئەو دەرخستەیە دێتە ئەوێ دیراسەت دەکرێت، لەوێ تەواو دەبێت، ئینجا هەر کێشەیەك، نەواقیصێکی هەبێت ئیشارەی پێ دەکرێت و چارەسەری دەکرێت. بەنیسبەت ئەو شارەوانیانەی کە باس دەکەن ئەندازیاریان کەمە، یان بۆچی ئەندازیاریان بۆ دانانێین؟

بەڕاستی هەر شارەوانییەك بەپێی میلاکاتی خۆی ئەندازیار دادەنێت، میلاکیان چەند بێت؟ ئەوەندە دادەنێن، ئەوەش ئەگەر داوا بکرێت لە وەزارەت، بەپێی میلاکات بۆیان دادەنرێت، ئەو میلاکاتەش لە وەزارەتی پلاندانان ئامادە دەکرێت و تەقدیمی هەموو وەزارەتەکان دەکرێت. ئەوە لە بەرنامەی ئێمەدایە، نەك بەس لە شارە گەورەکان، بەڵام لە هەموو شارەکان بەشی دیراسات و دیزاین هەبێت، تا بتوانین ئەو دەرخستانە، کە پێش ئێستا گرفتێکی زۆری بۆ ئێمە چاك کردووە، بە کشوفات و ئەوانە ئێمە چارەسەری پرۆژەکانمان کردووە کە نەکرێتن، بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێتن، دەبێت شوێنێك هەبێتن تا وەکو فلتەرێك دیراسەتی ئەو پرۆژانە بکات و بتوانێت کاتێك کەشفێك دێت، یان دەرخستەیەك دێتن ئیحتیاجی بە کەشفی ئیزافی نەبێت، ئیحتیاجی بە گۆڕانکاری نەبێتن، ئەوە موشکیلەیەکی زۆر گەورەی بۆ ئێمە چاك کردووە، پێش ئێستا هەر بە عەجەلەو بە سورعەت دەبینی کەشفێك، یان دەرخستەیەکیان دەنارد بۆ وەزارەت زۆر نەواقصی تێدا دەبوو، بە چ چارەسەریان دەکرد؟ بە کشوفاتی ئیزافی، دوو بەرابەری ئەو پارەیەی کە پێش هەینێ تەرخان کراوە بۆ ئەم پرۆژەیە، بەڵکو زیاتری تێ دەچوو، لەبەر ئەوە ئەو بەشە زۆر گرنگە بکرێتن.

سەبارەت بە پرۆژەکانی رانیە، باسی ئەوەت کرد دوو ملیاری بۆ تەرخان کراوە، وایە، چەند پرۆژەیەك هەیە بۆ ساڵی 2011 مەرکەزی شاری رانیە هەیە، ئەوە تەرخان کراوە، کە دەتوانم بڵێم یەکێکیان رێگەسازی بۆ گەڕەکەکانی نەورۆزو زانکۆی رانیەیە بە گوژمەی یەك ملیارو پێنج سەد ملیۆنە، قیرتاو کردنی ناو گەراجی رانیە بە گوژمەی سێ سەد ملیۆنە، من خۆم چوومە ئەوێ، بەڕاستی کە دیتم ئەوە چەند ساڵە ئەو گەراجە کێشەی ئەوەی هەیە کە قیرتاو نەکراوە، زۆر لە سائیقەکانی ئەوێ گلەییان هەبوو،

كە هەتا ئێستا ئەو گەراجە گەیشتە قۆناغی تەواو بوون، بەس قیرتاو نەکراوە، ئەمەش ئەمساڵ لەم بەرنامەیە دابوو، گوتمان با ئەو کێشەیەش لەوێ حەل بکرێت، دوای دروست کردنی سیاحی گۆرستانی کۆنە لە رانیە، ئەویش ئیحالە بووە بە (150) ملیۆن، دروست کردنی شەقامەکانی بەشی ناوخۆیی کچان لە رانیە ئەویش بە (247) ملیۆن، دەکاتە دوو ملیارو تەقریبەن دوو سەد، سێ سەد ملیۆن دینار، بەڵێ، ئەو گوژمەی بۆ ساڵی 2011ی پارێزگای سلێمانی بە هەموو فەرمانگەکانیەوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دانرا بوو و پەسند کرا، تەنها نەوەد ملیار دینار بوو، کە ئەوە زۆر کەمە بۆ پارێزگایەك، بۆ ئیدارەی گەرمیان، ئەو پارە تەرخان بکرێت و چۆن تەوزیع بکرێت لەسەر هەموو شارو شارۆچکەکان، ئێمە تەنها بۆ شاری رانیە (13) ملیار دینارمان لە پلان دابوو، نەك دوو ملیار، (13) ملیار دینار، بەس چیان کرد، قوتیان کرد، ئەوە بوو کەم بۆوە، نەوەك لە پلانی ئێمە (13) ملیار دینار بوو، ئێمە هیچ وەختێك وا ناکەین کە هیچ یەك شارێك، یان لە شارۆچکەکانی ئێمە، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا وا لە حاڵەتی تەتویرە، بەتایبەتی رانیە شارێکە ئێستا زۆر گەورە بووە، بە موازاتی ئەو گەورە بوونە.

بەڕاستی ئێمە پێ راناگەین خزمەتگوزاریەکانیشی بۆ بکەین، چونکە ئەگەر بودجە نەبێت، ناتوانین بیکەین، دابەش کردنی بودجەی بەپێی رێژەی دانیشتوان دەبێتن، زیاتر ئەوە بەپێی پلانی وەزارەتی پلاندانانە، بەڵام دەبێت هەندێك ناوچە هەیە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ نەکراوە، دەبێت مولاحەزەی ئەوەی بکەین، ئەگەر دانیشتوانیشی کەم بێت، بەس دەبێت پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ بکرێت، ئەگەر ئێمە بەس تەماشای ئەوە بکەین دانیشتوانی شارەکە گەورەیە، بەڵام بۆ خزمەتگوزاری مومکینە ئەوانی تر تێ دەچن، ئینجا زیاتر موشکیلەی ئێمە موشکیلەی بودجەیە، ئەگەر بودجەمان هەبێت، پرۆژەی زۆرمان دەبێت، بودجەمان نەبێت بەو شێوەیە کەموکوڕیمان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تعقیبەکەم لەسەر دوو شتە:

یەکەمیان/ پرسیاری پێشووم ئەوە بوو، کە باسی شەبەکەی ئاوەکەمان کرد، بەڵام وەڵامم وەرنەگرتەوە.

دووەمیان/ راستە ژمارەی دانیشتوان، رەنگە ببێتە هۆی زوڵم کردن لە هەندێك شوێن، بەڵام رانیە یەکێکە لەو شارە دیارانەی کە لە گەشەیەکی زۆر زیاد دایە، لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەریەوە خەڵك رووی تێ دەکات، ئێستا زانکۆی بۆ کراوەتەوە، ناکرێت بەو رێژە زۆرە کەمی قیرتاو و چیمەنتۆی هەبێت، کە بۆتە هۆی سیمایەکی ناشرین بۆ رانیە، بۆیە پێویستە حیسابێك بۆ ئەوە بکەن، کە لایەنی کەم ئەم رێژە قیرتاو و چیمەنتۆیە زیاد بکرێت، چونکە ئەو بەشە بەردەوامە ئەگەر ئێستا خەمی بۆ نەخۆین، دوو ساڵی تر

رانیە ئەوەندەی تر زیاد دەبێت، دیسان هەر فریای ئەو ڤیرتاو و چیمەنتۆیە ناکەوین، چوارقوڕنەش لەو شوێنانەیە کە جۆرێك لە وێرانەیە لە ڕووی جادەو ڤیرتاوەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبداللە/ وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ڕاستە، شەبەکەی ئاو ئەگەر تەنزیم نەکرێتن، بەڕاستی یەعنی هیچ ئیستیفادەمان لە پرۆژەکە نەکرد، دەبێت شەبەکەی ئاو تەنزیم بکرێت، ئەوەش لە بەرنامە دایە، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆکان پلانی بۆ داناوە. بەنیسبەت شاری ڕانیە، شارێکی گەورەیەو لە فراوان بوون دایە، بەس موشکیلەی ئێمە هەموو هەرێمی کوردستانە، بەس ڕانیە نییە، ئێمە دەبێت بە یەك چاو تەماشای هەموو هەرێمی کوردستان بکەین، بەڵام شارەکانی تریش پێویستیان هەر هەیە، بەس ئەگەر ئەتۆ میزانیەکی مەحدودت هەبێت، دەبێت دابەشی بکەیت بەسەر هەموو ئەو شارانە، ئینجا بەپێی ڕێژەی دانیشتوان بێتن، یان بەپێی ئەوەی کە کەمترین خزمەتگوزاری بۆ کراوە، ئەوە دەبێت تەقسیم بکرێت، ئەوەش لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی سلێمانی و گەرمیان لەگەڵ پلاندانانی خۆمان دادەنیشین هەموو ئەو پلانانە دادەڕێژین، کە چۆن ئەمانە تەقسیم بکرێت، لەبەر ئەوە دەبینین هەندێکیان کەمیان بە بەر دەکەوێت، هەندێکیان زیاتریان بە بەر دەکەوێت، لەبەر ئەوەی پرۆژەی زیاتر ئیحتیاجە لەو شوێنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سالار محمود مراد، لێرە نییە، بەڕێز محمد احمد علی شارەزووری کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم بۆ جەنابی وەزیری شارەوانی ئەوەیە لەسەر داوای وەزارەتی شەهیدان و لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە ساڵی 2009 بڕیار دەرچووە بۆ دابەش کردنی (18) هەزار پارچە زەوی بەسەر کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران لە سەرتانسەری کوردستاندا، ئەو بڕیارە لە وەزارەتی شارەوانی نەهاتۆتە جێ بەجێ کردن، ئێمە لە موناقەشەی ساڵی 2011 وەك داواکاری لە ڕاپۆرتی لیژنەکەمان داوای ئەوەمان کرد لە وەزارەتی شارەوانی جێ بەجێی بکات، بەداخەوە جێ بەجێ نەبووە، ئێستا کێشەیەك دروست بووە وەزارەتی شەهیدان لە ساڵی 2011 کە بودجە بڕیاری دروست کردنی (4200) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان داوە، پارەکەی بۆ تەخصیص کراوە، هەر ماڵە شەهیدێك پارەکەی بۆ تەخصیص کراوە، ئێستا کێشەکە بۆ وەزارەتی شەهیدان دێتە وەزارەتی شارەوانی ئەو بڕیارەی جێ بەجێ نەکردووە زەویان نادرێتەوە، من داوام ئەوەیە لە جەنابی وەزیر ڕوون کردنەوەمان بداتێ لەسەر

ئەوەی بە تایبەت لە سنووری سلێمانی بۆ ئەو زەوییانە ئیتفا ناکرێت، هەر جارێك بە بیانوو، جارێك مەساح نییە، جارێك ئەرزی زراعیە، جارێك ئەوانەو بودجەی ساڵی 2012 دێت و کەسوکاری ئەو شەهیدانەش، ئێستا پارەکە حازرەو زەویەکەیان بۆ جێ بەجێ بکەن و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، لە جەلسەی پێشووش باس کرا، بەڕاستی لەسەر ئەو زەوییانەی بۆ شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدە، بەڕاستی ئێمە کارێکی جددیمان لەسەر ئەوە کردووە، زەوییەکی زۆر دابین کراوە، لە پارێزگای دهۆك چەند تەوزیع کراوە، لە هەولێر ئامادەیە، لە سلێمانی نییە، نەکراوە، بەس لەناو شاری سلێمانی (400) پارچە زەوی ئامادە کراوە، لە هیچ لە شوێنەکانی تر، قەزاو ناحیەکانی تر هیچیان ئامادە نەبووە، ئەوەش ئێمە ئیسرارمان کردووە، بە چەندین نووسراو دووپاتمان کردۆتەوە کە ئەو زەویانە ئامادە بکرێت، ئاخیر شت لەگەڵ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کۆبوونەوە هەبوو، پاشان قەرارماندا بەڕاستی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەوانەی کە ئەو ئیشەی نەکەن لە شارەوانییەکان موحاسەبە بکرێن، ئینجا ئێستا وا هەڵستاینە ئیش دەکەن لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ سوپاس، بەڕێز حەمە سەعید حەمە عەلی کەرەم بکە.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو پرسیارانەی کە کرا دووبارەی ناکەمەوە، پرسیاری یەکەمم/ بۆچی تا ئێستا زۆربەی شارو شارۆچکەکان ماستەرپلانیان نییە؟ یان هەیەو کۆنە، یان واقیعی شارەکان بەپێی ماستەر پلانەکە نییەو کەموکوڕی زۆری تێدایە؟

بە نموونە، ماستەرپلانی شاری سلێمانی ئامادە کراوەو مەسروفێکی زۆری تێچووە، بەڵام دواتر لیژنەیەکی پسپۆر (16) لاپەڕەیان لەسەر نووسیوە لەسەر کەموکوڕیەکانی ماستەرپلانی شاری سلێمانی، کە پێمواییە ئەمە لەلایەن زانکۆی سلێمانی و لەلایەن لیژنەیەکی تری پسپۆڕەوە نووسراوە.

خاڵێکی تر، تەبعەن هەر لەگەڵ ئەو خاڵەیە، تەصمیم ئەساس لەشارەکاندا یان نییە، یان نوقصانە، دیارە تەصمیم ئەساس رۆڵێکی خۆی هەیەو ماستەر پلانیش رۆڵی خۆی هەیە. پرسیارێکی تر، بۆچی زۆربەی شارو شارۆچکەکان پرۆژە خزمەتگوزاریەکانیان بەپێی پێویست نییەو زۆر بە کەموکوڕیش جێ بەجێ دەکرێت لە رووی کوالێتیەوە، هەندێك جار پرۆژەکانی ژێر زەوی جێ بەجێ ناکرێن، چەو رێژو ڤیرتاو و شۆستە دەکرێت هی کۆڵان و جادەکان، بەڵام دواتر بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی ژێر زەوی مەجبور دەبن ئەو

پرۆژانەی سەر زەوی تێك بدەنەوە، ئەمەش مایەی بەفیڕۆ چوونی سامانێکی زۆرەو بێ پلانی و بێ بەرنامەیی دەگەیەنێت، هەروەها پرۆژە خزمەتگوزارییەکان زۆر دوا دەکەون، بە نموونە، پرۆژە خزمەتگوزاری تەواوکاری لە هەڵەبجەی شەهیدو خانە خۆکردەکان، هەروەها جادەی ناو شاری عەربەت، کە ئەوە زیاتر لە ساڵێك خەڵکی دەناڵێنێ، پرۆژەی رووپۆش کردنی چەمی چەقان لە سەید صادق و، مەدخەلی سەید صادق و، شوێنەکانی تر زۆرن، ئەوە وەك نموونە. خاڵێکی تر، بۆچی پرۆژەی پەرەپێدان و گەشە پێدانی شارەوانی شارو شارۆچکەکان، یان نییە، یان بەپێی پلانێکی زانستی هاوچەرخ نییە؟ بۆ ئەوەی شارەکانمان گەشەی پێ بدەین و بچێتە ریزی شارەکانی دنیاوە، وەکو بۆ نموونە لە رووی ماستەر پلانەوە، لە رووی پالأوتنی پاشەڕۆی ئاوەڕۆوە بەشێوەی زانستی و، لە رووی سووتاندنی پاشماوەی خاشاکی شارەکان و سوود وەرگرتن لێی، هەروەها پرۆژەی گەشتوگوزاری و ناوچەی سەوزو پارك و ئەوانە، دیسان لە شارەکاندا مەرکەزی تەختیتی هەبێت، کە لەو مەرکەزە تەختیتیە شارەوانیەکان بۆ چەند زۆنێك دابەش بکات، دواتر کۆنفرانسێکی گشتی بگیرێت لەنێوان زۆنەکانی، لەنێوان شارەوانیەکان، بۆ ئەوەی موناقەسە دروست ببێت، چ شارەوانییەك، یان چ زۆنێك پێشکەوتووەو ئیشی باشی کردووە، دەستخۆشی لێ بکرێت و پرۆژەی بدرێتێ. پرسیاری چوارەم/ بۆچی ئیفراز کردنی زەوی راگیراوە؟ تەوزیع کردنی زەوی نییە، لەگەڵ ئەوە فەرمانبەرێکی زۆر هەیە لە هەموو چین و توێژەکان، کە موستەحەقی زەوی وەرگرتنن، ئەمری زەوی وەرگرتنیشیان هەیەو، لە هەندێ شوێن رەقەمی دراوە بە فەرمانبەران، بە نموونە، مامۆستایان لە هەڵەبجەی شەهید، لە شارەزوور رەقەمی وەهمیان پێ دراوە، بەلأم زەویەکەش نییە، هەروەها رێنماییەکانی شارەوانی جەنابت ئاگاداری لەبارەی دروست کردنی مزگەوتەوە، رێنمایی تایبەت هەیەو تەعمیم کراوە، ئەوەی کە مزگەوت چەند خانووی هەبێت، لەناو شاردا دوو خانوو، لە دەرەوە یەك خانوو، چەند تابق بێت؟

لەبەر ئەوەی زەوی نییە، بەلأم شارەوانی بەداخەوە بە چاوی رێنماییەکان ناکەن، بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە مزگەوتی رزگاری لە سلێمانی، کە چەند جار ئیجازەی وەرگرتووە بە ئیجازەی شارەوانی کراوەتەوە، بەلأم ئێستا خانووی کردووە بۆ مەلاو، بۆ خادم، خانووەکانیان پێ تێکداوە، ئێستا مزگەوتەکە راگیراوە لە قاتی چوارەمدا، کە بۆی هەیە بەپێی رێنماییەکان، قاتی چوارەمیش هی گومەزو مەنارەیە، ئەوە تەفسیلە تەبعەن، بەلأم بە نموونە دەهێنمەوە.

خاڵێکی تریش، بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی پێش ساڵێك قەرارێك لە حکومەتەوە دەرچووە، کە دەبێت بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بە موصادەقەی موحافز بێت، یەعنی موحافز موصادەقەی بکات، بەلأم ئێستا ئەنجومەنی شارەوانی بڕیار دەردەکات ناینێرێت بۆ موحافزو موصادەقە ناکرێت و، تەدەخول لە هەندێ ئیشی تریش دەکات، کە خەڵك بۆی هەیە تەعنی ئەو بڕیارانە بکات و، لە رووی قانونیشەوە بەپێی بڕیارەکەی حکومەت دەیباتەوەو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە ماستەرپلانەکان زۆربەی زۆری تەواو بوونە، زۆربەی زۆری شارە گەورەکان تەواو بووینە، هی قەزاو ناحیەکان دەست پێ کراون، هەندێکیان لە حاڵەتی تەواو بوونن، هەندێکیش دەست پێ کراون، ئەوەی باسی ماستەرپلانی سلێمانی دەکەیت وایە، کەموکوڕی لە هەندێ ماستەرپلاندا هەیە، بەس لایەنی کەم لە شارەوانیەکان بەردەوام دیراسەت دەکات، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکەن، بۆ ئەوەی تەعدیل بکرێت، لە زیمنی ئەوانە ماستەرپلانی سلێمانیە، ئەویش بەهۆی گۆڕینی کۆمپانیای یەکەم و دووەم، کەوا دیار بوو کارەکانیان پێ تەواو نەدەکرا، ئەوە بوو گیرگرفتێکی زۆر چارەسەر کرا، دوایی دیراسەت کرایەوە، بۆ ئەوەی تەعدیل بکرێتەوەو، ناتوانین لە هەمان کاتدا ئێمە بۆ هەموو شارەوانیەکان بە یەکجار ماستەرپلانیان بۆ چاك بکەین، چونکە ئەو شارەوانیە بەڕاستی نە کادیریان هەیە، تا بتوانن لە خزمەتی ئەو پرۆژەیە دابن، چونکە دەبێت ئەوانە شارەزا بن، واتا ئەو رووپێوانە لەوێ لە مەجالی (grs) شارەزا بن، کە بتوانن ئەو ماستەرپلانانە تەتبیق بکەن و بیخوێننەوە، لەبەر ئەوە ئێمە وا بە مەرحەلە تەواوی دەکەین، کە ساڵی داهاتوو (20) شارو شارۆچکەی تر دەکەوێتە قۆناغی جێ بەجێ کردن و ماستەرپلانیان بۆ دادەنێین.

بەڕاستی بەنیسبەت پرۆژەکانی خزمەتگوزاری، ئێمە بە تەئکیدی 100٪ پلانیان بۆ دادەنێین، هەر شارەوانیەك پاش ئەوەی کە دیراسەت دەکرێت و چ ئیحتیاجاتیان هەیە، نیازی ئەو شارە چیە، ئەوان دەرخستەی دەکەن و بۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی سلێمانی، یان هی هەولێر، یان هی دهۆك دەینێرن، ئەوانیش بۆ ئێمە دەنێرن، ئێمەش بەپێی پلان ڕێزبەندیان دەکەین و دەینێرین بۆ وەزارەتی پلاندانان، لەو 100٪ تەقریبەن 10٪، یان 5٪ دەمێنێتەوە، ئەگەر پێتان بڵێم ئێمە پرۆژەی خزمەتگوزاری بەو بودجەیەی کە هەیتمان ئەگەر 100٪ بێت، ئێمە 100٪ ناجح دەبین، ئەگەر 10٪ بێت نەجاحەتی ئەو وەزارەتە 10٪ە، یان 5٪ە، ئەگەر پرۆژەکانیش بە تەواوی جێ بەجێ بکرێن، دیسان باسی لێ دەکەینەوە دەمێنێتەوە سەر ئەو بودجەیە بۆ ئەو شارو شارۆچکانە، کە بە چ شێوەیەك تەقسیم دەکرێتن، ئێوە نوێنەری خەڵکی کوردستانن، دەزانن ئێمە چ کێشەیەکمان هەیە بەنیسبەت میزانیە بۆ ئەو پرۆژانە، ئەگەر خەڵك داواکاریان ڕەوایەو ڕاستە، دەبێت ئێمە پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ بکەین، بە هەر شێوەیەك بێتن دەبێت ئەوانە ئەنجام بدەین، بەس ئەگەر نەمانبێت، یان نەتوانین ئەو بودجەیە تەئمین بکەین، بەس بتوانین 10٪ ئەو پرۆژانەی کە تەقدیم دەکرێتن بودجەی بۆ تەئمین بکرێتن، ئەوە هەر 10٪ەکە دەکرێت، زیاتر ناکرێت، یەعنی ئێمە کو بسووڕێینەوە دێینەوە سەر میزانیە، لەبەر هەندێ ئەگەر باسی ئەوەی دەکەن کە بۆچی پلانێك نییە، بۆ هەندێ پلان هەیە، بەڵام پلانەکە چۆن دەکرێت؟ کاتێك بودجەکە کەم دەکرێتەوە دەبێت ئەفزلیەت بدەینە ئەو پرۆژانەی گرنگترن بکرێن، بەداخەوە وای لێ دێتن،

بەس ئەگەر میزانیەکی باشمان هەبێت بەهیچ شێوەیەك ئێمە کەموکوڕیمان نابێت لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بۆ دەکرێت. باسی پرۆژەکانی خزمەتگوزاریتان کرد، کە موشکیلەی ئەوەیان هەیە، کە پاش ئەوەی قیرتاو دەکرێن، دووبارە تێکدەدرێتەوە، یەعنی هەماهەنگی لەنێوان دەوائیرەکانی مەربوت بە یەکەوە نییە، واتا ئیرتیباتیان نییە، وەکو بڵێین ئاوەڕۆ، ئاو، شارەوانی، کارەبا، وایە، پێش ئێستا وا بوو، دەبینی گەڕەکێك قیرتاو دەکرێت، پاشان دەهاتن بۆیان مەجاریان چاك دەکرد، چی لێ دەهات، ئەو جادەیان خراپ دەکردەوەو دووبارە مەسرەفێکی زۆر دەبوو، چونکە ئێمە یەك وەزارەتین دەبێت ئەوانە هەمووی لەگەڵ یەك هەماهەنگیان هەبێت و واش پلان کراوە کە هەتا مەجرایەکە نەکرێت، جادەکەش نەکرێتن، چونکە ئەگەر ئەوە بکرێت، ئەویتر دووبارە کاری دەکرێتەوە، دووبارە حەددێکی زۆر لەسەر شارەوانی دەبێتەوە، هەتا ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کارەباو ئەوانەش پەیوەندیمان کردووە، کە هەر جۆرە پلانێکیان هەبێت بەبێ وەزارەتی شارەوانی نەکرێت، هەتا دووبارەکاری نەکرێتەوە، هەروەها وەزارەتی گەیاندن و گواستنەوە، لەبەر ئەوەی پێش ئێستا وا بوو، بەس بەڕاستی ئەوە سەیتەرەی لەسەر کراوە، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کەموکوڕیانە بکرێت.

بەنیسبەت ئەوەی کە بۆچی ئیفراز کردنی زەوی راگیراوە؟ ئیفراز کردنی زەوی رانەگیراوە، ئیتفا کردن راگیرا بوو، تەنیا ئیتفا کردن بۆ ماوەی (90) رۆژ راگیرا بوو، ئەویش بۆ مەبەستی پێداچوونەوە بە هەموو کارەکانی کوژانەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەویش بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم بوو بە ژمارە (9)ی ساڵی 2011. سەبارەت بە دابەش کردنی زەوی، ئەوەیان بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، لە ساڵی 2006ـەوە فەرمان دەرچوو، کە هیچ زەوییەك دابەش نەکرێت، بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش دەبێت دووبارە ئەگەر زەوی دابەش بکرێت، ئەو فەرمانەش ژمارە (7304)ـە لە 2006/6/8 دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی باسی رێنماییەکانی مزگەوتی نەدایەوە، باسی ئەوەی کە ئەنجومەنی شارەوانی کە قەرار دەردەکات، دەبێت موحافز موصادەقەی بکات، ئەگینا قەرارەکە شەرعیەتی نییە، وەڵامی ئەوەی نەدایەوە، باسی پرۆژەی تەنمیەو گەشەپێدان و تەتویری شارەوانیەکان و بەپێی ئەوەی کە رەبتی بە تەتویری گەشەی هەمەلایەنەوە هەیە، کە هەندێکم بە نموونە هێنایەوە، ماستەرپلان و سووتاندنی زبڵ و ئاوەڕۆو پارك و ناوچەی سەوزایی، کە بەپێی ستاندار نییە، ئێستا هەموو شارەکان دەڵێن بەس ئەوەیە کە لە 30٪ بەپێی ستاندار (25 تا 30) دەبێت سەوزایی بێت، دەبێت پارکی تێدا بێت، وا نییە.

باسی دواکەوتنی پرۆژەکانت وەڵام نەدایەوە، پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، نموونەشم هێنایەوە، کە دوو ساڵ و سێ ساڵ دواکەوتووە، وەڵامی ئەوەت نەدایەوە کە باسی ئیتفای زەویت کرد، ئەو قەرارەی سەرۆکی هەرێم ژمارە (9)ی ساڵی 2011، قەرارێکی تازەیە، من پێموایە لە ساڵی 2008ـەوە زەوی ئیفراز نەکراوەو تەوزیعیش نەکراوەو، خەڵکێکی زۆری فەرمانبەرو هەموو چین و توێژەکان هەیە، کە زەویان وەرنەگرتووە چەند ساڵەو موستەحەقیشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی بەنیسبەت ئەو ڕێنماییانەی کە موحافەزە دەبێت تەصدیقی بکات، ئینجا دەنێردرێتە لای وەزیر، لە هەولێر وایە، هەر بڕیارێك لە ئەنجومەنی شارەوانی دەردەچێت دەبێت موحافزیش تەصدیقی بکات، ئینجا دەبێت بێتە وەزارەت.

سەبارەت بە مزگەوت، بەڕاستی من هیچ ئەوەیەکم نییە لەسەر مزگەوت، چونکە مزگەوت زیاتر ڕەبتی بە ئەوقافە، بەس وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئێمە دەنووسن ئەگەر زەوییەك تەرخان بکرێت، واتا خێرخوازێك دەیەوێت مزگەوتێك دروست بکات، ئێمە زەوی بۆ تەرخان دەکەین، هیچی تر نییە، سەبارەت بە ڕێنماییمان هەبێت سەبارەت بە مزگەوت و ئەوانە.

بەنیسبەت خاوێن و کردن، یان کۆکردنەوەی شارەکان، ئەویش وابزانم جارەکەی تر من زۆر باسی ئەوەم کرد، کە بەچ شێوەیەك شارەکان خاوێن دەکرێنەوەو بۆتە چەند زوونێك، بەخۆی دایتمانە کەرتی تایبەت، کە ئەوانە ئیش بکەن لەسەری، یەعنی ئەوەش وەختێکی دەوێت هەتا تەواو دەبێت، ئەوە ئەگەر بڕێك سەبرو تەحەمول هەبێت، هەموو کوردستان دەکەوێتە بن چەتری ئەو پلانەی کە دامانناوە.

بەنیسبەت دواکەوتنی پرۆژەکان، ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت پرۆژەکان بەخۆی ئەگەر بڵێین سەد ڕۆژی بۆ دانرا بێت، ئەو پرۆژەیە بە دوو سەد ڕۆژ تەواو بووە، مەسەلەن ئەگەر ئەوە بێت، بەڵکو هۆکاری فەنی هەبێت، هۆکاری گۆڕانی هەبێتن، فەرمانی گۆڕانی هەبێت، یان تەلەکوئێك بێت لە بەڵێندەر، ئەوانەش هەمووی دیراسەت دەکرێتن بەپێی ئەوانە، یان غەرامە دەکرێتن، یان دەبێت تەخسیر لە شارەوانی بێتن، شارەوانی چارەسەری دەکاتن، بەس بەنیسبەت ئەوەی کە دوادەکەوێتن، ئێستا هەموو پابەندی هەندێنە کە لەکاتی خۆی تەواو بێتن، ئیلا ئەگەر فەرمانی گۆڕین و ڕاوەستانی بە ئەمر بێت، ئەو کاتە تاخیر دەبێت.

بەنیسبەت نەوعیەتی ئەو پرۆژانە، بەڕاستی ئێستا بەدواداچوونێکی زۆر شەدید دەکرێتن لەسەر هەموو پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان، نەك بەس ئەمە وەزارەتی مەعنی، بەڵکو شارەوانیەکانیش بەدواداچوون دەکەن، فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە، ئەوانیش بەدواداچوون دەکەن،

كە كوالێتی ئەو ئیشانە چاكتر بێت، ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت لەسەر كوالێتی و پرۆژەكان بێت، هیوادارم وەڵامی پرسیارەكانم دابێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد كەرەم بكە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەكەم، من پرسیاری یەكەمم تەحدیدەن تایبەتە بە شاری هەولێر، پێموایە كێشەیەك هەیە كە پێشتریش باسمان كردووە، مەسەلەی خانووی سەد مەترییە، من ئەوەی لەبەرچاومە زۆربەی گەڕەكە نوێیەكانی شاری هەولێر خانووەكانیان سەد مەترییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ وەزیری داراییش باسمان كرد، ئێمە ئەم كتابە لەبەر دەستمانە، كە ئەوان موافەقەتی ئەوەیان هەیە كە بیست ملیۆنەكەیان بۆ سەرف بكرێت، لە هەولێر لە گەڕەكە نوێیەكان زەوییەكی دوو سەد مەتری هەیە كراوەتە دوو سەهم، دوو بەش، هەردووكی بەناوی خۆیەتی، بەڵام ئەم بیست ملیۆنە دابەش دەبێت بەسەر هەردووكیان، یەعنی سەد مەتر دە ملیۆنی بەردەكەوێت، بیست ملیۆنەكە بەسەر دوو بەش دابەش دەبێت، لەبەر ئەوە لە هەولێر كێشەی ئەوە هەیە، پێشتر كە كەمتر بووە، یەكێك بۆ یەكێكی تر تەنازولی دەكرد، بەڵام ئێستاكە راستە تەنازول ناكرێت، تەبعەن وەزارەتی دارایی دەڵێت ئەگەر شارەوانی ئیفرازی بكات ئێمە مانیعمان نییە بیست ملیۆنەكەی پێ بدەین، كاتێك كە ئەم كێشەیە لە هەولێر هەیەو، ئێمە دەزانین (85٪ تا 90٪) لە خانووەكانی هەولێر بەڕاستی سەد مەترین لە گەڕەكە نوێیەكان، حەز دەكەم ئەم كێشەیە بۆ خەڵكی حەل بكەن، بەڕاستی ئیمكانیاتی خەڵك بەو شێوەیە.

پرسیاری دووەمم/ سەبارەت بە بەكارهێنانەوەی زبڵ و خاشاك، ئەوانەی كە تۆ باست كرد، من باسی ناكەمەوە، بەس ئەو مولاحەزەی من ئەوەم كرد تەبعەن ئێمە لە كوردستان كاریگەرترین هۆكاری پیس بوونی ژینگەمان، دیارە سێ هۆكاری ژینگەمان هەیە ئاو و هەواو خاكمان هەیە، من پێموایە كاریگەرترین هۆكاری پیس بوونی ژینگەمان خاكە لە هەرێمی كوردستان، ئەو زبڵ و خاشاكەی كە بەشێوەیەكی ناتەندروست دەسووتێندرێت و هەواكەی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵك و ژینگەی كوردستان پیس دەكات، لە دهۆك ئەوەی مەعلوماتم هەبێت كارگەیەك بۆ ئەمە دامەزرا بێت، ئەو كارگەیە ئەوەی ئێستا من بزانم گوتراوە كە سێ ملیاری پێویستە، یەعنی ئەم كارگەیە تەواو نەبووە، بۆ تەواو كردنی سێ ملیاری پێویستە، حەز دەكەم وەكو روون كردنەوەیەك بزانم ئەو كارگەیە گەیشتە كێندەر؟ ئەوە بەڕاستی وایەو گەیشتۆتە چ ئەنجامێك؟

پرسیاری سێیەمم/ لەوێ نەهاتووە، بەڵام من بەڕاستی لە یەئس پرسیارەكەم نەنووسی، من لە 2011/6/12 پرسیارێكم كرد............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە، ئەگەر پرسیارت نەنووسیووە نابێت، تکایە، ئەوەی نووسیوتە لەبەردەستی منە، دوو پرسیارت کردووە، جارێکی تر بە نووسراو بۆی بنووسە، تکایە، رجائەن دانیشە، رجات لێ دەکەم خوشکی من دانیشە، فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆر سوپاس، خانووی سەد مەتری بەڕاستی مۆڵەتی بینای پێ نادرێت، لەلایەن شارەوانی، چونکە بەپێی رێنمایی و یاساکان زەوی نیشتەجێ لە دوو سەد مەتر کەمتر بێت ئیفراز ناکرێت وەکو حەدی ئەدنا، ئەوە قانونە وا دەرچووە، ئەگەر بێتە گۆڕین، ئەمە ئێستا پرۆژە یاسایەکی نوێمان ئامادە کردووە، بەس هێشتا نەمان ناردووە، کە ببێتە (150) مەتر، چونکە ئەو دوو سەد مەترییە بەڕاستی کێشەیان بۆ ئێمە چاك کردووە، کێشەکەش چییە؟ دەبینین پلانێکمان داناوە بۆ گەڕەکێك، ئەو گەڕەکە بە دوو سەد مەتری تەوزیع دەکرێت، ئەو گەڕەکە بڵێین بۆ بیست هەزار کەسە، ئەو گەڕەکە ببێتە چل هەزار کەس، ئەوە تەئسیر لە چ دەکات، لە پرۆژەی خزمەتگوزارییەکان دەکات، لە ئاو و ئاوەڕۆ دەکات، لە هەمان مەساحەکە باس دەکەم، لە پرۆژەی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و سەوزایی و ترافیك و ئەوانە هەمووی لەوێ تووشی گرفت دەبن، ئەگەر پلانمان دانابێت بۆ سەد مەتری، ئەوە وایە، حەقە، بەس ئەوانەی کە بڵێین دوو سەد مەترە، کردوویانە بە دوو بەش، ئەوە یەك کەس صاحێبی سەنەدە، ئەوان دوو سەهم وەردەگرن، هەریەکە سەهمی خۆی هەیە، بەس بۆ ئەوەی کە سولفەی عەقار وەربگرن، یەك کەسیان وەردەگرێت ئەویش بیست ملیۆن وەردەگرن، ئەگەر لەگەڵ یەك پێك بێن، ئەوە لەنێوان خۆیانە، بەس بە خۆی بەس صاحێب سەنەدەکە سولفەی عەقاری وەردەگرێت، بەس لە هەندێك شوێنی هەرێمی کوردستان هەیە ئیفراز کراوە لە دوو سەد مەتر کەمتر، ئەوانیش دەیانگرێتەوە، هەر زەوییەك ئیفراز کرا بێت، رووبەرەکەی چەند بێتن، ئەوە سولفەی عەقاری دەدرێتێ، بەس ئەگەر ئیفراز نەکرا بێت بەو رووبەرەی، ئەوە بەس دەدرێتە ئەو کەسەی کە سەنەدەکەی بەناوە، ئەوانەی تر کە تەقسیمیان کردووە ئەوان نایانگرێتەوە.**

**سەبارەت بە کارگەی بەکارهێنانی زبڵ و خاشاك لەدهۆك، من بە خۆم چوومە، چەند جار چوومە دیتیتم، کارگەیەکە تەقریبەن سی ملیار دیناری تێچووە، بە هەموو پرۆژە خزمەتگوزاریەکان و بە رێگاوبانیشەوە تا دەگاتە ئەوێ، ئەوە بوو تەقریبەن (500) تەن زبڵ و خاشاك دەتوانێتن ئیعادەو تەدویر بکاتەوە، ئێستا لە مەرحەلەی ئیش کردنە، لە 2011/5/1ەوە وابزانم دەست پێ کراوە بە تەجریبی ئەوەل جار دەست پێ کراوە، دوایی ئێستا لە قۆناغی ئەوەیە کە فەرمانبەرەکانی خۆماڵی لە ئەوێ ئیش دەکەن، کە بەرهەمیان ئێستا تەقریبەن رۆژی (120) تەن بێت بە دوو وەجبە، دەتوانن بیکەنە (400) تەن بە دوو وەجبە، یەعنی ئیستیعدادی ئەوەی هەیە گەورەتر بێت، بەس ئەوەی باسی لێ دەکەیت کە ئیحتیاجی بە سێ**

ملیاری تره، هەتا ئێستا من نەمبیستووە، هیچ داواکارییەکیش نەهاتووە بۆ ئەوە سێ ملیار دینار بۆیان تەرخان بکەین، بۆ ئەوەی فراوان بکرێت، لەوانەیە کەموکوڕی هەبێت، بەس تا ئێستا هیچ داواکارییەك نەهاتووە، بۆ ئەوەی ئێمە پارەی بۆ تەرخان بکەین، ئەو پارەیەش لە تەرەف بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك تەرخان کرا بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز ایوب نعمت قادر کەرەم بکە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێکم هەیە ئاراستەی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم:

یەکەم/ بەپێی ماددەی (8)ی برگەی (4)ی یاسای بودجە، نابێت پرۆژەکان بگوازرێنەوە لە سنووری پارێزگایەك، یاخود قەزایەك، پرۆژەیەکی جووت سایدی ناو شاری قەڵادزێ، یەکێك لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان بوو، بەڵام لە دوای بەدواداچوون دەرکەوت ئەو پرۆژەیە ئێستا نییە، لەناو پرۆژەکانی شاری قەڵادزێ، ئەوە پرسیاری یەکەم.

پرسیاری دووەم/ مەشروعی تەصفیەی ئاوی عەقرە، حەز دەکەین روون کردنەوەیەکمان بداتێ، لەبەر چ هۆکارێك بووە دراوەتەوە کۆمپانیایەك، کە ئامادە بووە بە (84) ملیۆن دۆلار ئەو پرۆژەیە جێ بەجێ بکات، بەڵام دراوە بە کۆمپانیایەکی تر بە نرخێکی بەرزتر ئەو پرۆژەیەی جێ بەجێ کردووە. پرسیاری سێیەم/ بەپێی یاسای وەزارەت لە ماددەی (3)ی برگەی (5)، دەبێت وەزارەت تەنها لە چوار موستەشار زیاتری نەبێت، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی وەزارەتی شارەوانی، ئێستا حەوت موستەشاری هەیە، ئایا بۆچی ئەو برگە ماددەیە جێ بەجێ نەبووە؟

پرسیارێکی تریشمان/ هۆکاری دواکەوتنی دانانی سەعاتی ئاو لە ماڵەکاندا، گوایە ئەو پرۆسەیە گەیشتۆتە کوێ؟ چ ئیجرائاتێك کراوە؟ ئەو کۆمپانیایە بڕیار بوو جێ بەجێی بکات، بۆچی تا ئێستا جێ بەجێی نەکردووە؟

پرسیارێکی تریشم/ ئایا وەزارەت چ ئیجرائاتێکی کردووە سەبارەت بەو کۆمپانیا بەریتانییەی کە جاری پێشوو باست کرد؟ کە ئەو گرێبەستەی جێ بەجێ نەکردووە، سەبارەت بە پاك کردنەوەی شاری هەولێر، بۆچی ئەو گرێبەستە نەدراوە بەو کۆمپانیایانەی تر، کە ئامادە بوون جێ بەجێی بکەن؟

هەروەها سەبارەت بە پرسیارێکی تریشم/ ئەو ژمارەیەی کە بەڕێزت باست کرد سەبارەت بە خانووی تاپۆ کراو، کە تەنها شەش هەزار خانوو ماوە لە دەڤەری سلێمانی، بەلاّم بەپێی ئامارێك کە لەبەردەستی منە، چەند شارێکیش هەیە، زۆر زیاترە، بۆ نموونە لە شاری رانیە (4500) خانوو ماوە تاکو ئێستا تاپۆ نەکراوە، بۆ نموونە شارۆچکەی تەوێڵە بە تەنیا هەزار خانووی ماوە، شارەوانی هەولێر (300) خانووی ماوە، ئەو رەقمە زۆر زۆر زیاترە، تکایە روون کردنەوەیەکمان دەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەس پرسیارەکانی جەنابت لە پرسیارەکاندا نییە، بەس من محاوەلە دەکەم وەلاّم بدەمەوە، یەعنی تەقریبەن سێ، چوار لە پرسیارەکانت ئاوی ئاکرێ، حەوت موستەشار، گرێبەستی (سپێك رۆم)، خانووی بێ تاپۆ، ئەوانەی هەمووی هیچیان لە پرسیارەکانی جەنابتدا نییە، بەس من محاوەلە دەکەم تا بتوانم وەلاّمی ئێوە بدەمەوە.

بەنیسبەت تاپۆ کردنی خانووی بێ تاپۆیەکان، پێشریش وەلاّمم دایەوە لە پارێزگای سلێمانی دوو لەسەر سێی تاپۆ کراون، ئێستا جەنابت دەڵێی زیاتر لەو ژمارەی کە ماوەتەوە شەش هەزارو شتێکە، کە زیاترە هێشتا تاپۆ نەکراوە، ئەو ژمارەیە من لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سلێمانی وەرگرتووە، دەبێت ئیعتیماد لەسەر رەقمەکانیان بکەم، هی ئەوان دە هەزارو شەش سەدو قسور خانووی بێ تاپۆ، تاپۆ کراون، شەش هەزارو شتێکیش ماوەتەوە، ئەوە بەپێی ئەو مەعلوماتەی کە لە ئەوانم وەرگرتووە، ئەوە بوو کە جارەکەی تر باسم کرد.

بەنیسبەت سنووری شارەوانی هەولێر، یان دهۆك، بەڕاستی هیچیان نەکراوە، جارەکەی تریش باسم کرد، لێکۆڵینەوە دەکرێت لەسەر ئەوە کە بۆچی فەرمانی ژمارە (41)ی ساڵی 2009 لە پارێزگای سلێمانی ئیشیان لەسەر کردووە، بەس لە پارێزگای هەولێرو دهۆك ئیشیان لەسەر نەکردووە. شارەوانی سلێمانی، بەڕاستی شارەوانییەکان بەردەوامن لەسەر ئیش کردنی تاپۆ کردنی خانووەکان، واتا رانەوەستاینە.

بەنیسبەت ئاوی ئاکرێ، جارەکەی تر باسم کرد، بەس ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەیت لە حەقیقەت دوورە، نەدراوەتە هیچ کەسێك، ئەو پرۆژەیە نەدراوەتە هیچ کەسێك، دووبارە ئیعلان کراوەتەوە، دووبارە تەندەر کراوەتەوە، لە من وەربگرە کە نەدراوەتە هیچ کەسێك، تەئکیدیش بکەوە، ئێستا لە تەندەرەوە ئیعلان کراوەتەوەو 13ی ئەو مانگە فەتح دەکرێت، یەکەم جار وەردەگرن، دوایی فەتح دەکرێت.

بەنیسبەت حەوت موستەشار، وایە ئێمە موستەشاری کۆنمان هەبوون، نازانین چیان لێ بکەین، وایە حەقی چوار موستەشارمان هەیە، بەس ئەو موستەشارانە هەبوون، بەس یەکێکیان ئەوە تەقاعود دەبێت، دەمێنێتەوە شەش، راستە.

بەنیسبەت گرێبەستی نەدراوە لە (سپێك رۆم) وەرگیراوە، بەڕاستی ئەوەش کێشە بوو، جارەکەی تر باسم کرد، ئێمە گرێبەستمان کردووە، نەك گرێبەست نەکرا بێت، کە گرێبەست کرا لەگەڵ ئەو شەریکەیە، تەواو، ئەوانی تر هەموو ئەوەکانیان دراوە، خیتاب زەمان هەمووی گەڕاوە، یەعنی ئەوانەی دووەم و سێیەم هەمووی گەڕاوە، یان هەر چ ئەوەیەك بێت، لەبەر ئەوە دووبارە ئیعادە کراوە، دووبارە ئیعادەی تەندەرین کراوە بۆ شاری هەولێر، هەموو ئەو شارەوانیانەی لەناو شاری هەولێر تەقسیم کراوە بە شەش شارەوانی ئێستا، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین کۆنترۆل بکەین، ئەوە بەو شێوەیە بووە هی کۆمپانیای (سپێك رۆم)، کە توانیتمان ئێستا لە موحافەزە ئەو تەندەرانە تەوزیع کراوە، هەتا چەند رۆژی تر ئەوانەش فەتح دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ وەڵامی ئەوەی شاری قەڵادزێی نەداوە، ئەوە یەکەم.

دووەم/ سەبارەت بەوەی وەزارت، تەبعەن ئەوە یاسایە دەبێت جێ بەجێ بکرێت، دوو ساڵە وەزارەت هەیەو دەبێت ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت، ئەوە پێویستی بە وەڵامێکی عەمەلی هەیە. سەبارەت بە مەسەلەی ئەو کۆمپانیایە، کۆمپانیاکە ئێستا سکاڵای بەرز کردۆتەوە، دوایی من بە تەفاسیل بۆت دەهێنم، کە ئەو کۆمپانیایە ئامادە بوو بە (84) ملیۆن دۆلار ئەو پرۆژەیە جێ بەجێ بکات، بەڵام دراوە بە کۆمپانیایەکی تر، حەزم کرد وەڵامێك بدەیەوە، ئینجا دوای ئەوە منیش ئەو زانیاریەم لە شارەوانیەکان وەرگرتووە، ئەو شەش هەزارە، زۆر زۆر زیاترە، لە خودی شارەوانیەکانم وەرگرتووە، هیوادارم بەدواداچوونێکی زیاتری بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێم بە دڵنیاییەوە نەدراوەتە هیچ کەسێك، یان وایە ئەو کۆمپانیایە (84) ملیۆن دۆلار کرد بوو، سێ کۆمپانیا بوون، دوویان خیتاب زەمانیان موصەدەق نەبووە، یەك کۆمپانیا ماوە، بۆ ئەوەی ئێمە دڵنیا بین بۆ ئەوەی زوڵم لە کەس نەکەین ناردمانە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری

لەسەر بدات، ئەنجومەنی وەزیرانیش ئیعادەی تەندەرینی کردەوە، چونکە یەك کەس مابوو نەدەبوایە بدرێتن، لەبەر ئەوە نەدراوەتە کەسێکی تر، ئەو برادەرەی کە سکالأی تەقدیم کردووە، وایە، لە سەرۆکایەتی هەرێم تەقدیمی کردووەو لیژنە دانیشتووە، ئەوەی دیراسەت کردووە، کە چۆن ئەو پرۆژەیە دوای تەحلیل نەدراوەتە ئەوانە، یان نەدراوە کەسێکی تر؟ لە سەرۆکایەتی هەرێمیش گەڕاوە بۆ ئیعادەی تەندەرین، هەمان فەرمان بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن، لێرە نییە، بەڕێز محمد دلێر محمد، لێرە نییە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان بە نووسراو ئاراستە کرد بوو، ئێمەش دابوومانە جەنابی وەزیر، ئەو پرسیارانە بوو کە وەڵآم درانەوە، جەنابی وەزیر لە جەلسەی پێشتر هەندێك پرسیار هەبوو، ئیدیعا لەسەر ئەوە هەبوو کە وەڵآمت نەداوەتەوە، ئێستا داوا دەکەین وەڵآمیان بدەیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، هێشتا یەکێك ماوە بەناوی سەرگوڵ رضا حسن، لێرە نییە، باشە، یەکێکی تریش ماوە بەناوی محمد دلێر محمود، بەس ئەو دەیەوێت دوای من موتابەعە بکرێت، کاك کاروان صالح پرسیاری کرد بوو، بەنیسبەت ئەو کارگانەی لە نزیك قەتەوی ئەوانەیە، کە ژینگەی شاری هەولێری بەڕاستی.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە نییە، ئێستا لێرەحازر نییە، بڕۆ ئەوی تر، تکایە نیزامەکە تێك نادەین، بۆ ئەوەی ئیلتیزامی پێ بکەین، ئەو بەڕێزانەی پرسیار بە نووسراو دەنێرن، خۆیان حازر بکەن، چونکە خۆیان ماڤی تەعقیبیان هەیە لەسەری، ئەگەر نا پاشان جەنابی وەزیر بە نووسراو بە رەسمی وەڵآمی ئەو بەڕێزانە بۆمان بنێرێت، تاکو بدەینە خۆیان، فەرموو.

**بەڕێز سمیر عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پەرلەمانتار فرمان عزالدین محمود، دەربارەی گازینۆ لە گەلی عەلی بەگ پرسیاری کرد بوو، کاك فرمان لێرەیە، مەبەست لەو دوو جێگایە هەردووکیان هەمان شوێنن، ئەم گازینۆیە خاوەندارێتیەکەی دیار نییە، بەڕاستی نازانین کێیە، چونکە هیچ بەڵگەیەك لە دەست وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار نییە، بۆ سەلماندنی خاوەنداریەتی ئەو موڵکە، ماڤی موڵکایەتیەکەشی دیار نییە، چونکە ئەوەلیاتی ئەو موڵکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵآنی پێش راپەڕین ساڵی 1991، بۆیە خاوەنداریەتیەکەی دیار نییە بۆ چ وەزارەتێك دەگەڕێتەوە، هەروەها لە ساڵی ................

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر با كاك فرمان پرسیارەكەی بڵێت، تاكو جەنابت وەڵامی بدەیتەوە، كەرەم بكە، فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكەی پێشووم دوو شوێنی شوێنەواری هەن، من باسی شوێنەوارم كرد، دوو شوێنەوار كە چەند داهاتێكی گرنگی بۆ كوردستان هەیە، تاكو دوایی یەكسەر بێمە سەر پرسیارەكە، پرسیارەكە ئەوە بوو، دوو شوێنەوارم بە نموونە هێنا، یەكەمیان لە شارۆچكەی خەلیفان، هوتێلێك هەیە، ئەو هوتێلە موڵكی شارەوانییە، لەبەر ئەوەی شارۆچكەی خەلیفان كە ئینتاجەكەی كاتی خۆی لە سەردەمی پێش ڕاپەڕینیش شارۆچكەی خەلیفان هەر شارۆچكە بووەو سەر بە شاروانیەكان بووە، بەلاّم ئێستا لەلایەن چەند كەسێكەوە بەڕێوە دەبردرێت، بە ئەكیدیش یەعنی لە دەنگ و باسی باوەڕ پێكراو خەریكی فرۆشتنی ئەو شوێنەشن، كە دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت.

دووەمیشیان/ ئەو شوێنەی لە زارگەلییە، شوێنكە ناوی بەردی بازنانە، ئەو شوێنە كاتی خۆی تەنها یەك كابینەی لێ بووە، بەلاّم ئێستا كابینەكان زیاد بووینە، بۆتە كۆمەڵێك خانوو، ئەو كۆمەڵە خانووە، وەكو شوێنی گەشتوگوزاری بەكار دەهێنرێت و، داهاتێكی چاكی هەیە، لەلایەن خەڵكانێك دەستیان بەسەرداگیراوەو بەكار دەهێنردرێن، عەقدی هەیە لەگەڵ شارەوانیەكانی خەلیفان، ئەوە روون كردنەوەم لە جەنابت وەرگرت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز سمير عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی پرسیارەكەی جەنابت دوو بەش بوو، یەكێكیان/ گازینۆیەك لە زارگەلی عەلی بەگ بوو، ئەویتریش/ بەردی بازنان بوو، باسی خەلیفانتان نەكرد، ببوورن.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر ئەوەی یەكەم.....................

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لە جێگای خۆت هەڵمەستە، تكایە دانیشە، رجائەن، فەرموو.

**بەڕێز سمير عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەڵامی پرسیارەکەی جەنابت دەدەمەوە، کە پێش ئێستا ئەوەت کردووە، ئاگام لە ئەوەی خەلیفان نییە، دوایی دەتوانیت ئەوەش بپرسیتەوە، باسم کرد ئەوانە هیچ موڵکایەتی و خاوەنداریەتیان دیار نییە کێیە؟ لەبەر ئەوە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ناتوانێت هیچ ئیقدامێك بکات بەنیسبەت ئەوانە، لە ساڵی 2004یش ژمارەیەك خانوو لەو شوێنەی کە باست کرد کراوە، ئەو کەسانەی کە خۆیان بە خاوەن ئەوێ دادەنێن، هیچ کەسیش تاکو ئێستا نەمانزانیوە موڵکی کێیە، نە موڵکی شارەوانییە، هی داراییە، هی زراعەیە، هیچ کەسێك دەرنەکەوتووە، ئەو دوو ڕۆژە زۆر محاوەلەمان کردووە، تا بزانین موڵکایەتی ئەوانە بۆ کێ دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە نەمانتوانیوە هیچ ئیجرائاتێك بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەعقیبت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمیان/ گازینۆیەکە لە خەلیفانە، گازینۆیەکە لە کۆتایی شارۆچکەی خەلیفانە، لە سەرەتای گەلی عەلی بەگ، ئەوەی تریان کاتی خۆی ئەوە موڵکی دەوڵەت بووە، جەنابی وەزیر موڵکی دەوڵەت بووە ئەوەی بەردی بازنان، ئێستا بۆ نازانن چی لێهاتووەو لەگەڵ کێ عەقد کراوەو ئەوەلیاتی نییە؟ کە موڵکی دەوڵەت بێت، دەبێت ئەوەلیاتێکی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمير عبدالله/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئەگەر نەزانین موڵکی کێیە، ئێمە بەپێی ئەو مەعلوماتەی کە هەمانە، بەپێی ئەوە کە گەڕاین بزانین موڵکایەتی هی کێیە، تاکو ئێستا دیار نییە، هەر بەدواداچوونی بۆ دەکەین، بەڵکو هی وەزارەتی دار ایی بێتن، لەوانەیە کرێش بێت، واتا ئەو کەسانە کرێش بدەن، دەبێت ئێمە لە دوای ئەوە بین و بە تەواوی بگەڕێین، ئەو موڵکە هی وەزارەتی داراییە، هی شارەوانییە، چونکە ئێستا ئەگەر باسی هەندێك شوێنی تریش بکەین، کە خەڵك بە موڵکی خۆیان دەزانن، ئەویش هەر لە هەمان ئەو شوێنانەیە، وەکو بێخاڵ، بێخاڵیش چەندین کەس هەنە دەڵێن موڵکی ئێمەیە، موڵکی گەشتوگوزار نییە، بەس لە حەقیقەت ئەوانە موڵکی گەشتوگوزارن، بەس ئەوانە هەموویان هەندێکیان سەنەدیان هەیە، تاپۆیان هەیە، ئێمە ناتوانین هیچ ئیجرائاتێك وەربگرین، شوێنێکی زۆری گەشتیاری گرنگە، وەکو گەلی عەلی بەگ، بەس ئەوەی تر، بەڕاستی تاکو ئێستا هیچ موڵکیەتێکی ئەو شوێنانە دیار نەکراوەو نەمانتوانیوە پەیدای بکەین،

تا بتوانم وەڵامتان بدەمەوە، بەس ئێمە لەدوای دەگەڕێین، ئەگەر زانیمان موڵکیەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چ وەزارەتێك، ئەو کاتە بە نووسراو وەڵامتان دەدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر لەوانەیە لە وەزارەتی شارەوانی نەبێت، بەڵام لەوانەیە هی دارایی بێت، یان هی وەزارەتێکی تر بێت، پێویستە هەموو بستێکی ناو کوردستان بزانین موڵکی کێیە، ئێمە داوا دەکەین لە جەنابت کە بە دواداچوونی بۆ بکەیت لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی بزانین ئەو شوێنە موڵکی کێیە، لەم پەرلەمانە جارێکی تر ئەو پرسیارە لە جەنابت بکەنەوە، بۆ ئەوەی جوابی دروستمان هەبێت، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز سمیر عبداللە/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارەکەی تر پرسیارێك کرا نازانم هی کێ بوو، بەنیسبەت مەساحەی ڤیرتاو کردن لە هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا چەند کراوە؟ ئەگەر کەسێك لێرە ئەو پرسیارەی کرد بێت، چونکە لە هەموو پرسیارەکان نەمدیت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هی کاك جەمال طاهر بوو، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفو جەنابی وەزیر لە کۆبوونا بوری جەنابێ ئەو وەڵامی دابوو، مەبەستا من ئەوە بوو لە خیلالی وێ فەترەدا کە وین دەست بەکار بین وەك وەزیری بەلەدیات، هەتا ئەڤرۆ ئەوە چ پرۆژە ئەنجام دابووینە، یەعنی نەك رەقم بێت، هەندێ موئەشیرات هەبوایە، ئەڤە بوو مەبەدئەکە، جەنابی وەزیر کۆبوونا بوری هەندێ باس کر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جەنابی وەزیر کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیر عبداللە/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی جارەکەی تر باسم کرد، کە پرۆژەکانی ساڵی 2010 لە 90٪ی هەمووی دەست پێ کراوە، هیچ ئەوەی نییە، هی ساڵی 2011 ل 25٪، 26٪ی دەست پێ کراوە، ئەوانیش ئێستا لە قۆناغی تەندەرینن، ئەوانیش بە زووترین کات دەکەونە قۆناغی جێ بەجێ کردن.

هەر بۆ روونکردنەوەیەك، بۆ ئەوەی چ مەساحەیەکمان ڤیرتاو کردووە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەو دوو ساڵە، واتا ساڵی 2010 و ساڵی 2011، ڤیرتاو کردن لە دوو بەش پێك دێت (ستاپ لایزەرو بایندەرە)،

کۆی گشتی (ستاپ لایزەر)ی ساڵی 2010و ساڵی 2011 (2865929) مەتر دووجایە، کۆی گشتی (بایندەری) ساڵی 2010و ساڵی 2011 دەکاتە (1110748) مەتر دووجا، کە کۆی گشتی دەکاتە (3976377) مەتر دووجا، ئەوە ڤیرتاو کراوە لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ئەو دوو ساڵە، ئێستاش هەر بەردەوامە، چونکە تا ماوەیەکی تر لەوانەیە ئەو ژمارەیە زۆر گۆڕانکاری بەسەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان، پرسیارەکان تەواو بوو، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، تا دانیشتنی نائاسایی رۆژی چوارشەممە سەعات (11)، ئومێدەوارین هەمووتان لێرە ئامادە بن، بەخواتان دەسپێرین، خوا ئاگادارتان بێت، خوا حافیز.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |